# دەورانی منداڵیم

ن: ماکسیم گورکی

و: حەمە کەریم عارف

پێڕست

حەمە کەریم عارف پیاوێک لە...          شێرکۆ بێکەس
ماکسیم گۆرکی (١٨٦٨-١٩٣٦)          حەمە کەریم عارف
فەسڵی (١)
فەسڵی (٢)
فەسڵی(٣)
فەسڵی(٤)
فەسڵی(٥)
فەسڵی(٦)
فەسڵی(٧)
فەسڵی(٨)
فەسڵی(٩)
فەسڵی(١٠)
فەسڵی(١١)

فەسڵی(١٢)

فەسڵی(١٣)

ژینامەی وەگێڕ

حەمە کەریم عارف

پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی رێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

به تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

به تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

به تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و

نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی

عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم

کەسی تر نا.

کەرکوکییەك

پڕ پڕ لە کوردستان و

لێوانلێو لە جیهان!

کەرکوکییەك

هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو

پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.

لە دنیاوە

چەندین دەریاچەی ڕۆمانی

ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.

چەندین نزاری چیرۆکی

هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.

چەندین ئاوێنەی دیرۆکی

بە دەوونماندا هەڵواسی.

کەرکوکییەك

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەك..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاك لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

## هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا ...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا ..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا ..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا ..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ ژمارە(٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

# ماکسیم گۆرکی

## ١٨٦٨ ـ ١٩٣٦

## ( ١ )

گۆرکی لە جوملەی ئەو ئەدیب و نووسەرانەیە کە شۆرەت و نێوبانگی جیهانگیری هەیە و لەناوەندە ئەدەبی ورۆشنبیرییەکانی سەرانسەری دنیادا ناسراوە، هەڵبەتە گۆرکی لەم شۆرەت و نێوبانگەدا، هەم قەرزارباری هەڵوێستەکانی و هەم قەرزارباری بەرهەمەکانی بووە. شۆرەتی گۆرکی لە ژیانی خۆیدا، بەتایبەتی لەنێوانی ساڵان تاقە سەفەریا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٠٦دا تا مردنەکەی لە موسکۆ لە ساڵی ١٩٣٦ دا، هاوتای شۆرەت و نێوبانگی لیڤ تولستوی و ئەنتوان چیخۆف

بوو. بێگومان پاچڤەی خێرای بەرهەمەکانی بۆ زمانانی بیانی، بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی نیشانەی ئەو ڕێز وحورمەت و خۆشەویستیەیە کە لەدڵی جەماوەری خەڵکا پەیدای کردبوو... بەڵام هەوڵی بە بتکردنی گۆرکی لە لایەن سۆڤیەتەوە ئاسیوێکی زۆری بە شۆرەتی ئەدەبی وی لە هەندەراندا، گەیاند... زۆرجار شۆرەت و نێوبانگی شەخسی کە نووسەرێک، کردوویەتیە کارێک، لە نەدیدە ستایشی بەرهەمەکانی بکرێت.. بۆیە لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ ئایا شۆرەتی گۆرکی، زیاتر شەخسیە یان ئەدەبی؟ دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسان نییەو لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی سەبارەت بەخۆی و هەڵوێستەکانی و بەرهەمەکانی دەوێ کە ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەکێشێت و لێرەدا جێی نابێتەوە..

بەڵام پێناچێت کە بەرهەمەکانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، پڕ خوێنەر بن و بچنە خانەی ئەو بەرهەمانەوە کە پێیان دەگوترێ بەرهەمی هەموو سەردەمان. ئەو بەرهەمانەی کە پیر نابن وڕەونەق و ڕەواجی ئەدەبی لەدەست نادەن..

ڕاستە گۆرکی کەسێکی لیبراڵ تەبیعەت و میهرەبان بوو، لە هەوەڵی شۆڕشەوە تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد،

خزمەتێکی زۆری بە هاوکارە نووسەرەکانی، بە کەلتوور و ڕۆشنبیری ڕووسی کردووە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، چاوپۆشی لە کەم کۆڕی و کیماسی هونەریی بەرهەمەکانی بکرێت، وخۆی وهەڵوێستەکانی بەسەر بەرهەمەکانیا پەسند بدرێت... دیارە گۆرکی نووسەرێکی فرە بەرهەم و پڕکار بوو و، لە زۆر بواری کەلتووری و ئەدەبیدا قەڵەمرانی کردووە، کە هەر یەکێک لەو بوارانە لێکۆڵینەوەیەکی تێر وتەسەل وسەربەخۆ هەڵدەگرێت، دیارە هیچ بەرهەمێکیش لە کاریگەری و باندۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، دیار وپەنهانی خودی نووسەر، ژیانی مەتریاڵی و مەعنەوی نووسەر، ژیانی واقیعی وخەیاڵی نووسەر، بەدەرنییە، بۆیە بە پێویستی دەزانم، جارێ لە ژیاننامەیەکەوە دەست پێبکەین و پاشان، بەگویرەی توانا و بەپێی دەرفەت بێینەسەر چالاکییە قەڵەمەوانییەکانی...

( ٢ )

گۆرکی نێوی ئەلیکسی ماکسیموڤیچ پشکوفە، لە ١٨٦٨/٣/٢٨ لە شارێکی ڕەخی ڤولکا، بەنێوی نیژنی نوڤگورود ( کە دوای مردنی گۆرکی بەیادی ئەوەوە ناویان نا گۆرکی ) چاوی بە

دنیا هەڵێناوە، ئەم شارە کەوتووەتە ٣٤٠ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆوە. لە بنەماڵەیەکی نیمچە بورژوای بچووک بوو. دایکی لە بنەماڵەیەکی خمچی بوو، بابی بالیفدروو بوو کە پاشان بوو بە بەرپرسی بارەنداز ( جێگەی بار لێ خستن ). بابی گۆرکی، نووسەری ئایندە، لە ساڵی ١٨٧١ دا کاتێک کە گۆرکی تەمەنی چوار ساڵان بوو، مرد. دایکی گۆرکی، کە توانای بە خێوکردنی منداڵەکەی نەبوو، بە داک وبابی خۆی سپارد. دایکی گۆرکی لە ساڵی ١٨٧٨ دا کۆچی دوایی کرد. بابای گۆرکی کە پیاوێکی سەختگیر ودڵڕەق و چاوچنۆک بوو، کە پێی وابوو کاتی ئەوە هاتووە گۆرکی پشت بەخۆی ببەستێت و بەخۆی نانی خۆی پەیدا بکات، دەریکرد و ئیدی بەو منداڵیە، لەتەمەنی یازدە ساڵیدا بەرەڵڵای ناو ژیان بوو...

ئیدی گۆرکی لە دوای ئەو بویەرە، چواردە ساڵی تەواو، دەربەدەر و سەرگەرادن، سەرانسەری ڕووسیای دایە ژێر پێوەو هەرکارێکی بۆ ڕێکبکەوتایە دەیکرد، لەوانە: بۆیاخی پێڵاو، شاگردی، ڕاوی مەلان، قاپشۆری ناو کەشتی، شاگردی ئیکۆنەسازی، نانەوایی، حەماڵی لە بارەندازەکاندا، کارکردن لەلای ماسیگرانی دەریای خەزەر، پاسەوانی

شەوانە لە قیتاردا. دیارە لە میانەی ئەم کارانەوە خەڵکان و شوێنانی جۆراوجۆر وجیاوازی ناسی و بابەت و کەرەسەیەکی زۆری بۆ نووسینی شانۆنامە و چیرۆک و ڕۆمان و ژینامە و وتار و بابەتی جۆراوجۆری دی لەلا کەڵەکە بوو.

قۆناغی هەوەڵی ژیانی هورکی، یەجگار سەخی و دژوار و پڕ مەشەقەت بوو. لە گەنجیدا زۆر تینوو و تامەزرۆی خوێندن و خوێندەواری و ڕۆشنبیری بوو، بۆیە بەرنامەیەکی زۆر جدی بۆ خۆ ڕۆشنبیراندن دانابوو و کەڵکەڵەی چوونە زانستگەی کەوتەسەر و بەو نیاز و مەبەستە ڕووی کردە قازان، لێ نەیتوانی بچێتە زانستگە، چونکە خوێندن لەو سەردەمەدا بە پارە بوو و گۆرکی ئەمەی پێ هەڵنەدەسوڕا وناچار بوو، پەیوەندی دەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ وخەڵکانی ڕۆشنبیردا بگرێ و لەو ڕێگەیەوە زانیاری و مەعریفەت بەدەست بێنێ و لە تەڤگەری چاندی (ڕۆشنبیری) سەردەمی خۆی پاشنەکەوێت. گۆرکیبە هۆی وەرنەگرتنیەوە لە زانستگە و، بەسەدەمی مردنی داپیرە ئازیز ومیهرەبانەکەی لەو سەروبەندەدا و هەروەها لە سۆنگەی ئەڤینداریيەکی ناکامەوە، جۆرە ڕەشبینییەکی لا دروست دەبێ و ژیانی لەبەرچاو دەکەوێ، بۆیە لەساڵی ١٨٨٧ دا هەوڵێکی خۆکوژی

دەدات، کەبە ڕێکەوت لێی دەخەلەسێت، هەرچەندە دەمانچەکەی ڕێک بەسەر سینگی خۆیەوە نابوو، بەڵام گوللەکە تەنیا ئاسیوی بە سیپەلاکی چەپی گەیاند و تا مردنیش هەر بەو ئازارەوە ژیا و پێدەچێ یەکێک بووبێ لە فاکتەرەکانی زوو مردنی، هەڵبەتە دوای ئەو هەوڵی خۆکوژییە ناکامە، نەک لە نائومێدی وڕەشبینی نەخەلەسی، بەڵکو لەجاران نائومێدتر بوو... ئیدی لەوسەروبەندەدا بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە کەوتە هەواداری لە بزاڤی میللی گەرایی لە ڕووسیا، کەوتەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی تولستوی و کەڵکەڵەی دیداری وی کەوتەسەر و بەو مەبەست و نیازە بەرەو موڵکەکەی وی لە یاسنایاپولیانا ڕۆیی، لێ هاوسەرەکەی تولستوی، بەو گومانەی کە کابرایەکی بەرەڵڵای خانەبەکۆڵ و سەرگەردانە، هەر لە مووبەقەکەیاندا، نان و قاوەیەکی دایە وڕێگەی نەدا مێردەکەی بدینێ. دوای ئەوە هەوڵی جوامێرانەی گۆرکی بۆ ڕزگارکردنی ژنێکی زیناکاری قەفقازی کە مێردەکەی بەڕووت و قووتی لە ئەسپێکی بەستبوو وبەناو گوندیدا ئەم سەروئەوسەری پێدەکرد، کردیە کارێک کە لێدانێکی باش بەدەستی قوزاقانی توورە بخوات و بکەوێتە خەستەخانە.

گۆرکی، بەهۆی ئەوەی کە سینگی نەخۆشبوو، لە خزمەتی عەسکەری وەرنەگیرا، بەخۆی داوای کرد لە بەشی هەندەسەی سوپادا کاری بدەنێ، بەڵام چونکە لەباری سیاسییەوە جێگەی باوەڕ ومتمانە نەبوو، وەرنەگیرا. ئیدی هەر لەو سەروبەندەدا کە هێشتا لە نیژنی نوڤگورود بوو، کەوتە تاقیب وسوراخی فلادیمیر کارالنکۆ، نووسەری میللیگەرای (پۆپۆلیست) بەنێوبانگ تا هەوەڵین دەستنووسەکانی خۆی نیشانبدات. هەرچەند ڕەفتاری دەگەڵ گۆرکی دا دۆستانە دەبێت، زۆری هاندەدات، لێ گۆرکی ئیراد و ڕەخنە وتێبینییەکانی ئەوی پێ قووت ناچێت و دەستنووسەکانی دەدڕێت و سوێند دەخوات کەبە عەمراتی دەست بۆ قەڵەم نەبات و بۆ هەتاهەتایە قەڵەم تەڵاق بدات... بەڵام بەهرە، جڵەو ناکرێ، حەپس ناکرێت، کۆت و زنجیر ناکرێ، هەرکە قافی هات دەبێ خۆی بنوێنێ، هەرکە دەرەتانی دۆزییەوە، کۆت و زنجیران، دەپچڕێ و دیواری حەپسخانان دەڕوخێنێ، دێتە دەرێ و تۆڵەی ئازادی زەوتکراوی خۆی دەکاتەوە، بۆیە گۆرکی زۆری پێنەچوو، سویندەکەی خۆی شکاند و ... دوای ماوەیەکی کەم حەزی لە ژنێکی بەمێرد کرد کەناوی ئولگا کامینسکایا بوو. بەرلەوەی

نیژنی نوڤگورود بەرەو تەفلیسی پایتەختی گورجستان بەجێ بێڵێت ماوەیەک دەگەڵ ئەو ژنەدا ژیا. لە تەفلیس یەکەم چیرۆکی خۆی لە ژێر سەرناڤی( ماکاچودرا ) لە ساڵی ١٨٩٢ بڵاو کردەوە. گۆرکی لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٢ – ١٨٩٤ دا دووبارە بۆ نیژنی نوڤگورود گەڕایەوە. سەرباری ئەو قسە وقسەڵۆکانەی لە پاشملەی دەگوترا، لە حەمامێکدا دەگەڵ ئولگادا دەژیا. لەساڵی ١٨٩٥ دا بەینی لەگەڵ ئولگادا تێکچوو، بەجێیهێشت و ئەمجارەیان چوو بۆ شاری سامارا، لەوێ لە ڕۆژنامەی ( سامارسکایا گازتە ) کەوتە کارکردن.

کارالینکو، کە گۆرکی لەساڵی ١٨٩٥ دا پەیوەندی پێوەکردبوو، زەمینەی خۆشکرد کە چیرۆکێکی نووسەری لاو (گۆرکی) لە ژێر ناڤی (چلکاش) لە گۆڤارەکەیدا، بەناوی روسکویڤ باگاتسوف، بڵاوببێتەوەو ئەمە یەکەم بەرهەمی گۆرکی بوو کەبەناوی خوازراوی ماکسیم گۆرکی ( یانی ماکسیمی تاڵ ) بڵاو بووەوە. گۆرکی، ساڵی دواتر زەماوەندی دەگەڵ کچێکی گەنجا بەناوی یکترینا پاڤلوڤنا کرد. ئەم کچە لە گۆڤاری سامار سکایا گازەتا دا کاری هەڵەچنی دەکرد و پۆپۆلیستێکی توندڕەو بوو. لەم ژنە دوو منداڵی بوو، کوڕێک بەنێوی ماکیسم و کیژێک بەنێوی کاتیا.

گۆرکی، لە ساڵی ١٨٩٨ دا یەکەمین سەرکەوتنی ئەدەبی بەدەست هێنا و نۆبەرەی نووسینەکانی لەژێر سەرناڤی ( چیرۆک و سکێچان ) دا بلاوکردەوە. پێشوازییەکی زۆر گەرم لە کتیبەکەی کرا وسەد هەزار نوسخەی لێ فرۆشرا، کە ئەم تیراژە بۆ ئەو سەروبەندە لە ڕووسیادا نەک هەر زۆر بوو بەڵکو ئاوارتەش بوو. هەر لەو سەروبەندەدا کە شۆرەتی ئەدەبی لە بەرزبوونەوەو فراوان بووندا بوو، گومانی سیاسی زیاتریشی کەوتەسەر ودوور ونزیک لەلایەن دام ودەزگا ئەمنیەکانی دەوڵەتەوە سۆراغ و تاقیب دەکرا، هەر لەو ساڵەدا کە کتێبی (چیرۆک و سکێچان) ی بلاوکردەوە، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕموودەی مارکسیزم دەبوو و بەتاوانی خوێندنەوەی بابەتی چەواشەکارانە و ئاژاوە ئەنگێز لە شاری تەفلیس، لە زندانیان تووند کرد. ئیدی هەندێک لە یارانی ڕۆژنامەوانی بۆی تێکەوتن و فریای کەوتن و ئەو چەلە ڕزگاریان کرد ومۆڵەتی وەرگرت کە بۆ نیژنی نوڤگورود بزڤرێتەوە ولەوێندەرو (لەژێر چاودێریدا ) درێژە بە ژیان بدات. ئەم حوکمە تا هەوەڵین شۆڕش هەربەردەوام بوو. لێ گۆرکی، لە ساڵی ١٩٠١دا دەگەڵ پۆلیسدا بەشەڕ هات و بۆ شارۆچکەی ئارزاماس، لە ڕووسیای ناوەندی، دوورخرایەوە.

بەهەرحاڵ لەم سەروبەندەدا گۆرکی ناو وناوبانگێکی ئەدەبی جەماوەری هەبوو، ئەمە کردیە کارێک کە لەلایەکەوە چالاکی سیاسی خۆی زیاد بکات ولەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی تزاری ناچار دەکرد بە پارێزەوە مامەڵە و بەرخوردی لەگەڵدا بکات. گۆرکی، بە بڵاوەکردنەوەی کتێبی ( چیرۆک و سکێچان ) شۆرەت و ناوبانگێکی جەماوەری گەورەی پەیدا کرد وبوو بە داستان وکەوتەسەر زاران و لە هەموو لایەکەوە ئافەرین وستایش ودەستخۆشی لێدەکرد، ئیدی لەو دەمەوە دۆستایەتییەکی بتەوی لە گەڵ چیخۆفدا، پەیدا کرد کەتا مردنی چیخۆف لەساڵی ١٩٠٤ دا بەردەوام بوو. گۆرکی لە ئەنجاما ولەرێگەی چیخۆفەوە، تولستوی بینی و ناسیاوی لەگەڵ دا پەیدا کرد، بەڵام گۆرکی دۆستایەتی تولستوی زۆر پێخۆش نەبوو، لەلایەکەوە غروور و خۆپەسەندی تولستوی بە ئاسانی پێ قووت نەدەچوو ولە ئالییەکی دیکەوە، تولستوی تەنیا هەندێک لە کارەکانی گۆرکی بەگەن دەکرد وئەمەشی لەکەس نەدەشاردەوە. گۆرکی پاش ئەوەی تووشی نەخۆشی دەردە باریکە (سیل) بوو، بۆ دەرمان و تیمار بۆ ئەو دەڤەرە چووبوو بەرێکەوت چیخۆف وتولستوی لەو رۆژانەدا لەوێندەر

بووبوون. هەر لەوێندەر گۆرکی لە ساڵی١٩٠٠دا، نمایشی چەند نمایشنامەیەکی گروپی شانۆی هونەری موسکۆی کەبۆ قرم هاتبوون، بینی و خولیای ئەوەی کەوتەسەر کە توانا و بەهرەی خۆی لە واری نمایشنامە نووسیدا بجەڕبێنێ. ئیدی یەکەمین شانۆنامەی لەژێر سەرناڤی (لە بنی بنەوە) دەست پێکرد، کەبە نیوەچڵی وازی لێهێنا تا ( مشەخۆر ) بنووسێت. ئەوە بوولە ساڵی ١٩٠٢ دا گەڕایەوە سەر (لە بنی بنەوە) و تەواوی کرد.

گۆرکی لە ساڵی ١٨٩٩ دا یەکەمین ڕۆمانی خۆی لە ژێر سەرناڤی " فوماگوردییف " دا بڵاوکردەوە. دوای یەک ساڵ پەیوەندی بە گروپی ( زنانی – واتە زانست ) وە کرد. ئەم گرووپە لە کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەندێن لیبراڵ و شارەزای مەسەلە جڤاکی و کۆمەڵایەتیەکان پێکهاتبوو و پاتۆق و مەکۆیان لە مۆسکۆ بوو.

گروپی ناڤبری بە سەرپەرشتی وسەرۆکایەتی وهاندانی گۆرکی بنکەو وەشانخانەیەکی زۆر جدی بەناوی (زنانی = زانست) دامەزراند کە بە هەرەوەزی بەڕێوە دەبرا، گۆرکیبەخۆی نووسەرانی گەنجی وەک ئاندریف، ستیپان

پتروف، ئەلسکاندر کوپرین، ئەلکساندر سرافیموفیچ و، و سترانڤانی ئوپرای ڕووسی فیودور چالیاپینی کەئەو سەردەمە لە دۆستە باشەکانی گۆرکی بوو، هێنانە ڕیزی گرووپی زنانی یەوە.

سەرکەوتنی گەورەی یەکەمین نمایشی ( لە بنی بنەوە) لە مۆسکۆ و لەلایەن گرووپی ستانسلافسکییەوە، لە هەیڤی ١٩٠٢/١٢دا، ڕێک چەند ساڵێک پاش بڵاوبوونەوەی سەرکەوتووانەی (چیرۆک وسکێچان)، شۆرەتی ئەدەبی گۆرکی لە سەرانسەری ڕووسیادا دابینکرد وبۆ یەکەمین جار شۆرەتی جیهانی پێبەخشی. گۆرکی کەبەهۆی فرۆشتنی مافی ئیمتیازی بەرهەمەکانیەوە دەرامەتێکی زۆری دەست کەوتبوو، یارمەتیەکی فرەی حیزبی سوسیال دیموکراتی، دەدا، کە پاشان حیزبی بوڵشەفیک بە ڕابەرایەتی لینین لە حیزبی ناوبراوەوە سەری هەڵدا و هاتە مەیدان.

شۆڕشی ١٩٠٥ گۆرکی خستە ناوجەرگەی کێشماکێشە سیاسیەکانی ئەو سەروبەندەوە، گۆرکی وێرای بەشداری مەیدانی لەڕێکخستنی کرێکاراندا بۆ هێرشبردنە سەر کۆشکی زستانە لە پیرزبورگ – کە گاپون، کەشیشی

شۆڕشگێڕی ڕووسی ڕابەرایەتی دەکرد، یەکێکش بوو لە شاندی نوێنەرانی ڕۆشنبیران بۆلای وەزیری ناوخۆ تا داوای لێبکەن کە دەوڵەت هیچ توندی و زەبر وزەنگێک لەهەنبەر خۆپیشاندانی ئاشتیانەی جەماوەری خەڵک نەنوێنێت، هەڵبەتە ئەم داوایە پەسەند نەکرا. کاتێ خۆپیشاندان و ڕێ پێوانە کرێکارییەکە لە ڕۆژی یەک شەممەی خوێناویدا، زۆر بە توندی سەرکوت کرا، گۆرکی یارمەتی قەشە گاپۆنی دا، کە سەروسیمای خۆی بگۆڕێت و بە قەلافەتی گۆڕاوەوە لە وڵات وەدەربکەوێت.

بەچەند ڕۆژێکی کەم پاش دەربازبوونی قەشە گاپۆن، گۆرکی دەستگیر کراوڕەوانەی زندانی قەڵای پتروپاڤل کرا. ئیدی هەر لەوێڕا شانۆنامەی " فەرزەندانی خۆر " ی نووسی. شۆرەتی ئەدەبی گۆرکی لەم سەروبەندەدا سەنگ و ئیحتوبارێکی زۆر گەورەی هەبوو. ئیدی بەسەدەمی گوشاری وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر دەسەڵاتی تزاری و بەهۆی بەرەڤانی دارایی ساڤاموروزوڤی کارخانەداری چەپڕەوەوە، گۆرکی لە زندان ئازاد کرا . لێ گۆرکی، کەلە زندان ئازاد بوو، نەک هەر دەستبەرداری سیاسەت نەبوو، بگرە زیاتر داخلی چالاکییەن سیاسی بوو... وەختایەک مەترسی دەستگیرکردنی

زیاتری کەوتەسەر، لە ئاخر و ئۆخری هەیڤی مایسی/١٩٠٥ دا ڕووسیای بەجێهێشت و هەوەڵجار بۆ فنلاند ولەوێندەرەوە بۆ ئاڵمانیا ڕۆیی... ئەو پێشوازیە گەرم و گوڕەی لە ئەوروپا لە گۆرکی و لە بزوتنەوەی کرێکاری ڕووسی کرا، گۆرکی هاندا بەمەبەستی کۆکردنەوەی پیتاک بۆ بزوتنەوەی کرێکاری ڕووسی، سەفەری ئەمریکا بکات . وەختایەک گۆرکی گەییە ئەمریکا، بە ئاهەنگ وگۆرانی پێشوازی کرا، بەرنامەی تێروتەسەلیان بۆ میوانداریکردنی دانا. بەلام سەفارەتخانەی رووسیای پاشایەتی لە واشنگتون، بۆ ئەوەی ئەم سەفەرە پووچەڵ بکاتەوە، دەنگۆی ئەوەی بڵاوکردەوە کە ژنە هاوسەفەرەکەی گۆرکی ژنی ئەو نییە، بەڵکو ئەکتەرێکی شانۆی هونەری مۆسکۆیە وناوی ماریا فیودوروڤنا ئاندرییڤایە کە لەڕاستیدا ماشقەی گۆرکی یە، ئیدی بەرنامەکە بەتەواوەتی تێکچوو وهەڵوەشایەوە. کۆمەڵگەی دابپەروەری ئەودەمی ئەمریکا، ئەو هەواڵەیان پێ قووت نەچوو و دەنگی ناڕەزایی لە سەرانسەری وڵاتا بەرز بووەوەو گۆرکی لە ناکاوا بوو بەنیشانەی خۆشئەنگافتەی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکان. ئاگادار کرایەوە، کە ئوتێلەکەی لە نیویورک بەجێ بێڵێت. ئەو بەرنامە و ڕێورەسمانەی پێشتر بۆیان

ئامادە کردبوو، هەر هەمووی هەڵوەشێنرایەوە، کەلە هەمووی خراپتر هەڵوەشانەوەی ئەو شەوخوانە ئەدەبییە بوو کەلەبەر خاتری گۆرکی سازکرابوو. ئەم خوانە مارک توین و ویلیام دین هاولز، سازیان دابوو. لەوەش خراتر ئەوەبووکە مارک توین، بەخۆیشی ئامادە نەبوو گۆرکی ببینێت. کەبەرنامەی سەفەرەکەی گۆرکی بەو مەرەد چوو، حایر وحەپەساو ونائومێد، بۆ دوڕگەی ستاتن و بۆماڵی یەکێک لە دۆستە ئەمریکییەکانی لە ئادێرۆنداک ڕۆیی. ئیدی لەوێ وەکو شێت، دەستی دایە نووسین، تا داخی دڵی خۆی هەڵڕێژێ و بە وشە تۆڵەی خۆی بکاتەوەو تووڕەیی خۆی دابمرکێنێتەوە، نووسەر جگەلە وشە چ چەکێکی هەیە تا داکۆکی پێ لەخۆ بکات! هەستی نەرێنی گۆرکی دەرهەق بە ئەمریکا لە نووسینانی وەک: ( هەڤپەیڤینەکانم – ١٩٠٦ ) و ( لە ئەمریکادا – ١٩٠٦ ) بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە. هەرلەم ماوەیەدا ڕۆمانی شۆڕشگێڕانەی دایکی نووسی. گۆرکی پێش ئەوەی لە هەیڤی ١٩٠٦/٩ دا ئەمریکا بەجێ بێڵێت توانی شانۆنامەی (دژمنان) کە شانۆ نامەیەکی ئەنتی سەرمایەداریە تەواو بکات. دەرهێنەری گەورەی ئەڵمانی، ماکس راینهارت، دوای ساڵێک، ئەو شانۆنامەیەی دەرهێنا

ولەسەر شانۆی " کلاینس " ی بەرلین، سەرکەوتووانە نمایشی کرد. گۆرکی پاش ئەوەی ئەمریکای بەجێهێشت، چوو بۆ دورگەی کاپری لە ئیتالیا و، هەر لەوێندەر مایەوە، تا لە ساڵی ١٩١٣دا بەبۆنەی سێسەدەمین ساڵوەگەڕی سەڵتەنەت و حوکمڕانی ماڵباتی ڕۆمانوفەکانەوە، لێبووردنی گشتی بۆ دوورخراوانی سیاسی دەرچوو، ئەوجا بۆ ڕووسیا گەڕایەوە. وەختێ گۆرکی لە کاپری بوو، چالاکانە کاری ئەدەبی خۆی دەکرد و زۆر بەرهەمی نووسیوە لەوانە: چیرۆکی بەناوبانگی ( بیست و شەش پیاو وکیژێک) هەرلەم ماوەیەدا دوو ڕۆمانی دیکەشی نووسی یەکێکیان ڕۆمانی (شارە چکۆلەکەی ئوکوروف) بوو کە ڕۆمانێکی کەمێک باشە لێ مەنشوور نییە، ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە شارۆچکەیەکی ناخۆشا، لە سەروبەندی پێش شۆڕشی ١٩٠٥دا ڕوو دەدەن، ڕۆمانی دووەم ( ژیانی ماتڤی کوژمیاکین) ە. ئەمە ڕۆمانێکی درێژە بەڵام زۆر لاوازەو ڕووداوەکانی لەهەمان شارۆچکەی ئوکوروف ڕوو دەدەن. جگەلەمانە شانۆنامەیەکیشی بەناوی ( ڤاسالزنوڤا ) وە دەربارەی دایکێکی دلێر و بەجەرگ نووسیوە، کەپێدەچێ ئیلهامەکەی لە ڕۆمانی " دایک " ە کەی خۆیەوە وەرگرتبێت. ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی ١٩١٠ دا هاتۆتە نووسین و

لەساڵی ١٩١٢ دا خەڵاتی " گریبایدوف " لە مۆسکۆ وەرگرتووە. هەروەها ڕۆمانێکیشی لە ژێر سەرناڤی (دان پێدانان – ١٩٠٨) نووسی کە زیاتر شەقڵ ومۆرکێکی ئولی ومەزەبی لەخۆگرتووە.

گۆرکی هەرچەندە لەم سەروبەندەدا، لەڕووی سیاسییەوە، لەجاران لە لینین نزیکتر بوو، بەڵام لینین ئەو بەرهەمەی نەک هەر بەگەن نەکرد، بەڵکو بە تەواوەتی ڕەتی کردەوە. هەڵبەتە ئەم ڕۆمانە لە قۆناغێکی زۆر تایبەتی و ئاڵۆزی مێژووی ڕووسیادا نووسراوە. ئەو قۆناغە ساڵانی دوای شکست و ناکامی شۆڕشی ١٩٠٥ لەخۆ دەگرێت. کە ڕژێمی تزاری، بە تووندی دەستی خستبووە بینی تێکڕای تەڤگەری ڕۆشنبیری، سیاسی وکۆمەڵایەتی.. هەر لەو سەروبەندەدا، بەرەی شۆڕشگێڕی چەپ، بەباڵە مارکسییە توند ڕەوەکەشیەوە، کە گۆرکی یەکێک بوو لە چالاکوانە زۆر دیارەکانی، تووشی دووبەرەکی و دەستەبەندییەکی قووڵ بوو، کە ڕەنگدانەوەی ململانێی فیکری و کێشماکێشە سیاسیە قووڵەکانی خودی قۆناغەکە بوو. ئیدی لەو قۆناغەداو لە سۆنگەی ئەوبارە پەشێواوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆشنبیرییەشدا، هەندێک ڕەوت یان گرووپ پەیدا بوون جارێ بەخۆیان

دەگوت" بونیات نەرانی خودا " جارێ دەیانگوت " داهێنەرانی خودا " و جارێ دەیانگوت: " خودا دۆزان " هەڵبەتە گۆرکی ئەدیبیش یەکێک بوو لە جوملەی ئەوانەی ( لەخودا دەگەڕان ) . دیارە لەم هزرینەیدا زیاتر لە لونچارسکییەوە نزیک بوو. کە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ بوو بە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیری لە حکوومەتی سۆڤیاتیدا.

گۆرکی بەهۆی ڕۆمانی ( دان پێدانان )وە، بەر هێرشێکی ڕەخنەیی توند و دوور ودرێژ کەوت کە تا چەندین ساڵ هەر نەبڕایەوە. بەتایبەتی لەلایەن لینینەوە کەلەو سەروبەند وقۆناغەدا ڕابەرایەتی باڵی ڕادیکاڵی تەڤگەری شۆڕشگێڕی ڕووسیای دەکرد وپاشان سەرکردایەتی شۆڕشی کۆمۆنیستی ساڵی ١٩١٧ گرتە ئەستۆ. هەرچەندە گۆرکی بەرگرییەک زۆری لە هەڵوێستی خۆی کردووەو پاکانەی ئەوەی بۆ ڕۆمانەکەی کردووە گوایە ویستوویەتی چۆنیەتی بیرکردنەوەو دنیابینی مرۆڤ، لە هزرین ودنیابینی تاکگەرایانەوە بۆ هزرین ودنیابینی جەماعی بگۆڕێت. کە شاقارەمانی چیرۆکەکەش هەوڵی ئەوەی داوە " خوایەک دروست بکات " مەبەستی ئەوە بووە ژیانی گەل، بە شێوەیەکی دەستەجەمی ڕێک بخات، هەموو خەڵکی لە

پێناوی ئامانجێکی هاوبەشدا یەکبخات، ئەویش ڕزگارکردنی مرۆڤە لە هەردوو کۆیلایەتی ناوخۆ ودەرەکی. بەڵام لینین بیرۆکەی " گەڕان بە دووی خودا " دای لە بنج و بناوانەوە، لە ئەلفی تا یای پێ قەبووڵ نەبوو، ئەمەی بە هەوڵێک دەزانی بۆ دامەزراندنی ئاین و ئۆلێکی تازە. بەکورتی و کرمانجی بیرۆکەی خوا خۆی لە خۆیدا چەسپاندنی چەوساندنەوەو ستەمکاری هەتا هەتاییە و چەکێکە بەدەستی ڕژێمی تزارییەوە بۆخۆ چەسپاندنی زیاتر... خۆ ئەگەر هەندێک بە دیقەت تر ئاوڕ لە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە بدرێتەوە جۆرە دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەیەکی هزرو بیرکردنەوەکانی فردریک نیتشەی ( ١٨٤٤ – ١٩٠٠ ) تیا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی گوتە بەناو بانگەکەی " خودا مرد! " کە گەنگەشە و مشت و مڕ و نووسینێکی زۆری لە بوارەکانی فەلسەفە وئەدەب ولاهوت و ثیولوجیا لێکەوتەوە... ئەم ڕۆمانە کاتی خۆی، لە ساڵی ١٩٣٤ دا لەلایەن نظیر زیتونەوە بەناونیشانی " خودا لە کوێیە " کراوە بە عەرەبی، وەرگێڕی ناقبری بەهەر مەبەستێ ئەوەی کردبێ، کردوویەتی، بەڵام سەناقی ئەسڵی ڕۆمانەکە " دان پێدانانە " نەک " خودا لە کوێیە " ...

چالاكییه سیاسییەكانی گۆركی، تەنانەت لەو دەمانەی كەلە تاراوگەی ئیتاڵیاش دەژیا هەر بەردەوام بوو و، لە پێنجەمین كۆنگرەی حیزبی سوسیال دیموكراتی ڕووسیدا، كە لە ساڵی ١٩٠٧ دا لە لەندەن بەسترا، بەشداری كرد، هەرچەندە قەت ئەندامی حیزبی ناقبری نەبووە، بەڵام دەگەڵ كاراكتەران و كەسایەتی شۆڕشگێڕی وەكو ئەلكساندر بوگدانوف و ئەناتولی لوناچارسكی قوتابخانەی كرێكارانی شۆڕشگێڕی ڕووسی لە كاپری دامەزراند، خەڵكانێكی زۆر بەبەردەوامی دەچوونە ماڵی گۆركی و سەردانیان دەكرد، كە زۆربەیان چالاكوانانی سیاسی جۆراوجۆر بوون. تەنانەت " لینین " ش دوای ئەوەی توانی بەسەر نارەزایی خۆی لە ڕۆمانی " دان پێدانان " و بۆچوونە مەزەبی – فەلسەفیەكانی بوگدانوف ولوناچارسكی زاڵ بێت، قاییل بوو كە بۆ دورگەی كاپری بڕوات و دیدەنی گورکی بكات.

كە گۆركی لە ساڵی ١٩١٣ دا، دوای لێبوردنە گشتیەكە، بۆ ڕووسیا گەڕایەوە لە چەند غەزەتە وبڵاوكراوەیەكا دەستبەكار بوو ودرێژەی بە كارەكانی دا، كە پڕ خوێنەرترینیان ڕۆژنامەی (نوڤایا ژیزنی) بوو، كەلەنێو ڕۆشنبیرانیشدا سەنگ و ئیحتوبار و ڕەواجی خۆی هەبوو...

سیاسەت لەم قۆناغەشدا، وەکو جاران بەشێک بوو لە ژیانی گۆرکی. بەڵام بە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان و تووشبوونی ڕووسیا لەو جەنگە وپاشان، دەستپێکی شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ گۆرکی، بەینی دەگەڵ هەردوو باڵی ڕاست و چەپ دا تا ڕادەیەکی زۆر تێکچوو، محافەزەکاران، کەلە بۆچوونە ئەنتی جەنگەکانی وی تووڕە وپەست بوون، خراپ لە عەلەیی دەدوان و بوختانیان بۆ دەکرد، تۆمەتی وەک ئالیگری ئەڵمان و بەڵشەویکیان دەدایە پاڵ. لەگەڵ چەپەکانیشا بەینی خۆش نەبوو، لە لینین و بولشەویکەکان زویر بوو، دژی شۆڕشەکەی دوای ڕاپەڕینەکەی شوباتی ١٩١٧ بوو، ئەمە بووە بایسی وەی کە بەینی دەگەڵ زۆرێک لە هاوبیروبۆچوونە سیاسیەکانی جارانیدا تێکبچێت. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەری ١٩١٧ وبەهۆی هەڵوێست و ڕێبازی لینین لە دوای شۆڕش، ئەم دڕدو ۆنگی و ناتەباییە قووڵتر بوو. کار گەییە ئەوەی کە لینینی بە کیمیازانێک شوبهاند، کەلە تاقیگەیەک کار بکات " لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە کیمیازان کار لە سەر مادەێن بێگیان دەکات و ئەنجامەکانی بەسوودی ژیانە، بەڵام لینین کار لەسەر مادەێن زندوو دەکات و شۆڕشەکە بەرەو نابووتی دەبات. "

هەرچەندە ڕۆژنامەی " نوڤایاژیزنی " بە هەنجەتی دژایەتیکردنی بوڵشەویکەکان، بە تۆپزی داخست، بەڵام وێرای ئەوەش گۆرکی دەگەڵ لینین دا ئاشتبۆوە... گۆرکی لە سالانی جەنگی ناوخۆدا، کەتا ساڵی ١٩٢١ درێژەی کێشا، خزمەتێکی یەجگار زۆری بە فەرهەنگ وکەلتوور و کەلەپووری ڕۆشنبیری و هونەری کرد، ئەمە جگە لەوەی بووبوو بە پەناگە ودالدەیەکی کارا و کاریگەر بۆ زۆرێک لە نووسەرانی ئەو سەردەمە وئەگەر ئەو نەبوایە، لەگین بوو جۆرەها مەترسی وکێشە بەرۆکی گرتبان. هونەرمەندان وڕۆشنبیران، لە سایەی ڕێکخراو وبنکە ڕۆشنبیرییەکانی سەر بە گۆرکی، بەتایبەتی ( بنکە و ناوەندی ئەدەبیاتی جیهان ) هەم ژیانیان پارێزراو بوو، هەم درێژەیان بە کارە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی خۆ دەدا و هەم کار و نانێکیان دەستدەکەوت، هەم ئەگەر کێشەیەکیان لەگەڵ ڕژێمی تازەدا بۆ هاتبا پێشێ، گۆرکی پشتیوانی لێدەکردن..

بەهەرحاڵ، ئاشتبوونەوەی گۆرکی لەگەڵ لینین دا، نەبووە مایەی ئەوەی شەڕە دەنووکی نێوان گۆرکی و " گریگوری زینوڤیف " ی سەرۆکی کۆمینترن و ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بسڕێتەوە. گۆرکی کارە سەرکوتکارانەکانی

زینوفیفی پێ قووت نەدەچوو، کە بە کردەوەو لە واری پراکتیکیدا گیانی ژمارەیەک لەو نووسەرانەی دەخستە مەترسییەوە کە لە سایەی دام ودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی گۆرکی دا حەوابوونەوە. کە ناکۆکی و هەڤڕکی ئەم دووە تیژتر بوو، لینین ناچار بوو، تای زینوفیف بگرێت و بۆ ئەوی گۆرکی دوور بخاتەوە ولەکۆڵ خۆی بکاتەوە، پێشنیاری کرد کەبە مەبەستی ئیسراحەت و ئارام بوونەوەی مگێز، ماوەیەک لە وڵاتی سۆڤیەت دوور بکەوێتەوە..

گۆرکی بەناچاری پێشنیازەکەی لینینی پەسندکرد ولە ساڵی ١٩٢١دا ڕووسیای بەجێهێشت وبۆماوەی سێ دانەساڵ هەموو ئەوروپای دایەژێر پێوە. لەو سەروبەندەدا، تێبینی وبیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی چیخۆف، تولستوی، وئاندرییف نووسی. هەر لەو ماوەیەدا لەبەر ڕۆشنایی ژیانی قوزاقێکی شۆڕشگێڕ بەناوی ستنکارازین، سیناریۆیەکی لەژێر سەرناڤی ( ستیپان رازین ) نووسی، کە ڕاپەڕینێکی جەماوەری ساڵانی ١٩٦٦ – ١٩٦٨ی مۆسکۆ لەخۆ دەگرێت، هەڵبەتە ئەم سیناریۆیە هەرگیز نەکرا بە فیلم.

گۆرکی لە هەیڤی نیسانی ١٩٢٤ دا بۆ ئیتاڵیا گەڕایەوە. ئەمجارە لە سونتو ئاکنجی بوو. ڤیلاکەی بوو بە قیبلەی ئاواتی دەربەدەرو دوورخراوانی ڕووس. وێڕای سەرقاڵی بەکارو بارێن دست وپێگیرەوە توانی بەشی سییەمی ژینامەکەی خۆی بەناوی " ڕۆژانی زانکۆم " وبەشی زۆری ڕۆمانە چوار بەرگییەکەی بەناوی ژیانی کلیم سامگین (١٩٢٥– ١٩٣٦ ) بنووسێت کە وێنەیەکی خەمناک و دڵتەزێنی ڕۆشنبیرانی ڕووسیای دەیەی ١٨٨٠ تا هاتنی لینین بۆ وێستگەی فنلاند لە ١٩١٧ دا لەخۆ دەگرێت.

دوای مردنی لینین ( ١٩٢٤ ) کە ستالین هاتەسەر حوکم، ستالین هەم بۆ ڕێزلێنان لە شۆرەت و نێوبانگی گەورەی ئەم نووسەرە و هەم لەبەر ئەوەی قەناعەتی وابوو کە بوونی وی لە سۆڤیەتدا، لە ئەنجوومەنە نێو نەتەوەییەکاندا، دەنگدانەوەی ئەرێنی سەبارەت بە ڕژێمی سۆڤیاتی دەبێت لێبڕا کە گۆرکی بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٢٨ دا، ناوی نیژنی نوڤگوردی زێد و زاگەی گۆرکیان گۆڕی و بەفەرمی کرا بە گۆرکی. هەڵبەتە بە سوور بوونێکی زۆرەوە، چە سووربوون و پێداگری فەرمی و چ نافەرمی، داوا لەگۆرکی دەکرا بۆ وڵات بزڤڕێتەوە، بەتایبەتی ژنە

یاسابییەکەی کە زۆرجار سەری سورنتوی دەدا، ئەنجام ملی دایەخەت، وەک ئەوەی بیەوێ بارودۆخەکەی وڵات تاقیبکاتەوە، دووجار لە هاوینی هەردوو ساڵی ١٩٢٨ و ١٩٢٩ دا سەردانی ڕووسیای کرد، لەو دوو سەردانەدا ڕووی دەکردە هەر شوێنێک، فەرشیان لەبەرپێی ڕادەخست. ئەوە بوو لەساڵی ١٩٣١ دا بڕیاری دا بە یەکجارەکی بۆ وڵات بزڤرێتەوەو هەر ئەو ساڵە، سوکناکەی خۆی لە سورنتو بەجێهێشت و لە خانوویەک لە مۆسکۆ و ڤێلایەک لە قەراخ شارا، کە دەوڵەت بۆی تەرخانکردبوو ئاکنجی بوو. گۆرکی تا ١٩٣٦/٦/١٨ ژیا.

گۆرکی لەو پێنج ساڵەی دوادوایی تەمەنیا کەلە سۆڤیەت بوو، چالاکییەکی زۆری ئەنجامدا، دوای وەستانێکی پازدە ساڵی دووبارە بایدایەوە سەر شانۆنامە نووسی و شانۆنامەیەکی سییانەی نووسی کە پەیوەندییەکی زۆر سستیان پێکڤە هەبوو: سوموف و ئەوانی دی ( ١٩٣٠ – ١٩٣١ کە لە سورنتۆ و بەرلە گەڕانەوەی بۆ ڕووسیا دەستی پێکردبوو، یگوریولیچوف و ئەوانی دی و، دوستیگایڤ و ئەوانی دی ( ١٩٣١– ١٩٣٢) لەم شانۆنامە سییانیەدا، ئەوەی

دووەمیان لەوانی دی باشتر بوو، بەیەکێک لە بەرهەمە زندووەکانی گۆرکی لەواری شانۆنامە نووسیدا دێتە ژماردن.

هەرچەندە ڕژێم هەموو پێویستیەکانی گۆرکی و پارەی پێویستی بۆ کارە هونەرییە جۆرواجۆرەکانی وی دابین و تەرخاندەکرد، لێ ناکرێ بە دڵنیاییەوە بگوترێ کە دوا ساڵەکانی تەمەنی لە سۆڤیەتدا بەخۆشی و شادی بەسەر برد. گۆرکی بە حوکمی پایە و پێگەی خۆی نەیدەتوانی، خۆی لە بەشداریکردن، لەو بەرنامە بانگەشەییانەی کەبە مەبەستی ستایشی دەوڵەتی سوڤیاتی ئەنجامدەدران، و مسداقیەتی ئەویان دەخستە مەترسییەوە، خۆی ببوێرێت.. یەکێک لەو بەرنامە نەنگینانە، کۆمەڵە وتارێکی سی و چوار نووسەری دیار وبەرجەستەی سوڤیاتی بوو، بەسەرپەرشتی گۆرکی، کە ئەو وتارانە بۆ ستایشی کردنەوە ودروستکردنی کەناڵی دەریای باڵتیک بوو لە ساڵی ١٩٣٠ دا. دروستکردنی ئەم کەناڵە لەباری ئەندازەییەوە کارێکی یەجگار شایستە بوو، بەڵام کرێکارەکانی ئەو پرۆژەیە بریتی بوون لە تاوانباران و زندانیانی سیاسی ڕژێم. پاشان کتێبێک لەم بارەیەوە بەناوی کەناڵی دەریای سپی – دەریای باڵتیک بەناوی ستالین، لە ساڵی ١٩٣٤دا بڵاوبووەوە، کەهەر

هەمووی بریتی بوو لە ستایش و تاریفی بەرنامەی تازەی مودێرنەکردنی سۆڤیەت کە دروستکردنی کەناڵی ناڤبری کردبوو بە نموونە.. ئەم کتێبە، پاچڤەی زۆر زمانان کرا، یەکیک لەو زمانانە ئینگلیزی بوو، بە بانگەشەیەکی یەکجار زۆرەوە لە هەموو دنیادا وەکو ڕیکلامێک بۆ ستالین و دەورانی حوکمڕانی ستالین بلاوکرایەوە، ڕۆڵی گرینگی گۆرکی لە ئامادە کردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا، هیچ شتێکی بۆ شۆرەتی گۆرکی زیاد نەکرد. بەڵام هیچ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نییە کە بەو کارە ناڕازی بووبێت، یان ناڕەحەت بووبێت.

کەلە ساڵی ١٩٢٤ دا یەکێتی نووسەانی سۆڤیەت دامەزرا، کەخۆی لە خۆیدا هەوڵێکی دیکەی ڕژێم بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتری ژیانی کەلتووری، گۆرکی کرا بە سەرۆکی ئەم یەکێتییە و ، ئیدی توانی لەو پایە وپێگەیەوە، پشتیوانی لەو نووسەرانە بکات کەلەبەرچاوی پایەدارانی دەسەڵات کەوتبوون، یان بەرگری لەو نووسەرانە بکات کە هەوڵیاندەدا، جۆرە سەربەخۆییەکی هونەری بپارێزێن. بەڵام هەرلە ساڵی ١٩٣٤ دا، گۆرکی بویەرێکی کارەساتباری بۆ پێشهات، لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ماکسیمی کوڕی لەناکاوا،

لەتەمەنی سی و حەوتساڵیدا کۆچی دوایی کرد- هۆی ڕواڵەتی مردنەکەی بۆ سینەپاڵۆ و برک وژان گەڕێنرایەوە. هەرچەندە زانینی سەدەمی ڕاستەقینەی مردنەکەی مەحاڵ و نیمچە مەحاڵە، بەڵام، دەمێکە باسی ئەوە دەکرێت کە کوڕەکەی گۆرکی، یەکێک بووە لە قوربانییەکانی هەوڵە نارەواکانی ستالین بۆ لەناو بردنی نەیارە واقیعی وخەیاڵییەکانی خۆی. لەگینە گوناحی ماکسیمی گەنج کە کۆمۆنیستێکی دوو ئاتەشە بوو، تەنیا ڕاشکاوی و قسە لەڕوویی و حەنەکچیاتی وی بووبێ کەبەدڵی بەرپرسێکی گەورە نەبووبێ.

گۆرکی، دوای مەرگی کوڕەکەی، زۆر پەرێشان بوو، هەستی دەکرد، لە کۆمەڵگەی سوڤیاتی، ژێر سایەو دەسەڵاتی ستالینی دکتاتۆردا، ڕۆژبەڕۆژ نامۆتر دەبێت و ئیدی بڕیار دەدات کە دووبارە سەفەری ڕۆژئاوا بکات، لە هەردوو ساڵی ١٩٣٥ و ١٩٣٦ دا داوای پاسپۆرتی کرد، لێ هەردوو جارەکە داواکەی ڕەت کرایەوە، ڕەنگە ستالین لەوە ترسابێت کە ئەو نووسەرە گەورەو جیهانییە هەرکە بگاتە ڕۆژئاوا لە عەلەیی ڕژێمی سۆڤیاتی بدوێ وعەیب وعارەکانی لە دنیادا لە قاو بدات، بۆیە پاسپۆرتیان پێ نەداوە... دیارە ستالین

لەسەرەتای پرۆسە گەورە پاکتاوییەکەیدا نەیدەتوانی ئەم قومارە دەربارەی کەسێکی وەکو گۆرکی بکات. بەهەرحاڵ گۆرکی لەشەوی ١٩٣٦/٦/١٨ دا کۆچی دوایی کرد، هۆی مردنەکەی بەهۆی ڕاپۆری پزیشکی فەرمی، ئەنفلونزاو نەخۆشی سیپەلاک ودڵ بوو، بە ڕیورەسمێکی زۆر بە شکۆ بەخاک سپێردرا... بەڵام بە گوێرەی ئەو دادگاییەی سەبارەت بە پاکتاوسازییەکانی ساڵی ١٩٣٨ دانرابوو. ئەو دوو پزیشکەی کە گۆرکی و چەند بەرپرسێکی فەرمی سوڤیاتیان مالیجە کردبوو- کە یەکێک لەو بەرپرسانە گنریخ یاگودا بوو کە سەردەمانێک سەرۆکی پۆلیسی ئاسایش بوو – لە ئیقرارەکەی خۆیاندا گوتبوویان کە ئەندامی (لیژنەیەکی تیرۆرکاری سەربە تروسکی ) بوونە تا گۆرکی و کوڕەکەی بکوژن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گۆرکی بە تەڕن و بەدەستوور کوژرابوو، دەستوورەکەیش دەستووری خودی ستالین بووە.

( ٣ )

گۆرکی، لەسەرەتاوە، بە کورتە چیرۆک هاتووەتە مەیدانی ئەدەبیاتەوە. باشترین کاری خۆی لەو بوارەدا بەرهەم

هێناوه. یەکێک لە سەرچاوه گرینگ و ئیلهامبەخشەکانی زۆربەی هەره زۆری نووسینەکانی ژیانی شەخسی خۆی بووه، بۆیه لە کاره هەوەڵینەکانیا، سوود وئیلهامی لە ئەزموونی ساڵانی جەوانی خۆی وەرگرتووه، وەکو کەسێکی وێڵ و سەرگەردان سەرانسەری ڕووسیای داوەتە ژێر پێیانەوه، جۆرەها کاروئیشی کردووه، لەم قۆناغەی تەمەنیا جۆرەها خەڵکی دیتووه، پەیوەندی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆی لە گەڵیاندا پەیداکردووه، جا چونکە ئەم خەڵکانەی بە هەموو خەون وخەیاڵەکانیانەوه، خەم وخولیاکانیانەوه، هیواو هومێدەکانیانەوه، شکست وهەستانەوەکانیانەوه، لە چیرۆکەکانیا بەرجەستە کردبوو، جا چونکە ئەمە شتێکی تازه ونوێباو بوو، هەر زوو سەرنجی خەڵکانی زۆری ڕاکێشا، دەشێت کاره ئەدەبییەکانی گۆرکی، جگەلە نووسینە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکانی، بەسەر سێ قوناغی جیاوازدا دابەشبکرێت:

قۆناغی یەکەم: ئەو چیرۆکە کورتانە دەگرێتەوه کەلە ساڵانی ١٨٩٢ – ١٨٩٩ دا نووسیونی و بڵاوی کردوونەوەو شۆرەت و ناوبانگیان پێبەخشی.

قۆناغی دووەم: ساڵانی ١٨٩٩ – ١٩١٢دەگرێتەوە، کەلەم قۆناغەدا، زیاتر ڕووی کردووەتە نووسینی ڕۆمان و شانۆنامان.

قۆناغی سێیەم: کەلەساڵی ١٩١٣ وە دەست پێدەکات بەشێوەیەکی گشتی ژینامە و بیرەوەرییەکانیەتی. هەڵبەتە قۆناغی یەکەم و سێیەم لە قۆناغی دووەم پرشنگدارتر و لە ڕووی هۆنەرییەوە بە ڕمێنترو بەڕەونەقترن، لە قۆناغی دووەمدا، سووکە سستیەک بە توانا وبەهرەی ئەفراندنیەوە بەدی دەکرێت..

یەکەمین چیرۆکی گۆرکی لەساڵی ١٨٩٢، لە ژێر سەرناڤی " ماکارچودرا " بڵاو بووەتەوە. دەکرێ بگوترێ ئەم چیرۆکە مشتێکە لە خەرواری ژمارەیەک لە چیرۆکەکانی دواتری. بۆ نموونە چیرۆکەکە بە زمانی یەکەم کەس دێتە گێڕانەوەو گوتیار کەسێکە لە جێگای گۆرکی جەوان دانیشتووە و قسان دەکات. ئەم چیرۆکە لە حیکایەتێکەوە دەست پێدەکات کە کابرایەکی خۆش جەماڵ بۆ وێڵەگەردێکی نووسەری دەگێڕێتەوە. ئەم کەسە خۆش جەماڵە کە نووسەر لە ڕێگادا تووشی دەبێت لەم یەکەمین چیرۆکی ماکارچودرایەدا،

قەرەجێکی پیرە. ئەم چیرۆک لە ناو چیرۆکەدا، شەقڵ و مۆرکێکی تەواو ڕۆمانتیکی هەیە. چیرۆکی ماکارچودرا سەربهوردی ئەشق و ڤیانێکی ئاگرینی دوو قەرەجە: لویکو زوبار و رادای بەدەو و جوانە. ئەم دووانە، یەک لەیەک مەغرووورترو لەخۆبایی ترن، هەریەکەیان دەیەوێ بەسەر ئەوی دیدا زاڵ بێ.

رادا تەنیا بەم مەرجە قاییل دەبێت شوو بە زوبار بکات کە زوبار بەبەرچاوی هەموو خەڵکی خێڵەکەوە، لەبەرپێی ئەودا بەچۆکا بێت و دەستی ڕاستی ئەو ماچ بکات. زوبار مەرجەکە قەبووڵ دەکات، بەڵام کە وەختی ئەنجامدانی مەرجەکە دێت، خەنجەرێک بە سینگی رادا دا دەکات. رادا لە دوا هەناسەدا، خەنجەرەکە لە سینگی دەرێنێت و دەڵێت: " خودا حافیز زوبار، من دەمزانی کە تۆ ئەم کارە دەکەیت. " زوبار پاش ئەوەی رادا لەبەر پێی دا دەمرێت، داوا و مەرجەکەی ئەو بەجێ دێنێت. خۆی بە عاردیدا دەدات و لێوی دەخاتەسەر پێیەکانی ئەو. لەم کاتەدا، دانیلو، بابی ڕادا، دەست دەداتە کارێک کەلێی چاوەڕوان دەکرێت: لە پشتەوەبۆ زوبار دێت و لە دواوە بەخەنجەر دای دەورێت و دەیکوژێت.

پیرەژنە ئیزرەگیل: (١٨٩٤) یەکێکە لە چیرۆکە زۆرباشەکانی گۆرکی. ئەم چیرۆکەش فۆرم وشێوەیەکی وەکو " ماکارچودرا "ی هەیە. شوێنی رووداوەکانی ئەم چیرۆکە ڕەخی دەریا، نزیکی ئاکرمان، لە بساربی یە. ئەم چیرۆکە لە ڕاستیدا سێ چیرۆکە لەناو یەک چیرۆکدا، گوتیاری چیرۆکەکەپیرەژنێکی مولْداڤیاییە بەنیوی ئیزرەگیل. دووان لەو چیرۆکانەی وی دەیانگێڕێتەوە زیاتر حیکایەتی فۆلکلۆرین. یەکێکیان دەربارەی لارا و هەڵۆیەکە، لارا کوڕی ژنێکە، حەز لە کیژێکی خزم و خوێشی دایکی دەکات، کیژە ڕووی ناداتێ وحەزلەو ناکات، کوڕە هەڵدەستێ کیژە دەکوژێت، ئیدی کوڕە لە سۆنگەی ئەو کارەوە دەربەدەر و ئاوارە دەبێت. چیرۆکی دووەم دەربارەی دانکۆی دلێر وفیداکارە، کە ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆیە عێل وعەشیرەتەکەی خۆی لە لێرەوارێکی چڕ و چوغوورد بە سەلامەتی بپەڕێنێتەوە، کە دەبینێ، هەموو نائومید و دەستەوەستان و ورە ڕوخاو چاویان بڕیوەتە دانکۆ، دانکۆ زۆری خۆش دەوێن و دڵی پێیان دەسووتێ، دڵی خۆی دەردێنێ و دەیخاتە سەر لەپی دەستی و وەکو مەشخەڵ دادەگیرسێت وڕێگەی وان ڕوناک دەکاتەوەو لە جەنگەڵ و

لێرەوارەکەیان دەرباز دەکات. کە عێل و عەشیرەت لە لێرەوارەکە دەرباز دەبن و وەدەردەکەون، دانکۆ دەکەوێتە سەر عاردی و دەمرێت. چیرۆکی سێیەم بریتیە لە سەربهورد و بەسەرهاتی ئەشق و ڤیانەکانی خودی ئیزرەگیل. ئیزرەگیل کەبە گەنجی جوان و خشکۆک و شەنگوڵ و لەخۆڕازی بووە، خوازگارانی زۆری هەبووە و کەلێیان بێتاقەت بووە، یەک یەک بەڕێی کردوون و پولی پێوە ناون. لێ لەتەمەنی چلساڵیدا، تووشی کابرایەکی پوڵاندی دەبێت و بۆ یەکەمجار ئاشق دەبێت، دەیەوێت شوو بەو پیاوە بکات، بەڵام لەو تەمەنەدا کە جوانییەکەی ڕوو لە ئاوابوونە، کابرا دەست بەڕوویەوە دەنێت. سەربهوردی خودی ئیزرەگیل زۆر نزیکە لە سەرگوزەشتەی رادا و زوبار لە چیرۆکی " ماکار چودرا " و لە بەسەرهاتی لارا لە یەکەمین چیرۆکیئیزرەگیل دا. ئەم چیرۆکەش وەکو چیرۆکەکانی دی جۆرە ئاگادارکردنەوەیەکە لەوەی کە لووت بەرزی و قۆڕە دەماغی ولەخۆبایی بوونی سەردەمی گەنجاتی، باجی بێ چەند وچوونی خۆی هەیە وبتەوێ ونەتەوێ دەبێ بیدەیت. بە پێچەوانەوە کاراکتەری دانکۆ لە چیرۆکی ئیزرەگیل دا، وەکو نموونەیەکی تازەی هەڵوێست پیشان دەدرێت، قارەمان و

کاراکتەرێکی لەخۆ بردووە، توانای خۆی نەک بۆ بن پێ کردنی زەحمەتکێشان، بەڵکو بۆ ڕێنوێنی وپشتیوانی وان بەکاردەبات. هەرچەندە ئەو خەڵکە بێ دەسەڵات و زەحمەتکێشە، وەکو لە چیرۆکەکەدا هاتووە، خەڵکی کەمفام و ترسنۆک و بێ وەفاش بن..

بەهەرحاڵ هەندێ چیرۆکی وەک: " ماکارچودرا " و " پیرەژنە ئیزرەگیل" و " هاوسەفەری من " هی یەک قۆناغی کاری نووسینی گۆرکین و شەقڵی ڕۆمانسیانەیان بەسەرا زاڵە و لەڕووی فۆرم و نێوەڕۆکەوە زۆر لێکدی نزیکن وگوزارشت لە بۆچوون و هزرین و نوڕینی ئەو سەردەمەی گۆرکی دەکەن بۆ ژیان وئەشق و ئازادی و ئاکاری بەرز و هەر ئەو بابەتانەش بوون بە ماک و ئامیان بۆ زۆر چیرۆکی دواتری گۆرکی، هەڵبەتە بە مالیجە و تەکتیکی بڕێک پێشکەوتووتر و جیاوازتر... دیارە گۆرکی چیرۆکی زۆرن و ناکرێت لێرەدا لەسەر یەک بەیەکیان بوەستین و بەدوور و درێژی باسیان بکەین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین، بۆیە بەگوێرەی دەرفەت و دەرەتان و ئەوەندەی ئەم نووسینە هەڵبگرێت و چیرۆکەکە لەباری هونەرییەوە بێنێت، لەسەر گرینگترینیان، سووکە هەڵوەستەیەک دەکەین..

ئەوەی مایەی سەرنجە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٥ وە وردەوردە نوڕینی دەربارەی خەڵکانی قەرەج سیفەت، ئاوارەو، دز و ئازادی خوازی و مەردی و ڕەندی و... هتد دەگۆڕێت ولە ڕۆمانسیەتی ڕووت دوور دەکەوێتەوەو پەنا وەبەر ریالیزم دەبات، ریالیزمێکی ڕۆمانسیەت ئامیز... ئەمەش بە ڕوونی لە هەندێ چیرۆکیدا ڕەنگیداوەتەوە، یەکێک لەوانە چیرۆکی " چلکاش " ە. ئەمە یەکەم چیرۆکی بوو کە لە بڵاوکراوەیەکی سەنگین و پڕئیحتوباردا بڵاوبووەوە ویەکێکە لە چیرۆکە هەرە باشەکانی.

چلکاش وەکو گەلێک لە چیرۆکەکانی دیکەی گۆرکی ، دوو قارەمانی سەرەکی تێدایە، دوو قارەمانی پێچەوانەی یەکدی، یەکێکیان چلکاشە کە کابرایەکە دلێر وهۆشن، دز و بادەنۆش، لەناو بارەندازەکانی شارێکدا، ناسراوە. ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لەو شارەدا ڕوودەدەن، دووەمیان کوڕێکی گوندیی داماوە بەناوی گاڤریلا، گاڤریلا، قاییل دەبێت لە شەودزییەکی ناو دەریادا یارمەتی چلکاش بدات. وەختێ کارەکە بە سەلامەتی ئەنجام دەدەن، گاڤریلا، تەماع دەکاتە ئەو پێنج سەد ڕۆبڵەی کە چلکاش ئەو شەوە بەدەستی هێنابوو، کە پارەیەکی تا ڕادەیەک زۆر بوو.

چلکاش قاییل دەبێت چل ڕوبڵێک هەقی ماندووبوون بە گاڤریلا بدات، بەڵام گاڤریلا لە پەستا وبێ پسانەوە باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر هەموو پارەکە هی ئەو بوایە چی وچی پێدەکرد. وەختایەک بە دوو قۆڵی دەگەنە کەنار دەریا، گاڤریلا خۆی داوێتە سەر دەست و لاقی چلکاش ولێی دەپارێتەوە کە پارەکە بدات بەو. چلکاش بەزەیی بەم " کۆیلەی چاوچنۆکی " یەدا دێتەوەو پارەکەی بۆ فڕێ دەدات. گاڤریلا، لە خۆشیان پێی لە عاردی گیر نابێت، تەنانەت بۆ وەدەست هێنانی ئەو پارەیە بیری لە کوشتنی چلکاششی کردبۆوە. چلکاش کە گوێی لەو قسەیە دەبێت ڕقی لە گاڤریلا هەڵدەستێت و داوای لێدەکات پارەکەی وێداتەوە. گاڤریلا، نایداتەوە، لێیان دەبێ بە شەڕ و دەعوا، چلکاش بە خۆرتی پارەکەی لێدەسەنێتەوە، بەڵام کاتێ کە دەکەوێتەڕێ تا بڕوات گاڤریلا، لە دواوە بەردێک بە تەپڵی سەریا دەدات وتەختی زەوی دەکات. گاڤریلا دەترسێت، هەڵدێت، بەڵام لە نیوەی ڕێدا لە کردوەکەی خۆی ژیوان دەبێتەوەو بۆلای چلکاش دەزڤڕێتەوە هەڵی دەستێنێتەوەو داوای بوردنی لێدەکات. وەختێ چلکاش دەبینێ گاڤریلا پارەکەی نەدزیوە، یەک ئەسکەناسی سەد ڕۆبڵی بۆ خۆی هەڵدەگرێت و باقی

پارەکە دەدات بە گاڤریلا... گاڤریلا لە سەرەتاوە خۆی گران دەگرێت و نایەوێ پارەکە وەربگرێت. بەڵام ئەنجام پارەکە وەردەگرێت و ئیدی ئەو دووانە وەکو دوو دۆست لێکدی جیا دەبنەوە. لە نۆڕین وڕوانگەی چلکاشەوە، گاڤریلا کارێکی نەکردووە کە ئیجابی بەخشین بکات وکاتێ کە بە گاڤریلا دەڵێت: " ئەمڕۆ تۆ لە منت دا، سبەی من لەتۆ دەدەم " لەمەوە دیارە کە بە تەواوەتی لێی حاڵی بووە.

چلکاش هەرچەند کەسێکی زۆر لەبەر دڵان نییە، بەڵام یەکێکە لەو سیما ڕۆمانتیک و یاساشکێنانەی کە هاتووەتە خەیاڵی گۆرکی. کەسێکی تەواو سەربەخۆ وتایبەتیە، کەسێکە گوێ بە کۆمەڵگە نادات، بەگوێرەی یاسا وحەزی خۆی دەژی، بۆخۆی دەژی، بەچاوی سووک سەیری خەڵکانی پوولەکی و ڕژد و چاوچنۆکی وەکو گاڤریلا دەکات. چلکاش کە جوامێری و خواردەیی تایبەتی خۆی هەیە سەرەنجام بەشی هەرە زۆری پارەکە دەدات بە گاڤریلا وگاڤریلاش کە دەگەڕێتەوە بۆلای چلکاش و داوای بوردنی لێدەکات، بەمە تا ڕادەیەک قەرەبووی کارە دزێوەکەی خۆی دەکاتەوە... ئەم چیرۆکە لەڕووی بنیاد و تان وپۆوە زۆر سفت وبەرزە، هەرچەندە هەڵوێستی خەیاڵ بزوێن و سەرنج ڕاکێشی

چلکاش بەهیچ جۆرێ ڕیالیستی نییە، بەڵام سەروسیمای بەشێوەیەکی قەناعەتبەخش بەرجەستە کراوە..

هەڵبەتە گورکی زۆر چیرۆکی دیکەی لەم جۆرەی هەن، لەوانە ( مالڤا – ١٨٩٦ ) و " هاوسەفەری من – ١٨٩٦ " و " بیست و شەش پیاو وکیژێک – ١٨٩٩ " . یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی، بەرهەمە هەوەڵینەکانی گۆرکی، وەسفی تەبیعەتە، کەبۆ کاتی خۆی مایەی ڕەواجی بەرهەمەکانی بوو، کە ئەم تایبەتمەندیە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کاڵ بووەتەوەو بۆ ئەمڕۆ، ئەو ئەفسوونەی جارانی نەماوە... لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٧ وە بەرەبەرە، شەقڵی ریالیزم بە سەر بەرهەمەکانیا زاڵ دەبێت ودڕ بە مۆرکی ڕۆمانتیزمی بەرهەمە هەوەڵینەکانی دەدات، یەکێک لە عەیبەکانی بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەشی ئەوەیە کە زیاد لەپێویست بایەخ بە دیالۆگ و گفتوگۆی فەلسەفی دەدات، کەئەمە ئاسیوی زۆری بە ئەدەبیەتی بەرهەمەکانی گەیاندووە... قارەمانەکانی بێ نموود وبێ ناسنامەن، ژیان و شەخسیەتی فەردیان یا نییە، یا زۆر کاڵ و کرچن، زیاتر لە سێبەر دەچن تالە کاراکتەری زندوو بچن... لەنێو چیرۆکە هەوەڵینەکانیا، تاقە چیرۆکێک کە بشێت – جگە لە شێواز و

ستایلە لاوازەکەی – چاوپۆشی لە هەموو کێماسییەکانی تری بکرێت، چیرۆکی " بیست و شەش پیاو و کیژێک – ١٨٩٩ " ە.

شوێن لەم چیرۆکەدا نانەواخانەیەکە لە ژێرزەمینێکدا، کە بسیت وشەش پیاو ڕۆژانە و بۆماوەی شازدە سەعات لەو ژێرخانە تەنگ و تاریک و نمسارەدا، بە ڕۆژانەیەکی زۆر کەم کاردەکەن. ئیدی ئەم کرێکارانە بۆ ئەوەی ماندوویەتی وبێزاری خۆیان بڕەوێننەوە زۆرجار پەنا دەبەنە بەر گۆرانی و سترانان، بەڵام گەورەترین خۆشحاڵی ژیانی تاڵیان دیداری ڕۆژانەی تانیایە، تانیا کچۆڵەیەکی شازدە ساڵانی جوانکیلەیە، لە ماڵێکی قاتی یەکەمی هەمان بینادا کە نانەواخانەکە لە ژێرزەمینەکەیدایە، کارەکەرە، ئەم کچە هەموو ڕۆژێک بۆ نان کڕین دەچێتە نانەواخانەکە، ئیدی پیاوەکان ڕموودەی دەبن و بە گەورەترین خەمڕەوێنی دەزانن و تا ڕادەی پەرستن خۆشیان دەوێت... ئەوەتا گوتیار بە زمانی یەکەم کەسەوە دەربارەی تانیا و ڕەوشی خۆیان دەڵێت: " هەرچەندە بەدەم کاری دژوار وسەختەوە وەکو ئەسپی بێخزمەت چروسابووینەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هێشتا هەر مرۆڤ بووین و نەماندەتوانی بەبێ ئەوەی مەعبودێکمان هەبێ هەڵبکەین. "

ئیدی کۆنە سەربازێکی قۆزی فشەکەریان لێ پەیدا دەبێت کە بۆ کارکردن لە شیرینی خانەیەکی، تەنیش نانەواخانەکە دێت. ئەم شیرینی خانەیەش، هی هەمان خاوەنی نانەواخانەکە دەبێت. ئەم سەربازە، ئەو خەون و خەیاڵە خۆشە لە کرێکارانی نانەواخانەکە دەشێوێنێ، ئەم کۆنە سەربازە، زۆر بەخۆی دەفشێ کەهیچ ژنێک لەدەستی قوتار نابێتو هیچ ژنێک خۆی لەبەر قۆزییەکەی ناگرێت، ئیدی یەکێک لە کرێکارەکان، وەکو ئەوەی بیەوێ بە درۆی بخاتەوەو لە لاف وگەزافی بخات، ناوی تانیا دێنێت ودەڵێت، کەبە هیچ جۆرێ ناتوانێ ئەم کیژە بخاتە داوەوەو لەڕێی دەربکات. کابرای کۆنە سەرباز دەڵێت تەنیا دوو هەفتە مۆڵەتی دەوێ تا تانیاش وەکو هەموو ژنەکانی دی، خۆی ڕادەستی ئەم بکات. ئیدی لاف وگەزافی یارۆی کۆنەسەرباز، هەرهەموویان تووشی کونجکاوی دەکات و لەخۆ دەپرسن ئایا تانیا ڕادەستی ئەو کابرایە دەبێت یان نا؟ گوتیاری چیرۆکەکە دەڵێت: " لەوە بە دواوە ئەنگیزە و مەیلێکی پڕجۆش و تازە باڵی بەسەر ژیانماندا کێشا. مەیلێک کەتا ئەو کاتە بۆ ئێمە نادیار بوو. "

ڕۆژێک یارۆی کۆنە سەرباز، خۆی بە نانەواخانەکەدا کرد و بە کرێکارەکانی گوت بچنە دەرێ و لە درزی دیوارە تەختەکانی ڕاڕەوەکەوە تەمەشای ناو حەوشەکە بکەن. زۆری پێناچێت کە تانیا بۆناو حەوشەکە دێت وخۆی بە عەمارێکدا دەکات و دیار نامێنێت، پاشان سەربازەکە دوابەدوای ئەو خۆی بە عەمارەکەدا دەکات. دوای ماوەیەک، لە پێشا کۆنە سەربازەکە و پاش وی تانیا دێتە دەرەوە: " چاوانی لە خۆشی و شادیدا دەدرەوشانەوە، بزە نیشتبووە سەر لێوانی. بەجۆرێ ڕێی دەکرد دەتگوت بەدەم خەوەوە دەڕوات، بەلارەلار هەنگاوی دەنا... " کرێکارانی نانەواخانەکە کە ئەم دیمەنە دەبینن، خۆیان پێناگیرێت و ڕادەکەنە ناو حەوشەکە تا سەرزەنشت و نەفرەتی بکەن. ئیدی تانیا بوو بە بت و مەعبوودێکی گوناحکار و شایستەی بێ حورمەتی و ڕیسواکردن. سەرەنجام کیژێ خۆی کۆنترۆڵ دەکات و بەدەم جنێوباران کردنی کرێکارەکانەوە وەکو جاران جوان، سەربەرز وبێباک لەوێندەر دوور دەکەوێتەوە. دوای ئەم بویەرە تانیا چیتر بۆلایان ناڕوات و بەقەولی گوتیاری چیرۆکەکە هەتاویان لێ ئاوا دەبێ و جارێکی دی هەتاو لەژێرخانە تاریک و نمسارەکەیان نادات.

نووسەر لە ڕێگەی گوتیاری یەکەم کەسەوە، دیمەن و بویەرەکان بەرجەستە دەکات، ئەوەتا گوتیار بەم شێوەیە، وێنەیەکی خەمناکمان نیشاندەدات: " بەمجۆرە ئێمە بیست و شەش پیاو لەژێرزەمینی بینایەکی بەردیندا دەژیاین، گوشاری ژیان ئەوەندە قورس بوو بە سەرمانەوە، پیاو وای دەزانی هەموو قورسایی ئەو بینا سێ نهۆمیە، بەسەر شانی مەوەیە ".

ئەم چیرۆکە تا حەزکەی ریالیستیە، بەڵام هەست دەکەیت شیعرییەتێکی یەجگار ناسک بە دەمارەکانیا دەڕوات، هێندە خۆڕسکانە بە جوانی و ئازادی وکەرامەتی ئینسان ئاوێتە بووە، هێندە بە سادەیی و ساکاری هاتووەتە گێڕانەوە، پێت حەیفە بەشاکار ناوی نەبەیت. گۆرکی، گۆرکی لاو، بەم چیرۆکە دەچێتە ڕیزی کلاسیکە ڕاستەقینەکانی جیهانی ئەدەبەوە..

( ٤ )

هەرچەندە ڕۆمان، قۆناغێکی گرینگ و بایەخداری قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبی گۆرکی پێک دەهێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانەکانی لە چاو کارەکانی دیکەیدا،

کەم نموودن و ئەو سەرکەوتنەیان بەدەست نەهێناوە کە لە کارەکانی دیکەیدا بەدەستی هێنابوو... گۆرکی چونکە بۆخۆی و بەتەبیعەت سەری لە سیاسەت دەخورا، لەدڵی خۆیدا هەربەوە قاییل نەبوو تەنیا نووسەرێک بێت و تەواو، بەڵکو ویستوویەتی و حەزی لێبووە ڕابەر و ئامۆژگاری خەڵکی بێت. ئەم حەز و ئارەزووەی لە ژمارەیەک ڕۆمانیدا کەلە سالآنی ١٨٩٦ – ١٩١٢ نووسیونی ڕەنگیداوەتەوە. دیارە ئەم بەرهەمانەی لەهیچ ڕوویەکەوە لە ئاستی بەرهەمەکانی پێشوویدا نین، لەلایەکەوە ئەو گوڕ وتینە ئەفراندنەوانیەیان تێدا نییە کە لە چیرۆکە هەوەڵینەکانیدا هەبوو و مژدەی ئایندەیەکی پرشنگداریان پێبوو، و لەلایەکی دیکەشەوە درێژ دادڕییەکی لەڕادەبەدەریان دەربارەی چەمکی ژیان وفەلسەفاندنی ژیان وئەوجۆرە بابەتانەیان تیابوو، بابەتە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغەی چالاکییە ئەدەبییەکانی بریتین لە: ( فوماگوردییف – ١٨٩٩ ، سێ هاوڕێ ، ١٩٠٠ – ١٩٠١ ، دایک – ١٩٠٧ ، دانپێدانان – ١٩٠٨ ، شاری ئوکوروف – ١٩١٠ و ماتڤی کوژمیاکین – ١٩١١ ) .

یەکێک لە شێوازەکانی گۆرکی وەکو نووسەر ئەوەبوو کە هزر وئایدولۆجیا لە کاراکتەرەکانی باربکات، ئەم دیاردەیەش

زیاتر لەدوای بەزاندنی قۆناغی ڕۆمانتیکی چیرۆکە هەوەڵینەکانیەوە دەرکەوت. ئەم خاڵە زۆر بە زەقی لە ( پاڤلی سێوی– ١٨٩٤) دا بەدی دەکرێت، ئەم ڕۆمانە یەکەمین ئەزموونی گۆرکییە لەواری ڕۆماننووسیدا... گۆرکی کە نووسەرێکی جدی، پاک، دڵسۆز، خودان بیروباوەڕێکی بتەوبوو، وەکو چۆن لە ژیاندا دژمنی سەرسەختی بێدادی کۆمەڵایەتی وجڤاکی بوو، لە نووسینەکانیشدا هەروابوو.

ڕۆمانەکانی، لە چیرۆک وتەنانەت شانۆنامەکانیشی، زیاتر هەڵگری جیهانبینی کۆمەڵایەتی وسیاسی خۆین. بۆیە کاراکتەرەکان زیاتر ئاراستەکراون تاخۆیان بن، هێندەی نوێنەری بیروباوەڕ و ئایدۆلوژیای نووسەر یان گوتیارن، ئەوەندە نوێنەری خۆیان نین، و زیاتر بیروباوەڕی نووسەر کاوێژدەکەنەوەو دەروی بڵندگۆ دەبینن... ئەمەش لەڕووی هونەرییەوە ئاسیوێکی زۆری پێگەیاندوون. بەڵام گۆرکی گیانی بەوەبوو کە توانا و بەهرەیەکی باشی گێڕانەوەو دیالۆگسازی و هەندێجار خولْقاندنی کاراکتەرێن زندوو و باوەڕکردەنی هەبوو کەبەمە قەرەبووی بڕێک لەو کێماسییەی دەکردەوە.

( پاڤلی سێوی ) یەکەمین ڕۆمانی گۆرکی، لەساڵی ١٨٩٤ دا لە گۆڤاری ڤولکا، لە نیژنی نوڤگورود، بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە دەبێت بە هێم و بناخە بۆ ڕۆمانەکانی دواتری گۆرکی. زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانەکانی گۆرکی بەدەوری یەک کاراکتەری ئەسڵیدا دەسووڕێنەوەو پەیجۆری چیرۆکی ژیانی شاقارەمانەکە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی، دەکەن. هەریەکێک لە ڕۆمانەکانی گۆرکی بۆخۆی قەواڵەیەکە سەبارەت بە مەحکومیەتی کۆمەڵگەی ڕووسی.

هێرشی گۆرکی زیاتر بۆ سەر بێدادی کۆمەڵایەتی وسەرکوتی سیاسییە، کەیەکەمیان بە زادەی سیستەمی سەرمایەداری وناپوختەیی بورژوازیەت و دووەمیان بەزادەی ڕژێمی کۆنەپارێزی تزاری دەزانێت کەلە مێژە تەواو لە جەماوەری خەڵک دابڕاوەو تەنیا لەخەمی بەرژەوەندی خودی خۆیدایە. شاقارەمان، یا تەجەلی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیە یان قوربانی بەڵای سیاسی و کۆمەڵایەتییە، یان کەسێکە ژیان بە ڕادەیەک تەنگی پێ هەڵدەچنێ و تەنگەتاوی دەکات و لە ئەنجامدا لە کۆمەڵگە یاخی دەبێت. لە کۆتایی چیرۆکەکەش هەم ئەوانەی کە تەجەلی و نوێنەری سیستەمی کۆمەڵایەتین، کەبە نۆڕینی گۆرکی سەرچاوە و سەبەبکاری

قەرەبەختی جەماوەری خەڵک و بێدادین و هەم ئەوانەی لە کۆمەڵگە یاخین، تێک دەشکێن و لەناو دەچن.

بۆ نموونە، شاقارەمانی ڕۆمانی ( پاڤلی سێوی )، هەتیوێکە کە نووسەر پەیگیری ژیانی وی لە ڕۆژی لە دایکبوونیەوە تا ئەوڕۆژەی کەدەکەوێتە زندانەوە دەکات کە پاشان بە تاوانی کوشتنی ژنێکی لەشفرۆش، حوکمی دەدرێت. ئەم کوشتنە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکات، چونکە پاڤل و ژنە ڕووسپییەکە کە یەکیان خۆشدەوێت، بوون بە قوربانی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی وجڤاکییەی کەبە نوڕینی گۆرکی لە ڕووی ئەخلاقییەوە شکستی هێناوەو ئەو جووتەی بە جۆرێ تەرە وتڕو وڕیسوا کردووە کە نەتوانن وەکو بەشەر، بە ئاسایی و سەلامەتی پێکەوە بژین... کەبۆیان دەردەکەوێ، وێڕای ئەو میهر وڤیانەی کە سەبارەت بە یەکدی هەیانە، ناتوانن بە کامی دڵ پێکەوە بژین، ژنەکە، سەرباری نارەزایی پاڤڵ، دووبارە بۆ ژیانەکەی پێشووتری دەگەڕێتەوە. هەرچەند پاڤڵ، تەنیا لەگەڵ ئەودا، هەستی بە خۆشەویستی و ئەڤین کردووەو تامی ڤیانی چەشتووە، بەڵام کە ژنەی تاین لەگەڵ پیاوانی دیدا دێنێتە بەرچاوی خۆی، هەرچی دەکا ودەکۆشێت نە تەحەمولی ئەو حاڵەتە

دەکات و نە غیرەتی قەبووڵ دەکات، بۆیە ژنە دەکوژێت، بەو ئومێدەی خۆی لەو گومان و نیگەرانیە ڕزگار بکات. بە نوڕینی گۆرکی ئەم کارە، شتێکە زیاتر لە کردەوەیەکی توونددوتیژ دەرهەق بە کەسێک. لە ڕوانگەی پاڤلەوە ئەم کارە دەکاتە، هەڵڕشتنی ئەو داخ و زوخاو و تاڵاوەی کە کۆمەڵگە بەنەهەق پێی نۆشتووە و لە دڵ و دەروونیا پەنگاوەتەوە. چونکە کۆمەڵگە بە سەبەبکاری لە دەستدانی ئەو کەسە دەزانێت کە زۆری خۆشدەویست، گۆرکی کە دەیەوێ پەیوەندی ئاڵۆز وهەستیاری دوو مرۆڤی کەسەردار بەرجەستە بکات و وەکو دوو قوربانی سیستەمی کۆمەڵایەتی قیزەونی وەخت نیشانیان بدات، توورەیی خۆی دەخاتە سەر زاری گوتیاری ڕۆمانەکە وگوتیار، لەجیاتی ئەو گوزارشتی لێدەکات، کەئەمە زیانێکی گەورەی بە هونەریەتی ڕۆمانەکە گەیاندووەو هێناوێتی ئاستی حیکایەتێکیسادە و میلودرامی.

گۆرکی لە دوی ڕۆمانی ( پاڤلی سێوی ) چەند ڕۆمانێکی دیکەشی نووسیوە لەوانە: فوما گوردییف – ١٨٩٩ ، سێ هاوڕێ ،١٩٠٠ – ١٩٠١ ، دایک – ١٩٠٧ ، دانپێدانان – ١٩٠٨

، ماتقی کوژمیاکین – ١٩١١، ئارتومونۆفەکان – ١٩٢٥ و ڕۆمانی چوار بەرگی ژیانی کلیم سومگین..

***

گۆرکی کەبەخۆی قاڵبووی بۆتەی ژیانێکی یەجگار سەخت ودژوار وناڕەحەت بوو، جۆرەها کاری لە ژیاندا جەرباندبوو، کاروکارکردنی زۆر بەلاوە پەسند و پیرۆز بوو، گلەیی زۆری لە ڕۆشنبیرانی ڕووسیا بوو، گازاندەی ئەوەی لێدەکردن کە بێ هەڵوێستن، بێ ورەو بێ باشارن، هەر خەریکی فەلسەفەڕێسین. تەنیا نووسەران لە تیری لۆمە وئیرادی وی بەدەربوون. ئەویش زیاتر لەبەر ئەوەبوو خۆی بە یەکێک لەوان دەزانی. دیارە نووسەراتی و بەنووسەربوونی گۆرکی، نووسەرێکی بەناوبانگ لە هەر دوو ئاستی نیشتمانی و جیهانی، ڕووداوێکی زۆر گەورە بوولە ژیانی ویدا، بە تایبەتی کە هەموو قۆناغە ئاساییەکانی خوێندنی تەواو نەکردبوو. جا بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کێماسییە خووی دایە موتالاّ وخوێندنەوەو یەکێک بوو لە خوێنەرە زۆر باش و جدییەکان. بەخۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: " من قەرزاری کتێبم، هەر چاکییەکم تیابێ، بە فەزڵی کتێبە. لە

گەنجاتیەوە پەیم بەوە برد کە هونەر لە مرۆڤان بەوەفاترە، دەست و دڵ تێرترە. من ئاسقی کتێبم، هەر کتێبێک بەلای منەوە موجیزەو پەڕجوویەکە، نووسەرانیش لە خانەی پەرجووکاراندان. من ناتوانم بەبێ هەستی زۆر قووڵ، بەبێ تاسەی پڕجۆش باسیان بکەم. ڕەنگە باوەڕ نەکەن، بەڵام چۆنتان پێدەڵێم خیلافی نییە. ڕەنگە زۆر کەس بڵێن ئەمە تاسەی کەسێکی کۆڵکەخوێنەوارە، خەڵکی چ دەڵێن با بیڵێن، من هەر ئەوەم..."

دیارە ژیانی گۆرکی سەرچاوە و ئیلهامبەخشی زۆرێک لەبەرهەمەکانیەتی و کەم و زۆر لە بەرهەمەکانیا ڕەنگی داوەتەوە... گۆرکی بەو ئاکارە تووند و تورەیەوە کە دەربارەی بێدادی کۆمەڵایەتی وجڤاکی هەی بوو، توانا و بەهرەی ئەدەبی خۆشی، بە ئەرکێکی گەورەی سەرشانی خۆی دەزانی و ئەم بەهرەیەی بۆ نیازو مەبەستێن فێرکاری بەکار دەبرد. ئەمە ئەرکێ بوو کە نەیدەتوانی خۆی لێ ببوێرێت. گۆرکی بە حوکمی دڵبەندی وڕێزی زۆری بۆ ئەدەبیات ونووسەران و ئەو ڕۆڵە گرینگەی کە ئەوان دەیانتوانی لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وجڤاکیدا ببینن، هەمیشە کاراکتەر و سیما ئەدەبییەکانی لە

بەرهەمەکانی خۆیدا دۆستانە بەرجەستە دەکرد. ئەو پشتیوانییە گەورەیەی کە گۆرکی لە شۆڕشی ئوکتوبەر بەدواوە لە نووسەرانی کردووە، ئەویش لە کاتێکا زۆرێک لەو نووسەرانە لەباری سیاسییەوە هەڕەشەیان لە سەر بووەو بژێوی سەرەتایی ژیانیان بە زەحمەت دەستکەوتووە، خۆی لە خۆیدا زادەی هەمان هەڵوێست و قەناعەتی گۆرکی بووە.

بەهەرحاڵ دوو ڕۆمانی دیکەی بەنێوبانگی گۆرکی بریتین لە ڕۆمانی دایک و ڕۆمانی دانپێدانان، لەم دوو ڕۆمانەدا نۆڕینێن کۆمەڵایەتی و مەزەبی نووسەر یەکانگیر دەبن.

ڕۆمانی دایک، کەلەسەر بنەمای ڕووداوەکانی شۆڕشی ١٩٠٥ نووسراوە، وێڕای نێوەڕکە شۆڕشگێڕییەکەی و وێڕای ئەو پێشوازیە گەرمەی کەلە یەکێتیی سۆڤیەتدا، لەم ڕۆمانە وەکو پێشەنگی ئەدەبی ریالیزمی سوسیالیستی دەکرا، بەیەکێک لە بەرهەمە زۆر سست ولاوازەکان دێتە ژماردن، ناوەڕۆک و خاڵی جەوهەری ڕۆمانەکە، بریتیە لە هەوڵ وخەبتینی کۆمەڵێک لە سوسیال دیموکراتانی شۆڕشگێڕی مولتەزیم و جدی، کەلە هەوڵی ئەوەدان تا کرێکارانی کارخانەکان وجووتیاران، لە سالانی پێش شۆڕشی ١٩٠٥

کۆبکەنەوەو بۆ ڕاپەڕینیان هانبدەن، هەموو شۆڕشگێڕەکان، نموونەی کەسانی شۆڕشگێڕن، هەموو لایەنگران وداکۆکی کاران لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەخت، بەوپەڕی نەفرەت وکینەوە وێنەگیراون ونیشاندراون و، ئەو کرێکارو جووتیارانەی کە شۆڕشگێڕەکان هەوڵدەدەن بۆ کاری سیاسیان هانبدەن، خەڵکی پاشکەوتوو، نەفام و بێ پەنا وپاسارن. قارەمانی ئەم ڕۆمانە " پاڤل ڤلاسوف " ی ڕابەری گروپێکی شۆڕشگێڕ و دایکیەتی کە ناوی " پلاگیا نیلوڤنا سوفیا " یە. لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا کە بریتییە لە دادگایی کردنی شۆڕشگێڕانی زندانی، ڤلاسوف دەرفەت دێنێ و گەورەیی وشکۆی خۆی نیشاندەدات. لەبەردەم هەموو بەرپرسانی دادگاکەدا هەڵدەستێت و وتارێکی پڕجۆش دەربارەی باوەڕبوون بە سوسیالیزم و سەرکەوتنی حەتمی شۆڕشگێڕەکان دەدات کە ئەم پەرەگرافە نموونەیەکە لە گوتارەکەی ڤلاسوف:

" ئێمە شۆڕشگێڕین، تا ئەو ڕۆژەی چەوسێنەر و چەوساوە هەبن، خەڵکانێک ئیش و کاریان ئەمرکردن بێ وخەڵکانێک ئیش وکاریان زەحمەتکێشان بێ، هەر شۆڕشگێڕین و شۆڕشگێر دەبین. ئێمە دژی کۆمەڵگەیەک ڕاپەڕیووین کە

ئەمریان بە ئێوەی قازی کردووە تا داکۆکی و بەرەڤانی لە بەرژەوەندی ئەو بکەن. ئێمە دژمنانی سەرسەختی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەین و تا خەباتمان نەگاتە ئەنجام هیچ سازشێک لەنێوان ئێمە و ئەواندا چێنابێت. ئێمەی کرێکار، دڵنیاین کە سەردەکەوین! "

دادگا حوکمی هەموو شۆڕشگێڕەکان، بە " ڤلاسوف " شەوە بە دوورخستنەوە دەدات. ڕۆمانەکە کەلە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، پلاگیا، دایکی ڤلاسوف، دەکەوێتە بلاوکردنەوەی نوسخەکانی وتارەکەی پاڤڵ، کە شۆڕشگێڕەکانی دی بە رۆنێو و بە نوسخەی زۆر ڕایان کێشاوەتەوە، بڕیار دەدات هەمان ڕێبازی کوڕەکەی بگرێتە بەر و نەیەڵێت ڕێبازەکەی کوێرببێتەوە. ئەنجام ئەویش دەستگیر دەکرێت و دڕندانە لە سووچی ڕەشچاڵانی توونددەکەن.

" دایک " یەکێکە لە کاراکتەرە، هەرە باشەکانی ڕۆمانەکەو گوێ بە گوێی ڕەوتی ڕووداوەکان، دەگۆڕێت و بوونێکی هونەری هەندێک زندوو پەیدا دەکات. ئەم ژنە لە بنەڕەتەوە مەسیحیەکی ئەرتەدۆکسی بەدین و دیندارە، هەموو شتێک بە شێوەیەکی حەتمی وەکو ئیرادەو مەشیەتی خوا

وەردەگرێت، ئیدی بەچاو لێکەری دیدگای سیاسی کوڕەکەی دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ زۆر بە جدی، ڕوو بەڕووی هەموو خراپی و نەرێنیەکان ببنەوە. دایکەکە، کەچیتر بەمانا واقیعیەکەی مەسیحیەت، بە کەسێکی مەسیحی پارسا ودیندار نایەتە ژماردن، ڕادەستی لۆژیکی "ڕێبین "ی جووتیار دەبێت و چیتر بۆ کلێسا ناڕوات - ڕیبین دژی کلێسایە، قەناعەتی وایە ئەم دینە دەستکردە باوەی کە هەیە، چارەی خودای شێواندووە ومرۆڤ دەبێ خودایەکی دیکە بۆخۆی دروست بکات. دایکەکە، بەدەم پرۆسەی ئەو گۆڕانەوە کەبە سەریدا دێت، خەو دەبینێت کە کابرایەکی قەشە خەبەر لە کوڕەکەی و دۆستە شۆڕشگێڕەکانی کوڕەکەی دەدات. دایکەکە، کە ئیدی تەنیا بە عیبادەتی خودای ئاسمانەوە، سوکنایی و هەداری نایەت، وەکو ڕێبین، دەکەوێتە خولیای ئەوەی کە مەلەکوت، شکۆ وعەدالەتی خودا، لەسەر زەوی پیادە بکات. ئیدی دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە مەبەست وئامانجی شۆڕشگێڕەکانیش هەر ئەمەیە و دەبێ لەناو ئەوانا بۆ مەسیحیەتی ڕاستەقینە بگەڕێی نەک لەنێو دێر و کلێسایاندا. گۆرکی دەڵێت:

" ئەو بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێت، کەمتر عیبادەتی دەکرد. لێ زیاتر بیری لە مەسیح و لەو خەڵکە دەکردەوە، کە بێئەوەی هەرگیز نێوی مەسیح بێنن، بەگوێرەی ئەحکامی ئەو کاریان دەکردو بە ڕێی ئەودا دەڕۆیشتن، یان وایان وێنا دەکرد کە بە گوێرەی ئەحکامی ئەو کار دەکەن- کەسانێک بوون کە زەویان بە مەلەکوتی هەژار و نەداران دەزانی و هەوڵیاندەدا، بەر وبوومەکەی بە یەکسانی بەسەر هەمووواندا دابەشبکەن.

گۆرکی، هەرچەندە، دینە دەسکردەکەی، کە تەجەلی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و سەرکوتی سیاسی بوو، ڕەتدەکردەوە، لێ لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە دیدگا و جیهانبینی سوسیالیستی خۆی دەگەڵ ئارمانجێن مەسیحیەتدا ئاشت بکاتەوە. ئەم جۆرە گەڕانە لە ئاینێکی تازە، لە هەوەڵین ساڵەکانی پاش شکستی شۆڕشی ١٩٠٥ دا برەوی پەیدا کرد، ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی ڕووسیا، بەمەبەستی ئارامی دەروونی ڕوویان کردبووە مەزەب و ئۆل. بایەخدانی گۆرکی، بە کلێسا وبە مەسیحیەت، بەوەی کە زۆرجار "خوداسازی " ناو دەنەن، بەڕوونی لە ڕۆمانی دایکدا، ئاشکرا دەبێت. ڕۆمانەکەی تری گۆرکی، کە "

دانپێدانان " ی ناوە، هەمان ئەو خودا دۆزی و خوداسازییە کەلە قالبی ڕۆماندا دارێژراوە... ڕۆمانەکە سەربهورد و بەسەرهات و واریقاتی کەسێکی ئاوارە و سەرگەردان و ماڵ بەکۆڵ دەگێڕێتەوە کە عەودالی حەقیقەتە. لە شوێنێکی دیکەی ئەم نووسینەدا بەکورتی باسی ئەم ڕۆمانە کراوە، بۆیە پێویست ناکا لێرەدا، لەوە زیاتری لەسەر بڵێین..

***

سنوورداری زەوق وبەهرەی گۆرکی زیاتر لە ڕۆمانەکانیا بەدەردەکەوێت. بۆ نموونە ڕۆمانی فوماگوردییف ( ١٨٩٩ ) بریتییە لە یاخی بوونی گەنجێک لە ژینگە و ماڵباتی بورژوازی خۆی، کە ئەم تیمە ونێوەڕۆکە لە زۆربەی چیرۆکەکانی گۆرکی دا دووبارە بووەتەوە. دیارە ئەم ڕۆمانە، بە ڕۆمانێکی وەستایانە نایەتە ژماردن. بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانەکانی گۆرکی، وەستاون، جوولەیان کەمە. ڕۆمانی دایکیش، کە زۆر بەنێوبانگە لەم کێماسیانە بەدەرنییە. دایک، چیرۆک و سەربهوردی پاڤل ڤلاسوفە، ئەم کوڕە کرێکاری کارخانەیە وپەیوەندی بەڕیزیشۆڕشگێڕانەوە کردووە، هەروەها چیرۆکی ژیان و

سەرکورشتەی نیلوڤنای دایکی ڤلاسوفیشە. ڕۆمانەکە بە وەسفێکی قەناعەتبەخش دەربارەی ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکار لە شارێکی پیشەسازیدا دەست پێدەکات. باقی ئەم ڕۆمانە دوور ودرێژە، بریتیە لە کۆمەڵێک بویەر و ڕووداوی ناپەیوەست دەربارەی خەبات وچالاکی نهێنی، مانگرتن، خۆپیشاندانی کرێکاری، پێکادان دەگەڵ پۆلیس، کوشتنی سیخوڕێک و دادگاییەک کە لەو دادگایەدا ڕێگە بە شۆڕشگێڕان دەدرێ کە وتاری ئاگرین بدەن. ئەودوای ڕۆمانەکە زیاتر دەربارەی نیلوڤنایە، ئەمە ژنێکی ترسنۆکی مەزەبی و گوێڕایەڵ و کابانی ماڵێیە. دەگۆڕێت، دەبێ بە ژنێکی ئازا و فیداکار و شۆڕشگێڕ و ئەقڵمەند.

دایک، هەندێک خەسڵەت وتایبەتمەندییان نیشان دەدات کەلە سالآنی ١٨٦٠ وە لە ئەدەبیاتی بالآدا دەرکەوتووە. چۆنیەتی ڕەفتاری هەرکەسێک پەیوەستە بە واقیعی کۆمەلآیەتی خۆیەوە. بۆیە دەبینین سەرمایەداران، ئاغا ودەرەبەگان، قازیان، فەرمانبەرانی دەوڵەتی، پۆلیسان، هەرهەموویان ئەهریمەنین، گەندەڵن، دڕن، پیرن، قێزەونن. کرێکاران هەموویان نەجیمزادەن، بە ئاوەزن، خاکین، گەنج و ڕوح سووکن. تەنانەت ئەو شۆڕشگێڕە گەنجانەش کە ڕەگ

وڕیشەی ئەشرافیان هەیە، لە ڕووی هەڵوێست وڕەفتارەوە لە نیلوڤنا وپاڤل بێ تواناترن. پاڤل، هەموو ژیانی خۆی بۆ شۆڕش تەرخان دەکات، ئەو ژنە ناخوازێ کە حەزی لێدەکات، پێی وایە پەیوەندی ژن و مێردایەتی، لە کارایی شۆڕشگێڕانەی ئەو کەم دەکاتەوە. شۆڕش بە روونی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە مەرام وئارمانج دەبێ جێگەی مەسیحیەت بگرێتەوە. نیلوڤنا، نموونەیەکی ئەم قۆناغە ڕەوتەنیەیە. کرێکارانی پیشەیی پێشەنگانی بێ هەڤڕکی شۆڕشن. لەم بەینەدا جووتیارێک دەهێنرێتە ئاراوە، تالە ڕێگای ئەوەوە، سستی و نامنەزەمی جووتیاران، کە کۆسپە لەبەردەم شۆڕشی ڕێک وپێکی کرێکارانی پیشەیی دا، نیشان بدرێ. دایک، هەرچەندە جۆش و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەی لەخۆگرتووە، بەڵام ڕۆمانێکی گەشبینانە نییە. گۆرکی ئیقراردەکات کە شۆڕش ڕوباری خوێنی لێدەکەوێتەوە، بە بەردەوامی پیشگۆیی ئەو کێشانە دووبارە دەکاتەوە کە جووتیاران دەیهێننە سەر ڕێگای شۆڕش. کاراکتەرەکان هەر هەموویان نموونەن، نموونەی خەروارن وهیچ ناسنامەیەکی فەردییان نییە. ڕۆمانی دایک، لەڕووی هونەریشەوە، تەنانەت لەلایەن ڕەخنەگرانی مارکسی زانایەکی وەکو

پلیخانوفیشەوە بەبەرهەمێکی لاواز لە قەڵەم دراوە. بەڵام ئەم بەرهەمە بەلای لینینەوە لایەنێکی بانگەشەیی کارا و کاریگەری هەبووە، هەقی خۆیشی بووە وا بیربکاتەوە، ڕەنگە هەر کرێکارێکی گەنج خۆزیای بە پاڤل ڤلاسوف خواستبێت. سەبارەت بە نیلوڤنا بە گوتەی خودی گۆرکی هەرچەندە لە ژیانی واقیعیدا هیچ بوونێکی دەرەکی نییە، لێ لەگینە زەمینە خۆشکەربێت تا ئەو بابەتە ژنانە بێنە مەیدان..

( ٥ )

گۆرکی لە زۆر بواری ئەدەبیدا توانا وبەهرەی خۆی جەڕباندووەو قەڵەمڕانی کردووە، یەکێک لەو بوارانە، بواری نووسینی شانۆنامەیە ولەساڵی ١٩٠٠ وە، کەم و زۆر خۆی لەو بوارە داوە. لەو ساڵەدا چیخوف دەعوەتی دەکات بۆ یاڵتا، تا هەم دیدەنی چیخۆف بکات وهەم سەردانی شانۆی هونەری مۆسکۆ بکات، تا ئەو شانۆنامانە بدینێ کەلە مانگی ئایاردا لە یاڵتا نمایش و پێشکەش دەکران. گۆرکی کە زۆر لە ژێر کاریگەری وباندۆری چیخۆفدا بوو وچیخۆفی بە چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسێکی زۆر مەزن و بەتوانا دەزانی، ئیدی بڕیار دەدات وەکوچۆن لە واری چیرۆکنووسیدا

ناو وناوێکی پەیدا کردبوو، لەواری شانۆنامەنووسیشدا خۆی بجەڕبێنێ و ناوێک پەیدا بکات و ئەوەبوو بەجدی کەوتە نووسینی شانۆنامان. گۆرکی پتر لەیەک دەرزەن شانۆنامەی نووسیون لەوانە: ( مشەخۆر، لە لە بنی بنەوە، بەربەرەکان ( ١٩٠٥ ) ، کوڕانی خۆر، هەوار نشینان، دواییەکان ( ١٩٠٨ ) ، خەڵکانی سەیر ( ١٩١٠ )، ڤاساژلزنوڤا، زیکوفەکان، دراوی قەڵب ( ١٩١٣ )، پیرەمێرد ( ١٩١٥ ) ، سوموف و ئەوانی دی، یگوربولیچوف وئەوانی دی، دوستیگایف وئەوانی دی... جگەلە ( یگور بولیچوف و ئەوانی دی ) باشترین و زۆربەی شانۆنامەکانی گۆرکی، پێش شۆڕش نووسراون. ئەو وەستانە پازدە ساڵییەی نێوان شانۆنامەی پیرەمێرد ( ١٩١٥ ) وسوموف و ئەوانی دی، کەلە ساڵی ١٩٣٠ دەستی پێکرد، نیشانەی ئەوەیە کە هاوفکری گۆرکی دەگەڵ کۆمەڵگەی ڕووسی سوسیالیزەکراوی پاش شۆڕش و ئاکنجی بوونی یەکجارەکی وی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا لە ساڵی ١٩٣١ دا، ئاسیویکی گەورەی بەکاری شانۆنامەنووسی ئەو گەیاندووە.

هەڵبەتە دنیای شانۆنامەکانی گۆرکی، زۆر لە دنیای ڕۆمانەکانییەوە نزیکە و هەمان حاڵەتی ئامۆژگاری و پەنددادانی ڕۆمانەکان لە شانۆنامەکانیشدا هەیە... بۆ

نموونە شانۆنامەی هەوارنشینان، یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە گۆرکی بە ئاشکرا لاسایی تەکنیکی چیخۆفی کردووەتەوە ( هەڵبەتە پێشوازییەکی ئەوتۆشی لێنەکرا ) . ئەم شانۆنامەیە بەدەوری بابەتێکی ئاساییدا دەسووڕێتەوە ئەویش خەمساردی و بێ هەڵوێستی وبێ فەرهەنگی بورژوازی و ڕۆشنبیرانی ڕووسیە. کۆمەڵێک ڕۆشنبیر کە نموونەی ڕۆشنبیرانی جیاوازن لە هەوارگەیەکدا کۆدەبنەوە وگلەیی وسکاڵا لە بێهودەیی، پووچی، بێباکی و بێ مانابوونی ژیان دەکەن. تاقە کاراکتەری ئەرێنیشانۆنامەکە خانمێکی دکتۆرە بەنێوی ماریا لوقوقنا، کە گۆرکی ئەم باوەڕەی خۆیکە: هۆی سستی و تەمەڵی و بێ هەڵوێستی ڕۆشنبیران، دابڕانی وانە لە جەماوەری خەڵك، لە زمانی ئەوەوە دەردەبڕێت... هەڵبەتە ئەم شانۆنامەیە کاریگەری و باندۆری ئاشکرای مەلی دەریایی (١٨٩٨) چیخۆف وشانۆنامە بە ناوبانگەکەی تورگینیف (مانگێک لە گوندیدا– ١٨٥٠) ی پێوە دیارە. هەر لە هاماج وئوتموسفیری شانۆنامەکەوە تا دەگاتە کاراکتەرەکانی، بۆ نموونە نووسەرێکی وەکو تریگورین (کاراکتەری سەرەکی شانۆنامەی مەلی دەریایی چیخۆفە) لەلای گۆرکی تەنیا ناوەکەی گۆڕاوە و بووە بە

شالیموف. شالیموف، لە ئاخر و ئۆخری شانۆنامەکەدا، هەم گوزارشت لە هەستی خۆی و لەهەستی زۆربەی کاراکتەرەکانی دی دەکات و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وئامازە بە خۆکوژییە ناکامەکەی ریومین دەڵێت: " کوڕینە هەموو شتێک پەشمە، بێ بایەخە، هەموو شتێک، هەم خەڵکی وهەم ڕووداوەکان  هەمووی فشەیە. کوا پێکێ شەرابم بۆ تێکە، ئەم دنیایە پووچ و بێمانایە کاکەگیان "

گۆرکی وێڕای ڕەشبینی شالیموف، باوەڕێکی زۆری بە توانای نووسەران هەیە لە واری گۆڕینی کۆمەڵگەداو ئەم باوەڕە لە پەردەی دووەمی هەوارگە نشینانداـ لە زمانی ماریا لوڤوڤناوە دەردەبڕێت:

" ئێمە لە وڵاتێکا دەژین کە تەنیا نووسەران دەتوانن هەقیقەت وڕاستی بڵێن، تەنیا نووسەران دەتوانن بە بێ لایەنی پەردە لەسەر دزیوییەکانی خەڵکی هەڵماڵن و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی بکەن... تەنیا نووسەر دەتوانێ ئەو کارە بکات، ئەمە تاقە ئەرکی نووسەری ڕووسییە. "

باقی شانۆنامەکانی دیکەی گۆرکی، بە تایبەتی ئەوانەی پێش شۆڕش نووسراون، بەزۆری بەدەوری هەمان تیمە و بابەتدا دەسووڕینەوە کە لە " مشەخۆر، لەبنی بنەوە ، و لە هەوارگەنشینانندا " خراونەتە ڕوو. بەهەرحاڵ یەکێک لە عەیبەکانی گۆرکی ئەوەیە، کە هەرگیز دەستبەرداری ئایدۆلۆژیا ومەیلی چینایەتی خۆی نابێتوقارەمان و کاراکتەرەکانی، لە ئایدۆلۆژیا ومەیلی چینایەتی خۆی بارکردوون، ئەوەندەی پەیڤداری گۆرکین، ئەوندە خۆیان نین. ئەمەش ئاسیوێکی فرەی بەلایەنی هونەری بەرهەمەکانی گەیاندووە و تا ڕادەیەکی زۆر کاڵی کردوونەتەوەو لەکاڵبوونەوەی بەردەوامدان...

**

قۆناغی سێیەمی چالاکی ئەدەبی و قەڵەمڕانی لە ساڵی ١٩١٣ وە، کە ئەوکاتە لە ئیتاڵیا بوو، دەستپێدەکات وبە شیوەیەکی گشتی ژینامەو بیرەوەرییان لەخۆی دەگرێت، کارەکانی ئەم قۆناغەی زۆر لە قۆناغی دووەم، پوختەترە. گۆرکی وەکو نووسەر کەسێک بوو، ورد، تیژبین و بە توانا لە خوڵقاندن و ئافراندنی چیرۆکێن جوان و دیالۆگی ئاسایی.

ئەو بەرهەمانەی کەلە ئەزموونی دەستی یەکەمی خۆیەوە هەڵی هێنجاون و دەربارەی ژیانی خۆی نووسیونی، زۆر سەرکەوتوو و لەبەر دڵانن، بەڵام وەختایەک دەکەوێتە ئایدولوجیابازی و ڕووداو وکاراکتەرەکان، دەخاتە خزمەتی هەڵوێستە ئایدولوجییەکانی خۆیەوە، بەرهەمەکانیشی لەباری هونەرییەوە دەدەنە کزی.

باشترین بەرهەمی گۆرکی بیرەوەرییە شەخسی ویادگاریە ئەدەبییەکانیەتی، کە کێماسیە هونەرییەکانی، بەرهەمەکانی دیکەی ویان تێدا بەدی ناکرێت ودەشێت بە جوانترین وزندووترین بەرهەمی وی بێتەژماردن. بیرەوەرییەکانی گۆرکی دوو دەستەن، یەکێکیان ئوتوبیوگرافی خۆیەتی لە سێ بەرگدا بەناوی: دەورانی منداڵیم، خەمی نان ( لەنێو مەردمدا ) و ڕۆژانی زانستگەم، دووەمیان یادگارییەکانیەتی دەربارەی کۆمەڵێک کەسایەتی ئەدەبی، لەوانە: ( تولستوی، کارالنکو، چیخۆف، ئاندرییف و... هتد. )

ژینامە وبیوگرافیەکەی گۆرکی وەکو گوتمان سێ بەرگە، بەرگی یەکەم: دەورانی منداڵیم، لە ساڵانی ١٩١٢ ـ ١٩١٣

دا نووسراوە و لەماوەی ١٩١٣/٨/٢٥ – ١٩١٤/١/٣٠ بە زنجیرە لە بڵاڤۆکی روسکویڤ ئیسلوڤیف دا بڵاو بووەتەوە. بەرگی دووەم: لەخەمی ناندا لە ساڵی ١٩١٤ دا نووسراوە، لەماوەی نێوان ١ / ٢ تا ١٩١٥/١٢/٦ دا بە زنجیرە لەهەمان بڵاڤۆکدا بڵاوبووەتەوە.

بەرگی سێیەم: ڕۆژانی زانستگەم، دەگەڕیتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٢و لە گۆڤاری ئەدەبی بەنێوبانگی کروسنایانوڤ لە مانگی سێوە تا مانگی شەشی ساڵی ٩٢٣ بە زنجیرە بڵاو بووەوە. هەندیک لە ڕووداوەکانی "ڕۆژانی زانستگەم" لە چەند سکێچێکی چیرۆکئامێزدا بەدوور ودرێژی باسکراون، لەوانە: ( واریقاتێکی ژیانی ماکار ) کە گۆرکی لە ساڵی ١٩١٢ دا لە گۆڤاری زنایندا بڵاوی کردووەتەوە و بەوردی هۆیە شاراوەکانی هەوڵە خۆکوژییەکەی مانگی ١٨٨٧/١٢ ی خۆی دەگێڕێتەوە.

ئەرباب، ئەم سکێچە لە مانگی ئادار و نیسانی ١٩١٢ ومانگی مایسی ١٩١٣ دا لە گۆڤاری ساڤرمینیکدا بڵاوبووەتەوە، بەشێوەیەکی ئەدەبی باسی خاوەن نانەواخانەیەک دەکات، کە گۆرکی بەشی هەرە زۆری

تەمەنی شازدە تا بیستساڵی خۆی، لە غازان، بە کرێکاری لای ئەو بەسەر بردووە.

گۆرکی بەردەوام دەبێت لە نووسینەوەی ژیانی خۆی لە قاڵبی سکێچانی چیرۆکئامێزدا، کە بریتین لە: ( زندانەوان، ڕۆژانی کورولینکو، دەربارەی زیانەکانی فەلسەفە، یەکەمین ڤیان، ڤ. گ کورولینکو، هەر هەموو ئەو سکێچانە لە فاسیلەی نێوان ساڵانی ١٩٢٢ – ١٩٢٣ دا نووسراون. گۆرکی لە بنەڕەتدا بەنیاز بوو هەموو ئەو سکێچانەش لە کتێبی ڕۆژانی زانستگەم دا جێبکاتەوە. ئەم سکێچانە ماوەی نێوان بڵاوبوونەوەی یەکەم بەرهەمی ئەدەبی گۆرکی و بەکۆتا گەیشتنی نووسینی ڕۆژانی زانستگەم، دەگرنەوە. قەرار بوو نوسخەیەکی تێروتەسەلتری ڕۆژانی زانستگەم، بەناو نیشانی ( لەنێو ڕۆشنبیران )دا بڵاوبکاتەوە، بەلام ئەو دەرفەت و دەرەتانەی هەرگیز بۆ نەڕەخسا و ئەو حەزەی بردە ژێر گڵەوە.

دەورانی منداڵیم، کە باشترین بەشی ئۆتوبیوگرافیە سێ بەرگییەکەی گۆرکییە، ژیانی وی لە تەمەنی سێ ساڵییەوە تا یازدە ساڵی لە خۆ دەگرێت. ئەم بەسەرهات و چیرۆکە بە

مەرگی بابی گۆرکی لەتەمەنی سی ویەکساڵیا و لە ساڵی ١٨٧١ دا لە ئەستراخان دەست پێدەکات وبە مردنی دایکی لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا لە ساڵی ١٨٧٨ دا، لە نیژنی نوڤگورود کۆتایی دێت. هەڵبەتە گۆرکی، لەدوای مردنی دایکی، لەتەمەنی یازدە ساڵیدا، لەماڵی باپیرەی، کە دایکی دوای مردنی مێردەکەی، گۆرکی بردبووە ماڵی بابی خۆی، دەردەکرێت.

دەورانی منداڵیم، دوکیومێنت و قەواڵەیەکی زندووە دەربارەی ئەو ساڵانەی کە دەگەڵ ماڵباتی دایکیدا، واتە دەگەڵ کاشیرینەکاندا بەسەری برد. جگە لەو وێنە ڕوون و ناسکانەی کە گۆرکی سەبارەت بەهەریەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە کێشاونی، بەتایبەتی دەربارەی باپیرە وداپیرەی واتا ڤاسیلی و ئاکولینا کاشیرین، ئەم بەرهەمە ئەو قۆناغی گۆڕانە گەورەیەش وەیاد دێنێتەوە کە کۆمەڵگەی ڕووسی تیایدا دەژیا. گۆرکی، بە زەبری وردبینی وسەرنج تیژی خۆی وێنەیەکی زۆر زندوو سەبارەت بە کاریگەری و باندۆری واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئازادی کۆیلەکان و ڕیفۆرمەکانی ساڵی ١٨٦٠ بەسەر وردە بازرگانانی وەکو بابایەوە نیشاندەدات. کاتێ بەخت و یەغباڵ ڕوو لە کارگە

وخمخانەکەی بابەگەورە، کە سەردەمانێک لە ڕەواج و ڕەونەقدابووە، وەردەگێڕێت، شیرازەی یەکێتی و تەبایی خانەوادەکە دەپچڕێت و دووچاری تەنگانەی دارایی دەبن و دوابەدوای گۆڕانی بارە ئابوورییەکە ژیانیشیان دەگۆڕێت. ڕەسەنایەتی و جوانی لە ڕادەبەدەری کتێبی " دەورانی منداڵیم " قەرزاربار ی دوو فاکتەرە: یەکێکیان ئەوەیە کە نووسەر نە هیچ نیاز و مەبەست و ئایدۆلۆژیایەکی شەخسی لە بەرهەمەکە بارکردووەو نە پەنای وەبەر هیچ فەندوفێڵ و فانتازیابازییەکی ناپێویست بردووە، کەئەمە لەزۆربەی چیرۆک و شانۆنامەکانی گۆرکیدا بەدی دەکرێت. دووەمیان، هەڵسەنگاندنی، گۆڕانە کۆمەڵایەتیە - ئابورییە گەورەکەیە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی کاردانەوەی هەریەکێک لە ئەندامانی جیاوازی ئەو خانەوادەیەی کە گۆرکی دەورانی منداڵی و مێردمنداڵی خۆی لەنێو ئەواندا بەسەر بردبوو، دەماری یەک بەیەکیانی ناسی بوو. گۆرکی، زۆر شارەزایانە و بە زەبەردەستی لەباری دەروونناسییەوە جیاوازیەکانی نێوان باپیرەو داپیرەی نیشانداوە. کاتێ ئەستێرەی بەختی بابە گەورە کاشیرین، کە کۆنە ستەمکارێکی گەورەیە، ڕوو لە ئاوابوون دەکات و توانا و

دەسەڵاتی بەرەو نەمان دەچێ، سەرودڵی دەگوشرێ، لەگەڵ تری خۆیا بەشەڕ دێت، قسەی لەگەڵدا بەکردن نایەت، هەست بە تەنیایی وخەمباری و مەزڵوومیەت دەکات. داپیرە کاشیرین، لە قوماشێکی دیکەیە، لەسەر بیروباوەڕی ئاینی خۆی بەردەوام دەبێت، لەچاو مێردەکەیدا، ئەوەندە گوێ بە خوشگوزەرانی مادی نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دڵی بە نەبوونی و نەداری دەوروبەرەکەی دەسووتێ. ئەو کەسێکی بێ دەسەڵات و خەمسارد نییە، وێڕای تەقدیرگەراییە ئاینییەکەشی، بەڵام زۆر بە هەڵوێست ولە تەنگانەدا فریاڕەسە، وەکو بڕبڕەی پشتی ماڵەکە کاردەکات. بەهەرحاڵ گۆرکی وەکو چۆن لە وەسف و نیشاندانی باوەگەورە کاشیریندا خۆی لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی وشەێن دزێو دەبوێرێت، بەو ئاوایەش، هەوڵدەدات، بە سۆزدارییەوە وەسفی دایە گەورە نەکات و لەخەڵکی نەکات بە وەلی. هەمووئەندامانی ماڵەکە، هەم لایەنی ئەرێنی و هەم لایەنی نەرێنی خۆیان هەیە، هەم چاکن، هەم خراپ، گۆرکی بە وردبینی خۆی وبۆ نیشاندانی حەقیقەتە سایکولوژییەکان، ئەو خەسڵەتانە لەناخی وانەوە دەردێنێ، واتە ناخیان دەخوێنێتەوە...

کتێبی خەمی نان ( لەنێو مەردم ) دا ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٧٩ – ١٨٨٤ لەخۆ دەگرێت، لەساڵی ١٨٧٩ دا لە نیژنی نوڤگورود دەبێت بە شاگردی قۆندەرەدروو و تاساڵی ١٨٨٤ لەسەر ئەوکارە دەمێنێتەوە، ئیدی لەو ساڵە بەدواوە، بەنیازی خوێندن و چوونە زانستگە بۆ غازان دەڕوات. بەڵام چونکە لەو سەردەمەدا خوێندن بە خۆڕایی نەبوو، بەو ئاواتەی ناگات. گۆرکی زۆربەی ئەم قۆناغە لەلای خوشکەکەی دایە گەورەی، واتا ماترینا سیرکییڤا بەسەر دەبات. پێدەچێ ماڵباتی سرگییف، کە بڕێک دارا وخۆشگوزەران بوون، نموونەی خەسڵەتە نەرێنیەکانی چینی بورژوای ئەم قۆناغەی ڕووسیا بووبن وگۆرکی دیدگای خۆی سەبارەت بەم چینە کۆمەڵایەتیە لەوانەوە هەڵێنجابێ... سرگییفیەکان، بە بەرژەوەندخوازی ، دەسەڵات پەرستی بەخۆپەسندی خۆیان گۆرکییان تەژی نەفرەت کردو بوون بە نموونە وکەرەستە و ئامیانی گەلێک لە چیرۆکەکانی.

هەرچەندە " خەمی نان " وێنەیەکی زۆر گەش و جوانی ماڵباتەکە نیشاندەدات و بە بۆچوون ودیدە کۆمەڵایەتیەکانی گۆرکیمان ئاشنا دەکات، لێ ئەم بەرهەمە بە گشتی لە ئاستی " دەورانی منداڵیم " دا نییە، ئەم

بەرهەمە زۆر درێژترە و کاراکتەریان کاراکتەرانی سەرەکی و بەهێز و جوانی وەک باوە گەورە و دایە گەورەی تێدانییە. بەشی هەرە زۆری کتێبی (لە خەمی نان) دا بۆ وەسفی ئەو کار و پیشە جۆراوجۆرانە تەرخانکراوە کە گۆرکی لەم ماوەیەدا شانی داوەتەبەر وملی پێوە ناون، وەکو کارکردن لە کەشتیان و کاری ئیکونەسازی. گرینگی دانی کتێبی ناقبری بەم لایەنە، تا ڕادەیەکی زۆر لە بایەخی ژینگە خانەوادەییەکە کەم دەکاتەوە. بەڵام وێرای ئەوەش ئەم ژینامەیە، جگە لە ئەندامانیماڵباتی سرگییف، کەسایەتی دیکەی جوانی تێدایە، بۆ نموونە ئەو بێوەژنە خانومان و شۆخ و شەنگەی کە دەبێتە بابەتی خەون و خەیاڵی ئاشقانەی گورکی وگۆرکی ناوی دەنێت " مەلیکە مارگوت " ، ناتالیا کازلوفسکایا، کە دایەگەورە کاشیرین وەبیر گۆرکی دەخاتەوە. یان کرێکارە هاوکارەکانی لە کارگەی ئیکۆنەسازی سالابانوڤا، لەهەموو ئەمانە جوانتر وەستا ژیکاریفی کارامە و لێهاتوو و ماشقە تووندوتۆڵ و تۆکمە و ناشیرینەکەیەتی.

کتێبی ڕۆژانی زانستگەم، ژیانی گۆرکی لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە تا بیست ساڵی واتە لە ١٨٨٤/٦ تا ١٨٨٨/٩ لەخۆ

دەگرێت. لەم تەمەنەدا گۆرکی بەنیازی خوێندن و چوونە زانستگە شاری نیژنی نوفگورود بەرەو زانستگەی غازان بەجێدەهێڵێت، بەڵام چونکە لەو سەروبەندەدا خوێندن بەپارە بووە، ئیدی ئەو خەیاڵ پڵاوەی کەڕوو هەڵدێنێ و ئەو چاوەڕەشەی کاڵ دەبێتەوە. چواردانە ساڵ لە غازان لە گەڵ خەڵکانی جۆراوجۆر وجیاوازدا بەسەردەبات. ئەم چوارساڵەی ژیان بۆی دەبێت بە قوتابخانەیەکی مەیدانی پراکتیکی وجێگای خوێندنی فەرمی زانستگە، کە گۆرکی نەیتوانی بیگاتێ، بۆ پڕدەکاتەوە.

کتێبی ڕۆژانی زانستگەم، کە لە (خەمی نان) جوانترە وتەقریبەن هاوتای (دەورانی منداڵیم)ە، پێش هەموو شتێک دوکیومێنت وقەواڵەیەکە دەربارەی گەشەکردنی بیروهزرینی گۆرکی و فراوان بوونی ئاسۆی ڕوانین وجیهانبینی ئەو، "ڕۆژانی زانستگەم " هەرچەندە فەسڵبەندی و پولین نەکراوە، بەڵام دووبەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت. بەشی یەکەمی لە غازاندا ڕوو دەدات و زیاتر دەربارەی ژیانی گۆرکییە، دوای ئەوەی لە زانستگە وەرناگیرێت. لەم ماوەیەدا ئەزموونێکی زۆر بەدەست دێنێت و کارێن جۆراوجۆر دەکات، بەردەوام هاتوچۆی بەندەر

ولەنگەرگاکانیڤولگا دەکات و لەوێندەرحەشرونەشرو تێکەڵاوی دەگەڵ کرێکارانی بارەندازەکان، وێڵ وسەرگەردانان، دز ودرۆزناندا پەیدا دەکات. تەماس لەگەڵ ئەو خوێندکارە زانکۆییانەدا کەلە مەیدانێکی نزیکی ماڵی ماڵباتی ئیڤرینوفەکاندا، کە گۆرکی لای ئەوان دەژیا، لەدەوری یەکدی خڕ دەبوونەوە،پەیدا دەکات. تێکەڵاوبوونی لە گەڵ کوختەنشینانی گەڕەکی "ماروسوڤکا " کە گۆرکی دواتر بۆ ئەوێندەر باریکرد، تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئاندرێ دینکوفی ئازووقە فرۆشدا کە خاوەنی باشترین کتێبخانەی کتێبانی قەدەغە و ئەدەبیاتی یاساغ بوو لە غازاندا – یانی ئەو جۆرە کتێبانەی کە خوێندکارانی دام ودەزگا فێرکاریە جۆراوجۆر وخەڵکانی شۆڕشگێڕ سوودیان لێدەبینێ – و ماڵەکەی مەکۆی کۆبوونەوەی قوتابیانی زانستگە ومەڵبەندە ئاینی وئولییەکان بوو. هەروەها کارکردنی لە شیرینیخانە و نانەواخانەکەی ڤاسیلی سمیونوڤ، کە لەوێدا بابەت وکەرەستەی پێویستی بۆ چیرۆکێن وەک " بیست وشەش پیاو و کیژێک " و " کونوڤالوف" بەدەست هێنا، هەروەها سەردانی ئەو شێتخانەیەشی دەکرد کە " بەختریف " ی پزیشکی

دەروونی، لەوێندەر قسەی دەکرد و نەخۆشەکانی پیشانی خەڵکی دەدا.

تا بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی گۆرکی زیاتر دەخەملی، ئاسۆی بیرکردنەوەشی بەرینتر دەبوو، ئیدی بەرەبەرە هاوسۆزی و هاوفیکری لە گەڵ شۆڕش و شۆڕشگێڕاندا پەیدا کرد وشۆڕشی بە تاقە ڕێگەی چارەسەری کێشەکانی ڕووسیا دەزانی، ئیدی لەوێوە بە تەواوەتی لە ڕێنماییەکانی مەسیحیەت و تولستوی گەرایی تەوەلا بوو. یەکێک لەو بەرخورد و مامەڵە توندانەی گۆرکی، کەلە " ڕۆژانی زانستگەم " دا وەسف کراوە، دەگەڵ کلوپسکی هەوادار و ئالیگری تولستوی یە کە گۆرکی دژیدەوەستێتەوە. گۆرکی تا زیاتری دەخوێندەوەو بێدادی و هەڤدژی ژیانی خەڵکەکەی دەوروبەری خۆی دەبینی پتر دەروونی دەئاڵۆزا.. بە جۆرێ تووشی دەروون پەرێشی بوو کە لە هەیڤی دوازدەی ساڵی ١٨٨٧ دا پەنای وەبەر خۆکوژی برد. بەم هەوڵی خۆکوژییە ناکامە، بەشی غازانی کتێبی ( ڕۆژانی زانستگەم ) کۆتایی دێت.

بەشی دووەمی (ڕۆژانی زانستگەم) لە گوندی کراسنوڤیدیوڤ، ڕوودەدات، ئەم گوندە لە بەشی خوارەوەی ڕوباری ڤولگادا

هەڵکەوتووە. گۆرکی لەوێ بەمەبەستی کار بۆ دووکان و موغازەی کابرایەک دەچێت کە ناوی دەنێ (خوخول ) – ئەم پیاوە دە ساڵی تەمەنی لە زندانەکانی سیبریا بەسەر بردووە. ناوی ڕاستەقینەی ( خوخول )، میخائیل روماسە، روماس کە بابایەکی پوپولیستە، لەم قۆناغەدا جێگەی مامۆستای ڕاستەقینە بۆ گۆرکی دەگرێتەوە. گۆرکی لە ڕێگەی ئەو و کۆمەڵێک لە دۆستانی پۆپۆلیستی ئەوەوە، زیاتر شارەزایی لە ئایدۆلۆژی شۆڕشگێڕیدا پەیدا دەکات و زیاتر مەیلی بەلای شۆڕش و شۆڕشگێڕیدا دەچێت. ئەو دەورانەی کە گۆرکی لە کراسنوڤیدوڤ دەیباتەسەر، زۆر بەسوود دەبێت. گۆرکی، لەو گوندەدا، زۆر لە جوتیارەکانی وێندەر قەڵس و بێزار دەبێت، ئەو جووتیارانەی کە روماس و دۆستەکانی هەوڵدەدەن، باخێکی هەرەوەرزیان بۆ دامەزرێنن. بەهەرحاڵ ئەو گوندە بە جێدێڵێت و لەگەڵ دۆستێکیدا بە قاچاغ سواری کەشتیەکی نەفەربەر دەبێت و بۆ سامارا دەڕوات. لەوێندەرەوە بۆ کەناراوەکانی دەریای خەزەر دەڕوات و لە کومپانیایەکی تایبەت بە ڕاو و پەروەردە و فرۆشتنی ماسی دادەمەزرێ و دەست بەکار دەبێت و لێرەدا کتێبی (ڕۆژانی زانستگەم) تەواو دەبێت.

***

بەهەرحاڵ بەشیکی گەورەی دیکەی بیرەوەرییەکانی گۆرکی، بریتیە لەباری سەرنجی خۆی و خوێندنەوەی وی بۆ کەسایەتی هەندێک لە سیما ئەدەبییەکانی وەکو چیخۆف، تولستوی و ئاندرییف... هتد. لە پاییزی ١٩٠١ تا بەهاری ١٩٠٢ چیخۆف، تولستوی و گۆرکی بەرێکەوت لە قرم، کەهەرسێکیان بۆ نەخۆشی چووبوونە ئەوێندەر، یەکدی دەبینن. گۆرکی لەو ماوەیەدا بە دیداری ناودارترین هاوتاو هاوپیشەی خۆی شاد دەبێت، وێنا وهەستێکی ئەوتۆی سەبارەت بەوان لەزەینا نەخش دەبێت، کەبە درێژایی تەمەنی مەحو نابێتەوە. بیرەوەرییە ئەدەبییەکانی گۆرکی بۆ ئەو وێنانە تەرخان کراون. ئەم بیرەوەری و وێنا وهەستانە، لەڕووی بەسیرەت و وردبینی سایکۆلۆژیانەوە، گرنگ و شایستەی سەرنجن، نەک لە ڕووی داوەری و هەڵسەنگاندن و ڕاڤە و شرۆڤە ئەدەبییەکەیانەوە..، چیخوف، کە پەیگیری بەرهەمەکانی گۆرکی دەکرد وبەردەوام هانیدەدا ورێنوێنی دەکرد، یەکێک بوو لە نووسەرە دڵخوازەکانی گۆرکی. جوانترین خەسڵەتی چیخوف بەلای گۆرکییەوە ئەوەبوو کە پیاوێکی سادە وخاکی،

هونەرمەندێکی زۆر جدی بوو، دژی هەر ڕواڵەتبازییەکی جەڵەبی و سواو و پواو بوو، هەموو شتێکی سادە، ڕەسەن و تازە، بێ غەل و غەشی خۆشدەویست و... گورکی دەربارەی چیرۆکەکانی چیخوف دەڵێت:

" پیاو هەستدەکات لە ڕۆژێکی خەمناکی ئاخروئۆخری پاییزدایە. دنیا ساماڵ و ئاسمان سایەقەیە. گەڵای درەختان ڕژاوە، درەختان بە ڕووت و قووتی ڕاوەستاون. خانووی بچکۆلە وخەڵکی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە بەڕوونی دەبینرێن. هەموو شتێک نامۆ، تەنیا، بێ جووڵە و بێ پەنا دێنەبەرچاو. ئاسۆی شینباو و بەتاڵ تێکەڵ بە ئاسمانی ڕەنگ هەڵبزرکاو دەبێت وئەو هەناسە بایەی کەلە زەوی پڕ لە گوڵی یەخزەدەوە هەڵدەکات یەجگار تەزییە. زەینی نووسەریش، وەکو خۆری پاییزە، جادە یەکنەواکان، شەقامە خواروخێچەکان، خانووە نزم و نەگبەتەکان نیشاندەدات کە خەڵکانێکی بچووک وبێنەوا وهەژار، تیایاندان و خەریکە لە نەخۆشی و تەمەڵیدا خەفە دەبن و خانووەکانیان بە هەمهەمەی گۆنگ و خەواڵو پڕکردووە. "

***

بۆچوونی گۆرکی دەربارەی تولستوی، دووفاقە بوو، لە لایەکەوە دژی فەلسەفەی تولستوگەرایی بوو، لەلایەکی دیکەوە گەورەیی و بلیمەتی تولستوی قەبووڵ بوو، بەڵام حەزی لە کەسایەتی ناماقووڵی تولستوی نەدەکردو زۆر لە لووتبەرزی و قورە دەماغی ئەشرافانەی وی قەڵس دەبوو. ئەو لووتبەرزی و خۆپەسندییەی کە گۆرکی لەژێر پەردەی سادەیی و ڕاشکاوی دەستکردی تولستوی دا، بەچاوی خۆی دەبینی، گۆرکی لە شوێنێکدا دەربارەی تولستوی دەڵێت:

" تولستوی، زۆر لە مردن دەترسا و ڕقی لە مردن بوو... ئاخر بۆ دەبێ بمرێت؟ هەموو دنیا، سەرانسەری گۆی زەوی تەمەشای ئەو دەکەن، لە چین، لە هیند، لە ئەمریکا ولە هەموو شوێنێکەوە چاویان بڕیوەتە ئەو، ڕوحی بۆ هەتاهەتایە موڵکی هەمووانە، بۆچی تەبیعەت، لە قانوونی خۆیدا، ئاوارتەکارییەک ناکات و نەمری بەدەنی بە تاقە کەسێک نادات؟ ئاخر بۆ؟ "

گۆرکی هەستی دەکرد دەبێ لە بیرەوەییەریەکانیا دان بەوەدا بنێت" زۆرشت لە تولستوی دا هەبوون، کەجارجار هەستێکی نەفرەت ئاسای بەرانبەر بەوی لەدڵ و دەروونمدا

چێدەکرد و، ئەم نەفرەتە دەتگوت بارێکی قورسە بەسەر ڕوحمەوە. " تولستوی لە نۆڕینی گۆرکیەوە، کەسێکی خودا ئاسا بوو..

***

پەیوەندی گۆرکی دەگەڵ ئاندرییفدا، لە پەیوەندی وی دەگەڵ تولستوی و چیخوف دا، دوور و درێژتر، نزیکتر و ئاڵۆزتر بوو، بیرەوەرییەکەشی دەربارەی ئاندرییف، لەهی ئەوان درێژتر بوو. هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم دوو نووسەرەدا هەبوو، بەڵام میهر وخۆشەویستی ودۆستایەتیەکی هێندە بتەویان لەنێواندا چێببوو، کەبۆ ماوەی دە دانە ساڵ لێکدی نزیک کردنەوە. سەرەنجام دیدی وبۆچوونی سیاسی جیاواز، بە تایبەتی پاش شۆڕش وهاتنەسەر حوکمی بولشەویکەکان، کۆتایی بەم دۆستایەتیە هێنا وئەنجام " ئاندرییف " ی دژمنی سەرسەخت و سازش ناپەزێری بولشەویکان، سەری خۆی بۆ فنلاند هەڵگرت وبە نامرادی سەری نایەوەو دنیای بەجێهێشت. بەڵام گۆرکی بەدڵ ئەوی خۆشدەویست و ڕێزی دەگرت و ستایشی ئەقڵ و ئاوەز ودرایەت و توانا و بەهرەی ئەوی دەکرد. جەنگی

یەکەمی جیهانی و پاشان شۆڕشی ئۆکتوبەر و ئەنجام هیجرەتی ئاندرییف و نووسینە ئەنتی بولشەویکەکانی، کۆتایی بە دۆستایەتی گۆرکی لە گەڵ ئاندرییفدا هێنا. بەڵام گۆرکی لە بیرەوەرییەکانی بە " یەکە دۆستم لە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان " ناوی دەبات و ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کەلە ناخی دڵەوە بەداخ بووە بۆ پچڕانی ئەو دۆستایەتییە. گۆرکی لەم بارەیەوە دەڵێت: " جیاوازی بیروبۆچوون، نابێ کاری نەرێنی لەو میهر ومەحەبەتە بکات کە خەڵکی سەبارەت بەیەکدی هەیانە، من یەک لەباری خۆم، هەرگیز لە پەیوەندیما لەگەڵ خەڵکیدا، بیروبۆچوونم بە محەکی بنجبڕ دانەناوە. " ئاندرییف، لەسەر ئەوەی گۆرکی بۆ سوڤیەت گەڕابووەوە و هاوکاری بولشەویکەکانیکردبوو، نەک هەرلێی پەست بوو، بەڵکو ڕقیشی لێی بوو، بەڵام گۆرکی وێڕای ئەوەش دەڵێت:

" بەڵام هەستی لیونید نیکولایوفیچ، جۆرێکی دیکە بوو. " بەڵام گۆرکی وەکو ڕێزێک بۆ دۆستایەتیە دوور ودرێژەکەیان بەوپەڕی حورمەتەوەو بەم ڕاوێژە دۆستانەیە دەیبەخشێت و دەڵێت: " بەڵام من لەسەر ئەوە گلەیی لێناکەم، چونکە ئەو کەسە بوو کە خۆی دەیویست، داهێنەرێک بوو دەگمەن،

بەهرە وتوانایەک بوو کەم وێنە، بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، پیاوێک بوو مەرد وڕەند."

گۆرکی، بەدڵ، بەگیان، بەجەستە و بەهەموو بوون و هەستی خۆیەوە، بابایەک بوو ڕووس، ڕووسێکی تاسەر مۆخ ڕووسی. خۆی لە خەڵکی ڕووسیا جیا نەدەکردەوە، بەهرەی سەرشاری خۆی بۆ خزمەتی خەڵکی ئەو وڵاتە تەرخانکردبوو. کاتێ زوێر بوونی لە لینین و نارەحەتی و نائومیدی لە سیاسەتی بولشەویکەکان، گۆرکیان وادار کرد تا لە ساڵی ١٩٢١دا جارێکی دی و بەناچاری وڵات بە جێبێڵێت، هەموو ئاوات وئارەزوویەکی ئەوەبوو کە بە زووترین کات بۆ دەولەتی تازەی سۆڤیەت بزڤرێتەوەو بەمەبەستی وەدی هێنانی ئەو ئارمانجە کۆمەلایەتی و کەلتووریانەی کەخۆی باوەڕی پێیان بوو هاوکاری دەولەتی تازە بکات… گۆرکی لە پێناوی پاراستنی کەرامەتی تاک ولە ڕای ئازادی و سەربەخۆیی هونەرمەند و داهێناندا کۆی لەهیچ نەدەکردەوە. بەڵام ئەنجام دام ودەزگای سەرکوتکاری ستالین، هەموو ئاواتەکانی زندە بەچاڵکرد. گومانی ئەوەش هەیە، کەخۆیشی لەلایەن دام ودەزگای ناڤبرییەوە تیرۆر کرابێت. بەڵام ڕاستگۆیی ورەسەنایەتی هەوڵ و خەباتی گۆرکی

جێگەی ڕێزە. هەرچەندە گۆرکی زۆرجار وەکو نووسەر ولەپایەی نووسەریدا، بەهۆی غەرەزداری وتەرفداری وبەهۆی جۆش و خرۆشی گەرم و گوڕی بۆ ڕیفۆرمان کە هەندێجار مەرجەکانی هونەری باڵا وهونەریەتی ڕەچاو نەدەکرد، ڕەخنەی توند و ئیرادی گەورەی لێگیراوە، بەڵام لەناو بەرهەمە زۆر و زەبەندەکانی دا، زۆر شتی جوان هەن کە شایستەی خوێندنەوەن.

ڕۆمانەکانی، هەرچەندە لەڕووی هونەرییەوە زۆر پوختە نین بەڵام چافکانیەکی هێندە ڕوونن دەربارەی کۆمەڵگەی ڕووسی ئەوێ دەمێ، کە لە کار وبەرهەمی هیچ نووسەرێکی هاوعەسری ویدا، بەو فراوانی و دەوڵەمەندیە بەدی ناکرێت... ڕوانینی گۆرکی بۆ دنیای دەوروبەری و دیاردە ڕووداوەکانی وەخت زۆر بەگەشی لە ژینامە و بیرەوەرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو خوێنەر وا هەستدەکات لەم کارانەیدا نووسەرترە وەک لە کارو بەرهەمەکانی دیکەیدا. چونکە لەم بەرهەمانەدا، بە تەواوەتی دەستبەرداری ئایدۆلۆژیابازی بووەو لە ئەسارەتی ئایدۆلۆژیا دەرباز بووە. گۆرکی هەر کێماسی و کەم وکوڕییەکی ئەدەبی هەبێت، بەو هەموو بەرهەمە زۆرەیەوە

بەو ژیانە پڕ مەینەت و نامۆیەوە، هەقە بە ئینسافەوە بێتە هەڵسەنگاندن..

***

خوێنەری هێژا ئەم کتێبەی لە خزمەتتدایە، سەربهوردی ژیانی ماکسیم گۆرکی، بە شێواز وفۆرمێکی هونەریانەی ڕۆمان ئامیزەوە دەگێڕێتەوە. قارەمانی چیرۆکەکە خودی نووسەرە. گۆرکیخۆی لەمبارەیەوە دەڵێت: " من کەرەستە و تیمەی ئەم بەرهەمەم لەسەر بردەی ژیانی خۆمەوە هەڵێنجاوە، بەڵام وەکو تەمەشاقانێکی بێ لایەن، بەرخوردم لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردووەو خۆم لە هیچ ڕووداوێک هەڵنەقورتاندووە، بۆ ئەوەی سەر لە گوتیارەکە (راوی) ، کە خۆمم نەشێوێنم و ڕووداوەکان بە ڕوونی وڕەوانی بگێڕێتەوە. " هەروەها دەڵێت: " من لەم کتێبەدا " دەورانی منداڵیم " خۆم بە هەنگەژاڵێک دەشوبهێنم، کە خەڵکانی سادە و ساکاری جیاواز، وەکو هەنگ، هەنگوینی بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی ژیان، تێکردوم، دڵاوایانە هەرکەسە و بەگوێرەی توانای خۆی، روحیان دەوڵەمەند کردووم. زۆرجار ئەم

هەنگوینە پیس و تاڵ بووە، بەڵام مەعریفەت وێڕای ئەوەش هەر هەنگوینە."

هێڤیخازم دەمێکی خۆش بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەوە بەرنە سەر.

حەمە کەریم عارف

سلێمانی ٢٠٢٠/٣/٢٣

تێبینی: بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوودم لەم سەرچاوانە بینیوە:

- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی. و: حەمە کەریم عارف – چاپی یەکەم ١٩٨٥/ یەکێیتی نووسەرانی کوردستان – شاخ. چاپی دووەم: ٢٠٠٨، خانەی چاپ و پەخشی سایە/ سلێمانی.
- ناودارانی ئەدەب. ئامادەکردنی حەمە کەریم عارف/ چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٩ دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان/ بوکنەر ب. تراویک، و: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨/ دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی.
- تاریخ ادبیات رووس/ جلد ( ٢ ) ن: ویکتور تراس / م: علی بهبهانی – چاپ نخست ١٣٨٤ / تهران / شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
- تاریخ ادبیات روسیه/ نوشته : د.س.میرسکی / ترجمه ابراهیم یونسی / جلد دوم / چاپ اول ١٣٥٤ / تهران، انتشارات امیرکبیر.
- نویسندگان روس/ به سرپرستی خشایار دیهیمی / نشرنی / چاپ اول/ ١٣٧٩ – تهران.
- گورکی و لنین/ نوشته: برنزام د. ولف / ترجمه دکتر احمد شهسا – کتاب سرا، چاپ اول ١٣٦٤ .
- اعتراف ( این الله ) ترجمه: د. فیروز نیوف / مراجعة د. نوفل نیوف / ط ٣ / ٢٠١٧ / دارالتکوین للتالیف و الترجمه والنشر.

## دەورانی منداڵیم

## فەسڵی ( ١ )

بابم لە ژوورێکی تەنگ و تاریک، لە سەر ئەرزەکە ولەژێر پەنجەرەیەک ڕاکشا بوو، دزداشەیەکی سەراپا سپی لەبەردا بوو، زۆر درێژ دیار بوو، قامکی پێیە ڕووتەکانی بە شێوەیەکی سەیر لێکدی بڵاو بووبوونەوە، قامکی دەستە ناسکەکانیشی، کە بە ئارامی لەسەر سینگی تێکی هاڵاندبوون، خواروخێچ بوون. دوو سکە و دراوی مسین چاوە گەشەکانیان داپۆشی بوو، ڕوخسارە ناسک و میهرەبانەکەی تاریک و لێڵ دەهاتە بەرچاو، ددانەکانی بە شێوەیەکی ناڕێک دیاربوون، دەیان ترساندم. دایکم نیمچە ڕووت بوو، تەنوورەیەکی سووری لەبەردا بوو، بە دیار بابمەوە کەوتبووە سەر چۆکان و بەو شانە ڕەشەی کە هەموو جار من توێکڵە کاڵەک و گوندۆرەم پێ دەبڕی، قژە نەرم و درێژەکەی

بابمی بۆ سەرەوە هەڵدەدایەوە، لە بن لێوانەوەو لەبەر خۆیەوەو لە کانگای دڵەوە هەندێک ورتە ورتی نامەفهوومی دەکرد، چاوە قاوەییەکانی ئاوسابوون، بە کوڵ ڕوندکی دەڕشت.

داپیرەم – کە ژنێکی قەڵەوی خڕەو، سەرێکی گەورە و چاوانی درشتی هەیە و لووتی ئەوەندە زلە مایەی پێکەنینە. سەراپا ڕەش دەنوێنێ، ژنێکی نەرم ونیان و میهرەبانە، ئەویش فرمێسکی گەرمی دەڕشت، سەراپای دەلەرزی، دەستی منی گرت و بۆ لای بابم دەڵەکی دەدام، کەچی من دەترسم و دێمە دواوە و خۆم لەپشت ئەوەوە قایم دەکەم، خۆم دەدایە پاڵ تەنوورەکەی ئەو.

دەترسام و نیگەران بووم. من قەت گریانی خەڵکی گەورەم نەبینی بوو، لە مانای ئەو قسانە حاڵی نەدەبووم کە نەنکم بە گوێیدا دەدام و دەیگوتن و دەیگوتنەوە. دەیگوت:

- بڕۆ دوعاخوازی لەبابت بکە، جارێکی دی نای بینیتەوە. مرد گیانەکەم، بەگەنجی مرد، جوانەمەرگ بوو. خێری لە دنیا نەبینی، زوو لە دنیا ڕۆیی...

من تازە لە نەخۆشییەکی ترسناک هەستابوومەوە، چاک لە بیرمە کە بابم لە کاتی نەخۆشییەکەمدا، زۆر چالاکانە وبە ڕووخۆشی سەرپەرشتی دەکردم، یاری دەگەڵ دەکردم، دەی هێنامە پێکەنین. پاشان لە ناکاوا دیار نەما، نەنکم، ئەم ژنە سەیرە جێگەی ئەوی گرتەوە.

لە داپیرەم پرسی: -لە کوێوە هاتیت؟

بەرسڤی دایەوە:

- لەو سەرەوە، لە نیژنی نوڤگوردەوە، بەسواری کەشتی هاتم! خۆ بەشەر ناتوانێ بە پێیان بە ئاودا بێ شەیتانی بچووک؟

هەرچەندە ئەو قسانە دەیان هێنامە پێکەنین، بەڵام لە ماناکانیشیان حاڵی نەدەبووم. لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەماندا هەندێک فارسی ڕیشنی، ڕدێن بە خەنە دادەنیشتن، پیرەمێردێکی زەرد پێستی کالمیکی لە ژێرخانەکەدا دادەنیشت، ئەم پێستی پەزو بەرخانی دەفرۆشت. من دەمزانی کە دەشێت سواری محەجەرەی قالدرمەکە ببیت و تا خوارەوە دابخزێی، و ئەگەر بکەویت، سەرنگون دەبیت، من ئەمەم چاک دەزانی بەڵام ئاو چ

پەیوەندییەکی بەم بابەتەوە هەیە؟ بەڵام نا نەنکم هەڵەیە، شتەکانی تێکەڵ کردووە، وڕاوە دەکات. سەیرە، گوتم: - بۆ پێم دەڵێی شەیتانی بچووک؟

وەڵامە کومیدییەکەی لە گوێمدا زرینگایەوە: - چونکە تۆ زۆر گەورەیت!

دەمو ڕاوێژێکی ناسک، جوان و خۆشی لە قسە کردنا هەبوو... من و نەنکم لە یەکەم ڕۆژەوە بووین بە دوو دۆستی گیانی بەگیانی و دڵسۆز– ئێستا حەزدەکەم کە بە زوترین کات و پێکڤە لەم ژووره وەدەربکەوین.

ڕەوشیداکم زۆرم نارەحەت دەکات، ڕوندک و گریان و زاریەکەی دنیایەک ترسی غەریب و تازەم لە نیهادا بێدار دەکاتەوە. ئەوە یەکەمجارە کە ئەو بەو حاڵەوە دەبینم... بە شێوەیەکی گشتی ژنێکی سارد وسڕە، کەمدووە، پاک و خاوێنە، هەمیشە پۆشتە و پەرداخە. ناوشان پان عەینی ئەسپ، ئەسپە ژنە، جەستەیەکی تۆکمەی هەیە، دەستەکانی زۆر بەهێزن.. کەچی ئێستا تەواو داکەوتووە، دەستی لەخۆ بەرداوە، پیاو دڵی لە شکڵ و شێوەی هەڵدێت. جلەکانی شڕ وشەپرێو، قژەکەی کە هەمیشە کۆی دەکردەوە و وەکو

کڵاوێکی زەرد، لەسەر سەری دەیبەست، ئێستا پەخش و پەرێشان و بە شان وملە ڕووتەکەیدا هاتبووە خوارەوە و هاتبووە سەر چاوەکانی، چەپکێک لە قژەکەی بە سەروچاویا هاتبووە خوارەوە، لە ڕوخساری بابم کە نوستبوو، دەخشی. من ماوەیەکە لە ژوورەکەدا وەستاوم، بەڵام ئەو " دایکم " تاقە جارێکیش ئاوڕی لێنەدامەوە. ئیدی بەدەم شانە کردنی قژی بابمەوە، دەگریا و ڕوندکی دەڕشت و هەنسکی هەڵدەدا، ئاگای لە عەمری دنیا نەبوو.

لە ناکاوا دەرگا کرایەوە، سەربازە خەفەرەکە وچەند پیاوێکی ڕوخسارڕەش، چاوێکی لەزگینیان بە ژوورەکەدا گێڕا، ئەوجا خەفەرەکە "پاسەوان "بە توندی هاواریکرد:

- دەی خێرا، هەڵی بگرن و بیبەنە دەرەوە!

پەردەیەکی ڕەش بە پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوو، بە دەم شنەی بایەکەوە وەکو بایەوانی کەشتی پڕبا دەبوو. هەر لە خۆوە ئەو ڕۆژەم وەبیرکەوتەوە کە بابم بە سواری بەلەمێکی چارۆکەدار بۆ گەڕانی بردم. لەپڕ هەورە تریشقەیەک تەقییەوە، بابم بەدەم پێکەنینەوە توند خستمیە بەینی ئەژنۆکانیەوەو هاواریکرد:

- هیچ نییە، مەترسە کوڕم.

لە ناکاوا داکم بە تۆبزی لە ئەرزەکە هەستا و دووبارە دانیشتەوەو بە پشتا کەوت، قژەکەی بە سەر ئەرزەکەوە پەخش وپەرێشان بوو. ڕوخساری شین هەڵگەڕا. ددانەکانی وەکو ددانەکانی بابم بە جیڕەوە چوون، بە دەنگێکی گیراوی ترسناکەوە گوتی: - دەرگا داخەن، ئەلکسی ببەنە دەرەوە!

نەنکم دەڵەکی دامە لاوەو بە هەشتاو بەرەو دەرگاکە چوو و هاواریکرد:

- مەترسن، مەترسن گیانە، دەستی تێوە مەدەن! مەعز بۆ ڕەزای مەسیح بچنە دەرەوە! ئەمە کولێرا نییە! بەڵکو ژان و ژاری منداڵ بوونە! بەزەییەکتان پێیدا بێتەوە، وەدەر بکەون!

من خۆم لە پشت دۆلابێکی جلکانەوە، کە لە گۆشەیەکی تاریکدا بوو، تاقەتکرد، لەوێندەرەوە تەمەشای دایکم دەکرد کە لە ئەرزەکەدا کەوتبوو وگینگڵی دەدا و دەیناڵاندو ددانەکانی لێکدی دەسوون ونەنکم بە دەوروبەریدا دەسووڕایەوەو بەدەنگێکی نەوازش ئامێزەوە دەیگوت:

- بەناوی باب و کوڕەوە! فاریوشا، دان بە خۆتدا بگرە، سەبرت بێ! ئەی مریەمی پیرۆز، ئەی داکی خواوەندانی میهرەبان ڕەحممان پێدا بکە...

دەترسام. داک و داپیرەم، لە نزیکی بابمەوەو لەسەر ئەرزەکە لوولیان دەخوارد، دەجولأن، بەر بابم دەکەوتن ، دەیاننالأند، هاواریان دەکرد. بەڵام بابم بێ جوڵە لە جێی خۆدا کەوتووە، مۆرکێکی تەوسامێز بە سیمایەوە دیاربوو.

ئەم دیمەنە ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام داکم بە تۆبزی هەستا ودووبارە کەوتەوە سەر ئەرزەکە. نەنکم وەکو تۆپێکی گەورەی ڕەش هەر هەڵبەز و دابەزی بوو، دەهاتە ژوورەوەو دەچووە دەرەوە، ئەوسا لە ناکاوا، دەنگی گریانیمندالێکی نۆزا لە تاریکیەکەوە بەرز بووەوە...

نەنکم، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا وگوتی:- سوپاس بۆخوا! کوڕە!

ئەوجا مۆمێکی داگیرساند...

هەڵبەتە من لە سووچی ژوورەکەدا خەو بردبوومییەوە– چونکە لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکەم لەیاد نییە.

دووەم بیرەوەری ژیانم، لە گۆشەیەکی چۆڵی گۆڕستانێکدا بوو، ڕۆژێکی بارانی بوو... لەسەر گردۆڵکە خۆڵێکی خزی لینجدا وەستابووم و دەمڕوانیە ناو ئەو چاڵەی جەنازەکەی بابمیان تێنا. ئاوێکی زۆر لە بنی چاڵەکەدا وەستابوو، پڕبوو لە قوڕباقە، دوو قوڕباقە هەڵبەزینەوەو لەسەر پەردە زەردەکەی سەر جەنازەکە گیرسانەوە.

من و نەنکم، لەگەڵ ئەو پاسەوانەدا کە سەراپای تەڕ بووبوو، لەگەڵ دوو دێهاتی بێڵ بەدەستدا، بەدیار گۆڕەکەوە وەستاوین. بارانێکی خۆش بە سەرماندا دادەباری، دەتگوت وردە شووشەیە...

پاسەوانەکە، چووە کەنارەوەو گوتی:

- دەی پڕی بکەنەوە، گڵەکەی بدەن بەسەردا!

نەنکم دەستی بە گریان کرد و ڕووی خۆی بە لکەی سەرپۆشەکەی داپۆشی. دوو دێهاتیەکە دانەوینەوەو بە هەشتاو کەوتنە پڕکردنەوەی گۆڕەکە، لەگەڵ یەکەم وەجبە گڵدا ئاوی ناو گۆڕەکە کەوتە بڵقەبڵق، قوڕباقەکان لە سەر جەنازەکە هەڵبەزینەوەو خۆیان بە دیواری گۆڕەکەوە هەڵواسی و داوای نەجاتیان دەکرد. بەڵام ئەو گڵەی کە

قەبرەکەیان پێ پڕدەکردەوە، تووڕی دانە بنکی چاڵەکەوە. نەنکم شانی گرتم و بە ئەسپایی گوتی:- ئەلیوشا گیان کەمێک لاکەوە!

من خۆم لە چنگی ڕاپسکاند، نەمدەویست لابکەوم.

نەنکم بە تونێکی گلە ئامێزەوە گوتی:- ئوف خودایا، تۆ بزانە چۆن!

دیار نەبووگلەییەکەی لە من بوو یان لە خودا.

ماوەیەکی زۆر ڕەق لە جێی خۆی وەستا، سەری دانەواندبوو. گۆڕەکە تەواو پڕ بووەوە و ئەو هەر لەوێندەر وەستابوو.

دێهاتیەکان بە تەق و هوڕی بێڵەکانیان، گڵی سەر گۆڕەکەیان دەپەستایەوە، بایەک بە گڤ وهوۆڕ هەڵیکرد، هەورەکانی ڕامالی و بارانەکەی دوور خستەوە. نەنکم دەستی گرتم و بەرەو کلێسایەکی دوور ڕۆیشتین، بەنێو چڕە خاجستانێکی ڕەشدا تێپەڕین. وەختایەک لە گۆڕستانەکە دوور کەوتینەوە، ئاوڕێکی لێدامەوەو پرسی:

- بۆ ناگریت؟ پێویستە تۆزێک بگریت!

گوتم:- گریانم نایەت.

بە ئارامی گوتی: - دەی باشە، نایەت، با نەیەت!

زۆرم پێ سەیر بوو کە داوای لێدەکردم بگریم. من زۆر کەم دەگریام. تەنیا ئەو کاتانە گریانم دەهات کە هەستیان بریندار بکردمایە یان خەڵکانێک بیان ڕەنجاندبام – هەرگیز ئازاری جەستەیی نەیدەهێنامە گریان، ئەگەر لەو حاڵەتەدا گریابام بابم گاڵتەی پێدەکردم، بەڵام دایکم هاواری بە سەرما دەکردو دەیگوت:

- ئەم گریانەت لە چیە! بیبڕەوە!

دوای کەمێک، سواری گالیسکە بووین، شەقامێکی زۆر پانی خاکی، زۆر پیسمان، کە بەنێو دوو ڕیز خانووی ڕەش و سووردادەڕۆیی، بڕی. لە داپیرەم پرسی:

- باشە قورباقەکان، لەوێندەر، لە چاڵەکە نایەنە دەرێ؟

بەرسڤی دایەوە:- نەخێر، دەرنایەن، خودا عافوویان بکات!

نەنکم، زۆر ناوی خودای دێنا، هەمیشە ناوی خودای لەسەر زار بوو. داک و بابم ئەوەندە ناوی خودایان نەدەبرد، بەو ڕادەیە خۆیان بە نزیکی خودا نەدەزانی...

دوای چەند ڕۆژێک من و نەنکم و دایکم سواری کەشتیەکی هەڵمین بووین. ماکسیم، برا نۆزاکەم مرد و، لە پارچەیەک قوماشی سپییانەوە پێچا و بە نەوارێکی سوور بە تەناف پێچیان کرد ولە سووچێکەوە، لە سەر مێزێکی بچکۆلەدا دایان نا. لەسەر سەندوق و بوخچە و پریاسکەکانی خۆمان دانیشتم، لە دەلاقەیەکی بازنەیی بچووکەوە، کە زیاتر لە چاوی ئەسپ دەچوو، تەمەشای دەرەوەم دەکرد، شەپۆلی لێڵی ئاوە تووڕەکە بەردەوام بە شووشە تەڕەکەدا دەچۆڕایەوە، هەندێجار شەپۆلێکی گەورە شووشەی دەلاقە و پەنجەرەکەی دەشۆردەوە، ئەوکاتانە بە ناچاری لەسەر کەل و پەلەکانەوە خۆم هەڵدەدایە خوارەوەو دەکەوتم.

نەنکم، بە باسکە نەرمەکانی هەڵی دەساندمەوەو دووبارە دەی خستمەوە سەر بوخچەکان و دەیگوت:- مەترسە گیانەکەم!

تەمێکی نمناک وبۆر، بەسەر ئاوەکەوە بوو. ناوبەناو پارچە زەوییەکی ڕەش لە بەینی تەمتومانەکەوە بەدیار دەکەوت، هەر زوو دووبارە لە تەمەکەدا ون دەبووەوە. هەموو شتەکانی دەوروبەرمان بە ئاشکرا دەلەرزین، تەنیا دایکم

نەبێت کە دەستەکانی خستوونەتە پشت سەری و پاڵی بە دیواری کەشتیەکەوە داوە و مکووم و بێ جووڵە وەستاوە. چاوەکانی نووقاندوون، ڕوخساری لێڵ و تاریک دیارە، لە هەر بیرکردنەوە و هزرینێک خاڵییە، چاوەکانی نووقاندوون و ورتەی لێوە نایەت، وام دەهاتە بەرچاو کە بە تەواوەتی گۆڕاوە، ژنەکەی جاران نییە، تەنانەت جلەکانی بەریشیم بەلاوە نامۆ بوو...

داپیرەم ناوبەناو ئاوڕێکی لێ دەدایەوە، بە سۆز و میهرێکی زۆرەوە دەیگوت:

- فاریوشا گیان، خۆزگە شتێکت دەخوارد، یەک پاروشت بخواردبا هەر باش بوو.

لێ داکم، کڕ و بێدەنگە. بێ جوڵە لە جێی خۆی وەستاوە...

نەنکم بە چپە دەمدوێنێت، کەچی بە دەنگی بەرز لەگەڵ دایکمدا دەپەیڤێ، بەڵام هەمیشە بە پارێزەوە قسەی لەگەڵدا دەکات و کەم و درەنگ قسەی دەگەڵدا دەکات. وا هەستدەکەم لە دایکم دەترسێت، ئەوەم لەلا ئاشکرا بوو، هەر ئەوەش وایکرد کە داپیرەم زیاتر خۆشبووێت، پتر لێکدی نزیک کردینەوە...

داکم، لە ناکاوا، بەدەنگێکی بەرز و تووڕە گوتی:

- ئێرە شاری ساراتوفە! ئەوە کەشتیوانەکە کوا؟

تەنانەت ئەو قسانەش کە کردنی نامۆ و ناباو بوون: ساراتوف، کەشتیوان...

کابرایەکی چوارشانەی قژ ماش وبرنج، کە جلێکی شینباوی لەبەر بوو و سەندوقێکی بچووکی بەدەستەوە بوو، خۆی وەژووردا کرد. نەنکم سەندووقەکەی لەدەستی وەرگرت و جەستەی برا نەوزادەکەمی تێ نا، ئەوجا هەڵیگرت و بەرەو دەرگاکە چوو، بەڵام چونکە قەڵەو بوو، بە ئاسانی بە دەرگاکەوە نەدەچوو، بۆیە ناچار بوو لەسەر لا لە دەرگای کەشتییەکەوە وەدەر بکەوێت. حایر و حەپەساو لەبەر دەرگاکە وەستا.

دایکم هاواریکرد، پەلاماری نەنکمی دا و تابووتەکەی لەدەستی وەرگرت.

- ئاخ دایکە، نەتتوانی!

ئەوجا هەردووکیان دیار نەمان و من بە تەنیا لە ژوورەکەدا مامەوە و تەمەشای ئەو کابرا شینپۆشەم دەکرد. کابرا بە سەرما داهاتەوەو گوتی:

- چیە، برا بچووکەکەت ڕۆیی؟...

- تۆ کێیت؟

- کەشتیوانم.

- ئەدی ساراتۆف کێیە؟

- ساراتۆف شارە. لە پەنجەرەکەوە تەمەشا بکە. ئا ئەوەتا.. لەوێندەرە!

ئەرزەکە لە دەرەوەی پەنجەرەکەدا دەجولاَ و دەڕۆیی. خاکێکی ڕەشی، پڕ لە هەوراز و نشێو بوو، تەم ومژی وەکو دووکەڵ لێ بەرز دەبووەوە. پارچە نانێکی گەورەی وەبیر دێنامەوە کەلە نانێکی گەورەی گەرمیان کردبێتەوە، گوتم:

- داپیرەم کێوە چوو؟

- چوو نەوەکەی بنێژێت.

- یانی دەیخەنە ژێر خاکەوە.

- ئەدی چی؟ هەڵبەتە دەیخەنە ژێر خاکەوە!

ئیدی بۆ کابرای کەشتیوانم گێڕایەوە کە چۆن دوو قوڕباقەی زندوویان لەگەڵ بابمدا، کردە ژێر گڵەوە، کابرا منی لە ئامێز گرت و توووند بە خۆوەی گوشیم و ماچی کردم و... گوتی:

- ئەی برالە تۆ جارێ بچووکی، سەر لە زۆر شتان دەرناکەیت! دڵت بە قوڕباقان نەسووتێ، وێڵیان بکە! بەزەییت بە دایکتا بێتەوە، بڕوانە بزانە چۆن بەڵا و نسیبەتان ورد وخاشیان کردووە!

لەناکاوا، دەنگی هەرا وزەنا لە سەرمانەوە بەرز بووەوە، تێکەڵەیەک بوو لە ناڵە و زاری، کە زانیم ئەمە دەنگی وەگەڕ خستنی کەشتییەکەیە، هیچ نەترسام. کابرای دەریاوان بە هەشتاو لە باوەشی خۆی دایگرتم ولە ئەرزەکە دابنام و بلەز وەدەرکەوت و گوتی:- دەبێ بە پەلە بڕۆم!

منیش، حەزم کرد بڕۆم، لە دەرگاکەوە وەدەرکەوتم. ڕاڕەوە تەنگ و نیمچە تاریکەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، کەسی تیا نەبوو. کەمێک لە دووری دەرگای ژوورەکەوە، بریسکەی محەجەرەی پەیژەیەک شۆقی دایەوە. سەیری سەرەوەم کرد و هەندێک

خەڵکی بوخچە و پریاسکە بەدەستم بینی... دیاربوو هەموو خەریک بوون لە کەشتیەکە وەدەر دەکەوتن، واتا منیش دەبوایە وەکو ئەوان وەدەربکەوم و دابەزم.

بەڵام کە گەییمە حەوشی کەشتیەکە وکەوتمە ناو ئەو ڕێبوارانەی کەلەسەر پەیژەکەی کە وەکو پرد لە نێوان کەشتیەکە و ئەرزەکەدا دانرابوو، هەندێکیان هاواریان کرد:
- ئەمە هی کێیە؟ کوا کەس وکارەکەت؟

- نازانم.

ماوەیەک تەکانیان دام، هەژاندمیان، تا ئەنجام دەریاوانە قژ ماش و برنجەکە پەیدا بوو، هەڵی گرتم و بە ڕێبوارەکانی گوت:

- ئەمە منداڵێکی ئەستراخانیە – بە ڕێکەوت لە ژووری کەشتیەکە وەدەر کەوتووە.

هەڵیگرتم، بە ڕاکردن بۆ ژووری کەشتیەکەی بردمەوەو لەسەر سەندووق بوخچەکان دانام و گەڕایەوەو بە قامکان هەڕەشەی لێکردم:

- نەخەڵەتابی جارێکی دی بێیتە دەرەوە، ئەگینا نیشانت دەدەم...

بەرە بەرە دەنگەدەنگ وهەرا وزەناکە نیشتەوە، جوڵەجوڵی کەشتیەکە وەستا و نەما، لەهەمان کاتدا شڵپ وهۆڕی ئاوەکەش هێور بووەوە و نەما... بەڵام پەردەیەکی نمناک بەری پەنجەرەکەی گرت. تەواو تاریک بوو، بوخچەکان دەتگوت دەئاوسێن و لە هەموو لایەکەوە گوشار دەخەنە سەر من، هەستم بە ناخۆشی دەکرد، لە دڵی خۆدا دەمپرسی:

- تۆ بڵێی منیان بە تەنیا لەم کەشتیەدا بەجێ هێشتبێت و جارێکی دی نەیەنەوە بەلامدا؟

چووم بۆ لای دەرگاکە. داخرابوو ونەدەکرایەوە. نەمدەتوانی دەسکە مسینەکەی بابدەم، بوتڵێک شیر لەسەر مێزێکی نزیکمەوە بوو، بوتڵەکەم هەڵگرت و تا هێز لە بازوومدا بوو، بە دەسکی دەرگاکەمدا کێشا، بوتڵەکە شکا، شیرەکە بە سەر لاقمدا ڕژا و چووە پێڵاوەکانمەوە.

ئەم ناکامیەم زۆر لەبەر گران بوو، لەسەر بوخچە و پریاسکەکان ڕاکشام و دەستم بەگریان کرد، بەوجۆرە بەدەم گریانەوە خەوم لێکەوت.

وەختێ لە خەو ڕابووم، دیسان هەرا وزەنا بوو، کەشتیەکە دەلەرییەوەو شەپۆلی ئاوەکە، شڵپ وهۆڕ خۆی پێدا دەکێشا. پەنجەرەی ژوورەکە وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە. نەنکم لە لامەوە دانیشتبوو و قژەکەی شانە دەکرد و برۆکانی وێک دەهێنانەوە. لە بن لێوانەوە هەر ورتەورتی بوو و خۆی دەدواند... قژێکی پڕ و سەیری هەبوو، ڕەنگی قژی تێکەڵەیەک بوو لە شین وڕەش، بەسەر شان و مل و سینگ و مەمک و ئەژنۆیدا هاتبووە خوارەوە وتەنانەت دەگەییە ئەرزەکەش، بە دەستێکی لە سەر ئەرزەکە بەرزی دەکردەوەو، بە دەستەکەی تری، بە شانەیەکی داری ددان شاش دەکەوتە داهێنان و شانەکردنی قژە پڕەکەی. لێوەکانی هەڵدەقورتاند و تووڕەیی لە چاوە ڕەشەکانیا شەپۆلی دەدا، دەم وچاوی لەناو ئەو هەموو قژەدا بچکۆلە و کومیدی دەهاتەبەرچاو.

پێدەچوو ئەو ڕۆژە مجێزی تەواو نەبێت. لێ کە لێم پرسی بۆچی قژی ئەوەندە درێژە، بە هەمان ڕاوێژی گەرم و نەرمی دوێنێ گوتی:

- بەڵای خوایە، خودا ویستوویەتی عەزابم بدات، جا وەرە ئەم یاڵەنەفرەتییە شانە بکە! کە منداڵ بووم شانازیم بەم یاڵ و قژەوە دەکرد، هەنووکە کە پیر بووم بۆم بەخێو ناکرێت بە نەفرەتی دەکەم! بڕۆ بخەوە کوڕەکەم، هێشتا زووە. هەتاو هێشتا بە تەواوی هەڵنەهاتووە.

- حەزناکەم بخەوم!

بەدەم هۆنینەوەی پرچەکەیەوە سەرنجی ئەو تەختەی دا کە دایکم لەسەر گازی پشت لەسەری خەوتبوو، ئەوجا بەمنی گوت:

- حەزت لێ نییە، مەخەوە. دوێنێ چۆن بوتڵەکەت شکاند؟ بە ئەسپایی قسە بکە!

بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی قسەی دەکرد، لەتۆ وایە گۆرانی دەڵێت، بۆیە قسەکانی لە یادگەمدا نەخش دەبوون- کە قسەکانی خۆش بوون، وەکو گوڵ جوان و نەرم و بۆندار بوون! هەرکاتێ کە بزەی دەهاتێ بیلبیلەی چاوەکانی کەلە ئاڵوباڵو دەچوون، دەکرانەوە و پرشنگێکی سەیر و لە وەسف نەهاتگیان لێدەبووەوە، کە بزەی دەکرد، ددانە سپی و سفتەکانی بەدیار دەکەوتن، هەرچەندە گۆنا ئەسمەرەکانی

پڕ چرچ و لۆچ بووبوون، بەڵام ڕوخساری ڕوناک و جەوان دەهاتە بەرچاو... ئەوەی ئەم سەر وسیما جوانەی دەشێواند، کەپووە زەلام و فشەکەی بوو کە نووکی لووتی لە دوورەوە سوور دەچووەوە. نەنکم زۆری حەز لە سعووتی ( بڕنووتی) بوو، قوتوویەکی ڕەشی زیوکفتی هەبوو، پڕ بوو لە بڕنووتی و لە کاتی پێویستدا بەکاری دێنا. سەراپای ڕەش بوو، لێ ڕوناکییەکی گەرم و هەمیشەیی لە چاوەکانییەوە پرشنگی دەداو لە ناوەوە تیشکێکی جوانی دەخستە سەری و هەموو بوونی ڕوناک دەکردەوە، پشتی چەمی بوو، تەقریبەن قەموور بوو، زۆر قەڵەو بوو، بەڵام لە هەڵس و کەوتا زۆر گورج وگوڵ بوو، دەتگوت پشیلەی چاپکە، وەکو پشیلەش نەرم ونیان و خۆشەویست بوو.

من پێش هاتنی ئەو وەکو ئەوە بووم لە خەوێکی قووڵدا بم، تاریکییەکی سەیر دەوری دابووم. بەڵام کە ئەو هات بێداری کردمەوە، دەرگای ڕۆشنایی لێکردمەوە، لە خەوی هەستاندم، ئەو شتانەی لە دەوروبەری مندا هەبوون، هەر هەمووی بۆ کردم بەیەک داوەوە، ئەوجا شاڵێکی ڕەنگینی لێدروست دەکرد. ئیدی بوو بە هاوڕێی هەمیشەیی ژیانم. لە هەمووان زیاتر دڵم بەو دەکرایەوە. لەهەمووان لەلام ئازیزتر بوو،

هاوڕێی نزیکم بوو، لێی تێدەگەیشتم... خۆشەویستیەکی بە غەرەزی بۆ ژیان هەبوو، ئەم خەسڵەتەی ئەو کردیە کارێک متمانە بەخۆ پەیدا بکەم، ئەو توانایەی پێ بەخشیم کە پاشان پێویستم پێی بوو، تا بە عەزم و جەزمەوە ڕووبەڕووی ئایندەی سەخت و دژوار ببمەوە.

چل ساڵێک پێش ئێستا، کەشتیان زۆر بە هێواشی دەجولان، ماوەیەکی زۆری پێچوو تا گەیشتینە نیژنی نوڤگورد... من هێشتا، تاکو ئەم ساتەش، ئەو ڕۆژە خۆش و جوانانەم هەر لەبیرە. هەوا خۆش بووبوو. من و نەنکم لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لە حەوشەی کەشتیەکەدا، لەژێر ئاسمانی ساف وشیندا، لە نێوان کەنارە زێڕین و خەزان زەدەکانی ڤولگادا کەلە تۆ وایە بە ئاوریشم چنرابوو، دەوەستاین و غەرقی تەمەشا دەبووین. کەشتیە سووورباوەکەی مە کە بە کاوەخۆ و سەلانە سەلانە بەنێو ئاوە شین و لێڵەکەدا دەڕۆیی و بەگژ شەپۆل و ڕەوتی ئاوەکەدا دەچوو و پەروانە پانەکانی بە ئاوەکەدا دەکێشا و بەرەو بەشی سەرەوەی ڕوباری ڤولگا هەڵدەکشا و بە کۆمەکی پەتێکی درێژ کەشتیەکی بچووکی بارهەڵگری ڕادەکێشا، کەشتیە بارهەڵگرەکە، کەوەیی بوو، لە مێروویەکی ئاوی گەورە دەچوو. هەتاو بەبێ ئەوەی ئێمە

پێبحەسین، بە ئەسپایی بەسەر ڤولگادا دەڕوات، هەموو سەعاتێک دیمەنێکی تازەی بە تەبیعەت و سروشتی دەوروبەرمان دەبەخشی، هەموو ئەو شتانەی دەوروبەرمان، سات بەسات دەگۆڕان، دەتگوت چیرۆک وحیکایەتی جنیانە... کێوە سەوزەکان، دەتگوت تاجن بەسەر سەری زەوی بەپیت وبەرەکەتەوە. ئەو گوندەوار و شارانەی لەمبەر ولەوبەری ڕوبارەکەوەو لە دوورەوە دەبینران، دەتگوت لە زەنجەبیل دروستکراون. گەڵای زەرد وسووری خەزان بە سەر ئاوەکەوەو بەدەم مەلەوە سەمایان دەکرد.

چاوانی داپیرەم لە خۆشیا ئەبڵەق بوون. هەر ساناساتێ لەم سەری کەشتیەکەوە بۆ ئەوسەر دەڕوات و خۆشی لە چاوانیا شەپۆل دەدات و دەڵێت:

- تەمەشا، تەمەشا، ئەوە چەند جوانە!

زۆرجار ڕەق ڕادەوەستا، بەجۆرێ چاوی دەبڕییە ئەو دیمەنە ئارامە کە منی لەبیر دەکرد. هەر دوو دەستی لە سەر سینگی تێک دەئالاندن. بزەیەکی ناسک دەنیشتە سەر لێوی، ڕوندک لە چاویا قەتیس دەما. هەنگێ، داوێنی تەنوورە

ڕەشە گوڵ گوڵییەکەیم ڕادەکێشا، هەنگێ لە جێی خۆی ڕادەپەڕی و وەخۆ دەهاتەوەو دەیگوت:

- چییە؟ ئاگام لەخۆ نەما، دەتگوت خەوێکی خۆش دەبینم!

- بۆ دەگریت؟

بزەیەک دەکات و دەڵێت:

- لە خۆشیا گیانەکەم! لە بێتاقەتیدا گیانەکەم! ئاخر ئیدی پیر بووم، شەست ساڵم بەڕێ کردووە...

هەنگێ، تۆزێ بڕنووتی (سعووتی) هەڵدەمژێت وکۆمەڵێک حیکایەتی خەیاڵی و سەیرم دەربارەی وەلیان و خودان کەرامات وگیانلەبەران ودز وجادووان بۆ دەگێڕێتەوە.

حیکایەت وچیرۆکەکانی بە دەنگ و ڕاوێژێکی هێواش وغەریب دەگێڕایەوەو بە سەرما دادەهاتەوە، چاوانی دەبڕینە چاوانم، دەتگوت ئەو هێز و توانایەی، سەرفرازی و متمانەیان بەمن دەبەخشی، دەڕژێتە دڵمەوەو ورەم وەبەر دەنێت. کە حیکایەتی دەگێڕایەوە وەکو ئەوە بوو گۆرانی بچڕێت... تا زیاتر قسەی دەکرد، گێڕانەوەکەی ڕەوانتر و جوانتر دەبوو، کە گوێم لێدەگرت، لە خۆشیا لە پێستی خۆم

نەدەهێوریم. کە لە گێڕانەوەی چیرۆکێک دەبووەوە هاوارم دەکرد:

- دەی نەنە، تکایە بەردەوام بە، ئیدی چی ڕووی دا.

- ... ئیدی ئەمە ڕووی دا: دێوە چکۆلەکە لە ژێر سۆپاکەدا دانیشت، دەرزی چووبوو بە پەنجەی پێیدا... گینگڵی دەدا و دەینالاند و دەیگوت: " ئەی مشکە چکۆل، ئەی مشکە چکۆل، ئازارم هەیە! خەریکە دەمرم، ئەی مشکە چکۆل زۆر بێتاقەتم!

کە حیکایەتەکە دەگاتە ئێرە، داپیرەم پای بەرزدەکاتەوە، بە دەست دەیگرێت و ڕایدەژەنێت وبە شێوەیەکی کومیدی ڕووی خۆی گرژ دەکات و ناوچەوانی بە جۆرێ تێکدەنا وەکو ئەوەی بە ڕاستی ئازاری هەبێت.

ئیدی دەریاوانەکان، کە خەڵکانێکی باش بوون، بە ڕدێنە درێژەکانیانەوە لێمان خڕ بوونەوە، گوێیان لە نەنکم دەگرت، پێدەکەنین، ستایشیان دەکرد و تکایان لێدەکرد:

- دەی داپیرە، بەردەوام بە، لەم جۆرە ئەفسانانەمان بۆ بگێڕەوە!

دوای ئەوە خولْکیان دەکردین:- وەرن، تۆزێ شێومان لەگەڵدا بخۆن!

لەکاتی شێودا، دەعوەتی ڤۆدکایان دەکرد... کاڵەک و شووتیان بە من دەدا. ئەمە بە دزییەوە دەکرا، کەسێک لە کەشتیەکەدا بوو، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتاوە، خواردنی میوەی لە هەمووان قەدەغە کردبوو، کە میوەی بەدەست کەسێکەوە دیتبا خێرا لە دەستی ڕادەپسکاند و تووڕی دەدایە ناو ڕوبارەکەوە. جلەکانی بەری لە جلکی خەفەر و پاسەوانان دەچوون. ڕیزێک دوگمەی مسین بە شێوەیەکی جوان بە یەخەی پاڵتۆکەیەوە دوورابوون. هەمیشە مەست و خومار بوو، خەڵکی لە هەر لایەکەوە بیان دیتبا خۆیان لێ دەدزییەوە*... ( ئەم کەسە مامورێک بوو لە بڵاوبوونەوەی پەتا دەترسا ) .

دایکم بە دەگمەن دەهاتە حەوشەی کەشتیەکە. خۆ ئەگەر بهاتباش خۆی لە ئێمە دوور دەگرت. کڕوکپ و بێدەنگ ورتەی لێوە نەدەهات.. تاکو ئێستاش ، باڵا زراف و جوانەکەی، ڕوخسارە تاریک وئاسنینەکەیم لەبەرچاو ولە بیرە کە قژە زەردە بە شەپۆلەکەی دایدەپۆشی. هەموو ئەو

دیمەنانە، وەکو ئەوەی لە پشت تەمێکی سپیەوە یان پەڵە هەورێکی تەنکەوە، خۆ بنوێنن، بەو ئاوایە دێنەوە بەرچاوم... دوای ئەو هەموو ساڵە، تاکو ئەمڕۆکەش پرشنگی چاوە کێوییەکانی کە وەکو چاوانی نەنکم گەورە بوون، سەرەتاتکێم دەگەڵدا دەکات. ڕۆژێک، بە توندی بە داپیرەمی گوت:

- دایکە تۆ خۆت دەکەی بە گەپجاڕی خەڵکی! پێت پێدەکەنن!

داپیرەم، بە خەمساردیەوە بەرسڤی دایەوە:

- با پێ بکەنن، چی تیایە، چ قەیدییە، پێکەنین ئامیانی(هەوێن) ژیانە، خودا ڕاوەستاویان بکات!

لەبیرمە هەرکە شاری نیژنی نوڤگورود دەرکەوت، نەنکم وەکو منداڵ لە خۆشیا گەشایەوە.. دەستی منی گرت و بۆ قەراخ کەشتیەکەی بردم و هاواریکرد:

- تەمەشا، تەمەشا! چەند جوانە! ئەمە نیژنییە، شارە جوانەکەی خودا! تەمەشا چەند جوانە! تەمەشای گومەزی کلێساکان بکە ، لە تۆ وایە بە ئاسمانا دەفرن!

ئاوڕی لای دایکمی دایەوە، ڕوندک لە چاوانی هاتنە خوارێ، بە دایکمی گوت:

- فاریوشا گیان تەمەشاکە! وادیارە فەرامۆشت کردووە! تەمەشاکە چەند جوانە، چاوت بە دیداری زاخاو بدە!

بەڵام دایکم، بەهەمان خەمینییەوە بزەیەکی کرد.

کەشتیەکە، بەرانبەر بە شارە جوانەکە و لە ناوەندی ئاوەکەدا وەستا، ڕوبارەکە پڕ بوو لە لۆتکە وبەلەمێن بچووک، سەدان سەوڵ وەکو ڕم بەرز کرابوونەوە. هەرکە کەشتیەکەمان وەستا، بەلەمێکی گەورە کە پڕبوو لە خەڵکی، کەوتە شان بەشانی کەشتیەکەمان، ئەوجا پێچی کردەوە بۆ لای ئەو پەیژەیەی کە وەکو پرد بەلەمەکەی بە کەنارەکەوە دەبەست. ئیدی ڕێبوارەکان یەک یەک لە بەلەمەکە دابەزین و بەسەر پەیژەکەدا هاتن وخۆیان گەیاندە سەر کەشتیەکەی مە. پیرەمێردێکی وردیلە لە پێش خەڵکەکەوە بە هەشتاو دەڕۆیی، پاڵتۆیەکی درێژی ڕەشی لەبەر بوو. چاوەکانی بچووک وسەوز بوون، کەپووی دەنووکە دالاشی بوو، ڕدێنە سوورەکەی وەکو زێڕ دەبریسکایەوە.

دایکم بەدەنگی بەرز هاواریکرد، خۆی لە باوەشی هاوێشت وگوتی: - باوکە گیان!

بەرەو ئەو ڕۆیی، ئەویش دەستە بچووکە سوورەکانی بەسەری دایکمدا هێنا، ئەوجا بلەز کەوتە نەوازشی گۆناکانی و بە هەڵچوونەوە گوتی:

- ئاخ، ئاخ! هەی سەرشێت، چۆنی! ئاخری هاتیەوە! ئاخ لە دەست ئێوەگەل!

نەنکم کەوتە لەهەمێز گرتن و ماچکردنی یەک بەیەکیان، وەکو فرفزۆکە بە دەوری هەموویاندا دەسوڕایەوە. منی بەرەو ئەوانە پاڵنا کە هاتبوونە پێشوازیمان وبلەز گوتی:

- دەی لەزێکەن! ئەمە لالە میخائیلویە، ئەوە یاکوفە، ئەوەش پوورە ناتالیایە، ئەم دوو کوڕەش خالۆزاتن، هەردووکیان نێویان ساشایە: ئەمەش کاترینای کیژی لالەتە، هەموویان خزم و خوێشی خۆمانن- تەمەشا چەند زۆرن!

بابام پێی گوت:- ئافرەت، حاڵت چۆنە؟

سێجار یەکیان ماچکرد...

بابام، منی لە نێو ئاپۆڕاکە دەرهێنا، هەر دوو دەستی بەسەرمدا هێنا و گوتی:

- تۆ کێیت؟

- کوڕێکی ئەستراخانیە- بەڕێکەوت لە ژوورەکە هاتووەتە دەرێ...

بابام ڕوویکردە دایکمو بەسەرسامی پرسی:- چ دەڵێیت؟

ئەوسا بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، دامیە لاوەو گوتی:

-گۆناکانی لە بابی دەچێت. دەی با سواری بەلەمەکە ببین!

لە کەنارەکە دابەزین، بە کۆمەڵ بە ڕێگایەکی بەردەڵانی سەرەوژوورکەدا سەرکەوتین، ئەمبەروئەوبەری ڕێگاکە خاکرێز بوو، پووش و پەڵاشی وشکەوەبوو دایپۆشی بوو.

بابام ودایکم لە پێش هەمووانەوە ڕێیان دەکرد، بابام ئەوەندە کوڵەباڵا بوو، باڵای نەدەگەییە شانی دایکم. بە هەنگاوی کورت و خێرا شانبەشانی دایکم ڕێی دەکرد، دایکم لە سەرێ ڕا تەمەشای ئەوی دەکرد، لەتۆوایە بە حەواوە ڕێ دەکات. هەردوو خاڵە میخائیل ویاکوف لە دوای ئەوانەوە

ڕێیان دەکرد، خاڵە میخائیل ڕەشتاڵەیەکی ڕەقەڵەی قژڕەشی قژخاو بوو، وەکو بابام ڕەقەڵە بوو، خاڵە یاکوف قژێکی لوولی زەردی کاڵی هەبوو، ئەوجا هەندێ ژنی قوت و قەڵەو کە جلکی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردابوو، لە دوای ئەوانەوە ڕێیان دەکرد، نزیکەی شەش منداڵیان لەگەڵدا بوون کە هەموویان لەمن گەورەتر بوون، هەموویان هێدی و هێور ڕێیان دەکرد. بەڵام من لە گەڵ داپیرەم و پوورە ناتالیای چکۆلەدا لە دوای دواوە ڕێمان دەکرد. پوورە ناتالیا، ڕەنگ زەردێکی چاوشینی ورگن بوو... هەر تاونا تاوێ دەوەستا، هەناسەی تازە دەکردەوەو لەبن لێوانەوە دەیگوت:- ئاخ، ناتوانم یەک هەنگاوی دی بنەم.

داپیرەم تووڕە دەبوو و دەیبۆڵاند:

- بۆچی تۆیان لەگەڵ خۆیان هێناوە؟ بەڕاستی خەڵکێکی بێ ئاوەزن!

بەڵام من، شتاقیانم نەچووە دڵەوە، نە گەورەکانیان و نە بچووکەکانیان. خۆم لە نێویاندا بە نامۆ و بێگانە دەزانی و تەنانەت وێنەی داپیرەشم لەبەرچاو کەمێک کاڵ بووەوەو دوور کەوتەوە.

زۆرم ڕق لەو پیاوە بووەوە کە دەیانگوت بابامە، هەر لە یەکەم ساتەوە هەستم کرد دژمنمە، لە هەوەڵەوە هەستێکی دژمنانەی لە ناخما بێدار کردەوە.

گەیینە کۆتایی هەورازەکە. خانوویەکی نزمی یەک نهۆمی لە بەردەممدا قوت بووەوە، کەوتبووە بەرانبەر هەڵدێرەکەی دەستە ڕاستی ئەو هەورازەوە، کە ڕێگا گشتیەکەی بە تەنیشتدا دەڕۆیی. خانووەکە بە بۆیەیەکی پەمەیی چڵکن بۆیە کرابوو، پەنجەرەکانی هاتبوونە دەرەوە. کەلە دەرێڕا ڕوانیمە خانووەکە گەورە هاتە بەرچاوم. بەڵام لە ناوەوە ژوورەکانی بچووک بوون. زۆر تەنگ و تاریک بوون، لە خەڵکیدا جمەیان دەهات، وەکو مێروولە پێکدا دەهاتن و ژاوەژاوێک بوو نەبێتەوە. ڕێک وەکو قەرەباڵغییەکەی سەر کەشتییەکەم، کاتێ نەفەرەکانی دادەبەزاند، هاتە بەرچاو، منداڵان وەکو چۆلەکەی لاسار بەدەم هەرا و زەناوە، دەهاتن و دەچوون.

ئیدی بۆنێکی ناخۆش و نامۆ دنیای پڕکردبوو. چوومە ناو حەوشەکە، ئەویش دیمەنێکی دزێو وناخۆشی هەبوو، کەم و زۆر دڵی نەدەکردەوە. پڕ بوو لە تەشت و ئامانێن ئاسنی پڕ

لە ئاوی ڕەنگاوڕەنگ، بە ڕاستی دیمەنێکی ناشیرین بوو، ئامانەکان، هەریەکەیان لە شوێنێ دانرابوون، زۆر ناڕێک وپێک دانرابوون، هەر پارچەی تەڕ بوو بە تەنافانەوە هەڵواسرابوون تا وشک ببنەوە. لە سووچێکدا، لە کوختەیەکی نزمی بچووکی داڕوخاوی پاشکۆی ماڵەکەدا، کوورەیەکی پڕ لە ئێزنگ و قەڵاشکەری دەگڕا و شتێک دەکوڵا و قوڵپی دەدا... کابرایەک کە نەدەبینرا، بەدەنگی بەرز قسەی سەیری دەکرد.

- سەندەڵ، زاخ، ئەنیلین!

## فەسڵی ( ٢ )

ئەوە سەرتای ژیانێکی فرە ڕووداوی، جەنجاڵی، ئاڵۆز وسەیری ئەوتۆ بوو، کەلە وەسف کردن نایەت. یادی ئەو ژیانە وەکو حیکایەت و ئەفسانەیەکی خەمین، کە جنی یەکی میهرەبان بۆی گێڕابمەوە، لە یادگەمدا دەژی، بەڵام تا ڕادەیەکی بە سووێ، حەقیقی و واقیعی بوو. بەڵام تا ئەمڕۆش کە بیر لە ڕابردووی دوور دەکەمەوە باوەڕ ناکەم کە ئەم ڕابردووە، بە ڕاستی بەو شێوەیە بووبێت. پڕ بە دڵ

حەزدەکەم نکۆڵی لەو بویەرو ڕووداوانە بکەم، چونکە ژیان لە ناو ئەو " خێڵە گەوج ونەزانە " دا زۆر تاڵ و دژوار بوو.

بەڵام حەقیقەت لە سەرووی هەر بەزەیی و سۆز و سۆزداریەکەوەیە. من لێرەدا باسی خۆم ناکەم، چیرۆک دەربارەی خۆم نانووسم، بەڵکو باسی ئەو ژینگە تەنگ و تاریک و ترسناکە دەکەم کە خەڵکی سادەی ڕووس ئەوسا و تا ئێستاش تیایدا دەژیان و دەژین.

لە ماڵی بابامدا، هەمووان دژمنی یەکدی بوون، کەس حەزی لە چارەی کەس نەدەکرد، ئیدی ئەم دیاردەیە گەورەکانی ژەهراوی کردبوو، ئەم دیاردەیە بۆ منداڵەکانیش تەشەنەی کردبوو. پاشان لە قسەکانی داپیرەمەوە بۆم بە دیارکەوت، کە دایکم ڕێک لەو ڕۆژانەدا هاتبووە ماڵی بابی، کە هەردوو برایەکەی، پێیان لە بابیان کردبووە کەوشەوە تا موڵک وماڵەکەی بە سەر هەردووکیاندا دابەش بکات. ئیدی هاتنەوەو گەڕانەوەی چاوەڕوان نەکراوی دایکم، هێندەی دی ڕژدی کردن لە سەر داوای دابەشکردنی موڵک و ماڵەکەی بابیان، بە تایبەتی کەلەوە دەترسان، دایکم داوای ئەو جیازیە بکات کە کاتی خۆی بۆی دیاریکرابوو، لێ بابام بەو

بیانووەی کە دایکم بە پێچەوانەی مەیل وڕەزامەندی ئەو، خۆسەرانە شووی کردبوو، جیازیەکەی پێ نەدابوو. خاڵەکانم قەناعەتیان وابوو، کەدەبێ جیازەکەی دایکشم بەسەر ئەواندا دابەش بکرێت، ماوەیەک بوو شەڕی ئەوەیان بوو کە کێهەیان لە شارا خمخانەیەک بکاتەوەو کێهەیان بچێت بۆ ڕەخی ئەوبەری ڕوباری ئۆکا، بۆ گوندی کونافینو.

هێشتا ماوەیەکی زۆر بە سەر گەڕانەوە وهاتنەوەی ئێمەدا نەبووری بوو کە ڕۆژێک، لە کاتی فراڤیندا، لە مووبەقەکەدا، هەردوو خاڵەکەم لە جێی خۆ ڕاپەڕین وبەسەر مێزەکەدا دانەوینەوەو بەدەم هەرا و زەناوە، ڕوو بەڕووی بابام بوونەوەو وەک سەگ دەمیان لێکردەوە و دانیان لێ جیڕکردەوە، بابامیش لەلای خۆیەوە هەستایە سەرپێیان و بە کەوچکەکەی کەوتە لێدانی مێزەکە، دەموچاوی سوور بووەوە، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

- کارێکی واتان پێدەکەم، لە ڕێگاوباناندا سواڵ و دەرۆزە بکەن!

داپیرەم، کەلە داخا ڕوخساری گرژ بووبوو گوتی:

- پیاوەکە هەرچیت هەیە بیاندەیە و سەری خۆت سووک بکە،هەرچیت هەیە بیاندەیە و ئەم سەریەشەیە لە کۆڵ خۆت بکەوە، بیاندەیە و تەواو!

باپیرەم بۆڵاندی، گڕی تووڕەیی لە چاوانی دەبووەوە:

- بێدەنگ بە، تۆ هەقت نەبێ، واز لەم ناوبژییە نابەجایە بێنە!

ئەوکاتە سەرم لەوە سوڕمابوو، کە ئەو پیاوە چکۆلەیە، چۆن دەتوانێ بەو دەنگە زل و ترسناکە هاوار بکات.

داکم لە سەر مێزەکە هەستا، بەرەولای پەنجەرەکە ڕۆیی، لەبەر پەنجەرەکە وەستا و پشتی کردە هەمووان.

خاڵە میخائیلم، لە ناکاوا، تا هێز لە بازوویدا بوو، زللەیەکی خێواندە براکەی، ئەویش هاوارێکی کرد و ئامبازی خاڵە میخائیل بوو، هەردووکیان بەدەم هانکەهانک و ئاخ و ئۆف و جنێودانەوە، گلان و بەدەم یەکدی گەوزاندنەوە کەوتنە سەر ئەرزەکە.

منداڵەکان دەستیان بە گریان کرد. پوورە ناتالیا کە دووگیان بوو هاواری دەکرد، دایکم باوەشی پێدا کرد، خێرا بۆ

دەرەوەی برد، بەڵام یەڤگینیای دایەن کە ژنێکی دەم وچاو کونجی خەنۆڵ وڕووخۆش بوو، بە هەشتاو منداڵەکانی لە مووبەقەکە بردنە دەرەوە.

هەندێ لە کورسییەکان بەدەم شەڕەکەوە کەوتنە سەر ئەرزەکە. ئیڤانی شاگرد کارخانە، کە کوڕێکی چوارشانە بوو وبە تسیگانوک بە ناوبانگ بوو، سواری کۆڵی خاڵە میخائیل بوو و، وەستا، گریگوری ئیڤانوفیچ کە کابرایەکی ڕیشنی سەرساف بوو، عەینەکێکی ڕەشی لەچاو کردبوو. بە کەماڵی ئیسراحەت بە خاولییەک هەردوو دەستی لالەمی بەست.

لالەم، لە حەژمەتا ڕدێنە ڕەشەکەی لە عاردی دەخشاند و پڕ بەزار هاواری دەکرد، باپیرەم بەدەوری مێزەکەدا دەسووڕایەوەو بە خەمباری هاواری دەکرد:

- تەمەشاکە، لای خوایە بران! برای دایک و باوکی! تفۆ لەو غیرەتەی بە ئێوە دراوە!

لە هەوەڵی شەڕەکەوە دەترسام، چوومە سەر کوورەکە، لەوێندەرەوە تەمەشای داپیرەم دەکرد، کە چۆن لەگەنێک ئاوی پێ بوو و سەروچاوە خوێناوییەکەی یاکوفی دەشت.

یاکوف دەگریا و لاقی بە عاردیدا دەکوتا، داپیرە بە خەمینییەوە دڵی دەدایەوە و دەیگوت:

- بەنەحلەت بن! خێڵی کێویان! نابێ تۆزێ ئاوەزتان بێت!

بابام ( باپیرە، باوە گەورە ) کراسە دڕاوەکەی هەڵگرتەوەو دای بە شانیا و بەڕووی داپیرەما هەڵشاخی:

- ئەی دەڵەی دێو، ئەمانە چ جانەوەرانێکنکە تۆ هێناونتە دنیاوە!

هەرکە لالە (خاڵە) یاکوف وەدەرکەوت، داپیرەم خۆی لە سووچێکی مووبەقەکە پەستاو ڕوو لە ئیکونەکان کەوتە پاڕانەوە ونزا:

- ئەی مریەمی پیرۆز، ئەی داکی خواوەندانی پاکیزە، ئەقڵ بە منداڵەکانم بدە!

باپیرەم هات بە لایەوەو لە نزیکیەوە وەستا، تەمەشایەکی مێزەکەی کرد، کە هەموو شتەکانی سەری قلْپ بووبوونەوەو ڕژابوون، گوتی:

- تۆ دایکی، ئاگات لەم کوڕانە بێت، ئەگینا " ڤارڤارا " لەناو دەبەن..

- بەڵا دوور! خودا نەکات! کوا کراسەکەت داکەنە با بۆتی بدورمەوە...

ئەوجا سەری بابامی خستە ناو هەردوو دەستییەوەو هەنیەی ماچکرد. ئەو کە لەچاو نەنکما زۆر کورتەباڵا بوو، بە زەحمەت سەری گەیاندە شانی نەنکم و گوتی:

- ئافرەت، باشتر وایە مولْک و ماڵەکەمان دابەشبکەین!

- ڕاست دەکەی پیاوەکە، ڕاست دەکەیت! هەر ئەوە تەگبیریەتی..

بەوجۆرە ماوەیەکی زۆر دۆستانە ڕاوێژ وشیرەتیان کرد. لە هەوەڵەوە قسەکانیان دۆستانە بوو، پاشان بابام وەکو کەڵەشێرێکی جەنگی خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکات، پێیەکانی لە عاردی خشاند وبە قامکان کەوتە هەڕەشە لە داپیرەم و بەدەنگی بەرز گوتی:

- من چاکت دەناسم، دەمارت دەناسم، ئەوەندەی لە خەمی ئەوانای نیو ئەوەندە لە خەمی مندا نیت! میخائیلەکەت دوو ڕوو ومونافەقێکی گەورەیەو، یاکوفیش فەرمەسۆنێکی ترسنۆکە! من دەزانم، هەموو سەروەت وسامانەکەم

لێدەسەنن و هەمووی دەدەن بە عارەق و سەرسەریاتی و بە فیرۆی دەدەن..منیش دەستم لە بنی هەمبانەکەوە دەردەچیت..

لەسەر کوورەکەوە شانم جولاند، ئوتووەکە کەوتە خوارەوە، پیرە ئوتو بە پلەکانی ئاگردان وکوورەکەدا، بە تەق وهوڕ غل بووەوە، تەپ کەوتە ناو تەشتی جل شۆرییەکە. بابام بە ترسەوە ڕاپەڕی، پڕی دامێ و لە پلەکانەوە هێنامیە خوارەوەو نیگای لە دوڕ چاوانم بڕی، دەتگوت ئەمە یەکەمجارە کە دەمبینێ:

- کێ تۆی لە سەر کوورەکە داناوە؟ دایکت؟

- خۆم سەرکەوتمە سەرەوە.

- درۆ دەکەیت.

- نا درۆ ناکەم. ترسام. لە ترسا سەرکەوتمە سەرەوە.

لە خۆی دوور خستمەوەو بە ئەسپایی شەپێکی بە تەوێلمدا کێشا.

- کوت ومت باوکیەتی! بڕۆ گوم بە لە بەرچاوم..

زۆرم پێخۆش بوو کەلەو مووبەقە دەچوومە دەرێ. بە ئاشکرا هەستم دەکرد کە بابام بەچاوە سەوزە تیژەکانی چاودێریم دەکات، لێی دەترسام.. ئێستاش لە بیرمە کە هەمیشە هەوڵم دەدا، خۆم لەو چاوە تیژ وسەوزانەی بشارمەوە. وام هەستدەکرد بابام پیاوێکی شەڕانیە. قسەی ڕەق وناخۆش بوو، گاڵتەی بە بەرانبەرەکەی دەکردو دەیڕەنجاند، سەری دەکردە سەری خەڵکی و تووڕەی دەکردن. بەردەوام ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە:

- تفۆ، ئەی عەمریان نەمێنێ!

زۆری حەز لەو وشە و جنێوانەیە، بە ئانقەست درێژیان دەکاتەوە. من ئەو وشە و جنێوانەم زۆر لەبەر گرانن، دڵم پێیان تەنگ دەبێت، لە کاتی ئیسراحەتدا، بەدەم خواردنەوەی عەسرە چاوە، کاتێ بابام و خاڵەکانم و کرێکارەکانیان شەکەت و ماندوو لە سەر کارەوە بۆ مووبەقەکە دەهاتنەوە، هەموو دەست و پلیان لە خم و زاخا بوو و هەموو قژیان بۆ سەرەوە هەڵدابووەوەو بە سەرو نەوار بەستبوویان، هەموویان ڕێک لەو ئیکونانە دەچوون کەلە سووچێکی مووبەقەکەدا دانرابوون، لەم کاتانەدا بابام

لەبەردەم خۆیدا دایدەنیشاندم ورق و حەسوودی نەوەکانی دیکەی هەڵدەستاند، زۆرتر قسەی لەگەڵ مندا دەکرد تا لەگەڵ ئەواندا، ئەوانیش ڕقیان هەڵدەستا و بەغیلیان بەمن دەبرد.

بە ڕواڵەت زۆر ڕێک وپێک وشیک بوو. کە تەمەشات دەکرد دەتگوت پەیکەرێکی جوانە. هەرچەندە ئێلەکە ئەتلەسەکەی، کە یەخەکەی ئاورێشم دۆزی کرابوو، کۆن و سواوبوو، کراسە لۆکەکەی چرچ ولۆچ بووبوو، سەری ئەژنۆ پانتۆڵەکەی پینەکرابوون، بەو حاڵەشەوە هێشتا لە کورەکانی، کە چاکەت وپانتۆڵیان لەبەر وبۆینباخی ئاورێشمیان لەمل بوو، پاک و خاوێنتر دیار بوو.

دوای گەڕانەوەو هاتنەوەمان بە چەند ڕۆژێک، ناچاری کردم نوێژ ونزا فێربم. منداڵەکانی دی لە من گەورەتر بوون، هەموویان دەچوونە کڵێسای ئوسپنسکی و لەلای قەشەکەی ئەوێندەر دەیانخوێند. گومەزی زێڕینی کڵێساکە لە پەنجەرەی ماڵەکەی ئێمەوە دیار بوون.

ئیدی منیان بە پوورە ناتالیا سپارد کە ئەو نوێژ و نزایانەم فێر بکات، پوورە ناتالیا ژنێکی ئارام و ترسنۆک بوو، سەر

وڕوخساری منداڵانە بوو، چاوەکانی هێندە گەش و ساف بوون، وام وێنا دەکرد ئەگەر زۆر لێیان ورد ببیتەوە، بتوانی هەموو ئەو بیر و هزرانەی لە مێشک و خەیاڵیدایە ببینی.

حەزم دەکرد، ماوەیەکی زۆر، بێئەوەی چاوان بتروکێنم، چاو لە دوڕ چاوانی ببڕم. هەنگێ پەیتا پەیتا چاوەکانی دەتروکاندن و سەری وەردەگێڕا و، خۆی لە نیگاکانی من دەدزییەوە، ئەوجا بە ئەسپایی و چپە ئاساوە دەیگوت:

- تکایە لەگەڵ مندا بڵێوە: " ئەی باوکە کە لە ئاسمانی..

کە من دەمپرسی وشەی " کە... " مانای چییە؟

پووریێ بە ترس و لەرزەوە، دەیڕوانییە دەوروبەر و پێی دەگوتم:

- پرسیار مەکە! پرسیار مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەوەی من دەیڵێم، لە دوامەوە بیڵێوە و تەواو... وشەی " کە... " مانای شاراوەی هەیە.

ئەو وشەیەم، لێ بوو بە مەراق، بە ئانقەست وشەکەم بە هەڵە دەدرکاند:

- کا، کی...

لێ پووریێ زیاتر ڕەنگی دەپەڕی، لەوە دەچوو وردە وردە بتوێتەوە، بەوپەڕی سەبر و حەوسەڵەوە، وشەکەی بۆ ڕاست دەکردمەوە.

- واهی نا، بە ئاسانی بڵێ: " ئەی باوکە کە لە ئاسمانی... "

بەڵام بۆ من نە خۆی سادە بوو ونە وشەکانی، بۆیە بێزار دەبووم و هەرچیم دەکرد نوێژ و نزاکەم بۆ ئەزبەر نەدەکرا.

ڕۆژێ بابام پرسی:

- ئێ ئەلکسی، بۆم باسبکە ئەمڕۆ چیت کردووە؟ یاریت کرد؟ دیارە، بەو قۆقزییەی ناو چەوانتا دیارە، دەی گرینگ نییە، خۆت تووشی ئەم سەریەشانە مەکە! کوا بزانم دوعا و نوێژەکەت ئەزبەر کردووە؟ پوورم بە ئەسپایی گوتی:

- زەینی ڕۆشن نییە.

بابام پێکەنی و برۆ سوورەکانی وێکهێنانەوە:

- کەوایە دەبێ بخرێتە ژێر کوتەک.

ئەوسا، ئاوڕی لا ی منی دایەوە و پرسی:

- بابت لێی داویت یان نا؟

من لە پرسیارەکەی حاڵی نەبووم، بۆیە هیچم نەگوت. دایکم وەڵامی دایەوە:

- نە ماکسیم قەت لێی نەدەدا، قەبووڵی نەدەکرد منیش لێی بدەم.

- بۆچی؟

- دەیگوت، مرۆڤ بە لێدان هیچ شتێک فێر نابێت.

بابام، بە تووڕەیی و بە ڕاوێژێکی توند گوتی:

- ماکسیمی ڕەحمەتی پیاوێکی گەوج و کەودەن بوو، خودا عافووی بکات.

من زۆر لە قسەکانی ڕەنجام، ئەویش هەستی پێکرد وگوتی:

- بۆچی خیشتکرد؟ بزانە ڕۆژی شەممە چۆن ساشا لەسەر ئەو ئەنگوستیلەی درومانە کوتەک دەخوات.

ئەوجا دەستێکی بە قژە سوورە بۆزەکەیدا هێنا. من پرسیم:

- کوتەک خواردن چۆنە؟

هەمووان پێکەنین و بابام بەرسڤی دایەوە:

- چاوەڕوان بکە تا بەچاوی خۆت دەیبینی...

من، خۆم لە پەنایەک نا، لە فکران ڕاچووم، لە دڵی خۆدا گوتم خەڵکی ئەو جلکانە بە گەڵاکوتک دەکوتن کە دەیانەوێ ڕەنگی بکەن، دیارە بابام ئەمەی مەبەستە. خەڵکی لە ئەسپ دەدەن، لە سە دەدەن، لە پشیکان دەدەن. لە ئەستراخان، سەربازان لە فارس و عەجەمان دەدەن، من بە چاوی خۆم ئەوەم بینیوە. بەڵام هەرگیز کەسێکم نەبینیوە لە منداڵێکی بچووک بدات. بەڵام خاڵەکانم زۆرجار لە کوڕەکانیان دەدا، دەیان کێشا بە تەوێڵ یان پشت ملیاندا، منداڵەکان گوێیان بەمە نەدەدا، تەنیا کەمێک شوێنی لێدانەکەیان دەخوراند ودەشێلا و هەموو شتێکیان لە بیر دەکرد، زۆرجار لێم دەپرسین: - ئازارتان دێت؟

لێ هەموو جارێ، ئازایانە بەرسڤیان دەدایەوە:- نە، یەک زەڕەش نایەشێت!

من ئاگام لە بویەری ئەنگوستیلەی درومانەکە هەبوو. هەردوو خاڵەکەم، سەرۆکی کرێکارەکان، لەماوەی نێوان چا خواردنەوەی عەسر و شێودا، پێکەوە پارچە قوماشە بۆیاخ کراوەکانیان پێکەوە دەدرو ودەیانکرد بە یەکپارچە. ئەوجا پارچە کاغەزێکیان پێوە دەنا بۆ ناسینەوەی.

لالە میخائیل ویستی شۆخی دەگەڵ گریگوریدا، کە تەقریبەن نیمچە نابینا بوو، بکات. بە برازا نۆساڵەکەی خۆی گوتبوو کە ئەنگووستیلەی درومانەکەی گریگۆری بە مۆم داغ بکا. ئیدی ساشای نۆ ساڵان، هەستابوو بە مقاشێک ئەنگوستیلەکەی لە سەر ئاگری مۆمەکە ڕاگرتبوو تا سوور بووبووەوە، ئەوجا لەبەردەستی گریگۆری دانابوو و خۆی لەپشت موغەیریەکەوە شاردبووەوە. بەڵام ڕێک لەو کاتەدا بابام هاتە ژوورەوە، دانیشت و خۆی بۆ کارکردن ئامادەکرد، پەنجەی کرد بە ئەنگوستیلە گەرمەکەدا.

لە یادمە، من بە ڕاکردن خۆم بە مووبەقەکەدا کرد تا بزانم ئەم هات وهاوارەچییە، بابام بۆچی ئەو هاوارە ترسناکەی کرد، دیتم، بە شێوەیەکی کومیدی دەستە سووتاوەکەی بە گوێچکەیەوە گرتووە و بەدەم هەڵبەز و دابەزەوە هاوار دەکات:

- هەی کافرینە، کێ ئەمەی کردووە؟

لالۆ میخائیل، لەو کاتەدا بە سەر مێزەکەدا داهاتەوەو بە سەری قامکان، ئەنگوسیلەکەی دەجوڵاند وفووی لێدەکرد. بەڵام وەستا گریگوری، بێئەوەی گوێ بە هیچ بدات،

خجڵی(خەریک) دروومانی خۆی بوو. سێبەرەکان، بە سەر سەرە ساف و گەورەکەیەوە سەمایان دەکرد.. لالە یاکوفش بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ئەوبەر و لە سووچێکی موغەیریەکەدا خۆی قایم کرد و بە ئەسپایی پێدەکەنی، کەچی نەنکم پەتاتەی خاوی دەجنی تا قامکی بابامی پێ مالیجە بکات.

لالۆ میخائیل، لە ناکاوا هەڵیدایە وگوتی:- ئەمە کاری ساشای کوڕی یاکوفە.

یاکوف، لە پشت موغەیرییەکەوە دەرپەڕی و هاواریکرد:

- درۆ دەکەی، قسەی قۆڕ!

ساشا، لە سووچێکی مووبەقەکەوەو بەدەم گریانەوە هاواریکرد:

- باوکە باوەڕی پێمەکە، خۆی هانیدام ئەو کارە بکەم.

خاڵەکانم دیسان کەوتنە شەڕ وجنێوان. بابام هەر زوو هێور بووەوە. تۆزێ پەتاتەی جنراوی لە قامکی نا و منی لەگەڵ خۆیدا برد و هیچی نەگوت.

هەموو پێیان وابوو، خەتاکە خەتای لالۆ میخائیلە، من هەقی خۆم بوو لە سەر چا خواردنەوە بپرسم ئایا لە لالۆم دەدەن یان نا؟

بابام خێسەیەکی لێکردم و لەبن لێوانەوە گوتی:- هەڵبەتە، هەقی لێدانی هەیە!

لالۆ میخائیل مستێکی بە مێزەکەدا کێشا و بەڕووی دایکما هەڵشاخی:

- ڤارڤارا، جڵەوی ئەم تووتکە سەگەت بگرە، دەنا ملی هەڵدەکێشم!

دایکم وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر ئازای خۆت تاقیبکەوە و دەستی بۆ ببە!..

بێدەنگی باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا...

دایکم توانای ئەوەی هەبوو بەچەند وشەیەکی کورت، لە هەنبەر هەر کەسێکدا داکۆکی لە خۆی بکات وبەرپەرچیان بداتەوەو بێدەنگیان بکات. هەستم دەکرد هەمووان لە دایکم دەترسن و حیسابی بۆ دەکەن. تەنانەت باباشم بە زمانێکی نەرمتر لەوانی دی قسەی لەگەڵدا دەکرد. من ئەو حاڵەتەم

زۆر پێخۆش بوو، لە هەنبەر خاڵۆزاکانما، خۆم پێوە هەڵدەکێشا و دەمگوت:- داکم لە هەمووان بە دەسەڵاتترە!

ئەوان هیچیان نەدەگوت...

بەڵام ئەوەی ڕۆژی شەممە ڕوویدا، متمانەی بە داکم لەق کرد... ئەوەبوو ڕۆژی شەممە، فرسەتێکم بەدەست هێنا و سەرپێچییەکم کرد و هەندێ کێشەی بۆ دروست کردم..

کاری خمگەری وڕەنگرێژی زەلامەکان، زۆر مژوولی کردبووم، بۆ نموونە پارچەیەکی زەردیان دێنا، لە ئاوێکی ڕەشیان هەڵدەکێشا، یەکسەر دەبوو بە شین یان بە نیلی... یان پارچەیەکی سپیوازیان لە ئاوێکی سوور هەڵدەکێشا ویەکسەر ڕەنگەکەی دەگۆڕاو دەبوو بە مارۆنی. بە ڕواڵەت کارێکی زۆر ئاسان بوو، بەڵام گونگ و نامەفهووم بوو، بەهیچ جۆرێ سەرم لێدەرنەدەکرد.

ئیدی لە دڵی خۆدا حەزی ئەوەم لا دروست بوو کە منیش ئەو کارە بجەڕبێنم، ئەو حەز و ئارەزووە پەنهانەی خۆم بە ساشای کوڕی یاکوف گوت، ساشا کوڕێکی سەلار و سەنگین بوو، هەمیشە دوای کرێکارەکان دەکەوت وخزمەتی دەکردن، ئەوانیش هەموویان، جگەلە بابام، چونکە گوێڕایەڵ و بە

خزمەت بوو، خۆشیاندەویست و دەیاندواند. بابام، هەمیشە بە ڕقەوە تەمەشای ئەو کوڕەی دەکرد و دەیگوت:

- زمانلوسێکی سەیرە!

ساشا، کوڕێکی باریک و بنێسی ڕەشتاڵە بوو، چاوەکانی زەق لە چاوانی قرژاڵ دەچوون، هێواش بەڵام بلەز قسەی دەکرد، نیوەی وشەکانی قووت دەدا، هەمیشە سرک وسڵ بوو، بە گومانەوە دەیڕوانیە ئەملا وئەولا، لەتۆ وایە دەیەوێ بڕەڤێ یان خۆی وەشێرێت. زۆرجار بیلبیلەی چاوە قاوەییەکانی دەوەستان و کەمترین جولەیان لێوە نەدەهات. بەڵام هەرکاتێ لە شتێک پەست بوایە یان تووڕە بوایە، سپێنە و ڕەشێنەی چاوی دەکەوتنە لەرزین.

وێڕای ئەوەش خۆشم نەدەویست، حەزم لە چارەی نەبوو. زیاتر بەلای کوڕەکەی خاڵە میخائیلدا مایل بووم، ئەویش نێوی ساشا بوو. کوڕێکی مەند و تەمەڵ و تەوەزەل و کەر بوو... چاوەکانی خەمناک بوون، بزەیەکی شیرین بەسەر لێویەوە بوو، زۆر لە دایکی دەچوو. ددانەکانی زۆر دزێو بوون. لە زاری هاتبوونە دەرێ، دوو ڕیز ددانی نارێک لە کاژێری (شەویلاگە) سەرەوەی سەریان دەر هێنابوو، هەمیشە

خەریکی ددانەکانی بوو، بەردەوام قامکی لە زاریدا بوو، هەوڵی دەدا ددانەکانی ڕیزی دواوەی دەربێنێ، ڕێگەی بە هەر کەسێک دەدا، بە ئارەزووی خۆی تەمەشای ددانەکانی بکات. من هیچ شتێکی تری شایستەی سەرنجم لەودا بەدی نەکرد. لە ماڵە جەنجاڵەکەی مەدا، هەمیشە گۆشەگیر ودوورەپەرێز بوو، حەزی دەکرد بە ڕۆژەوە لە یەکێک لە گۆشە تاریکەکەکاندا دابنیشێت و بە شەوان لە نزیک پەنجەرەکەوە دابنیشێت. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد، لە نزیک ئەوەوەو، لەبەر پەنجەرەکەدا، بە بێدەنگی و بۆ ماوەی سەعاتێک یان زیاتر، بێئەوەی ورتەم لێوە بێت، دانیشم و تەمەشای ئەو قەلە ڕەشانە بکەم کە بەسەر گومەزی زێڕینی کلێساکەی ئوسپنسکی دا دەسووڕانەوە،هەر تاو ناتاوێ دەنیشتنەوە و هەڵدەفڕین وئاسۆی ئاڵی خۆر لەزەردەی ئێوارێ هێندەی دی دیمەنەکەی دەڕازاندەوە. قەلەڕەشەکان بەرز دەبوونەوە و پاشان دادەهاتنەوەو دەنیشتنەوە.. لە ناکاوا لە شەقەی باڵیان دەدا، بە ئاسمانی بەرینەوە ڕەش دەچوونەوە، ئەوسا دەڕۆیشتن و ئارامی و بۆشاییەکی کوشندەیان لە دوای خۆ بەجێدەهێشت. وەختێک مرۆڤ تەمەشای ئەو دیمەنانە دەکات وهیچ ئارەزوویەکی قسە

کردنی نامێنێ، خەمێکی ناخۆش دڵی دەگرێت، لێ ساشای کوڕی لالە یاکوف، دەیتوانی وەکو پیاوێکی تەواو باسی هەموو شتێک بکات وهەر کاتێ بیەوێ قسە بکات. وەختایەک زانی کە من حەزم لەوەیە، شارەزایی لە پیشەی ڕەنگڕێژی (خمگەری) دا پەیدا بکەم، ئامۆژگاری کردم، کە وەکو یەکەم ئەزموون، پەردە گەورەکەی سەر مێزەکە، کەلە ڕۆژانی یەک شەممان و جەژنەکاندا بەکار دەبرا، لە گەنجینەکە دەربێنم و لە ڕەنگی شینی بگرم. بە تۆنێکی جدی گوتی:- شتی سپی، لە هەر قوماشێکی دی باشتر ڕەنگ دەگرێت.

پەردە قورسەکەم دەرهێنا و بەڕاکردن بۆ حەوشەم برد... بەڵام هەرکە چمکێکیم لە حەوزە خمەکە نا، تسیگانۆک، نەمزانی لە کوێوە پەیدا بوو، پەلاماری دام و پەردەکەی لە دەستم دەرهێنا وبە دەستە گەورەکانی گوشی، بانگی کوڕە خاڵەکەمی، کە لەناو دەرگاکەدا وەستابوو و تەمەشای دەکرد ، بانگی کردو گوتی:- خێرا داپیرەت گاز بکە!

ئەوجا ئاوڕی لای منی دایەوە، سەرە ڕەش و قژنەکەی لەقاند و بە تۆنێکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی:- مەگەر خوا بزانێ لە سەر ئەم کارەت چ بەڵایەکت بەسەر دێنن!

داپیرەم، بە هەڵەداوان هات، کە چاوی بە پەردەکە کەوت، کەوتە داد وبێداد، تەنانەت گریاش، بە شێوەیەکی کومێدی کەوتە سەرزەنشت کردنم:

- ئۆف لە دەست تۆ،هەی لاساری خوێڕی! کوڕی " بیرم "ە کەر! دەک ڕاست نەبیتەوە بۆ خۆت وکارت! فایدەی نییە دەبێ فەلاقە بکرێی...

ئەوجا کەوتە تکاو ڕجا لە تسیگانوک:

- فانیا گیان، ئەمە بە بابای مەڵێ!... من دەیشارمەوە... بەڵکو مەسەلەکە بە سەلامەتی تێ بپەڕێت...

فانیا، لە کاتێکا، بە پەشتەماڵە بۆیاویەکەی دەستەکانی خۆی هیشک دەکردەوە، گوتی:

- ترست لە من نەبێت، من هەقم نییە و قسە ناکەم، بەڵام ئاگات لە ساشا بێ، فیتنەیی نەکات!

نەنکم دەستی منی گرت و بەرەو ماڵی بردمەوەو گوتی:

- یەک دوو کوپیکان دەدەمە ساشا و دەمی دەگرم.

ئەو شەممەیە، پێش نوێژی ئێوارە، یەکێک لە خەڵکانی ماڵەکە، ئێستا لە بیرم نەماوە کیهەیان بوو، دەستی گرتم و

بۆ مووبەقەکەی بردم. مووبەقەکە تاریک و بێدەنگ بوو. لە یادمە کە دەرگای ڕاڕەوەکان وهەموو ژوورەکان خڕ داخرابوون، لە پەنجەرەکانەوە ئێوارەی خەمناکی پایز دیاربوو، دنیا سپیواژ وبە تەمتومان بوو، دەنگی دنکە دنکەی باران کەلە شووشەی پەنجەرەکانی دەدا، دەهاتە گوێ. تیسگانوک، لە سەر تەپڵەکێک و لەبەر موغەیریە رەشە گەورەکە ڕۆنیشتبوو، زۆر خەمین و خەمبار بوو... بابام لە نزیکی بەرمیلێکدا، کەلە سووچێکدا دانرابوو، وەستا، خەریک بوو ئەو تەرکە درێژانەی دەردێنا کەلە بەرمیلەکەدا بوون، بەیەکی گرتن و کردنی بەیەک گورزە، بە جۆرێ بە هەوادا بایدان کە دەنگیان لێ بەرز بووەوە... داپیرەم لە شوێنێکی تاریکدا وەستابوو و بڕنووتی هەڵدەمژی و لە بن لێوانەوە دەیگوت:- ئەم زاڵمە دڵڕەقە، خۆشحاڵە!

ساشای کوڕی لالە یاکوف، لە ناوەندی مووبەقەکەدا لەسەر کورسییەک هەڵکوڕمابوو، بەدەست چاوەکانی هەڵدەگڵۆفتن ووەکو دەرۆزەکەرێکی پیر، دەکوڕوزایەوە و دەپاڕایەوە و دەیگوت:

- مەعز بۆ خوا، بیکە بە خاتری مەسیح بمبورە...

ساشای کوڕی خاڵە میخائیل وخوشکە بچووکەکەی شان بەشانی یەک و لە پشت کورسییەکەوە وەستابوون، بێ جووڵە و ڕەق ڕاوەستابوون، لەتۆ وایە پەیکەرن و لەبەرد دروستکراون.

بابام بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە. تەرکە (شووڵ) درێژ و تەڕەکەی بادا و گوتی:

- کە دارکاریم کردیت، هەنگێ لێت دەبوورم. دەی خێرا پانتۆڵەکەت دابکەنە!

بە کاوەخۆ ئەو قسانەی دەکرد، نە دەنگی ئەو، نە جووڵە جووڵی منداڵەکە کە بە چوار مشقی لە سەر کورسیەکە دانیشتبوو، نە دەنگی پێی نەنکم، ئەو بێدەنگیەیان نەدەشڵەقاند کە باڵی بەسەر مووبەقە تاریک و نزم و دووکەڵاویەکەدا کێشابوو.

ساشا، هەستا، دووگمەی پانتۆڵەکەی کردنەوە، پانتۆڵەکەی تا ئەژنۆکانی هێنایە خوارەوە. دەستی نایە سەر کورسیەکەو تەواو دانەوییەوە، مرۆڤ کە تەمەشای دەکرد بەزەیی پێیدا دەهاتەوە، دڵی پێی دەسووتا، کە ئەوم بەو حاڵەوە بینی، لاقەکانم بە توندی کەوتنە لەرزین. کە دیتم بەوپەڕی

بێدەسەڵاتی، بەدەما لەسەر تەختەکە ڕاکشا و ڤانیا بە خاولیەکی درێژ هەردوو لاق وباڵەکانی توونند بە تەختەکەوە بەست، هێندەی دی دڵم بە حاڵی سووتا. ئەوجا دانەوییەوە و بە دەستە ڕەشەکانی هەر دوو قولەقاپی گرت...

بابام بانگی کردم:

- ئەلکسی! وەرە ئێرە! زووکە دەی! نزیک ببەوەو تەمەشا بکە و بەچاوی خۆت کوتەک و دارکاری ببینە... باش تەمەشا بکە... یەک...

تەرکەکەی بەرزکردەوە، دای هێنایەوەو تا توانی کێشای بە پاشەڵی ڕووتی ساشادا، ساشا، یەک بە خۆی هاواریدەکرد...

بابام گوتی:

- درۆ دەکەی! ئەوەیان نەیەشا! خۆت بۆ ئەمەیان بگرە، تا پێتی نیشانبدەم کە ئێش یانی چی!

لێدانێکی وەهای لە منداڵەکە دا، کە یەکسەر جەستەی ئاوسا و هێڵێکی سووری تۆخ لە سەر جەستەی نەخش بوو، خاڵۆزاکەم هاوارێکی دوور ودرێژی کرد.

بابام، کە لێکدا لێکدا بازووی بەرز دەکردەوە و دای دەهێنایەوە:

- ناخۆشە؟ بە دڵت نییە! ئەمە سزای ئەنگوستیلەکەیە!

کە دەستی بەرز دەکردەوە، دڵم لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەستی ئەودا بەرز دەبووەوە. کە دەستی دادەهاتەوە، دڵی منیش دادەخورپا. ڕێک وەکو ئەوە بوو جەزرەبەکە بەر جەستەی من بکەوێت.

ساشا، بە دەنگێکی بەرز وتیژ دەی زیڕاند و سوێی دەخستە دڵی گوێگرەوە:

- جارێکی دی واناکەم! ئەدی من بۆ پەردەی سەر مێزەکە پێم نەگوتی؟

بابام، بە دەنگێیکی یەکنەوا دەیگوت و دەیگوتەوە:

- جاسووسی خەتایەکەت ناسڕێتەوە! جاسووسی شەفاعەتت بۆ ناکات! شەلاخی یەکەم دەبێ بۆ جاسووس وشۆڤار بێت، ئێستا نۆرەی تۆیە لە سەر پەردەی سەر مێزەکە!

نەنکم، خۆی بە سەرما دا، وە بن باڵی خۆی نام، باوەشی پێدا کردم و هاواریکرد:

- نایەڵم لە ئەلکسی بدەیت، هەرگیز نایەڵم، هەی دێوی هۆڤی!

نەنکم لێکدا لێکدا بە پێ دەیکێشا بە دەرگاکەدا وهاواریدەکرەد:

- ڤاریوسا، ڤارڤارا!

بابام پەلاماری دا و دای بە عاردیدا و منی لە دەستی دەرهێنا وهەڵیگرتم و بۆ لای تەختەکەی بردم... بێهودە هەوڵمدەدا خۆمی لەدەست دەربێنم، ڕدێنە سوورەکەیم ڕادەکێشا، گازم لە پەنجەی دەگرت، کە گازم لە قامکی گرت، هاواری لێ هەستا و توندتر گوشیمی، ئەنجام خستمیە سەر تەختەکە، دەم وچاوم کەوت بە تەختەکەدا و بریندار بوو.

ئێستاش هاوارە هۆڤیانەکەیم لە بیرە کە دەیگوت:

- بیبەستنەوە! دەیکوژم!

ئێستاش، ڕوخسارە سپی و چاوە درشتەکانی ئەوساتەی دایکم لەبیرە... بە دەوری تەختەکەدا دەسووڕایەوە و بە دەنگی گیراوەوە دەیگوت:

- باوکەگیان بەسە! وازی لێ بێنە... بیدەوە بە خۆم...

بابام دەستبەرداری لێدانم نەبوو، تا لەخۆ چووم، نەخۆش کەوتم، چەند ڕۆژێک لە جێدا کەوتم، لە ژوورێکی بچووکا لە ناو جێگایەکی گەرما لە سەر دەم کەوتم، ژوورەکە یەک پەنجەرەی هەبوو، چرایەکی کزی گڕسوور بە بەردەوامی لە ژوورەکەدا دەسووتا و بەرانبەر ئەو گۆشەیە دانرابوو، کە پڕ بوو لە ئیکونەی وەلیان و پیاوچاکان.

بۆمن ڕۆژانی نەخۆشییەکەم، بە قۆناغی گرینگ و سەرەکی ژیانم دەژمێردرا. لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا، هەستم دەکرد زۆر بلەز گەشە ونەشە دەکەم و دەگۆڕێم. ئیدی لەو قۆناغە بەدواوە هەستم بەرانبەر بە تیرەی بەشەر گۆڕا، هەستم بە نیگەرانیەکی قووڵ بەرانبەر بە بەشەر دەکرد، وەکو ئەوە بوو یەکێک دڵی کەوڵ کردبم، ئیدی لەوەبەدواوە، دڵم بەرانبەر هەر تەوهینێک،چ بەخۆم بکرایە چ بە غەیرەز خۆم بکرایە، هەستیارییەکی سەیری پەیدا کرد.

لە پێش هەموو شتێکا سەرم لەو شەڕە سوڕما کەلە نێوان نەنکم و دایکما ڕوویدا، زۆرم پێ ناخۆشبوو... نەنکم ژنێکی زەلامی ڕەش بوو، لەو ژوورە تەنگەدا دایکمی بەگیر هێنابوو

وخزاندبوویە ئەو سووچەوە کە ئیکونەکانی لێبوو، شاڵاوی بۆ دەبرد و بە دەنگێکی فیتوو ئاسا دەیگوت:

- بۆچی لە دەستیت دەرنەهێنا؟ ها؟

- دەترسام!

- داوەشێی، ترسی چی، لەوە گەورەتر دەبیت؟ شەرم لە خۆت ناکەیت؟ من بەم پیرەژنیەی خۆمەوە ناترسم! تۆ دەترسیت، بەڕاستی شەرمە!

- دایکە وازم لێبێنە! خەریکە دڵم شەق دەبات!

- نا تۆ خۆشت ناوێ، دڵت بەحاڵی ئەم هەتیوە بەلەنگازە ناسووتێت!

دایکم بە دەنگێکی بەرزی خەمین گوتی:

- منیش سێویم. تاماوم هەر بە بێکەسی و هەتیوی دەمێنمەوە!

پاشان هەردووکیان لە سەر سەندووقەکەی نزیکی سووچەکە دانیشتن و بە دوو قۆڵی دەستیان بە گریان کرد ومودەتێکی باش گریان.

دایکم گوتی:

- ئەگەر لەبەر ئەلکسی نەبوایە سەری خۆم هەڵدەگرت، لێرە دەڕۆیشتم! من لەم دۆزەخەدا هەڵناکەم! بەڕاستی تاقەتم چووە، توانام نەماوە دایکەگیان!

نەنکم لە بن لێوانەوە دەیگوت:

- کوڕەکەم، گیانەکەم، جەرگەکەم!

ئیدی گەییمە ئەو قەناعەتەی کە دایکم لەوانی دی بە دەسەڵات ترو بەهێزتر نییە، ئەویش وەکو ئەوانی دی لە باپیرەم دەترسێت و، من بوومەتە سەدەمی(هۆ) ئەوەی لەو ماڵەدا، کە زۆر لێی بێزارە، بژی... ئەمەم زۆر لەبەر گران بوو! دوای ماوەیەکی کەم دایکم بژی... ئەمەم زۆر لەبەر گران بوو! دوای ماوەیەکی کەم دایکم لە ماڵەکەدا دیار نەما، پێیان گوتم چووەتە سەفەر. ئیدی نەمزانی کێوە چوو...

ڕۆژێک بابام هاتە سەرینم... وەکو ئەوە بوولە میچەکەوە هاتبێتە خوارەوە. لە قەراخ تەختە خەوەکەم دانیشت، بە

دەستە ساردەکانی کە دەتگوت سەهۆڵن کەوتە نەوازشی سەرم:

- بەیانیت باش، کوڕی باش! کوا وەڵامی من بدەوە، ڕقم لێ هەڵمەگرە! دەی حاڵت چۆنە؟

پڕبەدڵ حەزم دەکرد بەر لەقەی بدەم، بەڵام لە تاو ئازار نەم دەتوانی بجوڵێم. لەلامەوە دانیشت، قژەکەی لەبەرچاوم لە جاران سوورتر بوو، شەکەت و ماندوو، بە نیگەرانیەوە، سەری دەلەقاند. چاوە درەخشانەکانی بڕینە دیوارەکە، لەتۆ وایە لە شتێک بە سەر دیوارەکەوە دەگەڕێن. شەکرلەمەیەکی بە زەنجەبیلی لە گیرفانی دەرهێنا، دوو نوقڵی نەباتی شەیپور ئاسا و سێوێک و لۆچێک مێوژی دەرهێنا و، هەر هەموویانی لە سەر سەرینەکەم و لە نزیکی کەپوومەوە دانان:

- تەمەشا، شیرینیم بۆ هێناون!

ئەوجا داهاتەوەو هەنیەی ماچ کردم.. ناوبەناو، بەکاوەخۆ دەستی بەنێو چەوانمدا دێنا، دەستەکانی چکۆلە و ڕەق بوون، قامکەکانی ئامال زەرد بوون، بەتایبەتی نینۆکە

خواروخێچەکانی، کەلە چنگی پەلەوەر دەچوون. بە ئەسپایی گوتی:

- بابۆ، من ئەو ڕۆژە، زۆرم لێدایت، بەدەست خۆم نەبوو، زۆر تووڕە بووم، بە تایبەتی تۆ لێم هەڵگەڕایتەوە، دەم وچاوت بەر چڕنۆکان دام، قامکت گەستم، ئیدی منیش دەهری بووم! بەهەرحاڵ ئەم جارەیان زۆرم لێدایت، بەڵام خەمت نەبێ جاری داهاتوو تۆڵەت بۆ دەکەمەوە! بەڵام حەزدەکەم ئەوە بزانی کە وەختێک یەکێک لە کەس و کارت، لێت دەدەن مانای وا نییە ڕقیان لێتە، بەڵکو، لە بەر بەرژەوەندی تۆیە، بۆ پەروەردەی تۆیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا پەند و دەرسە، نەک سەرکوتکردن و چاو شکاندن! بەڵام ئازا بە نەیەڵی بێگانان لێت بدەن. وا خەیاڵ نەکەی من بە منداڵی لێدانم نەخواردووە، جاری وا هەبووە بە جۆرێ لێیان داوم تۆ لە ناخۆشترین خەوندا نەت بینیوە، ئەلیوشا گیان زۆر هۆڤیانە لێیان دەدام! بەجۆرێ لێیان دەدام ئەگەر خودا بیدیبایە، هۆن هۆن بۆم دەگریا! ئەنجام چ بوو؟ ئەنجام ئەوە بوو کە منی هەتیو، کوڕی بێوەژنێکی بێنەوا و بەلەنگاز، گەییمە ئێرە و بووم بە خاوەن و سەرۆکی کارگایەکی تەواو، ئەمر بەو خەڵکانەی دەوروبەرم دەکەم.

بابام جەستە ڕەقەڵە و بتەوەکەی لێ نزیک کردمەوە و کەوتە گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی منداڵی خۆی، زۆر بە ڕوونی و ڕەوانی، بێئەوەی گرێی بێنێتە بەر قسانی دەکرد.

چاوە کەسکەکانی دەدرەوشانەوە، قژە سوورەکەی دەبریسکایەوە، دەنگە بەرزەکەی سات بە سات بەرزتر وتووندتر دەبوو. زاری لێ نزیک کردمەوەو گوتی:

- تۆ بە کەشتی هەڵم بۆ ئێرە هاتی، یانی هەڵم بۆ ئێرەی هەڵگرتی، بەڵام من بە منداڵی، بە بەلەمی گەورەو بە زەبری بازوو بە پێچەوانەی ڕەوت و شەپۆلێن ڤولگاوە بۆ ئێرە هاتووم، بەلەمە گەورەکە بەسەر ئاوەکەوە بوو منیش بە کەناری ڕووبارەکەدا، بە پێی پەتی، بە سەر بەردی تیژ وچقڵە شینکە و دڕواندا، لە بەیانیەوە تا ئێوارە پیرە بەلەمم ڕادەکێشا! هەتاو لە پشتی ملی دەدام، سەرم دەتگوت مەنجەڵێکە و شتێکی تیادا دەکوڵێت. سەرم دادەنەواند و ڕێم دەکرد، ئێسقانەکانم دەنگیان لێوە دەهات، لە پەستا و بێ پسانەوە ڕێم دەکرد، بەرپێی خۆمم نەدەبینی، چاوەکانم تەژی ئارەقە دەبوون و لە دڵی خۆدا

دەگریام و لێوەکانم تەتەڵەیان دەکرد. ئالیوشا گیان، ئیدی هەر مەپرسە، بۆت نەبوو ناڕەزایی و بێزاری دەر ببڕێت، ئەوەندە ماندوو دەبووم، بە دەما دەکەوتم و سەری ئەو گوریسەم لەدەست بەر دەبوو کە بەسەر شانمەوە بوو، بەمە خۆشحاڵ دەبووم! مانای وابوو، دوا هێز و توانای خۆت بەکار هێناوە، ئیدی بۆ خۆ پشوویەک دەدەم و لنگی لێڕادەکێشم و بۆخۆ دەمرم! بەڵێ ئێمە ئەوسا بەوجۆرە بەبەرچاوی خوا و سەروەرمان عیسا مەسیحەوە دەژیاین و ڕۆژمان دەگەیاندە شەو... بەڵێ من لە ژیانمدا سێ جاران بەو جۆرێ کە بۆم گێڕایتەوە، ڤولگای دایکمانم بڕیوە: لە سمبیرسکەوە تا ریبینسک، لە ساراتۆفەوە تا ئیرە، لە ئەستراخانەوە تا ماکارییف و بازاڕی گەورە، ئەمە گاڵتەیە، بیخەیتە سەریەک هەزاران فرسەخ دەبێت! لە ساڵی چوارەمی خزمەتەکەمدا، بەرزکرامەوە بۆ سەرۆک و بەرپرسی، بەلەم ڕاکێشەکان. ئەنجام خاوەن کارەکەمان بۆی دەرکەوت کە من لە حەیوان زیاترم، تەنیا حەیوانێک نیم بۆ بەلەم ڕاکێشان!..

بابام، کە باسی قۆناغەکانی ژیان و سەربهوردی خۆی دەکرد، بەردەوام لەبەرچاوم دەگۆڕا، وەکو پەڵە هەورێکی

بچووک دەهات و گەورە دەبوو و لەبەرچاوم دەبوو بە پاڵەوانێکی بەهێز، پاڵەوانێک کە دەیتوانی بە تاقی تەنیا و هەر خۆی بەلەمێکی بارکێشی سپیواژی گەورە، بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕوبارە مەزنەکەوە ڕابکێشێت..

هەندێجار، لە تەختەکە دەچووە خوارەوەو تەمسیلی بۆ دەکردم، بەهەر دوو دەست نیشانی دەدام کە چۆن کرێکارەکان بە گوریسەکانیان بەلەمەکانیان ڕادەکێشا و ئاویان لە بەلەمەکان دەردەدا. ئەوجا بە دەنگێکی گڕ گۆرانی ناباوی دەگوت، ئەوجا دەگەڕایەوەو لە قەراخ تەختەکە دادەنیشت وبەدەنگی بەرز بەردەوام دەبوو ودەیگوت:

- وێڕای ئەوەش ئەلکسی گیان، شەوانی هاوین بۆ ئیسراحەت لە ژیگولیا لامان دەدا، ئاگرێکمان لە بناری گردۆلکە سەوزەکان دەکردەوە تا شۆربایەک ئامادە بکەین. بەڕاستی ئەلکسی گیان ڕۆژگارێکی خۆش بوو! ئیدی پیرە شۆربا لە مەنجەڵەکەیدا دەکولا. لە پڕ یەکێک لە کرێکارەکان هەڵی دەکردە گۆرانی، بە دەنگە سازگارو بەجۆشەکەی ماندوویەتی لەدڵ دەڕەواندینەوە، ئێمەش لەگەڵیا دەمان

گوت و بۆمان دەسەندەوە، ئیدی لە خۆشیا لە پێستی خۆ نەدەهێورین و خەریک بوو لە خۆشیانباڵ بگرین و هەموو خەم و ماندوویەتیەکمان فەرامۆش دەکرد، وامان هەستدەکرد قولگا خێراتر دەڕوات و وەکو ئەسپێکی تووڕەوتۆسن، تاو دەدات، هەڵدەستێتە سەر پاشووان و دەیەوێ سەر لە ئاسمان بسوێ! هەنگێ، هەر خەم و پەژارەیەکمان هەبوو دەڕەوییەوەو وەکو تەپوتۆزێک با ڕای بماڵێ، دەسڕدرایەوە! ئیدی بەدەم گۆرانی و سترینەوە، شۆرباکەمان، لەسەر ئاگرەکە لەبیر دەچوو، هەنگێ بەسەر ئاگرەکەدا هەڵدەچوو، دەکەوتینە سەرزەنشتی ئاشپەزەکە ودەمانگوت: هەقی خۆتە بەشداری گۆرانی و ئاهەنگ بکەی، بەڵام نابێ کارەکەشت لەیاد بکەی، کەیف و شادی بە جێی خۆی کار بە جێی خۆی!

چەند جارێک لە دەرگاوە سەریان کێشا وداوای باپیرەمیان کرد، بەڵام هەموو جارێ من داوام لێدەکرد ودەمگوت:

- تۆزێکی دیکەش وەمێنە و مەڕۆ!

ئەو پێدەکەنی و بەدەست ئامازەی بۆ دەکردن و دەیگوت:- لەوێ چاوەنوڕ بکەن...

تا خۆرئاوا باسی خۆی بۆ کردم. کاتێ بەوپەڕی میهرەبانی خواحافیزی لەمن کرد و ڕۆیی، گەییمە ئەو قەناعەتەی کە بابام نە پیاوێکی ترسناک و نە شەڕانیە.

بەڕاستی، هەرچەند بیرم دەکەوتەوە کە ئەم پیاوە، ئەو ڕۆژە بەو دڵڕەقیە بەربووە وێزەم و بەو دڕندەییە دارکاری کردم، دڵم دەگوشرا، هەوڵمدەدا لەبیری خۆمی بەرمەوە، بەڵام فایدەی نەبوو و نەبوو. نەمدەتوانی فەرامۆشی بکەم.

دوای سەردانەکەی بابام، ئیدی ڕێگا بۆ ئەوانی دیکەش کرایەوە. لە بەیانیەوە تا بەتلێکی شەوێ دەڕۆیی، یەکێک لە خەڵکی ماڵەکە بە دیارمەوە دادەنیشت وهەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەک بووە دڵنەواییم بکات. ئێستاش لەبیرمە کە ئەو هەوڵانە هەموو جارێک سەرکەوتوو ودڵخۆشکەرە نەبوون.

نەنکم لە هەموو ئەوانی دی پتر دەهاتە سەرینم. هەمیشە لەگەڵ مندا ولەسەر یەک تەخت دەخەوت. بەڵام ئەو کەسەی زۆرترین کاریگەری بەسەرمەوە بەجێهێشت، بێ چەند و چوون تسیگانوک بوو. گەنجێکی چوارشانەی سینگ پان بوو، سەرێکی گەورە و قژێکی ڕەشی لوولی هەبوو،

دەمەو ئێوارەیەک بۆلام هات، دەستێک جلکی یەک شەممەی لەبەر بوو کە بریتی بوو لە کراسێکی ئاوریشمی زەردی کاڵ و پانتۆڵێکی مەخمەڵی فش و فۆڵ، جووتێ چەکمەی لە پێدا بوو، بەدەم ڕێوە جیڕەجیڕیان دەکرد و لە دواوە وەکو ئامێری ئوکوردیون دەنوشتانەوە. قژەکەی دەبریسکایەوە، چاوە خێل و گەشەکانی لەژێر برۆ ڕەشەکانیەوە دەدرەوشانەوە، ددانەکانی لە ژێر سمێڵە باریکەکەیەوە دەبریقایەوە، ڕوناکی قرمزی ئەو چرایەی کە بەردەوام بە دیار ئیکونەکانەوە دەسووتا، دەیدا لە کراسەکەی وڕوناکیەکەی عەکس دەکردەوەو دیمەنێکی هێندە جوانی دەنواند، ئۆخژنی دەخستە دڵ و دەروونەوە.

تسیگانوک، قۆڵی کراسەکەی هەڵکرد و، باسکی کە یەکپارچە جێگای تەرکە وشول بوو نیشاندام و گوتی:

- تەمەشا، بزانە چییان بە سەرم هێناوە، دەبینی چەند ئاوساوە! ئێستا باشە، کەمێک دامرکاوەتەوەو سارێژ بووە!... کە دیتم بابات تووڕە بووەو جڵەوی خۆی لە دەست داوە، ئیدی یەکسەر زانیم لێبڕاوە لێت بدات و نیوە مەرگت بکات، ئیدی خێرا، دەست و باسکم خستەبەر شولکەکەی دەستی و

لەدڵی خۆدا گوتم تەرکەکەی دەستی دەشکێت و دەڕوات تا شولکێکی تازە بێنێ و ئیدی دایکت یان نەنکت لەم ماوەیەدا دەرفەت دەهێنن و تۆ دەرباز دەکەن، دوورت دەخەنەوە... لێ شولکەکە نەشکا، لە ئاوی نابوو و زۆر نەرم بووبووەوە. بەڵام من چەند جەزرەبەیەکم لێ دوور خستیتەوە، بە خۆت دەتوانی بیان بینی و بیان ژمێری و بزانی چەند جەزرەبەم لەجیاتی تۆ خواردووە.

نەرمە پێکەنینێکی خۆشی بۆ کرد، سەر لە نوێ تەمەشایەکی باسکە ئاوساوەکەی کرد وگوتی:

- زۆر دڵم بە حاڵت سووتا، گریان ئەوکی گرتم... هەستم کرد ئاقیبەتی کارەکەی ئەو خێر نابێ، بەڵام ئەو لەسەر لێدانت بەردەوام بوو...

وەکو ئەسپ دەی پرماند، سەری دەلەقاند، بە شێوازێکی منداڵانە باسی بابامی دەکرد، هەرچی لە دڵا بوو هەمووی هەڵڕشت، هەستم کرد لە کانگای دڵمەوە خۆشم دەوێ... پێمگوت خۆشم دەوێی، بە هەمان سادەیی و ساویلکەییەوە گوتی:

- منیش تۆم خۆشدەوێت، ئەگەر خۆشم نەویستبای ئەو هەموو عەزابەم لە جیاتی تۆ نەدەکێشا، پێت وایە ئەمەم لە پێناوی هیچکەسێکی دیکەدا بکردایە؟ هەقم چیە بەسەر کەسانی دیکەوە!

ئەوسا، لە کاتێکا پەیتا پەیتا دەیڕوانیە دەرگاکە، گوتی:

- ئەگەر جارێکی دی لێیان دایت خۆت گرژ مەکە، ماسولکەکانت گورج مەکەوە، تێدەگەی؟ ئەگەر خۆت گرژ بکەیت، ئازاری زیاترت دەگاتێ. بە پێچەوانەوە تا دەتوانی بەدەنت شل بکە، خۆت وەکو جەلاتین خاو بکەوە. هیچ شەرم مەکە، پڕ بە زار هاوار بکە، پڕ بە سییەکانت هەناسە هەڵ بکێشە... ئەم شتانەت لەبیر بێ، بۆخۆت باشترە!

لێم پرسی:- مەگەر جارێکی دیکەش دارکاریم دەکەن؟

تسیگانوک، بە ئارامی گوتی:

- ئەدی چی؟ هەڵبەتە دارکاریت دەکەن، هێشتا چیت دیوە! زۆرجاری دی دارکاریت دەکەن.

- ئاخر بۆ، لەسەرچی؟

- ئیدی بابات بیانوویەک دەدۆزێتەوە، چی ئاسانە هەنجەت و بیانوو ئاسانە!

بە خەمینییەوە لەسەر ئامۆژگاری کردنم بەردەوام بوو وگوتی:

- هەرکە دەستی بە لێدانت کرد، لە سەر ئەرزەکە ڕابکشێ و خۆت شل بکە و بەوپەڕی ڕەحەتی ڕابکشێ. ئەگەر لە سەر لێدانت بەردەوام بوو و شولەکەیبەرەولای خۆی ڕاکێشا تا پێستت لێبکاتەوە، تۆش جەستەت بۆلای شولەکە ببە، تێدەگەی؟ بەو جۆرە ئازارت کەمتر دەبێت!

ئەوجا بە چاوە ڕەشە خێلەکانی چاوێکی لێداگرتم و گوتی:

- من لە کاری ئەشکەنجەدا ئەزموونم زۆرە، تیایدا قاڵ بوومەتەوە، لە پیاوانی پۆلیس شارەزاترم. پێستم ئەوەندە قایم و خاراوە دەتوانرێ جووتێ دەستکێشیان لێ دروست بکرێت.

تەمەشای ڕووەخۆش وگەشەکەیم کرد، هەموو ئەو چیرۆک و حیکایەتانەم وەبیر هاتنەوە کە داپیرەم دەربارەی شازادە ئیڤان و ئیڤانوشکای گەمژە بۆی گێڕابوومەوە.

# فەسڵی ( ٣ )

دوای ئەوەی چاک بوومەوە، بۆم بەدیارکەوت کە تسیگانوک لە ماڵی مەدا پێگە و پایەیەکی تایبەتی هەیە... بابام زۆر بەڕوویدا هەڵناشاخێت و هاواری بەسەردا ناکات، کەچی لەگەڵ دوو کوڕەکەی خۆیدا زۆر توند بوو، کەلە پاشملە باسی تسیگانوک دەهاتە ئاراوە، چاوانی بچووک دەکردنەوەو سەری دەلەقاند و دەیگوت:

- دەستی ئیڤان زۆر بە خێرن، دەست بداتە هەر چیەکەوە دەبێت بە ئاڵتوون! دەبێت بەشتێکی گەورە، ئەم قسەیەی منتان لەیاد بێت، ئەمەی لەگەڵ ئێمەدا دەژی، کەسێکی خوێڕیلە نییە، ئەنجام ڕێگایەک بۆخۆی دەکاتەوە..

پەیوەندی خاڵەکانیشم هەمیشە لەگەڵ تسیگانوکدا باش بوو، ڕەفتاریان لە گەڵیا باش بوو، پێیان ڕانەدەبوارد، کەچی هەموو شەوێک بە وەستا گریگورییان ڕادەبوارد، شۆخی و گاڵتەی بێ تامیان لەگەڵدا دەکرد- بۆ نموونە دەسکی قەیچیەکەیان داخ دەکرد، یان بزمارێکیان لە سەر کورسییەکەی بە جۆرێ دادەنا کە نووکەکەی بۆ سەرەوە

بێت. یان قوماشی هەمە ڕەنگیان دەخستەبەر دەستی و ئەویش لەبەر ئەوەی چاوەکانی کز بوون، بە بێئەوەی هەست بە جیاوازی ڕەنگەکانیان بکات، بەیەکەوە دەدوورین، کە بابام دەهات و ئەوەی دەبینی لێی تووڕە دەبوو و دەبوو بە شەڕیان. بەڵام ئەوجۆرە شۆخی و گاڵتانەیان لەگەڵ تسیگانوکدا نەدەکرد.

ڕۆژێک، پاش فراقین، وەستا گریگۆری لەسەر تەختەکەی مووبەقەکەدا خەو دەیباتەوە، ڕوخساری بە ڕەنگی سوور دەڕەنگێنن. ئیدی ماوەیەکی زۆر وەکو لێبۆکان بەو حاڵەوە مایەوە، ئیدی کەپووە سوور ودرێژەکەی وەکو زمان لە نێوان هەر دووچاوی چاویلکە ڕەشە بریقەدارەکەیەوە، بەسەر ڕدێنە بۆزەکەیدا شۆڕ دەبووەوە.

خاڵەکانمان، لەو جۆرە سوعبەت وشۆخیانە بێزار نەدەبوون، وەستا گریگوریش تەحەمولی دەکرد و هیچ قسەیەکی نەدەکرد، بەڵکو لەبەر خۆیەوە پرتەپرتێکی دەکرد و بە پارێزەوە دەستی بۆ ئوتووەکە یان مقەستەکان یان مقاشەکان یان ئەنگوستیلەی دروومانەکە دەبرد، تا سەری قامکەکانی بە تفەکەی دەمی تەڕ نەکردبان دەستی بۆ

نەدەبردن. ئیدی ئەمەی لەلا بووبوو بە عادەت، تەنانەت لە کاتی نانخواردنیشدا، بەرلەوەی دەستی بۆ چنگاڵێک یان چەقۆیەک ببردایە، سەری قامکەکانی بە تف تەڕ دەکرد و ئەم دیمەنە منداڵەکانی دێنایە پێکەنین.

هەرجارێ، ئازارێکی پێ گەیشتبا، دەموچاوە پانەکەی گرژ دەبوو، شەپۆلی چرچ و لۆچ بە ڕوخساریا سەردەکەوت دەگەییە هەنیەی و برۆکانی وێک دێنانەوەو ئیدی شەپۆلی چرچ و لۆچەکە لە سووچێکی سەرە سافەکەیدا دەنیشتەوە و ون دەبوو.

بۆچوونی بابامم سەبارەت بەم شۆخیانە لەیاد نەماوە، لێ نەنکم کۆڵە مستی لێدەگوشین و بە هەڕەشەوە دەیگوت:

- ئەرێ ئێوە شەرم لە خۆتان ناکەن، خەجاڵەت نابن! بە نەفرەت بن لە گەڵ شەیتاندا...

خاڵەکانم، لە پاشملە زەمی تسیگانوکیان دەکرد، گاڵتەیان پێدەکرد، ئیرادیان لە کارەکانی دەگرت، بە دز و تەمەڵ ناویان دەبرد.

جارێک هۆی ئەوەم لە نەنکم پرسی، وەکو خووی هەمیشەی خۆی بە زمانێکی سادە و فامکری بۆی ڕوون کردمەوەو گوتی:

- دەزانی چییە؟ ئەمانە هەردووکیان حەزدەکەن، هەرکاتێ کە کارگەی تایبەتی خۆیان کردەوە فانیا لای ئەو کار بکات – بۆیە کە دەگەنە یەک دەکەونە زەم کردنی، گوایە بە کەڵک نایەت و کرێکارێکی خراپە و هەزار ویەک بوختانی بۆ دەکەن و دەیانەوێ لە چاوی یەکدی بخەن، هەڵبەتە هەردووکیانش درۆ دەکەن ولە دڵی خۆیاندا، لەوە دەترسن ڤانیا لای بابات بمێنێتەوەو لەگەڵ ئەواندا نەڕوات. بابات کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتووەتە سەر کارگەیەکی تازە بکاتەوەو بە تسیگانۆکی بسپێرێت وخاڵەکانت ئەمەیان پێناخۆشە، چونکە بە قازانجی وان نییە، تێگەیشتی!

داپیرەم، بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە گوتی:

- بەڵام خوا لێیان قەبووڵ ناکات، بابات ئاگای لە هەموو ئاین و ئۆین وفڕ وفێڵەکانیان هەیە، ئیدی بەوە تووڕەیان دەکات کە دەڵێت:

"بەدەلی عەسکەری بۆ ڤانیا دەدەم تا بۆ سەربازی نەبەن، چونکە ناتوانم دەستبەرداری بم. " ئیدی بەمە دەهری دەبوون، حەزیان نەدەکرد بابات لای خۆی گلی بداتەوەو حەیفیان لەو پارەیە دەهات کەلە قەبەڵی تسیکانوک بدرێت، چونکە پارەی بەدەلی عەسکەری یەجگار زۆر بوو!

ئێستا، وەکو ئەوسای ناو کەشتییەکە، لەگەڵ نەنکمدا دەژیام. هەموو شەویک پێش ئەوەی بخەوم، حیکایەتێکم بۆ دەگێڕێتەوە. یان سەربهوردێکی ژیانی خۆیم بۆ دەگێڕێتەوە کە هیچی لەو نەقڵ و نەزیلە خۆش و جوانانە کەمتر نییە.

بەڵام ئەگەر بهاتبایە سەر باسی مەسەلە عەمەلی و ئاساییەکانی خانەوادەکە، وەکو دابەشکردنی ماڵ و موڵکەکەی بابام بەسەر منداڵەکانیا، یان ئارەزووی بابام دەربارەی کڕینی خانوویەکی تازە بۆ خۆی، بە تۆنێکی تەوسامێز وبێ لایەنانە باسی دەکرد، وەکو ئەوەی بێگانەیەک بێ یان دراوسێیەک بێت و ئەو کاروبارە نە لەدوور و نەلە نزیک پەیوەندی بەوەوە نەبێت وکەسی دووەمی خانەوادەکە نەبێت..

لە داپیرمەوە زانیم کە تسیگانوک، زۆڵە وهەڵگیراوەتەوە..شەوێکی بارانی سەرەتای بەهار، لە سەر سەکۆیەکی بەردەم دەرگای حەوشەدا دۆزی بوویانەوە.

نەنکم، کە باسی دەکرد، ڕوخساری دەگۆڕا وجۆرە هزرینێکی گونگ دەنیشتە سەر سیمای و دەیگوت:

- سەیرمان کرد لە پەشتەماڵێکی ژنانەوە پێچرابوو و لەوێ فڕێ درابوو، لە سەرما هەڵدەلەرزی و تەنانەت تواناى گریانیشی نەبوو.

- باشە خەڵکی بۆچی بەوجۆرە منداڵەکانیان فڕێ دەدەن؟

- کاتێ دایکی شیری نابێ بیداتە منداڵەکەی و پارەی نابێت خواردنی بۆ بکڕێ، تاقیب دەکات ماڵێک بدۆزێتەوە، تازە منداڵێکیان بووبێ و منداڵەکە مردبێ، منداڵەکەی خۆی دەبات لەبەر ئەو ماڵەدا دایدەنێت و بەجێی دەهێڵێت.

دوای کەمێک بێدەنگی، بەدەم خوراندنی سەریەوە، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و ڕوانیە میچەکە و لەسەری ڕۆیی:

- ئەلیوشا گیان هەموو ئەو کارەسات و بەڵایانە زادەی هەژاری و نەداریە. جاری وا هەیە هەژاری دەگاتە ڕادەیەک کە لە وەسفکردن نایەت، وێنا ناکرێت! ئەمە جگەلەوەی کە شەرم و شوورەییە کیژێبێ مێردمنداڵی ببێت! بابات دەیویست منداڵەکە ڕادەستی پۆلیسی تاوان بکات، من نەمهێشت و گوتم: " با خۆمان هەڵی بگرینەوە خوا لە جیاتی ئەو منداڵانەمان بۆی ناردووین کە بۆخۆی بردنیەوە... " ئاخر من هەژدە منداڵم بووە، ئەگەر هەموویان بمابان، گەڕەکێکی تەواویان ئاوەدان دەکردەوە. هەژدە خانوو! وانییە؟ چواردە ساڵان بووم کە بە شوویان دام، لە پازدە ساڵیدا بووم بە دایک، وەڵا لە پازدە ساڵانیش کەمتربووم . بەڵام خوا منداڵەکانی خۆشدەیست، یەک یەک بۆ خۆیی بردنەوە، تا بیانکات بە فریشتەی ئاسمان... هەم دڵم بۆیان دەیەشێت و هەم خۆشحاڵم.

بە تۆی ماکسییەک لە قەراخ تەختەکە ڕۆنیشتبوو، قژە ڕەشەکەی بە شان و ملیا هاتبووە خوارەوە. ژنێکی قەڵەوی زەلامی تووکن بوو لە دێڵەورچێک دەچوو، کە دێهاتیەکی ڕیشن تازە لە لێرەواری سیرکاجەوە بۆی هێنابین.

ئامارژەی خاچی بە سەر سینگە سپیەکەیدا کێشا و بەدەم پێکەنینەوە ئازای دەهەژی، گوتی:

- خودا مندالّە باشەکانی بۆ خۆی بردەوەو خراپەکانی بۆ من هێشتەوە. بۆیە بە هەڵگرتنەوەی ڤانیا زۆر خۆشحاڵ بووم. زۆرم خۆشدەویست، چیبکەم بەدەست خۆم نییە مندالانی وەکو تۆم زۆر خۆشدەون! بەڵێ هەڵمگرت و بردم غوسڵی تەعمیدم کرد، ئێستاش وا بە چاوی خۆت دەیبینی چەند کوڕێکی باشی لێدەرچووە. لە هەوەڵەوە ناوم نا زیک زیکە، بەدەم زیکەزیکەوە خۆی بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەکرد، ڕێک وەکو زیک زیکە... ئەلکسی گیان خۆشت بوێ، کوڕێکی ساویلکە و ڕوح سووک و دڵپاکە!

من ئیڤان تیسگانوکم خۆشدەویست، سەرم لە کار وکردەوەکانی دەسوڕما. هەموو ڕۆژانێکی شەممە، کاتێ بابام دوای ئەوەی لە لێدانی ئەو مندالانە دەبووەوە کەلە ماوەی ئەو هەفتەیەدا خەتایەکیان کردبوو، دەبووەوە، بۆ نوێژ و نزا دەچوو بۆ کڵێسا. هەنگێ ژیانێکی خۆش لە موبەقەکەدا دەستی پێدەکرد. تسیگانوک، لەپشت موغەیرییەکەوە چەند سیسرکێکی ڕەشی دەگرت، بە کاغەز عەرەبانەیەکی جوانی

دروست دەکرد، بە هەودایەکی باریک عەرەبانەکەی لە سسرکەکان دەبەست و ئەوجا هەر چوار سیسرکەکەی بە عەرەبانەکەوە دەخستە سەر مێزە زەردە تەختەکە و وەکو ئەسپ سەرەوخوار و سەرەوژووری پێدەکردن و بە تەڵە پوشێک لێی دەخوڕین و بە هەڵچوون و سۆز و گودازەوە هاواری دەکرد:- دەچن بە شوێن مەترانددا!

ئەوسا پارچە کاغەزێکی بە سیسرکێکی دیکەوە دەچەسپاند ودەیخستە دوای عەرەبانەکە ودەیگوت:- کەلوپەلەکانیان لەبیر چووە، ئەم ڕەبەنە بۆیان دەبات.

هەندێجار پای سیسرکێکی بە هەودایەکی باریک دەبەست، سیسرکەکە ناچار سەری خۆی بە عاردیدا دەکێشا و لەتری دەدا. ڤانکا (سووکەڵە ناوی ڤانیایە) دەستەکانی لێکدی دەخشاند و لە خۆشیا هاواری دەکرد:

- تەمەشاکەن، جەنابی شەماس لە مەیخانەوە بۆ نوێژی ئێوارە دەڕوات!

هەندێجار گەمەی ئەو مشکە چکۆلە مەشقدراوانەی نیشان دەداین کە بە فەرمانی ئەو لەسەر هەردوو پاشوویان دەوەستان و ڕێیان دەکرد و کلکە درێژەکانیان لەدووی خۆیان

ڕادەکێشا و چاوە ڕەشە خڕەکانیان بە شێوەیەکی کومیدی دەتروکاند. لەگەڵ مشکەکانیا زۆر میهرەبان و بە لوتف بوو، دەیخستنە باخەڵی خۆیەوە، شەکر و قەندی دەدانێ، ماچی دەکردن و بە قەناعەتی تەواوەوە دەیگوت:

- مشک گیانلەبەرێکی بەهۆشە، زۆر میهرەبانە، خێوی هەرماڵێک مشکی خۆشدەوێ، هەرکەسێک خواردن بە مشکان بدات، خێر دێتە ڕێگەی و خێوی ماڵەکە خۆشی دەوێ...

تسیگانوک، هەندێک سیحربازی بە دراو وگەنجەفەش(جۆرە یارییەکی وەرەقە) دەزانی و بە دەنگێکی هێندە بەرز هاواربکات کە هیچ یەکێک لە منداڵەکان نەیاندەتوانی ڕکابەری بکەن. هەر لە ڕاستیا و بە ڕواڵەت هیچ جیاوازییەکی لەوانی دی نەبوو. شەوێک منداڵەکان یاری گەنجەفەیان ( وەرقبازی ) لەگەڵدا کرد و چەند جارێکیان لێ بردەوە، زۆر پەست و تووڕە بوو، خەم دایگرت، برۆکانی وێک هێنانەوەو لە گەمەکە کشایەوە... پاشان سکاڵای هێنایە لای من و گوتی:

- دەزانم ژێراوژێر دژی من تەگبیریان کردبوو! چاویان لێکدی دادەگرت و لە ژێر مێزەکەوە وەرەقیان دەگۆڕییەوە، ئاخر

ئەوەش بوو بە گەمە؟ خۆ ئەگەر قەراربێ فێڵ بکرێ، من لەوان بە فێڵترم!

لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا بوو، ئەگەر تەمەنی ئێمە، هەر چوارمان بخرایەتە سەر یەکدی، هێشتا نەدەگەییە تەمەنی ئەو. ئێستاش بیرەوەرییەکی تەڕو تازەی ئەوم لەبیرە، لە بیرمە کە شەوانی جەژن بابام خاڵە میخائیلی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و دەچوونە سەردانی ماڵان، لالە یاکوف، بە قژە لوول وگڤەکەیەوە، گیتارەکەی هەڵدەگرت وبۆ مووبەقەکە دەهات، نەنکم چای و خواردن و ڤودکا و ساردەمەنی ئامادە دەکرد. خواردنەکان ئەوەندە زۆر بوون، لێمان زیاد دەبوو. ڤۆدگاکەی لە شووشەیەکی چوارگۆشەی سەوزدا دەهێنا، کە ژێرەکەی بە گوڵی سووری لە شووشە دروستکراو، نەخشێنرابوو، بە ڕاستی نەخشێکی زۆر جوان بوو، تسیگانوک، جلکی یەکشەممەی لەبەر کردبوو و وەکو فڕفڕۆکە دەخولایەوەو ئەم بەروئەوبەری دەکرد. بەڵام وەستا گریگۆری ، بەخۆی و عەینەکە ڕەشەکەیەوە، کە چاوەکانی دەبریقانەوە بە ئەسپایی و بە بێدەنگی خۆی بە ژووردا دەکرد، دایەنەکەشمان، یەڤگینا قەڵەو، کەلە گۆزە دەچوو، بە ڕوخسارە کونج وئاوەڵاوییەکەیەوە، بە چاوە بچووکە

فێڵاوییەکانیەوە، بە دەنگە گەورەکەیەوە کەلە دەنگی شەیپوور دەچوو، هەمیشە لە نێو ئامادەبوواندا بوو. هەندێجار قەشە قژ درێژەکەی کلێسای " ئوسپنسکی " ش دەهات و خەڵکانێکی نەناسی لەگەڵ خۆیدا دێنا.

هەر هەمووان زۆریان دەخوارد وزۆریان دەخواردەوە، ئەوەندەیان تێ دەتراند، هەناسەیان سوار دەبوو.. منداڵەکانیش بەشی خۆیان وەردەگرت وسەرو پەرداخ شەربەتی شیرینیان دەدانێ... ئیدی بەرەبەرە کۆڕ و مەجلیسەکە خۆش و گەرم دەبوو و خۆشی و شادییەکی سەیر باڵی بەسەر هەمووواندا دەکێشا.

لالۆ (خاڵە) یاکوف، بە تاسەوە دەستی دەدایە گیتارەکەی و کۆکی دەکرد و دوای کۆک کردنەکە، هەمیشە ئەم وشانەی بێ هیچ گۆڕانێک دووبارە دەکردەوە:

- دەی باشە، ئێستا دەست پێدەکەم!

ئەوجا، سەرێکی با دەداوقژەکەی لەسەر چاوانی لادەبرد، بەسەر گیتارەکەیدا دادەنەوییەوەو وەکو قاز ملی بۆ پێشەوە درێژ دەکرد. ئیدی ڕوخسارە خڕو خەواڵووەکەی دەردەکەوت و لەپیاوێک دەچوو خەون ببینێ. تەنکە تەمێک، لە دەوری

چاوە جوانەکانیا خەرمانەی دەدا، بە ئەسپایی قامکی بە ژێیەکاندا دێنا و ئاوازێکی ناسک و خۆشی ئەوتۆی لێدەدا، کە ناچاری دەکردی هەستیتە سەرپێیان و هەموو گوێگرەکانی ئەفسوون دەکرد.

موزیقاکەی ئەو ، بێدەنگییەکی ڕەهای دەخواست، وەکو جۆگایەکی چکۆلەی بە خوڕ لە شوێنێکی زۆر دوورەوە بێ، بەو ئاوایە دەخزییە زەوی و دیوارانەوەو، سۆزێکی ئاوێتە بە خەم و نیگەرانی لە دڵدا بێدار دەکردەوە، کاتێ مرۆڤ گوێی لەو موزیقایە دەبوو، دڵی بە خۆی و هەموو خەڵکی دەسووتا... دەتگوت گەورەکان بوونەتەوە بە منداڵێکی چکۆلە، هەموو بە بێدەنگی دانیشتبوون و ورتە لە کەسەوە نەدەهات و بێدەنگیەکی خەمین باڵی بەسەر هەمواندا کێشابوو.

ساشای کوڕی میخائیلوف، زۆر بە وردی گوێی دەگرت، هەموو هۆش وگۆشی لەلای مامە یاکوفی بوو، نیگای لە سەر گیتارەکەی ئەو گیرسابووەوە، دەمی داچەقاندبوو، لیک بەملاوبەولای دەمییەوە دەهاتە خوارەوە.هەندێجار بە جۆری ئاگای لە خۆ نەدەما لە کورسییەکە دەکەوتە خوارەوە. لەو

حالآنەدا هەر لەجێی خۆی و بە چوارمشقی لەسەر ئەرزەکە دادەنیشت و چاوە بێ جوڵەکانی زەق دەکردنەوە و دەی بڕینە خاڵێک وگوێی دەگرت.

هەموو ئامادەبووان دانیشتبوون و هەناسەیان لەخۆ بڕی بوو و، بە جۆرێ گوێیان لە موزیقا خۆشەکە دەگرت لە تۆوایە ئەفسوون کراون، تەنیا دەنگی گیزەگیزی سەماوەرەکە دەهات، ئەویش وەها نەبوو لە لەزەتی بیستنی موزیقاکەمان بکات.

دوو پەنجەرەی بچووک دەیانڕوانیە تاریکی شەوی تاریکی پاییز لە دەرەوە. هەندێجاری زۆرکەم، یەکێک بە ئەسپایی لە شووشەی پەنجەرەکەی دەدا، دوو مۆمی بچووک کەلە توانەوەدا بوون، گڕێکی زەردباویان، کەلە دوو هەودای باریکی تیژ دەچوو، بەسەر مێزەکەدا پەخش دەکردەوە.

لالە یاکوف، بەرەبەرە دەبیرێکی قووڵەوە دەچوو، لەتۆوایە خەوی لێکەوتووە، ددانەکانی بە جیرەوە دەبرد، لەتۆوایە تەنیا دەستەکانی زیندوون وژیانیان تێدایە، کەڵەموستی دەستی ڕاستی بەسەر گیتارەکەوە بەجۆرێ دەجووڵا، لەتۆوایە بەسەر هەڵدێرێکی قووڵەوە وەستاوە و باڵەفڕە

دەکات. کەچی قامکی دەستی چەپی، بەردەوام بەسەر ژێییەکانەوە لە جووڵەدا بوون.

دوای ئەوەی یەک دوو جوورعەی دەخواردەوە، بە دەنگە ناخۆش و ناسازەکەی هەڵی دەکردە گۆرانیەکی دوورودرێژی ناخۆش:

ئەگەر یاکوف توتەڵە سەگێکی بچووک بوایە

بە حەپەحەپ دراوسێکانی خەبەر دەکردەوە...

ئاخ بێزار بووم... چی بکەم دڵم تەنگە!

ئەوا ڕەبەنیتەی دێرەکە، لە جادەکە دەپەڕێتەوە

لە حەپەی ئەو دەترسێت

ئاخ بێزار بووم... چی بکەم دڵم تەنگە!

تەیرێکی میهرەبان لە لێرەواردا خوێندی

دەنگی خۆشی تەیرەکە، یاکوفی پەست کرد...

ئاخ بێزارم... چی بکەم دڵم تەنگە...

دوو گەدا تێپەڕین... بچووکەکەیان دەگری

خوێن وەکو کانی لە برینەکەی دەچۆڕێ...

ئاخ بێزارم... چی بکەم دڵم تەنگە...

من نەمدەتوانی گوێ لەو گۆرانیە بگرم، کە خاڵم دەگەییە کۆپلەی دوو گەداکە، خەم دایدەگرتم و بەدەنگی بەرز لە هۆڕژنی گریانم دەدا.

تسیگانوکیش وەکو ئەوانی دی بە دیقەت گوێی لە موزیقاکە دەگرت و بە قامکەکانی قژە ڕەش ولوولەکەی دادێنا و چاوی دەبڕینە گۆشەیەک و دەنگی هەناسەی بە ئاشکرا دەبیسترا. هەندێجار بە کەسەرەوە، بێ هیچ سەدەمێکی خۆیا، ئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- ئاخ، ئەگەر دەنگم خۆشبا، خۆم دەمزانی چی دەکەم!

نەنکم ئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- یاکوف بەسە، دڵمان پارچەپارچە بوو! فانیا، سەمایەکمان بۆ ناکەیت؟

زۆرجار، داواکەی نەنکم یەکسەر جێبەجێ نەدەکرا، بەڵام هەندێجار ئاکوف، بەناو لەپ، ژییەکانی دەگرت، ئەوجا مستی کۆدەکردەوە، وەکو ئەوەی بە توونی و تووڕەیی

شتێکی نادیار وبێدەنگ لە خۆی دووربخاتەوە، دەیدا بە عاردیداو بە دەنگێکی نائومێدییەوە هاواری دەکرد:

- خەم و پەژارە بەسە! دەی تسیگانوک، ڕابە، هەستە سەرپێیان!

ڤانیا هەڵدەستا، کراسە زەردەکەی ڕێکدەخست، ئەوجا بە پارێزەوە، وەکو ئەوەی بەسەر بزماردا بڕوات، دەهاتە ناوەندی ژوورەکە، گۆنا ئەسمەرەکانی سوور دەبوونەوە، بزەیەکی شەرمنانەی بۆ دەکرد و بەوپەڕی ئەدەبەوە تکای لە یاکوف دەکرد:- یاکوف فاسیلیفچ، بێ زەحمەت یەک تۆز توندتر!

ئاوازێکی توند ولەزگین لە گیتارەکە بەرز دەبووەوە، پاژنەی پێڵاوەکانی تسیگانوک ( ڤانیا) گوێ بە گوێی ئاوازەکە دەکەوتنە جووڵە، قاپەکانی سەر ڕەفەکان و خوانەکە، دەکەوتنە جووڵە و سەما. تسیگانوک لەناوەندی ژوورەکەدا دەرەقسی و باڵەکانی وەکو باڵێن باڵندان دەکردەوەو لاقەکانی بە خێراییەکی ئەوتۆوە دەجولاند، کە چاو نەیدەتوانی پەیگیری بکات. هەندێجار هاوارێکی دەکرد و لە چاو تروکانێکا چیچکانێکی بۆ دەکرد، ئەوجا بەدەنگی

بەرز هاواری دەکرد و هەڵدەستایەوە و وەکو فڕفڕۆکەیەکی زێڕین دەخولایەوەو بە پرشنگی کراسە ئاورێشمەکەی، کەلە بەریا شەپۆلی دەدا، دەوروبەری خۆی بە جۆرێ ڕوناک دەکردەوە، لە تۆ وایە ئاگر لە سەراپایەوە بەرز دەبێتەوە.

تسیگانوک لە سەما تێر نەدەبوو، خۆی و دەوروبەرەکەی لەبیر دەکرد، بە ڕادەیەک لە سەماکەیدا دەتوایەوە ئەگەر دەرگایان بکردایەتەوە، بەدەم سەماوە خۆی دەگەیاندە سەر جادەکە و هەموو شاری تەی دەکرد و خۆیشی نەیدەزانی کێوە دەچێت و لە کێدەرێ دەگیرسێتەوە..

لالۆ یاکوف، بەدەم ئاواز وڕیتمی گیتارەکەوە پێی بە عاردیدا دەکوتا و هاواری دەکرد:- جوانە، جوانە!

ئیدی فیکەیەکی دوورودرێژی دەکێشا و بە دەنگێکی ناخۆش و ناساز ئەم دوو بەیتە شیعرە فولکلۆرییەی دەگوت:

ئەگەر خەمی سووانی بنی پێڵاوەکانم نەبوایە

لە داخی ژنەکەم سەری خۆم هەڵدەگرت

هەڵدەهاتم، وەکو چۆن لە ئاگر هەڵدێی

هەندێجار ئەوانەی کە لە دەوری مێز وخوانەکە ڕۆنیشتبوون، گەرم دەبوون، دەهاتنە جۆش، بەجۆرێ دەکەوتنە هاوار، لەتۆوایە ئاسنی سوورەوە کراویان پێوەدەنرێت. هەندێجار وەستا ڕیشنەکە، گوێ بە گوێی ئاواز و ڕیتمەکە، دەیکیشا بە سەرە سافەکەی خۆیدا و لەبن لێوانەوە ورتە ورتێکی فام نەکری دەکرد...

جارێک هات بۆلای من، تا ڕدێنە نەرمەکەی بەر شانم کەوت، وەکو ئەوەی قسە بۆ پیاوێکی گەورە بکات، دەمی لە پەنا گوێم نا و گوتی:

- ئەلکسی مکسیموفیچ، ئاخ ئەگەر باوکت لێرە دەبوو! ئەم کۆڕ و مەجلیسە، جۆرێکی دی دەبوو، زۆر لە ئێستا جیاوازتر دەبوو، وای گەرم دەکرد هەر مەپرسە، بابت لە هەڕەتی لاویدا بوو، پیاوێکی خۆش و ڕووخۆش بوو! ئەوت لەبیرە؟

- نەخێر!

- بەڕاست؟ هەندێجار لەگەڵ نەنکتدا دەڕەقسی... بوەستە، سەبرۆکەیەک بکە و ببینە!

گریگۆریلە جێی خۆی هەستا، بەژن و باڵایەکی زراڤ و شووشی هەبوو، بەڵام باریک و بنێس ولەڕ ولاواز بوو، لە پەیکەر وئیکۆنەی وەلیان دەچوو، هات و ئیکلامێکی لەبەردەم داپیرەمدا کرد، بە دەنگێکی گڕی نائاسایی گوتی:

- ئاکولینا ئیڤانوفنا، زەحمەت نەبێ گەرێکمان سەما بۆ بکە، وەکو چۆن کاتی خۆی دەگەڵ زاواکەتدا سەمات دەکرد، ئەو چاکەیەمان لەگەڵدا بکە!..

داپیرەم، پێکەنی، شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی:

- ئەیەڕۆ، ئەوە چ دەڵێی گریگۆری ئیڤانوفیچ گیان؟ من، من و سەما؟ دەتەوێت بمکەیت بە مەخسەرەی خەڵکەکە؟!

هەموو خەڵکەکە ڕوویان لە نەنکم نا ولێی پاڕانەوە... لەناکاوا وەکو ئەوەی لە تافی گەنجاتیدا بێت، لە جێی خۆی ڕاپەڕی و هەستایە سەر پێیان، تەنوورەکەی ڕێک خست، خۆی قیت کردەوە، سەری بە قژە زۆرەکەیەوە بەرزکردەوە، سەرێ بە نێو مووبەقەکەدا سووڕایەوە و گوتی:

- کێ پێدەکەنێ با پێبکەنێت، ئادەی یاکوف وەرە ئێرەو موزیقام بۆ لێبدە!

خاڵم ڕاپەڕی، چاوانی نوقاندن و دەستی بە لێدانی ئاوازێکی نەرم و هێواش کرد... تسیگانوک ، کەمێک وەستا، ئەوجا دەرپەڕی و کەوتە خولانەوە بەدەوری داپیرەمدا. نەنکم بە بێدەنگی بەناو ژوورەکەدا دەسووڕایەوە، کە تەمەشات دەکرد، لە تۆ وایە بە حەواوەیە، بەوپەڕی ناسکی بازووەکانی دەجووڵاندن، برۆکانی بەرز دەکردنەوە، چاوە ڕەشەکانی بڕی بوونە ئاسۆی دوور. بە شێوەیەکی کۆمیدی هاتە بەرچاوم، دەستم بە پێکەنین کرد. لێ وەستا گریگۆری قامکی هەڕەشەی لێ ڕاوەشاندم، هەموو گەورەکان، بە نارەزاییەوە، مۆڕەیان لێدەکردم.

وەستا گریگۆری، بەدەم بزەوە بە تسیگانوکی گوت:- ئیڤان لاکەوە! تەقەتەق مەکە!

تسیگانوک، گوێڕایەڵانە ڕۆیی و لە ئاستانەی دەرگاکەدا دانیشت.

یەڤگینیای دایەن، هەڵیدایە و بەدەنگێکی ڕەسا و خۆش ئەم شیعرانەی خوێندەوە:

نابینی جوانێ چۆن

لاواز بووە و پوکاوەتەوە؟

بە درێژایی شەو، بەدەم

گوڵدۆزی ئاورێشمەوە

دەگری و ڕوندک دەڕێژێ!

لەوە دەچوو نەنکم نەڕەقسێت، بەڵکو داستانێک بگێڕێتەوە. بە ئەسپایی دەجولا، هێدی هێدی لێرەوە بۆ ئەوێ دەڕۆیی، لە ژێر باسکەکانیەوە کە بەرزی کردبوونەوە، تەمەشای دەکردین، جۆرە دوودڵییەک بە جووڵەی جەستەیەوە دیاربوو، بە پارێزەوە پێی لە عاردی دادەنا... ئەوجا سووکە هەڵوێستەیەکی دەکرد، وەکو ئەوە بوو لە ناکاوا ترسێکی کەوتبێتە دڵ، ڕوخساری گرژ دەبوو، ڕەنگی دەپەڕی، پاشان بزەیەکی شیرینی دەکرد، ڕووی دەگەشایەوە وەکو ئەوەی ڕێگا بۆ کەسێکی نەبینراو بکاتەوە، بلەز لادەکەوت، پاشان سەری دادەنەواندو لە جێی خۆی دەوەستاو گوێی هەڵدەخست، بەرەبەرە بزەیەکی شادی دەنیشتە سەر ڕوخساری، لە ناکاوا و سەرلەنوێ دەست بە سەما دەکاتەوە، سەما ئەمما سەما! وەکو گەردەلوول بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە، ئێستا، لە هەموو کاتێ، بالای بەرزتر بوو، ڕێک

گەڕابووەوە تافی گەنجایەتی و پیاو نەیدەتوانی بۆ چرکەیەکیش چاوی لێ بگوازێتەوە!

یەڤگینیای دایەن، لەو کاتەدا بە دەنگە شەیپور ئاساکەی ئەم شیعرەی دەخوێندەوە:

ڕۆژی یەک شەممە وەختی نوێژ ونزایە

تا نیوەشەو ڕەقسی

لە هەمووان دێرتر بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە

حەیفێ کە ڕۆژانی جەژن و خۆشی کەمە!

نەنکم پاش ئەوەی لە سەما بووەوە، لەپاڵ سەماوەرەکە دانیشت. هەمووان دەست خۆشیان لێکرد، لێ ئەو بەدەم ڕێکخستنەوەی قژە لوولەکەیەوە گوتی:

- بەسە، بەسە! وادیارە لە ژیانتاندا سەماکاری ڕاستەقینەتان نەبینیوە! بەڵام لە دەڤەری مەدا، لە باڵاخاندا، کیژێک هەبوو، نە ناویم لە بیرماوەو نە ئەوەشم بیرماوە کە کیژی کێ بوو، سەماکارێک بوو، کە دەکەوتە سەما، پیاو لە خۆشیان خۆی پێنەدەگیرا و دەستی بە گریان دەکرد. بە تۆ با نە بکەی نە بخۆیت، هەر تەمەشای ئەو

بکەیت! کەچی منی گوناحکار، بەغیلیم پێدەبرد، هەرچەندە بەغیلی حەرامە!

یەڤگینیای دایەن، بە تۆنێکی جدی گوتی:

- سترانڤان و سەماکاران خوێی ژیانن!

دایەنەکە ئەو قسەیەی کرد و هەڵیکردە گۆرانیەک دەربارەی داود پاشا.

لالۆ یاکوف، ئاوڕێکی لای تسیگانوکی دایەوەو دەستی خستە سەرشانی وگوتی:

- خۆزیا لە مەیخانەکاندا دەڕەقسیت، بێگومان خەڵکەکەت شێت دەکرد!

تسیگانوک بە کەسەرەوە بەرسڤی دایەوە:

- خۆزگە دەنگم خۆشبایە، ئەگەر خوا بەهرەی دەنگخۆشی پێدابوام، دە ساڵێک گۆرانیم دەگوت و ئەوسا چی دەبوو با ببوایە، ئامادە بووم دنیا تەرک بکەم، ببم بە ڕەبەن!

هەمووان خواردیانەوە، ڤۆدگایەکی زۆریان خواردەوە، بە تایبەتی وەستا گریگۆری... نەنکم پەیتا پەیتا پیاڵەکەی بۆ تەژی دەکرد و لە هەمان کاتدا ئاگاداری دەکردەوە:

- گریگۆری ئاگادار بە، دەنا بە تەواوەتی کۆرە دەبیت!

گریگۆری، بە جدی بەرسڤی دەدایەوە:

- کێشە نییە! لە ئێستا بە دواوە پێویستم بە چاو نییە، هەموو شتێکی ئەم دنیایەم دیتووە..

گریگۆری زۆری خواردەوە. چەندی دەخواردەوە مەست نەدەبوو، بەڵام زمانی زیاتر دەکرایەوەو لە پەستا و بێپسانەوە قسەی دەکرد، بەردەوام باسی بابمی بۆ دەکردم و دەیگوت:

- بە ڕاستی دڵێکی گەورەو میهرەبای هەبوو! بەڵێ هاوڕێی ئازیزم (مەکسیم ساڤاتیفیچ) واهی بوو.

نەنکم ئاهێکی هەڵدەکێشا وقسەکانی بۆ دەسەلماند ودەیگوت:

- ئاخ، بەڵێ، بەڕاستی پیاوی خودا بوو!...

هەموو ئەو بویەرانەی دەوروبەرم دڵگیربوون، جۆرە نیگەرانیەکیان لەلا دروست کردبووم و سووکە خەمێک دڵی دەگوشیم، خەم و شادی پێکەوە لە دڵی ئەو خەڵکەدا دەژیان

و بە دەگمەن لە یەکدی جودا دەبوونەوە، ئەگەر جیاش بونایەوە، خێرا وبلەز جێگەی یەکیان دەگرتەوە.

شەوێک خاڵە یاکوف، هەرچەندە زۆر مەستیش نەبوو، کەوتە دڕاندنی کراسەکەی و ڕنینەوەی قژەکەی وهەڵکێشانی سمێڵە تەنکەکەی و هەڵگڵۆفینی لووت و لێوە ئەستوور و شۆڕەکانی. بەدەم ڕوندک ڕشتنەوە هاواری دەکرد:

- ئاخ، ئاخر ئەمە بۆ؟ بۆچی دەبێ ژیان بەمجۆرە بێت؟

پەیتا پەیتا، دەیکێشا بە سەروچاو وهەنیە و سینگ و بەرۆکی خۆیداو دەینالاند و هاواری دەکرد ودەیگوت:- من کەسێکی بێخێرم، ناڕەسەنم، شەڕخواز وگومڕام!

گریگۆری، لە بن لێوانەوە دەی پرتاند ودەیگوت:- ئەها! دروستە! وایە!

نەنکم، کە کەمێک خەیاڵ بوو وڤۆدگاکە کاری تێکردبوو، دەستی کوڕەکەی دەگرت و دەیگوت:

- یاکوف گیان بەسە! خوای گەورە، خۆی دەزانێ بایی چەندین وچمان پێویستە!

نەنکم کە دەیخواردەوە، میهرەبانتر دەبوو، چاوە ڕەشەکانی پرشنگیان دەدا و ڕوناکییەکی گەرمیان بە سەر هەر یەکێکماندا دەباراند، بە دەستە سڕەکەی دەموچاوە گەرمەکەی باوەشێن دەکرد، بە دەنگێکی ئاهەنگین دەیگوت:

- خودایا، خودایا! ئەم شتانە چەند جوانن! کوڕینە تەمەشا بکەن بزانن دنیا چەند جوانە!

ئەم دەنگ وگازییە لە کانگەی دڵییەوە هەڵدەقوڵاو ئارم و دروشمی هەمیشەیی ژیانی بوو.

من سەرم لە ئەشک وگریان و هاواری خاڵم، کە پیاوێکی خەمسارد وبێ موبالات بوو و، دنیای دابووە بەر کلکان، سوڕما. من لە داپیرەم پرسی خاڵە یاکوف بۆچی دەگری و جنێو بەخۆی دەدات ولەخۆی دەدا. نەنکم بە پێچەوانەی تەبع و تەبیعەتی خۆیەوە، بەجۆرە بێزارییەکەوە گوتی:

- وادیارە دەتەوێ هەموو شتێک لە بنج وبناوان بکەیت وبزانی! سەبرکە، هێشتا ماوتە بۆ ئەوەی خۆت لەم شتانە هەڵقورتێنی..

وەڵامەکەی ئەو هێندەی دی هەستی لاپرەسەنی لەلا هاڕوژاندم بۆیە چووم بۆ کارگەکە و هۆی ئەوەم لە ئیڤان پرسی... ئەویش خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم دزییەوە، بەدەم پێکەنینەوە بە گۆشەی چاو ڕوانیە وەستاکە ولە کارگەکە کردمیە دەرەوەو بەدەنگی بەرز گوتی:

- وازم لێبێنە، بڕۆ دەرەوە، تا نەم خستوویتە بەرمیلێک خمەوەو لە خمم هەڵنەکێشاویت.

وەستا، لەبەردەم ئاگردانێکی پان ونزمدا وەستابوو، کە سێ مەنجەڵی گەورەیان نابووە سەری، دارێکی درێژی سەوڵ ئاسای ڕەشی بە نێو یەکێک لە مەنجەڵەکاندا دەگێڕا، ئەوسا دارەکەی دەردێنا و تەمەشای ئەو ئاوە ڕەنگینەی دەکرد، کەلە سەری دارەکە دەچۆڕایەوە. ئاگرێکی گەورە لە ژێر مەنجەڵەکاندا دەگڕا، گڕی ئاگرەکە لەبەر کۆشە چەرمینە ڕەنگینەکەی وەستای دەدا و ڕوناکی دەکردەوەو تا ڕادەیەکی زۆر لە جلکی ڕەنگاوڕەنگی خێفزان (غەیبزان) دەچوو. ئاوی ناو مەنجەڵەکان قوڵپەقوڵپ دەکوڵان، هەڵمێکی خەستیان لێهەڵدەستا و لە درزی دەرگاکەوە دەچووە دەرێ و هەموو مەیدانە زستانەکەی دەگرتەوە..

وەستا گریگۆری، لە ژێر چاویلکەکەیەوە، چاوە سوورەکانی تێبڕیم، ئەوجا ئاوڕی لای ئیڤانی دایەوەو بە توندی گوتی:

- کوا ئیزنگ وقەڵاشکەری بێنە، نابینی پێویستم بە شەواتەک و سووتەمەنیە؟

وەختێ تسیگانوک، بە هەڵەداوان وەدەرکەوت، گریگۆری لە سەر فەردەیەک ئاردەداری سەندەڵ دانیشت و، بە ئاماژە بۆلای خۆی بانگ کردم و گوتی:

- کوا وەرە ئێرە!

لەباوەشی خۆیدا داینام، ڕدێنە نەرم و گەرمەکەی بە گۆنامەوە نا ، هەندێ شتی بۆ گێڕامەوە، تا ماوم لە بیرم ناچنەوە، گوتی:

- خاڵت، ئەوەندەی لە ژنەکەی دا تا کوشتی، ویژدانی ئازاری دەدات، حەوانەوەی لەبەر هەڵگیراوە، تێگەیشتی؟ تۆ دەبێ هەموو شتێک بزانی، مافی خۆتە هەموو شتێک بزانی. چاوانت بکەرەوە، دەنا گومڕا دەبێت، تیا دەچیت!..

گریگۆریش، وەکو نەنکم کەسێکی سادە و ساویلکە و دڵپاکە، کەچی من لێی دەترسم، وا هەستدەکەم، کەلەژێر چاویلکە

ڕەشەکەیەوە، سەیری هەرکەسێک بکات، یەکسەر بیرکردنەوەو، هەرچییەکی لە مێشک و نیهادا بێت، کەشف دەکات ودەبینێت.

ئەوجا بە کاوەخۆ لە سەر قسەکەی ڕۆیی وگوتی:

- بەڵام چۆنی لێدا، چۆنی کوشت؟ دەیبردە ناو جێگاوە، سەراپای لە لێفەیەکەوە دەپێچا و، ئیدی تێی بەردەبوو، بگرە کوێت دێشێ! شەوبێری نەدەکرد، بۆ ئەمەی دەکرد؟ بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ؟

تسیگانوک، بە باوەشێک شەواتەک(چیلکەو داری سووتاندن) و دارەوە گەڕایەوە، لە لای ئاگرەکەوە دانیشت وکەوتە گەرمکردنەوەی دەستەکانی. لێ گریگۆری بێئەوەی گوێ بەو بدات، بەدەنگێکی خەمین لە سەر قسەکەی ڕۆیی وگوتی:

- پێدەچوو هۆی ئەو هەموو لێدانە ئەوە بووبێ کە ژنەکەی لە خۆی باشتر بوو، یاکوف بەغیلی پێدەبرد، ماڵباتی کاشیرین، واتە بنەماڵەکەی دایکی تۆ چاویان بە خەڵکی چاکدا هەڵنایەت، حەسوودن، بەغیلیان بە خەڵکی چاکدا دێت، چونکە بە خۆیان نەیاندەتوانی چاک بن، دژایەتی هەموو چاک و چاکەیەک دەکەن. بڕۆ لە نەنکت بپرسە چۆن

بابتیان بە داخەوە کوشت! نەنکت ڕاستیت پێدەڵێت. نە درۆ دەکات و نە حەزی لە درۆیانە. هەرچەندە ناوبەناو کەمێک مەی دەخواتەوەو زۆر ڕموودەی بڕنووتی (سعووتی ) یە، بەڵام ژنێکی پیرۆزە، پاک و بێگەردە، دەستبەرداری مەبە گیانە.

ئەوسا، لە باوەشی داگرتم.حایر و حەپەساو چووم بۆ ناو حەوشە. کەلە دەرگاکەوە وەدەرکەوتم، تسیگانوک، خۆی گەیاندمێ، دەستی خستە سەر سەرم و بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە گوتی:

- لێی مەترسە، مرۆڤێکیباشە، چاو لە دوڕ چاوانی ببڕە، حەزی لەو کەسانەیە کە چاو دەبڕنە چاوانی!

هەموو شتەکانی دەوروبەرم بۆ من غەریب ومایەی نیگەرانی بوون. هەرچەندە ئاگام لە ژیانی خەڵکانی دی نەبوو، بەڵام تا ڕادەیەک ئەوەم لەبیر بوو، کە داک و بابم بەم شێوەیە نەدەژیان، بە جۆرێکی دی دەژیان، بە جۆرێکی دی یەکتریان دەدواند، ڕێزی یەکدییان دەگرت، هەمیشە پێکەوە دادەنیشتن و پێکەوە ڕێییان دەکرد و دەچوونە پیاسە و گەڕان. زۆربەی شەوان لەبەر یەکێک لە پەنجەرەکاندا

دادەنیشتن و پێدەکەنین و بەدەنگی بەرز دەسترین (سترانیان دەگوت). دەرودراوسێ لە کۆڵانەکەدا خڕدەبوونەوە و تەمەشایان دەکردن و گوێیان لێدەگرتن. من لە بیرمە، ڕوخساری ئەو هاوسێیانەی کە لە خوارەوە سەریان هەڵبڕی بوو وتەمەشایان دەکرد، ئەو قاپە پیسانەی وەیاد دێنامەوە کە خواردنیان تیا خواردبوو ونەیان شۆردبوون. کەچی خەڵکەکەی ئێرە زۆرکەم پێدەکەنن، خۆ ئەگەر جارناجارێک پێکەنیبان، دیار نەبوو بۆ پێدەکەنین. زۆرجار بەگژ یەکدا دەچوون وبەڕووی یەکدیدا هەڵدەشاخان، هەڕەشەیان لێکدی دەکرد. بە دزییەوە، لەم گۆشە ولەو گۆشەدا، بە چپەوە قسەیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد. منداڵەکان کڕوکپ وبێدەنگ بوون وهەر هەستیان پێنەدەکرا، بە ئەرزەکەوە نووسابوون، لە تۆ وایە خاک و خۆڵن و باران بە ئەرزەکەوەی نووساندوون. من لەو ماڵەدا خۆم بە نامۆ و ئاوەکی دەزانی. ژیانەکەی دەوروبەرم دەرزی ئاژنی دەکردم، ناڕەحەت بووم، لە هەموو شتێک بە گومان بووم، بە گومانەوە دیقەتی دەوروبەری خۆم دەدا..

ئیدی بەرەبەرە دۆستایەتیم لەگەڵ ئیڤاندا تۆخ بووەوە. نەنکم لە بەیانی زووەوە تا درەنگانی شەو سەرقاڵی

کاروباری ناوماڵ بوو و بەمن ڕا نەدەگەیی، بە درێژایی ڕۆژ بە دەوری تسیگانوکدا دەسووڕامەوە، تسیگانوک وەکو هەمیشە، هەرجارێ بابام دارکاری بکردمایە، خۆی دەدایەبەر شولکەکەی دەستی تابەرمن نەکەوێت، بۆ ڕۆژی دوایی قامکە ئاوساوەکانی نیشان دەدام و بە کەسەرەوە دەیگوت:

- نا، فایدەی نییە! بەزەیی پێتا نایەتەوە، تەمەشا... فایدەی نییە، هەم من وام بەسەر دێ هەم تۆش لە لێدان ناخەلەسیت! تەواو ئیدی هەقم بەسەرتەوە نییە، ئەمە دواجارە کە...

بەڵام جارێکی دیکەش، ملی بۆ ئەم ئەشکەنجە و فیداکاریە دەدایەوە...

- ئەدی تۆ نەتگوت تەواو ئیدی هەقم بە سەرتەوە نییە؟

- با، بەڵام چ بکەم، بەدەست خۆم نەبوو، بێئەوەی پێبحەسم دەستم دایەبەر شولکەکە.

دوای ماوەیەک شتێکم لەمەڕ تسیگانوک بیست، هێندەی دی چووە دڵمەوەو خۆشم ویست.

تسیگانوک، هەموو یەکشەممەیەک، بەیانی زوو یەختەبۆری کە نێوی شاراپ بوو، ئەسپێکی چەموش بوو و نەنکم زۆری خۆشدەویست، لە خزاکێکی(عەرەبانەی سەر بەفر) گەورە دەبەست وبە خۆی کڵاوێکی لەسەر دەکرد و پۆستینێکی تا سەر ئەژنۆی لە بەردەکردو کەمەربەنێکی کەسکی توونەد لەسەر دەبەست ودەچوو بۆ بازاڕ تا خواردن وئازووقەی هەفتەیەک بکڕێت و بێتەوە. هەندێجار زۆر دێر دەکەوت.. هەموو خەڵکی ماڵەکە خەمیان لێدەهات، بەردەوام دەهاتنە بەر پەنجەرەکەو، بە هاڵاوی هەناسەیان، شەختەی سەر شووشەی پەنجەرەکەیان دەتواندەوەو تەمەشای جادەکەیان دەکرد تا بزانن بۆ نەهاتەوە!

- ها، هاتەوە؟

- نا، جارێ دیار نییە!

نەنکم، لە هەمووان پتر نیگەران دەبوو، بەهەردوو کوڕەکەی و مێردەکەی دەگوت:

- ئێوەئاقیبەت هەم ئەم کوڕە باشە بە کوشت دەدەن و هەم ئەسپەکەش. ئاخر تۆزێ ویژدانتان هەبێ، شەرم لە خۆتان بکەن، ئاخر لە چیتان کەمە؟ ئاخ خێڵی گەوج و چاوچنۆک

وتەماعکار! دەبینن خودا چۆن تۆڵەتان لێدەکاتەوە، پەلە مەکەن، خوا بەسەبرە بەڵام سەختگیرە!

بابام برۆکانی وێک دێنایەوەو نێوچەوانی تێکدەنا و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- دەبەسە، ئەمە ئاخیر جارە!

تسیگانوک، هەندێجار دوای نیوەڕۆ دەهاتەوە. بابام و خاڵەکانم، بە هەشتاو بە پیرییەوە دەچوون. نەنکیشم بەدەم سعووتی هەڵمژینەوە دوایان دەکەوت و بەدەم ڕێگاوە وەکو دێڵە ورچ دەی پرتاند... نازانم بۆچی لەم حاڵەتانەدا، چوارپەلی دەشکا و بە ئاستەم دەجولا. ئیدی منداڵەکان بە ڕاکردن خۆیان دەگەیاندە ناوەندی حەوشە و بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە، دەکەوتنە بەتاڵ کردنی خزاکەکە، کە پڕ بوو لە گۆشتی تازە، پەلەوەری سەربڕدراو، ماسی و جۆرەها خۆراکی جۆراوجۆر.

بابام، ژێراوژێر و بەچاوە چکۆلە تیژەکانی دەیڕوانییە بارەکان و دەی پرسی:

- هەموو ئەو شتانەت هێناوە کە پێم گوتبوویت؟

تسیگانوک، بەنێو حەوشەکەدا دەهات ودەچوو تا گەرمی ببێتەوە، دەستە چایییوەکانی لێکدی دەسوون، تا تۆزێ گەرم ببنەوە و بە خۆشییەوە بەرسڤی دەدایەوە:

- هەموو شتەکانم کڕیوە، هەر ئەمرێکت کردبوو، هەمووم جێبەجێ کردووە!

بابام تووڕە دەبوو ودەیگوت:

- هێواش، هێواش کابرا، بۆ بەوجۆرە دەست بەیەکا دەدەیت، دەستکێشەکانت دەدڕێن، پارەمان پێ داون، خۆ بە بەلاش دەستمان نەکەوتوون! پارەت پێ ماوە؟

- نەخێر!

بابام بە ئارامی بە دەوری خزاکەکەدا دەسووڕایەوە و بە ئەسپایی دەیگوت:

- وا هەستدەکەم، خواردەمەنیەکی زۆرت هێناوە، پێدەچێت بە قەرز هێنابێتن! جارەکی دی کاری وا نەکەیت، حەزم لەم جۆرە کارانە نییە، تێدەگەیت؟

دوای ئەو قسانە، ڕووی گرژ دەکردو دەڕۆیشت... هەنگێ خاڵەکانم، بە خۆشحاڵییەوە خۆیان دەگەیاندە خزاکەکە

وبەدەست باڵندەکان، ماسییەکان، جەرگ و سیقەتۆرەی باڵندە وسەروپێی گوێرەکە و پارچە گۆشتەکانیان هەڵدەسەنگاند و بەدەم خۆشی و شادییەوە فیکەیان دەکێشا و ستایشی تسیگانوکیان دەکرد و دەیانگوت:

- شتی باشت هەڵبژاردووە، ئافەرین بۆخۆت!

خاڵە میخائیلم، لە هەمووان خۆشحاڵتر بوو، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری، بە دەوری خزاکەکەدا، هەڵبەزودابەزی بوو، دەتگوت بەسەر سپرینگدا ڕێ دەکات، بە کەپووە دەندووکە دالاشیەکەی بۆنی هەموو شتەکانی دەکرد و تامی دەمی خۆش دەکرد، چاوە نیگەرانەکانی لە خۆشیا بچووک دەکردنەوە. وەکو بابی ڕەقەڵە بوو، بەلام کەمێک لەو درێژتر بوو، ڕەشێکی ڕەژوو ئاسا بوو، دەستە ڕچیوەکانی، لە ئاسینەکانی نابوون و لە تسیگانۆکی دەپرسی:

- بابم چەندی دابوویتێ؟

- پێنج ڕوبڵ.

- تۆ بایی نزیکەی پازدە ڕۆبڵ شتت هێناوە، چەندت پوڵ داوە؟

- چوار ڕۆبڵ ودە کۆپیک.

- بەو حیسابە نەوەت کۆپیکت بۆ خۆت هەڵگرتووە، خۆ گوێت لێیە یاکوف، خەڵکی بەوجۆرە پارە پەیدا دەکەن!

یاکوف، کە بە تۆی کراسێکی درێژ لەو سەرمایەدا وەستابوو و دەیڕوانیە ئاسمانی شین و سارد، پێکەنی و بە خوێنساردییەوە بە تسیگانوکی گوت:

- ڤانیا، دەڵێی چی قاپێ ڤودگامان بۆ بکڕیت؟

نەنکم، ئەسپەکە لە خزاکەکە دەکاتەوەو لەبەرخۆوە حەیوانەکە دەدوێنێت و دەڵێت:

- چیتە گیانەکەم؟ چیتە پشیلە چکۆلەکەم؟ حەزت لە گەمەیە؟ دەی گەمە بکە! قەیدی نییە!

ئەسپەکە، یاڵە پڕ وبژەکەی دەجوڵێنێ وبە ددانە سپییەکانی، بە نەرمی گاز لە شانەکانی نەنکم دەگرێت، ئەوجا دەسماڵە ئاورێشمەکەی نەنکم لادەبات. بە چاوە گەشەکانی دەڕوانێتە ڕوخساری و بە دەنگێکی نەرم وخۆش

دەحیلێنێت... داپیرەم بە سۆزەوە لێی دەپرسێت:- پارچە نانێکت دەوێ؟

نەنکم پارچەیەک نانی گەورەی سوێری دەداتێ وبەرکۆشەکەی لەبەردەمیا ڕادەگرێت تا خوێیەکە نەڕژێتە سەر ئەرزەکە...

" تسیگانوک " ش کەبەخۆی لە جوانوو ئەسپ دەچوو، بەرەولای دەهات ودەیگوت:

- بە ڕاستی ئەسپێکی جوانە، زۆر زیرەک وهۆشنە..

نەنکم پێی بە عاردیدا دەدات و هاواری بەسەردا دەکات:

- لاکەوە! مەیە بەلای منا، تۆ بەخۆت دەزانی، ئەو ڕۆژانەی دەچییە بازاڕ خۆشم ناوێی!

ئەوجا بۆی گێڕامەوە کە تسیگانوک وەختێ بۆ بازاڕ دەڕوات، ئەوەندەی شت بە پارە دەکڕێت، دوو ئەوەندە دەدزێت. ئەوجا بە دەنگێکی خەمین گوتی:

- بابات پێنج ڕۆبڵی دەداتێ، بایی سێ ڕوبڵ ئازووقە و پێویستی دەکڕێت و بایی دە ڕۆبڵێش دەدزێت، نارەسەنە، حەزی لە دزییە! جارێک دزی تاقیکردەوە، کە هاتەوە ماڵ،

هەموو پێکەنین و ئافەرینو ستایشیان کرد. ئیدی لەوە بە دواوە خووی بە دزییەوە گرت. بابات بە گەنجی زۆر نەدار و نەبوو بوو، بۆیە ئێستا بەم پیرییە کەوتووەتە ڕەزیکی و ئەوەندە دەست نوقاوە. پارەو ماڵی دنیای لە منداڵەکانی خۆشتر دەوێت. حەزی لە ماڵی مفت وخۆڕاییە! بەڵام میخائیل ویاکوف...

بە تووڕەیی و بێزارییەوە دەستێکی هەڵتەکاند، ئەوجا کەمێک بێدەنگ بوو، تەمەشای ناو قوتووە بڕنووتیەکەی کردو، بەخەمینییەوە وبەدەم پرتاندنەوە گوتی:

- ئەمە شتێکی ئاڵۆزە ئەلیوشا گیان، وەکو مافورێکە پیرەژنێکی کوێر چنی بێتی و من و تۆ سەر لە نەخش و نیگارەکانی دەرناکەین! ئاخری ڕۆژێک لە ڕۆژان تسیگانوک بە دزییەوە دەگیرێت و هەنگێ ئەوەندەی لێدەدەن تا دەیکوژن.

دیسان، بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو، کە دەستی بە قسان کردەوە، بە دەنگێکی زۆر نەرم گوتی:

- یاسا و ڕێنمایی زۆرمان هەیە، بەڵام هیچ هەواڵێک لە دادپەروەری و حەقیقەتەوە نییە!

ڕۆژی دوایی لە تسیگانوک پاڕامەوە کە واز لە دزی بێنێ و پێمگوت:

- ئەگەر بە دزییەوە بگیرێی، ئەوەندەت لێدەدەن تا دەتکوژن!

پێکەنی، بەڵام هەر زوو برۆی وێکهێنانەوەو چارەی گرژ بوو، ئەوجا بە دەنگێکی دلێر گوتی:

- نا، خەمت نەبێ، ناتوانن بمگرن، دەڕەقم، وریام، ئەسپەکەشم ڕەهوان و خۆشبەزە... من دەزانم دزی هەم شەرمە وهەم ترسناکە، من هەر بە هەوەس، لۆ فشە دزی دەکەم. بۆ پارەو پول کۆکردنەوەم نییە، هەرچییەکم هەبوو خاڵەکانت لە زەرفی هەفتەیەکدا هەموویان لێم کێشایەوە، بەڵام من گوێی نادەمێ، با لێمی بسەنن! گرینگ ئەوەیە سکم تێر بێ.

لە ناکاوا، هەڵیگرتم و باوەشی کردم، بە ئارامی هەژاندمی وگوتی:

- تۆ زۆر لەڕ و لاوازی، بەڵام ئێسقانت پتەون، دەبێت بە گەنجێکی بەهێز. گوێ بگرە، خۆت فێری گیتار ژەنی بکە،

داوا لە خاڵە یاکوفت بکە با فێرت بکات. من بە ڕاستمە ها! تۆ هێشتا منداڵی، ئەمە کێشەکەیە! منداڵێکی بچووکیت، کەچی زۆر جدیت! وابزانم بابات خۆشناوێت، وانییە؟

- نازانم.

- دەیسا من، جگە لە نەنکت هیچ کەسێکی ماڵباتی " کاشیرین " م خۆشناوێ... ئاوەئاو بچن. مەگەر هەر شەیتان بتوانێ خۆشی بوێن!

- ئەدی من؟

- تۆ لە ماڵباتی کاشیرین نیت. تۆ لە " پشکوف " یت، توخم و تۆوت لەوان جیایە، خوێنی تۆ، خوێنێکی دیکەیە.

بە میهرەبانیەوە بە خۆوەی گوشیم و بەدەم ناڵینەوە گوتی:

- خۆزگە دەنگم خۆشبا، بەزاتی خوا ئاورم لە دڵی خەڵکی بەردەدا. بڕۆ براڵە بڕۆ، وازم لێ بێنە... دەبێ دەستبە کارەکەم بکەم..

بە ئەسپایی لە ئەرزەکەی دانام، چنگۆکەیەک بزماری خستە دەمییەوە، دەستی کرد بە داکوتینی پارچەیەکی ڕەشی تەڕ، بەسەر چوارچێوەیەکی گەورەی تەختەدا.

دوای ئەوە بە ماوەیەک، تسیگانوک مرد. مردنەکەی بەمجۆرە بوو:

خاچێکی گەورەی دار بەڕوو، کە پایەیەکی ئەستوور وگرێداری هەبوو، ئەو خاچەیان بە دیواری حەوشەکەوە نابوو، ماوەیەک بوو لەو شوێنەدا بوو، لە یەکەم ڕۆژی هاتنمەوە بۆ ئەم ماڵە سەرنجی ڕاکێشام. ئەوکاتە تازەتر بوو، زەردباو بوو، بەڵام هەنووکە لە ژێر بارانی پاییزدا، ڕەش هەڵگەڕا بوو، ئیدی بۆنی دار بەڕووی تەڕی لێدەهات، لەو حەوشە تەنگ و پیسەدا، شتێکی زیاد بوو.

خاڵە یاکوف ئەم خاچەی کڕی بوو، تالە سەر گۆڕی ژنەکەی دای بچەقێنێ. نەزری کردبوو، کەلە یەکەم ڕۆژی ساڵیادی مردنی ژنەکەیدا، بیدات بە شانی خۆیدا وبۆ سەرقەبرانی بەرێت... ساڵیادی مردنی ژنەکەی یاکوف، ڕێکەوتی ڕۆژی شەممەی دەکرد، هەوەڵی زستان بوو. بایەکی تووندی دەهات، بەفری سەربانەکانی ڕادەماڵی و بە دنیادا تۆوی دەدا. بابام وداپیرەم و هەرسێ نەوەکەیان لە پێش ئەوانی دیدا، چوون بۆ سەر قەبران، ئەوانی دیکەش چوونە ناو

حەوشە و منیان لەگەڵ خۆدا نەبرد، ئەمە سزای خەتایەک بوو کە پێشتر کردبووم.

خاڵەکانم، دوو پۆستینی ڕەشی چوون یەکیان لەبەر کرد، خاچەکەیان هەڵگرت و هەریەکەیان سووچێکیان نایە سەر شانیان. گریگۆری وپیاوێکی بێگانە، بە زەحمەتێکی زۆر پایە قورسەکەی خاچەکەیان بەرزکردەوەو خستیانە سەر شانە پانەکەی تسیگانوک، تسیگانوک لەزگ بوو بکەوێت، بۆ ئەوەی نەکەوێ لاقی بڵاوکردنەوە. گریگۆری پرسی: - نایتوانی؟

- نازانم، وادیارە زۆر قورسە!

خاڵە میخائیل، بە تووڕەیی گوتی:

- دەروازەکە بکەوە هەی کوێری لە خوا عاسی!

یاکوف گوتی:

- تسیگانوک، شەرم لە خۆت ناکەیت؟ ئێمە هەر دووکمان لە تۆ لاوازترین.

بەڵام گریگۆری بەدەم کردنەوەی دەروازەکەوە، ئاوڕی لای فانیای دایەوەو تسیگانۆکی ئاگادار کردەوە:

- ئاگات لە خۆت بێ، خۆت زۆر ماندوومەکە! خوا ئاگادارت بێ!

خاڵە میخائیل، لە سەر جادەکەوە وەڵامی دایەوە:

- هەی کەچەڵی خوێڕی، بە ڕاستی کەریت!

هەموو ئەوانەی لە حەوشەکەدا بوون، دەستیان بە پێکەنین کرد، بە دەنگی بەرز کەوتنە قسان، دیار بوو بردنی خاچەکە هەموویانی خۆشحاڵ کردبوو.

گریگۆری دەستی گرتم و لەگەڵ خۆیدا بۆ کارگەکەی بردم و بەدەم ڕێوە گوتی:

- ڕەنگە ئەمڕۆ بابات دارکاریت نەکات، کەیفی ساز دیارە، مەیلی شەڕی نییە.

منی، لە سەر کۆمەڵێک بەرگن وخوری، کە بۆ ڕەنگ کردن دانرابوون، دانا، بە میهرەبانیەوە هەندێک لەو خوریانەی دا بە شانمدا تا سەرمام نەبێت. ئەوجا بۆنێکی ئەو هەڵمانەی کرد کەلە مەنجەڵەکانەوە بەرزدەبوونەوەو دەبیرەوە چوو و گوتی:

- گیانەکەم، من سی و حەوت ساڵە بابات دەناسم، لە هەوڵی ئەم کارەوە دیتوومە و وادیارە ئاخیرەکەشی دەبینم. جاران دوو دۆستی باش بووین. پێکەوە ئەم دام و دەزگایەمان دانا. بابات پیاوێکی بە ئاوەزە! ئەو بوو بە خاوەنکار، من هیچم بەهیچ نەکرد. بەڵام خوا لە هەمووان داناترە. دەتوانیێ لە کەفلەکونێکا، ئاقڵترین بەشەر کەر بکات وفڕی بە دنیاوە نەمێنیێ، تۆ هێشتا منداڵی، لەمانای بۆچی و چۆن تێناگەیت؟ بەڵام زۆر پێویستە لە هەموو شتێک حاڵی ببیت. ژیانی سێوی زۆر دژوارە " ماکسیم سافاتیفیچ " ی باوکت، پیاوێکی بەکار و زیرەک بوو، لە هەموو شتێک تێدەگەیی، بۆیە بابات خۆشی نەدەویست و هەر بە بەشەریشی نەدەزانی..

زۆر حەزم دەکرد دانیشم وگوێ لەوجۆرە قسانە بگرم، بەدەم گوێگرتنەوە تەمەشای ئەو ئاگرە سوور و ئاڵتوونیە بکەم کەلە ناو ئاگردانەکەدا سەمای دەکرد، تەمەشای ئەو هەڵمە سپییە بکەم کە لە مەنجەڵەکاناوە هەڵدەستاو وەکو شەونم لەسەر تەختە خوارو خێچەکانی بنمیچەکە دەنیشتەوە. لە درزی نێوان ئەو تەختانەوە، ئاسمانی کەوەیی وەکو نەوارێک، بە کەش وفشەوە خۆی دەنواند.

بایەکە هێور بووەوە، هەتاو هەڵهات، ناو حەوشەکە بەجۆرێ دەدرەوشایەوە، لە تۆ وایە خاکەی شووشەی پێوەرکراوە، دەنگی داخزینی خزاکەکان، لە جادەکەوە دەهاتە گوێ، دووکەڵێکی شینباو، لە لوولە و دووکەڵکێشی سۆپای ماڵەکانەوە دەچوو بە ئاسمانا، کۆمەڵێک سێبەری کاڵ وتەنک، بەسەر بەفرەکەدا، لە جووڵەدا بوون، دادەخزین، لە تۆوایە ئەوانیش، چیرۆک و حیکایەتی خۆیان دەگێڕنەوە.

گریگۆری کە کابرایەکی درێژی، تێکسمڕاوی ڕیشنی گوێچکە پان بوو، وەکو سیحربازێکی جوان، بەسەری کۆتەوە لەبەردەممدا وەستابوو، بە دارێک مەنجەڵە بۆیاخەکانی، کەلەسەر ئاگرەکە دەکوڵان، تێکدەدا و بەدەم کارەوە ئامۆژگاری دەکردم:

- چاو لەبەرکەس دامەخە، چاوت لە دوڕ چاوانی ببڕە، ئەگەر وا بکەی، تەنانەت ئەو سەگەش کە پەلامارت دەدات، سڵت لێدەکاتەوە، لێت دەپرینگێتەوەو لەجێی خۆی ڕەق ڕادەوەستێ و جوڵە ناکات..

عەینەکە قورسەکەی گوشاری لە کەپووی دەکرد. سەری لووتی بە سەدەمی قورسی چاویلکەکەی شین بووبووەوە. ڕێک لە دفنی(لووت) نەنکم دەچوو..

لە ناکاوا گوتی: - ئەوە چییە؟

کەمێک گوێی هەڵخست، بە پێ دەریچەی ئاگردانەکەی گرت وگوتی:

- سەبرکە، با بزانم چییە؟

بە هەشتاو خۆی گەیاندە ناو حەوشەکە و منیش بە غار دووی کەوتم.

تسیگانوک، لە ناوەندی مووبەقەکەدا، لەسەر گازی پشت کەوتبوو، دوو تیرۆژی ڕوناکی لە پەنجەرەکەوە دەیاندا لە ناو مووبەقەکە، یەکێکیان ڕاستەوخۆ دەیدا لە سەر و سینگی تسیگانوک، ئەوەی دیکەیان دەیدا لە لاقی. ڕوناکییەکی سەیر بە ناو چەوانیەوە پرشنگی دەدا. برۆکانی بەرزبووبوونەوە، لە لێوەکانیەوە، کە ڕەش هەڵگەڕابوون وتەتەڵەیان دەکرد، کەفێکی پەمەیی دەهاتە دەرێ. دوو ڕچە خوێن بە لالغاوەکانیا و بەسەر ڕوخسار و ملیا

دەهاتنەخوارێ وئەوسا دەڕژانە سەر ئەرزەکە و خوێن بە ژێر پشتیا فیچقەی دەکرد، لاقەکانی سست بووبوون وپانتۆڵە دەڵب و پانەکەی تەڕ بووبوو و،بە تەختەی زەمینەی مووبەقەکەوە چەسپی بوو، زەمینەی تەختەپۆشی مووبەقەکە بە ئاو و لم شۆردرابوو و وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە. ڕچەی خوێن بەرەو دەرگاکە دەکشاو لەوێ دەمەیی وتیشکی هەتاوەکە لێی دەداو دەدرەوشایەوە.

تسیگانوک، بێهیچ جووڵەیەک ڕاکشابوو، دەست وبازووی بە هەردوو تەنیشتیا ڕاکێشابوون، بە سەری قامکەکانی دەیکێشا بە ئەرزەکەدا، نینۆکە بۆیاویەکانی لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشانەوە.

یەڤگینیای دایەن، لە تەنیشتیەوەو لەسەر چۆکان ڕۆنیشت، خەریک بوو مۆمێکی دەخستە دەستی تسیگانوک، بەڵام ئەو مۆمەکەی پێنەدەگیرا... مۆمەکە کەوت و گڕەکەی لە خوێنەکەدا کوژایەوە. دایەنەکە دووبارە مۆمەکەی هەڵگرتەوە، بە چمکی کۆڵوانەکەی سڕی وپاکی کردەوە. دووبارە هەوڵیدا بیخاتە بەینی قامکەکانیەوە کە بە نائارامی دەجووڵان. ژوورەوە یەکپارچە هەڵچوون و ورتەورت

بوو، کە من وەژوور کەوتم، ئەم ورتەورت و هەڵچوونە، وەکو بایەکی پێچەوانە، بەڕووما هات، ئەگەر خێرا دەسکی دەرگاکەم نەگرتبایە، لەوەبوو ڕام بماڵێت و تووڕم بداتە دەرەوە.

خاڵە یاکوف، بەدەنگێکی کز وبەدەم سەر لەقاندن و چاو تروکاندنی بەردەوامەوە دەیگوت:

- پێی هەڵنووتا!... کەوت، خاچەکە کەوت بەسەریا، ڕێک کەوت بە سەرپشتیا. خەریک بوو ئێمەش بکوژێ، باش بوو زوو خۆمان لە ژێر خاچەکە دەربازکرد.

گریگۆری بە دەنگێکی گیراو گوتی:

- یانی خاچەکەتان دا بەسەر ئەودا و پان و پلیشتان کردەوە!...

- ئەم قسانە چییە؟

- ئێوە، هەردووکتان!

بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕۆیی، خوێنەکەی لەبەر دەرگاکە کۆبووەوە، ڕەش بوو، وەکو ئاوێک لەمپەرێک بەردەمی بگرێت بەرزبووەوە، کەفێکی پەمەیی لە دەمی تسیگانوکەوە دەهاتە

دەرێ و تسیگانوک، بە جۆرێ دەینالاند، لە تۆوایە بەدەم خەوەوە دەنالێنێ، بەرەبەرە بچووک دەبووەوە، لە تۆ وایە دەتوێتەوە، بەجۆرێ پەلی بەسەر ئەرزەکەدا دەهاوێشت ، وەک ئەوەی بیەوێ، بچێت بە ناخی زەویدا.

خالە یاکوف، بە ئەسپایی گوتی:

- میخائیل سواریئەسپێک بوو و بە هەشتاو ڕۆیی بۆ کڵێسا تا بابم ئاگادار بکاتەوە، منیش خێرا عەرەبانەیەکم بەکرێ گرت ولە پیرە عەرەبانەم ناو بلەز بۆ ئێرەم هێنایەوە... باش بوو خۆم پایەی خاچەکەم هەڵنەگرت، دەنا ئێستا من..

دایەنەکە دووبارە مۆمەکەی نایە ناو دەستی تسیگانوک، مۆمە داگیرساوەکە دەتکایەوە سەر دەستی ئەو. گریگۆری بە تووڕەیی و دەنگی بەرز هاواری بە سەر ژنەی تایندا کرد وگوتی:

- کەرە، مۆمەکە لە ژوور سەرییەوە لە عاردی دابنە!

- ڕاست دەکەیت!

- کڵاوەکەی لەسەری دابکەنن!

دایەنەکە، کڵاوەکەی لەسەری داکەند، سەری ئیڤان تەپ کەوت بە ئەرزەکەدا، سەری خوار بووەوەو خوێن لە دەمییەوە فیچقەی کرد، بەڵام ئەمجارەیان لە یەک گۆشەی دەمییەوە. ئەم حاڵەتە ترسناکە ماوەیەکی زۆر دەوامی کرد. لە هەوەڵەوە وام وێنا کرد کە تسیگانوک پشوویەک دەدات، زۆری پێناچێت، لەسەر ئەرزەکە دادەنیشێت و خوێناوەکەی دەمی دەتفێنێتەوە و بە دەنگە نەرمەکەی دەڵێت:

- ئاخ! چەند گەرمە! ئۆف لەم گەرمایە!

هەمیشە ڕۆژانی یەک شەممان، دوای ئەوەی لە نیوەڕۆ خەو ڕادەبوو، ئەو قسەیەی دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان هەڵنەسا، بەڵکو هەر لە جێی خۆی و بەرەبەرە بەدەم ڕاکشانەوە دەتوایەوە..

هەتاو لەسەری لاچوو، تیشکی هەتاوەکە تەنیا قەراخ پەنجەرەکەی ڕۆشن دەکردەوە. ڕوخسار ودەستەکانی ئیڤان ڕەش هەڵگەڕابوون، پەنجەکانی لە جووڵە کەوتن، دەمی کەفی نەدەکرد، سێ شەمالکیان لە پشت سەری و لە دەوری هەر دوو گوێچکەی داگیرساندبوو. شوولەی بچووک و لەرزۆکی مۆمەکان دەیدا لە قژە پڕ و ڕەشەکەی و ڕوناکی

دەکردەوە، دەیدا لە نووکی کەپووی، لە ددانە پەمەییەکانی و لە تۆ وایە دەدرەوشێتەوە. ئەوجا تیشکی لەرزۆکی مۆمەکان، بەسەر گۆنا ئەسمەرەکانیەوە شەپۆلی دەدا.

دایەنەکە، بە دیارییەوە کەوتبووە سەر چۆکان و بەدەم گریانەوەو لەبن لێوانەوە و بە کەسەرەوە دەیگوت:

- عەزیزەکەم، کۆترە بچکۆلە بێ وەیەکەم، فێنکی دڵەکەم!

دنیا سارد بوو، دیمەنەکە زۆر خەمناک و نیگەرانی ئامێز بوو، دڵم گیرا، خۆم بە ژێر مێزەکەدا کرد وخۆم لەوێندەر مات دا. دوای تۆزێک بابام بە خۆ و پۆستینە ڕەشە قورسەکەیەوە وەژوورکەوت، نەنکم لە دوای ئەوەوەو بە پاڵتۆ ئەستوورە یەخە فەروەکەیەوە وەژوورکەوت، خاڵە میخائیل ومنداڵەکان و دەرودرواسێ لە دوای ئەوانەوە وەژوورکەوتن.

بابام پۆستینەکەی لە عاردی دانا و هاواری کرد:

- هیچ وپووچانە، بزانە چۆن ئەم کوڕە باشەتان کوشت! ئەگەر پێنج ساڵی دیکە بمایە، دەبوو بە پیاوێک بە قورسایی خۆی زێڕی دێنا!

ئەو جلک و شتانەی لە ئەرزەکەدا کەوتبوون، نەیاندەهێشت تسیگانوک بدینم. لەژێر مێزەکە هاتمەدەرێ و یەکسەر کەوتمە ژێر دەست و پێی بابامەوە. لەقەیەکی لێدام و دووری خستمەوە. کۆڵەمستە بچووک و سوورەکەی لە خاڵەکانم ڕاوەشاند و گوتی:

- گورگانی دڕندە!

خۆی دا بەسەر تەختەکەدا، بە هەردوو دەست تووند خۆی بە تەختەکەوە گرت، بەدەم هەنسک هەڵدانەوەو بە دەنگێکی ناساز گوتی:

- ئاخ، من دەزانم، چاوتان پێدا هەڵنەدەهات، چقڵی چاوی ئێوەبوو، ژارۆ تسیگانوک، بەلەنگازۆ تسیگانوک، ئێستا چ بکەم؟ لەتۆ دەپرسم چ بکەین؟ تازە تەواو دەهۆڵ دڕا، دەنگی بڕا، جڵەوی منداڵەکانم لەدەستی منا نەماوە، بڕوانە ئافرەت! وادیارە خواوەندیش لەم چەند ساڵەی ئەم داوییەدا دەستبەردارمان بووە، لێمان تۆراوە، میهر ومەحەبەتەکەی جارانی نەماوە، وانییە ئافرەت؟

داپیرەم، لەسەر ئەرزەکە و بەدیار ئیڤانەوە دانیشت، دەستی بە ڕوخسار و سەر و سینگی ئیڤاندا دێنا، فووی لە

چاوەکانی دەکرد، هەردوو دەستی دەگرتن و هەڵی دەگلۆفتن. ئەنجام هەموو مۆمەکانی خست، بە زەحمەت هەستایە سەرپێیان. لە تاپۆیەکی ڕەشی تاریک دەچوو، جلە ڕەشەکانی دەبریقانەوە. گڕ لە چاوە ڕەشەکانی دەبووەوە، بە دەنگێکی نەوی گوتی:

- لاکەون، هەیدێ گوم بن لەبەرچاوم، نەحلەتی خواتان لێبێ!

هەمووان، جگە لەبابام، لە مووبەقەکە وەدەرکەوتن. ئیدی، تسیگانوکیان، بەبێدەنگی بەخاک سپارد.

## فەسڵی ( ٤ )

من لە سەر تەختەخەوێکی پان دەخەوتم، لێفەیەکی قورسم بە خۆمدا دەدا، کەلە هەموو لایەکەوە دایدەپۆشیم، گوێم لە نەنم دەگرت کەچۆن نوێژی دەکرد... دەکەوتە سەرچۆکان، دەستێکی بە توندی دەنا بە سینگییەوە و، بە دەستەکەی دیکەی ناوبەناو و، بە ئەسپایی نیشانەی خاچی بەسەرسینگ و بەرۆکی خۆیدا دەکێشا.

خرمەخرمی شکانی شەختە و سەهۆڵ لەو دیو پەنجەرەکەوە دەهاتە گوێم، تریفەی سەوزباوی مانگ، لە شووشەی پەنجەرەکەوە، کە شەختە و سەهۆڵ جۆرەها نەخش و نیگاری لەسەر نەخشاندبوو، دەیدا لەناو ژوورەکە، ڕوخساری میهرەبان وکەپووە زەلام و چاوە ڕەشەکانی داپیرەمی ڕوناک دەکردەوە. ئەو سەرپۆشە ئاورێشمەی کە قژەکەی داپۆشی بوو، وەکو کان دەدرەوشایەوە. کراسە ڕەشەکەی، لە شێوەی شەپۆلدا کەوتبووە سەر ئەرزەکە و هەرچوار دەوری گرتبوو.

نەنکم کەلە نوێژ و نزایان دەبووەوە، بە بێدەنگی جلەکانی دادەکەند، بە دیقەت قەدی دەکردن ولە سەر سەندوقی جلەکان، کەلە سووچێکی ژوورەکەدابوو، دای دەنان، ئەوجا بەکاوەخۆ بۆلای تەختە خەوەکە دەهات، من وام دەنواند کەلە غورابی خەودام... بە میهرەبانیەوە دەڵێت:

- درۆ مەکە، هەی بچکۆلی ساختەچی! تۆ نەخەوتوویت، خەوتوویت؟ کوا کەڤۆکە چکۆلەکەم، چمکێکی لێفەکەم وێدە.

چونکە دەمزانی دوای ئەوە چ ڕوو دەدات، نەمدەتوانی بەر لە پێکەنینی خۆم بگرم... نەنکم هەست بە پێکەنینەکەم دەکات ،هاوار دەکات:

- چییە، دەتەوێ گاڵتە بە نەنکت بکەی، بیکەیت بە مەخسەرەی خۆت؟

ئیدی لێفەکە دەگرێت وبەتووندی بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و، من هەڵدەدات و دەچم بە حەوادا ودوو سێ تەقلە دەدەم، ئەوسا دەکەومە سەر دۆشەکە نەرم و پەڕەکە. ئیدی نەنکم لە قاقای پێکەنین دەدات:

- دەی بخۆ دەی، جنۆکەی بچووک!

هەندێجار نوێژ و نزاکانی درێژەیان دەکێشا ومن خەوم لێدەکەوت و ئاگام لێ نەدەما کە دەهاتە ناو جێگاکە...

هەرکاتێ خەم وخەفەتی هەبوایە، یان لەماڵەوە شەڕ وئاژاوە بەرپا ببوایە، شەوگاری بە نوێژ و نزای دوور ودرێژ شەق دەکرد، بەوردی گوێم لە نوێژ و نزاکانی داپیرەم دەگرت، هەر هەموو بویەر و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی لە سیری تا پیازی بۆ خودا دەگێڕایەوە. باگردێن ئاسا بە چۆکا دەهات و بەدەنگی نزم و گۆنگ دەکەوتە دوعا و لاڤەو پاڕانەوەو بەرەبەرە دەنگی بەرز دەکردەوە و دەیگوت:

- خودایا، تۆخۆت چاک دەزانی هەرکەسە و لەخەمی خۆی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدایە، ئەمەش کارێکی ئاساییە. میخائیل کوڕی گەورەمانە، کەواتە هەقی خۆیەتی لێرە، لەشار وەمێنێ وکارگەکەی بەڕێوە بەرێت، هەڵبەتە غەدرە بە توبزی بۆ ئەوبەری ڕوبارەکە بنێردرێ، تا لەوێ کارگەیەک بکاتەوە، لەبەر ئەوەی شوێنەکە، شوێنێکی تازەیە و پێشتر کەس تاقی نەکردووەتەوەو خوا دەزانێ کاسبی دەبێت یان نا. کەچی بابیان یاکوف بەسەر ئەودا پەسند دەدات. باشە ماقووڵە باب فەرق و جیاوازی لە نێوان منداڵەکانیا بکات؟ ئەم پیرەمێردە کابرایەکی زۆر سەرسەخت وسەختگیرە، خودایا، تۆزێکئەقڵی بدەرێ، تا ماوم لە منەتباریت دەرناچم خودایا!

ئیدی چاوە ڕەش وپرشنگدارەکانی دەبڕینە ئیکونە تاریک و ڕەشەکان و داواو داخوازیەکانی لە خودا دووبارە دەکردەوە:

- خودایا، کارێکی وەها بکە، خەونێکی خۆش و باش بدینێت و دڵی نەرم بکە و تێی بگەیەنە کە دەبێ سەروەت و سامانەکەی بە یەکسانی لە منداڵەکانی بەش بکات!

ئەوسا، ئاماژەی خاچی دەکێشا، بەدەم کڕنۆشەوە بە ڕادەیەک دادەنەوییەوە کە هەنیە پانەکەی دەگەییە ئەرزە تەختەپۆشەکە و ئەوسا بەدەم ڕاست بوونەوەوە لە سەری دەڕۆیی:

- ئەدی بۆ ئاوڕێک لە ڤارڤارا نادەیەوەو کەمێک دڵی خۆشبکەی؟ ئاخر ئەو داماوە چی کردووە وا لێی چووی بە قینا گەورەم؟ مەگەر لە ژنانی دی گوناحکارترە؟ ئاخر کەی ڕەوای هەقە ئافرەتێکی گەنجی منداڵکار، بەم کوێرەوەریە بژی؟ بەڕاست خودایا گریگۆریشت لەبیر نەچێت، چاوەکانی، کە ڕۆژبەڕۆژ خراتر دەبن بپارێزە. خۆ ئەگەر چاوەکانی لە دەست بدات و نابینا ببێت، مەگەر بکەوێتە دەرۆزە و گەدایی؟ ئاخر ئەمە کەی ڕەوایە؟ هەموو توانا و گەنجاتی خۆی کردە قوربانی بابی منداڵەکانی من... ئایا ئەگەر کۆرە ببێت، ئەم پیرەمێرەی من یارمەتی دەدات؟ ئۆف خودایا، خواگیان!

ئەوسا بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ دەبوو، سەری دادەنەواند، هەردوو باسکی شۆڕ دەکردنەوە، لە تۆوایە خەوێکی قووڵ

بردوویەتیەوە، یان چوارپەلی بەنج بوون، ئەوسا چاوەکانی دەتروکاندن و دەیگوت:

- چی دیکە؟ ڕەحم لە هەموو خواناسان بکە! منی گەوجی نەحلەتیش لەگەڵ ئەواندا ببەخشە، تۆبەخۆت چاک دەزانیت ئەگەر خەتا و هەڵەیەکم کردبێت، لە نەزانی و کەودەنیەوە بووە، نەک لە شەڕخوازییەوە.

ئەوسا هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و بە میهرەبانی و ڕەزامەندییەوە، لەسەری دەڕوات و دەڵێت:

- خواگیان، تۆ دانا و زانا بە هەموو شتانی، هیچ شتێک لە تۆ پەنهان نییە.

من زۆر دڵبەندی خوایەکەی نەنکم بووم، کەوادیار بوو زۆر لێوەی نزیک بوو و خۆشی دەویست، بەینیان فرە خۆش بوو، زۆرجار لێی دەپاڕامەوەو دەمگوت:

- باسی خودام بۆ بکە...

بەشێوازێکی زۆر تایبەتی باسی خودای دەکرد، دادەنیشت، چاوانی دادەخست، بە ڕاوێژو دەنگێکی نەوی و ئارام دەستی بە قسان دەکرد، بە شێوەیەکی سەیر وشەکانی دەدرکاند. تا

ئێستاش لە بیرمە چۆن خۆی بۆ باسکردنی خودا ئامادە دەکرد... لە قەراخ تەختە خەوەکە ڕۆدەنیشت، سەرپۆشێکی بە سەریا دەدا، ئەوسا بەکاوەخۆ، جلەوی بۆ خەیاڵ شل دەکرد و سەری چیرۆکێکی فانتازی دادەمەزراند و هێندەی شاخ وباڵ لێدەنا، تا خەو دەیبردمەوە، دەیگوت:

- خودا لەوێندەر، لەسەر گردێکی بڵند، لە ناوەندی چەمەنزاری بەهەشتدا، لەسەر عەرشێکی یاقووت، لەژێر سپیدارانی زیوئاسادا دادەنیشێت، ئەم سپیدارانە، بە درێژایی ساڵ هەر سەوزن، چونکە لە بەهەشتدا، زستان وپاییز نییە، گوڵ، هەرگیز سیس نابن، لەبەر خاتری نزیکانی دەرگای خوا هەمیشە پشکوتوون و بە شەوق و شکۆفەن، فریشتان وەکو کلوبەفران، یان هەنگان، یان کەڤۆکێن سپی، بەدەوری خودادا دەسووڕێنەوەو لە جووڵەی بەردەوامدان، لە ئاسمانەوە بۆسەر زەوی دێن و پاشان لە شەقەی باڵ دەدەن و بۆ ئاسمان دەفڕنەوە و خوداوەند لە واریقاتی ئەم دنیا و کارێن مرۆڤان ئاگادار دەکەنەوە. هەرکەسە و فریشتەی تایبەتی خۆی هەیە، تۆ، من، بابات، فریشتەی تایبەتی خۆمان هەیە، خودا، بەیەک چاو تەمەشای هەمووان دەکات... بۆ نموونە فریشتەکەی تۆ دێت

بۆ لای خودا و دەڵێت: " ئەلکسی ئەمڕۆ زمانی لە بابای دەرهێنا وگاڵتەی پێکرد! " هەنگێ خودائەمر دەفەرمووێو دەڵێت: " دەیسا با پیرەمێر دارکاری بکات، بیگرێتە ژێر شەلاقان! "

ئەمە بۆ هەمووان و بێ هیچ فەرق و جیاوازییەک ڕوودەدات، ئیدی هەرکەسە و بە گوێرەی کردەوەی خۆی پاداشت یان سزا دەدرێت. یەکێک سزا دەدرێ و یەکێکی دی پاداشتی دەدرێتێ، دام ودەزگای خوایی ئەوەندە ڕێک وپێکە کە فریشتەکان، هەر هەموویان لە خۆشیاندا، دەکەونە باڵەفڕێ و لە پەستا و بێپسانەوە هاوار دەکەن: " گەورەیی هەر لەتۆ دێ خودایا، هەر تۆ گەورەی ئەرز و ئاسمانی! " خواوەندی میهرەبانیش، بە ڕوویانە پێدەکەنێ، دەیەوێ بڵێت: " دەی باشە، ئەی فریشتە جوانەکان، مادام ئەمەتان پێخۆشە بەردەوام بن لە سەر وێرد و سەڵاواتی خۆتان! "

نەنکم، بەدەم سەرلەقاندنەوە بزەی دێتێ... من لێم دەپرسی:

- باشە تۆ هەموو ئەم شتانەت بە چاوی خۆت دیتووە؟

بە دڵنیاییەوە وەڵام دەداتەوە:- نەخێر نەم دیتووە، لێ دەزانم وایە.

هەرجارێ باسی خوداو بەهەشت وفریشتانی دەکرد، بچووک دەبووەوە، نەرم و نیان دەبوو، شوێنەواری پیری بە ڕوخساریەوە نەدەما. ڕوناکیەکی گەرم لە چاوە نمدارەکانیەوە پرشنگی دەدا، من گێسوە قورس و پرشنگدارەکانیم لە گەردنی خۆم دەئاڵاند وبەبێ جووڵە دادەنیشتم و، بەدڵ و بەگیان گوێم لە چیرۆک و حیکایەتە بێ کۆتاییەکانی، کە هەرگیز لێیان تێر نەدەبووم، دەگرت. دەیگوت:

- بەشەری فانی بۆیان نییە، ڕووی خودا بدینن، چونکە ئەگەر بەچاو بیدینن کوێر دەبن... تەنیا پیاوچاک و وەلییان دەتوانن بە چاوی کراوەوە، خودا بدینن. بەڵام من خۆم فریشتەم دیتون، فریشتە خۆیان بە مرۆڤی ڕۆح پاک ودڵپاک ونیازپاک نیشاندەدەن. جارێک بەیانی زوو، بۆ نوێژ ونزا چووبوومە کلێسا، دوو فریشتەم لە میحرابەکەدا بینی. وەکو تەم وابوون، مرۆڤ دەیتوانی ئەم دیو و ئەودیویان بدینێ، وەکو چەخماخە دەدرەوشانەوە، باڵە شۆڕەکانیان دەگەییە

عاردی، باڵیان هێندە ناسک بوو، دەتگوت دانتێل وحەریرە. بە دەوری هەیکەل و میحرابی کڵێساکەدا دەسووڕانەوە و کۆمەکی ئیلیای پیر، کەشیشی کڵێساکەیان دەکرد. هەرکە ئەو، دەستە پیرەکانی بەرز دەکردەوە، تالە قاپی خودا بپارێتەوە ئەوان، ئانیشکیان دەگرت تا شەکەت نەبێت. زۆر پیر بوو، چاوی کوێر بووبوون، خۆی بەهەموو شتێکا دەدا، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم ئەمری خوای کرد. ئەو ڕۆژە کە چاوم بە فریشتەکان کەوت، حەپەسام، خەریک بوو لە خۆشیاندا باڵ بگرم، ڕوندک بە چاوانمدا هاتەخوارێ. چەند ڕۆژێکی خۆشبوو! ئەرێ ئەلیوشا گیان، کەڤۆکە چکۆلەکەم، هەموو شتێکی ئاسمان جوانە! هەروەها هەموو شتێکی سەرزەویش جوانە!

پرسیم:- یانی شتەکانی ئێرەش، ماڵەکەی خۆمانیش هەرجوانن؟

نەنکم نیشانەی خاچی بەسەر سینگ و بەرۆکی خۆیدا کێشا وگوتی:

- بەڵێ، لە هەموو شوێنێک! لە سایەی بەرەکەتی مریەمی پاکیزەدا هەموو شتێک جوانە..

سەرم لەو وەڵامە سوڕما، هەرچی سەرم دێنا و دەبرد، باوەڕم نەدەکرد، کە هەموو شتێک لە ماڵی مەدا جوان وباش بێ. بە پێچەوانەوە، وام هەستدەکرد، کە پەیوەندییەکان ڕۆژ بەڕۆژ گرژتر وخراتر دەبن.

لە بیرمە ڕۆژێک بەبەر دەرگای ژوورەکەی لالۆ میخائیلدا، کە کرابووەوە، ڕەت بووم، دیتم پوورە ناتالیا، جلکێکی سەراپا سپی پۆشی بوو، بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، هەردوو باسکی لەسەر سینگی تێک ئاڵاندبوون و لەبن لێوانەوە و بەدەنگێکی ترسناک دەیناڵاند:

- ئۆف خودایا، لێرەم ڕزگار بکە. ڕزگارم بکە و ئەمانەتەکەی خۆتم لێ بسەنەوە. بۆلای خۆتم ببەوە..

ئەم نوێژ و نزایەی پوورە ناتالیا بۆمن خویا و فامکری بوو. هەروەها لە گریگۆریش حاڵی دەبووم کەلەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- کوێر بم و بڕۆم سواڵ بکەم... لێرەم باشترە!

زۆرچاک قسەکانی ئەوم درک دەکرد و هەمان بۆچوونی ئەوم هەبوو، لەدڵی خۆدا، خواخوام بوو زووتر کوێر ببێت، تا ببمە

دەلیلی و دەستی بگرم و دنیا بدەینە ژێر پاوە وبۆ خۆمان سوالْبکەین. ڕۆژێک ئەم ئارەزووەی خۆمم بۆ گێڕایەوە، وەستا گریگۆری پێکەنی وگوتی:

- دەیسا زۆرچاکە، پێکەوە دەڕۆین! منیش لە سەرانسەری شارا، بەدەنگی بەرز، کە هەمووکەس گوێی لێبێ جاڕ دەکێشم: " ئەمە نەوەی فاسیلی کاشیرینی خمخانەچیە! کوڕی کچەکەیەتی، بەزمێکی خۆش دەنەینەوە. ها؟ "

زۆرجار دەمبینی ژێر چاوە خەمناکەنانی پوورە ناتالیا شین بوونەتەوەو لێوەکانی ئاوساون، جارێکیان لە نەنکم پرسی: - خالْم، لێی دەدات؟

ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- ئەرێ، ئەو بێویژدانی خوا نەناسە بە دزییەوە لێی دەدات! بابات ئەوەی لێ مەنع کرد، کەچی بە دزییەوە شەوان لێی دەدات... خالْت پیاوێکی شەڕانییە و ناتالیاش ترسنۆک و بودەڵەیە.

ئەوسا بەرەبەرە گەرم بوو و لەسەری ڕۆیی:

- ئێستا باشە، لەچاو جارانا زۆر باشە، ئەو لێدانەی جاران نەماوە. خەڵکی لەچاو جارانا کەوی بوون، ئەو دڕندەییەی جارانیان نەماوە، ئەوپەڕی جارجارێک مستێک بە دەم و دانتا، یان بەپەنا گوێتا یان بە تەوقی سەرتا دەکێشن و لەیەک دوو خولەک پتر ناخایەنێ، ئەمە بە لێدان دانانرێت... بەڵام جاران، کەبە لێدان تێت بەردەبوون، بە سەعاتان دەستبەردارت نەدەبوون! جارێکیان بابات لە یەکەم ڕۆژی جەژنی پاکدا، لە نوێژی بەیانییەوە تا ڕۆژئاوا، گرتمیە ژێر لێدان، لێی دەدام هەرکە ماندوودەبوو، وچانێکی بۆ دەگرت، دووبارە بۆم هەڵدەسایەوە. هەم بە شەلاخ لێی دەدام و هەم بە شوول.

- باشە لەسەر چی؟

- لەبیرم نەماوە، جارێکیان هێندەی لێدام نیوەمەرگ بووم. دوای ئەوەش، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ نەیهێشت هیچ شتێک بخۆم، نازانم چۆن ئەوجارە نەمردم، جارێکی دیکەش..

زۆرم پێ سەیر بوو، خۆ نەنکم بە کەلەش دوو هێندەی بابام دەبوو، باوەڕم نەدەکرد، بابام کە پیاوێکی ڕێوەڵە بوو،

دەرەقەتی نەنکم بێت و بەو ڕادەیە بەسەریا زاڵ بێت.
گوتم:- بۆچی ئەو لەتۆ بەهێزترە؟

- نا، بەهێزتر نییە، گەورەترە! ئەمە جگە لەوەی کە مێردمە! ئیدی ئیرادەی خوا لەسەر ئەوە بووە بە قسمەتی ئەو بم و تەحەمولی بکەم.

وەختایەک نەنکم گەرد و تۆزی سەر ئیکۆنەکانی دەسڕی و پاکی دەکردنەوە، حەزم دەکرد بە دیارییەوە بوەستم وتەمەشای بکەم. ئیکۆنەکان زۆر جوان دروست کرابوون، گرانبەها بوون، بە مرواری و زیو وزومرڕود و یاقووتان ڕازێنرابوونەوە، نەنکم ئیکۆنەکانی بە قامکەکانی دەگرت، ماچی دەکردن، بەڕوویانەوە پێدەکەنی و نیشانەی خاچی دەکێشا وبە میهرەبانییەوە دەیگوت:

- تەمەشا، چەند جوانن! چۆن دەبێ گەرد وتۆزیان لێ بنیشێت؟ ئەی دایکی پڕ میهری خوا، ئەی سەرچاوەی خێر وبەرەکەت، ئەی کانگای خۆشی و شادی بێ پایان! تەنیا تەمەشای ئێرە بکە. ئەلیوشا گیان تۆ تەمەشا، ئەم وێنانە چەند جوانن، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە... ئەمەیان پێی دەگوترێ " جەژنی دوازدە پەیامبەر " ئەمەی

دیکەیان " پاکیزە فیودورفسکیا " یە، خانمێکی ناسک و ئازیزە! ئەمەیان " دایکەگیان لەسەر کوڕەکەم مەگری! "

زۆرجار وام دەهاتەبەرچاو، وەکو چۆن کاترینی کیژی خاڵم گەمەی بە بووکەڵە نەرم و نیانەکانی دەکرد، ئەویش بەو ئاوایە و بەهەمان ساکاری ئەوەوە یاری دەگەڵ ئیکونەکاندا دەکرد.

زۆرجار شەیتانانی دەهاتنە بەرچاو، چ بەتاک و چ بە کۆمەڵ. جارێک گوتی:

- شەوێک، لە مانگی ڕۆژووی گەورەدا، بەلای ماڵی " رودولف " دا دەڕۆیشتم. هەیڤە شەوێکی خۆشبوو، دنیا ڕوناک بوو، هەموو شتێک لەبەر تریفەی مانگەکەدا دەدرەوشایەوە. لەناکاوا، شەیتانێکی گەورەم بەدی کرد، کە بە شیروانیەکەی نزیکی لوولە ودووکەڵکێشی سۆپاکەدا، سەرکەوتە سەربان. شەیتانێکی تووکنی گەورە بوو، هەردوو شاخی بەنێو دووکەڵکێشەکەدا کرد، سەری دانەواندەوەو بەهەردوو کونە کەپووی بۆنی شتێکی دەکرد و پەیتاپەیتا کلکی بە سەر بانەکەدا دەکێشا و لاقەکانی بە عاردیدا دەکوتا. من خێرا نیشانەی خاچم کێشا وگوتم:

" ئەی مەسیحی خواوەندی مە هەستەوە تا دژمنەکانت هەموو بمرن! " هەرکە ئەو قسەیەم کرد، شەیتان، بە دەنگی نەوی ناڵەیەکی کرد، غل بووەوەو لە سەربانەکە کەوتە ناو حەوشەکە و فەوت و فەنا بوو، هەرکە گوێی لەناوی مەسیح بوو، تۆپی و تیاچوو! هەڵبەتە ئەو ڕۆژە خانەوادەی رودولف بەڕۆژوو نەبوون و شەیتان لە دووکەڵکێشەکەوە بۆنی گۆشتی کوڵاوی دەکرد...

کە دیمەنی شەیتانم هێنایە بەرچاوی خۆم کە چۆن لەسەربانەوە کەوتەناو حەوشەکە و تۆپی، پێکەنین گرتمی، داپیرەشم پێکەنی و لەسەری ڕۆیی:

- شەیتانان، وەکو منداڵانی بچووک حەزیان لە گەمانە! شەوێکیان لە سەرشۆرکی( حەمامی)ماڵەوە جلکم دەشۆرد، چیوای بۆ نیوەشەو نەمابوو، لە ناکاوا دیتم دەریچەی ئاگردانەکە کرایەوە! ئیدی شەیتانانی بچووک، کە هەریەکەیان بە ئەندازەی سیسرکێک دەبوون، بەجۆرەها ڕەنگی سوور وسەوز وڕەشەوە، هاتنە دەرێ، بلەز بەرەو دەرگای حەمامەکە چووم، ڕێگەیان نەدام لە دەرگاکەوە وەدەربکەوم! ڕێگەیان لێگرتم، ئیدی لەنێو شەیتانەکاندا

گیرم خوارد، ڕێگەی پاش و پێشم لێبەسترا، شەیتانەکان ئەوەندە زۆر بوون لە ژماردن نەدەهاتن، بە هەزاران بوون، خۆیان بەسەر لاقمدا دەدا، نقورچیان لێدەگرتم، گازیان لێدەگرتم، پێوەیان دەدام، بەجۆرێ تەنگەتاویان کردبووم، نەم دەپەرژا نیشانەی خاچ بکێشم، تا بترسن و بڕۆن و یەخە لە یەخەم بکەنەوە! نەرم و گەرم وتیسکن بوون، ڕێک لە بێچوە پشیکان دەچوون. هەڵدەستانە سەرپاشوو، دەسووڕانەوە، دەخولانەوە و خۆیان لە عاردی دەگەوزاند، ددانەکانیان کە لە دانی مشکان دەچوون، بە جیرەوە دەبرد. چاوە سەوزە بچکۆلەکانیان دەدرەوشانەوە، تازە شاخیان دەرکردبوو، کلکە کورتەکانیان، کەلە کلکی بێچووە بەراز دەچوون، بادەدا... مەگەر هەرخوا بزانێ ئەوشەوە چیم بەسەر هات! بوورامەوە، لە خۆچووم! کاتێ وەهۆش هاتمەوە، سەیرم کرد مۆمەکە هەر بنەکەی ماوە وخەریکە دەکوژێتەوە. ئاوەکە سارد بووبووەوە، جلکە شۆردراوەکان، تووڕ درابوونە سەر ئەرزەکە. لە دڵی خۆدا گوتم: " تفۆ لە چارەتان، دواتان ببڕێ شەیتانانی نەحلەتی! " چاوم نوقاندن، توانیم دەریچەی ئاگردانەکە ببینم، دیقەتم دا، پۆلێک بوونەوەری ڕەنگاوڕەنگی تووکن، لە ئاگردانەکەوە هاتنە دەرێ وحەمامە

چکۆلەکەیان پڕکرد، بە کۆمەڵ فوویان لە مۆمەکە دەکرد و لاسارانە زمانە سوورەکانیان دەردێنا و گاڵتەیان پێ دەکردم، ئەو دیمەنە هەم کومیدی بوو و هەم ترسناک بوو.

نەنکم سەری لەقاند وبۆ ساتێک بێدەنگ بوو. لەناکاوا پەری خەیاڵ هەڵیگرتەوە و دووبارە دەستی پێکردەوە:

- جارێکی دیکەش، کۆمەڵێک شەیتانی نەحلەتیم بینی. شەوێکی زستانی ساردی بە زریان بوو، من بە دۆڵەکەی ماڵباتی دیوکوفدا دەپەڕیمەوە، هەمان ئەو دۆڵەی گۆلاوێکی تیا بوو، ئەگەر بیرت مابێ، جارێک بۆم گێڕایتەوە. گۆلاوەکە بەستبووی هەر دوو خاڵەکەت، یاکوف و میخائیل، دەیانویست سەهۆڵی سەر گۆلاوەکە بشکێنن و بابتی تێ فڕێ بدەن. من بۆ ئەوێندەر دەچووم، هەرکە بۆ قووڵایی دۆڵەکە نشێو بوومەوە، لە ناکاوا دەنگی شاورێک و هاوارێکی تیژم هاتەگوێ! سەرم هەڵبڕی، چی ببینم باشە؟ عەرەبانەیەکم بینی، سێ ئەسپی ڕەش ڕایاندەکێشا و بەتاو بەرەو من دەهات. عەرەبانچیەکە کە شەیتانێکی گەورە بوو، شەپقەیەکی سووری لەسەر کردبوو و لە سەر کورسییەکەی، بە پێوە ڕەق وەستابوو و بە تاو بەرەو لای من دەهات...

جڵەوی ئەسپەکانی، کەلە جیاتی هەوسار، زنجیر بوون، توووند گرتبوون ودەی لێدەکردن. کە ئەسپەکان نەیان توانی لە دۆڵ و خەرەندەکە بپەڕنەوە، بەرەو گۆلاوەکە بایان دایەوە وسەهۆڵ وبەفرەکەی ژێر پێیان، دەچوو بە ئاسمانا و لەتۆ وایە باسریشک هەڵیکردووە.. نەفەرەکانی ناو عەرەبانەکەش شەیتان بوون، فیکەیان دەکێشا، هاواریان دەکرد وکڵاوەکانیان هەڵدەتەکاند... حەوت عەرەبانەی لەوجۆرە بەڕێز بەلاما تێپەڕین، ئەسپەکانیان هەموو ڕەش بوون، تێکڕای ئەو ئەسپانە، بەشەر بوون، بەر نەفرەتی داک و بابیان کەوتبوون و بووبوون بە ئەسپ! ئیدی ئەم ئەسپانە کەوتبوونە دەستی شەیتانان، شەوان لە خزاک و عەرەبانانیان دەبەستن و دەیان بردن بۆ کۆڕ وئاهەنگ و شەوبێری خۆیان... ئەوەی ئەو شەوە من بەچاوی خۆم بینیم، بێگومان ئاهەنگ و زەماوەندی شەیتانان بوو...

قسەکانی نەنکم، هێندە سادە وقەناعەتبەخش بوون کە نەدەکرا باوەڕی پێنەکەیت... لە هەموو ئەمانە خۆشتر ئەو شیعرانە بوو کە دەربارەی حەزرەتی مریەم لەبەری کردبوون و باسی ئەوەیان دەکرد کە چۆن مریەمی دایکی خواوەند، دەهاتە دیدەنی بەڵادیدەکانی ئەم دیار ودەڤەرە فانییە

وچۆن دۆتمیر نیگالیشیفای سەرکردەی دزەکانی ئاگادار دەکردەوە کە نەخەڵەتابێ دزی لە ڕووسەکان بکات یان بیانکوژێ، هەروەها شیعر وهەڵبەستی دەربارەی ( ئەلکسی پیاوی خودا، ئیڤانی جەنگاوەر) دەگوت. هەروەها حیکایەتی زۆری دەربارەی ڤاسیلیسای بەردەبار وکەشیش و زڕ کچەکەی و حیکایەتێن ترسناکی دەربارەی مارتای کەیبانۆ و بابا ئوستا و سەردەستەی ڕێگران و ماریای میسری و زۆر بەیت وشیعرێن دیکەی دەزانین ودەیگێڕانەوە. بەیت و شیعرەانی نەنکم ئەوەندە زۆربوون لە کۆتایی نەدەهاتن.

نەنکم نە لە خەڵکی دەترسا، نەلە بابام و نە لە شەیتان و جنۆکان دەترسا... بەڵام لە ڕادەبەدەر لە سیسرکان دەترسا. تەنانەت لە دوورەوە هەستی پێیان دەکرد. زۆرجار نیوەشەو، لە خەو بێداری دەکردمەوەو بە ئەسپایی بە گوێیدا دەچپاندم:

- ئەلیوشا گیان، سیسرکە! مەعزبۆ ڕەزای مەسیحهەستە بیکوژە!

بەچاوی خەواڵووەوە، مۆمم دادەگیرساندو بەچوارچنگۆڵە بە ئەرزەکەدا دەسووڕرامەوەو لەو دژمنە سەر سەختە دەگەڕام.

بەڵام ماوەیەکی زۆری دەویست تا بیدۆزمەوە، هەندێجار هەر نەم دەدۆزییەوەو بە نەنکم دەگوت:

- داپیرە، لە هیچ شوێنێکەوە دیار نییە!

لێ ئەو جووڵەی لە خۆ دەبڕی و سەری وەبن لێفەکە دەدا و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- با، هەیە، باش بگەڕێ، تکات لێدەکەم دەستبەرداری مەبە، من دەزانم، لە ژوورەکەدایە!

ڕاستی دەکرد، دووبارە دەگەڕام، سیسرکەکەم لە شوێنێک، دوور لە تەختە خەوەکە دەدۆزییەوە.

- بیکوژە! کوشتت؟ سوپاس بۆ خودا، سوپاس بۆ تۆش گیانەکەم!

هەنگێ لێفەکەی لەسەر سەری لادەدا و لە خۆشیا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەکێشا و بزەیەکی بۆ دەکرد.

خۆ ئەگەر سیسرکەکەم نەدۆزیباوە، ئیدی خەویلێ حەرام دەبوو. کە گوێی لە بچووکترین دەنگی بوایە، بە ئاشکرا دەلەرزیو هەناسەی لە خۆ دەبڕی و بە ئەسپایی دەیگوت:

- ئەوەتا، لەبەر دەرگاکەیە... ئەوە چووە ژێر سەندووقەکەوە.

- بۆچی لە سیسرکان دەترسیت؟

بە ڕاشکاوی دەیگوت:

- ئاخر سوودی سیسرک چییە؟ وێڵ و سەرگەردان لێرە و لەوێ دەسووڕێنەوە، پێم ناڵێی ئەم شەیتانە ڕەشانە بەکەڵکی چی دێن! خودا، بۆ هەر خەلقەندەیەک، ئامانجێکی لە ژیاندا داناوە. بوونی قالۆنچە لەماڵا، نیشانەی ڕتوبەت و شێیە لەو ماڵەدا، پێشکە نیشانەی پیسی دیوارەکانە، خۆ ئەگەر ئەسپێت، لەبن تەقەڵی جلەکانتدا دۆزییەوە، مانای وایە نەخۆش دەکەویت، هەموو ئەمانە دیارن، بەڵام پێم ناڵێی سیسرک فایدەی چییە و بەکەڵکی چی دێت؟

شەوێک نەنکم کەوتبووە سەر چۆکان وڕاستگۆیانە لەگەڵ خودا دەدوا، بابام بە توندی دەرگای کردەوەو بە دەنگێکی پەشۆکاو گوتی:

- ئافرەت، ڕابە، وادیارە خودا غەزەبی لێگرتووین، ماڵەکەمان خەریکە دەسووتێ.

نەنکم، بەدەم هەستانەوە قیژەیەکی کرد و گوتی:- چی؟

ئەوسا هەردووکیان، نەنکم و بابام بەرەو ژووی میوان کە زۆر تاریک بوو چوون... نەنکم کەوتە ئەمر کردن:

- یفگینیا گیان ئیکۆنەو وێنەکان لە دیوارەکان بکەوە، ناتالیا تۆش، جل لەبەر منداڵەکان بکە!

لێ بابام،کەوتە گریە وزاری.

بە غاردان بۆ مووبەقەکە چووم... ئەو پەنجەرانەی دەیانڕوانیە سەر حەوشەکە، وەکو زێڕ دەدرەوشانەوە، پەڵەی زەرد بەسەر زەمینەی مووبەقەکەوە دەجووڵانەوە. خاڵە یاکوف پێی ڕووت بوو و خەریک بوو چەکمەکانی لە پێ دەکرد. بەسەر ئەو پەڵە زەردانەدا بازی دەدا، وەکو ئەوەی ئەو پەڵانە پێڵاوەکانی بسووتێنن... بەدەنگێکی بەرز گوتی:

- میخائیل ئاگری لەماڵەکە بەردا، ئاگری تێ بەردا و هەڵات.

نەنکم پاڵێکی پێوەنا، لەزگ بوو لە حەوت شوێنەوە ملی بشکێ، ئەوجا گوتی:

- بێدەنگ بە خوێڕی!

من لە شووشەی پەنجەرەکانەوە، کە یەکپارچە سەهۆڵ بوون، کارگەکەم دەبینی کە دەسووتا و گڕی ئاگر لە دەرگاکەوە کە کەوتبووە سەر گازی پشت دەهاتە دەرەوە... پریشکی سووری ئاگر ئەو ناوەی ڕوناک دەکردەوە.

چەڕە دووکەڵ لەو شەوە مەندەدا دەچوو بە ئاسماندا و وەکو پەڵە هەوران بەری ئاسمانی دەگرت، بەڵام نەیدەتوانی بەری ڕێگای کاکێشان، کەلە زیو دەچوو بگرێت... ئیدی بەفرەکە لە ژێر تیشکی ئاگرەکەدا، ئەرخەوانی دەینواند، ئاگر لە درزی دیوارەکانی گارگەکەوە دەهاتە دەرێ و ئەو ناوەی ڕوناک دەکردەوەو بەسەر ئەو سێرە وشک و ڕەشانەی سەربانەوە، وەکو نەواری سوور وزێڕین سەمای دەکرد، لە ناوجەرگەی ئەم کڵپە و بڵێسانەوە، دووکەڵکێشێکی باریکی گڵین، بە دەقی خۆیەوە مابوو و لوولە دووکەڵێکی باریکی دەکرد بە ئاسماندا، لە ناکاوا، دەنگێک لە شووشەی پەنجەرەکانەوە بەرز بووەوە، زیاتر لە دەنگی دادڕینی پارچەیەکی ئاوریشمین دەچوو، ئاگرەکە زیاتر تەشەنەی دەکردو ڕەونەقێکی جوانتری بە کارگەکە دەبەخشی و دیمەنێکی هێندە جوانی هەبوو، نەمتوانی خۆم بگرم و نەچم بۆ ئەوێندەر.

پۆسینێکی ئەستوورم دا بە سەرما، جووتێ پێڵاوم، کە نەمدەزانی هی کێیە لەپێ کرد، بە هەشتاو بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشتم تا گەییمە بەردەرگا، دیمەنێکی سەیرم بینی، حایر و حەپەساو لە جێگەی خۆم وەستام، گڕ وبڵێسەی ئاگرەکە چاوی خستمە ڕێشکە و پێشکە، ئیدی دەنگی کڵپە و بڵێسەی ئاگرەکە و هاواری بابام و خاڵەکانم و گریگۆری خەریک بوو کەڕیان دەکردم... نەنکم ڕەفتارێکی کرد کە زۆری ترساندم، کیسەیەکی لە سەر خۆی کرد وچەرچەفێکی ئەستووری لە خۆیەوە ئالاند و خۆی بەناو کارگەکەدا کرد و هاواری کرد:

- گەوجینە فریای ئەسیدەکە بکەون! ئەسیدەکە گڕ دەگرێت!

بابام هاواری کرد:- گریگۆری فریای بکەوە، مەیەڵە بچێتە ژوورەوە، دەمرێت!

نەنکم، بلەز هاتە دەرێ، دووکەڵ سەراپای گرتبوو، سەری دەلەقاندو پشتی کۆمابووەوەو ئامانێکی گەورەی پڕ لە ئەسیدی بە دەستەوە بوو. دەنگی گیرابوو، پەیتاپەیتا دەکۆکی، بە بابامی گوت:

- پیاوەکە، ئەسپەکان دەربکە! ئەم چەرچەفەم لێ بکەنەوە، مەگەر نابینی گڕی گرتووە و خەریکە دەسووتم؟

گریگۆری، چەرچەفە گڕ گرتووەکەی لە نەنکم کردەوەو پاشان دەستی دایە خاکەنازێک، وبەفرە کەڵەکە بووەکەی بەر دەرگای کارگەکەی دەکرد بەسەر ئاگرەکەدا. خاڵم تەورێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، خێراخێرا بە دەوری ئەودا دەسووڕایەوە. بابام بە هەشتاو دووی نەنکم کەوت وپەیتاپەیتا بەفری پێدا دەکردو نەنکم بادیە ئەسیدەکەی (زاخ) خستە ژێر کۆمایەک بەفرەوە. نەنکم لەوە بووەوە، بە هەشتاو ڕایکرد و دەروازەی حەوشەکەی کردەوە، سڵاوی لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە بە هانا وهاواریانەوە هاتبوون و، گوتی:

- دۆستان، خزمان، فریای عەماری ئازووقەکە بکەون، فریامان بکەون، ئەگەر عەمارەکە گڕ بگرێت، دار ونەدارمان دەسووتێ و هەنگێ ئاگرەکە تەشەنە دەکات بۆ ماڵەکانی ئێوەش! چینکوی سەربانەکە لابدەن، پووش و وێنجەکان تووڕ بدەنە ناو باخەکە! گریگۆری، تۆش بەفرەکە بۆ سەرەوە هەڵدە، نەک بۆ سەر ئەرزەکە، ئەمە فایدەی نییە، تۆش یاکوف، ئەم هەڵبەز هەڵبەزەت لە چییە، خاکەناز و پاچەکان بدە بەم دراوسێیانە، دراوسێینە، قوربانتان بم، هیمەتێ بکەن، خوا ڕاوەستاوتان بکات!

لەم ساتەدا، دیمەنی نەنکم لە دیمەنی ئاگرەکە جوانتر دەهاتە بەرچاوم، گڕی ئاگرەکە سەراپای ڕوناک دەکردەوە، لەناو حەوشەکەدا وەکو تارماییەکی ڕەش دیاربوو، بەهەر لایەکدا دەهات و دەچوو، لە هەموو شوێنێک ئامادەبوو، هەموو شتێکی دەبینی، ئەمری بە هەموو کەسێک دەکرد. شاراپ، ئەسپەکەمان بە غاردان خۆی بە حەوشەدا کرد، هەستایە سەر هەردوو پاشووی، و چاوە خڕەکانی، لەبەر تیشکی ئاگرەکەدا سوور دەچوونەوە، ئیدی بەدەم سمکۆڵانەوە، پڕ بە کەپووی دەی فیشکاند و یەک بە خۆی دەی حیلاند، بابام ترسا، جڵەوی ئەسپەکەی بەردا و بە هەشتاو لێی دوور کەوتەوە، هاواری کرد:- ئافرەت، بیگرە!

نەنکم، خۆی هاوێشتە بەر دەست وپێی ئەسپە تۆسن و چەمووشەکە و لەبەردەمیا ڕەق ڕاوەستا، باوەشی بۆ گرتەوە، ئەسپەکە نالەیەکی بە سوێی کرد، هێور بووەوە و، سەری وەرچەرخاند و چاوی بڕییە بڵێسەی ئاگرەکە.

نەنکم، لە کاتێکا دەستی بە ملی ئەسپەکەدا دێناو بە میهرەبانی نەوازشتی دەکرد، و بەهەر دوو دەست هەوسارەکەی گرت و بەدەنگێکی پیاوانە گوتی:

- مەترسە! تۆ بڵێی لەم تەنگانەیەدا دەستبەردارت ببم و لەناو ئەم ئاگرەدا بەجێت بێڵم مشکە چکۆلە سەرکێشەکەم؟

مشکە چکۆل، کە سێ هێندەی نەنکم دەبوو، بە کەماڵی گوێڕایەڵییەوە دووی نەنکم کەوت وبەرەو دەروازەی حەوشەکە ڕۆیشتن. ئەسپەکە هەرجارێ دەیڕوانیە ڕوخسارە سوورەکەی نەنکم کوڕژنێکی بۆ دەکرد.

یفگینیای دایەن، منداڵەکانی بردنە دەرەوە. منداڵەکان هەموو جلکی گەرمیان لەبەر بوو، لەبەرخۆیانەوە دەیان پرتاند... دایەنەکە هاواری کرد:

- ڤاسیلی ڤاسیلیفیچ، ئەلکسی دیار نییە!

خۆم لەژێر قالدرمەکانی پشت دەرگاکەوە شاردەوە، تا نەمبینێ و لەگەڵ ئەوانی دیدا نەمبات، بابام، دەستی لێ هەڵتەکاند وگوتی:- برۆ، برۆ! هەقی ئەوت نەبێت!

سەربانی کارگەکە هەرەسی هێنا وداڕوخا، ئیدی دووکەڵ وەک گەردەلوول، بۆ ماوەیەکی زۆر، ڕاستەوڕاست بە ئاسمانا چوو. ئیدی گڕی ئاگر لە ناو بیناکەوە بە لرفەلرف دەهاتەدەرێ، بە جۆرەها ڕەنگی سوور، سەوز وشین خۆی

دەنواند. ئیدی بڵێسەی ئاگرتا ناوەڕاستی حەوشەکە و بەرەو ڕووی ئەو خەڵکە دەهات کە هەوڵیان دەدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن وپەیتاپەیتا بە بێڵە دارینە، بەفریان بەسەردا دەکرد... مەنجەڵەکان، لەنێو ئاگرەکەدا دەکولان و قولپیان دەدا، هەڵم و دووکەڵیان وەکو پەڵە هەورێکی خەست لێ بەرزدەبووەوەو بۆنێکی نامۆیان بەناو حەوشەکەدا بڵاو دەکردەوە، چاوی دەکزانەوەو ڕوندکی دەزایاندە چاوان. من لە ژێر قاڵدرمەکانەوە هاتمە دەرێ و لەژێر دەست و پێی داپیرەمەوە سەرم دەرهێنا و هەرکە منی بینی، هاواریکرد:

- لاکەوە لێرە! دەنا دەکەویتە ژێر دەست و پێیان و پان وپلیش دەبییەوە، دە بڕۆ دەی.

سوارێک، کە کڵاوخودێکی مسینی لەسەر بوو، بە هەشتاو خۆی بە حەوشەدا کرد، ئەسپە کوێتەکەی لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، لغاوەکەی یەکپارچە کەف بوو، کابرای سوار بەدەم ڕاوەشانی قامچیەکەیەوە هەڕەشەی دەکرد و هاواری دەکرد:- کوا ڕێگا بدەن!

دەنگی، ژمارەیەک زەنگوڵەی بچووک هاتەگوێ. هەموو شتێک جوان وخۆشبوو، ڕێک دەتگوت ڕۆژانی جەژن و کەڕنەڤاڵە.

نەنکم بەرەولای دەرگاکە دەڵەکی دام و گوتی:- گوێت لەمن نییە؟ پێمگوتیت، بڕۆ، لێرە نەمێنیت!

مەحاڵ بوو، بتوانملەوساتەدا بە گوێی نەکەم، چووم بۆ مووبەقەکە و دووبارە لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتم. لێ قەرەباڵغی خەڵکەکە، بەرچاوی گرتبووم ونەیدەهێشت دیمەنی ئاگرەکە بدینم، تەنیا کڵاوخودەکانم دەبینی کەلە نێو ئەو هەموو کڵاوە ڕەشە زستانیانەوە، دەدرەوشانەوە. ئیدی زوو بەزوو ئاگرەکەیان کوژاندەوەو کانگای ئاگرەکانیان بە پێیان کوتایەوەو ئاویان بەسەردا کرد، پۆلیس بڵاوەیان بە جەماوەری خەڵکەکە کرد و پاش ئەوەی هەموو شتێک تەواو بوو، نەنکم بۆ مووبەقەکە هاتەوە...

- کێ لێرەیە؟ ئەمە تۆی؟ نەنووستویت؟ دەترسیت؟مەترسە! هەموو شتێک تەواو بوو!

لەلای منەوە دانیشت، بە بێدەنگی خۆی ڕادەژەند. زۆرم پێخۆش بوو، کە شەو بە هەمان ئارامی و تاریکی خۆیەوە گەڕاوەتەوە بەڵام لەو کاتەدا، حەیفم دەهات کە ئاگرەکە کوژایەوەو لە تەمەشای ئەو دیمەنە جوانەی کردم.

بابام هاتە بەر دەرگا وپرسی:- ئافرەت؟

- چییە؟

- سووتایت؟

- چیوا نییە..

دەنکە شقاتەیەکی(شەمچە) داگیرساند، تیشکی شینباوی دەنکە شقاتەکە ڕوخسارە پیر ودووکەڵاوییەکەی ڕوناک کردەوە. ئەو مۆمەی سەر مێزەکەی داگیرساندو بە کاوەخۆ لە تەنیشت نەنکمەوە ڕۆنیشت. نەنکم گوتی:- دەبوایە خۆت بشۆیت!

نەنکیشم، سەراپای لە دووکەڵ وتەنیدا ڕەش بووبوو، بۆنی ناخۆشی دووکەڵی لێدەهات.

بابام ئاهێکی هەڵکێشا:- خودا شانسی بە تۆ داوە، چەند بە هۆش و گۆشی!

ئەوسا دەستی بە شانیا هێنا و ڕووی گەشایەوە و لەسەری ڕۆیی:

- مەبەستم ئەوەیە کە خواوەند هەندێجار بۆ ماوەیەکی کەم، هۆش وگۆشێکی سەیرت دەداتێ و ئەقڵ دەبێ بە میوانت!

نەنکم پێکەنی، ویستی قسەیەک بکات، لێ بابام نێوچاوانی تێکنا و لەسەری ڕۆیی:

- دەبێ گریگۆری دەربکەین، هەموو ئەم ئاگر و ماڵوێرانییە، بەرەنجامی خەمساردی ئەوە. ئەم کابرایە تەواو، عەمری بەسەر چووە، بە کەڵکی هیچ نەماوە، تۆ تەمەشای یاکوف بکە، لەناو حەوشەکە دانیشتووە و دەگری کە گەوجە! واچاکە بڕۆی بەلایەوە.

نەنکم هەستا و ڕۆیی. دەستێکیهەڵبڕی بوو و فووی لە قامکەکانی دەکرد، بابام، بەبێ ئەوەی ئاوڕی لای من بداتەوە پرسی:

- ئاگرەکەت لە هەوەڵەوە بینی؟ ئێ ڕات دەربارەی نەنکت چییە؟ ئەوەشت بیر نەچێت کە ژنێکی پیر و داکەوتووە... ئەمە دەرس و عیبرەتە بۆ تۆ و بۆ هەمووان.

ماوەیەک، بەبێدەنگی لە فکران ڕاچوو، ئەوسا هەستایە سەرپێیان، بە قامکان تەنی دەوری گڕی مۆمەکەی لابرد و دیسان پرسی: - ترسایت؟

- نا!

- چاکە، مایەی ترس نەبوو.

بە تووڕەیی کراسەکەی داکەند وبەهەشتاو بەرەو دەست شۆرەکەی سووچی مووبەقەکە ڕۆیی و لەوێندەر پێی بە توندی بە عاردیدا کوتا و لە تاریکییەکەوە هاواریکرد:

- ئاگرکەوتنەوە، ئەنجامی گەوجاتییە! هەرکەسێک ئاگر لە ماڵەکەیدا بکەوێتەوە، هەقە لە مەیدانێکی بەریندا، بەر شەلاخ بدرێت، چونکە ئەو کەسە یان کەرە یان دزە! ئەگەر ئەم کارەیان لەگەڵدا بکرێ، خەڵکی تەمێ دەبن، عیبرەت وەردەگرن و ئیدی ئاگر کەوتنەوە، بە تەواوەتی بنبڕ دەبێت و لە هیچ شوێنێک ڕوونادات! هەستە برۆ بنووە، چ دەکەی لێرە؟

بە گوێم کرد، ڕۆیشتم، بەڵام ئەو شەوە خەو نەچووە چاوانم. هەرکە چوومە ناو جێگاکەوە، هاوارێکی سەیر، نامرۆڤانی، وەکو لوورەی جانەوەران، ڕای چلەکاندم، هەر هەستام و بەرەو مووبەقەکە غارم دا. بابام کراسەکەی لەبەری داکەندبوو، لە ناوەندی مووبەقەکەدا وەستابوو، مۆمێکی بەدەستەوە بوو، گڕی مۆمەکە دەلەرزی، ئەویش هەر لە جێی

خۆیەوە، بێئەوەی یەک هەنگاو بنێت، بە دەنگێکی گیراو دەیگوت:

- ئافرەت، یاکوف، ئەمە چییە؟ چ قەوماوە؟

خۆم هەڵدایە سەر موغەیرییەکە و خۆم لە سووچێکا شاردەوە. دیسان وەکو سەرەتا و هەوەڵی ئاگر کەوتنەوەکە، دادوبێداد و هات و هاوار دەستی پێکردەوە، هاوار و گریانەکە سات بەسات بەرزتر دەبووەوە ولە ژوورەکەدا شەپۆلی دەدا... بابام و خاڵم وەکو شێت لە هات وچۆدا بوون، نەنکم هاواری دەکرد و ئەوانی لە مووبەقەکە وەدەردەنان، گریگۆری ئێزنگ و قەڵاشکەری دەخستەناو ئاگردانەکەوە و، ئەوجا ئاوی کردە هەندێک لە مەنجەڵەکانەوە، وەکو وشتری ئەستراخانی بەدەم سەرە لەقێوە، بەنێو مووبەقەکەدا دەهات و دەچوو. نەنکم ئەمری کرد:- جارێ موغەیریەکە نێڵ بدە!

گریگۆری، سەرکەوتە سەر موغەیریەکە تا شەواتەک بێنێ، پێی نا بە پێمدا و هاواریکرد:- ئەمە کێیە؟ تۆی؟ ترسام... لێمان بووی بە مووی لووت.

پرسیم:- مەسەلە چییە؟

لە کاتێکا لە سەر موغەیریەکە دەهاتەخوارێ، بە هێمنی گوتی:

- هیچ نییە، پوورە ناتالیا مندالّی دەبێت.

بیرم کەوتەوە، کە دایکم بە دەم مندالّ بوونەوە، ئاو هاواری نەدەکرد. گریگۆری کە مەنجەلّەکانی نانەسەر ئاگرەکە، سەرکەوتە سەر موغەیرییەکە و لە تەنیشت منەوە دانیشت و سەبیلێکی گلّی لە گیرفانی دەرهێنا، نیشانی دام و گوتی:

- تەنیا لە بەر چاوەکانم دەستم دایە سەبیل کێشان، دەیانگوت شفا بەخشە، نەنکت هانم دەدات کە بڕنووتی بە کار بێنم، بەلاّم من پێم وایە سەبیل کێشانەکە باشترە لە سعووتی.

دانیشت، لاقی بە قەراخ موغەیرییەکەدا شۆڕ کردەوە، چاوی بڕییە ئەو مۆمەی کە کزکز دەسووتا، هەر دوو گوێچکە وگۆناکانی لە دووکەلّەکەدا ڕەش بووبوون، کراسەکەی لە تەنیشتەوە دڕابوو، بەچاوی خۆ پەراسووەکانیم دەبینی کە چۆن بەرز ونزم دەبوونەوە. چاوێکی عەینەکە ڕەشەکەی تەقی، پارچەیەکی گەورەی لێکەوت. کونێک بووە

عەینەکەکەی کە پیاو دەیتوانی لەو کونەوە، چاوە سوورەکەی بدینێ کە وەکو زامێکی کراوە خوێنی لێدەتکا.

سەبیلەکەی پڕ کرد لە تووتن، کەوتە گوێگرتن بۆ ناڵەی ئەو ژنەی کە بەدەم ژانی منداڵ بوونەوە دەتلایەوە، وەکو ئەوەی مەست بێ، لە بەر خۆیەوە، کەوتە قسەی بێ سەروبەر و ورتە ورتی نامەفهووم:

- نەنکت دەست و پلی سووتاوە، ئاخۆ فریای پوورت دەکەوێ؟ پوورت چۆن هاوار دەکات، وادیارە لە هەوەڵی ئاگر کەوتنەکەوە ژان گرتوویەتی و ئەمان لە شپرزەییا، بە تەواوەتی فەرامۆشیان کردووە و ئەویش زۆر ترساوە... تۆ تەمەشا، بزانە منداڵ بوون چەند زەحمەتە، ئەدی مەعنای چی، هێنانی خەڵقەندەیەکی تازە بۆ ئەم دنیایە، هەربەدەم ئاسانە، کەچی کەس ڕێزی ژن ناگرێت. ژن دەبێ ڕێز بگیرێت، چونکە دایکە، ئەمە ڕاستیەکە، نابێت هەرگیز لەبیری بکەیت.

بە ئاستەم چاوم چووە خەو، دوای تۆزێک لە جیڕەی دەرگاکە وەدەنگەدەنگی مەستانەی خاڵە میخائیل خەبەرم بووەوە،

پاشان دەنگی هاوار و هەنگامەیەکی گشتیم هاتەگوێ... هەندێ وشە و زاراوەی نامۆم بەرگوێ کەوت:

- دەبێ بچن بۆ کڵێسا و دەروازەی شاهان بکەنەوە.(دەروازەی شاهان: دەرگایەکە لە کڵێسادا، بەسەر میحرابی کڵێساکەدا دەکرێتەوە. جاران لە ڕووسیا نەریتێکی باو هەبوو کە ئەگەر ژنێک بە منداڵبوونەوە بجەڕیبا دەبوایە بچن ئەو دەرگایە بکەنەوە.)

- ڕۆن و زەیتیئەو چرایەی بەردەم ئیکونەکان، تێکەڵ بە تەنی وسیان بکەن و بیدەنێ، نیو پیاڵە زەیت، نیو پیاڵە تەنی و پڕ کەوچکێک دووکەڵ، تێکەڵ بکەن و بیدەنێ.

خاڵە میخائیل، بە پێ داگرییەوە دەیگوت:- ڕێمکەن با بیبینم.

لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو، لاقەکانی بڵاو کردبوونەوەو دەستی بە عاردیدا دەکوتا و تفی دەکردە بەردەم خۆی. گەرمای سەر موغەیریەکە تەحەموول نەدەکرا، بە پەلەدابەزیم، هەرکە گەییمە بەردەم خاڵم، پێی دایە بەر پێم، بە سەرا کەوتمە سەر ئەرزەکە، هاوارم کرد وگوتم: - هەی کەر!

هەستایە سەر پێ، پڕی دامێ، ڕای تەکاندم و نەڕەیەکی کرد و گوتی:

- ئەوەندە سەرت بەو موغەیرییەدا دەکێشم تا گیانت دەردەچێ!

وەختێک وەخۆ هاتمەوە، سەیرم کرد لە ژووری میوانا، لەو سووچەی ئیکونەکانی لێ بوو، بە باوەشی بابمەوەم و ڕام دەژەنێت و چاوانی بڕیونەتە بن میچەکە و لەبن لێوانەوە دەڵێت:- خودا لە کەسمان خۆش نابێت، کەسمان ئیمان نابەین...

چرای دیار ئیکۆنەکان، بە گەشی دەسووتا، مۆمێک لە سەر مێزەکەی ناوەندی ژوورەکە دەسووتا.. ڕوناکی بەرەبەیانی خەم ئەنگیزی زستان، لە پەنجەرەکەوە دەیدا لە ژوورەوە. بابم بە سەرما داهاتەوە وگوتی:- کوێت دێشێت؟

ئازای گیانم دەیەشا، سەرم تەڕ بوو، بەدەنم قورس بوو، لە قوڕقوشم قورستر بوو، بەڵام حەزم نەدەکرد، باسی بکەم، هەموو شتەکانی دەروبەرم نامۆبوون، ئاسایی نەبوون. چەند کەسێکی بێگانە، کەمن نەمدەناسین، لەسەر کورسییەکانی ناو ژوورەکە دانیشتبوون. قەشەیەک بە جبەیەکی

ئەرخەوانیەوە، پیرەمێرێکی سەرسپی، چاویلکە لەچاو کە جلکی عەسکەری لەبەر بوو، زۆر کەسی دی کە هەموو بە بێدەنگی دانیشتبوون، هەموو دەتگوت پەیکەرە دارینەن، بە کڕوکپی گوێیان لە خوڕەخوڕی ئاوێک دەگرت، کەلە نزیکی ئێمەوە، دەڕژا. خاڵە یاکوف، دەستەکانی خستبوونە پشتی و لە ئاستانەی دەرگاکەدا، ڕەق ڕاوەستابوو.

بابام پێی گوت:- یاکوف گیان وەرە ئەم منداڵە ببە سەر جێگاکەی خۆی با بخەوێ.

خاڵم، بە ئاماژە بانگی کردم، لەسەر نووکی پا ڕۆیشتین تا گەیینە ژوورەکەی نەنکم، هەرکە چوومە ناو جێگاکەوە، خاڵە یاکوف، بە گوێیدا چپاندم و گوتی:

- پوورە ناتالیات مرد.

سەرم لەم خەبەرە نەسوڕما، ماوەیەک بوو، لەماڵەکەدا نەدەبینرا، نەدەهاتە مووبەقەکە، بۆ نان خواردن نەدەهاتە سەر خوانەکە. پرسیم:- کوا نەنکم؟

خاڵم، دەستێکی هەڵتەکاند وگوتی:- هۆوەتێ ، لەوێیە!

ئەوسا، هێدی بە پێی پەتی و لەسەر نووکی پەنجە گەڕایەوە.

لەسەر تەختە خەوەکە پاڵکەوتم، بە نیگەرانییەوە دەمڕوانییە دەوروبەری خۆم. وام هاتە بەرچاو خەڵکانێکی نەناس بە روو وڕوخساری ڕیشن و بۆز وکوێرەوە، روویان بە شووشەی پەنجەرەکەوە ناوە. جلەکەی نەنکم لە گۆشەیەکا ولەسەروو سەندووقەکەوە هەڵواسرابوو. من ئەوەم دەزانی، بەڵام هەنووکە کراسەکەی داپیرەم لێ بووبوو بە کەسێکی زندوو، کە لەوێدا خۆی مەڵاس دابوو و چاوەڕوانی شتێک بوو، سەرم خستە ژێر بالیفەکەوەو چاوێکم بڕییە دەرگاکە. پڕ بەدڵ ئارەزووی ئەوەم دەکرد، کە لێفەکە لەخۆم بکەمەوە، لەسەر تەختە خەوەکەوە خۆم هەڵبدەمە خوارەوە و هەڵێم... ژوورەکە گەرم بوو، بۆنێکی تیژ و ناخۆش لە ژوورەکە دەهات، ئەو ڕۆژەی وەبیر هێنامە کە چۆن تسیگانوک بەدەم ئاوزینگەوە کەوتبووە ئاویلکە و تەقەلاوە و خوێنی لەبەر دەڕۆیی و... هەستم دەکرد سەرم، دڵم دەئاوسێ... ئەوەی لەم ماڵەدا دەیبینم، ڕێک لە خزاکێکی ناو بەفران دەچێت، کە بە کۆلانێکی بەفر گرتوودا دەڕوات، ئەم خەیاڵە بێزاری دەکردم، خەریک بوو خەفەی دەکردم، دەیکوشتم..

گوێم لە دەنگی دەرگاکە بوو، کە بە ئەسپایی دەکرایەوە، نەنکم وەژوورکەوت، بە شان دەرگاکەی داخستەوە، پشتی بە دەرگاکەوە دا، هەردوو دەستی، بەرەو ئەو ئاگرە شینباوە بەرزکردنەوە کە لە چراکەی دیار ئیکۆنەکانەوە بەرز دەبووەوە. بەدەنگێکی منداڵانەی گلەیی ئامێزەوە گوتی:

- دەستەکانم، ئەم دەستە چکۆلانەم چەند دێشێن!... چۆن سووتاون!..

## فەسڵی ( ٥ )

خاڵەکانم، لە دەمەدەمی بەهارا، موڵک وماڵەکەیان دابەشکرد و لێکدی جیابوونەوە. یاکوف لە شارا مایەوەو میخائیل باری کرد، چوو بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە، ڕۆیی بۆ کونافینو. بابام خانوویەکی تازەی جوانی، بەبەرد دروستکراوی لە شەقامی بولیفوی کڕی، قاتی ژێرەوەی ئەم خانووە مەیخانەیەکی گەورە بوو، ژوورێکی بچکۆلەی ڕێک و پێکیش لەسەربان هەبوو، باخێکی گەورەی هەبوو دەیڕوانیە سەر دۆڵێک یەکپارچە سپیداری گەڵا وەریو بوو.

کاتێ لە گەڵ بابامدا، بەنێو باخەکەدا دەسوڕاینەوە و ڕاڕەوە نمسار و نەرمەکانمان دەبڕی، بە ڕووخۆشییەوە چاوێکی لێداگرتم و گوتی:

- تەمەشا، ئەم هەموو شول و تەرکەیە! بەم نزیکانە فێری خوێندن و نووسینت دەکەم، هەنگێ زۆرم پێویست بەم شولانە دەبێت!

ئەم خانووە پڕ بوو لە کرێچی، لە قاتی سەرەوە، ژوورێکی گەورەی بۆ خۆی و بۆ پێشوازی میوانان تەرخانکرد، ئێمەش، من ونەنکم، ژوورە چکۆلەکەی سەربانمان بەرکەوت، پەنجەرەی ئەم ژوورە بە سەر شەقامەکەدا دەکرایەوە، کەلەبەر پەنجەرەکە دانیشتبای و تەمەشای خوارەوەت بکردایە، دەتتوانی ئەو سەرخۆش و مەستانە بدینی کە شەوان یان ڕۆژانی جەژن، لە مەیخانەکە دەهاتنە دەرێ، بەلارە لار جادەکەیان دەبڕی. هاواریان دەکرد و دەکەوتنە سەر ئەرزەکە.

هەندیجار، وەکو گونیە ئاردی بەتاڵ، لە مەیخانەکەوە فڕێ دەدرانە دەرەوە، لێ دووبارە دەهاتنەوە بەر دەرگای مەیخانەکە، بەدەست دەکەوتنە لێدانی دەرگاکە، پڕ بەزار

جنێویان دەدا. هەندێجار دەرگا دەکرایەوە، ئیدی دەبوو بە شەڕێک کلکی کەری تیا بپچڕێت... تەمەشاکردنی ئەو بارودۆخ و ڕەوشە لە سەرەوە، زۆر خۆشبوو. بابام هەموو بەیانییەک، دەچوو بۆ هەر دوو کارگەکەی کوڕەکانی و یارمەتی دەدان، تا کاروباری کارگەکانیان ڕێک بخەن و بیانخەنە کار. دەمەوئێوارە شەکەت و ماندوو، تووڕە و دڵتەنگ دەزڤڕییەوە.

بەڵام داپیرەم، کاروباری ماڵی بەڕێوە دەبرد، خواردنی ئامادە دەکرد، باخی دەکێڵا، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ، وەکو فرفرۆکەیەک کە هێزێکی نادیار بیجوڵێنێ و بیخولێنێتەوە، لە پەستا وبێپسانەوە دەسووڕایەوە، بڕنووتی دەکردە لووتیەوەو دەپژمی و زۆری لەزەت لەم کارە دەبینی، ئەوسا دەم و چاوی کە یەکپارچە ئارەقە بوو، دەسڕی و دەیگوت:

- سوپاس، سوپاسی بێ پایان بۆ وەلیان و فریشتان! ئەلیوشا گیان، ئاخری گەیشتینە ژیانێکی ئارام، کەڤۆکە چکۆلەکەم! هەموو شتێک جوان و لەبەر دڵانە، سوپاس بۆ فریشتەێن ئاسمان، بۆ پاکیزەی بێگەرد و داوێنپاک! هەموو ئەمەی هەمانە، خێر و بەرەکەتی ئێوەیە!

بەڵام من بە پێچەوانەی داپیرمەوە، هیچ ئارامییەکم لە ژیانماندا نەدەبینی، لە بەیانیەوە تا درەنگانێکی شەو، کرێچییەکان لە هاتوچۆدا بوون، هەر تاو نا تاوێ یەکێک لە دراوسێکان خۆی بە ژووردا دەکرد، هەمووشیان هەر پەلەیان بوو، هەمیشە شپرزە بوون، لەتۆوایە عەودالٚی شتێکن و دواکەوتوون و فریا ناکەون. نەنکمیان بانگ دەکرد:

- ئاکولینا ئیڤانوفنا!

نەنکم، بەوپەڕی میهرەبانی وڕووخۆشی، بە دەنگیانەوە دەچوو، بە ڕوویانەوە پێدەکەنی، گوێی لێدەگرتن، تۆزێ بڕنووتی لە کەپووی دەکرد، ئەوجا بە دەستەسڕێکی سوور، کەپووی و پەنجەی دەسڕی. دەیگوت:

- دەتانەوێ لە ئەسپێ ڕزگار بن؟ ئەگەر بتانەوێ لە ئەسپێ ڕزگار بن، پێویستە زوو زوو بچنە گەرماو وخۆتان بدەنەبەر هەڵمی عارەقی نەعنا. بەڵام ئەگەر ئەسپێکە لە ژێر پێستەوە بێ، ئەوا دەبێ کەوچکێکی چێشت لە ڕۆنی خالیسەی قاز، کەوچکێکی بچووک قاوە، تێکەڵ بکەن، سێ دڵۆپ جیوەی بەسەردا بکەن و لەژێرپیاڵەیەکدا حەوت کەرەتی تێک بدەن و بە پارچە سواڵەتێک لە بەدەنی

خۆتانی هەڵبسوون، ئاگادار بن کەوچکی دار یان عاج بەکار نەیەنن، چونکە جیوەکە خراپ دەبێت، هەروەها کەوچکی مس یان زیویش بە کار نەهێنن، چونکە زیانی دەبێت.

هەندێجارێش پاش تێفکرینێکی زۆر دەیگوت:

- خوشکێ واچاکە بچیت بۆلایئازاف، لە دێرەکەی خۆیدا، با ئەو تەگبیرێکت بۆ بکات، من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ بدەمەوە.

نەنکم مامانی دەکرد، بە گەنگەشە وشەڕ وئاژاوەی ماڵاندا ڕادەگەیی، منداڵی بچووکی نەخۆشی تیمار دەکرد، دوعای ( خەونی مریەم) ی لەبەر دەخوێندەوە تا بەختی ژنان بکرێتەوەو بە مراز بگەن، دەر ودراوسێکانی سەبارەت بە کاروباری ماڵ و ژیان ئامۆژگاری دەکرد:

- خەیار خۆی پێت دەڵێت کەی دەبێسوێر بکرێت، هەرکاتێ بۆنی خاک و بۆنی تری لێ ڕەوییەوە، هەنگێ هەڵی بگرە و بێ دوودڵی سوێری بکە... کەڤاسی باش ( کەڤاس: شەرابێکی میللی ڕووسییە ) ئەوەیە کە تامی تیژ و تفت بێت، شەرابی کەڤاس هەرگیز لەگەڵ شتی شیریندا ناگونجێت. بەڵام قەیدی نییە ئەگەر تۆزێ مێووژ، یان شەکری تێ بکەی- یانی

کەوچکێک بۆ هەر دەولکێک. تامی کەرەش بە گوێرەی شێوازی دروستکردنەکەی دەگۆڕێت، خەڵکی دانوب ئەسپانیەکان، قەفقازییەکان هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە..

بەڵام من، بە درێژایی ڕۆژ بە دوایەوە بووم، چمکی کراسەکەیەم دەگرت و بەناو حەوشەکە یان باخەکەدا دەسووڕامەوە، یان لە گەڵیا بۆماڵە دراوسێیان دەچووم. نەنکم بە سەعاتان لەماڵە دراوسێکان ڕۆدەنیشت، چای دەخواردەوەو، لەهەموو ئاشێکی دەکرد و چیرۆک و حیکایەتی بۆ دەگێڕانەوە. ئیدی من بووبووم بە پاشکۆی ئەو. من لەو قۆناغەی ژیانما، جگە لەو پیرەژنە دڵپاک و گورج وگۆڵە، کەسی دیکەم لەیاد نییە.

هەندێجار، دایکم بۆ ماوەیەکی کەم پەیدا دەبوو. هێشتا هەر سەختگیر و گرژ ومۆن و لەخۆبایی بوو، بە چاوە کەوەییەکانی کەوەکو هەتاوی ڕەنگزەردی زستان سارد بوو، تەمەشای هەموو شتێکی دەکرد. زۆر لە گەڵماندا نەدەمایەوە، بلەز ون دەبوو، دیار نەدەما و هیچ شوێنەوارێکی لەدوای خۆی بەجێ نەدەهێشت.

جارێک لە نەنکم پرسی: - باشە تۆ جادووگەری؟

پێکەنی، سەری لەو پرسیارەی من سوڕما، ماوەیەک لە فکران ڕاچوو وگوتی:

- بە ڕاستتە؟ ئەمەت لە کوێوە دەرهێناوە، من وجادووگەری کوجا مەرحەبا، جادووگەری هونەرێکی زۆر زەحمەتە. من ئەلف و بێ لێکدی جیا ناکەمەوە! تەمەشای بابات بکە، چەند پیاوێکی خوێنەوارە! بەڵام پاکیزەی داوێنپاک ئەو بەهرەیەی بەمن نەداوە.

ئەوسا چمکێکی دیکەی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە:

- منیش بە هەتیوی گەورە بووم. دایکم تەنیا و بێکەس بوو، هەژار و نوقسان بوو. جارێک، هێشتا شووی نەکردبوو، ئاغایەکی خانەدان ترساندبووی... شەوێک، لە ترسا خۆی لە پەنجەرەکەوە هەڵدابووە خوارەوە، ئیدی سمت و شانی شکا و لەوساوە ئیدی دەستی ڕاستی، کەلە هەموو ئەندامێکی لەش، بۆکار پێویست ترە، وشک بوو، لە جووڵە کەوت، دایکم لە پارچە چنی و گوڵدۆزیدا، یەجگار کارامە بوو، هەرکە تووشی ئەو کارەساتە بوو، دوای ماوەیەکی کەم، بە بیانووی ئەوەی کە بە تاقە دەستێکەوە کاری پێناکرێ وبەکەڵکی ئەوان

نایەت، لە کارەکەی دەریان کرد. ئیدی بەستەزمانە، بەتاقە دەستێکەوە بەرەڵڵای ناو ژیان کرا، ئاخر بەشەر بە تاقە دەستێکەوە دەتوانێ بژی؟ چ کارێکی پێدەکرێت؟ کەوتە سواڵ وسەدەقە، بە خێر و سەدەقەی خەڵکی دەژیا. ئەو سەردەمانە خەڵکی بالاخنا، هەم دەوڵەمەندتر بوون وهەم دلۆڤانتر بوون- دارتاشی بەنێوبانگ وجۆڵاو بوزوتەنی زۆرباش بوون. من و دایکم پاییزان و زستانان دەرۆژەمان دەکرد. بەڵام هەرکە جبرائیکی گەورەی فریشتان، نێزەکەی بادەدا و سەرما وسۆڵەی وەدەردەنا و وەرزی بەهار دنیای دەخەملاند، ئێمە خۆمان دەدایە دەم هەنگاوەوەو بەرەو شارە دوورە دەستەکان دەڕۆیشتین، چووین بۆ موروم، لەوێندەرەوە بۆ یوریفتیس، ئەوجا بە کەناری ڤۆلگادا هەوراز بووینەوە و بە ڕوباری ئارامی ئوکادا سەفەرمان دەکرد. ئاخ لە بەهار و هاویندا سەفەری پیادە زۆر خۆشە!

لەم وەرزەدا، زەوی بۆنی بەهاری لێدێت، گیا سەوز دەبێت، نەرم و ناسک لە تۆ وایە مەخمەڵە. مریەم، هەموو شوێنێکی بە گوڵ دەڕازاندەوە، دنیای وەکو بووک دەخەملاند و دڵی خەڵکی پڕ دەبوو لە خۆشی و شادی، هەندێجار دایکم چاوە شینەکانی دەنووقاندن وهەڵیدەکردە گۆرانی و دەنگی بۆ

ئاسمان بەرز دەبووەوە... دەنگی پڕ سۆز و خۆشبوو، هەرکە ئەو هەڵیدەکردە گۆرانی، هەر چواردەوری بێدەنگ دەبوون و گوێیان لێدەگرت.

سواڵ، لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا، هەرچەندە بە سواڵ دەژیاین، بەڵام ڕۆژگارێکی خۆشبوو، کە تەمەنم گەییە نۆ ساڵان ئیدی دایکم، شەرمی دەکرد لەگەڵ خۆیدا بۆ دەرۆزە وگەداییم ببات. ئەوەی بە شەرم و نەنگ دەزانی... ئیدی لە بالاخنا دەرنەدەچوو، لەوێندەر گیرسایەوە، هەر لەوێ و ڕۆژانە لە دەرگای ماڵانی دەدا و سواڵی نانی دەکرد، ڕۆژانی جەژن و یەکشەممان، لەبەر دەرگای کڵێساکە دەوەستا و دەستی لەم ولەو پان دەکردەوە وداوای خێر وسەدەقەی دەکرد. من لە ماڵەوە دەمامەوە وخۆم فێری چنین و گوڵدۆزی دەکرد. هەرچەندە حەزم دەکرد زوو فێری شاڵبافی و بوزوتەنی و گوڵدۆزی بم تا یارمەتی دایکە بەلەنگاز و بێنەواکەم بدەم، بەڵام فایدەی نەبوو، کە ئیشەکەم لێدەئاڵۆزکا و عاسی دەبوو، لە داخا دەگریام! ئیدی لە زەرفی دوو ساڵ وشتێکدا فێری جۆلایی و شاڵبافی بووم و لەشارا ناوبانگم دەرکرد. هەرکەسێک کارێکی باشی ویستبا، دەهات بۆلای ئێمە و دەیگوت:

" ئاکولیا گیان، بزانە شاڵێکی باشم بۆ ناچنی! " هەڵبەتە من بەمە خۆشحاڵ دەبووم، خەنی دەبووم. هەرچەندە من شایەنی ئەو هەموو شۆرەتە نەبووم، دایکم زیاتر شایەنی ئەو نێوبانگە بوو، چونکە ئەو فێری ئەو کارەی کردبووم، هەرچەندە بە تاقە دەستێکەوە نەیدەتوانی کار بکات، بەڵام دەیتوانی فێری کارەکەم بکات، وەستایەکی چاک، لە دە کرێکار باشترە. من زۆر لە خۆبایی بووم، بە دایکم گوت: " دایکەگیان، ئیدی دەتوانی دەستبەرداری دەرۆزە ببیت، من دەتوانم بەرەنجی شانی خۆم، وەکو گوڵ بەخێوت بکەم، بت ژینم! " بەرسڤی دامەوە : " قسەی وا نەکەیت، من دەمەوێ جیازیەکەت بۆ دابین بکەم! "

لەم کەین و بەینەدا بابات سەری هەڵدا، کوڕێکی گەنج بوو، تەمەنی بیست و دوو ساڵان بوو، بەڵام سەردەستەی بەلەم ڕاکێشەرەکان بوو... ئیدی دایکی هاتە خوازبێنیم و کە بینی هەم کەسێکی ئیشکەر و هەم فەقیرم و کیژی ژنێکی سواڵکەرم، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ژنێکی ملکەچ و گوێڕایەڵ دەبم... حاڵی بوویت!.. بەخۆیشی ئیشی هەویری دەکرد و هەویرەمەنی دەفرۆشت... ژنێکی شەڕانی و دڵڕەش بوو... بەهەرحاڵ خودا بە گوناحم لەسەر نەنووسێت، زەمی

مردووان باش نییە، لە دوای مردوو ڕەحمەت باشە، زەمی مردوو فایدەی چییە؟ کەسێک کە مرد شەیتان دەستی لێدەشوات. خودا خۆی دەیان بینێ و شەیتان خۆشی دەوێن.

نەنکم، لە کانگای دڵییەوە پێکەنی، کەپووی بە شێوەیەکی کۆمیدی دەلەرزی، چاوەکانی دەدرەوشانەوە، خەیاڵاوی دەیانڕاونی، لە تۆ وایە منیان نەوازش دەکرد، ئەوەی بە نیگا دەیگوت، زۆر لە قسە و وشە خویا وڕەساتر بوو.

لەبیرمە شەوێکی ئارام، من و داپیرەم، لە ژوورەکەی بابام چامان دەخواردەوە. بابام نەخۆش بوو، بەبێ کراس لە سەر تەختە خەوەکە دانیشتبوو، خاولییەکی درێژی بە شان وملیا دابوو، ناوبەناو ئارەقەی بەدەنی پێ دەسڕی، خێراخێرا هەناسەی دەدا و سینگی دەیخیزاند، چاوە سەوزەکانی لێڵ بووبوون. دەم و وچاوی سوور بووبووەوەو ئاوسا بوو، گوێچکە بچووک و قوتەکانی سوور بووبوونەوە، کە دەستی بۆ پیاڵە چایەکە دەبرد، دەستی بەجۆرێ دەلەرزی کەبەڕاستی مایەی بەزەیی بوو. ئەو ڕۆژە زۆر نەرم و نیان بووبوو، لەخۆی نەدەچوو.

وەکو منداڵێکی نازپەروەردە، لە داپیرەمی پرسی:- بۆچی کلۆیەک قەندم نادەیتێ؟

نەنکم بە سۆزەوە وەڵامی دایەوە:

- بە هەنگوینەوە بیخۆ، هەنگوینەکە بۆتۆ باشترە!

بلەز پیاڵە چایەکەی هەڵداو بەدەم هەناسە بڕکێوە گوتی:

- ئاگاداربە، لە ناکاوا نەمرم!

- خەمت نەبێ، ئێشکت دەگرم. غافڵت ناکەم.

- ئەگەر ئێستا بمرم، وەکو ئەوەیە لەبنی نەژیابم. یان لە پێناوی هیچدا ژیابم، هەموو بەرنامە و پرۆژەکانم تێکدەچن..

- پاڵ بکەوە، ئەوەندە قسە مەکە.

بابام، بۆ ماوەیەکی کەم پاڵکەوت، چاوەکانی نوقاندن، لێوە شینەکانی دەجولان، ئەوسا لە ناکاوا، وەکو ئەوەی کەسێک نقورچی لێگرتبێ ڕاپەڕی و بەدەنگی بەرز گوتی:

- پێویستە بە زووترین کات ژن بۆ یاکوف ومیخائیل بێنیت. ڕەنگە ئەگەر ببن بەخاوەن ژن و منداڵ، هەندێک ڕام و کەوی ببن. تۆ چ دەڵێیت؟

ئەوجا کەوتە ناوهێنانی هەموو ئەو کیژانەی کە شایستەی ئەوە بوون، ببن بە هەڤژینی کوڕەکانی. داپیرەم کڕ وکپ پەیتاپەیتا چای دادەکرد ودەیخواردەوەو پێناچوو کەمترین خەمی ئەو بابەتەی هەبێت.

بابام بە سەدەمی هەڵە و خەتایەک کە کردبووم، چوونە نێو حەوشە و باخەکەی لێ قەدەغە کردبووم، بۆیە لەبەر پەنجەرەکەدا ڕۆنیشتبووم و تەمەشای زەردەپەڕی ئاوابوونی هەتاوەکەم دەکرد کە دەیدا لە شووشەی پەنجەرەی ماڵەکان و لە تۆ وایە گڕ و بڵێسەی ئاگرەو دەچێت بە ئاسماندا، سیسرک و زیکزیکە، لە ژێر سپیدارەکاندا دەیانزیکاند و کردبوویان بە ڕۆژی خۆیان، کرێکارێک، بە چەکوش بەربووبووە بەرمیلێکی ئەو نزیکانە. کەسێک لەو نزیکانە چەقۆ وکێردی تیژ دەکردەوە. لە دۆڵەکەی ئەو دیو باخەکەوە، دەنگی هەرا وزەنای ئەو منداڵانە دەهات کەلەناو دار ودرەختەکاندا گەمەیان دەکرد و جەنجاڵییان بەرپا کردبوو.

زۆرم حەزدەکرد ئازاد بم و خۆم بگەیاندابا ناو ئەوان و لەگەڵیاندا بکەومە یاری و خەمی زەردەپەڕی خۆرلەزەردە لە دڵم دەربکەم.

بابام لە ناکاوا دەستی درێژ، کتێبێکی تازەی جوانی هەڵگرت و کێشای بەناو لەپیدا و بە دەنگێکی ڕەوان گازی کردم و گوتی:

- ئادەی کەڤۆکە چکۆل وەرە ئێرە! وەرە گوێ قوت، وەرە، دانیشە، تاتار ڕەنگ! ئائەم نیشانەیە دەبینی؟ ئەمە ئەلفە، وەکو ئا لە وشەی ئاڤدا. ئادەی بڵێ: ئا لە وشەی ئاڤدا، با لە وشەی بادا، تا، لە وشەی توودا، ئەدی ئەمە چییە؟

- ب، لە وشەی بادا.

- زۆرچاکە، ئەدی ئەمە؟

- ت، لە وشەی توودا.

- هەڵەیە! ئا، لە وشەی ئاڤدا، تەمەشای ئێرە بکە. د، لە وشەی دایکدا، ج، لە وشەی جواندا، ف، لە وشەی فاق دا... ئەمە چییە؟

- ج، لە وشەی جواندا.

- دروستە، ئەمە چییە؟

- د، لە وشەی دایکدا.

- زۆرباشە، ئەدی ئەمە چییە؟

- ئا، لە وشەی ئاڤدا.

نەنکم هەڵیدایە و گوتی:- پیاوەکە، بۆخۆت پاڵکەوە، تۆ پێویستت بە ئیسراحەتە!

- وازم لێبێنە، خۆم واهیم پێخۆشە، خەم و خەیاڵاتم لێدەڕەوێنێتەوە. دەی ئەلکسی بەردەوام بە!

دەستە گەرم ونمناکەکەی لە گەردنم وەرێنا و کتێبەکەی ڕێک لەبەردەم کەپوومدا ڕاگرت، بۆنی سرکە و ئارەق و پیازی پیشاوی لێدەهات. من خەریک بوو دەخنکام، لە ناکاوا تووڕە بوو و بە گوێیا قیژاندم:

- م، لە وشەی مووبەقدا، س، لە وشەی ساڵدا...

دەنگی وشە وپیتەکانم بەلاوە ئاشانا بوو، بەڵام پیتەکانم نەدەناسییەوە. بۆ نموونە پیتی " س " زیاتر لە کرم دەچوو تالە وشەی ساڵ، " م " پتر لە گریگۆری قەموور دەچوو تالە مووبەق. بەلام جیمی قەڵەو داپیرەمی بیر دەخستەوە،

کەچی بابام شتێکی تیابوو، لە هەموو پیت وحەرفەکان دەچوو. ماوەیەکی زۆر، بە فێرکردنی ئەلف و باوە مژوولی کردم. بەردەوام لێی دەپرسیمەوە، هەندێجار بە ڕیز لێی دەپرسیمەوە و هەنەدێجار بە پەراگەندەیی. جۆش و خرۆشەکەی ئەو بۆ منیش سیرایەتی کرد. ئیدی لە ئارەقەدا هەڵکشام و بەدەنگی بەرز هاوارم دەکرد، ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، لە کەیفان پێدەکەنی و، کۆکەکۆکی پێکەوت، کتێبەکەی دەکێشا بە سنگیداو بەدەنگی گڕ دەیگوت:

- ئافرەت تەمەشاکە، بزانە چۆن گەرم بووە؟ تفوو لە چارەت تاعوونی ئەستراخانی! ئەم هاوارکردنەت لەچییە؟

- تۆ هاوار دەکەیت نەک من..

بەخۆشییەوە تەمەشای بابا و نەنکم دەکرد، داپیرەم هەردوو ئانیشکی نابووە سەر مێزەکە وگۆناکانی لەنێو هەر دوو دەستی نابوون، بەدەم تەمەشاردنی ئێمەوە، بە ئەسپایی پێدەکەنی و دەیگوت:

- دەبەسە، ئەم هات و هاوارە ببڕنەوە، ئەقڵتان تێکدەچێت!

بابام، ئاوڕی لای منی دایەوە، بە میهرەبانییەوە گوتی:

- من نەخۆشم بۆیە هاوار دەکەم. بەڵام تۆبۆ هاوار دەکەی؟

ئەوسا سەرە ئارەقاوییەکەی لەقاند و بە داپیرەمی گوت:

- ناتالیای ڕەحمەتی، هەڵە بوو کە دەیگوت ئەم کوڕە زەینی کوێرە، زەینی، بە ئەندازەی زەینی یەک ئەسپە! بەردەوام بە، لووت دافسیاگ.

ئەوجا بە شۆخییەوە، لەسەر تەختەخەوەکە دەڵەکی دام و گوتی:

- ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە! با کتێبەکەت لەلابێ، سبەینێ ئەلف و باکەت لەهەوەڵەوە تا ئاخیر لێ دەپرسمەوە، ئەگەر هەموویت بەبێ هەڵە لە بەرکردبێت، پێنج کوپیکانت دەدەمێ.

کە چوومە پێشەوە تا کتێبەکەی لێوەرگرم، باوەشی پێدا کردم و بەداخ و کەسەرەوە گوتی:

- دایکت بۆچی تۆی بە سەر ئێمەدا بە جێهێشتووەو خۆی ڕۆیشتووە کوڕەکەم؟

نەنکم هەڵیدایە وگوتی:- پیاوەکە ئەم قسەیە چییە، کەی وەختی ئەم قسانەیە!

- غێر داخی دڵم.. ئۆف! تۆ تەمەشا ئەم کیژە چۆن گومڕا بووە.

دوای ئەو قسەیە، بەتووندی لە خۆیی دوورخستمەوە:

- لاکەوە، بڕۆ بۆخۆت گەمە بکە، نەچیتە کۆڵان، بۆخۆت لە نێو حەوشەکەدا و لە باخەکەدا یاری بکە..

منیش باخەکەم مەبەست بوو، هەرکە خۆم بە باخەکەدا کرد، ئەو منداڵانەی لە دۆڵەکەدا یارییان دەکرد، لێم کەوتنە بەردەفڕکێ، خواخوام بوو بەردێکم تێ بگرن، تابە دوو بەردان بەرپەرچیان بدەمەوە.

هەرکە چاویان بەمن کەوت، خۆیان تەیار کرد وهاواریان کرد:

- کوڕینە یارۆ هات. کەڵەبابە هندییەکە دەرکەوت، لێیدەن!

هەرچی سەرم دێنا و دەبرد، نەلە مانای وشەی یارۆ و نەلە وشەی کەڵەبابی هندی تێنەدەگەیشتم، بۆیە ئەو کۆموێنتەیانم لەبەر گران نەبوو، زۆر بەوەوە دەفشیم کەبەتاقی تەنیا ڕووبەڕووی ئەوهەموو منداڵە دەوەستامەوە و داکۆکیم لەخۆم دەکرد، کە دەمبینی بەردەکەم یەکێکیانی

دەنگاوت و هەموو ئەوانی دی لە ترسا هەڵدەهاتن و بە هەشتاو خۆیان لەم پەنا و لەو پاسار دەکوتا، کۆڵێکم کەیف بەخۆ دەهات. ئەم شەڕە بەردانە هیچ ڕق و کینەیەکیان لەپشتەوە نەبوو، وزۆربەی جاران بە خۆشی و بەبێ ئەوەی ئاسیو بەهیچ کەسێک بگات، کۆتاییان دەهات.

بە خێرایی فێری خوێندنەوەو نووسین دەبووم، پێم وایە هەر ئەمەش کردیە کارێک کە بابام زیاتر بایەخم پێبدات وکەمتر لێم بدات. هەڵبەتە خۆم قەناعەتم وابوو کەلەجاران زیاتر شایستەی لێدان و کوتەک خواردن بووم. تا گەورەتر و بەهێزتر دەبووم، زیاتر، لە ئەمری بابام دەردەچووم و سەرپێچیم لە ئەمرەکانی دەکرد. کەچی هەربە قسە سەرکۆنەی دەکردم و یەک دوو پەنجەی لێڕادەوەشاندم.

ئیدی وام وێنادەکرد، کە بابام جاران بە خۆڕایی و بێهیچ سەدەمێکی بەجێ لێی دەدام، جارێکیان ئەم بۆچوونەی خۆمم پێی گوت، دەستی خستە ژێر چەناگەم، چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی و بەتووندی گوتی:- چ... ی؟

ئەوجا پێکەنی وگوتی:

- هەی شەیتانی بچووک، تۆچۆن ئەو جارانەت ژمارد کە شایستەی لێدان بووی؟ من خۆم دەزانم کەی دەبێ دارکاری بکرێی و کەی دارکاری نەکرێیت! حاڵی بوویت، دەبڕۆ گوم بە لەبەرچاوم!

بەڵام یەکسەر شانی گرتم و دووبارە چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی و گوتی:

- ئەو قسەیەی کردت، لە فێڵبازیت بوو یان لە گەمژەیی و گێژیت؟

- نازانم.

- نازانی؟ دەی باشە گوێ بگرە با من پێت بڵێم، تۆ شەیتان و زۆرزانی، ئەمە لەگێژی باشترە! مەڕ گێژن، تێگەیشتی؟ دەی بڕۆ بۆخۆت یاری بکە..

زۆری نەبرد کە بە حونجە کەوتمە خوێندنەوەی کتێبی مەزمووران، بابام زۆربەی جاران، دوای خواردنەوەی چای ئێواران دەرسی پێ دەگوتمەوە، هەموو ئێوارەیەک یەک مەزموورم دەخوێند و بۆ نموونە بەم ئاوایە حونجەم دەکرد:

خۆ، ش، بە، خ... ت... پ... یا و ،دەبوو بە پیاوێکی خۆش بەخت. بەدەم حونجەوە قەڵەمەکەم بە سەر پیت و حەرفەکاندا دەگێڕا و بە پەستی دەمپرسی:

-کێ بەختەوەرە؟ خاڵە یاکوف؟

بابام، بە تووڕەیی، بەدەم بۆڵەیەکەوە دەیگوت:

- کە زللەیەکت خوارد هەنگێ دەزانیت پیاوی بەختەوەر کێیە.

هەرچەندە بابام ئەو قسانەی بە تووڕەیی دەکرد، بەڵام من هەستم دەکرد، توڕەییەکەی جدی نییە، وئیدی ئەم توڕەییەی لێبووە بە خوو و تەنیا بۆ ئەوەیە زەبت و ڕەبت و نەزم و نیزامەکە بپارێزێ. هەمیشە ئەو بۆچوونەی من دروست دەردەچوو. چونکە دوای خولەکێک بابام منی لە بیر دەچووەوەو لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- ئۆف، کە دەکەوێتە گۆرانی و سازڤانی، لە شا داوود دەچێت و کە دەکەوێتە کار کردن، ڕێک لە ئەبشالوم دەچێت (داوود، لە سوڵتانە کۆنەکانی تیرەی ئیسرائیلە، کە بە مزمارەکان بە نێوبانگەم ئەبشالوم کوڕی داوودە، لە بابی

یاخی بوو وویستی تەختوتاجەکەی لێداگیر بکات.)سازڤانە دەماوەرە لێبۆکەکە ، دەڕەقسێ، بەڵام ئەم ڕەقسە بۆ کوێت دەبات؟ فایدەی چییە؟ پێموایە درێژە ناکێشێت!

من لە خوێندنەوە دەوەستم، گوێ لەو دەگرم، دەڕوانمە دەم وچاوە گرژ و مۆنەکەی. چاوە چکۆلەکانی، هەڵدەبڕین، وەکو ئەوە بوو بڕوانێتە شتێکی ئەودیوی منەوە. خەم و پەژارە بە چاوانییەوە دیاربوو، تورەییە ئاساییەکەی بەرەبەرە دەڕەوییەوە، برۆ زەردەکانی دەلەرزین، کە قامکەکانی بەسەر مێزەکەدا دەکێشان، نینۆکە بو بۆیاخەکانی دەدرەوشانەوە.

- باوە گەورە!

- چییە؟

- حیکایەتێکم بۆ بگێڕەوە!..

وەکو یەکێک تازە لە خەو هەستابێ، چاوەکانی هەڵدەگڵۆفێت و قرەقرێک دەکات و دەڵێت:- تەمەڵ، دەرسەکەت بخوێنە! ئەفسانانت پێ باشترە لە مەزموورەکان!

دڵنیابووم کە خۆشی، زیاتر حەزی لە حیکایەت وئەفسانانە تا حەزی لە مەزموورەکانی داوود بێت کە هەر هەموویانی ئەزبەر بوو. نەزری کردبوو هەموو شەوێک بەرلە خەوتن یەکێک لەو مەزموورانە، بەدەنگی بەرز بخوێنێ، رێک وەکو ئەو قەشانەی کەلە کڵێسادا دەیان خوێندنەوە.

من، پێداگریم لێدەکرد، ئەنجام دڵی نەرم دەبوو و بەگوێی دەکردم و دەیگوت:

- باشە، بەڵام تۆ دەبێ بە درێژایی تەمەن ئەم مەزموورانە فەرامۆش نەکەی، چونکە من دەبێ بەم زووانە بە مەبەستی دادگایی بچمە بەردەم عەرشی خودا.

ئەوسا، پشتی بە پشتی کورسیەکۆنە کەندەکارییەکەوە دا، چاوی برِینە بن میچەکە، لە بیرەوەرییە کۆنەکانی خۆی دا نقوم دەبوو، ئەوسا دەکەوتەباسی بابی و زەمانی کۆن ودەیگوت: جارێکیان، کۆمەڵێک چەتە ورِێگر دایان بەسەر بالاخنادا،تا دووکانەکەی زاییفی بازرگان تاڵانبکەن. بابی باپیرم بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە گومەزی کڵێساکە، تا لە زەنگی کڵێساکە بدات، لێ دزەکان خێرا گەیینە سەری و بەر

شمشێریان دا و لەت وپەتیان کردو لە سەر بورجی زەنگەکەوە، پارچەکانیان هەڵدایە خوارەوە.

باپیرەم گوتی:

- من لەو سەردەمەدا منداڵ بووم، ئەو بویەرەم بەچاوی خۆ نەبینی، هەر بیریشم نایەت. یەکەمین بیرەوەری من بۆ هاتنی فەرەنسیەکان لە ساڵی ١٨١٢ دا، دەگەڕێتەوە، هەنگێ تەمەنم هەر دوازدە ساڵ دەبوو، نزیکەی سێ ئەسیری فەرەنساویان بۆ شارەکەی مە، بۆ بالاخنا، هێنابوو، هەر هەموویان لەڕ ولاواز، باریک وبنێس، پێستیان بەسەر ئێسقانیانەوە هیشک بووبوو، جلەکانی بەریان هێندە شڕ وشەپڕێو بوو، هەزار خۆزگە بە جلکی دەرۆزەکەران، بەهەرحاڵ ڕەوشیان لە گەداش خراتر بوو، لە سەرما هەڵدەلەرزین، هەندێکیان، لاقیان لە سەرما بە ڕادەیەک جەمەدی بوو، نەدەکارین هەستنە سەرپێیان، خۆیان بە پێوە نەدەگرت، گوندییەکان دەیانویست هەر هەموویان بکوژن، لێ پاسەوانانی شار ڕێگەیان نەدان و بە خۆرتی بڵاوەیان بە گوندییەکان کرد و بۆ کوختەکانی خۆیانیان ناردنەوە... پاشان ڕەوشەکە ئاسایی بووەوە، هەردوولامان بەیەکدی

ڕاهاتین. ئەم فەرەنساویانە، خەڵکانی بەهۆش و زرینگ و ڕووخۆش و دڵتەر و ڕوح سووک بوون، هەرکاتێ زەوقیان هەبووایە، بە زمانی خۆیاندەسترین. ئاغا و دەوڵەمەندانی نیژنی نوفگورود، بە سواری گالیسکە دەهاتنە تەمەشایان. هەندێک لەم ئاغایانە بە فەرەنسی جنێویان پێدەدان، مستەکۆڵەیان لێ ڕادەوەشاندن، تەنانەت لێشیان دەدان.. کەچی هەندێکی دیکەیان، بە فەرەنسی قسەیان لەگەڵدا دەکردن و دڵنەواییان دەکردن، پارەیان دەدانێ و جل وبەرگی گەرمیان بۆ دەهێنان. من لەبیرمە، جارێکیان یەکێک لەو گەورە ئاغایانە هەردوو دەستی بە دەم و چاویەوە گرت و بەدەم گریانەوە دەیگوت: "دەبینن ئەم ناپلیۆنە شەیتان و زۆردارە، چۆن ئەم فەرەنساویانەی، بە فەتارەت داوە؟ " ئەم پیاوە هەرچەندە ڕووس بوو، هەرچەندە ئاغا و دەرەبەگ بوو، لێ کەسێکی میهرەبان بوو و بەو جۆرە دڵی بەحاڵی ئەو فەرەنساوییە بێگانانە دەسووتا.

بابام، هەڵوەستەیەکی دەکرد، کەسێک بێدەنگ دەبوو، سەری دادەخست و دەستێکی بە قژیا دێنا... ئەوسا بەکاوەخۆ، زۆر بە پارێزەوە، دەکەوتە چینە لە بیرەوەرییەکانی و دەیگوت:

- زستان، بە سەرما و سۆڵە وڕەشەبا و زریانەوە هات، بە گڤ و هۆڕ خۆی بە کوچە و کۆڵانەکاندا دەکرد ولەزگ بوو سەربانی کوختەکان هەڵبگرێت. فەرەنسییەکان زۆرجار بە هەڵەداوان خۆیان دەگەیاندە بەر پەنجەرەکانمان و لەوێندەرەوە بانگیان لە دایکم دەکرد، کەلە ماڵەوە کێک و شیرنەمەنی بۆ فرۆشتن ئامادە دەکرد، لە شووشەی پەنجەرەکەیان دەدا و بەدەم ئەم پێ و ئەوپێ کردنەوە داوای سەموون و کێکی گەرمیان دەکرد. دایکم ڕێگەی نەدەدا بێنە ژوورەوە، هەرچیەکیان داوا بکردایە لە پەنجەرەکەوە دەیدایە دەستیان، ئەوانیش نان و کێکە گەرمەکەیان، کە هالاوی لێ هەڵدەستا لێوەردەگرت و بەو گەرمییە، لە باخەڵیان دەنا و لە سەر دڵییان دایان دەنا، نەمدەزانی چۆن بەرگەی ئەو گەرمییە تووندەیان دەگرت؟! زۆریان لە سەرمادا مردن، ئاخر خەڵکی گەرمەسێران بەرگەی ئەو سەرما و سەهۆڵبەندانە ناگرن. دووانیان لەلای مە ئاکنجی بوون، یەکێکیان ئەفسەر بوو، ئەویتریان کە میرونی ناو بوو، موراسیلی ئەفسەرەکە بوو. ئیدی ژووری حەمامەکەمان کە لە نێو باخچەکەدا بوو، دانێ، ئەفسەرەکە، کابرایەکی درێژ داهۆڵی لاواز بوو. هەر پێست وئێسقان بوو. بە پاڵتۆیەکی

ژنانەوە، کە تا سەر ئەژنۆکانی دەهات، دەسووڕایەوە. کەسێکی زۆر میهرەبان بوو. هیچ عەیبێکی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت کە زۆری دەخواردەوە، دای ئەوەی تێروپری دەخواردەوە، هەڵیدەکردە گۆرانی... دایکم عارەقی دروست دەکرد وبە دزییەوە دەیفرۆشت. ئیدی عارەقی زۆری لە دایکم دەکڕی... کەمێک لە زمانی مە فێر بووبوو، سەروگوێی زمانەکەی مەی دەشکاند، هەندێجار دەیگوت: " وڵاتەکەتان سپی نییە، بەڵکو ڕەشێکی وشکە... " زمانەکەی زۆر باش نەبوو، بەڵام تێی دەگەیاندیت، ئەوەی ڕاستی بێ باکووری وڵاتەکەی مە وشک وناخۆش بوو، وشکە سەرما هێڵەی پێدەکردیت، بەڵام کە شان بەشانی ڤولگا نشێو دەبوویتەوە، دنیا گەرمتر دەبوو دەیانگوت، لەوبەری دەریای قەزوینەوە، قەت بەفر نابارێت... ڕەنگە ئەو قسەیە تۆزە ڕاستیەکی تیابێ، چونکە ئەگەر تەمەشای ئینجیل وکارنامەی پەیامبەران و مەزموورەکانی داوود بکەیت، نەباسی بەفریان تیایە و نە باسی زستان. جا خواوەندی مە، عیسا مەسیح لەو دیار و دەڤەرە گەرمیانە، لە دایک بووەو ژیاوە... هەرکە لە خوێندنەوەی مەزموورەکان بووینەوە، هەنگێ، فێری خوێندنەوەی ئینجیلت دەکەم.

دیسان بێدەنگ دەبوو، دەکەوتە وەنەوزدان، دەفکرەوە دەچوو، ئەوجا وەکو ئەوەی بیر لە شتێکی نادیار بکاتەوە، چاوی دەبڕییە پەنجەرەکە، برۆکانی وێکدێنانەوەو ئەوسا من بە ئەسپایی وەخۆم دەهێنایەوەو دەمگوت:- ئێ، چیتر؟

هەنگێ، لەناکاوا ڕادەپەڕی و دەیگوت:

- ئێ، باسی چیم دەکرد؟ فەرەنساییەکان؟ ئیدی ئەوانیش بەشەر بوون، لە ئێمەمانان خراتر نەبوون. بەدووی دایکم دەکەوتن و بانگیان دەکرد: " مەدام، مەدام " مەبەستیان خانم بوو بەڵام ئەم خانمە، فەردەیەک ئاردی هەشتا کیلۆیی دەدا بە شانیا و لە ئاشەوە بۆ ماڵی دێنایەوە، هێز و توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو. تا گەییمە تەمەنی بیست ساڵیش لێی دەدام، چنگی لە قژەکەم دەنا و وەکو چۆلەکە پاساری سەمای پێدەکردم. ئەگەر بڵێی لەو تەمەنەدا، بێ دەسەڵات و ترسنۆکیش نەبووم. بەڵام میرونی موراسیل، ڕموودەی ئەسپ بوو، ئەسپی زۆر خۆشدەویست. بەسەر تەویلەی ماڵاندا دەگەڕا، بە ئاماژە داوای لە گوندییەکان دەکرد، ڕێگەی بدەن، ئەسپەکانیان بۆ قەشاو (ڕنەک) وتیمار بکات. خەڵکەکە لە هەوەڵەوە متمانەیان پێنەدەکرد و لێی

دەترسان. دەیانگوت کابرا دژمنە، دوور نییە ئاسیوێک بە ئەسپەکەیان بگەیەنێت. بەڵام زۆری پێنەچوو گوندییەکان، دوای ئەوەی تاقیانکردەوە، بەخۆیان دەهاتن و بەرۆکیان دەگرت، دەیانگوت: " ئەرێ میرون ئەوە لە کوێی، بۆ دیار نیت، خۆت لێکردوین بە ئەستێرەی سوەیل؟ " پێدەکەنی و وەکو گا سەری دەلەقاند و، بە هەڵەداوان بە دەنگیانەوە دەچوو. قژی سوور، لە دوورەوە لە گێزەر دەچوو. پیاوێکی دفناک ( لووت زل ) بوو، لێوەکانی ئەستوور بوون، مەیتەر وئەسپەوانێکی زۆر کارامە بوو، هەر ئەسپێک چەندیش نەخۆشبا، مالیجەی دەکرد و چاکی دەکردەوە.. دوای ئەوە لە نیژنی نوڤگورود ، بوو بە بەیتاڵ (دکتۆری حەیوان وڵاخی بەرزە) بەڵام پاشان شێت بوو، ئەقڵەکەی لە دەست دا، ماموری ئاگر کوژانەوە هێندەی لێدا تا لەژێر دەستیا پسا ومرد... ئەفسەرەکەش لە هەوەڵی وەرزی بەهارەوە نەخۆشکەوت، وردە وردە پووکایەوەو پووکایەوە، لە جەژنی قەشە نیکۆلادا، بە بێدەنگی و بە بێکەسی مرد، لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەی دانیشتبوو، لە فکرانڕاچووبوو، ئیدی بەو دەقەوە، مرد.

من زۆر دڵم بە حاڵی سووتا، تەنانەت بە دزییەوە بۆشی گریام. بەشەرێکی فرە میهرەبان بوو. هەندێجار گوێی دەگرتم، بە زمانەکەی خۆی هەندێ شتی بە گوێمدا دەدا کە لێی حاڵی نەدەبووم، بەڵام ڕیتم و ئاهەنگی قسەکانیم لە گوێ خۆشبوو. میهرەبانی و دلۆڤانی، کاڵایەک نین بشێت لە بازاڕا بیکڕیت. جارێکیان ویستی فێری زمانی خۆیم بکات، بەڵام دایکم نەیهێشت، تەنانەت بۆڵای قەشەی بردم، قەشەکە ئەمری بە دایکم کرد کەلێم بدات، و سکاڵای لە سەر ئەو ئەفسەرە تۆمار کرد. خەڵکی لەو سەردەمانەدا، زۆر سەختگیر بوون، ژیان دژواربوو، تۆ ئەو ڕۆژگارە سەختە نابینی، کە ئێمە بەسەرمان برد. خەڵکانی دی لەجیاتی تۆ ڕەنجیان کێشاوە، هەرگیز ئەو ڕۆژانەم لەبیر ناچنەوە، خۆزگە دەتزانی چەندم زەحمەت کێشاوە، بڕوات و نەیەتەوە!

دنیا تاریک بوو، بابام لەو تاریکیەدا، گەورەتر دەهاتەبەرچاو. چاوەکانی وەکو چاوانی پشیک بریسکە بریسک پرشنگیان دەدا. باسی هەر شتێکی بکردایە، بە هێمنی و بە پارێز وتێفکرینەوە قسانی دەکرد، بەڵام کە دەهاتەسەر باسی خۆی، بەجۆش و خرۆش و خۆهەڵکێشان و

شانازییەوە قسانی دەکرد. حەزم نەدەکرد باسی خۆی بکات و بەوجۆرە بەخۆی بفشێت. هەروەها حەزم لە ئەمر و ئامۆژگاری و وەعزخوانیە بەردەوامەکانی نەدەکرد:

- ئەوەت لەبیر نەچێت!... نەخەڵەتابی لەبیری بکەی، بیکە بە گوارە و لەگوێی بکە.

حەزم دەکرد، زۆرێک لەو قسانەی فەرامۆش بکەم، بەڵام بەبێ ئەمری ئەو، وەکو نوسنەک بە یادگەمەوە نووسابوو و بە ئامان و زامان، لە زەینم دەر نەدەچوون... قەت حیکایەت وئەفسانەی بۆ نەدەگێڕامەوە، بەڵکو هەمیشە سەربهوردی کەسێک یان خۆی بۆ دەگێڕامەوە، بۆم دەرکەوت کە بە پرسیار پەست دەبوو، بۆیە من بە پرسیار دام دەبێژت:- ڕووس باشترن یان فەرەنسی؟

بەنەبەدڵی بەرسڤی دەدایەوە:

- چوزانم؟ من فەرەنساویانم لە وڵاتی خۆیاندا نەدیتووە تا بزانم چۆنن.

پاشان لە سەری دەڕۆیی:

- هەرکەسە، لە ماڵی خۆیا پیاوە!

- باشە ڕووسان خەڵکی باشن؟

- چەم بێ چەقەڵ نابێت، هەم چاکیان هەیە و هەم خراپ، لە سەردەمانی فیودالیەت و کۆیلایەتیدا باشتر بوون، خەڵکی نیمچە کۆیلە بوون، بەڵام ئێستاکە هەموو ئازاد بوون، داب و نەریتە کۆنەکانیان فەرامۆش کردووە وشتێک بە ناوی ئەمەکداری و نان و نمەکەوە نەماوە! هەڵبەتە موڵکدار وفیودالەکان زۆر زاڵم و دڵڕەق بوون، بەڵام لە ڕەمەکی خەڵکی ئاقڵتر وبەئاوەزتر بوون. هەڵبەتە هەموویان وا نەبوون، خەڵکی زۆرباش و دڵاواو میهرەبانیشیان تیابوو. دیارە بێ ئاوەزوو و گەمژەی وەهاشیان تیابوو، کەوەکو کەر باریان بکەی.لەگەڵ کەرت گۆڕیبانەوە کورتانت زەرەر بوو. لە وڵاتی مەدا، ڕواڵەتی بێ ناوەڕۆک زۆرە، عەینی قەپێلکی بەتاڵ، کە تەمەشای ڕواڵەتی دەکەیت، بەشەرە، بەڵام کە لێی نزیک دەبیتەوە و پەی بە ناوەڕۆکی دەبەیت، دەبینی قاوغێکی بۆش و بەتاڵە. ئێمە پێویستمان بە کەمێک هۆش وگۆش وڕۆشنبیرییە، پێویستمان بەوەیە ئاوەزمان چارچ ودەمەزەرد بکەینەوە. بەڵام کەرەستەی چارچکردن و دەمەزەرد کردنەوەمان نییە...

- باشە ڕووسەکان بەهێزن؟!

- دیارە هەندێکیان بە هێز و توانان، بەڵام ئەقڵ و زیرەکی شەرتە، تۆ چەند بەهێزیش بیت، ناگەیتە بەهێزی ئەسپان.

- باشە فەرەنساوییەکان بۆچی شەڕی ئێمەیان کرد، بۆ بەگژماندا هاتن؟

- شەڕ، ئیشی حکوومەت و تزارە، ئێمەی ڕەش و ڕووت هۆ و سەدەمی ئەو شتانە نازانین..

بەڵام کاتێک پرسیاری بوناپارتم لێکرد کە کێیە، هێندە بە وردی و ئاو وتاو بۆی باسکردم، کە هەرگیز لەبیرم نەچێتەوە... گوتی:

- پیاوێکی ئازابوو، دەیویست هەموو دنیا بگرێت تا هەموو خەڵکی بە یەکسانی و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بژین. دەیگوت نە پێویست بە دەرەبەگ و نەبە فەرمانبەرانی دەوڵەت هەیە، دەبێ هەموو لە یەک ئاستدا بژین، خەڵکی تەنیا ناویان لێکدی جیاواز بێت، لەمافدا یەکسان بن... و هەمووان یەک ئۆل وئاینیان هەبێ، دیارە ئەمەیان بیرۆکەیەکی گەوجانە بوو، هیچ مانایەکی نەبوو. تەنیا

قرژالآن وەکو یەکن و لێکدی جیاناکرێنەوە... تۆ بۆ نموونە تەمەشای ماسی بکە، تەنانەت ئەوانیش لێکدی جیاوازن، نەهەنگی سلێمان هەرگیز لە ماسی سپی ناچێت، ماسی ڕوبار لە ماسی دەریا ناچێت. ئەوجۆرە بوناپارتانە لە ڕووسیای خۆشماندا هەبوون، بۆ نموونە ڕازین ستیبان کوڕی تیموفی، پوکاچیف ئەمیلیان کوڕی ئیڤان، لەهەمان قوماش بوون. دوایی، لە دەرفەت و دەیڤەیەکی دیدا، باسی ئەوانەت بۆ دەکەم..

هەندێجار بێدەنگ دەبوو، بە چاوانی ئەبڵەقەوە، بەجۆرێ لێی دەڕوانیم، لە تۆوایە یەکەمجارە دەمبینێت، بەمە زۆر قەڵس دەبووم.

بەڵام هەرگیز باسی داکم یان باوکمی بۆ نەدەکردم.

زۆرجار نەنکم لە کاتی ئەو قسە وباسانەدا، خۆی وەژووردا دەکرد... بە کڕی لە سووچێکدا ڕۆدەنیشت، لەتۆ وایە هەر لەوێش نییە، تا لە ناکاوا، بەڕاوێژو دەنگێکی نەرم و ناسک دەیپرسی:

- پیاوەکە، لەبیرتە، کە پێکەوە بۆ زیارەت چووین بۆ موروم، بۆ زیارەتی ئیکۆنەکەی پاکیزەی بێگەرد؟ کە زەمانێکی خۆشبوو، ئەوە چ ساڵێک بوو؟

بابام، کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا بەکاوەخۆ گوتی:

- بە تەواوی لە یادم نەماوە، بەڵام پێش کولێراکە بوو، ئەوساڵە بوو، کەلە لێرەوارەکاندا تاقیبی ئولونچانەکانیان ( یاخییەکان) دەکرد ولێڕەکانیان لێ پاک دەکردنەوە.

- ڕاست دەکەیت، لەبیرمە کە چەند لێیان دەترساین!

- بەڵێ، بەڵێ!

پرسیم ئەو ئولونچانانە کێ بوون، بۆچی خۆیان لە لێرەوارەکاندا دەشاردەوە. بابام بە نەبەدڵی بەرسڤی دایەوەو گوتی:

- ئەوانەبوون کەلە ترسی سزاو لێپێچینەوە هەڵاتبوون، یان لە کارخانەکان و لە سەر کارەکانیان هەڵاتبوون و پەنایان وەبەر بێشە و لێرەوارەکان بردبوو.

- ئەدی چۆنیان دەگرتن؟

- بزانم، دەتوانی بەخۆت هەڵی بێنی یان وێنای بکەیت؟ منداڵان چۆن چاوشارکێ دەکەن، تاقمێک ڕادەکەن وخۆ دەشارنەوە، تاقمێکی دی دوایان دەکەون و دەیاندۆزنەوە و دەیانگرن... پیاوانی حکوومەتیش بەو ئاوایە دوایان دەکەوتن، دەیان گرتن، دەیانخستنە ژێر جەڵدە و شولکان، پاشان لووتیان هەڵدەدڕین، نێو چەوانیان داغ دەکردن، تا هەمووان بزانن کە سزا دراون.

- ئاخر بۆچی؟

- بڵێم چی؟ ئەم کارانە خویا نین، سڕێکیان تیابوو، ئێمەمانان سەرمان لێدەرناکرد، ئیدی دیار نەبوو کێ خەتابارە، ڕاونەر یان ڕاونراو..

نەنکم گوتی:- پیاوەکە، ئاگرە گەورەکەت لەبیرە؟

بابام، کە حەزی دەکرد هەموو شتێک لە بنج و بناوان بکات، پرسی:

- کام ئاگری گەورە؟

ئەم دووانە هەندێجار بە جۆرێ لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا نقوم دەبوون، منیان دەبیر دەچووەوە. دەنگ و قسە و

باسەکانیان، ئەوەندە نەرم بوون، زۆرجار وامدەزانی سۆزە دەکەن، سۆزەیەکی خەمین. ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە ئاگر کەوتنەوە، نەخۆشی، بەڵا و نەهامەتی، دارکاری کردنی خەڵکی، مەرگی مفاجات، دزانی جەربەزە، دەوڵەمەندانی هەڵەشە و شەڕانی، پارسەک و سواڵکەری خوازەڵۆک..

بابام لەبن لێوانەوە گوتی:- هێی دنیا، زۆرمان بینی! ڕۆژانمان بەسەربرد!..

داپیرەم پرسی:

- ژیانێکی خراپمان بەسەر برد؟ لەبیرتە وەختایەک ڤارڤارام بوو چ بەهارێکی خۆش دەستی پێکرد؟

- ئەرێ، ساڵی ١٨٤٨ بوو، گەرمەی شەڕی مەجەڕستان بوو. ئەوە بوو " تیخون " بابی تەعمیدی ڤارڤاریان، پشتی تەعمید کردنەکەی ڤارڤارا، بەڕۆژێک بۆ بەرەی شەڕ ڕەوانکرد.

نەنکم ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:- ئیدی ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی، نەگەڕایەوە.

- ئەرێ نەگەڕایەوە! لەوساوە تا ئێستا ڕەحمەتی خوا لەم ماڵەی ئێمە نزیک نابێتەوە، ئاخ ڤارڤارا..

- پیاوەکە، بەسە، باسی مەکە.

بابام، بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە:

- بۆچی بەسە؟ سەیری منداڵەکانمان بکە، وێڕای هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان، کە ساڵحان دەرچن، هەر خوێڕی وتۆڕی دەرچوون، هیچیان خێر بە ناوچەوانیانەوە نەبوو، هەرچی هەوڵێکمان لەگەڵیاندا دا، هەمووی بە فیڕۆ چوو، وەکو ئەوە بوو ئاو لە دنگدا بکوتین، هەرچیەکمان ڕست، خواگیان هەموویکردەوە بە خوری.

وەکو یەکێک ئاگری پێوە نرابێ، بە ژوورەکەدا کەوتە هەڵبەز ودابەز، دەهات و دەچوو، دەیناڵاند، جنێوی بە منداڵەکانی دەدا، مستەکۆڵە بچووک و ڕەق و تەقەکەی لە نەنکم ڕادەوەشاند. هاواریدەکرد:

- هەمووی خەتای تۆیە، تۆی جادووگەر، ئەوندەت داکۆکی لەو خوێڕیانە کرد، ئەوەندەت ناز دانێ، تا خووت شەڕکردن، تۆ! ڕەگ و ڕەچەڵەکت بە نەفرەت بێ. تۆ! مەگەر هەر من بزانم چشیر حەرام و دەڵە دێویکی! چ شەیتانێکی!

بە داخ و کەسەرێکی فرەوە، خۆی گەیاندە دیار پەیکەر و ئیکۆنەی عیسا و مریەم و لێی دانیشت، بەدەم گریە و زاریەوە، بەهەر دوو دەست، کەوتە سینگ کوتان و کەوتە گازن و سکاڵا لە بەختی خۆی و دەیگوت:

- خودایا، ئاخر ئەمە بۆ؟ مەگەر من لە خەڵکانی دی گوناهکارترم، تا شایستەی ئەم سزا قورسە بم؟

چاوە بە فرمێسکەکانی لە داخا دەبریسکانەوە، ئازای بەدەنی وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی..

نەنکم لە تاریکیەکەدا، خۆی مت دەکرد و نیشانەی خاچی دەکێشا، ئەوسا هەڵدەستا و بە پارێزەوە لە بابام نزیک دەبووەوەو دڵخۆشی دەدایەوە، دڵنەوایی دەکردو دەیگوت:

- پیاوەکە بۆچی خۆت خەفەتخان دەکەیت، ئاخر خەفەت خواردن فایدەی چییە؟ خودا، ئیشی خۆی دەزانێت. منداڵی خەڵکیش هەر وەکو ئەوانەی تۆن، لەمانەی تۆ باشتر نین. پیاوەکە ڕوو بکەیتە هەر شوێنێک، ئاسمان هەمان ڕەنگە.. شەڕە، فەرتەنەیە، ئاژاوەیە، هەراو هەنگامەیە، ڕیا وڕیابازیە. هەرچی دایک و باوکێک هەن، بە ڕوندکی چاو گوناحەکانیان دەشۆنەوە. هەر تۆنیت کە..

بابام، هەندێجار بەو قسانە هێور دەبووەوە، شەکەت و ماندوو، بە بێدەنگی خۆی دەخزاندە ناو جێگاکەیەوە، ئێمەش، من و نەنکم، بە بەر هەیوانەکەدا بۆ ژووره تایبەتیەکەی خۆمان دەچووین.

بەڵام جارێک کە نەنکم لێی نزیک بووەوە وکەوتە دڵنەوایی کردنی، لە پڕێکا وەرچەرخا وتا هێز لە بازوویدا بوو، شەپلاخێکی بەدەم و چاوی پیرەژندا کێشا، نەنکم پاشەوپاش تلْ بووەوەو دەستی بە دەمیەوە گرت وخۆی ڕاست کردەوە و بە دەنگێکی نەرم و هێور گوتی:- کە کەریت!

تفێکی خوێناوی ڕۆکردەبەر پێی بابام. بابام هەردوو دەستی بەرزکردنەوەو قیژاندی:- هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم تا نەمکوشتوویت!

نەنکم بەرەو دەرگاکە ڕۆیی و لەبەر خۆیەوە دووبارە گوتی:- کەره!

بابام بە هەشتاو دووی کەوت، لێ داپیرەم بە شێنەیی لە ئاستانەی دەرگاکە ئاودیو بوو و دەرگاکەی توند بە ڕوویا داخست.

پیرەمێرد کەوتە هاوار، ڕەنگی وەکو پشکۆی داگیرساو، سوور هەڵگەڕا، دەسکی دەرگاکەی تووند گرت و بە قامکان لێی دەدا: - هەی نارەسەنی، درۆزن!

من لە سەر ئاگردانەکە دانیشتبووم، هیچ هۆشم بە خۆوەنەبوو، زیاتر لە مردوو دەچووم، باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد. ئەمە یەکەمجار بوو کەلەبەر چاوی من لە داپیرەم بدات. زۆرم لەبەر گران بوو. ئەمە کارێکی دزێو وناباجێ بوو، لە میانەی ئەمەوە لایەنێکی تازەی خوو و ڕەوشتی ئەوم بۆ بەدیارکەوت. کە هەرگیز لە گەڵ تەبع و تەبیعەتی مندا تێکی نەدەکردەوە. پیرەمێردم بەجارێ لەبەرچاو کەوت... ئیدی بەو دەقەوە لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا بوو، دەم وچاوی گرژ ومۆن دەتگوت خۆڵەکەوەی پێوەر کرابوو. سات بەسات لەبەرچاوم بچووک دەبووەوە. لە ناکاوا هاتە ناوەندی ژوورەکە، بە چۆکا کەوت، نەیتوانی بەو دەقەوە بمێنێ، بە پێشا ڕما، خۆی بە دەستەکانی گرتەوە، پاشان هەستایەوە، بە هەر دوو دەستان کێشای بە سینگ و بەرۆکی خۆیدا وهاواریکرد:- خودایا... خودایا...

لەسەر ئاگردانەکەوە خزیمە خوارەوەو بە هەڵەداوان لە ژوورەکە وەدەرکەوتم...

نەنکم لە نهۆمی سەرەوەو بە ژوورەکەی خۆماندا دەهات وەدەچوو، ئاوی لە دەمی وەردەدا و غەرغەرەی پێدەکرد. لێم پرسی:- ئازارت هەیە؟

چوو بۆ گۆشەیەکی ژوورەکە، ئاوەکەی دەمی تفانەوە ناو سەتڵێک وگوتی:

- نا، ددانەکانم ئاسیویان پێ نەگەییوە، تەنیا لێوم بریندار بووە.

- باشە، بۆ لێی دایت؟

لە پەنجەرەکەوە ڕوانییە دەرێ وگوتی:

- پیرەمێرد، سەری لێ تێکچووە، ئیدی پیرە و بەرگەی ئەم بەڵایانە ناگرێت!... تۆ برۆ بخەوە، هەقی ئەم شتانەت نەبێ. لە بیری خۆتی ببەرەوە..

پرسیارێکی دیکەشم لێکرد، بەڵام بە دەنگێک کە لەو نەدەوەشایەوە، هاواریکرد:

- پێم نەگوتی بڕۆ بخەوە؟ بۆ بە قسەم ناکەی، کە کوڕێکی لاساری!

لەلای پەنجەرەکەوە ڕۆنیشت، لێوی دەمژی وناوبەناو تفەکەی دەکردە دەستەسڕەکەیەوە، بەدەم خۆ گۆڕینەوە، بەردەوام تەمەشام دەکرد، پۆلێک ئەستێرە، لە تاریکی شەوە تاریک و نوتەکەکەوە، بەسەر سەرییەوە دەدرەوشانەوە، دنیا لە دەرەوە ئارام بوو، ژوورەکە تاریک بوو، هەرکە چوومە ناو جێگاکەوە ولێفەکەم بەخۆدا دا، هات بەلامەوە، دەستێکی بە سەرمدا هێنا و بە میهرەبانی گوتی:

- شەو بەخێر بنوو. من ئێستا دەچمە خوارەوە بۆ لای ئەو... خەمی منت نەبێت، گیانەکەم، کەڤۆکە چکۆلەکەم! ئاخر منیش خەتام هەیە، دەی بنۆ بێ خەم وخەیاڵ.

ماچێکی کردم، چووە دەرێ. بەدەم خەم و پەژارە و داخ و کەسەرێکی زۆرەوە بەجێی هێشتم، لە تەختەخەوە پان و نەرم و گەرمەکە هاتمە خوارێ، خۆم گەیاندە بەر پەنجەرەکە، چاوم بڕییە شەقامە چۆڵ وهۆڵەکە، بەدەم عەزابێکی قورسەوە، دەتلامەوە.

## فەسڵی ( ٦ )

جارەکی دی مێردەزمەیەکی ترسناک تێم وڕوکا، شەوێک دوای چا خواردنەوە، لەگەڵ بابامدا دانیشتین و دەستمان بە خوێندنەوەی مەزموورەکان کرد، نەنکم دەستی بە شۆردنی قاپ و ئامانەکان کرد، لە ناکاوا خاڵەیاکوف، بە هەشتاو وەکو باهۆز خۆی بەژووردا کرد. وەکو هەمیشە قژی گڤ بووبووەوە وشێوابوو، لە گسکێکی کۆنی شێواو دەچوو. بە بێ سەلام وکەلام، کاسکێتەکەی تووڕ دایە سووچێکی ژوورەکە و بلەز دەستی بە قسان کرد، تووڕە و تڕۆ، لە پەستا و بێ پسانەوە دەستی تەکان دەدا ودەیگوت:

- باوکە، میخائیل فەرتەنەی ناوەتەوە. نانی نیوەڕۆی لای ئێمە خوارد و پاشان تا مڕ بوو مەی خواردەوە، ڕەوشی باش نییە! دەڵێی شێت بووە! قاپەکانی ورد و خاش کرد، ئەو کراسە خوریەی بۆ مشتەرییەکمان ڕەنگ کردبوو و دامان نابوو، تا بۆی بێت، پارچەپارچە کرد، شووشەی پەنجەرەکەی وردوخاش کرد. جنێوی دنیای بە من و گریگۆری داوە، هەنووکە بەڕێوەیە و بۆ ئێرە دێت، هەڕەشە دەکات و دەڵێت تۆڵە لە بابم دەسەنم، دەستم بیگاتێ ڕدێنی دەسکەنە دەکەم، دەیکوژم. وا چاکە ئاگات لە خۆت بێت..

بابام، دانەوییەوە، هەر دوو دەستی خستە سەرمێزەکە و بە ئەسپایی هەستایە سەر پێیان. دەم وچاوە چرچ و لۆچەکەی گرژ بوو. وەکو پڵنگێک خۆی بۆ پەلامار ئامادە بکات، نەڕاندی وگوتی:

- خۆ گوێت لێیە ئافرەت؟ بزانە چ شیرحەرامێکی لێدەرچووە! دەیەوێ بابی خۆی بکوژێت! ئەمە لە خوێنی منە، دەیەوێ بمکوژێ! نۆبەتی ئەم قەوانەیە، دەی باشە کوڕینە، هەر ئەوە ماوە بمکوژن..وەختی ئەوە هاتووە بمکوژن..

بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە، بەناو ژوورەکەدا کەوتە هات وچۆ، ئەوسا چوو بۆلای دەرگاکە، بە شیشەکەی تووند دایخست، ڕووی کردە یاکوف وگوتی:

- ئێوە هەردووکتان چاوتان لەوەیە جیازییەکەی ڤارڤارا بخۆن، دەزانم تەماعتان کردووەتە جیازییەکەی ئەو!

ئەوسا، لە یاکوف نزیک بووەوە، کۆڵە مستی گوشی و ڕێک لەبەر کەپوویدا ڕایگرت. یاکوف پاشەوپاش کشایەوەو بە تووڕەیی گوتی:

- باوکە، من گوناحم چییە؟ ئاخر سووچم ، تاوانم!

- تۆ تۆش دەناسم، دەزانم چ ماڵێکی!

نەنکم، هیچ شتێکی نەگوت، بلەز پیاڵەکانی لە هەزار پیشەکە نا و سەرەکەی داخست.

- من هاتووم بەرگریت لێبکەم!

بابام تەوسخەنێکی بۆ کرد وگوتی:

- ماشەڵڵا، زۆر مەمنوونی تۆم کوڕی خۆم! ئافرەت بزانە شتێک بدە بەم ڕێوییە، ئیدی شیش تەنورێ بێ، سەرە بزووتێ بێ، ئوتویەک بێ، تۆش یاکوف فاسیلیفیچ، تۆش لەو کاتەدا کە برایەکەت دێتە ژوورەوە، ڕێک بیکێشە بە سەری مندا!

خاڵم هەر دوو دەستی لە گیرفانەکانی نان و چوو لە سووچێکەوە وەستا.

- کەیفی خۆتە، تۆکە باوەڕم پێناکەیت من چی بکەم...

بابام، لاقی بە عاردیدا دا و هاواریکرد:

- من باوەڕ بە تۆ بکەم؟ من ڕەنگە باوەڕ بە هەر گیانەوەرێک بکەم، باوەڕ بە پشیلە، بە جرج، بە بەراز بکەم، بەڵام بە تۆ، مەحاڵە! من دەمارت دەناسم، تۆ مەیت

دەرخوارد داوە، مەستت کردووەو لەمنت هاڕووژاندووە... دەی ئێستا یەکێکمان هەڵبژێرە، دەی هەڵبژێرە، یەکێکمان بکوژە، یا ئەو یا من!

نەنکم ئاوڕی لای منی دایەوە وبە گوێیدا چپاندم:

- ڕاکە، بڕۆ قاتی سەرەوە، لە پەنجەرەکەوە تەمەشا بکە، هەرکە خاڵە میخائیل بەدیار کەوت، خێرا وەرە ئاگادارمان بکەوە! دەی بڕۆ سەرێ، ڕاکە!

بە ڕاکردن بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتم، چوومە بەر پەنجەرەکە. کە بیرم لەوە دەکردەوە خاڵم دەبێ چ بکات، زۆر دەترسام، بەڵام زۆریش شانازیم بەو ئەرکە دەکرد کەبەمن سپێردرا بوو، جادە پانەکە چۆڵ وهۆڵ بوو، گەرد وغوبارێکی زۆر داییۆشی بوو، جادەکە بەرەو باکوور درێژ بووبووەوەو، لە دۆڵەکە تێدەپەڕی و دەگەییە مەیدانی ئوستروژنایا. لەم مەیدانەدا بینایەکی سپیواژ، کە چوار بورج لە هەر چوار قوڕنەکانیەوە بەرز بووبووەوە. ئەم بینایە کۆنە زیندان بوو. ئەم بینایە جۆرە جوانیەکی غەمئەنگێزی هەبوو، بە دەستە ڕاستدا، تەنیا سێ ماڵ هەبوون کە ماڵەکەی ئێمەیان لە مەیدانی سینایا

جیادەکردەوە. کە لە ڕەخی بەرانبەرەوە، سەربازگە زەردەکانی دیل ویەخسیران هەبوون، هەروەها بورجی دیدەوانی هەبوو کە پاسەوانەکە، وەکو سەگێک کە زنجیر کرابێ بەدەوریا دەسووڕایەوە. بەڵام مەیدانەکە پڕ بوو لە خەنەک و قۆرت و چاڵان، کە یەکێکیان پڕ بوو لە سیاناوێکی ئامالْ سەوز. لە دەستە ڕاستی مەیدانەکەوە، گەنداوی دوکوف هەبوو، کە خاڵەکانمان، وەکو پاشان نەنکم بۆی گێڕامەوە، سەهۆڵەکەی سەریان شکاندبوو و ویستبوویان بابمی تێفڕێ بدەن... کۆڵانێکی لاوەکی هەبوو، ڕێک بەرانبەر بە پەنجەرەکەی من بوو، کۆمەڵێک خانووی ڕەنگاوڕەنگ لەمبەر و لەوبەری کۆڵانەکە هەبوون، کڵێسای سێ وەلییان لە کۆتایی ئەم کۆڵانە بوو. ئەم کڵێسایە بینایەکی گەورە بوو. ئەگەر لە پەنجەرەکەی منەوە ڕێک بتڕوانیە بەردەم خۆت، جەمەلۆنی سەربانەکان دەتگوت بەلەمی هەڵگەڕاوەن، بەسەر باخچە و سەوزە زارەکانی ئەو ناوەوە.

خانووە بۆرەقنەکانی شەقامەکەی مە، کەبە هۆی تۆف و زریانی زستانانی دوور و درێژو، بارانی بەردەوامی وەرزی پاییزەوە، تەواو کالْ بووبوونەوە، هەموو بە تەنیشت یەکەوە لەو گەدایانە دەچوون کەلە بەردەم کڵێساکەدا سواڵیان

دەکرد. کە دەتڕوانیە پەنجەرە زەقەکانی ماڵەکان، دەتگوت ئەوانیش وەکو من چاوەڕوانی یەکێکن، ئەو خەڵکە کەمانەی کەلە کۆڵانەکەدا دەمبینین، زۆر بە هێواشی ڕێیان دەکرد. ڕێک لەو سیسرکە خەواڵوانە دەچوون کەبە قەد موغەیرەکەدا سەردەکەوتن، تا بە ئاسوودەیی خۆیان لە سێبەرێکدا مت بکەن. گەرمایەکی ناخۆش لە پەنجەرەکەوە هاتەژووری، بۆنێکی ناخۆشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، بۆنی نانی ناوبە پیاز و گێزەرم، بەسەردا هات، کە زۆر پێی قەڵس بووم، ئەم بۆنە تاکو ئەمڕۆش، خەمبارم دەکات.

دیمەنێکی ناخۆش بوو، ئەوەندە ناخۆش بوو تەحەموول نەدەکرا. دەتگوت قوڕقوشمی تواوەیان بە قوڕگمدا کردووە. هەستم دەکرد بەرەبەرە هەناسەم تەنگ دەبێت وسینگم خەریکە وەکو مەنجەڵی بوخار بتەقێت. هەستم دەکرد، وەکو میزەڵانێک (فوودان) فووی تێبکەن، دەئاوسێم و ئەم ژوورە بچووکە، کەلە تابووت دەچێت، نامگرێت. لەم ژوورە تابووت ئاسایەدا جێم نابێتەوە.

لە ناکاوا، خاڵە میخائیل، لە سووچی لاکۆڵانەکەوەو لەپشت یەکێک لە خانووە سپیوازەکانەوە پەیدا بوو. کڵاوەکەی

تاسەر گوێچکە قوتەکانی دادابووەوە. پاڵتۆیەکی کورتی خەنەیی لەبەر بوو، پووتەکانی کە دەگەیینە ئەژنۆکانی، یەکپارچە تەپ وتۆز بوون، دەستێکی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی نابوو، دەستەکەی دیکەی بە ڕدێنیەوە بوو و پەیتا پەیتا، بە تووڕەیی ڕدێنی خۆی ڕادەکێشا. ڕوخساریم نەدەبینی، بەڵام ڕواڵەتی وای دەنواند کە گەرەکیەتی بەیەک باز لە شەقامەکە بپەڕێتەوەو بەدەستە ڕەش و تووکنەکانیەوە، پەلاماری ماڵی بابام بدات. دەبوایە بە هەشتاو بە قاڵدرمەکەدا داگەڕێم و لە هاتنی ئەو ئاگاداریان بکەومەوە. بەڵام هەرچیم دەکرد، نەمدەتوانی لە پەنجەرەکە دوور بکەومەوە، دووراودوور تەمەشام دەکرد، دیتم بە پارێزەوە، وەکو ئەوەی بترسێت پووتەکانی پیس ببن، بە شەقامەکەا پەڕییەوەو گوێم لە دەنگی کرانەوەی دەرگای مەیخانەکە بوو، کە ئەو بە خشکەیی خۆی پێدا کرد.

بلەز چوومە خوارەوە. لە دەرگای ژوورەکەی بابامم دا، دەرگاکەی نەکردەوە، هەرلە ژوورەوە و بە تووڕەیی پرسی:

-کێی؟ تۆیت؟ چووە مەیخانەکەوە؟ دەی باشە، بڕۆوە بۆ ئەوێندەر.

- ئاخر دەترسم!

- مەترسە، بڕۆ!..

چوومەوە بۆبەر پەنجەرەکە. دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو. گەرد وتۆزی ڕێگاکە چڕترو ڕەشتر دەهاتە بەرچاو، تیشکی زەردباوی ڕۆشنایی لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە بە دیارکەوت.

وەکو پەڵە زەیت، نەخشی سەر ئەرزەکە دەبوو... لە ماڵەڵەکەی بەرانبەرەوە، دەنگی موزیقایەکی نەرم و خەمین بەرز بووەوە... یەکێک لە مەیخانەکەدا گۆرانی دەگوت، هەرجارێ کە دەرگاکە دەکرایەوە، دەنگێکی ماندووی تێک شکاو، بەر گوێم دەکەوت، دەمزانی ئەمە دەنگی نیکیتوشکا کوێری پارسەکە، ئەم پیاوە پیرەمێرێکی ڕیشن بوو، چاوی چەپی نابینا بوو، چاوی ڕاستی لە پشکۆ خەڵوزێکی هەڵایسا و دەچوو. کە دەرگاکە دادەخرا، دەنگی گۆرانیەکەی بە تەواوەتی دەبڕا، دەتگوتلە ناکاوا بە تەورێکی تیژ بڕیویانە..

نەنکم، بەغیلی بەو پارسەکە(گەدا) دەبرد، کە گوێی لە گۆرانیەکەی دەگرت، ئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- که پیاوێکی بەختەوەرە، ئەو هەموو گۆرانیەی ئەزبەرە، بەڕاستی نیعمەتێکی گەورەیە!

نەنکم هەندێجار، دەیهێنا بۆ حەوشەی خۆمان، لەبەر دەرگاکە هەڵدەتووتا، خۆی بە سەر گۆپاڵەکەیدا دەداو هەڵیدەکردە گۆرانی و نەنکم لە نزیکیەوە ڕۆدەنیشت و بە پرسیارە جۆراوجۆرەکانی، گۆرانیەکەی پێدەبڕی:

- تۆ بوەستە، یانی تۆ دەڵێی مریەمی پاکیزە، لە ریازان بووە؟

یارۆی پارسەک ( گەدا سواڵکەر، دەرۆزەکەر ) بەوپەڕی متمانەوە دەیگوت:

- مریەمی پاکیزە، لە هەموو شوێنێک بووە!

تەمەشاکردنی ئەم شەقامە درێژەی کە دەتگوت نوستووە، دڵی گوشیم، چاوی هێنامە ئازار. خۆزگە نەنکم دەهات، یان بابام پەیدا دەبوو! باوکم چتۆ پیاوێک بووە تا خاڵەکانم و بابام بەوجۆرە بیبوغزێنن؟ کەچی نەنکم و گریگۆری و یفگینای دایەن هەمیشە باسی چاکی ئەویان دەکرد، تاریفیان دەکرد؟ ئەدی دایکم لە کوێیە؟

لەم ماوانەی دواییدا، زۆر لە جاران زیاتر بیر لە دایکم دەکەمەوە، واهەستدەکەم دایکم قارەمانی هەموو حیکایەت و ئەفسانەکانی نەنکمە. ڕازی نەبوونی دایکم بەوەی لە ماڵی بابیا ولەگەڵ کەسوکارەکەیدا بژی، هێندەی دی پایە و پێگەی ئەوی لەبەرچاوم بەرز دەکردەوە. هەر لەخۆمەوە وام خەیاڵ دەکرد، دایکم لە خانێکدا و لەگەڵ باندێکی چەتە و ڕێگردا دەژی، کە خەڵکانی دەوڵەمەند تالآن دەکەن و هەرچییەکیان دەستدەکەوێت، بەسەر هەژارانی ڕەش وڕووت و نەداردا دابەشیدەکەن. یان لە لێرەوارێکدا، لە ئەشکەوتێکا، لە گەڵ کۆمەڵێک ڕێگری شەریفدا دەژی، چێشت و خواردنیان بۆ لێدەنێت، پاسەوانی زێڕ و زیوە دزراوەکانیان بۆ دەکات. یان وام وێنا دەکرد، کە سەری خۆی هەڵگرتووە، دنیای دەداتە ژێر پێوەو گەنجینەکانی دنیا دەژمێرێت و وەکو چۆن ئینگالیچفای ( دۆتمیری دز ) لەگەڵ مریەمی پاکیزەدا دەچووە گەڕان و سیاحەت و پاکیزە، ئامۆژگاری دەکرد، بەو ئاوایە ئامۆژگاری دایکی منیشی دەکرد و دەیگوت:

ئەی بەندەی تەماعکار

ئەگەر زێڕ و زیوی هەموو

دنیاش خڕ بکەیتەوە

هەر هەمووی بدزیت

ناتوانی، عەیب و عاری

خۆتی پێ داپۆشی!

دایکم، بەهەمان وشە و پەیڤەکانی دۆتمیری دز، وەڵامی حەزرەتی مریەم دەداتەوە:

ئەی مریەمی پاکیزە، دایکی خودا

لە تەماعکاریم ببورە

بەزەییت پێمدا بێتەوە

گوناحەکانم ببەخشە

من دزیم لە پێناوی خۆما نەکردووە

بەڵکو لە پێناوی کوڕە ئازیز و

تاقانەکەمدا کردوومە!

هەنگێ حەزرەتی مریەم، کە وەکو نەنکم دڵاوا و دلۆڤانە، دەی بەخشێت و دەڵێت:

ڤارڤارا، ئەم ئەشکەوتە بەجێ بێڵە

شەرم لە خۆت بکە

ئەمانە بەجێ بێڵە

ماڵی خەڵکی مەدزە

هەرگیز نەفرەت و تووک مەکە

نەخەڵەتابی زوڵم لە کەس بکەی!..

بەدەم ئەو خەیاڵانەوە خەو بردمیەوە، بەڵام دەنگی پێ و هاتوچۆی ناو حەوشەکە و، ژاوەژاو وهەراوزەنای ناو مەیخانەکە، بێداریان کردمەوە، سەرم لە پەنجەرەکەوە شۆڕ کردەوە، سەیرم کرد بابام و خاڵە یاکوف و کەسێکی دیکەی کرێکاری مەیخانەکە، کە ڕواڵەتێکی کۆمیدی هەبوو، بەسێ قۆڵی خاڵە میخائیل دەڵەک دەدەن ولە دەروازەکەوە، دەیکەنە دەرێ. خاڵە میخائیل مەستی مەست، لالامووی دەکرد، بەزەحمەت خۆی بەپێوە دەگرت، ئەوانیش بە شەق و شەپلاخ دایان گرتبووە، بگرە کوێت دێشێت، ئەنجام لە

دەروازەکەیان کردە دەرێ و پەرتی ناو خاک وخۆڵی کۆڵانەکەیان کرد.. دەرگاکەی لێ دادەخەن و لە ژوورەوە کێلونی دەدەن.

کڵاوەکەی خاڵە میخائیلی مەست وسەرخۆش لە سەر دیوارەکەوە فڕێ دەدەنە دەرەوە. ئەوجا بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا.

خاڵە میخائیل، پاش ئەوەی، شەکەت وماندوو و، شڕ وشپڕێو، بە بێدەنگی، لەسەر ئەرزەکە دەکەوێت، ڕاست دەبێتەوە، هەڵدەستێتە سەرپێیان و بەردێکی لە ئەرزەکە هەڵگرت و تاهێز لە بازوویدا بوو خێوانديیە دەروازەکە. تەق و هۆڕی دەرگاکە، وەکو چۆن بەرمیلێک بە عارديدا غل بکەیتەوە، بەو ئاوایە بەرز بووەوە. کۆمەڵێک خەڵکی نەناس لە مەیخانەکەوە هاتنەدەرێ، هەموو شپرزەو پەشێو، کەوتنە ملەقوتێ و مقۆمقۆ و دەست هەڵتەکاندن، خەڵکانێک لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە سەریان کێشایە دەرێ، جم وجووڵ لە شەقامەکەدا پەیدا بوو، ئیدی دەنگی پێکەنین و ژاوەژاو بەرز بووەوە. ئەم دیمەنە، هەمان ئەفسوونی ئەفسانان و

حیکایەتی پەرییانیان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، ترسناک و نیگەرانی ئامێز بوو.

لە کەفلەکونێکا هەموو شتێک تەواو بوو، خەڵکەکە هەموو بڵاوەیان کرد و بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا.

... نەنکم، لە نزیکی دەرگاکەوە، لە سەر کۆمەدییەکی جلان هەڵکوڕماوە. خۆی کووڕ کردووەتەوەو جووڵە ناکات، هەناسەی لەخۆ بڕیوە. من لەبەردەمیا دەوەستم، دەست بە ڕوومەتە نەرم وگەرم و نمناکەکانیا دێنم، پێدەچێ هەست بەمن نەکات، برۆکانی وێکهێناونەتەوەو لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

- ئاخر خواگیان، ئەوەندەت ئەقڵ لەکن نەبوو کەبەمن و منداڵەکانمی بدەیت؟ خودایا، خۆت ڕەحممان لێبکە..

وابزانم، بابام، تەنیا یەک ساڵ لە خانووەکەی شەقامی بولیفوی ژیا. لەم بەهارەوە تا ئەو بەهار، بەڵام خانووەکە لەو ماوە کورتەدا، ناوبانگێکی زۆر خراپی پەیدا کرد منداڵان، زۆربەی یەک شەممەکان، لەبەر دەرگای حەوشەکەمان خڕدەبوونەوەو دەیانکرد بە هەرا و هەموو دەر ودراوسێکانیان لێ ئاگادار دەکردینەوە کە:

- دیسان لە ماڵی کاشیرینان، شەڕ و هەرایە!

خاڵە میخائیل، کردبووی بە عادەت، تەقریبەن هەموو ئێوارەیەک بۆ ماڵی ئێمە دەهات، ئابلۆقەی ماڵەکەی دەداین و خەڵکی ماڵەکەی دەخستە نیگەرانییەوە..

هەندێجار دوو یان سێ کەسی لە بەبابەتی خۆی، کە کرێکاری داماوی کارگەی کونافینو بوون، لەگەڵ خۆیدا دێنا بەسەر دیواری حەوشەکەدا سەردەکەوتن، خۆیان بە ناو باخەکەدا دەکرد وئیدی جڵەویان بۆ خەیاڵی مەستانەی خۆ شلدەکرد، هەرچیەکیان بە خەیاڵدا بهاتبایە دەیناکرد، پنجە شلیکەکانیان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکەند.

شەوێکیان، دایان بەسەر سەرشۆرکەکەدا، هەرچیەکی تیابوو، لە دۆلاب و تەخت و مەنجەڵەوە بیگرە تا دەگاتە کووره وئاگردان و پەنجەرە و دەرگا، هەرهەموویان داغان و وێران کرد.

بابام، پەست وغەمگین، لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو و گوێی لە تەق و هۆڕ و زرم و کوتی داغانکردنی مالەکەی دەگرت. نەنکم، بەهەڵەداوان خۆی بە حەوشەکەدا کرد، لە

تاریکیەکەدا نەدەبینرا، تەنیا گوێمان لە دەنگی بوو کە دەپاڕایەوە:

- میخائیل! ئەوە چ دەکەی! کەمێ هۆش بکەوە!

لە سووچێکی باخەکەوە، بە دەمڕێژی جنێوی پیسی ڕووسییەوە وەڵام دەدرایەوە، ڕیزێ جنێوی ئەوتۆ کە ئەو چوارپێیانەی جنێوەکانیشیان دەدا لە ماناکەی تێنەدەگەیشتن، جنێوەکان، جنێو نەبوون، کە گوێت لێدەبوو دڵت تێکهەڵدەهات.

لەم کاتەدا، نەدەکرا دووی نەنکم بکەوم، بەبێ ئەویش دەترسام، چوومە خوارەوە بۆ ژوورەکەی بابام، بەڵام پێمدا هەڵشاخی و گوتی:

- هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم، هەی نەحلەتی!

بەڕاکردن، بۆ قاتی سەرەوە دەچمەوە، لە پەنجەرەکەوە دەڕوانمە تاریکی باخەکە و حەوشەکە. هەوڵدەدەم نەنکم لەبەرچاوم ون نەبێت. لە ترسی ئەوەی نەبا بیکوژن، هاوار دەکەم، بۆلای خۆمی بانگدەکەم. بەڵام ئەو وەڵامم ناداتەوە، بەگوێم ناکات، خاڵم کە مەستی مەستە، کە گوێی لەدەنگی

من دەبێت، ئیدی هەرچی جنێوی پیس و ناشیرینی لەهەگبەدایە بە دایکمی دەدات.

شەوێک بابام نەخۆش بوو، لە جێگادا کەوتبوو، خاولیەکی لە سەری پێچابوو، لە ناو جێگاکەدا گینگڵی دەداو بەجۆرێ دەینالاند، کەبەندی دڵی دەپچڕاند، سەری لەسەر سەرینەکە دەجوولاند و بەدەم گلەیی و گازنەوە دەیگوت:

- بۆ ئەم حاڵە ژیاین، بۆ ئەمە خەتامان کرد، بۆ ئەم حاڵەسەروەت و سامانمان کۆکردەوە؟ ئەگەر لەبەر لۆمەی خەڵکی نەبوایە، بە خۆم خەبەری پۆلیسم دەدا، هەردووکیانم دەدایە دادگا. بەڵام ئابڕووم دەچێت! لۆمەی خەڵکی لە ئازاری قەبر گرانترە! خەڵکی دەڵێن ئەمانە چۆن داک و بابێکن کە پۆلیس بەردەدەنە گیانی منداڵەکانی خۆیان؟ ئیدی پیرەمێرد، چارت ناچارە یا دەبێ تەحەمولی هەموو شتێک بکەین یان دەبێ لێرە پاڵبکەوی و فزە نەکەیت!

لەناکاوا، لاقی لە سەر تەختەخەوەکەوە شۆڕکردنەوەو بە لەقە لەق بۆ بەر پەنجەرەکە ڕۆیی، نەنکم ژێر باڵی گرت وگوتی:- بۆ کوێ، کێوە دەچیت؟

بەدەم هەناسە بڕکێوە، بە پیرەژنی گوت:- مۆمێک داگیرسێنە!

هەرکە نەنکم مۆمەکەی داگیرساند، بابام شەمدانەکەی بە دەستەوە گرت، وەکو چۆن سەربازێک تفەنگەکەی خۆی دەگرێت، بەو ئاوایە مۆمەکەی لەبەردەم خۆی ڕاگرت و بە دەنگێکی تەوسامێزەوە لە پەنجەرەکەوە هاواریکرد:

- ئەهۆی میخائیل، دزی شەوگەڕ! شێتی ماڵوێران، هەی سەگی هار!

ڕێک لەو کاتەدا، شووشەی پەنجەرەکە شکا، ورد وخاش بوو، پارچە کەرپووچێک (خشت ) لە نزیک نەنکمەوە کەوتە سەر مێز وخوانەکە. بابام هاوارێکی کرد، نەمزانی هاواری گریان بوو یان پێکەنین:- نا، نەت ئەنگاوت!

نەنکم، وەکو چۆن منی هەڵدەگرت، بەو ئاوایە بابامیشی باوەش کرد، هەڵیگرت و بردییە سەر جێگاکە، بە دەنگێکی ترساو ولەرزۆکەوە گوتی:

- چ دەکەی؟ چ دەکەی؟ بیکە بەخاتری مەسیح واز بێنە، ئاخر لەوانەیە، هەواڵەی تاراوگەی سیبریا بکرێت! کە توورە

دەبێت، دۆ ودۆشاو تێکەڵ دەکات، جڵەوی لەدەست بەردەبێت، نازانێ ئەم کارەی سیبریای بە دواوەیە!

لاقی بابام دەلەرزین، بەدەم گریانەوە هاواری دەکرد: - با بمکوژێت..

لە دەرێ ڕا، دەنگی نەعرەتە وهەراو زەنا دەهات، لەتە خشتەکەم لەسەر مێزی خوانەکە هەڵگرت، بەهەشتاو بۆ بەر پەنجەرەکە چووم. نەنکم توووند گرتمی و تووڕی دامە گۆشەیەکەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:- هەی شێت و شوور!..

جارێکی دی خاڵە میخائیل باریە (لۆسە) بەدەست، ویستی لە حەوشەوە خۆی بگەیەنێتە ڕاڕەوەکە، لە سەر پلیکانەکانی مووبەقەکە وەستابوو، دەیویست دەرگاکە بشکێنێت. بابام بە خۆیو تێڵایەکەوە، لە هۆڵەکەدا چاوەڕوانی دەکرد، دوو کەس لە کرێچیەکانیش، داربەدەست لە گەڵیا وەستابوون. ژنی خاوەن مەیخانەکەش کە ژنێکی درێژ داهۆڵ بوو، بە خۆ وتیرۆکێکی درێژەوە وەستابوو. لێ نەنکم لە دوای هەمووانەوە وەستابوو و دەپاڕایەوە:

- ڕێم بکەن با خۆمی بگەیەنمێ... واز بێنن با دوو کەلیمە قسەی لەگەڵدا بکەم..

بابام، تێڵاکەی بەرزکردبۆوە و خۆی بۆ هەر ڕووداوێکی کوت وپڕ ئامادە کردبوو. لاقێکی بردبووە پێشەوە، ڕێک دەتگوت جووتیارە کوتەک بەدەستەکەی ناو تابلۆی " ڕاوچی ورچانە " ، کە نەنکم بە هەشتاو چوو بۆ لای، بابام، بە بێدەنگی، بەلاق و ئانیشکان دووری خستەوە... هەرچواریان، بە پارێزەوە، حازر وئامادە وەستابوون، فانۆسێک بە دیوارەکەوەو بە دیار سەریانەوە هەڵواسرابوو، پرتەپرت دەسووتا و ڕوخساری ڕوناک دەکردنەوە. من لە قاتی سەرەوە تەمەشای ئەو دیمەنەم دەکرد. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد داپیرەم ببەمە سەرەوە، لەو شوێنە ترسناکەی دوور بخەمەوە.

خاڵم، زۆر بە جدی خەریکی شکاندنی دەرگاکە بوو، ئەنجام نەرمادەکەی خوارەوەی شکا، کەوتە مۆلەق، تەنیا نەرمادەکەی سەرەوەی پێوە مابوو، ئەویش لە ئان و ساتدا بوو کە بشکێت، بابام ڕوویکردە، یاریدەدەرەکانی، بەدەنگێکی کز گوتی:

- تەنیا، بەدەست و لاقیا بکێشن. نەکەن بە سەریا بکێشن ها! ئاگادار بن!

دەلاقەیەکی بچووک، لە نزیکی دەرگاکەوە بوو، تەنیا سەری زەلامێکی پێدا دەچوو، خالّم شووشەی دەلاقەکەی شکاند، شووشە شکاوەکان بە قەراخ دەلاقەکەوە دیاربوون، دەلاقەکە، لە چاڵی چاوێک دەچوو کە چاوەکەیان لێ دەرهێنابێ. نەنکم بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بەر ئەم دەلاقەیە، دەستی لێوە بردە دەرێ، دەستی لە میخائیل هەڵتەکاند وهاواری لێکرد:

- میشا، بیکە بەخاتری مەسیح، بگەڕێوە، لە کوێوە هاتوویت بۆ ئەوێ بگەڕێوە! هەڵێ، خۆت دەرباز بکە دەنا شوێنێکت دەشکێنن و سەقەتت دەکەن.

میخائیل، باریەکەی بە دەستی دایکیا کێشا... شتێکی قورسم بینی، کە لە دەلاقەکەوە داهاتەوەو کەوت بە دەستی نەنکمدا، نەنکم بەدەم هاوارەوە کەوتە سەر ئەرزەکە و، دووبارە هاواریکرد: - میشا ( میخائیل ) هەڵێ، خۆت دەربازبکە..

ئەوسا بەسەر خۆیدا گرمۆڵە بوو و بێدەنگ بوو.

بابام، هاوارێکی ترسناکی کرد وگوتی:- ژنەکە، چۆنی؟!

دەرگا کرایەوە، خاڵم خۆی وەژووردا کرد، بەڵام هەر زوو وەکو چەپکێک قوڕ و حەڕی، بە دەمە بێڵێک ڕابماڵدرێ بەو ئاوایە تووڕیان دایە ژێر قاڵدرمەکان.

ژنی خاوەن مەیخانەکە، خێرا داپیرەمی بۆ ژوورەکەی بابام برد، باباشم دوای کەمێک دوای کەوت. بە خەمبارییەوە بە سەریا داهاتەوە و پرسی:

- خۆ هیچ شوێنێکت نەشکاوە ئافرەت؟

نەنکم بێئەوەی چاو هەڵبێنێت، ئاخێکی بۆ کرد وگوتی:

- لەوە دەچێ شکابێ! بەڵام چیتان لەوکرد، ئەوچی بەسەرهات؟

بابام، بە تووڕەیی گوتی:

- ئەقڵت بێ ژنەکە! خۆ دڕندە نیم؟ دەست و لاقیمان بەست، ئەوەتا لە عەمارەکەدا کەوتووە، سەتڵێک ئاوم بە سەروچاویا کرد. ئەمە چ دڕندەیەکە! بەکێ چووە؟

نەنکم، ئاهێکی هەڵکێشا. بابام لەسەر تەختە خەوەکە ولە تەنیشیەوە دانیشت وگوتی:

- ناردوومە بەدووی شکستەبەندا، کەمێک دان بەخۆتا بگرە. ئافرەت ئەمانە من و تۆ دەکوژن. پێش ئەوەی ئەجەلمان بێ دەمانکوژن! نایەڵن بەمەرگی خوا بمرین!

- هەرچییەکت هەیە بیاندەرێ، بار سووک و سەرسەلامەت، لێی دانیشە.

- ئەدی ڤارڤارا؟

ماوەیەکی زۆر بە گفت وگۆوە بوون، نەنکم بە کاوەخۆ و بابام بە تووڕەیی قسەیان دەکرد. پاشان پیرەژنێکی قەموور و چکۆلەی دەم دادڕاو هات، دەمی داچەقاندبوو، دەتگوت دەمی ماسییە، کەپووە تیژەکەی بەسەر لێوی سەرەوەیا بۆناو دەمی شۆڕ بووبووەوە، چاوە چکۆلەکانی دە قوڵەوە چووبوون و نەدەبینران. شەویلاگەی ژێرەوەی بەردەوام دەلەرزی، بە زەحمەت وبە پێ خشکە دەڕۆیی، دار عاسایەکی دابووە ژێر هەنگڵی، پریاسکەیەکی بچکۆلەی بەدەستەوە بوو، کە دەنگێکی نامۆی لێوە دەهات.

من وام وێنا کرد کە ئەمە ئەجەلی نەنکمە و هاتووە گیانی بسەنێت. یەکسەر پرم دایە و پڕ بە زار هاوارم لێکرد: بڕۆ دەرێ، هەیدی گوم بە لەبەرچاوم!

بابام، تووند گرتمی، باوەشی کردم و بۆ ژوورەکەی سەرەوەی بردم.

## فەسڵی ( ٧ )

هەر زوو، بۆم دەرکەوت کە خودای نەنکم، زۆر لە خودای بابام جیاوازە.

نەنکم بەیانیان کەلە خەو ڕادەبوو، ماوەیەکی زۆر لەسەر چەرپایەکەی (تەختەخەو) دادەنیشت، قژە سەیرەکەی شانە دەکرد، سەری دەلەقاند، ددانەکانی بە چیرەوە دەبرد، قژە نەرم و ڕەشەکەی شانە دەکرد ولە بەر خۆیەوە وبە ئەسپایی و بۆ ئەوەی من بێدار نەبمەوە جنێوی دەدا...

- دوات بڕێ، گەڕ وگول بی، تاعوونم لێدایت... بەنەفرەت بیت..

دوای ئەوەی قژەکەی شانە دەکرد و بەپەلە پرچەکەی گورزە هۆن دەکرد و بەدەم پرتەوبۆڵەوە، بێئەوەی تووڕەیی لە ڕوخسارە پان و خەواڵووەکەی بڕەوێنێتەوە، هەڵدەستا و دەچوو کڕنۆشی بۆ ئیکۆنەکانی عیسا و مریەم دەبرد، ئەوسا

دەست و دەم وچاوی پاک دەشت و ڕەنگ وڕووی دەگەشایەوە، پشتی ڕاست دەکردەوە، سەری هەڵدەبڕی، بە میهرەبانیەوە دەیڕوانیە دەموچاوە خڕەکەی پاکیزەی قازان. ئەوسا بە جۆش و خرۆشەوە نیشانەی خاچی بەسەر سینگ و بەرۆکی خۆیدا دەکێشا و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- ئەی مریەمی موبارەک، ئەی دایکی سەربەرزی خوا، لەم ڕۆژە تازەیەدا، ڕەحمەت و بەرەکەتی خۆتمان بە سەرا دابارێنە!

هەنگێ، کڕنۆشی دەبرد، هەنیەی دەگەیاندە عاردی، ئەوجا بە کاوەخۆ هەڵدەستایەوە و، بە کوڵ و بەدڵ، بە میهرێکی زۆرەوەو لە بن لێوانەوە، دەکەوتە دوعا ونزا و دەیگوت:

- ئەی سەرچاوەی شادی و بەختەوەری، ئەی جوانی پاک وبێگەرد، ئەی دارسێوەکەی پڕ گوڵ و شکۆفە!

هەموو بەیانییەک، ڕستێک پەیڤی تازەی بۆ ستایش وتاریفی حەزرەتی مریەم دەدۆرییەوە. بۆیە هەمیشە بە وردی گوێم بۆ دوعا و نزاکانی دەگرت:

- ئەی دڵە ئازیز و هەرە پاکە خواییەکە!... ئەی ڕۆشنایی دڵ و دەروونم، ئەی خۆرە جوان و زێڕینەکەی ئاسمان، ئەی دایکە ئازیزەکەی خواوەندی مە، لە شەڕی شەیتانم لابدە، کاریێ بکە نە دڵی کەس بشکێنم و نەکەس دڵم بشکێنێت! نە زەرەرم، بۆ کەس ببێ و نەکەس زەرەری بۆم هەبێت!

هەنگێ بریسکەی ناسکە بزەیەک لە چاوە ڕەشەکانیا شەپۆلی دەدا، لەبەرچاوم گەنج دەبووەوە، هەنگێ دەستە قورسەکەی بە ئەسپایی هەڵدەبڕی و نیشانەی خاچی دەکێشا و لەسەری دەڕۆیشت:

- ئەی عیسای مەسیح، ئەی کوڕی خوا، بەزەییت بە منی گوناهکاردا بێتەوە، بە دایکە پاکیزەکەت بڵێ شەفاعەتم بۆ بکات..

نوێژو نزاکانی، هەمیشە هەر ستایش وتاریف بوو، لە کانگای دڵە ساف و ساویلکەکەیەوە هەڵدەقووڵان، زۆر درێژەی بە نوێژو نزای بەیانیان نەدەدا، چونکە دەبوایە بە ئیش وکارەکانی ناوماڵیشدا ڕابگات، دەبوایە پێش هەموو شتێک سەماوەرەکە دەم بدات، چونکە بابام قەراری دابوو، خزمەتکارو کارەکەر ڕانەگرێ، خۆ ئەگەر، چای بەیانیان لە

کاتی خۆی دوا بکەوتایە، توورە دەبوو و نەنکمی بەر دەمرێژی جنێوان دەدا و بۆڵەبۆڵی دنیای بەسەردا دەکرد.

بابام، هەندێجار لە پێش داپیرەمدا هەڵدەستا، سەردەکەوتە سەرێ، بۆ ژوورەکەی مە دەهات، کە دەیبینی لە گەرمەی نوێژ و نزادایە ماوەیەک بە بێدەنگی گوێی لە وێرد و نزاکانی دەگرت وپاشان بزەیەکی تەوسامێزی بۆ دەکرد و بەدەم تێشت خوارنەوە دەیگوت:

- چەندجار فێری نوێژم کردیت، هەی پیرەژنی کەللەپووچ! کەچی هەر فێر نەبوویت و نەبوویت! چیت بەدەما بێ، دەیڵێیت و ئیدی گوێت لەوە نییە، ئەمە دروستە یان نادروست! من نازانم خوا چۆن بەم کفرگۆییانەی تۆ ڕازی دەبێت؟ سەرلەمە دەرناکەم!

داپیرەم بە متمانەوە، بەرسڤی دەداتەوە:

- خودا خۆی تێدەگات، هەرچۆنێکی بدوێنی، تێت دەگات..

- بەڕاستی شێتی، ئاخ لە دەست ئێوە!..

خودای داپیرەم، لە بەیانیەوە تا شەوێ لەگەڵیا بوو، تەنانەت باسی خۆی بۆ حەیوانانیش دەکرد. وام هەست

دەکرد ئەم خودایە لە هەموو خەڵقەندە و زیرۆحێکەوە، هەرلە بەشەر و سەگ و تەیر و تو و هەنگەوە تا دەگاتە ڕووەکان، نزیکە، دەرهەق بە هەموو زندەوەرێکی سەر ڕووی زەوی، میهرەبان و بە لوتفە وخۆشی دەوێن.

ڕۆژێک پشیلە نازدارەکەی ژنی خودان مەیخانەکە، کە گیانەوەرێکی موزیڕ و، بەد مگێز ونەوسن و زۆرخۆر و کەوەیی ڕەنگ و چاو زێڕین بوو، وێڕای ئەوەی دلڕەش و مەراییکەر و دز و زۆرخۆر و چاوچنۆک بوو، هەمووان خۆشیان دەویست. ڕۆژێک ئەم پشیلەیە، ڕیشۆڵەیەکی لە باخەکەدا ڕاوکرد، نەنکم ئەم تەیرە بەلەنگاز و بەستەزمانەی لە چنگی دەرهێنا، کەوتە سەرزەنشتی پشیلەکە وگوتی:

- ئەوە تۆ لە خودا ناترسیت هەی حەیوانی ناڕەسەنی ڕیسوا؟ ئاخر ئەوە نەگبەتیەکەتە داماو!

دەرگاوانەکە و ژنی خودان مەیخانەکە کە گوێیان لەو قسانەی نەنکم بوو، دەستیان بە پێکەنین کرد، لێ نەنکم بەڕوویاندا هەڵشاخی وگوتی:

- چما پێتان وایە ئاژەڵان خودا ناناسن؟ کامەیان زۆر بچووک و خوێڕییە، وەکو ئێوە دەیناسن، بێ بەزەییانە!

نەنکم هەرجارێ کە ئەسپەکەمانی (شاراپ) ی زین دەکرد، قسەی بۆ دەکرد و دەیگوت:

- ئەی خزمەتگوزاری خودا، چیتە، بۆ وا خەمینی؟پیر بوویت، ها؟

ئەسپەکە پڕمەیەکی بۆ دەکرد و سەری دەلەقاند..

بەڵام ویڕای ئەوەش، ناوی خودا، ئەوندەی بەسەر زاری بابامەوە بوو بەسەر زاری داپیرەمەوە نەبوو، هێندەی بابام نێوی یەزدانی دەبرد، داپیرەم ناوی خواگیانی نەدەبرد. من لە خواکەی نەنکم تێدەگەیشتم، هەرگیز لێی نەدەترسام، بەڵام نەمدەتوانی لە هەنبەریا درۆبکەم، ئەگەر درۆم بکردایە لە هەنبەر خواکەی نەنکمدا شەرمەزار دەبووم. خواکەی نەنکم دەیگرتم، بۆیە هەرگیز درۆم لەگەڵ نەنکمدا نەدەکرد. ئەوەی ڕاستی بێ، مەحاڵ بوو، هیچ شتێک لەو خودا میهرەبان ودلۆڤانە بێتە شاردنەوە، مرۆڤ، خۆبەخۆ حەزی نەدەکرد هیچ شتێکی لێبشارێتەوە.

جارێک ژنی مەیخانەچیەکە لەگەڵ بابامدا بەشەڕ هات وژنەی تاین دەستی بە جنێوان کرد، پریشکی جنێوە پیسەکانی نەنکمیشی، کەبە هیچ جۆرێ لە شەڕەکەدا

بەشدار نەبوو گرتەوە، تەنانەت کار گەییە ئەوەی گێزەرێکیشی تێ سرەواند. نەنکم بە کەماڵی خوێن ساردییەوە، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات گوتی:

- خانم گیان، بەڕاستی تۆ زۆر گەمژەیت!

لێ من، زۆر لە ڕەفتاری ئەم ژنە بەرانبەر بە نەنکم، پەست بووم، بڕیارم دا، تۆڵەی نەنکمی لێ بکەمەوە. ماوەیەکی زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە باشترین ڕێگە بدۆزمەوە تا تۆڵە لەم ژنە قەڵەوە، قژ سوورە، دەبڵ خەبەبەیە بکەمەوە، کە کوڕم دەویست بتوانێ چاوەکانی، کەلە غەز و بەزا نقووم بووبوون، بدینێ.

لە میانەی پەیگیری، شەڕ ودەعوای ناوخۆی کرێچییەکانەوە بۆم دەرکەوتبوو و دەمزانی ئەمانە هەرکاتێ لەگەڵ یەکدا شەڕێکیان ببێتو بیانەوێ تۆڵە لێکدی بکەنەوە، کلکی پشیلەی یەکیان دەبڕی، ژەهریان دەرخواردی سەگی یەکدی دەدا یان مریشک و کەڵەشێری یەکتریان دەکوشت، یان شەوان بە دزییەوە خۆیان بە ژێر زەمینەکانی یەکدی دەکرد ونەوتیان دەکردە کووپە ترشیات و خەیار شۆرەکانی یەکدییەوە، یان شێرەو بەلۆعەی بەرمیلە شەرابەکانی

یەکیان دەکردەوە، بەڵام من حەزم لەم کارانە نەبوو. دەبوایە شتێکی تازەتر و کاریگەرتر و ترسناکتر وەدۆزم.

ئەنجام لەسەر ئەم نەخشەیە گیرسامەوە، چاوەڕوانم کرد، تا جارێکژنە قەڵەوەکەی کابرای مەیخانەچی خۆی بە ژێرزەمینەکەدا کرد، یەکسەر دەرگاکەم لە دوایەوە داخست وقفلّم دا ولە خۆشی ئەوەی کە گوایە تۆڵەم لێی کردەوە، تاوێک لەبەر دەرگاکە سووڕم دا، کلیلەکەم هەڵدایەسەربان، بەهەشتاو بۆ مووبەقەکە چوومەوە، نەنکم مژوولی ئامادەکردنی خواردن بوو، لە سەرەتادا لە سەدەمی ئەم خۆشحاڵییەی من حاڵی نەبوو، لێ هەرکە زانی چی ڕوویداوە، چەند زللە و شەپلاخێکی مزری لێدام... ئەوسا بۆناو حەوشەی ڕاکێشام، ناردمی بۆ سەربان تا کلیلەکە بێنمەوە. ئەو ڕەفتار و هەڵوێستەی ئەوم زۆر پێ سەیر بوو، هەر حەپەسام، کلیلەکەم دۆزییەوەو هێنام و پاشان چووم لە سووچێکی حەوشەدا خۆم دانووساند وکەوتمە چاودێری نەنکم کە چۆن ژنەی تاینی لە زندان دەربازکرد و بە دوو قۆڵی وبەدەم پێکەنینەوە، وەکو ئەوەی دوو دۆستی گیانی بەگیانی بن، بەناو حەوشە کەوتن. کەبەلای منا تێپەڕین، ژنی کابرای مەیخانەچی، کوڵەمستی لێ گوشیم و بەدەم

زەردەخەنەیەکی گەوجانە و پڕ میهرەوە گوتی:- ڕۆژێ دی ئەم دڕکەت لەژێر پێ دەربێنم هەی لاسار!

نەنکم بەرۆکی گرتم و تاناو مووبەقەکەی بردم و پرسی:- بۆچی ئەم کارەت کرد؟

- باشە ئەو گێزەری تێ نەسرەواندی؟

- ئەها... کەواتە ئەمەت لەسەر من کردووە، وانییە؟ ڕاوەستە بۆم، بزانە چۆن دەتخەمە ژێر ئاگردانەکە، تا مشکان بتخۆن هەنگێ ئاقڵ دەبیت! تەمەشای قەدوبالاّی... خۆی لێکردووین بە فسفس پاڵەوان، نۆبەتی ئەو قەوانەیە! خەڵکینە وەرن تەمەشا بکەن ئەم فیسقە گولەیە چۆن خۆی پڕبا کردووە! خۆئەگەر بابات بزانێت پێستت دەگروێ، رابە بڕۆ سەرێ، چاوێک بە کتێبەکانتدا بخشێنە..

ئیدی ئەو ڕۆژە تا شەوێ زاری لە زارم نەگەڕا. بەلاّم شەوێ پێش ئەوەی نوێژ دابەستێت، لە قەراخ چەرپایەکەم دانیشت و ئەم قسانەی، کە هەرگیز لە بیرم ناچنەوە، بۆکردم:

- گوێ بگرە، کەڤۆکە چکۆلەکەم، ئەوەی پێتی دەڵێم بیکە بە گوارەو لە گوێی بکە. هەرگیز خۆت لە کاری گەوران

هەڵمەقورتێنە، گەوران خەڵکی شەڕانی و گەندەڵن، لە کۆسپ و تەگەرە و ئەزموونەکانی ژیاندا قاڵبوونەتەوە. بەڵام تۆ هێشتا منداڵیت، دەبێت بە گوێرەی تەمەنی بچووکی خۆت بژیت، بە گوێرەی ئەقڵی منداڵانەی خۆت بکە، سەبر بکە تا نووری خودایی دڵت ڕوناک دەکاتەوەو ڕێگەی ژیانت نیشاندەدات... حاڵی بوویت؟ بەڵام ئەمەی کە کێ خەتای کردووە و کێ شایەنی سزایە، ئەمە کاری تۆ نییە.

بۆ ساتێ بێدەنگ بوو، لەو ماوەیەدا تۆزێک سعووتی بە لووتیا کرد، ئەوسا چاوی ڕاستی بچووک کردەوەو لەسەری ڕۆیی:

- با ئەوەشت پێ بڵێم، کە خوا بە خۆیشی، هەندێجار خەتابار و بێ خەتای پێ لێکدی هاوێرناکرێتەوە..

بەسەرسامی پرسیم:

- بۆچی، ئەدی خودا ئاگای لە هەموو شتێک نییە؟

نەنکم، بە ڕاوێژێکی خەمینەوە گوتی:

- ئەگەر ئاگای لە هەموو شتێک بوایە، خەڵکی لە زۆر کارێن بەد و دزێو دەگێڕایەوە. ئەو بۆ خۆی لەو سەرەوە، لە

ئاسمانەوە، تەمەشای زەوی دەکات، چاودێری کار و کردەوەکانی ئێمەمانان دەکات، کە خەتا و گوناحەکانمان دەبینێ، دەگری، دەنالێنێ و دەڵێت: ئاخ ڕۆڵەکانم ئێوە ئافەریدەی دەستی منن، بەڕاستی دڵم بە حاڵتان دەسووتێ!

نەنکم کەوتە گریان، بەبێ ئەوەی ڕوندکەکانی بسڕێت، چوو بۆ سووچی ئیکۆنەکان و دەستی بە نوێژ ونزایان کرد..

لەو ڕۆژە بەدواوە، خوایەکەی نەنکم لەلا ئازیزتر و شیرینتر بوو، لە جاران زیاتر وباشتر و ئاسانتر دەمناسی و دەچووە ئەقڵمەوە. باباشم، کە دەرسی پێدەگوتمەوە، پێی دەگوتم کە خوا هەموو شتێک دەزانێت، هەموو شتێک دەبینێ. لە هەموو شوێنێک هەیە، بە هانای هەموو کەسێکەوە دەچێت. بەڵام بە هەمان شێوازی نەنکم نوێژ و نزای نەدەکرد. بەیانیان، پێش ئەوەی دەست بە نوێژ بکات، دەست وسەروچاوی پاک دەشت، جلی لەبەر دەکرد، قژە سوورەکەی جوان شانە دەکرد، ڕدێنی ڕێک دەخست، تەمەشایەکی ئاوێنەی دەکرد، یەخەی کراسەکەی ڕێکدەخست، بوێنباخە ڕەشەکەی بەسەر ئێلەکە سپیەکەیەوە دەبەست، ئەوسا بەوپەڕی پارێزەوە، وەکو یەکێک بیەوێ شتێک پەنهان بکات، بەکاوەخۆ

بەرەولای ئیکۆنەکان دەڕۆیی لەسەر ئەرزە تەختەپۆشەکە (پارکیت)، ڕەق ڕادەوەستا، سەری دادەنەواند، وەکو سەرباز، هەردوو دەستی بەم لاو ئەولای خۆیدا شۆڕ دەکردنەوە، ماوەیەک بە بێدەنگی دەبیرەوە دەچوو و ئەوسا بە دەنگێکی پڕ سۆزەوەو لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- بەناوی باب و کوڕ و ڕوحی قودسەوە!

وام هەستدەکرد، دوای ئەو پەیڤانە، بێدەنگیەکی تایبەتی باڵی بەسەر ژوورەکەدا دەکێشا وتەنانەت مێش و مەگەزانیش بە پارێزێکی زیاترەوە گیزەگیزیان دەکرد.

سەری دەبردە دواوە، ڕدێنە زێڕینەکەی ڕاست ڕادەوەستا، برۆکانی وێک دێنانەوە، بەدەنگێکی سەنگین دەستی بە نوێژ خوێندن دەکرد، لەتۆ وایە لەبەر خۆیەوە دەرس و پەندێک دەڵێتەوە، کەلە سەریەتی، ئەزبەری بکات، بە لاڤەو پاڕانەوەوە دەیگوت:

- لە پڕێکا، ڕۆژی پەسڵان دێت، حیساب وکیتاب لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکرێت و کار وکردەوەی بەشەران کەشف دەبێت..

بە ئەسپایی، بە سینگ و بەرۆکی خۆیدا دەکێشێت، دەپاڕێتەوەو دەڵێت:

- من تەنیا لەبەردەم تۆدا خەتابارم... دەیسا چاوپۆشی لە خەتا و گوناحانم بکە.

 کە "ئیمان نامە " دەخوێنێتەوە، پەیڤەکان بە ئاو و تاولە زاریەوە دادەڕژێن، لاقی ڕاستی بۆ ماوەیەکی زۆر دەکەوێتە لەرزین، سەراپای جەستەی بەلای ئیکۆنەکاندا، خوار دەبێتەوە، لەتۆ وایە بەرەبەرە گەورەتر، باریکتر و پارساتر دەبێت.

- تۆ، ئەی ئەو کەسەی فریاڕەسی مەزنت هێنایە دنیاوە، دڵ و دەروونم لە هەر خەتا و ڕق وکینەیەک پاک بکەوە! گوێ لە ناڵەی دەروونم بگرە، لە کانگای دڵەوە لێت دەپاڕێمەوە، کە ڕەحمم پێدا بکە!

ئەوجا هاوار دەکات، ڕوندک لە چاوە سەوزەکانیا دەبریسکێتەوە:

- خودایا، ئیمانم بە نەسیب بکە، بە کردەوە باشەکانم لەگەڵ بکە، کردەوە خراپەکانم لەسەر حیساب مەکە!

دوای ئەو نزا ودوعایانە، چەند جارێک، بە ملکەچییەوەو بە پەلە نیشانەی خاچی دەکێشا، سەری خۆی وەکو سابرینێک بیەوێ قۆچ بوەشێنێ، بادەدا، بە دەنگێکی خەفە و گریان ئامێزەوە، دەپاڕایەوە. پاشان کە دەرفەتم بۆ هەڵکەوت و سەردانی پەرستگەی جوولەکەکانم کرد، بۆم بەدیارکەوت، کە بابام وەکو جوولەکەکان نوێژی دەکرد..

لە مێژ بوو، سەماوەرەکە دەکوڵا وگیزەگیزی بوو، ژوورەکە پڕ بوو لە بۆنی نانی گەرمی جۆ و لۆری تازە، سکم لە برسا قۆڕەی دەهات. نەنکم، شانی داوە بەلا شیپانەی دەرگاکەوە، بەدەم باوێشکدانەوە، چاوی بڕیوەتە ئەرزەکە، هەتاو دنیای زێڕوەشان کردووە، لە پەنجەرەکەوە، هاتووەتە ژوورەوە، ئاونگی سەر چلی دار و درەختەکان، وەکو مرواری دەدرەوشێتەوە، شنەی بەرەبەیان بۆنی خۆشی شویت و تووتڕک و سێوی گەییوی لەگەڵ خۆیدا دێنایە ژوورەوە. بەڵام بابام دەستبەرداری هاوار و گریانی خۆی نەدەبوو، بەدەم نوێژ و نزاوە دەپاڕایەوە:

- ئاگری ئارەزووەکانم وەکوژێنە، چونکە من بابایەکی کلۆڵ و نەگبەت و مەلعوونم!

من ئەو نوێژەم لەبەر بوو کە بابام دەیخوێند، نوێژی بەیانی و شێوانم لەبەر بوون زۆر بە وردی گوێم لێدەگرت، تا بزانم بابام لەکوێ هەڵە دەکات و چ پەیڤێک دەپەڕێنێ. بەدەگمەن شتی وا ڕوویدەدا، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت شتێکی وا ڕووی بدایە من زۆرم کەیف دەهات، لەخۆشیا لە پێستی خۆ نەدەهێوریم. ئەم شادییەی من لە بەد نیازیم بوو ها.

بابام، کەلە نوێژ دەبووەوە، هەنگێ ئاوڕێکی لە مە، لەمن و داپیرەم دەدایەوەو دەیگوت:- بەیانیتان باش!

ئێمەش وەڵامی بەیانی باشەکەیمان دەدایەوە، ئەوسا لە دەوری خوانەکە ڕۆدەنیشتین..

جارێکیان، ئاوڕێکم لێدایەوەو گوتم:

- دەزانی ئەمڕۆ وشەی ( بەسە ) ت لە نوێژەکەت پەڕاند!

بابام کەوتە گومانەوە، بە نیگەرانییەوە گوتی:- بەڕاستتە؟ درۆ ناکەیت؟

- درۆ لەپای چی؟ دەبوایە بتگوتبایە " بەڵام ئیمانم بەسە، قەرەبووی هەموو شتێکم بۆ دەکاتەوە. " بەڵام " بەسە" ت نەگوت، پەڕاندت.

شپرزەبوو، خێراخێرا کەوتە چاو تروکاندن:- سەیرە، چۆن بەسەرما تێپەڕێوە!

هەڵبەتە، من باجی قورسی ئەو وردە تێبینیانەم دەدا، بۆی دەخستمە دوو توێی نانێکی گەرمەوە، بۆ کاتی خۆی هەڵیدەگرت. بەڵام کە دەمبینی تەواو شپرزە دەبوو و دەپەشۆکا، هەستم بە سەرکەوتن و شادی دەکرد، ڕۆژێک نەنکم بە سوعبەتەوە گوتی:

- پیاوەکە، بێگومان خواوەند لەم نوێژ و نزایانەی تۆ بێزارە، تۆ هەمیشە هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکەیتەوە.

بابام بە تووڕەبوونێکی هەڕەشەئامێزەوە گوتی:

- چ... ی؟ چ ناماقووڵییەک دەکەیت.؟

- دەڵێم، قەت گوێم لێ نەبووە، خودا بەوشەیەکی خۆت، وشەیەک لە دڵەوە هەڵقوڵابێت، بدوێنی!

دەم وچاوی بابام سوور بووەوە، لەسەر کورسییەکەی خۆیەوە کەوتە لەرزین، ئەجا ژێر پیاڵەکەی خێواندە نەنکم و کەوتە پرتاندن، دەنگی لە دەنگی هەڕەیەک دەچوو شووشەی پێ ببڕیتەوە.

- برۆ، لاکەوە لەبەرچاوم، هەی دەڵە دێوی جادووگەر!

هەرکاتێ، کە باسی هێز و توانای لەبن نەهاتووی خودای بۆ من دەکرد، پێش هەموو شتێک باسی بێ ڕەحمی و جەبەرووتی خودای بۆمن دەکرد. بۆ نموونە جارێک خەڵکی خەتاو هەڵەیان کردبوو، لافاو ولەهی بۆ ناردبوون و غەرقی کردبوون! لە شوێنێکی دیکەدا خەتایان کردبوو، ئاگری تێ بەردابوون و هەموو شار و ئاواییەکانیانی سووتاندبوو، جارێکی دی، خەڵکانێکی تووشی قات وقڕی و برسیەتی کردبوو. ئیدی خودا بەدەست ئەوەوە، هەمیشە شیرێکی هەڵکێشراو وشەلاخێکی ئامادەبوو بەسەر سەری خەڵکی شەڕانی و خراپەوە.

قامکە ڕەق و تەقەکانی بەسەر مێزەکەدا دەکێشا و بەمجۆرە تەڵقینی دادەدام:

- هەرکەسێک یاسا خواییەکان بن پێ بکات، ئاقیبەتی زۆر خراپ دەبێت!

بۆ من وبەلای منەوە، زۆر زەحمەتە، خوا بەو زەبر وزەنگەوە وێنا بکەم کە ئەو باسی دەکرد. هەستم دەکرد بابام، ئەو

قسانەی لە گیرفانی خۆیەوەدەردێنا، تا  سامی خۆیم بەسەردا بسەپێنێت، نەک هی خودا.

ڕۆژێک، بە ڕاشکاوی لێم پرسی:

- باشە تۆ ئەم قسانە بۆیە دەکەیت، تا هەر بەگوێی تۆ بکەم؟

ئەویش، بی پێچ و پەنا بەرسڤی دامەوە:- هەڵبەتە! نەخەڵەتابی بە گوێم نەکەی ها!

- ئەدی نەنکم..

بە تۆنێکی جدی گوتی:

- بە گوێی ئەو پیرەژنە خڵەفاوە مەکە! بە گەنجی گەمژە و گێلۆکە بوو، نەخوازە ئێستا. ئەو لەژێر ڕکێفی مندایە، نایەڵم چیتر باسی ئەو شتە هەستیارانەت بۆ بکات! دەی وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەوە: فریشتە چ ئەرک و پۆستێکیان هەیە؟

من بەدەم وەڵامدانەوەوە، هەندێ پرسیاریشم دەکرد:

- ئەو وشانە: " فریشتەی چینی باڵا " مانایان چییە؟

بزەیەکی کرد، چاوی نوقاند، لێوی گەست، بەنەبەدڵی گوتی:

- دەتەوێ هەموو شتێک بزانیت، ها؟

دوای تۆزێک بە دوودڵییەوە گوتی:

- ئەوانە کاریان بە کاری خواوە نییە. سەروکاریان لەگەڵ بەشەردایە خودان پۆستانی دەوڵەتی ولەشکرین، کاریان بە قانوون وبڕیار وڕێنماییانەوە هەیە. وەکو فەرمانبەری حکوومەتین، فەرمانبەر بە قانوون دەژی، نان و ژیانیان بە قانوونەوە بەندە.

- کام قانوون؟ قانوون چییە؟

پیرەمێرد، بڕێک گەشایەوە، چاوە تیژە تەڕەکانی بریسکانەوە:

- قانوون؟ قانوون بریتییە لە داب و نەریتی باوی خەڵکی. خەڵکی بەیەکەوە دەژین، لەبەینی خۆیاندا ڕێکدەکەون، کە ئەم شێواز یا ئەو شیواز، باشترین بەرنامە و ڕێکارە بۆ ژیان، وەرن ئەمە بکەین بە عادەت. بە قانوون! ڕێک وەکو چۆن کۆمەڵێک منداڵ، کە بیانەوێ پێکڤە یاری بکەن، قەرار

ومەدارێک بۆ یاریەکەیان دادەنەن ولەسەری ڕێکدەکەون، ئەم قەرار ومەدارە دەبێتە قانوون و کەس لێی لانادات.

- ئەدی فەرمانبەر و خودان پۆست و پایە کێیە؟

- ئەوانە، وەکو منداڵی لاسار وشەڕانی وان، دێن یارییەکە تێکدەدەن و قانوونەکە پێشێل دەکەن!

- چما؟

برۆکانی وێکهێنانەوە وگوتی:

- تۆ لەم شتانە تێناگەیت، هێشتا لەوە منداڵتری هەموو ئەم شتانە بزانی.

ئەوجا هاتەوە سەر دەرس و دەورەکە وگوتی:

- خودا، ئاگای لە کاروبار ونیاز و نیەتی هەموو خەڵکیە! بەڵام ئەوەی لای خەڵکی خەیاڵە، لای خودا بەتاڵە. کاری بەشەر دەوامی نییە، زوو بەسەر دەچێت، ئەوندە بەسە خوا فوویەکی لێبکات و وەکو گەردوتۆز بچێ بە ئاسمانا و نەمێنێت.

لەبەر زۆر هۆ، حەزم دەکرد، زانیاریم لەمەڕ خودان پۆستی دەوڵەتی و فەرمانبەران هەبێت، بۆیە دووبارە پرسیم:

- باشە بۆچی خاڵە یاکوف زۆرجار ئەم گۆرانییە دەچڕێت کە دەڵێت:

فریشتانی نورانی، خزمەتگوزار و خاوەن پۆستی خوان.

فەرمانبەرانی دەوڵەت خزمەتگوزار و ماموری شەیتانن!

بابام، چاوی نوقاندن، بەدەست ڕدێنەکەی کۆکردەوەو نایە دەمی، گۆناکانی دەلەرزین، بەوەدا بۆم دەرکەوت کەلە دڵی خۆیدا پێدەکەنێت. ئەوسا گوتی:

- پێویستە تۆ وخاڵە یاکوف تەناف پێچ بکرێن و لە گونیەکی زبر بنرێن و فڕێ بدرێنە دریاوە! نابێ نە ئەو، ئەو جۆرە شیعر و گۆرانیانە بچڕێت، نە تۆش گوێی لێبگریت. ئەوە قسە و بانگەشەی کافرانی لە دین وەرگەڕاوانە.

پاشان دەفکرەوە چوو، چاوی بڕینە خاڵێکی نادیار وبە ئەسپایی گوتی:

- دەک داوەشێن، عەمریان نەمێنێت!

بابام، خوای خۆی لە بڵندایی ئاسمان دادەنا، پێی وابوو لەو بەرزییەوە، چاودێری کار وکردەوەی هەموو تیرەی بەشەر دەکات، خودا و کۆمەڵێک وەلی و پیاوچاکانی دەکرد بە

شەریکی هەموو کارە تایبەتیەکانی خۆی. نەنکیشم هەمان کاری لەگەڵ خواوەندە تایبەتیەکەی خۆیدا دەکرد. هەرچەندە کەسانێکی ئەوتۆی لە وەلیان نەدەناسی، تەنیا نیکولای، یوری، فرول و لافرا نەبێت. ئەمانە هەموویان وەلی و پیاوچاک بوون، بە گوند وشاراندا دەگەڕان، دەستی یارمەتیان بۆ خەڵکی درێژ دەکرد، بەشداری خەم وپەژارە و نەهامەتی خەڵکیان دەکرد، خۆیان لە خەڵکی جیانەدەکردەوە. بەڵام هەموو وەلی و پیاوچاکەکانی بابام، لە شەهیدانی دنیای مەسیحیەت بوون. خەڵکانێک بوون، یا بتانیان شکاندبوو، یا دژی ئیمپراتۆرانی ڕۆما ڕابووبوون، ئیدی لە سونگەی ئەوەوە یا سوتێنرابوون، یان قازوخیان تێ بڕیبوون یان بە زندوویەتی پێستیان گروو بوون.

بابام، هەندێجار، خەون و خەیاڵەکانی خۆی بەدەنگی بەرز، دەدرکاند ودەیگوت:

- ئەگەر، خودا بۆی ڕێک بخستمایە وئەم خانووەم بە پێنج سەد ڕۆبڵ قازانج بفرۆشتایە، ئەوا لە کڵێسادا قوداسێکم بۆ حەزرەتی نیقولای دەگێڕا! ( قوداس، جۆرە نوێژ وئاهەنگێکی ئۆلی گەورەی مەسیحیەکانە. )

نەنکم پێدەکەنی، گاڵتەی پێدەکرد وبەگوێی منیا دەچپاند ودەیگوت:

- تەمەشای ئەم پیرە خڵەفاوە بکە، وادەزانێت، حەزرەتی نیقولا ئیش و کاری نییە، بێت خانوو بۆ ئەو بفرۆشێت وبکڕێت!

ماوەیەک، ساڵنامە ئۆلییەکەی بابم- کەبەدەستی خۆی هەندێ تێبینی لەسەر نووسی بوو- لای خۆم هەڵگرت. بۆ نموونە لە لاپەڕەی بەرانبەر جەژنی یواکیم و ئانا، بە مەرەکەبی سوور وبە خەتێکی ڕاست نووسیبووی: " لە سایەی ئەم وەلیانەوە، لە بەڵایەکی گەورە ڕزگار بووین " .

من حەقیقەتی ئەم " بەڵایە "م لەبیرە. بابام بۆ ئەوەی یارمەتی هەردوو کوڕەکەی بدات، کە کار وکاسبییان کەساد بووبوو، دەستی دایە سووخۆری، ژێراوژێر و بە دزییەوە شتی دەخستە بارمتەوە. ئیدی کەسێک ڕاپۆرتی لێدابوو، پۆلیسی لێ ئاگادار کردبووەوە، ئێوارەیەک پۆلیس بەمەبەستی تەحەڕی وپشکنین دایان بەسەر ماڵەکەماندا... ئیدیقەرقەشەو دەمەقاڵەیەکی سەیر بەرپا بوو، بەڵام مەسەلەکە بەخێر گەڕا، بابام تاکو بەرەبەیان هەر نوێژی

کرد. بەیانی پێش تێشت خواردن، ئەو وشانەی بەبەرچاوی منەوە لە پەراوێزی سالْنامە ئۆلییەکەیدا نووسی.

بەردەوام، پێش شێوی ئێوارە، چەند فەسلْێکی مەزموورەکان، یان هەندێک کۆپلەی کتێبی نوێژ یان چەند بەرپەڕێکی کتێبە ئەستوور و قەبەکەی واعیزی مەسیحی " یەفریم سیرین "ی پێ دەخوێندمەوە. دوای شێوخوارن، دەستی بە نوێژ ونزایان دەکردەوە. تا درەنگانێک، دەنگی پاڕانەوەو وێرد و تۆبەی ئەو، بە شیوەیەکی یەکهاوی و یەک نەوا، لە خامۆشی و بێدەنگی شەوەکەدا، دەنگی دەدایەوە.

- خوا خۆی بەخشندەیە، هەر خۆی دەهەندەی هەموو شتانە وهەرخۆیشی دەیباتەوە... ئەی پەروەردگاری جاویدان... تاقیمان مەکەوە... بمانپارێزە لە شەڕی شەیتان، لە بەڵای ناگەهان... خۆدایا با فرمێسکەکانم، گوناح و خەتاکانم بشۆنەوە. خودایا، لە دلۆڤانی خۆت بێ بەشم مەکە.

زۆرجار نەنکم قسەکانی پێدەبڕی ودەیگوت:

- ئاە، کە ماندووم! لەوەیە ئەمشەو فریای نوێژەکەم نەکەوم و خەوم پێیا بکەوێت!..

بابام، بەزۆری لەگەڵ خۆیا بۆ کلێسای دەبردم: ڕۆژانی شەممە بۆ نوێژی شێوانی دەبردم، ڕۆژانی یەکشەممە بۆ نوێژ و نزای بەیانیانی دەبردم. لە کلێسادا، هەستم بەبوونی دوو خودای جیاواز دەکرد، کە ئەو ئاپۆڕای خەڵکە نوێژیان بۆ دەکردن. ئەو خوایەی کە قەشە وشەماسەکان نوێژیان بۆ دەکرد، هەمان خوایەکەی بابام بوو، بەڵام سروود خوێنەکان، هەمیشە ستایشی خوایەکەی نەنکمیان دەکرد.

هەڵبەتە، من نەمدەتوانی، وەکو پێویست وبەباشی گوزارشت لەو هاوێرکردنە مندالآنەیەی لە نێوان ئەو دوو خوایەدا کردبووم، بکەم. ئەوەندەی لەبیرم مابێ، ئەو جیا کردنەوە مندالآنەیە، کێشماکێشێکی ڕۆحی و ئۆلی زۆری بۆ نامەوە. من زۆر لە خوایەکەی بابام دەترسام وحەزم لێی نەدەکرد. ئەم خوایە نەک کەسی خۆشنەدەویست، بەڵکو بە گومانەوە سەیری هەموو تیرەی بەشەری دەکرد، زیاتر بۆ بەدی و خراپی و دڕندەیی لەبوونی بەشەردا دەگەڕا. بە ئاشکرا هەستم بەوە دەکرد کە خوایەکەی بابام بە هیچ جۆرێ باوەڕو متمانەی بە بەشەر نییە وهەمیشە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکردین کە تۆبە بکەن. زۆری حەزدەکرد تووندترین سزایان بدات.

لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا، بیرکردنەوە لە خودا، خۆراکی سەرەکی ڕوحی من بوو، تاقە جوانیەک بوو کە لە ژیانا هەستم پێدەکرد. هەموو شتەکانی دیکەم بەلاوە نەک هەر پەشم بوو، بەڵکو هۆقیانە بوون و عەزابی ڕۆحیان دەدام. بۆیە خوام- مەبەستم خوایەکەی نەنکمە- کە زۆر میهرەبان و دلۆڤان و دۆستی هەموو گیانلەبەران بوو، بەلاوە هەموو شتێک بوو. ئەوەی زۆرم بەلاوە سەیر بوو، تێی نەدەگەیشتم، ئەوەبوو کە چۆنە چاوی بابام ئەم خوایە میهرەبانەی نەدەبینی؟..

ڕێگەی چوونە کۆڵان بەمن نەدەدرا، دەرەوە و کۆڵانم زۆر لەلا خۆش بوو، وەکو کێوی وابووم، هەرکە دەچوومە دەرەوە، شەڕ وقەرقەشەیەکم دەنایەوە، بۆیە نەمتوانی دۆستایەتی لەگەڵ هیچ کەسێکدا پەیدا بکەم. منداڵانی دەرودراوسێکانمان هەموو دژایەتیان دەکردم، کەبۆیان دەرکەوت من بە نازناوی کارشین قەڵس دەبم، هەرکە دەردەکەوتم، بەو ناوەوە بانگیان دەکردم، یەکتریان ئاگادار دەکردەوە و دەیانگوت:

- تەمەشاکەن، نەوەکەی کارشین، کارشینی پیرەمێری عفریت و دێو، وا بەرەو ئێرە دێت!

ئیدی شەڕ دەستی پێدەکرد:- لێیی بدەن، تەختی ئەرزی بکەن!

من لەچاو تەمەنی خۆما، لە شەڕا دڕ و ئازا بووم... نەیارەکانیشم، بەمەیان دەزانی، بۆیە نەدەوێران بە تەنێ و تاک تاک پەلامارم بدەن، هەمیشە گەلەکۆمەکێیان لێدەکردم، لێدانم دەخوارد، بە کەپووی پژاو، بە لێوی بریندار و ڕوخساری شینەوە بوو و جل و بەرگی دڕاوەوە بۆماڵ دەگەڕامەوە.

نەنکم، بە ترس ولەرزەوە، بەوپەڕی هاوسۆزییەوە پێشوازی دەکردم و دەیگوت:

- فیسقەگولە چییە؟ دیسان شەڕتکردووە؟ کوتەکت خواردووە، ڕاوەستە بۆم، بزانە چۆن لێدانێک لێت بدەم، لێدانێک بە عەمراتت لەبیرت نەچێتەوە..

ئەوسا، دەم وچاوی دەشۆردم، پارچە دراوێکی مسی دەنایە سەر برینەکانم، یان هەتوانێکی گیایی لێدەنان و بەمجۆرە ئامۆژگاری دەکردم:

- باشە تۆ بۆچی ئەم هەموو شەڕە دەکەیت؟ خۆ تۆ لەماڵەوە منداڵێکی ئارامی، بەڵام هەرکە لە دەرگای حەوشە وەدەرکەوتی، پێت نایە کۆڵان، دەگۆڕێی، دەبی بە شەیتان، شەرم ناکەیت؟ دەنا بە بابات دەڵێم، کە نەیەڵێت چیتر بچیتە کۆڵان.

بابام، شوێنەواری برین وشەڕی بە ڕوخسارمەوە دەبینی، بەڵام نە جنێوی دەدامێ و نەلێم تووڕە دەبوو، لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- دیسان میدال و نیشانت وەرگرت؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە، لێمان ببە بە کەڵەشێری جەنگی. نەخەڵەتابی جاریکی دی لە کۆڵان بەشەڕ ببیت، گوێت لێمە؟!

ئەگەر جادە وکۆڵان چۆڵ بوایە، هیچ حەزم لە چوونە دەرەوە نەبوو، بەڵام هەرکە گوێکم لە ڕاکەڕاک و هەرا وزەنای شادمانی منداڵان دەبوو، ئیدی کێچ دەکەوتە کەولم، هەڕەشە وئامۆژگارییەکانی بابامم لەبیر دەچووەوە، هەرچۆنی بوایە لە حەوشە وەدەر دەکەوتم. گوێم لە شوێنەواری برین و ئەوشتانە نەبوو، بەڵام زبری و نالەباری و هۆڤیگەری گەمەکان بێزاریان دەکردم. ئەم هۆڤیگەرییەم لە زۆربەی

یارییەکاندا بەدی دەکرد، زۆر تووڕە دەبووم، بەجارێ دەهری دەبووم، شێت دەبووم. هەرجارێ کە دەمبینین، کەڵەبابیان بە شەڕ دەدا یان سەگ و کسۆکانیان پێکوەردەکرد، یان عەزابی پشیکانیان دەدا، یان بزنانی جوولەکەکانیان ڕاودەنا، یان سەریان دەکردە سەر گەدایانی مەست، یان گاڵتەیان بە (ئیگوشای مەرگ لە گیرفان) دەکرد، بەجارێ دەهری دەبووم، شێت وهار دەبووم.

" ئیگۆشای مەرگ لە گیرفان" پیاوێکی گێلۆکەی درێژ داهۆڵ بوو، داوی ڕدێنە زبرەکەی، بە سەر گۆنا ڕەق و تەقەکانییەوە، وەکو دڕکی ژیژک بەرز بووبووەوە. هەموو کاتێ، پۆستینێکی ئەستووری کەوڵە بزنی لەبەر دەکرد، بە کووڕە کووڕ، بە جادەکاندا دەڕۆیی، خامۆش وبێدەنگ چاوی دەبڕییە ئەرزەکەی بەرپێی خۆی، بە لارەلارێکی سەیرەوە ڕێی دەکرد. دەم وچاوی لە ئاسن دەچوو، چاوەکانی خەمناک بوون. ئەم دیمەنەی ئەو، ڕێزێکی ترسامێزی لە منا دروست دەکرد، وام وێنا دەکرد ئەم پیاوە مژوولی کارێن زۆر گرینگ و هەستیارە، تاقیبی شتێک دەکات و نابێ سەر بکرێتە سەری و لە ئەرکەکانی سەرشانی غافڵ ببێت.

منداڵان دوای دەکەوتن، بەردیان بە پشتە قەموورەکەیدا دەدا، بەڵام ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر، هەر ئاوڕیشی لێنەدەدانەوە. لە تۆوایە هەست بە ئازاری ئەو بەردانە ناکات کە بە پشتیاندا دەدا. تا لە ئەنجاما سەبری دەسوا، لە ناکاوا دەوەستا، بەتووندی سەری بەرز دەکردەوە، بە شپرزەیی، کڵاوە تووکنەکەی لە سەر سەری ڕێک دەخستەوە، حایر وحەپەساو، وەکو یەکیک تازە لەخەو ڕابووبێت، دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی.

منداڵان هاواریان دەکرد:

- ئیگوشا! مەرگ لە گیرفانتدایە! ئیگوشا بۆ کوێ دەڕۆیت؟ تەمەشای گیرفانت بکە، مەرگ خۆی تیا مەڵاس داوە!

ئیدی دەستی بۆ گیرفانی خۆی دەبرد، ئەوسا بە هەشتاو دادەنەوییەوە، بەردێ، پارچە تەختەیەک، کڵۆ کەسکێکی هەڵدەگرت و ئەوجا دەستە درێژەکەی نەزانانە بادەدا و جنێوێکی دەدا. هەگبەی جنێوەکانی ئەو، تەنیا سێ وشەی دزیوی تیا بوو و هەمیشە ئەو سێ وشەیەی دووبارە دەکردەوە. هەگبەی منداڵەکان، لەم ڕووەوە زۆر لەوەی ئەو پڕتر بوو، جاری واهەبوو بە شەلەشەل دوای منداڵەکان

دەکەوت، ئیدی داوێنی پۆسینە درێژەکەی لەلاق و لەتەری دەگیرا و بە دەما دەڕما، دەکەوتە سەر ئەژنۆکانی، بە باسکە پیسەکانی، کەلە دوو داری وشک دەچوون، خۆی دەگرتەوە... ئیدی منداڵان، لە هەموو لایەکەوە دەکەوتنە بەردبارانی. هەندێک لە منداڵەکان، ئەوانەی بڕێک سەرکێشتر بوون، لێی نزیک دەبوونەوە، چنگێ خۆڵیان بە سەر سەریدا دەکرد و بلەز ڕایاندەکرد.

بەڵام دیمەنێکی دیکەی پڕ سوێی کۆڵان و جادەوبان کە باوەڕناکەم قەت لە بیرم بچێتەوەو لە هەموو دیمەنەکانی دی ناخۆشتر بوو، دیمەنی سەرکرێکارەکەی جارانی مە بوو، دیمەنی گریگۆری ئیڤانوفیچ بوو، بە تەواوەتی نابینا بووبوو، بە شەقامەکانی شاردا دەسووڕایەوەو دەستی لە خەڵکی پان دەکردەوە. کابرایەکی باڵابەرز و قۆز بوو، پیرەژنێکی ئەندام وردیلەی پۆڕ سپی، دەستی دەگرت و ڕێنوێنی دەکرد، دەگەییە ئاستی هەر پەنجەرەیەک ڕادەوەستا و بە دەنگێکی زیقن، دەیگوت:

- لەڕای مەسیح، یارمەتی ئەم سواڵکەرە نابینایە بدەن.

لێ گریگۆری، خامۆش وبێدەنگ، ڕووی عەینەکە ڕەشەکەی دەکردە دیوار یان پەنجەرەی ماڵەکان یان ئەو کەسانەی دەهاتنە بەردەمی، دەستەکانی، کە هێشتا پاشماوەی بۆیەیان پێوە مابوو، بە ڕدێنە پانەکەیدا دێنا ، بەڵام خەفە و خامۆش ورتەی لەزار نەدەهاتە دەرێ.

زۆرجار تووشی دەبووم، بەڵام هەرگیز نەمدەبینی وشەیەک لەلێوە داخراوەکانیەوە بێتەدەرێ، قەت جارێ لە جاران ورتەیەکم لێنەبیست، کە ئەو بێدەنگییە قووڵەم لێدەبینی، زۆر دڵم پێی دەسووتا، نەدەچووم بۆلای– بەڵکو هەرکە لە دوورەوە دەمبینی، بەڕاکردن بۆ ماڵ دەچوومەوە و نەنکم ئاگادار دەکردەوە:

- نەنە، گریگۆری خەریکە بەرەو ئێرە دێت!

نەنکم نیگەران دەبوو، بەڕاوێژو تۆنێکی بەزەیی ئامێزەوە دەیگوت:

- بەڕاست! هانێ، ڕاکە ئەمەی بدەیە!

من تووڕە دەبووم و نەدەچووم، هەنگێ نەنکم بەخۆی بۆ بەر دەرگا دەچوو. لەوێ، لەبەر دەرگا، ماوەیەکی زۆر دەی دواند.

گریگۆری بەدەمییەوە دەگرژییەوە، ڕدێنی دەلەرزی، بەڵام زۆر کەم قسەی دەکرد، بە چەند وشەیەکی پچڕپچڕ دەی بڕییەوە و تەواو. هەندێجار نەنکم دیبرد بۆ مووبەقەکە خواردنی دەدایە، پاشان چای بۆ دا دەکرد، جارێکیان هەواڵی منی لە نەنکم پرسی، نەنکم گازی کردم، لێ من هەڵاتم، چووم لە نێو ئێزینگ وقەڵاشکەرییەکان خۆم دەشاردەوە. نەمدەتوانی لێی نزیک ببمەوە، شەرمم لێدەکرد. زۆر شەرمەزار بووم، زۆرچاک دەمزانی کە نەنکیشم هەمان هەستی شەرمەزاریی لەهەنبەر ئەو پیاوەدا هەیە. من و نەنکم تەنیا یەکجار باسی گریگۆریمان کرد، ئەویش ئەوکاتە بوو کە نەنکم تا دەرگای حەوشە بەڕێی کرد و لە گەڕانەوەدا، کە بەدەم سەرداخستن وڕوندک ڕشتنەوە هێدی هێدی دەهاتەوە... بەرەوپیری چووم، دەستیم گرت، بە ئارامی لێی پرسیم:

- باشە، بۆ هەمیشە خۆتی لێدوور دەگریت؟ خۆ ئەو پیاوە تۆی زۆر خۆشدەوێت. خۆ پیاوێکی باشە..

پرسیم:- باشەبۆچی بابام شتێکی ناداتێ تا بیخوات؟

- بابات؟

نەنكم دوای ئەو قسانە وەستا، تووند باوەشی پێداكردم و لەبن لێوانەوە گوتی:

- ئەم قسانەی من باش هەڵگرە، خوای ئەم پیاوە دەمانگرێت، خراپ دەمانگرێت، ئەمە ڕۆژەكەیە، من مردوو تۆ زندوو، ئەگەر نەی گرتین من هیچم نەزانیوە!..

نەنكم بە هەڵەدا نەچووبوو، هەمووی دە ساڵی بە سەرا نەڕۆیی نەنكم كۆچی دوایی كرد. بابام بە خۆیشی كەوتە سەر ساجی عەلی، هەژار وبێنەوا، شێت وخەڵەفاو كەوتە ناو كوچە وكۆڵان، لەبەر پەنجەرەی ماڵاندا دەوەستا، دەپاڕایەوە، سواڵی نانێكی دەكرد، دەیگوت:

- ئەی خێرەومەندان، نانێكم بدەنێ.. پارچە نانێك، ناوەشكێنەیەك، ئاخ، لە ئیوە..

ئەوپیاوە، پیاوەكەی جاران نەبوو، تەنیا قسە ناخۆشەكانی جارانی مابوو: ئاخ، بەنەحلەت بن، خوا دەست بە باڵتانەوە نەگرێت!...

جگەلە ئیگوشا و گریگۆری ئیڤانوفیچ، ژنێكی بەدكاریش هەبوو بە نێوی فورونیخا، كە ڕێكەوتی هەریەكێك لەمانەم

دەکرد، خۆم دەدزییەوە، هەڵدەهاتم. هەموو ڕۆژانی یەک شەممان بەخۆی و کەلەشە زەلام و قژە بژ و پەرێشانەکەیەوە، مەست و خومار، بە ناو کوچە وکۆڵانەکان دەکەوت. ڕێکردنێکی سەیری هەبوو، لەتۆ وایە لاق ناجولێنێ، یان پێی بە عاردی ناکەون. بەڵکو وەکو پەڵە هەورێک ڕێی دەکرد و گۆرانی بێ پەردەی دەچری. هەموو ڕێبواران لێی هەڵدەهاتن، هەندێکیان خۆیان بەپەنا و پاساراندا دەکرد وهەندێکی دی خۆیان بەم دوکان و بەو دوکاندا دەکرد، وەکو ئەوە بوو، جادە و بانەکان لە خەڵکی گسک بدەن..

دەم وچاوی شینباو، وەکو میزڵدان(فوودان) ئاوسابوو، چاوە زەقە قاوەییەکانی، بە شێوەیەکی ترسناک وکۆمیدی دەگێڕان. هەندێجار بەبێ هیچ سەدەمێکی دیار، هاواری دەکرد و دەکەوتە ناڵە وکەڵەگری و(گریانی بە کوڵ) دەیگوت:

- منداڵەکانم، کوا منداڵەکانم، لە کێدەرن؟

من لە داپیرەمم پرسی کەبۆ واهی دەکات، مەبەستی لەم قسانە چییە؟ نەنکم بە خەمینی و کەسەرەوە هەوەڵجار گوتی:- باش نییە، تۆ ئەو شتانە بزانیت!

بەڵام پاشان بە کورتی گوتی:

- ئەم ژنە، کاتی خۆی شووی بە پیاوێک کرد، کە فەرمانبەری دەوڵەت بوو، نێوی فورونوف بوو. بەڵام ئەم پیاوە، بە تەماحی بەرزبوونەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر، ژنەکەی بە سەرۆکی دایەرەکەی فرۆشت، ژنەی تاین بۆ ماوەی دوو ساڵێک دیار نەما، نازانم مێردە تازەکەی بۆ کوێی بردبوو! دوای دوو ساڵەکە ژنە بۆ لای مێردی یەکەمی گەڕایەوە، سەیری کرد هەر دوو منداڵەکەی – کوڕ و کچێک بوون – مردوون، ئیدی مێردەکەی بە پارەی حکوومەت خووی دابووە قومار، لە قومارا دۆڕابوو و خرابووە زندانەوە. ئیدی ژنەی داماو، بۆ ئەوەی خەم و پەژارەی خۆی لەبیر بکات، خووی دایە بادەنۆشی، ئیدی لەوساوە، دەستی داوەتە هەرزەیی وهەموو شەوانێکی یەک شەممان، پۆلیس، دەیگرن و لە گرتووخانەی تووند دەکەن.

هەڵبەتە ماڵ، لە کوچە وکۆڵان باشتر بوو. بە تایبەتی دوا نیوەڕوانم بەلاوە زۆر خۆش بوو، بابام دەچوو بۆ سەردانی خاڵە یاکوف وکارگەکەی، نەنکم لەبەر پەنجەرەکە ڕۆدەنیشت و حیکایەت و نەقڵ و نەزیلەی دڵگیری بۆ دەگێڕامەوە، یان باسی باوکمی بۆ دەکردم.

زۆر بە ئاو وتاو، باسی ئەو ڕەشۆڵە پەڕ وباڵ شکاوەی بۆ دەکردم کەلە چنگی پشیلەی ڕزگار کردبوو، لاقێکی چکۆلەی دارینی لەجیاتی لاقە بڕاوەکەی خۆی بۆ دروستکردبوو. دوای ئەوەی ڕەشۆڵەکەی مالیجە کردبوو، کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتبووە سەر کە فێری ئاخاوتنی بکات، هەندێجار بە سەعاتان لەبەردەم قەفەزەکەی، کەبە قەراخی پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوو، ڕادەوەستا، وەکو گیانلەبەرێکی زەلام و میهرەبان، لەبەردەم تەیرە چکۆلەکەدا دەوەستا وبەدەنگێکی ڕەسا، ڕیشۆڵە بەهۆشەکەی دەدواند و دەیگوت:

- دەی ڕیشۆڵە جوانەکە وەرە بەرەوە، بڵێ: تۆزێ هەرزنم بدەنێ!

ڕیشۆڵەکە، چاوە خڕ وگەش وجوانەکانی، کە وەکو چاوی بەشەر جوان بوون، دەبڕێتە نەنکم، لاقە دارینەکەی بە

زەمینەی قەفەزەکەدا دەکوتێت، ملی درێژ دەکات. لاسایی دەنگی پەڕەندەی هەنجیر خۆر وقومری و کۆترە باریکە دەکاتەوەو هەوڵ دەدات لاسایی میاوەمیاوی پشیلە و حەپەحەپی سەگ بکاتەوە، بەڵام هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەدەکاری لاسایی دەنگ و قسەی مرۆڤ بکاتەوە.

نەنکم، پێی دەگوت:

- واز لەو شتە بێهودانە بێنە! وەختی گاڵتە و شۆخیان نییە، دەی بڵێ: تۆزێ هەرزنم بدەنێ!

کاتێ ئەو مەیموونە پەڕدارە ڕەشە بە دەنگێکی گڕ لاسایی قسەکانی نەنکمی دەکردەوە، پیرەژن، خۆشحاڵ دەبوو، پێدەکەنی و تۆزێ هەرزنی دەخستە سەر قامکی و دەیدایە و بە گلەییەوە پێی دەگوت:

- هەی ناڕەسەن ، هەر من دەتناسم، دەمارت دەناسم! تۆ بە ئانقەست خۆت لە گێلی دەدەیت، دەنا ئەگەر خۆت مەیلت لێ بێ دەتوانی هەموو قسەیەک بکەیت!

بەوجۆرە فێری قسەکردنی کرد، دوای ماوەیەک پیرە ڕیشۆڵە فێری ئەوەبوو، بە ڕەوانی داوای هەرزن بکات. هەرجارێ

نەنکمی بدیبا هاوارێکی بۆ دەکرد، وەکو ئەوەی پێی بڵێت: سڵاو!

لەسەرەتاوە قەفەزەکەی لە ژوورەکەی بابامدا هەڵواسرابوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، لە ژوورەکەی بابامەوە، ڕەهەنەی ژوورەکەی ئێمە کرا. چونکە سەری دەکردە سەر بابام ولاسایی ئەوی دەکردەوە، هەرکە بابام دەستی بە نوێژ ونزاو وێرد خوێندن دەکرد، پیرە ڕیشۆڵە، دەندووکە زەردە مۆم ئاساکەی لە بەینی میلەکانی قەفەزەکەوە دەردێنا و هاواریدەکرد: -تیو، تیو، تیو... تڕ ڕ ڕ ڕ..

بابام، بەمە زۆر قەڵس دەبوو... وای لێکدەدایەوە کە گوایە گاڵتەی پێدەکات.. جارێک نوێژ و نزاکەی دەبڕێت و پێ بە عاردیدا دەکوتێت و بە تووڕەیی هاوار دەکات:

- ئەم دەعبایە لێرە ببە دەرەوە تا نەمکوشتووە!

لە ماڵەکەماندا، زۆر شتی سەیر وهەڤدژ هەبوو، شتی کۆمیدی، شتی خەمناک، بەڵام هەندێجار خەمێکی وەها سەر ودڵی دەگرتم، لەتۆ وایە، بارێکی زۆر قورس و تاقەت پڕوکێنم بەسەردا دراوە، یان دەتگوت ماوەیەکی زۆر لە ڕەشچاڵێکی قووڵ و تاریکدا هێڵراومەتەوەو چاو وگوێ

وهەموو هەستەکانم لە دەست داوەو بە نیوەگیانی تووڕ دراومەتە چاڵێکی بێ بنەوە..

## فەسڵی ( ٨ )

بابام، لە ناکاوا خانووەکەمانی بە خودان مەیخانەکە فرۆشت، خانوویەکی دیکەی لە شەقامی کاناتنایا کڕی، ئەم شەقامە، پاک وخاوێن وهێمن بوو، بەڵام سەلبەند و قیرتاو نەکرابوو، گیا دایپۆشی بوو، لەو سەرەوە دەگەییە سەر کێڵگە بەرینەکان، خانووی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ، لەم بەر ولەوبەری جادەکە ڕیز بووبوون.

خانووە تازەکەمان، لە خانووە کۆنەکەمان دڵگیرتر وجوانتر بوو، ڕوکارەکەی بە بۆیاخێکی سووری تۆخی ناسک بۆیاخ کرابوو، زۆر بە ڕوونی سێ پەنجەرە شینباوەکەی قاتی خوارەوە دیار بوو. چوارچێوەی پەنجەرەکەی قاتی سەرەوەش دیار بوو. بەدەستە چەپدا، لق وپۆپی درەختی ناروەن و زەیزەفون، سەربانەکەی داپۆشی بوو. بەڵام ناو حەوشە و باخەکە، پڕ بوو لە پەنا و پاساری چاک، دەتگوت بە تایبەتی بۆ  چاوشارکێ دروست کراون. من باخەکەم زۆر

بەدڵ بوو- ڕاستە گەورە نەبوو، بەڵام یەکپارچە دار و درەختی چڕ و جوان بوو کە هەموو سەریان بەیەکا کردبوو.

حەمام وسەرشۆرکەکە بە بچووکی، لە گۆشەیەکدا قوت بووبووەوە، لە دوورەوە لە بووکەڵە دەچوو. لە سووچێکی دیکەدا، چاڵێکی گەورە وقووڵ هەبوو، کە گیای خۆڕسک دایپۆشی بوو، دیرەکی دارینی ڕەش، کە پاشماوەی شەواتی حەمامێکی پێشووتر بوو، لە ناو چاڵەکەوە سەری دەرهێنابوو. باخەکە لە دەستی چەپەوە دەگەییە تەویلەکانی کۆلۆنیل ئوفزیانیکوف، لە دەستی ڕاستەوە، چەند بینایەکی بچکۆلەی ماڵباتی بیتلینگ دەوری دابوو. ڕووەکەی بەرانبەر ماڵەکەمان، ماڵی بتروفنای شیرفرۆش بوو. بتروفنا ژنێکی قەڵەوی ڕوخسار سووری، زۆر بڵێ بوو. ڕێک لە زەنگی کڵێسا دەچوو. خانووە چکۆلە کۆن و داڕوخاوەکە بە ئەرزەکەدا ڕۆچوو بوو، لە هەموو لایەکەوە خەنەتیلکە و قڕێژەبەرد دایپۆشی بوو، دوو پەنجەرەی هەبوو، دەیانڕوانییە ئەو دەشت ودەرە بەرینەی کە پڕ بوون لە کەند ولەندی قووڵ، جەنگەڵێک لە دووری دوورەوە وەکو تەم دیار بوو. ژمارەیەک سەرباز، لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لەو دەشت ودەرەدا، خەریکی مەشق وڕاهێنان بوون. نێزە

وقەمەی سەر تفەنگەکانیان، لەبەر تیشکی هەتاوی پاییزی خەمینا دەدرەوشایەوە.

ئەم خانووە، لە خەڵکانێکا جمەی دەهات کە من پێشتر هەرگیز نەم دیبوون. ئەفسەرێکی تاتاری، لەگەڵ ژنە چکۆلە و خڕەکەیدا لە بەشی پێشەوەی خانووەکەدا دەژیا.

ئەم ژنە لە بەیانیەوە تا ئێوارێ، هەر مژوول بوو، پێدەکەنی، هاواری دەکرد، گیتاری دەژەنی، گیتارێکی هەبوو، بە جۆرەها ڕەنگی جوان و نامۆ، ڕەنگاندبووی. بە دەنگێکی زیقاوڵە گۆرانی دەگوت و زۆربەی کات ئەم گۆرانیەی دەگوتەوە:

یارۆ من سەرم لە تۆ سوڕماوە

چۆن لەگەڵ ژنێکا هەڵدەکەی

کەخۆشی ناوێی؟

وەرە، یەکێکیدی بۆخۆت بدۆزەوە

یەکێک کە قەدرت بزانێ

یەکێک کە مدارات بکات.

مێردەکەی، کە کابرایەکی خریلەی تۆپ ئاسا بوو، زۆرجار لەبەر پەنجەرەکە دادەنیشت، بەدەم سەبیل کێشانەوە، هەردوو گۆنا شینباوەکانی بەرز دەبوونەوە، چاوە گەش و ئامال زەردەکانی بەم لاوبەولادا دەگێڕا و کۆکەکەی زۆر لە حەپەی سەگ دەچوو:- ئوحو، ئوحو، ئوح.

لە بینایەکی خۆشا، کە لەسەر ژێرزەمین و گەوڕەکە ڕۆنرابوو، دوو عەرەبانچی دەژیان. یەکێکیان پیاوێکی چوارشانەی قژ ماش وبرنجی بوو پێیان دەگوت هاپۆ بیوتر، بەڵام ئەوی دی برازای بوو، ناوی ستیپابوو، کەڕ ولاڵ بوو، کوڕێکی تۆکمە و زەلام بوو، دەم و چاوی سوور، لە کەشەفەیەکی مسین دەچوو. پیاوێکی دیکەشیان لەگەڵدا دەژیا، ئەم پیاوە تاتارێکی باڵابەرز بوو بە ناوی والی، موراسیل و خولامی کابرای ئەفسەر بوو.

ئەم خەڵکانە بۆ من، تازە و نائاشنا بوون. هەستم دەکرد، دنیایەکی دەوڵەمەندتر و فرە ڕەهەندترم لەبەردەما دەکرێتەوە.

بەڵام لەنێو هەموو کرێچییەکاندا، ئەوەی لە هەمووان پتر سەرنجی ڕاکێشامو ئەفسوونی کردم، پیاوێک بوو، بە

(جوانە!) ناوی دەرکردبوو. ئەم پیاوە لەوپەڕی بینایەکەدا و لە تەنیشت مووبەقەکەوە، ژوورێکی بەکرێ گرتبوو، ژوورەکەی ژوورێکی درێژکۆڵە بوو، دوو پەنجەرەی هەبوو، یەکێکیان دەیڕوانیە سەرباخەکە و دووەمیان دەیڕوانیە ناو حەوشەکە.

ئەم کرێچیە، پیاوێکی باریکەلەی، بڕێک چەماوە بوو، ڕدێنێکی ڕەشی دوو فلیقانەی هەبوو، هێندەی دی ڕوخسارە سپیەکەی بەرجەستە دەکرد، چاوی جوان بوون، جاویلکەیەکی گەورەی لە چاو دەکرد، بە گشتی پیاوێکی سەلار وبێدەنگ بوو، هەرکاتێ بۆ شێو یان چا خواردنەوە بانگمان بکردایە، وەڵامی دەدایەوە:

- ئەمە جوانە!

ئیدی داپیرەم، چ لە ڕوو و چ لە پاشملە بە "جوانە! " نێوی دەبرد. دەیگوت:

- ئەلکسی، هەڕە بە ( جوانە ) بڵێ با بێ بۆ چا خواردنەوە!

یان دەیگوت:- ( جوانە ) کەمێکی دیکەش بخۆ، هیچت نەخوارد.

ژوورەکەی پڕ بوو لە سەندووق و کارتۆن و کتێبی ئەستوور، کەبە پیتی بێگانە چاپ کرابوون و بۆم نەدەخوێنرانەوە. کون و قوژبنی ژوورەکەی پڕ بوون لە بوتڵی پڕی شلەمەنی ڕەنگاوڕەنگ و پارچە و خوردە مس و ئاسن و قوڕقوشمی تواوە. ئەم پیاوە ڕۆژ تا ئێوارێ چاکەتێکی چەرمی سوور وپانتۆڵێکی کەوەیی خانەخانەی بۆیاخاوی بۆن ناخۆشی لەبەربوو. کابرایەکی قژ گڤنی پەرێشان بوو. لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرێ، قورقوشمی دەتواندەوە، مسی لەحیم دەکرد، خوردەواتی بە تەرازووە هەستیار ومیقاتەکەی دەکێشا. ناوبەناو کە پەنجەی خۆی دەسووتاند، هاوارێکی لێ بەرز دەبووەوە و فووی لە پلی خۆی دەکرد، ئەوجا دەچوو بۆ لای ئەو وێنە ونەخشە ئەندازەییانەی کەبە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، چاویلکەکەی جوان دەسڕی، لە نزیکەوە تەمەشای دەکردن، ئەوەندە لێیان نزیک دەبووەوە، خەریک لووتە باریک و ڕاست و سپیەکەی بەریان بکەوێ. هەندێجار ڕێک لە ناوەندی ژوورەکەدا یان لە نزیکی پەنجەرەکەوە ڕەق ڕادەوەستا، بەو دەقەوە، چاوی دەنوقاندن، سەری

بەرزدەگرت و بێ کەمترین جووڵە، بۆ ماوەیەکی زۆر دەوەستا..

جارێکیان، سەرکەوتمە سەر سەربانە چینکۆکەکەی عەمارەکە، لەوێندەرەوەو لە پەنجەرە وازەکەی ژوورەکەی ئەوەوە، تەمەشای ناو ژوورەکەم دەکرد، دەمویست بزانم خجڵی چییە... لەوێندەرەوە ئەو گڕە شینباوەم بەدی دەکرد، کە لە لۆکسەکەی سەر مێزەکەوە بەرزدەبووەوە. کابرام دەبینی کە وەکو تاپۆیەک بەسەر مێزەکەدا دانەوی بووەوە و، دەفتەرێکی شڕی لەبەردەم خۆیدا دانابوو و شتی تیا دەنووسی، چاوانی عەینەکەکەی، وەکو دووپارچە سەهۆڵ لەبەر ڕۆشنایی گڕە شینباوەکەدا بە ساردی دەبریقانەوە.

کارە سەیرەکانی ئەم پیاوە، بە سەعاتان لەو سەربانەیان دەچەقاندنم، حایرو حەپەساو لە جێی خۆ نەدەجووڵام، کونجکاوییەکی بە ئازاری لا دروست دەکردم... هەندێجار دەهات لە بەر پەنجەرەکەدا ڕادەوەستا، دەستی دەخستەپشتی – دەتگوت وێنەیەکە ولە چوارچێوە گیراوە – ڕێک دەیڕوانییە سەربان، بەڵام پێدەچوو من نەبینێ، بەمە پەست دەبووم. پاشان بلەز بۆلای مێزەکەی دەگەڕایەوە،

بەسەر مێزەکەدا دادەنەوییەوەو زۆر بە جدی وەکو ئەوەی بۆ شتێکی گرینگ بگەڕێت، پەڕە و فایلەکانی هەڵدەدایەوە.

ڕەنگە ئەگەر هەندێک دەوڵەمەندترو پۆشتە وپەرداختر بوایە لێی بترسابام. لێ هەژار و بێنەوا بوو، یەخەی کراسە چرچ ولۆچ وچڵکن وپلکنەکەی لەژێر چاکەتە چەرمەکەیەوە، زەق زەق دیار بوو. پانتۆڵە پینەپیناوی و بۆیاخاویەکەی، پێڵاوە کون کون و شڕ وشپڕێوەکانی، هی لەپێ کردن نەبوو، قامکی پێیەکانی لە کونی پێڵاوەکانیەوە سەرەتاتکێیان دەکرد. خەڵکی هەژار نە ترسناکن و نە خەتەرن - ئەم بۆچوونەم لە ڕەفتاری میهرئامێزی نەنکمەوە بەرانبەر بە هەژاران و لە ئەنجامی ڕقی بابامەوە لە هەژاران، بەرەبەرە لەلا دروست بووبوو.

خەڵکی، بینا وئەپارتمانەکە، شتاقیان کابرای (جوانە!) یان خۆش نەدەویست. لە پاشملە گاڵتەیان پێدەکرد، تانە و تەشەریان لێدەدا.

ژنە شەنگوڵ و سوعبەتچیەکەی کابرای ئەفسەر ناوی نابوو ( دفناک ) هاپۆ بیوتر پێی دەگوت " کیمیاگەر، یان جادووگەر " بابام بە " دەرمانسازی جادووگەر "' ی ناو دەبرد.

جارێکیان لە نەنکم پرسی:- ئەم کابرایە چ دەکات؟

نەنکم، بە تووڕەیی بەرسڤی دامەوە:

- ئەوە ئیشی تۆ نییە... بێدەنگ بە، قسەی خۆت بزانە.

ڕۆژێک، زاتم نایە بەرخۆم، لە پەنجەرەکەی نزیک بوومەوە. لە کاتێکا هەوڵمدەدا سۆز وگودازی خۆم پەنهان بکەم لێم پرسی:- تۆ چیدەکەیت؟

غافڵگیر بوو، ڕاچڵەکی، ماوەیەکی زۆر لە سەرووی چاویلکەکەیەوە تێی ڕوانیم، دەستە سووتاوەکەی کە یەکپارچە برین و جێ سووتان بوو، بۆ درێژ کردم و گوتی:

- وەرە ژوورەوە. لێرەوە وەرە ژووری..

هەڵبەتە کە پێشنیازی کرد، لە پەنجەرەکەوە وەژوور بکەوم نەک لە دەرگاکەوە، قەدروحورمەتی ئەوی لەلام بەرزتر کردەوە. لەسەر یەکێک لە سەندووقە پەراگەندەکان دانیشت، منی لە بەردەم خۆیدا ڕاگرت، جارێک لە خۆی دوور دەخستمەوە و جارێ دووری دەخستمەوە. ئەنجام بە ئەسپایی لێی پرسیم:

- لەکوێوە هاتیت؟

پرسیارێکی زۆر سەیر بوو، ڕۆژی چوارجار لە تەنیشت ئەوەوە، لە سەر سفرە و خوانی مووبەقەکە، بۆ نانخواردن دادەنیشتم! بەرسڤم دایەوە:- مندالّی ئێرەم.

- ئا، بەلّێ، بەلّێ!

ئەوجا بە بێدەنگییەکی قووڵ، لە یەکێک لە قامکەکانی ڕاما.. هەستم کرد، پێویستە، مەسەلەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە و بە تەواوەتی تێی بگەیەنم، گوتم:

- بەلاّم لە بنەمالّەی کارشین نیم- من لە مالّباتی بشکوفم... ئەلکسی بشکوف.

ناوەکەی دووبارە کردمەوە:- بشکوف! ئەلکسیبشکوف؟ جوانە.

منی لادایە لاوە، هەستا، بلەز بەرەولای مێزەکە ڕۆیی و گوتی:

- دەی، دانیشە، ئاقڵ بە، هەرا وزەنا نەکەیت.

ماوەیەکی زۆر لەوێندەر ڕۆنیشتم، ماوەیەکی زۆر درێژ، تەمەشام دەکرد، چۆن پارچە مسێکی بە ماشەیەکی بچووک گرتبوو و لە بڕبەندی دەدا، وەختێ لەو کارە بووەوە، خاکەی سووری زێڕ ئاسای پارچە مسەکەی، کە ڕژابووە، سەرپارچە

مقەوایەکی ئەستوور، کۆکردەوەو کردیە بۆتە وقاڵبێکی ئەستوورەوە، ئەوجا بۆ درەیەکی سپی وەکو خوێی لە شووشەیەک دەرهێنا و کردی بەسەریا، ئەنجام شتێکی دیکەی لە شووشەیەکی لێڵ و تاریک دەرهێنا و کردی بەسەر ئەو تێکەڵەیەی ناو بۆتەکەدا، ئیدی ناواخنی بۆتەکە کەوتە کەفکردن و دووکەڵ کردن و هەڵچوون، بۆنێکی ناخۆشی لێبەرز بووەوە، کەوتمە کۆکەکۆک و سەرەلەقێ. ئەوسا یارۆی جادووگەر، بەخۆ پەسندییەوە گوتی:- بۆنی ناخۆشە، ها؟

- بەڵێ!

- ئەها! ئەمە جوانە برادەر، ئەمە زۆر جوانە!

من لە دڵی خۆدا گوتم: " ئەمە شتێک نییە، شانازی پێوە بکرێت " .

گوتم:- مادام بۆنی ناخۆشە، ئیدی چاکی و جوانیەکەی لە چیدایە!

چاوێکی داگرت و گوتی:

- بەڕاستتە؟ نا، وانییە! گەمەی جگێن ( جگانێ، میچێن ) دەزانی؟

- بەڵێ.

- حەزدەکەیت میچێکی قورقوشمینت بۆ دروستبکەم؟ ئیدی کەس لێت ناباتەوە!

- هەڵبەتە، حەزدەکەم.

- کەواتە، کوا میچەکەتم وێدە!..

بۆتەکەی، کە دووکەڵ وهەڵمی لێهەڵدەستا، بەدەستەوە گرت و دووبارە بۆلای من هات. بە چاوێک سەیری ناو بۆتەکەیدەکرد و گوتی:

- بەڵێنم دەدەیەکە میچەکەم ( قاپ ) بۆ لە قورقووشم گرتیت، تۆش ئیدی بۆ ئێرە نەیەیت؟

ئەو قسەیەم زۆر لەلا ناخۆش بوو گوتم:

- پێویست ناکات میچەکەم بۆ لە قورقوشم بگریت، بەبێ ئەوەش ئیدی بۆ ئێرە نایەم!

بە تووڕەیی ودڵشکاوی بۆ ناو باخەکە ڕۆیشتم.. بابام خەریک بوو پەینی بەژێر دارسێوەکانەوە دەکرد. دنیا پاییز بوو، دەمێ بوو خەزان وگەڵاڕێزان دەستی پێکردبوو. بابام مقەستەکەی دایە دەستم گوتی:- کوا، ئەو تووتڕکانە پەرچ بکە..

پرسیم:- ئەرێ ئەو کابرایە، یارۆی "جوانە!'چی دەکات؟

بە تووڕەیی بەرسڤی دایەوە:

- ژوورەکە وێران دەکات، پارکێتی (ژوورێک تەختەپۆشکرابێ)، ژوورەکەی سووتاندووە، دیوارەکانی پیس کردووە، لە هەندێ شوێنەوە لەزگەی قەد دیوارەکەی دڕاندووە. فایدەی نییە، ئاگاداری دەکەمەوە کەبە زووترین کات ژوورەکە چۆڵ بکات..

من بەدەم پەرچکردنی چڵە وشکەکانی تووتڕکەکانەوە گوتم:
- هەقی خۆیەتی.

بەڵام، لەو قسەیەمدا پەلەم کرد.

ئەو شەوانەی باران بوایە، کە بابام دەچوو بەلای هەندێک کاروباری خۆیەوە، نەنکم لە مووبەقەکەدا کۆڕوئاهەنگێکی

خۆشی بەرپا دەکرد... هەرهەموو دەرو دراوسێکانی، بێئەوەی شتاقیان بپەڕێنێت دەعوەت دەکرد، عەرەبانچیەکان، خولامەکەی یارۆی ئەفسەر، بتروفنای هەرزە، تەنانەت ژنە شەنگولەکەی ئەفسەرەکەشی دەعوەت دەکرد، هەموو ئەوانە دەهاتن، کابرای " جوانە! " ش دەهات، لە سووچێکی کوورەکەوە، بە بێدەنگی هەڵدەکوڕما و جوولەی نەدەکرد. ستیپای لاڵ، لەگەڵ والی تاتاریدا کۆنکانی دەکرد، والی هەندێجار وەرەقەکانی بەدەم و لووتە پانەکەی ستیپادا دەکێشا و هاواری بەسەردا دەکرد:- تۆ، پیرەمێرد، گرەوت لە شەیتان بردووەتەوە!

هاپۆ بیوتر، کولێرەیەکی گەورەی گەنم ودەفرێکی فەخفوری گەورەی تەژی مرەبای تووترکی لەگەڵ خۆیدا دێنا... کولێرەکەی تیکەتیکە دەکرد و سەخاوەتمەندانە مرەبای بە هەر تیکەیەکدا دەکرد وبەسەر یەک بە یەکی ئامادەبووەکاندا دەیبەشییەوە. نانەکەی دەخستە سەر هەردوو دەستی، دەگەییە ئاستی هەر کەسێک ئیکلامێکی دوورودرێژی دەکرد و دەیگوت:- فەرموو، نمەکمان بکە، پاروویەک لەم شتە بخۆ!

زۆر بە میهرەبانی خوڵکی دەکردن، هەرجارێ کەسێک نانەکەی هەڵبگرتایە، هاپۆ بیوتر، بە وردی تەمەشایەکی ناو لەپە ڕەشەکەی خۆی دەکرد، ئەگەر دڵۆپە مرەبایەکی پێوە بدیتبایە، خێرا بە زمان دەیلستەوە.

بتروفنا، بوتڵێک شەرابی ئاڵوباڵوی خۆماڵی لەگەڵ خۆیا دێنا، ژنە شەنگوڵ و ڕووخۆشەکەش، هەندێ گوێز وشیرنیەمەنی لەگەڵ خۆیدا دێنا، ئەوسا میوانداری و زیافەتەکە دەستی پێدەکرد، نەنکم بەوپەڕی خۆشحاڵی و دڵخۆشییەوە سەرپەرشتی دەکرد.

دوای ئەوەی یارۆی "جوانە! " هەوڵی ئەوەی دا بە بەرتیل لەخۆیم دوور بخاتەوە، بە ماوەیەکی کەم نەنکم، یەکێک لەو شەوبێریانەی بەرپا کرد. بارانی پاییزی خەمناک، بێ وچان دەباری و خرمەخرم لە عاردی دەدا، بایەکی توند هەڵی کردبوو، دەیلوراند و خۆی بە لق وپۆپی درەختەکاندا دەدا ولقی درەختیش خۆیان بە دەر ودیواراندا دەکێشا. ناو مووبەقەکە گەرم بوو، خەڵکەکە، بە خۆشحاڵییەوە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون. نەنکم لە جاران دڵخۆشتر

ودڵاواتر بوو، حیکایەت لە دووی حیکایەتی دەگێڕایەوە، حیکایەت لە حیکایەت خۆشتر.

لە قەراخ کوورەکە دادەنیشت، هەردوو لاقی شۆڕدەکردنەوەو لەسەر یەکێک لە پلەکانی کوورەکەی دادەنان. ڕوو دەکاتە خەڵکەکە، کە تیشکی چرایەک ڕوخساری ڕوناک کردوونەتەوە. هەرجارێک دڵی خۆشبایە، لەو شوێنەدا دادەنیشت و خۆی بۆ گێڕانەوەی حیکایەتان ئامادە دەکرد و دەیگوت:

- حەز دەکەم لەم شوێنە بەرزەوە قسان بکەم. وا خۆشترە!

من لەبەر پێی ئەودا دانیشتم، ڕێک لەسەر ئەو پلەیەی سەرووی یارۆی " جوانە! " وە. نەنکم ئەمجارەیان چیرۆکی " ئیڤانی جەنگاوەر و میرونی ڕەبەن "ی دەگێڕایەوە، کەبە ڕاستی چیرۆکێکی زۆر جوان بوو، پەیڤ و وشە و قسەکانی هێندە هاوئاهەنگ و بەڕیتم و دڵنەواز بوون، لە تۆ وایە شیعرن.

ڕۆژێ لە ڕۆژان، عەیامێ بەو عەیام، سەرکردەیەک هەبوو، شەڕانی، ناوی گوردیون بوو. کابرایەکی دڵڕەش و دڵڕەق و بێ ئینساف بوو، لە هیچ تاوانێک نەدەپرینگایەوە. ڕقی لە

دۆست ودۆستایەتی بوو، ڕەحم و بەزەیی لە دڵدا نەبوو، وەکو چۆن مشکە کوێرە، لە ژێر ئەرزا دەژی وهەرگیز ڕوناکی نابینێ، ئەویش بەو ئاوایە لەناو جەرگەی خراپەدا دەژیا، بەبێ تاوان و خراپە هەڵی نەدەکرد. ئەم گوردیونە، ڕقی دنیای لە ڕەبەنێکی خواناسی بەدین بوو بە ناوی میرون. میرون پیاوێکی بێوەی بوو، بۆخۆی دوور لە خەڵکی لە دەشت ودەر دەژیا. ئەم میرونە پیاوێکی ئاشتیخوازو بێوەی، میهرەبان و دلۆڤان، ڕاستگۆ و خێرخواز بوو. چاکەی دەکرد و دەیدا بەدەم ئاوەوە، لەکەس نەدەترسا. لە هەموو شتێک بێ منەت وبێباک بوو. ڕۆژێک گوردیون، خزمەتچیە، دلێر و بەوەفاکەی خۆی، ئیڤانوشکای بانگکرد و پێی گوت:

- ئیڤانوشکا، هەڕە ئەو پیرەمێرە، میرون بکوژە، ئەو پیرەمێرە لە خۆباییە سەر ببڕە، بێ چەند وچوون لە ملی بدە، بە ڕدێنە سپیەکەی هەڵی بگرەو بۆمی بێنە، تا دەرخواردی تاژیەکانمی بدەم.

ئیڤان، گوێڕایەڵ وملکەچ کەوتەڕی، بەدەم ڕێوە لە دڵی خۆدا دەیگوت ودەیگوتەوە: من بە حەز و ئارەزووی خۆم، بە خوایشتی خۆم نارۆم، ناچاری دەمبات، ناچاری هەموو

کارێک بە پیاو دەکات. دیارە خودا ئەمەی لە چارە نووسیوم. ئیڤان شمشێرەکەی لەژێر کراسەکەی شاردەوە. گەییەلای پیرەمێرەکە، ئیکلامێکی بۆ کرد، گوتی:

- سڵاو ئەی پیرەمێری دروستکار، حاڵت چۆنە؟ ئایا خوا هێشتا هەر لە گەڵتا بە لوتفە، دەتپارێزێ؟

پیرەمێردی دانا بزەیەکی بۆ کرد... ئەوسا بە کاوەخۆ گوتی:

- ئیڤان بەسە، درۆم لەگەڵ مەکە، بە بێژنگ بەری ڕاستی نایەتە گرتن! خودا، ئاگای لە هەموو شتێکە. خراپە وچاکە لەدەستی خۆیدایە! منیش زۆر بە دڵنیاییەوە دەزانم بۆچی بۆلای من هاتوویت، ئاگام لە نیازە گڵاوەکەت هەیە!

ئیڤانوشکا، لەهەنبەر یارۆی پیرەمێردا، شەرمەزار بوو، بەڵام نەدەوێراش، دەستوورەکەی گوردیون جێبەجێ نەکات. شمشێرەکەی لە کێلانە چەرمەکە دەرهێنا، دەمەکەی بە جلەکانی پاک کردەوەو گوتی:

- میرون، من دەمویست خاترت بگرمو بە جۆرێ بتگوژم کەنە شمشێرەکەم بدینی و نە بەنیاز و نیەتە شەڕانییەکەم بزانیت. بەڵام ئێستا کە پەیت بە هەموو شتێک بردووە، ئەی

پیرەمێرد، بکەوە سەرچۆکان و دوا نوێژی خۆت بکە. دوعای خێر، بۆمن، خۆت و هەموو تیرەی بەشەر بکە و کە لێ بوویتەوە هەنگێ لە ملت دەدەم.

میرونی پیرەمێرد کەوتە سەر چۆکان. ڕێک لە ژێر نەمامە بەڕوویەکدا بەچۆکا هات، دار بەڕووەکە، سەری بۆ فرو هێنا، لق و پۆپەکانی بەسەریا دا. پیرەمێرد بزەیەکی کرد وگوتی:

- ئیڤان، ئیڤان! دەبێ زۆر چاوەڕوان بکەی، چونکە نوێژ ونزا لە پێناوی ڕزگاری تیرەی بەشەردا، زۆر دوور و درێژە! وا چاکە، بۆ ئەوەی کاتی خۆت بە فیڕۆ نەدەیت، یەکسەر بمکوژە و ببڕێتەوە و بەکام ڕێگادا هاتوویت بەهەمان ڕێگادا بگەڕێوە!

ئیڤان تووڕە بوو، نێوچاوانی تێکنا، بەوپەڕی گەوجیەتی وەڵامی پرەمێردی دایەوە:

- شتی وانییە، قسەی من یەکە ونابێ بە دوو! کەواتە نوێژی خۆت دابەستە، ئەگەر یەک سەدەشت پێبچێ، هەر چاوەڕوانت دەکەم.

یارۆی ڕەبەن، تا خۆرئاوا، تا دنیا تاریک بوو هەر نوێژی کرد. پاشان لە شەوێوە تا بەرەبەیان نوێژ ونزای کرد. دیسان لە سپێدەوە تا شەوێ هەر نوێژی کرد، لە هاوینەوە تا بەهار نوێژی کرد... ساڵان هاتن وچوون، ئەو هەر لە نوێژ و نزایان نەبووەوە. نەمامە بەڕووەکە گەورە بوو، خەریک بوو سەری لە هەوران دەسوو، بەرەکەی ڕژایە دەروروبەری وجەنگەڵ و بێشەیەکی چڕی لەدەور دروست بوو، یارۆی ڕەبەن هێشتا هەر لە نوێژ و نزا نەبووبووەوە، و تاکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە.

لە ناوجەرگەی بێشەکەوە، بێ ماندوو بوون، نوێژ دەکات، لە مریەمی پاکیزە دەپاڕێتەوە یارمەتی تیرەی بەشەر بدات، ڕەحم بە هەموو خەڵکیدا بکات، ئیڤانی جەنگاوەریش لە نزیکیەوە ڕاوەستاوە. لە مێژە شمشێرەکەی لە دەم کەوتووە، بووە بە خۆڵەمێش وژەنگ تێیداوە. جلە جوانەکانی لەبەریا ڕزیون، بە درێژایی زستان و هاوین، بە ڕووت و قووتی ڕاوەستاوە، گەرمای هاوین دەیەوێ وشکی بکاتەوە، بەڵام وشک نابێتەوە. خەم و پەژارە دەوریی داوە، بەڵام نایکوژێت، نە گورگ ونە ورچان خۆ لەقەرەی نادەن، نە زریان ونە بۆران کاری تێدەکەن و نە سەرما و سەهۆڵبەندان

دەیکوژێ، توانای نییە لە جێی خۆی ببزوێ، نە دەکارێت دەستێک بەرز بکاتەوەو نە وشەیەک بدرکێنێ.. ئەمە سزایەک بوو بۆ ئەو، تا بە ئەمر و ڕای شەڕانی و ستەمکار نەکات. بەڵام نوێژ ونزاکانی پیرەمێردی دروستکار، لەبەر خاتری ئێمەی گوناحکار، ئێستاش بەرەولای خوا بەرزدەبێتەوە، وەکو ئەو جۆگایەی بەرەو دەریاو ئوقیانووسەکان دەڕوات!

***

هەر لە هەوەڵی چیرۆکەکەوە، هەستم کرد کابرای ( ئەمەجوانە ) زۆر پەست و نیگەرانە. دەستەکانی بە شێوەیەکی سەیر دەلەرزین. زووزوو چاویلکەکەی دادەکەنێت و دووبارە لەچاوی دەکاتەوە. دەگەڵ ڕیتمی قسەکانی نەنکمدا، سەری دەلەقێنێ و بە قامکەکانی، چاوەکانی هەڵدەگڵۆفێ، سەیری ئەم لا و ئەولا دەکات، بە پەلە وبە ناولەپ هەنیە وگۆناکانی، وەکو ئەوەی ئارەقەیەکی زۆری کردبێتەوە، دەسڕی. هەریەکێ لە ئامادەبووان جوڵابوایەوە، یان کۆکی با، یان پێی بە عاردیدا بدایە، یارۆی " ئەمە جوانە! " هەڵیدەدایێ:- وس! س... س..

هەرکە داپیرەم لە حیکایەتەکەی بووەوە، یارۆی " جوانە! " بەوپەڕی هەڵچوونەوە لەجێی خۆی ڕابوو، بەدەم دەست تەکاندانەوە، بەناو مووبەقەکەدا کەوتە هات وچۆ، بە شێوەیەکی نائاسایی بەدەوری نەنکمدا دەسووڕایەوەو لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- ئەمە جوانە! ئەمە جوانە! پێویستە بەهەر شێوەیەک بووە، بنووسرێتەوە! ئەمە زۆر ڕاستە و... ڕووسی تەواوە!

ئیدی هەموو بە ئاشکرا دەیانبینی کە دەگری، چاوانی تەژی ڕوندک دەبوون، ڕوندک وەکو سێڵاوێکی بچووک بە گۆناکانیا دەهاتە خوارەوە. دیمەنی ئەم پیاوە کە بە هەشتاو و بەشێوەیەکی کۆمیدی بە نێو مووبەقەکەدا دەهات ودەچوو، زۆر سەیر و خەمناک بوو. دەیویست لاقی عەینەکەکەی بخاتە پشت گوێیەکانی بەڵام نەیدەتوانی. هاپۆ بیوتر تەمەشای دەکرد و پێدەکەنی، ئەوانی دی هەموو حایر وحەپەساو، پەشیو و پەرێشان، خامۆش بووبوون.

نەنکم بلەز گوتی:

- دەی باشە، ئەگەر حەزدەکەی برۆ بینووسەوە، ئەمە هیچ گوناحێکی تیانییە! من زۆرم لەم حیکایەتانە لەلایە!

کابرای "ئەمە جوانە!" بە هەڵچوونەوە گوتی:

- ئاه، نەخێر! دەبێ تۆمار بکرێت، چونکە ئەمە چیرۆکێکی ڕووسییە، زۆریش ڕووسییە!

لەناکاوا، لە ناوەڕاستی مووبەقەکەدا وەستا، بەدەنگێکی بەرز کەوتە ئاخافتن، دەستی ڕاستی دەجوڵاندو، عەینەکەکەی بەدەستی چەپی، کە دەلەرزی، گرتبوو. ماوەیەکی زۆر بە جۆش وخرۆشەوە ئاخفی، ناوبەناو ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا. پێی بە عاردیدا دەکوتا، دەیناڵاند، چەندین جار هەمان ئەم پەیڤانەی دووبارە و چەند بارە کردەوە:

- نەخێر! نەخێر! ئەمە تاوانێکی گەورەیە، پیاو، ئەمر ودەستووری کەسێکی دی بکات بە بیانووی تاوان، ناکرێ پیاو خۆی لە پشت ویژدانی کەسێکی دییەوە بشارێتەوە!..

لەناکاوا، دەنگی بڕا، نیگایەکی هەموو ئامادەبووانی کرد، سەری داخست وبە ئەسپایی ڕۆیی. ئامادەبووان بە نیگەرانی و شەرمەزارییەوە تەمەشای یەکیان کرد، نەنکم لە جێی خۆی جوڵاو کەوتە بەر سێبەری کوورەکە و گوێم لێبوو، ئاهێکی کەسەرداری هەڵکێشا.

بتروفنا، بەدەست لێوە ئەستوور و سوورەکانی سڕی و پرسی:

- چی بوو، توورە بوو، تۆرا؟

هاپۆ بیوت بەرسڤی دایەوە:

- نەخێر! هەر لە خۆیەوە ئەو قسەیەی کرد، ئیدی ئەوە عادەتیەتی!

نەنکم لە سەر کوورەکە هاتەخوارێ، بەبێدەنگی سەماوەرەکەی داگیرسانەوە... هاپۆ بیوتر، بەکاوەخۆ گوتی:

- ئیدی ڕۆشنبیران و خانەدانان ئەوە عادەتیانە، خەڵکانێکی بە بیانوو و تۆرینوکن!

والی، کە چارەی دابوو بە یەکدا، گوتی:

- ئیدی تەنیایی و بێ ژنی، ئەم گەوجاتیانەشی لێدەکەوێتەوە.

هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا.. هاپۆ بیوتر لەسەری ڕۆیی:

-دیتتان، چۆن دەگریا؟ حیکایەتەکە گریاندی... وادیارە کابرایەکی بێ شانسە.

جەوی مووبەقەکە تەحەموول نەدەکرا. خەمێکی ترسناک سەرودڵی گرتم. سەرم لە یارۆی " ئەمە جوانە! " سوڕما. زۆرم بەزەیی پێیدا هاتەوە، دڵم بە حاڵی دەسووتا، تاکو ئێستاش چاوە بە ڕوندکەکانیم لەبەرچاوەو لە یادگەمدا نەخش بووە.

ئەو شەوەی لە ماڵەکەدا ڕۆژ نەکردەوە، ڕۆژی دوایی، پاش فراقین زقڕییەوە. زۆر بێتاقەت و پەشیوحاڵ و خەمبار دیاربوو.. بە شێوەیەکی منداڵانە وپاڕانەوە ئامێزەوە بە نەنکمی گوت: - دوێشەو، کەرێتییەکی باشم کرد، خۆ لێم زویر نیت؟

- لەسەرچی؟

- چونکە من نابەجاییم  کرد، خۆم لە شتێک هەڵقورتاند، پەیوەندی بەمنەوە نەبوو، چەنەبازی و حەماقەتێکی زۆرم کرد.

- نا، تۆ دڵی کەست نەڕەنجاند، کەست عاجز نەکردووە.

هەستم کرد، نەنکم لێی دەترسێت، وەکو جاران ڕاستەوخۆ تەمەشای سەر وچاوی ناکات. زۆر بە هێواشی قسەی لەگەڵدا دەکات.

یارۆی " ئەمە جوانە! " تەواو لە نەنکم نزیک بووەوە، بە زمانێکی سادە وڕوون گوتی:

- تۆ بەخۆت دەزانی، من بە تەنیا دەژیم، هیچ کەس و هاودەمێکم لە دنیادا نییە... مرۆڤ، کە ماوەیەکی زۆر بە تەنیا بژی و کەسێک نەبێ گرێی دڵی خۆی بۆبکاتەوە... هەندێجار، هەڵدەچێ، وەکو جامێک سەرڕێژ بێت، دەیەوێ، ئەوەی لە دڵ و دەروونیا پەنگاوەتەوە، هەمووی بەجارێ هەڵڕێژێ... دەنا وەکو مەنجەڵی بوخار، زیاد لە پێویست بکوڵێ، دەتەقێ... بۆیە مرۆڤ، لەو ساتانەدا ئامادەیە لەگەڵ داروبەردا باخفێ..

نەنکم لێی دوور کەوتەوەو گوتی:- باشە بۆ ژنێک نایەنێت؟

کابرا دەستێکی هەڵتەکاند، ئاهێکی هەڵکێشا و بە نارەزاییەوە ڕۆیی..

ئەنکم، برۆکانی وێکهێنانەوە، لە دواوە تەمەشای کابرای دەکرد کە دەڕۆیی، ئەنکم تۆزێ بڕنووتی بە کەپوویدا کرد، ئاوڕێکی لەمن دایەوەو بەجدی گوتی:

- ئاگات لەخۆبێ زۆر بەدەوری ئەم پیاوەدا نەیەی، مەگەر هەر خوا بزانێت چۆن بەشەرێکە.

بەڵام، شتێکی پەنهان، بەبەردەوامی بۆلای ئەوم ڕادەکێشێت.. کەبە ئەنکمی دەگوت: " تۆ بەخۆت دەزانی من بە تەنیا دەژیم، هیچ کەس و هاودەمێکم لە دنیادا نییە... " ئەو گۆڕانەم بەدی کرد، کەبەسەر ڕوخساریا هات. لە مانای ئەو قسانە تێدەگەیشتم، کاریان لە دڵم کرد، چووم بۆلای.

لە پەنجەرەکەوە تەمەشای ناو ژوورەکەیم کرد، خۆی لەوێ نەبوو ژوورەکەی داڕژاوو داپژاو، پڕ بوو لە شتی بێ کەڵک، ژوورەکەش وەکو خاوەنەکەی شپرزە و بێ سەروبەر بوو. چووم بۆناو باخەکە، سەیرم کرد، لە سەر کۆتەرەدارێکی ڕەش هەڵگەڕاو،کە کاتی خۆیلە شەواتێکدا سووتابوو، دانیشتووە، پشتی چەمابووەوە، هەردوو ئانیشکی نابوونە سەر ئەژنۆکانی، هەردوو دەستی تێک ئاڵاندبوو و نابوونیە پشت ملی، کۆتەرە دارەکە پیس بوو، دڕک وداڵ و هەژگ و

بژاڵ دەوری دابوو، سەرێکی بەرز بووبووەوە. کابرا بە ناڕەحەتی لەوێ دانیشتبوو. زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە، ئەم دیمەنە هێندەی دی، بۆلای کابرای ڕاکێشام..

ماوەیەکی زۆر، بە چاوە قووڵ ولێڵەکانی تێی ڕوانیم، بەڵام پێدەچوو من نەبینێت. پاشان لە ناکاوا بە بێزارییەوە گوتی:
- لەدووی من هاتوویت؟

- نەخێر!

- ئەدی بۆچی هاتوویت؟

- هیچ، هەروا.

چاویلکەکەی داکەن، بە دەستەسڕێکی پڕ لە پەڵەێن ڕەش و سوور سڕی وگوتی:

- وەرە ئێرە، خۆت هەڵدەخوارێ و وەرەئێرە.

کەلە لایەوە دانیشتم، باوەشی پێدا کردم وگوتی:

- لێرە دانیشە، بۆخۆمان دادەنیشین و هیچ قسەیەک ناکەین باشە؟

گوتی:- وادیارە تۆ کوڕێکی سەرسەختیت!؟

- بەڵێ!

- جوانە!

ماوەیەکی زۆر بە بێئەوەی ورتەمان لێوە بێت، لەوێندەر دانیشتین. ئێوارەیەکی کڕوکپ و بێ سەر وسەدا بوو، یەکێک بوو لەو پاییزە ئێوارە خەمناکانەی، کە گوڵان بە بەرچاوتەوە پەژمردە دەبن و وشک دەبنەوەو دەوەرن. و زەوی هەموو بۆن و بەرامەیەکی هاوینەی خۆی بە ڕێدەکات، بەرەبەرە شێ و نم هەڵدێنێ و دنیا ساف و ڕوناک دەبێتەوەو قەلەرەشان بە ئاسمانی ئاڵ و سووورباوەوە، دەسووورڕێنەوە و هەزار و یەک ئەندێشەی خەمگین، لە خەیاڵی مرۆڤدا دروستدەکەن، هەموو شتێک کڕوکپ و بێدەنگە. هەر دەنگێکی بچووک، هەر وەرینی گەڵایەک، هەر باڵ لێکدانی باڵندەیەک، بە جۆرێ لە گوێدا دەنگ دەداتەوە، ناچار دەبێت ئاوڕێکی پرسیار ئامیز بدەیتەوە. بەڵام دوای ئەو ڕاچەنینە، هەموو شتێک لە بێدەنگیەکی قوولا غەرق دەبووەوەو دنیا تەواو خامۆش دەبووەوە.

ئەوساتە جوانانە بیرو وخەیاڵی پاک وبێگەردی ئەوەندە تەنک وناسکیان لێدەکەوێتەوە، کە بە وشە وپەیڤان نایەنە

دەربڕین، تەنک وەکو داوی جاڵجۆڵۆکە، زەحمەتە پیاو بکارێت، ڕاویان بکات و لە قاڵبی وشەیان بدات. وەکو ڕاخشینی ستێران بەپەلە هەڵدێ وئاوا دەبێت. ئیدی یان خەم و پەژارە دەخاتە دڵان، یا دڵ خۆش دەکات، یان نیگەرانی دەکات. لەم ساتانەدا، پیاو کەسایەتی خۆی دەدۆزێتەوەو بە درێژایی ژیان دەستبەرداری نابێت.

خۆم لە هەمێزی کابرا خزاندبوو، لە نێوان لق وپۆپی دار سێوە ڕەشەکەوە، دەمانڕوانیە ئاسمانی سووورباو، زەقیقەیەکمان ( جۆرە تەیرێکە ) بینی، بەرز دەبووەوە و دادەکشا، سوهرە ( جۆرە تەیرێکە ) لە ئەڕقیتونێک ( گیای باوە ئادەم ) وڕکا بوو، بۆ ناوکی تەڕ دەگەڕا!

هەوری نزم، بە پەراوێزی ئاسۆی سوور و ئاڵەوە بە سەر کێڵگەکانەوە بەرەولای مە دەهات، پۆلی قەلەڕەشان بەژێر هەورەکەدا، بەرەو هێلانەکانی خۆیان کەلە گۆڕستانەکەدا کردبوویان، دەڕۆیشتن. هەموو ئەم دیمەنانە جوان و شیرین بوون، لەتۆ وایە جلێکی تازەیان لەبەر کردووە بۆ ئەوەی بیانبینی و لێیان تێبگەی.

هاوڕێکەم، ناوبەناو هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- ئەمە جوانە، وانییە؟ جوانە، ها؟ بەڵام هەواکەی نمسارە، وانییە؟ سەرمات نییە؟

بەڵام کە دنیا بە تەواوەتی تاریک بوو، هەوا ساردی کرد، گوتی:

- وابزانم، بەسە با بڕۆین..

کە گەیشتینە بەر دەرگای باخەکە، ڕاوەستا و بە ئەسپایی گوتی:

- بەڕاستی نەنکێکی باشت هەیە.. گەنجینەیەکە لەو گۆڕە..

چاوەکانی نوقاندن، بزەیەکی بۆکرد، بەکاوەخۆ لەسەری ڕۆیی:

- ئەوە سزاکەی بوو، چونکە ئەقڵ و ئیرادەی خۆی ڕادەستی کەسێکی دی کردبوو.

منی لە دەرگاکە ئاودیو کرد وگوتی:

- برالە، هەمیشە ئەو وشانەت لەبیر بێ، وەکو گوارە لە گوێی بکە... نووسین دەزانی؟

- نەخێر!

- خۆت فێر بکە. کەفێر بووی، هەموو چیرۆکەکانی داپیرەت بنووسەوە، ئەوە کارێکی پڕ بایەخە ها.

بووین، بە دۆستی گیانی بە گیانی، لەو ڕۆژە بەدواوە، هەر کاتێ مەیلم لێ بوایە دەچووم بۆلای. لەسەر سەندووقێکی پڕ لە خوردەوات دادەنیشتم و بە دڵێکی خۆشەوە تەمەشام دەکرد، کەچۆن قورقوشمی دەتواندەوە و مسی گەرم دەکرد. کە تەواو سوور دەبووەوە، دەیخستە سەر سندانێکی چکۆلە، بە چەکوشێکی چکۆلەی دەسک جوان، دەی کوتایەوە. ئیدی یارۆی "ئەمە جوانە!" بڕبەند و ڕەندەو هەڕەی زۆر باریکی وەکو داوە مووشی بەکار دێنا و هەموو شتێکی بە تەرازوویەکی برنجەی زۆر هەستیار دەکێشا. هەندێجار، جۆرەها ئاوی لە ناو بۆتەیەکی سپی ئەستووردا، تێکەڵ دەکرد، ئیدی بۆنێکی کەسکون ژوورەکەی پڕ دەکرد، پیاو هەناسەی تەنگ دەبوو. ئەوسا دەیڕوانییە کتێبێکی ئەستوور

و بەدەم کرۆشتنی لێوە سوورەکانیەوە، یان لەبن لێوانەوە دەیگوت:

ئاە، ئەی گوڵی سارون...

لێم دەپرسی:- چی دەکەیت؟

- دەمەوێ شتێکی گرینگ دروست بکەم برالە...

- چ شتێک؟

- شتێک، شتێک کە ناتوانم بەجۆرێ بۆتی شرۆڤە بکەم، کە تێی بگەیت..

- بابام دەڵێت کە گوایە تۆ پارەی قەڵب دروست دەکەیت.

- بابات؟ بۆخۆی دەڵێت! پارە ئەم هەموو زەحمەت و ماندوو بوونە نایەنێت.

- باشە، پارەی نانەکەت چۆن دەدەیت؟

- دروستە، کەس بەبێ پارە نانت ناداتێ.

- بینیت؟ گۆشتیش بەخۆڕایی نادەن. ئەویش پارەی دەوێ...

- ئەوەش دروستە، گۆشتیش پارەی دەوێت..

زۆر بە میهرەبانی ونەرم ونیانی پێکەنی، ئۆخژنم کەوتە دڵ و دەروون، ئەوسا بە سوعبەت وشۆخییەوە، کەوتە ختووکەدانی پەناگوێم، وەکو ئەوەی بێچوە پشیلەیەک بم و یاریم لەگەڵدا بکات، لەسەری ڕۆیی:

- من دەرەقەتی تۆ نایەم، هەرچییەک دەڵێم وەڵام دەدەیەوە، واچاکە لەوەی پتر گەنگەشە نەکەین..

هەندێجار دەستی لە کار هەڵدەگرت و دەهات لەبەر پەنجەرەکە و لە نزیکی منەوە ڕۆدەنیشت. لەگەڵ منا و لە پەنجەرەکەوە تەمەشای دار سێوەکانی دەکرد کە چۆن خەزان لێی دەدان وگەڵاکانیان دەڕژاو ڕووت وقووت دەبوونەوە، یان سەیری بارانەکەمان دەکرد کە چۆن بەسەر بانەکاندا دادەباری و گیا و پووشی ناو حەوشەکەی ڕادەماڵی. ئەم پیاوە( جوانە ! ) زۆر کەم قسەی دەکرد، ئەگەر قسەی بکردایە، ، لە چەند وشەیەکی زەرووری زیاتری نەدەوت. خۆ ئەگەر بیویستایە سەرنجم بۆ شتێک ڕابکێشیت، بە ئەسپایی ئانیشکێکی تێوە دەژەندم، بە گۆشەی چاو ئاماژەی بۆ شتەکە دەکرد.

من لە حەوشەکەی خۆماندا، شتێکم بەدی نەدەکرد کە مایەی سەرنج بێ، بەڵام تێوەژەندەنەکانی ئەو و قسە کەمەکانی، کردبوویانە کارێک، ئەوەی دەمبینی، بایەخێکی تایبەتی لە بەرچاوم پەیدا دەکرد ولە زەینما، لە قوڵایی یادگەمدا نەخش دەبوو. بۆ نموونە پشیلەیەک بەنێو حەوشەدا غار دەدات، ئەوجا بەدیار گۆلاوێکەوە دەوەستێ و تەمەشای وێنەکەی خۆی لەنێو ئاوەکەدا دەکات، چنگە ترسناکەکانی بەرز دەکاتەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ بە سێبەرەکەی خۆیدا بکێشیت. یارۆی " جوانە! " بە ئەسپایی دەڵێت: - پشیلە لەخۆ ڕازین. لە هەموو شتێک بە گومانن..

یان کەڵەبابە سوورە زێڕینەکە، (مامای) هەڵدەفڕییە سەر دیواری حەوشەکە، باڵەکانی دەدا بە یەکدا، لەزگ بوو بکەوێتە خوارەوە، تووڕە دەبوو، ملی درێژ دەکردەوەو دەی قووقاند. " جوانە! " دەیگوت:

- ئەم جەنەڕاڵە، زۆر بە کەش و فشە، بەڵام زۆر بێ ئاوەزە..

والی- خوڵامی ئەفسەرەکە – بەناو قووڕ و حەڕی حەوشەکەدا، وەکو ئەسپێکی پیر ڕێی دەکرد. سەرە زلەکەی بەرز کردبووەوەو، بە تووڕەیی سەیری ئاسمانی دەکرد،

تیشکی سپیواژی هەتاو لە سینگ و بەرۆکی دەدا، دوگمەی مسینی پاڵتۆکەی والی، لەبەر تیشکی خۆرەکەدا بەجۆرێ دەدرەوشایەوە لە تۆ وایە ئاگریان لێ بەرز دەبێتەوە. کابرای تاتاری دەوەستێت. بە قامکە خوارەکانی دەست بە دوگمەکاندا دێنێت. یارۆی ( جوانە! ) دەڵێت:

- بەجۆرێ دەست بە دوگمەکانیا دێنێت، وەکو ئەوەی میداڵ بن و بە بەرۆکیا کرابن!

هەرزوو هەستم کرد، ڕۆژبەڕۆژ دۆستایەتیم لەگەڵ ئەم پیاوەدا ( ئەمە جوانە! ) نزیکتر وبتەوتر دەبێت. وام لێهات نەم دەتوانی لێی دوور بکەومەوە. دەمکرد بە شەریک و هاوبەشی هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی خۆم. هەرچەندە کابرا بە تەبع و تەبیعەت کەسێکی کەمدوو بوو، بەڵام هەرگیز ڕێگەی لە من نەدەگرت، هەر قسەیەک بکەم، هەر بیرێکم بە مێشکا دێت، بە کەماڵی ئیسراحەت دەری ببڕم. ڕێک بە پێچەوانەی باپیرمەوە، هەرکە دەمم هەڵهێنابایە، دەمی دەکردم بە تەڵەی تەقیو، هاواری بەسەرما دەکرد:- دەمت داخە، چەنەبازی مەکە، دیسان ئاشی شەیتان کەوتەگەڕ.

لێ نەنکم، کە دەکەوتە قسان، ئیدی گوێی بە کۆمێنتی کەس نەدەدا و گوێی لەکەس نەدەگرت.

بەڵام ( جوانە! ) بەدڵ گوێم لێدەگرێت، زۆرجار بە پێکەنینەوە دەڵێت:

- بەڵام ئەمە ڕاست نییە برالە! تۆ ئەمەت لە خەیاڵی خۆتا دروستکردووە.

سەرنج و ئیرادە کورتەکانی، هەمیشە ماقوول و بەجێ بوون... وام هەستدەکرد، دەتوانێ دڵ ومێشکی من بخوێنێتەوە، ئەو شتە دروستکراو وزیادانەی من بە قسەکانمەوەم دەنان، کەشفبکات و بەدوو وشەی نەوازش ئامێز، هەر لە بێشکەدا خەفەی دەکردن و دەیگوت:- برالە، تۆ درۆ دەکەیت!

من هەندێجار، بە ئانقەست ئەو توانا ئەفسووناویەی ئەوم دەئەزموو، بە خەیاڵ هەندێ چیرۆک و ئەفسانانم دروستدەکرد و وەکو ڕاستیەکی واقیعی بۆم دەگێڕایەوە. لێ ئەو قەدەرێ گوێی دەگرت و ئەوجا سەری بادەدا ودەیگوت:

- ئەمە درۆیە برالە. تۆ درۆ دەکەیت!

- چۆن دەزانیت؟

- دیارە، هاوار دەکات، مانگی چواردە ئەنگوستی ناوێت..

زۆرجار کە نەنکم بۆ ئاو هێناندەچوو بۆ سەر بیری سینایا، منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، جارێک دیتمان بە پێنج کەسی شاری لە کابرایەکی دێهاتی داماویان دەدا، دابوویان بە عاردیدا و وەکو کۆمەڵە سەگێکی دڕ تێی بەر بووبوون. نەنکم سەتڵەکانی لەم سەر و لەوسەری " چانچو " یەکە ( چانچو: دارێکی ڕاستە، دەخرێتە سەر شان و دوو سەتڵ یان زەمیلە بە هەر دوو سەریەوە هەڵدەواسرێ، تا هەڵگرتنی ئاسان بێت ) کردەوەو هاواری لەمن کرد:- خێرا لەم ناوە دوور بکەوە!

من ترسام، بلەز دوای نەنکم کەوتم... کەوتمە بەردباران کردنی شارییەکان، نەنکیشم ئازایانە بە چانچۆیەکە بەر بووە شان و ملیان. هەندێ خەڵکی دیکەش بە هانای کابرای دێهاتیەوە هاتن. ئیدی شاریەکان بەپەلە پروزێ قووچانیان. هەنگێ نەنکم چوو بەلای کابرای دێهاتیەوە، کەوتە شۆردنی سەر و چاوی کابرای دێهاتی کە یەکپارچە خوێن و زام بوو.

ئێستاش کە دیمەنی ئەو پیاوە دێنمەوە بەرچاوی خۆم، موچوڕکەم پێدا دێت. جۆرە نەفرەتێکم لا دروست دەبێت.

لەبیرمە چۆن بە قامکە پیسەکانی، کەپووە دادڕاو و بریندارەکەی گرتبوو، چۆن دەکۆکی و خوێن لەبەینی پەنجەکانیەوە فیچقەی دەکرد بە دەم و چاو و سینگ و بەرۆکی نەنکمدا دەڕژا. نەنکیشم گوێ بە گوێی ئەو دەینالاند و سەراپای لە حەژمەتاندا دەلەرزی.

وەختایەک گەییمەوە ماڵێ، بە هەڵەداوان بۆ ژوورەکەی یارۆی ( جوانە! ) چووم و بویەرەکەم لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە.

یارۆ، دەستی لە کارەکەی هەڵگرت، ڕێک لە هەنبەر مندا وەستا، بڕبەندێکی درێژی خواری شمشێر ئاسای بەدەستەوە گرتبوو وگوێی لە قسەکانی من دەگرت، و لەژێر چاویلکەکەیەوە، بەداخ و کەسەرێکی ئاشکراوە تەمەشای منی دەکرد. لەناکاوا قسەکەی بەمن بڕی و بەوپەڕی کەسەرەوە گوتی:

- جوانە! بویەرەکە ڕێک بەوجۆرە بوو کە گێڕاتەوە! زۆر چاکە!

هێشتا هەر پەشۆکابووم، کاریگەری بویەرەکەم بەسەرەوە مابوو، بێئەوەی گوێ بە قسەکانی وی بدەم، لەسەری

ڕۆیشتم. ئەو دەستی لەملم کرد، بەناو ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، چەند جارێک پێی هەڵکەوت، دووباراە قسەکەی پێبڕیم و گوتی:

- بەسە، بەسە! ئەوەی دەبوا بگوترێ، هەموویت بە زیادە گوت! تێدەگەی! ئەوەندە بەسە، تەواو!

وازم لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە هێنا... لە هەوەڵەوە ئەوەم پێناخۆش بوو، بەڵام کە باش بیرم لێکردەوە، بەکەماڵی سەرسامی بۆم بەدیار کەوت کەلەکاتی خۆیدا ڕایگرتم... ئەوەی کە پێویست بوو، هەموویم گێڕابووەوە... دووبارە پێی گوتم:

- بیری خۆت بەو شتانەوە مژوول مەکە. لەبیری خۆتی بەرەوە، بۆخۆت باشترە!

هەندێجار لە ناکاوا، هەندێ قسەی دەکرد کە تا ئێستا لە بیرم ماون وتا بشمێنم لەبیریان ناکەم. ڕۆژێک باسی دژمنە سەر سەختەکەی خۆمم، کلوشینکوف بۆ کرد، ئەم کوڕە یەکیک بوو لە شەقاوەکانی شەقامی نوفایا، کوڕێکی قەڵەوی سەرزل، ئیدی کەسمان، دەرەقەتی کەسمان نەدەهاتین.

یارۆی ( ئەمە جوانە! ) بە وردی گوێی لە کێشەکەم گرت، ئەوجا گوتی:

- ئەمانە فشەن، ئەو زۆرەی ئەو هەیەتی زۆر نییە! زۆر و هێزی ڕاستەقینە، لە جوڵەی لەزگیندایە، تا گورجتر و تەڕدەست تر بی، زۆر و هێزت زۆرتر دەبێت. حاڵی بوویت؟

ڕۆژی یەک شەممەی دواتر، قسەکەی ئەوم جەڕباند، زۆر بە خێرایی بە مست بەربوومە سەروچاوی کلوشینکوف، زۆر بە ئاسانی بەسەریا سەرکەوتم، ئەمە کردیە کارێک متمانەی زیاتر بە قسە و ئامۆژگارییەکانی ( جوانە! ) بکەم. دەیگوت:

- دەبێ بزانیت چۆن شتەکان دەگریت، تێدەگەی هەڵبەتە ئەمە کارێکی زۆر دژوارە.

لەمەبەستی حاڵی نەبووم. بەڵام خۆبەخۆ ئەو قسانە و زۆر قسەی دیکەی ئەوم لە زەینا نەخش بوون. ئەو قسانەم لە زەینا بۆیە نەخش بوون، چونکە وێڕای سادەییان، نهێنییەکیان، تیابوو، مرۆڤی دەحەپەساند. باشە دژواری گرتنی کەڤرێک، یان پارچەیەک نان، یان پەرداخێک یان چەکوشێک هونەرەکەی لە چ دایە، چ دژوارییەکی تیایە؟!

دژایەتی خەڵکیماڵەکە دەرهەق بە یارۆی ( جوانە! ) ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەبوو. تەنانەت پشیلە بە نازونوزەکەی ژنە شەنگوڵ و ڕووخۆشەکەش، کە دەچووە باوەشی هەمووان، ئەوی لەم متمانەیە ئاوارتە دەکرد، وێڕای ئەوەی مجامەلەی دەکرد، نەدەچووە لای. ئەوەم لەبەر گران بوو، سزام دا، گوێم ڕاکێشا، بە گریانەوە لێی دەپاڕامەوە کە لە هاوڕێکەم نەترسێت، فایدەی نەبوو، ( ئەمە جوانە! ) پاکانەی بۆ دەکرد و بەمنی دەگوت:

- گوێی مەدەیە، جلەکانم بۆنی ئەسیدیان لێدێت بۆیە پشیلەکە نایەتەلام.

بەڵام من دڵنیابووم هەر یەکێک لە خەڵکی حەوشە و بانەکە، بە داپیرەشمەوە، بە هەنجەت و بیانوویەکی تایبەتیەوە، ئەم کابرایە دەبوغزێنن و دژایەتی دەکەن. من ئەو هەڵوێستەی وانم بە هەڵەیەکی ناڕەوا دەزانی و زۆری ئەزیەت دەدام.

نەنکم بە تووڕەیی دەیگوت:

- بۆ لێی دوور ناکەویتەوە؟ ئاگاداربە، نەبا فێری شتێکت بکات کە!..

لێ بابام، ئەو بەڵا ڕدێن سوورە، هەرجارێ زانیبای کە چوومەتە دەف ئەو کابرایە، بگرە کوێت دێشێت، حەسیر مەیدانێکی چاکی دەکردم. هەڵبەتە من ئەمەم بۆ یارۆی (جوانە! ) نەدەگێڕایەوە کە گوایە نەنکم و بابام حەزناکەن هاتوچۆی ئەو بکەم. بەڵام بە ڕاشکاوی بۆچوونی خەڵکەکەم دەربارەی وی، بۆ دەگێڕایەوە:

- نەنکم لە تۆ دەترسێت-دەڵێت تۆ جادووگەریت و باباشم هەمان بۆچوونی هەیە. دەڵێت تۆ دژمنی خودایت، بۆ خەڵک وخوا خەتەریت.

وەکو ئەوەی مێشێکی قیرسیچمە ولاسار لە خۆی پاس بکات، سەری بادەدا، بزەیەک دەنیشتە سەر ڕوخسارە سپیەکەی و بەو بزەیە سەرودڵم دەگیرا، بەرچاوم تاریک دەبوو، بەکاوەخۆ دەیگوت:

- خۆیشم هەست بەمە دەکەم. بەڕاستی ئەمە مایەی داخە، نە وەسایە برالە؟

- با.

- زۆر ناخۆشە.

ئەنجام دەریان کرد.

ڕۆژێک پاش تێشت چووم بۆلای، بینیم چوار مشقی لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشتووە، کەل وپەل و کتێبەکانی کۆدەکاتەوەو لە جانتا و سەندووقەکانی دەنێت، ولەبەر خۆیەوە ئاوازی " گوڵی سووری ساروون " دەڵێتەوە..

کەچاوی بەمن کەوت، گوتی:- ئێ برالە بە دوعا، من دەڕۆم.

- بۆچی؟

نیگایەکی کردم و گوتی:- نازانی بۆچی؟ ئەم ژوورەیان بۆ دایکت دەوێت..

- کێ گوتی؟

- بابات.

- درۆ دەکات!

کابرا باوەشی پێدا کردم، ڕایکێشامە لای خۆیەوە، لە ئەرزەکە و لە نزیکی خۆیەوە دانام وبە ئەسپایی گوتی:

- لێم زوێر مەبە! وامدەزانی تۆ ئاگات لەو فێڵ و فەرەجانە هەیە و لێمی دەشاریتەوە، ئیدی جۆرەها گومانم لێکردی.

زۆر پەست وغەمگین بووم، لەویش زویر بووم، لێ نەمدەزانی بۆ. بزەیەک نیشتە سەر لێوی و بە دەنگێکی نەوی گوتی:

- گویێ بگرە... لەبیرتە کە جارێک پێمگوتی، هاتوچۆی من مەکە؟

سەری ئەرێم بۆ لەقاند.

- ئەوسا لە من ڕەنجایت، وانەبوو؟

- با!

- من حەزم نەدەکرد زویرت بکەم. بەڵام دەمزانی ئەگەر دۆستایەتی من بکەیت، باپیرە و داپیرەت لەگەڵت بەشەڕ دێن، بۆیە نەم دەویست بەبۆنەی منەوە کوتەک بخۆیت..

بەجۆرێ قسەی دەکرد، وەکو ئەوەی منداڵێکی هاوتەمەنی من بێت. قسەکانیم زۆر لە گیان خۆشبوو. وام هەستدەکرد، هەموو ئەو قسانەی ئەو بۆی دەکردم، دەمێکە دەیانزانم. بۆیە گوتم:- من دەمێکە هەستم بەمە کردووە.

- دەی برالە! باشتر، با وابێ.

هەستم کرد، ژانێکی تووند دڵم دەگوشێت، لێم پرسی:

- باشە، ئەمانە بۆ کەسیان حەز بە چارەی تۆ ناکەن؟

بەمیهرەبانی باوەشی پێدا کردم، بە خۆوەی گوشیم، بەدەم چاو تروکاندنەوە گوتی:

- چونکە من بێگانەم.، لە خۆیان نیم، هەموو عەیبیکم ئەوەیە کە لەخۆیان نیم، وەکو ئەوان نیم..

خۆم بە باسکییەوە گرت. نەمدەزانی چ بکەم یان چ بڵێم. ئەو لە سەری ڕۆیی:

- تووڕە مەبە، گوێی مەدەیێ!

ئەوسا دەمی لە پەنا گوێم ناو بە چپە گوتی:

- مەشگری.

کەچی، لەژێر چاویلکە تاریک و ڕەشەکەی خۆیەوە، ڕوندک بە گۆناکانیا دەهاتە خوارەوە. ئیدی وەکو هەموو جاران، ماوەیەک بەو دەقەوەوبەبێدەنگی ڕۆنیشتن. جارجارێک یەک دوو کەلیمە قسەمان دەکرد.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، بەوپەڕی میهرەبانی ماڵاوایی لە هەمووان کرد و منی بە گەرمی لە ئامێز گرت و ڕۆیی.

بەپەلە خۆم گەیاندە ئەو دیو دەرکە ودەروازەکە، لە دوورەوە تەمەشام دەکرد، کەچۆن بەسەر ئەو عەرەبانەیەوە کە چەرخەکانی قورِ و حەرِی بەستەڵەکی کۆڵانەکەی دەبرِی، تەکانی دەخوارد.. هەرکە ئەو رِۆیی داپیرەم بلەز کەوتە شۆردن و پاککردنەوەی ژوورە پیسەکەی ئەو. چووم بۆلای، بە ئانقەست بەم لاوبەولایدا غارم دەدا، تا رِێی لێبگرم و ماتەڵی بکەم. نەنکم، بەر من کەوت و هاواری بەسەردا کردم:

- لاکەوە لێرە!

- بۆچی دەرتان کرد؟

- تۆ هەقت چییە.

گوتم:- ئێوە هەمووتان بێ ئەقڵن، خێڵی قەلەموونن.

پەرِۆ تەرِەکەی هەڵگرت وقیژاندی:

- ئەوە شێت بووی، هەی مردەلۆخ؟!

من، قسەکەی پێشووی خۆم رِاست کردەوە و گوتم:

- تۆ نەبێ، ئیدی هەمووان بێ ئەقڵن.

بەڵام ئەمەش هێوری نەکردەوە.

بابام، ئێوارە، لەسەر سفرە و خوانی شێڤ، گوتی:

- دەی، لە خودا بەزیاد بێ کە ڕۆیی. هەرجارێ کە دەمبینی وەکو ئەوە بوو کێردێک بە دڵمدا بکەن، ئۆخەی کە رزگار بووم.

لە داخا مراکەکەم شکاند، لەسەر ئەوەش لێدانێکی باشم خوارد.

بەوجۆرە، دۆستایەتیم، لەگەڵ یەکەم مرۆڤدا، لەو مرۆڤە زۆر وزەبەندانەی لە وڵاتی خۆیاندا بێگانەن و لە هەمان کاتدا باشترین ڕۆڵەی وڵاتی خۆیانن، کۆتایی هات..

## فەسڵی ( ٩ )

دەتوانم منداڵیەتی خۆم بە هەنگە ماڵێک بشوبهێنم، کە خەڵکانێکی سادە و ئاسایی و جیاواز، هەنگوینی زانیاری و ئەزموون و بیرکردنەوەی خۆیان دەربارەی ژیان، دەخستە ناوییەوە. ئیدی یەک بەیەکی ئەوانە، هەرکەسە و بە گوێرەی توانای خۆیان، کەسایەتی منیان دەوڵەمەند کرد.

زۆرجار ئەم هەنگوێنانە پیس و تاڵ بوون، بەڵام، بەهەرحاڵ، هەر زانیارییەک، حوکمی هەنگوینی هەیە.

داوی ڕۆیشتنی یارۆی ( ئەمەجوانە! ) پەیوەندی و دۆستایەتیم لەگەڵ هاپۆ بیوتردا خۆشبوو. ئەم پیاوەلە ڕواڵەت و پاک و خاوێنیدا لە بابام دەچوو، هەرچەندە لە بابام لاوازتر و وردیلەتر بوو، کە تەمەشات دەکرد، لە هەرزەکارێک دەچوو، کە بۆ خۆشی و سوعبەت جلی پیرەمێرانی لەبەر کردبێت. دەم وچاوی یەکپارچە چرچ و لۆچ بوو. هێڵەکانی دەم وچاوی لە سەبەتەیەک دەچوو بە تەرکە دروست کرابێ، و گۆشتەکەی دەم وچاوی لە درزی تەرکەکانەوە دەرکەوتبن. چاوە زەق و ناشیرین و زەردەکانی وەکو دوو تەیری بچووکی ناو قەفەسیک لەبەینی چرچ و لۆچەکانی دەم وچاویەوە دەجولان. قژە ماش و برنجەکەی لوول بووبوو و ڕدێنە درێژەکەی لە شێوەی بازنەییدا چووبوو بەیەکدا. زۆربەی کات سەبیلی بەدەمەوە بوو، دووکەڵی سەبیلەکەی شینباو، لە ڕەنگی ڕدێنە ماش وبرنجەکەی دەچوو، دەنگی ناسک و لە هەمان کاتدا گەورە بوو، بەلام ناخۆش نەبوو، قسەی زۆر بە توێکڵ بوو، وام وێنا دەکرد کە

باسی خۆی دەکرد، گاڵتەی بە هەموو ئەوانە دەکرد کە ژیانی خۆی بۆ دەگێڕانەوە:

- کە منداڵ بووم، ئەوکاتەی لەلای دۆتمیر تاتیانا بووم، کەبە ئەلکسییفنا بەنێوبانگ بوو، گوتی: دەبێ کاری ئاسنگەری بکەیت. هەرکە دەستم بەکار کرد و نەکرد، گوتی: بڕۆ ببە بە شاگردی باخەوانەکە. ئیدی موژیک (جوتیاری کۆیلە) هەر ئەمرێکی پێبکرێت، دەبێ جێبەجێیبکات. ملم دا، بووم بە باخەوان، بەڵام وەکو گوتراوە " نان بدە بە نانەوا، ئەگەر نیوەشی بخوا " جارێکی دیکە، گوتی بتروشکا، واچاکە ماسیگری تاقی بکەیتەوە. بۆمن هیچ فەرقێکی نەبوو، هێشتا بە تەواوەتی لەسەر کارە تازەکەم ڕانەهاتبووم، بە ناچاری ماڵاواییم لە ماسییەکان کرد، دۆتمیرەکەم بۆشاری ناردم تا ببمە عارەبانچی یان هەرکارێکی دیکە کە ئەو بیەوێ. چارم چیە، چووم، بووم بە عارەبانچی، بەڵام پاشان، پێش ئەوەی خانم فریا بکەوێ، کارێکی تازەترم بەسەردا بدات، بابەتی ئازادی موژیکان هاتە ئاراوە، ئیدی ئازاد بووم، ماینەوە من و ئەسپەکەم. لەو ڕۆژە بە دواوە، لە کۆیلایەتی خانم دەرچووم، بووم بە پاشکۆی ئەسپەکەم.

ئەسپەکەی، پیربوو، کە سەیرت دەکرد، لە تۆوایە کاتی خۆی سپی بووە، نیگارکێشێکی مەست و سەرخۆش، ویستوویەتی بە بۆیەی جۆراوجۆر ڕەنگی بکات و بەڵام زوو تاقەتی چووەو کارەکەی بە نیوەچڵی بەجێ هێشتووەو بۆیەکەی لە ئەسپەکە نەسڕیوە. ئەسپەکە لاقی خوار و ئەژنۆی ئاوسابوو، ئێسکەکانی سەری زەق و زۆپ دیاربوو، چاوەکانی لێڵ وتاریک وخەمناک دیاربوون، سەری بە هەندێ دەماری ئەستوور، پێستی وشکەوە، بە ئاستەم بەملییەوە بەند بوو. هاپۆ بیوتر، زۆر حورمەتی ئەم ئەسپەی دەگرت، هەرگیز لێی نەدەدا، ناوی نابوو تانیا.

بابام، جارێک لێی پرسی:- بۆچی ناوی مەسیحیانەت لە ئەسپەکەت ناوە؟

بەرسڤی دایەوە:

- نا، جەنابی ڤاسیلی ڤاسیلیوفیچی بەڕێز، تۆ سەهوی! تانیا، ناوێکی مەسیحیانە نییە، بەڵکو تاتیانا مەسیحیانەیە!

هاپۆ بیوتر، خوێنەوارییەکی باشی هەبوو، سووکە شارەزاییەکی لە کتێبی پیرۆزدا هەبوو. هەمیشە لەگەڵ

بابامدا، گەنگەشەیان بوو، گەنگەشەکەیان لەسەر ئەوە بوو، کامە وەلی و ئیمامی مەسیحی، لە هەموو وەلی وئیمامەکان پیرۆزتر و گەورەترە؟ زۆر بە توندی، ئیرادیان لە هەموو ئەو گوناهکارانە دەگرت کە ناویان لە تەوراتدا هاتبوو، بە تایبەتی لە ئەبشالوم. باس و گەنگەشەکەیان هەندێجار زۆر توند دەبوو، بابام هەڵدەچوو، چاوە سەوزەکانی گریان لێدەبووەوە، هاواری دەکرد:- ئەلیکسی، برۆ دەرێ!

هاپۆ بیوتر، پیاوێکی تا رادەیەک بە تەرتیب و پاک و خاوێن بوو، کەبەناو حەوشەدا برۆیشتبا، هەر دارو بەرد وئێسک وپروسک و خوردەواتێکی بهابتایە رێ، بە نووکە پێیەک دەیدایە لاوەو لەبن لێوانەوە دەی پرتاند:

- ئەمانە ناکەی! خێریان نییە و شەریان بەپای سەگ!

پیاوێکی سوێرە قسە بوو، بە رواڵەت پیاوێکی رووخۆش بوو، بەڵام هەندێجار، چاوی سوور دەبوون، هەندێجار وەکو چاوی مردوو، لێڵ وتاریک دەبوون، هەنگێ دەخزیە سووچێکی تاریکەوەو خۆی گرمۆڵە دەکرد، بێدەنگ، خەمبار، دەتگوت وەکو برازاکەی کەر ولاڵە. دەچووم بۆلای، لێم دەپرسی: - هاپۆ بیوتر چیتە؟

بەداخ و کەسەرەوە، بەدەنگێکی تووڕە دەیگوت:

- وازم لێبێنە، بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە!

پیاوێک لە یەکێک لەماڵەکانی کۆڵانەکەی مەدا دەژیا، لوویەکی گەورە بەسەر هەنیەیەوە بوو، خولیا و کەڵکەڵەیەکی سەیری لە مێشکا بوو. ڕۆژانی یەکشەممان، لەبەر پەنجەرەکەدا ڕۆدەنیشت، لەوێندەرەوە، تاپڕو ساچمەزەنی بە سەگ، پشیکان، مریشک و قەلەڕەشان و تەنانەت ئەو ڕێبوارانەشەوە دەنا کەبە دڵی ئەو نەبوایەن. چەند جارێک ئەو کارەی بەرانبەر بە یارۆی ( جوانە! ) کردبوو، بەڵام خۆشبەختانە، ساچمەکان، چاکەتەچەرمەکەیان دیواودەر نەکردبوو، هەندێک لە ساچمەکان کەوتبوونە ناو گیرفانییەوە. من ئێستاش لە بیرمە، کە یارۆی هاوڕێم چۆن ئەو ساچمانەی لە گیرفانی دەرهێنان و خستنیە ناو لەپی و بەوردی تەمەشای دەکردن، کە بابام دنەیدا تا سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، یارۆی ( جوانە!) ساچمە بۆرەکانی هەڵدانە سووچیکی مووبەقەکەوەو گوتی:- ئەوە نایەنێ.

جارێکی دی هەمان ئەو تیرەندازە، چەند ساچمەیەکی بە لاقی بابامەوە نا، بابام زۆر تووڕە بوو، لەلای دادوەر شکاتی لێکرد، کۆمەڵێک شایدەی لێگرت، بەڵام ئەو ئاغایە لە ناکاوا دیار نەما، کەس نەیزانی ئەرز قووتی دا، یان ئاسمان هەڵیکێشا.

هەرجارێ دەنگی تەقەی تاپڕەکەی یارۆی تیرەنداز لە کۆڵانەکەوە هاتبا، هاپۆ بیوتر، بە پەلە خۆی دەگەیاندە شەپقە کاڵەوە بووە، قەراخ پانەکەی خۆی و- کەتەنیا ڕۆژانی پشووی یەک شەممان لە سەری دەکرد- لە سەرە ماش و برنجەکەی دەنا و بەهەشتاو لە دەروازەی حەوشە وەدەردەکەوت. ورگی دەردەپەڕاند و دەستی دەنایە پشتی و پاڵتۆکەی لە دواوە وەکو کلکی تەیران بەرز دەبووەوە و ئەوسا بەوپەڕی کەش و فشەوە، بێ پەروا و بێباک، بەسەر شۆستەکەی بەردەم پەنجەرەیماڵی کابرای تیرەندازدا دەڕۆیی و بەهەمان ڕێگادا دەشگەڕایەوە. هەموو خەڵکی ماڵەکەمان لەبەر دەروازەکەدا خڕ دەبوونەوە و چاوەڕوانمان دەکرد تا بزانین چی ڕوودەدات. ئەو کابرا ئەفسەرە ڕوخسار بۆرەقنەیە و ژنە زەری و قژ زەردەکەی، لە پەنجەرەکەوە سەریان دەکێشا.

مەیدانی بیتلینگ پڕ دەبوو لە خەڵکی و تەمەشایان دەکرد، تەنیا لە خانووەکەی ماڵی ئوفزیانیکوفەوە، کە کڕوکپ و بێدەنگ لە گۆڕستان دەچوو، کەس نەدەهاتە دەرەوە.

هەندێجار هاپۆ بیوتر، بە ناکامی لەو هاتوچۆیەی دەگەڕایەوە، کابرای تیرەنداز، بەو نێچیرەی نەدەزانی، کە چەند ساچمەیەکی لێ خەسار بکات... بەڵام هەندێجاریش، دوو فیشەکی دوابەدواییەکی پێوە دەنا:- بم! بم!..

هاپۆ بیوتر، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات، یان کەمێک پێ هەڵگرێت، بەرەولای مەدەهات و بەوپەڕی خۆپەسندییەوە دەیگوت:- چ نییە، بەر کلکی پاڵتۆکەم کەوت..

بەڵام جارێک ساچمەکە بەر شان وملی کەوت... نەنکم، لە کاتێکا بە دەرزی دروومان، ساچمەکەی لەژێر پێستەکەیەوە بۆ دەردێنا، پێی گوت:

- ئاخر تۆبۆ ئەم کابرا شێت و شوورە دەهاڕوژێنی! ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوەبێ، جارێک چاوت کوێر دەکات!

هاپۆ بیوتر، بەبێ موبالاتی بەرسڤی دەدایەوە:

- نە، ئاکولینا ئیڤانوڤنا! شتی واناکات، کابرایەکی تفەنگچی نییە..

- باشە تۆ بۆچی خۆت دەکەی بە نیشانەی ئەو؟ خۆت کردووە بە گەپچاڕی ئەو؟

- خۆم نەکردووە بە گەپچاڕ، تەنیا دەمەوێ تووڕەی بکەم و تەواو.

ئەوجا دەیڕوانیە ئەو ساچمانەی لەبەدەنیان دەرهێنابوون و خستبوونیە ناو لەپیو تەمەشای دەکردن و دەیگوت:

- نا، ئەمە تفەنگچی نییە! کاتی خۆی خانمەکەم، دوتمیر تاتیانا ئەلکسییفنا، بە شێوەیەکی کاتی شووی بە ئەفسەرێک کرد بە ناوی مامونت ئیلیچ، دۆتمیر، وەکو چۆن بە ئاسانی خزمەتکارەکانی دەگۆڕی، بەو ئاوایەش مێردەکانی دەگۆڕی. بەهەرحاڵ مامۆنتی بە شێوەیەکی کاتی وەکو مێرد هێنایە سەرماڵ. بەڵێ ئەو ئەفسەرە تفەنگچی و ئەنگێوە بوو، نەنەگیان. بە فیشەکی ڕاستی تەقەی دەکرد. ئیگناشکا شێتی لە دووری چل شەقاوێک ڕادەگرت. بوتڵێکی بە قایشەکەی پشتیەوە دەبەست کە بەناو هەردوو لنگیا شۆڕ دەبووەوە، ئیگناشکا، لاقی لێکدی بڵاو دەکردنەوە، ئەوەندە

بێ ئاوەز بوو لە جیاتی بترسێت، پێدەکەنی. مامونت ئیلیچ دەستی دەدایە دەمانچەکەی نیشانەی لێدەگرتەوە، فیشەکەکەی دەتەقاند، بوتڵەکە ورد وخاش بوو... جارێکیان، ئیگناشکا، نازانم چۆن بوو لاقی جوڵاند، وابزانم مێشولە پێوەی دا، فیشەکەکە لەجیاتی بەر بوتڵەکە بکەوێت، بەر کەشکەژنۆی کەوت! بلەز دکتۆریان هێنایە سەری، دکتۆریش، هەر زوو مەسەلەکەی یەکلایی کردەوە، لاقی بڕییەوە، ولاقەکەیان هەر لەوێدا بەخاک سپارد!..

- ئەدی ئیگناشکا چی بەسەر هات؟

- هیچ، هەرباکی نەبوو. ئیدی شێتان نە پێویستیان بە لاقە و نەبە دەست. ئیدی بە گەوجێتی خۆیان دەژین و تێر بە سکی خۆیان نان دەخۆن. شێتی و گەوجاتی نیعمەتی خوایە، هەموو کەس، گەوجانیان خۆشدەوێ و یارمەتیان دەدەن. شێتاتی زەرەری بۆ کەس نییە..

نەنکم، بەو چیرۆکە شلوێ نەبوو، زۆر چیرۆکی لەو بابەتەی لەلا بوو، بەڵام من زۆر نارەحەت بووم، ترس لە سەراپام نیشت. لە بیوترم پرسی:

- باشە هەر ئاغایەک، بۆی هەیە کەسێک بکوژێت؟

- بۆنا؟ دەتوانێ وئەولاتریش! ئاغایان جاری واهەیە یەکتریش دەکوژن. جارێکیان ئەفسەرێکی سوارە هاتە میوانی دۆتمیر تاتیانا ئەلکسییفنا، لەگەڵ مامونتدا لێیان بووبەشەڕ، هەردوو ئەفسەر، دەستیان دایە دەمانچەکانیان، پێکەوە چوونە ناو باخچەکە، لەوێندەر، لە ڕاڕەوەکەدا، لە نزیک ئەستێڵەکەوە، کابرای ئەفسەری سوارە، ( مامونت ) بەر دەمانچە دا، ڕێک نای بە جەرگییەوە، مامۆنت دەم و دەست مرد، بردیان بۆ گۆڕستان و بەخاکیان سپارد، کابرای ئەفسەری سوارەش بۆ دەڤەری قەفقازیا دوور خرایەوەو هەموو شتێک بڕایەوە... تێگەیشتی؟ ئاغایان لە ناو خۆیاندا و دەرهەق بە خۆیان ئەوەندە دڕ بوون، چ جای جووتیاری کۆیلە و داماو، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە ئازاد بوون و لەژێر ڕکێفی ئاغایاندا نەماون. پێشتر تۆزێ بەرانبەر بە موژیکان باشتر بوون، چونکە موژیکەکان مۆڵکی خۆیان بوون!

نەنکم گوتی:- جارانیش، بەزەییان بە جووتیاراندا نەدەهاتەوەو بە بەشەریان نەدەزانین.

هاپۆ بیوتر، قسەکەی بۆ سەلماند وگوتی:

- بەڵێ، دروستە! موڵکی خۆیان بوون، بەڵام موڵکێکی بێ بەها...

هاپۆ بیوتر، لەگەڵ مندا میهرەبان بوو. زۆربە نەرمی قسەی بۆ دەکردم، لەگەڵ خەڵکی گەورەدا وانەبوو. ڕاستەوڕاست تەمەشای ناو چاوانی دەکردم. بەڵام بەهەرحاڵ، هەر لە خۆمەوە حەزم لە شتێکی نەدەکرد، نەمدەزانی ئەو شتە چییە. کە دەعوەتی مرەبای دەکردین، پاروویەکی گەورەتر لە پارووی ئەوانی دی بۆ من دەکرد. ئەگەر بچویا بۆ شار، کولیچە و کێک و چۆرەکی بۆ دێنام. زۆرجار بە کاوەخۆ لێی دەپرسیم:

- دەی کوڕی باش کە گەورە بووی حەزدەکەی ببیت بەچی؟ ببیت بە سەرباز یان فەرمانبەر؟

- دەمەوێ ببم بە سەرباز!

- خراپ نییە، سەربازیی ئێستا وەکو جاران قورس نییە، خۆ ئەگەر بتەوێ ببیت بە قەشەش خراپ نییە- ئاسانە، تەنیا جارجارێ هاوار دەکەیت: "خودایا ڕەحم لە بەندەکانی خۆت بکە! " و ئیدی تەواو... ژیانی قەشە و ڕەبەنان، زۆر ئاسانترە لە ژیانی سەربازی و عەسکەری، بەراورد ناکرێن.

بەڵام ڕاوچی، ڕاوی ماسی زۆر باشە، ئەمە هیچ زانیارییەکی ناوێت، ئەوەندەت زەحمەتە تا ڕادەیێی! کە ڕاهاتیت ئیدی تەواو!..

ئیدی بە خۆشییەوە، لاسایی ماسییانی دەکردەوە، کە هەر جۆرەیان چۆن بە دەوری چەشەکەدا دەخولێنەوەو کاتێ بە قولاپەکەوە دەبن چۆن تەقەللا دەدەن خۆیان ڕزگار بکەن... هەندێجاریش بۆ دڵدانەوەی من دەیگوت:

- بۆ نموونە، تۆ کە بابات لێتدەدات توورە دەبیت، وانیە؟ تۆ هەڵەیت. پێویست بە توورەبوون ناکات. چونکە ئەو بەرژەوەندی تۆی دەوێت، دەیەوێ پەروەردەت بکات، ئەم لێدانە فشەیە، گاڵتەی مندالانە، خۆزگە تاتیانا ئەلکسییڤنای خانمی منت دەبینی چۆن لە خەڵکی دەدا، ئەوە لێدان بوو، هەر بە خۆیەوە نەدەوەستا، کەسێکی تایبەتی بۆ کاری لێدان ڕاگرتبوو، نێوی کریستوفور بوو کەلە کاری لێداندا پسپۆڕ بوو، ئیدی ئەم کابرایە لە دیار ودەڤەرەکەدا نێوبانگی دەکردبوو، ئاغا و موڵکدارەکانی دەرودراوسێ، دەهاتن بۆ لای دۆتمیرو لێی دەپاڕانەوە: " تاتیانا ئەلکسییفنا، بێ زەحمەت کریستوفورمان بە

ئەمانەت بدەیە، با خزمەتکار و کۆیلەکانمان بۆ تەمبێ بکات. " دۆتمیریش مۆڵەتی کریستوفوری دەدا کەلە گەڵیاندا بڕوات.

ئیدی بەوپەڕی خوێنساردی و بە دوور ودرێژی بۆی دەگێڕامەوە کە خانمەکەی چۆن لە بانیژەی کۆشکەکەیدا، لە سەر کورسییەکی سوور، بە جلێکی موزلینی سپییەوە دادەنیشت، کولوانەیەکی شینی بە شانیا دەداو، تەمەشای کریستوفوری جەلادی دەکرد کە چۆن کۆیلە ژن و پیاوەکانی حەسیر مەیدان دەکرد.

- ئەم کریستوفورە، کاکۆ هەرچەندە خەڵکی ریازان بوو، بە ڕواڵەت زۆر لە قەرەج یان ئۆکرانی دەچوو. سمێڵەکانی تا بناگوێیەکانی هاتبوون، دەم وچاوی شین، هەموو ڕۆژێک ڕدێنی دەتاشی. هیچ دیار نەبوو کە ئایا بەڕاستی تەختەی نوقستان بوو یان بە ئانقەست خۆی لە گێلی دەدا و بەوە خۆی لە هەر پرس و جۆیەک دەپەڕاندەوە. زۆرجار خۆی بە مووبەقەکەدا دەکرد. جامێکی پڕ لە ئاو دەکرد، هەنگێ مێشێک، یان سیسرکێک یان قالۆچەیەکی دەگرت و دەیخستە جامە ئاوەکەوە و بە چیلکەیەک نقومی دەکرد، ئیدی

ماوەیەکی زۆری بەوکارە سەیرەوە دەبردەسەر. زۆرجاریش، یەخەیکراسەکەی خۆی دەدۆزی و ئەسپێیەک، کێچێکی دەگرت و لە ئاوەکەی نقوم دەکرد.

زۆر چیرۆک و حیکایەتی لەم جۆرەم دەزانی، بابام و نەنکم ژمارەیەکی زۆریان لەو جۆرە چیرۆکانە بۆ گێڕابوومەوە. ئەم جۆرە سەربهورد و بەسەر هاتانە کە بە ڕواڵەت جیاواز بوون، لە ناوەڕۆکدا زۆر لەیەکدی دەچوون، بابەت و تیمەی هەر هەموویان بریتی بوو لە خەم و پەژارە وکوێرەوەری ومەلوولی و داماوی تیرەی بەشەر، لەهەر هەموویاندا، مرۆڤ عەزاب دەدرا. ئیدی تەواو لەم جۆرە چیرۆک ونەقڵ ونەزیلانە بێزار بووم، حەزمنەدەکرد گوێیان لێبگرم بە عەرەبانچییەم گوت:

- باسی شتێکی دیکەم بۆ بکە!

هەرچی چرچ ولۆچی دەم و چاوی هەبوو لە دەوری دەم وپلی کۆکردەوە، چاوەکانی بەرز کردنەوەو بە ڕەزامەندییەوە گوتی:

- زۆرچاکە، منداڵی ژەمبردە، چیرۆکێکی دیکەت بۆ دەگێڕمەوە..

جارێک ئاشپەزێکمان هەبوو..

- کێ هەیبوو؟

- دۆتمیر تاتیان ئەلکسییفنا!

- بۆچی دەڵێیت تاتیان و ناڵێیت تاتیانا، چما پیاوە؟

بەدەنگی بەرز پێکەنی:

- هەڵبەتە ژن بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش سمێڵی ڕەش دەچووەوە. خانم، لە ئەڵمانیە ڕەش پێستەکان بوو. ئەمانە خەڵکانێکن لە عەرەب دەچن. بەڵێ باسی ئاشپەزمان دەکرد، ئەمە چیرۆکێکی کۆمیدییە بچکۆل گیان..

ئەم چیرۆکە کومیدیە، بریتی بوو لەوەی کە یارۆی ئاشپەز، ڕۆژێک، خواردنێکی بە گۆشتی لێنابوو، خواردنەکە خراپ دەرچوو بوو، ئیدی ناچاریان کردبوو، هەڵبەتە وەکو سزا، هەموو خواردنەکە بەجارێ بخوات، خواردبووی، ئیدی نەخۆش کەوتبوو، ماوەیەکی زۆر لە جێگادا کەوتبوو.

من پەست بووم، گوتم:- ئەوەی گێڕاتەوە، هیچ کۆمیدی نەبوو.

- ئەدی چ شتێک کۆمیدییە؟ دەی پێم بڵێ...

- نازانم.

- کەواتە قسە مەکە.

جارێکی دی کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکە بێ تامەکانی.

هەندێجار، لە ڕۆژانی یەک شەممان و جەژناندا، کوڕە خاڵەکانم سەریان دەدایین. ساشا میخائیلوف، وەکو هەمیشە بێتاقەت وخەمین وتەمەڵ وخاو وخلیچک بوو، ساشا یاکوف، پاک وخاوێن، زیتەڵ، وریا وئاگای لە هەموو شتێک هەبوو. جارێک، هەرسێکمان لەسەربان دەسووڕاینەوە، پیاوێکمان بینی لەنێو حەوشەکەی ماڵی بیتلینگدا، لە سەر کۆمایەک ئێزنگ وقلاشکەری ڕۆنیشتووە و یاری دەگەڵ چەند تووتەڵە سەگێکدا دەکات. پاڵتۆیەکی سەوزی یەخە فەرووی ڕەشی گرانبەهای لەبەر بوو، بەلام سەرە بچکۆلە ساف وزەردەکەی ڕووت بوو، هیچی لەسەر نەبوو. تووتەڵەکانمان، زۆر بەلاوە جوان بوون، یەکێک لە خاڵۆزاکانم پێشنیازی کرد کە یەکێک لە گوجیلەکان بدزین، یەکسەر پێشنیازەکەمان پەسند کرد، بلەز نەخشەیەکی زیرەکانەمان دانا، نەخشەکەمان بریتی بوو لەوەی کە خاڵۆزاکانم بچنە کۆلان، لەبەر دەرگای حەوشی ماڵی بیتلینگدا چاوەڕوان بکەن و منیش، کابرا

بترسێنم تا ئەگەر ڕایکرد، خاڵۆزاکانم، دەرفەت بێنن ولەو شپرزەییەدا، خۆ بە حەوشەدا بکەن و گوجیلەیەک بفڕێنن، پرسیم:- باشە چۆنی بترسێنم؟

یەکێک لە خاڵۆزاکانم پێشنیازی کرد کە:- تفێک بکە سەر سەرە سافەکەی!

تفکردنە سەر سەری کەسێک، گوناحێکی گەورە نییە. من زۆر جار بیستبووم و بەخۆم دیتبووم کە ڕەفتاری زۆر لەمە دزێوتر وزبرتر لەگەڵ خەڵکیدا کرابوو و دەکرا. بۆیە بێ هیچ دوو دڵییەک ملم بۆ ئەو ئەرکە دا..

هەراو زەنایەکی گەورە بەرپابوو، ئیدی ژن و پیاوێکی زۆری ماڵباتی بیتلینگ، بە سەرکردایەتی ئەفسەرێکی گەنجی شیکپۆش ڕژانە حەوشەی ئێمەوە. جا چونکە خاڵۆزاکانم لە کاتی چێبوونی فەرتەنەکەدا، لە کۆڵان بوون و بۆ خۆ وەکو ئەوەی ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواد نەبێت، یارییان دەکرد، هەموو خەتایەکە بەملی مندا هات، ئیدی بابام، بۆ ئەوەی دڵی ماڵباتی بیتلینگ ڕازی بکات، بەبەرچاوی خەڵکێکی زۆرەوە گرتمیە بن لێدان و شەلاخ.

دوای کوتەک خواردنەکە، شەکەت وماندوو، لەسەر سەکۆی مووبەقەکە و بەدەم ئازارەوە ڕاکشام، لە ناکاوا هاپو بیوتر پەیدا بوو، جوانترین جلی لەبەر کردبوو، خۆی لە تەل دابوو، پێدەچوو، لەوپەڕی دەروون ئارامیدا بێت، هاتە لامەوە ودەمی لەپەنا گوێم نا وگوتی:

- چکۆلەگیان، کارێکی زۆرچاکت کردووە، دەست خۆشبێت، کارێکی چاکت کرد کە تفت کردووەتە سەر سەری ئەم پیرە نێرییە (سابرێن، تەگە، کوور) هەقی خۆیت خستووەتە قولی مستی. ئەمانە هەر بۆئەوە باشن تف بکەیە چارەی خۆیان و هەموو عێل و عەشرەتیان! خۆزگە کەرپوچپێکت دەکێشا بە کەللە پووکەکەیدا!

دیمەنی ئەو پیاوە پاڵتۆ سەوزە، دەم وچاو خڕە مندالانەیەم هێنایە بەرچاوی خۆم، کەچۆن بەدەم ئازارەوە وەکو تووتەڵەکە دەنوزایەوەو بەدەستە چکۆلەکانی سەرە ساف و ئامال زەردەکەی دەسڕی، هەستم بە شەرمەزارییەکی زۆر کرد، زۆر ڕقم لە خاڵۆزاکانم هەستا. بەڵام کە چاوم، بە ڕوخساری پڕ چرچ ولۆچ ودزێوی عەرەبانچیەکە کەوت هەموو

شتێکم لەبیر چووەوە، دەم وچاوی ڕێک لە دەم وچاوی ئەو ساتەی باپیرم دەچوو کەلە منی دەدا.

من بەهەر دوو دەست و لاقان بیوترم لە خۆم دوور دەخستەوە و هاوارم بەسەریا کرد:- لاچۆ، لێرە نەمێنی، لاکەوە لەبەرچاوم!

پێکەنی، چاوێکی داگرت، لەسەر سەکۆیەکە دابەزی و دوور کەوتەوە... لەوکاتە بە دواوە، لەبەرچاوم کەوت. حەزم نەدەکرد قسەی لەگەڵدا بکەم. خۆم لێ دوور دەگرت و دوور ونزیک چاودێریم دەکرد، چاوەڕوانی شتێکم دەکرد، خۆیشم بە تەواوی نەمدەزانی چییە. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو ڕیسکە، بویەرێکی تازە ڕوویدا... لەمێژ بوو بیرم لای ماڵەکەی ماڵباتی ئوفزیانیکوف بوو، لێم بووبوو بە مەراق، هەر لە خۆمەوە وام وێنا دەکرد، لەنێو چوار دیواری ئەم خانووە کۆنەدا، شتێکی دەگمەن و بێ وێنە هەیە، کەمەگەر هەر لە چیرۆک و ئەفسانانی پەرییاندا شتی واهەبێت.

ماڵەکەی، ماڵباتی بیتلینگ، ئاوەدانی و هەرا و زەنا و قەرەباڵغی وخۆشی پێوە دیاربوو. ژمارەیەک ئافرەتی جوان لەو ماڵەدا هەبوون. ئەفسەر و خوێندکارانێکی زۆر

هاتوچۆیان دەکرد، یارییان دەکرد، پێدەکەنین، گۆرانیان دەچڕی و موزیقایان لێدەدا، تەنانەت دیمەن وڕواڵەتی خانووەکەش جوان ودڵگیر بوو، گەڵا وگوڵ، لە پەنجەرە ڕەخشانەکانەوە، سەرەتاتکێیان دەکرد. بابام چاوی بەو خانووەدا هەڵنەدەهات، خەڵکی ماڵەکەی بە کافر و خوانەناس و بێ دین دەزانی. وشەیەکی دزێو و نامۆی بە ژنانی ماڵەکە دەگوت، نەمدەزانی مانای چییە، هاپۆ بیوتر، جارێک مانا ناشیرینەکەی بۆ ڕوونکردمەوە.

بابام، دڵبەندی خامۆشی وبێدەنگی ماڵەکەی ماڵباتی ئوفزیانیکوف بوو. ئەمە کردبوویە کارێک زۆر ڕێز وحورمەتیان بگرێت. ئەم خانووە هەرچەندە یەک نهۆم بوو، بەڵام بەرز بوو، دەیڕوانییە سەر حەوشەیەکی پان وبەرین، کە یەکپارچە چیمەن بوو. بیرێکی ئاوی شیرین لە ناوەندی حەوشەکەدا بوو، کە کەپرێکی بچووکیان لەسەر دروستکردبوو، خانووەکە، کەوتبووە پشت شەقامەکەوە، لە تۆ وایە دەیەوێ لە چاوی خەڵکی بەدووربێت. سێ پەنجەرەی بچووکی تاق ئاسا بە ڕووکارەکەیەوە بوون، کە زۆر لەبەرزیدا بوون.شووشەی پەنجەرەکان تاریک بوون، کە تیشکی هەتاو لێیدەدان، وەکو کۆلکەزێڕینە دەچوون. لە

تەنیشت دەروازە گەورەکەوە، عەمارێکی ئازووقە هەبوو، کەبەهەمان دیزاینی خانووەکە دروست کرابوو، تەنیا پەنجەرەکانی نەبێت، کە چوار چێوەکانیان بە دیوارەکەوە داکوترابوون و لاکانی بە بۆیەی سپی بۆیاخ کرابوون، دیمەنی ئەم کوێرە پەنجەرانە، زۆر دزێو وناشیرین بوون. عەمارەکەش، بەری خانووکەی گرتبوو. دەتگوت ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەم خانووە دەیەوێت ، لەچاوان بە دوور بێت وسەرنجی کەس ڕانەکێشیت. ئیدی موڵکەکە بە گشتی، بە گەوڕ و تەویلە و ئازووقەخانە بەتاڵ و بە دەرکە و دەروازە گەورەکانیەوە جۆرە هەستێکی ، ملکەچی بێدەنگ، یان غروور و کبریایەکی ئارامی لە دڵ و دەروونداچێدەکرد.

جارجار، پیرەمێرێکی باڵابەرزی، ڕدێن تاشراوی سمێڵ سپی، کە داوەکانی وەکو دەرزی ڕەپ وەستابوون، بە شەلەشەل دەهاتە ناو حەوشەکە. ناوبەناو پیرەمێردێکی دیکەی زلّف شۆڕی، کەپوو خوار، ئەسپێکی کەوەیی، سینگ تەسکی، سەر درێژی، لاق باریکی لە گەوڕەکە دێنایە دەرەوە، هەرکە دەگەییە ناو حەوشەکە ، ئەم ئەسپە سەری بە هەموو لایەکدا دەلەقاند، دەتگوت ڕەبەنیتەیەکی دلّپاکە وسلّاو لە هەموو ئەوانە دەکات کە دێنە ڕێگای. پیرەمێردە شەلەکە،

بە ناولەپ کەفەڵ و گەردنی نەوازش دەکرد، فیکەی بۆ دەکرد و بە هانکەهانک هەناسەی هەڵدەکێشا و پاشان ئەسپەکەیان دەبردەوە ناو گەوڕە تاریکەکە. وام دەهاتە بەرچاو کە ئەم پیرەمێردە حەزی دەکرد لەو ماڵە هەڵێت و بڕەڤێت. لێ چونکە ئەفسوون کرابوو، نەیدەتوانی.

تەقریبەن هەموو ڕۆژێک لە دوای نیوەڕۆوە تا ئێوارێ – سێ کوڕ، بۆخۆ لە حەوشەکەدا یارییان دەکرد، هەر سێکیان چاکەت وپانتۆڵی کەوەیی وکراس و شەپقەی چوون یەکیان لەبەربوو. هەر هەمووشیان دەم وچاو خڕی چاوە کەوەیی بوون، بە ڕادەیەک لێکدی دەچوون، لە سەرەتاوە من تەنیا بە باڵایاندا بۆم جیادەکرانەوە. من لە درزێکی باریکی دیوارەکەوە تەمەشام دەکردن، بەڵام ئەوان منیان نەدەبینی، ئەمەم زۆر لەبەر گران بوو، حەزم دەکرد بمبینن.

زۆر کەیفم بە گەمە ناسک و جوانەکانیان دەهات. زۆر بە میهرەبانی وخۆشی یارییان دەکرد، کەیفم بە جل و بەرگەکانیان دەهات، زۆر بە خەمی یەکەوە بوون، بە تایبەتی گەورەکەیان بە خەمی هەرە بچووکەکەیانەوە بوو- کە بچووکەکەیان کوڕێکی زیتەڵ و ڕوح سووک و دڵ بە

دیتنی دەکرایەوە. کە دەکەوت ئەوانی دی پێدەکەنین، عادەتەن کە کەسێک دەکەوێت خەڵکی پێی پێدەکەنن، بەڵام پێکەنینەکەی ئەوان لە بەد نیهادیەوە، نەبوو، خێرا دووانەکەی دی فریای دەکەوتن وهەڵیاندەستانەوەو دەستەکان و ئەژنۆکانیان بە گەڵای ئەرقەتیون یان دەستە سڕەکانیان پاک دەکردەوە... کوڕە ناوەنجیەکەیان، بەوپەڕی میهرەبانی دەیگوت:

- ئەرێ تۆ بۆ ئەوەندە ناشیت!... هەی تەپەتڕە!

قەت نەم دەبینین بەشەڕ بێن، یان جنێو بەیەکدی بدەن یان یەکدی فریو بدەن. هەرسێکیان چاپوک و چالاک و سەرحاڵ و شەنگوڵ بوون لە یاری و گەمە ماندوو نەدەبوون. ڕۆژێک سەرکەوتمە سەر درەختێک وفیکەم بۆ کێشان، دەمویست سەرنجیان ڕاکێشم. هەرکە گوێیان لە فیکەکە بوو، وەستان، کەوتنە تەمەشاکردنی من و بەدەنگی نزم لە بەینی خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ... من لەدڵی خۆدا وام وێناکرد لەگینە بەردبارانم بکەن، بلەز لە درەختەکە هاتمە خوارەوە، گیرفان وباخەڵم پڕ کرد لەبەرد و دووبارە سەرکەوتمە سەر درەختەکە. سەیرم کرد لە گۆشەیەکی دووری حەوشەکەدا،

خەریکی یاریکردنن، پێدەچوو منیان هەر لەبیر نەمابێت. ئەمەم زۆر لەبەر گران بوو، بەڵام حەزم نەدەکرد، من دەست پێشکەری بکەم و لەگەڵیان بەشەڕ بێم... زۆری پێنەچوو، یەکێک لە پەنجەرەکەوە بانگی لێکردن:

- منداڵینە بۆماڵەوە، دەی بلەز!

بەوپەڕی گوێڕایەڵی، ملیان دا، وەکو قاز بە خنەخن دوای یەکدی کەوتن وڕۆیشتن..

زۆرجاری دیکە بەو ئومێدە دەچوومە سەر ئەو درەختەی دیار دیوارەکە، کە بانگم بکەن و یاریم لەگەڵ بکەن، بەڵام بانگیان نەدەکردم... بەڵام لە دڵی خۆمدا و بەخەیاڵ، بەشداری یارییەکەیانم دەکرد وبەجۆرێ تێکەڵاوی یاریەکەیان دەبووم، کە هەر ساناساتێ هاوارم دەکرد یان بە دەنگی بەرز لە قاقای پێکەنینم دەدا. هەنگێ هەرسێکیان ئاوڕی لای منیان دەدایەوەو لەبەینی خۆیاندا وبە ئارامی دەکەوتنە چپەدوو، منیش تەریق و شەرمەزار لە درەختەکە دادەبەزیم.

ڕۆژێک دەستیان بە گەمەی چاوشارکێ کرد. نۆرەی برا ناوەنجیەکە بوو، کە دووانەکەی دی بدۆزێتەوە. لە

سووچێکی عەمارەکەدا وەستا. هەر دوو دەستی بە چاوانییەوە گرت وبە هیچ جۆرێ تەمەشای نەدەکرد. دووانەکەی دی چوون خۆ وەشێرن. برا گەورەکە بەپەلە ڕۆیی، خۆی خزاندە نێو ئەو عەرەبانەیەی کەلەژێر کەپری سەر عەمارەکە دانرابوو. بەڵام برا بچووکەکە، کە تیا مابوو لە کیدەرێ خۆی وەشێرێت، حایر وحەپەساو بە دەوری بیرەکەدا، حۆل حۆل دەسووڕایەوە.

ناوەنجیەکە هاواریکرد:- یەک... دوو..

برا بچووکەکە، پەشۆکا وسەرگەردان خۆی هەڵدایە سەر قەراخی بیرەکە، خۆی بە پەتەکەوە هەڵواسی و خۆی هاوێشتە نێو سەتڵە بەتاڵەکە و، سەتڵەکە یەکسەر دیار نەما، بە تەق وهۆڕ کەوت بە دیواری بیرەکەدا کە دیتم پەتەکە زۆر بە خێرایی و بە بێدەنگی بۆ خوارەوە داکشا، زۆر ترسام. لێ ترسەکەم لە یەک چرکە زیاتری نەخایاند، یەکسەر هەستم کرد کە چ ڕووداوێکی سامناک بەڕێوەیە، بە پەلە خۆم هەڵدایە نێو حەوشەکەی ئەوانەوەو هاوارم کرد:- کەوتە ناو بیرەکەوە!

برا ناوەنجیەکە ڕێک لەگەڵ مندا خۆی گەیاندە دیار بیرەکە، پەتەکەی گرت و هەڵیکێشا، چونکە دەستی سووتابوو، پەتەکەی فڕێ دا، من خێرا، پەتەکەم هەڵگرتەوە، لەو دەمەدا برا گەورەکە بە غاردان هات، یەکسەر بە هانای منەوە هات و بە دوو قۆڵی سەتڵەکەمان هەڵکێشایە سەرەوە... گوتی:- تکایە، لەسەرخۆ!

خێرا برا بچووکەکەمان، لە بیرەکە دەرهێنا. ترس لە سەراپای نیشتبوو، خوێن لە قامکەکانی دەستی ڕاستی دەچۆڕا، گۆنایەکی بریندار بووبوو، لەشی تا ناو قەدی تەڕ بووبوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. چاوەکانی ئەبڵەق بووبوون، وێڕای ئەوەش بزیەکەی کرد وگوتی: - ئەرێ ئەوە چ بوو، چۆن کەوتم!..

برا ناوەنجیەکە، لە باوەشی گرت، بە دەستەسرەکەی خۆی خوێنەکەی دەم وچاوی سڕی و گوتی:- ئەوە تۆ شێتی!..

برا گەورەکە، برۆکانی وێکهێنانەوەو گوتی:

- وەرە با بڕۆین، ئەمەمان پێناشاردرێتەوە.

من پرسیم:- کوتەک دەخۆن؟

سەرێکی لەقاند، دەستی بۆلای من ڕاکێشا و گوتی:- تۆ زۆر بە پەلە خۆت گەیاندێ!

ستایشەکەی ئەوم زۆر پێخۆش بوو، من هێشتا تەوقەم لەگەڵیا نەکردبوو کە هەمدیس بە برا ناوەنجیەکەی گوت:

- با بڕۆین دەنا سەرمای دەبێت! دەڵێین کەوتووە، نابێ بە هیچ جۆرێ باسی بیرەکە بکەین.

برا بچووکەکە بەدەم هەڵلەرزینەوە گوتی:

- ئا، پێویست ناکات باسی بیرەکە بکەین. دەڵێین من کەوتمە چاڵە باراناوەکەوە.

ئیدی ڕۆیشتن.

ئەم واریقاتە هێندە بە خێرایی ڕووی دا، کە من کاتێ ئاوڕم لەو لقە درەختە دایەوە کە خۆم پێیدا هەڵدابووە خوارەوە، سەیرم کرد هێشتا هەر دەلەرێتەوەو گەڵا زەردەکانی دەوەرن.

ئیدی ئەو سێ برایە، نزیکەی یەک هەفتە دیار نەمان.. پاشان کە بەدیار کەوتنەوە، لە جاران پڕ هەراوهەنگامەتر بوون. کە برا گەورەکەیان منی بەسەر درەختەکەوە بینی،

زۆر بە لوتف و میهرەبانییەوە گازی کردم:- وەرە گەمەمان لەگەڵ بکە!

چووم بۆ لایان، پێکەوە خۆمان بەو عەرەبانە کۆنە تەرک کراوەی  ژێر کەپری سەر عەمارەکەدا کرد، ماوەیەک تەمەشای یەکمان کرد، خۆمان بە یەکدی ناساند و کەوتینە قسان، من بەدەم قسانەوە پرسیم: - لێتانیان دا؟

برا گەورەکەیان بەرسڤی دایەوە:- باش بوو، هەرکەسە و بەشی خۆمان وەرگرت.

هەرچیم دەکرد، باوەڕم نەدەهات کە ئەو کوڕانەش وەکو من کوتەک بخۆن، پێم حەیف بوو، بەزەییم پێیاندا هاتەوە..

بچووکەکەیان پرسی:- بۆچی کێشکان ڕاو دەکەیت؟

- چونکە خۆش دەخوێنن.

- نا، چیتر ڕاوی ئەو چۆلەکە پاساریانە مەکە، وازیان لێبێنە با بە ئازادی بفڕن، بۆ هەر کوێیەکیان دەوێ بڕۆن. وا باشترە..

- زۆرچاکە، چیتر ڕاویان ناکەم!

- بەڵام، پێش ئەوە، یەکێک بگرە و بیدە بەمن.

- چ جۆره پەڕندەیەکت حەز لێیە؟

- یەکێکی زیتەڵ و دەنگخۆش، کە بخرێتە قەفەزەوە.

- ئا، یانی کەناریت مەبەستە.

ناوەنجیەکە گوتی:- پشیلە دەیخوات، باوکیشمان قەبووڵ ناکات.

برا گەورەکەیان گوتی: - ڕاست دەکات، باوکە قەبووڵ ناکات!

لێم پرسین:- دایکتان هەیە؟

گەورەکەیان گوتی:- نەخێر! بەڵام..

ناوەنجیەکە گوتی:- با هەمانە. بەڵام دایکی خۆمان نییە، دایکی خۆمان مردووە.

گوتم:- بەوجۆره دایکە دەگوترێ، زڕ دایک، باوەژن.ژن باب.

گەورەکەیان سەری لەقاند وگوتی: - ڕاست دەکەی، وایە.

هەرسێکیان لە بێدەنگیەکی خەمناکدا نقووم بوون..

من، لە ڕێگای چیرۆک وحیکایەتەکانی داپیرەمەوە، دەمزانی کە باوەژن چییە و دەکاتەچی، بۆیە بەباشی لە خەمینی وخەمبارییەکەی ئەوان تێدەگەیشتم. ئیدی

هەرسێکیان وەکو سێ جووجەڵەی ترساو، بەپاڵ یەکەوە هەڵکورمان... یەکسەر چیرۆک وحیکایەتی ئەو ژنە جادووگەرەم بیرکەوتەوە، کەبە فێڵ و تەڵەکە خۆی لە جیاتی دایکێکی ڕاستەقینە دانابوو وپاشان دایکە ڕاستەقینەکە هاتبووەوە، ویستم دڵنەوایی کورەکان بکەم و گوتم:- خەمتان نەبێ، دایکتان دەگەڕێتەوە!

گەورەکەیان، شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی:

- کەسێ مردبێ چۆن دەگەڕێتەوە؟ شتی وا مەحاڵە!

- چۆن مەحاڵە؟ ئەی خودا. زۆرجار نەک هەر مردووان، بگرە ئەو کوژراوانەش کە پارچەپارچە کراون، وەختێ ئاوی ژیانیان پێدا پرژێنراوە، زندوو بوونەتەوە. بەتایبەتی ئەوانەی کە مردنەکەیان، مردنی ڕاستی نەبووە، لە لایەن خوداوە نەبووە، بەڵکو لە لایەن جادووگەرانەوە بووە. ئیدی مردنەکەیان مردنی ڕاستەقینە نەبووە!

من، بە ئاو وتاو، ئەو حیکایەت و ئەفسانانەم بۆ دەگێڕانەوە کەلە نەنکم بیستبوون، بەڵام برا گەورەکەیان، بەدەم تەوس خەنێکەوە گوتی:

- ئەم جۆرە حیکایەتەمانزۆر بیستوون، ئەمانە هیچ نین، ئەفسانەن...

دوو براکەی دی، بە خامۆشی گوێیان دەگرت، برا بچووکەکە برۆکانی وێکهێنابووەوەو لێوی دەکرۆشت، برا ناوەنجیەکە ئانیشکێکی نابووە سەرئەژنۆی و دەستەکەی دیکەی لە ملی براکەی وەرێنابوو و سەری لەمن هێنابووە پێشەوە.

دنیا تەواو تاریک بووبوو، درەنگە ئێوارەیەکی کپ بوو، پەڵە هەورێن ئاڵ و سوور بە نزمییەوە دەتگوت بەسەر بانەکانەوە هەلواسراون- لە ناکاوا پیاوێکی دان عەمری سمێڵ چەرموو پەیدا بوو. پاڵتۆیەکی درێژی قاوەیی لەبەر بوو کە لە جبەی کەشیشان دەچوو وکڵاوێکی فەروی لەسەر بوو، لێمان نزیک بووەوە، ئەوجا بە قامکان ئاماژەیەکی بۆلای من کرد وگوتی:- ئەمە کێیە؟

برا گەورەکەیان هەستا و بە ئامازەی سەر خانووەکەی ماڵی بابامی نیشاندا وگوتی:

- هی ئەو ماڵەیە.

- کێ بۆ ئێرەی بانگکردووە؟

هەرسێکیان، بە بێدەنگی لە نێو عەربانەکە وەدەرکەوتن و بەرەو ماڵ بوونەوە، دووبارە، قازی گوێڕایەڵیان وەبیر هێنامەوە..

یارۆی پیرەمێر، بە توندی شانی گرتم، بەناو حەوشەکەدا تا دەروازەکەیبردم. ئەوەندەم لەبەر گران بوو، خەریک بوو لە داخا لە بانگی گریانێ بدەم ، بەڵام هێندە  بە هەشتاو بردمی، کاتێکم بەخۆ زانی لەسەر جادەکە بووم و فریای گریان نەکەوتم. ئەو لەبەر دەروازەکە وەستا، پەنجەی لێڕاوەشاندم و گوتی:

- نەخەڵەتابی جارێکی دی لەم حەوشەیەدا بتبینم!

بە تووڕەیی هاوارم کرد:- من بۆ ئەوە نەهاتووم چڕ وچارەی تۆی پیرە دێو بدینم!

دووبارە دەستە درێژەکانی گەیاندمێ، بەپاڵ بە سەر شۆستەکەدا بردمی، قسەکانی دەتگوت چەکوشن و بە تەوقی سەرما دەدرێن. گوتی:- بابات لەماڵە؟

لە بەدشانی من، بابام لە ماڵ بوو... لەبەردەم پیرەمێردە تووڕەکەدا، سەری لەبەرخۆ نابوو، ڕدێنی بردبووە پێشێ و بەچاوە خڕ و لێڵەکانی دەیڕوانییە دراوسێکەی و دەیگوت:

- دایکی لە سەفەرە، منیش سەرقاڵی کارم، ئیدی کەس نییە ئاگای لێبێت. جا جەنابی کۆڵۆنێل، من داوای بوردنت لێدەکەم.

جەنابی کۆڵۆنێل، بۆڵەبۆڵێکی کرد، وەکو هەورە گۆڵە لە هەموو ماڵەکەدا دەنگیدایەوە، ئەوجا، لە سەر هەردوو لاقان وەرچەرخا و ڕۆیی...

دوای ئەوەی لێدانێکی باشم خوارد، چووم بۆ ناو حەوشە، خۆم بەلای عەرەبانەکەی هاپۆ بیوتردا کرد، کە هاپۆ خەریک بوو لە ئەسپەکەی دەکردەوە. لێی پرسیم:

- چیتە بچکۆل گیان، دیسان کوتەکت خوارد؟ ئەمجارەیان لەسەرچی بوو؟

کە حاڵ و حیکایەتەکەم بۆ گیڕایەوە، تووڕە بوو وگوتی:

- باشە تۆبۆچی هاوڕێیەتی ئەوانە دەکەیت؟ ئەوانە لە بنەماڵەی دەرەبەگ و موڵکدارانن، ئەوانە ئەژدیهان، پێتەوە

دەدەن. بزانە بەهۆی ئەوانەوە چیت بەسەر هات؟ پاشان تۆڵەی ئەمەیان لێدەکەیتەوە؟ بۆیان بخە دوو تویێی نانێکی گەرمەوە...

ماوەیەکی زۆر، لەوجۆرە قسانەی ڕست، لە سەرەتاوە، چونکە بەهۆی ئەو منداڵانەوە لێدانم خواردبوو، بە وردی گوێم لێگرت، بەڵام ڕوخسار و دەم  چاوی کەلە قەرتاڵەی لە تەرکە دروستکراو دەچوو، بە جۆرێ گرژ بوو، کە دڵم لێی تێک هەڵدەهات، ئەوسا لە ناکاوا بیرم کەوتەوە کە ئەو منداڵانەش کوتەک دەخۆن و ئەوان هیچ سووچ و گوناحێکیان نییە، تا من تۆڵەیان لێ بسەنم، ئەنجام گوتم:

- پێویست بەوە ناکات لێیانبدەم و تۆڵەیان لێبکەمەوە، ئەوانە کوڕی باشن، تۆ درۆ دەکەی، بە خۆڕایی بە شەڕمان دەدەیت.

مۆڕەیەکی تووندی لێکردم و هاواری بەسەردا کردم:- دابەزە لەسەر عەرەبانەکەم!

منیش خۆم هەڵدایە سەر ئەرزەکە وهاوارم کرد وگوتم:- هەی کەر پیاو!

بێهودە بە ناو حەوشەکەدا کەوتەشوێنم، دەیویست بمگرێت، بەڵام پێمدا نەدەگەیی، هاواریدەکرد:- من کەرم؟ من خوێڕیم؟ ئێستا پێتی نیشاندەدەم...

نەنکم هاتە بەر دەرگای مووبەقەکە ومن خۆم بە باوەشی ئەودا کرد و بیوتر بەدەم سکاڵاوە حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە:

- ئەم تووڵە سەگە ژیانی لێ حەرام کردووم! ئاگای لە دەمی خۆی نییە، هەزار ویەک جنێو وسخێفی پیسم پێدەدات، بەمن دەڵێت تۆ درۆ دەکەیت، ئاخر تەمەنی من پێنج هێندەی تەمەنی ئەوە..

هەرکەسێ لەبەردەم مندا درۆی بکردایە خودام نەدەما، لە سەرسامیا زمانم دەبەسترا، گێژ وکاس دەبووم. ئەمجارەش هەمان شتم بەسەردا هات، بەرانبەری وەستام، زەق زەق تەمەشام دەکرد و هیچ قسەیەکم بۆ نەدەهات... لێ نەنکم لێبڕاوانە گوتی:

- بیوتر، تۆ درۆ دەکەیت. وادیارە تۆ سەرت کردووەتە سەری، دەنا من دڵنیام کە ئەو کەسێک نییە لە خۆیەوە جنێوی پیس بدات!

ئەگەر باپیرەم لە جیاتی نەنکم بوایە، باوەڕی بە قسەکانی یارۆی عەرەبانچی دەکرد..

لەو ڕۆژە بە دواوە، شەڕێکی توندو دژوارو بێدەنگ لە نێوان من و عەرەبانچیەکەدا بەرپا بوو. ئیدی لە دەرفەت دەگەڕا کە بۆ نموونە لە پشتەوە دەڵەکم بدات، یان قایشی عەرەبانەکەم بەربکەوێ، یان فڕندەکانم لە نێو قەفەزەکە بەرەڵڵا بکات، هەموو ئەم کارانەشی بەجۆرێ دەکرد، وەکو ئەوەی خۆ بەخۆ وبە ڕێکەوت ڕوویان دابێت. تەنانەت جارێک پشیلەشی کردە گیان فڕندەکانم... ئیدی لە بیانوو دەگەڕا و هەموو جارێک لەلای بابام شکاتی لێدەکردم، جا بۆ ئەوەی زۆر تاوانبارم بکات، شتی وای بۆ دەگێڕایەوە کە من ئاگا وعیلم و خەبەرم لێیان نەبوو، ئیدی وام لێهات گەییمە ئەو قەناعەتەی ئەویش وەکو من منداڵە و هەموو فەرقەکەی لەگەڵ مندا تەنیا ئەوەیە جل و بەرگی پیرەمێردانیلەبەر کردووە.

ئیدی منیش، کەوتمە بیری ئەوەی تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوە. سەری تەق تەقیلەکانیم هەڵدەوەشاندەوە، دوای ئەو بەلەکپێچ و زەنگاڵانەم دەپچڕی کە لە جیاتی گۆرەوی لە

لاقی هەڵدەکێشا، وەختێ دەیویست لە لاقی توونديان بکات، سەرلەبەری هەڵدەوەشايەوە. جارێکيان بيبەری توونم کردە تەپلەکەیەوە. ئيدی نزيکەی يەک دانە سەعات بە دەوری خۆييدا خولايەوەو پژمی، هەموو ئەو کارانەشم بە دزييەوە دەکرد. بەهەرحاڵ هەموو توانای خۆم بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، دوو قات تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوە. ڕۆژانی يەم شەممان، بە درێژايی ڕۆژەکە، ژێراوژێر چاودێری منی دەکرد. هەرکە بيديتبام لەگەڵ منداڵە ئاغازادەکانا قسان دەکەم، يەکسەر بە بابامی دەگوت. چونکە لێميان قەدەغە کردبوو، تێکەڵاوی ئەو منداڵانە بکەم، بەڵام وێڕای ئەوەش پەيوەنديم لەگەڵ ئەو منداڵانەدا هەر بەردەوام بوو، ڕۆژبەڕۆژيش بتەوتر دەبوو و خۆشی و ئۆخژنێکی زياتری بە دڵ و دەروونم دەبەخشی. لە سووچێکی بەينی ديوارەکەی حەوشەی ماڵەکەی بابام و ديوارە تەختەکەی ماڵی ئوفزيانيکوف دا، دار زيزەفون و ناروەنێک هەبوو، چەند پنجە ڕووەکێکی چڕە گەڵای لێ ڕوا بوو، لەوديو درەخت وڕووەکەکانەوە، کونێکی نيمچە بازنەييم کردبووە ديوارە تەختەکەی وان، منداڵەکان لەوێندەرەوە بۆلام دەهاتن، ئيدی يان يەک يەک دەهاتن يان دوو دوو، ئيدی بەدەم قسانەوە

یان لە سەر چۆکان دادەنیشتین یان بە چوار مشقی دادەنیشتین و بە ئەسپایی دەکەوتینە قسان، یەکێک لە منداڵەکان هەمیشە ئێشکی دەگرت، تا نەبا کۆڵۆنێل لە ناکاوا غافڵگیرمان بکات.

ئەوان، باسی ژیانی خەمناک ونالەباری خۆیان بۆ دەکردم و زۆرم خەفەت بۆ دەخواردن، دڵم پێیان دەسووتا. باسی ئەو تەیر و توانەمان دەکرد کە من ڕاوم دەکردن، باسی زۆر خەم و خولیای منداڵانەی دیکەمان دەکرد، بەڵام ئیستاش لە بیرمە، هەرگیز باسی باوەژنەکەیان یا باوکیان بۆمن نەدەکرد. زۆرجار داوایان لە من دەکرد کە حیکایەتێکیان بۆ بگێڕمەوە. منیش، بە ئەمانەتی تەواوەوە، هەموو ئە نەقڵ و نەزیلانەم بۆ دەگێڕانەوە کەلە داپیرەم بیستبوون... خۆ ئەگەر هەندێک وردە کاریانم بیر چووبا، داوام لێدەکردن، کەمێک سەبر بکەن. خێرا بۆ مووبەقەکە دەچووم، ئەوەم کەلە بیر چووبووەوە، لە نەنکم دەپرسی... نەنکم ئەمەی زۆر پێخۆش بوو..

من زۆرجار باسی داپیرەم بۆ دەکردن... جارێکیان برا گەورەکەیان ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بە خەمینییەوە گوتی:

- بێگومان، هەموو نەنکان مرۆڤی باشن، ئێمەش نەنکێکی زۆر دلۆڤانمان هەبوو، زۆرمان خۆشدەویست...

ئەم کوڕە، زۆربەی کات، بە شێوازی ڕابردوو دەئاخفی، زۆرجار بە خەمینیەکی خویاوە ئەم واژانەی دووبارە دەکردەوە: " بوومان، هەبوو، جارێک " ئەوەندە لە ڕابردوودا ڕۆدەچوو لە تۆوایە تەمەنی سەد ساڵە، نەک تەنیا یازدە ساڵ. لە بیرمە کە دەستەکانی لاواز وئەنگوستەکانی درێژ وباریک بوون، بە گشتی کوڕێکی ئەندام وردیلەی لەڕ ولاواز بوو، دوو چاوی گەش و ئارامی هەبوون، ڕێک گڕو بڵێیسەی چرای هەمیشە داگیرساوی نێو کڵێساکانی بیر دەهێنایەوە. براکانیشی کوڕی باش بوون و هەر لە یەکەم ساتەوە چوونە دڵمەوەو متمانەم پێکردن، حەزم دەکرد دڵیان ڕابگرم و زویریان نەکەم، بەڵام گەورەکەیانم زیاتر خۆشدەویست، بەهەرحاڵ...

زۆرجار، بە قسەوە دەخافڵام و ئاگام لە هاتنی هاپۆ بیوتر نەدەما... زۆرجار دەهات، بڵاوەی پێدەکردین و هاواریدەکرد:- چییە؟ دیسان لەگەڵ ئەوانەدایت؟

دەمبینی، زۆرجار ڕووی گرژ دەکرد، وام لێهاتبوو، هەرکە لەسەر کار دەگەڕایەوە، بە شێوەی کردنەوەی دەروازەکەدا، دەمزانی مجێزی چۆنە، ڕوخساریم دەخوێندەوە. ئەگەر مجێزی باش بوایە دەرگاکەی بە ئەسپایی دەکردەوە، ئەگەر مجێزی خراپ بوایە دەرگاکەی بە تەق وهۆڕ و بە تووندی دەکردەوە، جیڕەجیڕی دەرگاکە لە هاوار و ناڵەی مرۆڤێکی دەردەدار دەچوو.

برازا کەڕ ولاڵەکەی ماوەیەکی زۆر بوو، بۆ لادێ چوو بوو، گوایە بەنیازی ژن خواستن ڕۆیی بوو. بیوتر، بە تاقی تەنیا لە ژوورێکی نزمی سەربانی تەویلەکە دەژیا، ژوورەکە پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو. بە باشی بە ژوورەکەی ڕانەدەگەیی، ژوورەکە بۆنی چەرمی خۆشەکراو قەتران و ئارەقەی لەش و تووتنی لێدەهات. من لەبەر ئەو بۆنە ناخۆشانە هەرگیز بۆ ژوورەکەی نەدەچووم.

لەم دواییانەدا، وای لێهاتبوو، کە دەنووست چراکەی نەدەکوژاندەوە، بابام زۆر لەم کارەی بێزار بوو، زۆرجار پێی دەگوت:

- بیوتر ئاگادار بە! دەترسم ئاقیبەتماڵەکەم بسووتێنی!

بیوتر، بێئەوەی ڕووبکاتە ئەو، دەیڕوانیە لایەک و دەیگوت:

- خەمت نەبێ، شەوان کە دەنووم، چراکە لە ناو لەگەنێک ئاوا دادەنەم.

ئێستا وای لێهاتبوو، بە چەپ وخێلی تەمەشای بەرانبەرەکەی دەکرد. هەرگیز ڕاستەوڕاست سەیری بەرانبەرەکەی نەدەکرد... ماوەیەکی زۆر بوو، بەشداری شەو بێرییەکانی داپیرەمی نەدەکرد ودەعوەتی مرەبای نەدەکردین ، دەم و چاوی لاواز بووبوو، چرچ و لۆچی ڕوو وڕوخساری قووڵتر و زۆرتر بووبوون. کە ڕێی دەکرد بەلادا دەهات، وەکو کەسێکی نەخۆش و بێتاقەت، لاقی لەدووی خۆی بکێش دەکرد.

بەیانییەک من و بابام خەریکی ماڵینی ئەو بەفرە زۆرە بووین کە شەوێ باری بوو، لەناکاوا دەرگاکە بە

جیڕەجیڕێکی سەیر کرایەوە، پۆلیسێک، بە خشکەیی خۆی بە ژووردا کرد، دەرگاکەی داخست و پشتی پێوەدا، بە قامکە ئەستوور وقاوەییەکەی ئاماژەی بۆ بابام کرد وبۆلای خۆی بانگی کرد. هەرکە بابام لێی نزیک بووەوە، کابرای پۆلیس کەپووە زلەکەی بە جۆرێ لێ نزیک کردەوە خەریک بوو بەر ڕوخساری بکەوێت، بە ئەسپایی و بە دەنگێکی نەوی ئەوتۆ کە نەدەبیسترا، شتێکی بە گوێدا دا، کە بابامی ناچار کرد بە پەلە وەڵامی بداتەوەو گوتی:

- لێرە! کەی؟ لە بیرم نییە..

ئەوجا بە شێوەیەکی کۆمیدی ڕاپەڕی وبەدەنگی بەرز گوتی:

- خودایا پەنام بە تۆ، شتی وا دەبێت؟

کابرای پۆلیس، تێی خوڕی:- بێدەنگ! هاوار مەکە!

بابام، ڕوانیە ئەم لاوئەولای خۆی، چاوی بەمن کەوت، گوتی:

- بەفر ماڵەکان هەڵگرە و بڕۆ بۆ ماڵەوە!

لە سووچێکا خۆم شاردەوە، بینیم بابام و پۆلیسەکە چوون بۆ ژوورەکەی یارۆی عەرەبانچی. پۆلیسەکە دەستکێشەکەی دەستی ڕاستی داکەند وکێشای بە دەستی چەپیا و گوتی:-

بێگومان، له‌ خۆی به‌ گومان بووه‌، بۆیه‌ ئه‌سپه‌كه‌ی به‌ جێهێشت وڕه‌ڤی.

به‌ هه‌شتاو خۆم گه‌یانده‌ مووبه‌قه‌كه‌، هه‌رچیم به‌ چاو بینی وبه‌ گوێ بیست، هه‌موویم بۆ نه‌نكم گێڕایه‌وه‌، نه‌نكم به‌سه‌ر ته‌شتێك هه‌ویرا دانه‌وی بووه‌وه‌، سه‌ری كه‌ یه‌كپارچه‌ ئارد بوو، گوێ به‌ گوێی جووڵه‌ی ده‌سته‌كانی، وه‌كو به‌ندۆڵی سه‌عات ده‌هات و ده‌چوو. كه‌له‌ گێڕانه‌وه‌ی شته‌كان بوومه‌وه‌، به‌بێ موبالاتی گوتی:

- له‌وه‌یه‌ شتێكی دزی بێت، بڕۆ بۆ حه‌وشه‌ یاری بكه‌، تۆ هه‌قت به‌و شتانه‌وه‌ چییه‌؟

به‌ هه‌شتاو بۆ ناو حه‌وشه‌ گه‌ڕامه‌وه‌، بابام له‌ نزیكی ده‌رگاكه‌ وه‌ستابوو، ته‌پله‌كه‌ی له‌سه‌ر داكه‌ندبوو، چاوانی بڕیبوونه‌ ئاسمان و نیشانه‌ی خاچی ده‌كێشا، تووڕه‌یی به‌ سیمایه‌وه‌ دیار بوو، لاقێكی ده‌له‌رزی، لاقی به‌ زه‌ویدا كۆتا و هاواریكرد:

- پێم نه‌گوتی بڕۆ بۆ ژووره‌وه‌؟

خۆیشی دوابەدوای من خۆی بە مووبەقەکەدا کرد، یەکسەر نەنکمی گازکرد و گوتی:- ئافرەت، ئا تا ئێرە وەرە!

بە دوو قۆڵی خۆیان بە ژوورەکەی تەنیشتدا کرد، ماوەیەکیان بە چپەدوو بەسەر برد، کە داپیرەم بۆ مووبەقەکە زڤڕییەوە، هەر لە یەکەم نیگاوە بۆم دەرکەوت کە بویەرێکی خراپ وترسناک ڕووی داوە... لێم پرسی:- بۆچی شڵەژاویت؟

بە ئارامی بەرسڤی دایەوە:- بێدەنگ، هەقت بەم کارانەوە نەبێ، حاڵی هەیت؟

ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ ماڵەکەمان زۆر ناخۆش بوو. ترسێکی سەیر باڵی بەسەر ماڵەکەماندا کێشابوو. بابام و نەنکم دڵتەنگو نیگەران بوون، ژێراوژێر تەمەشای یەکیان دەکرد وهەر فسکەفسکیان بوو، هیچم لە قسەکانیان هەڵنەدەکڕاند، ئەم حاڵە هێندەی دی نیگەرانی دەکردم. بابام، کۆکەیەکی بۆ کرد وئەمری کرد:

- ئافرەت، هەموو چراکانی دیار ئیکۆنەکان داگیرسێنە.

بە پەلە وبەبێ مەیلی فراڤینمان خوارد. بابا و نەنکم وەکو ئەوە بوون چاوەڕوانی کەسێک بکەن. بابام ماندوو دیار بوو، بەردەوام ئاهی هەڵدەکێشا و لەبەر خۆوە دەی پرتاند ودەیگوت:

- ئیبلیس لە بنیادەم پڕ زۆرترە! کە تەمەشای ڕواڵەتیت دەکرد، لە پیاوێکی زۆر بەڕێز دەچوو. پیاوێک بوو بە ڕواڵەت باوەڕدار، خواناس، پارسا، پڕ بە مانای پارسایی... کەچی بزانە ئەنجام چیکرد!

داپیرەم، ئاخ وداخی هەڵدەکێشا.

ئەو ڕۆژە زستانیە سپیوازە زیوینە، زۆر بە خاوی و تەمەڵی دەڕۆیی، زۆر درێژ دەهاتە بەرچاو، پیاو ئۆقرەی نەدەگرت، نیگەرانی وپەرێشانی خەڵکی ماڵەکە سات بەسات زیاتر دەبوو.

دەمەدەمی ئێوارێ، پولیسێکی دیکەی سورفلی قەڵەو هات بۆ ماڵمان. لەسەر سەکۆیەکە دانیشت، خەریک بوو بە دانیشتنەوە خەوی لێبکەوێت. بەدەم پرخەپرخەوە وەنەوزی دەدا. نەنکم لێی پرسی:- چۆن بەوەتان زانی؟

دوای بێدەنگییەکی کەم، بە دەنگێکی گڕ گوتی:

- خەمت نەبێ. هیچ شتێک لە ئێمە بزر نایێت!

لەبیرمە، لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبووم، پارچە دراوێکی کۆنم لە زار نابوو، تا گەرمی بکەم و بینەم بە شووشەی پەنجەرەکەوە، کە سەهۆڵ گرتبووی، تا وێنەی قەشە گورگیوسی دزڕەوێن، لە سەر شووشەکە نەخشبکەم... لە ناکاوا، دەنگێک لە ڕاڕەوەکەوە بەرزبووەوە، هەردوو تاکی دەرگاکە کەوتە سەر گازی پشت، پتروفنای شیرفرۆش، هاتە بەر دەرگاکە، تا زاری گرتی هاواریکرد:

- ڕابن، بزانن، لە حەوشەتاندا چ خەبەرە؟

پتروڤنا، هەرکە چاوی بە پۆلیسەکە کەوت، ویستی بە هەشتاو بۆناو ڕاڕەوەکە بگەڕێتەوە. بەڵام پۆلیسەکە خێرا تەنوورەکەی گرت وهاوارێکی ترسناکی کرد:

- هێواش هێواش! تۆ کێیت؟ تەمەشای چ بکەین؟

پتروڤنا، پێی لە ئاستانەی دەرگاکە گیرا و بەسەر ئەژنۆدا کەوت، دەستی بە هات و هاوار کرد، قسەکانی خۆی دەخواردەوەو بەدەم پەڵمە گریانەوە دەیگوت:

- چوومە دەرێ کە چێڵەکە بدۆشم. لە ناکاوا لە ناو باخەکەیماڵباتی کاشریندا چاوم بە شتێک کەوت کە لە جووتێ پێڵاو دەچوو..

بابام بە تووڕەیی هاواری بەسەردا کرد، پێی بە عاردیدا گوتی وگوتی:

- درۆ دەکەی، هەرزەی بەرەڵڵا! دیواری باخەکەی مە لەوە بەرزترە تۆ هیچ شتێک لە باخەکەدا بدینیت. ئەمە جگە لەوەی کە دیوارەکە هیچ کون و کەلەبەرێکی تیانییە. تۆ درۆ دەکەیت! باخەکەمان هیچی تێدا نییە!

بتروفنا، بەدەم ناڵەیەکەوە، دەستی بۆ لای ئەو ڕاکێشاو، بە دەستەکەی دیکەی سەری خۆی گرت وگوتی:

- ئاە، خودایا! ئەو ڕاست دەکات، من درۆ دەکەم! چوومە دەرێ بۆ دۆشینی چێڵەکە، لە ناکاوا هەندێک شوێن پێم بینی کە بەرەو دیواری حەوشەکە دەڕۆیی، بەفرەکەش لە شوێنێکدا پێ شێل کرابوو، ئیدی فزوڵ گرتمی، لە دیوارەکەوە تەمەشام کرد و دیتم...

- کێ... ێ؟

ئەم هاوارە زۆر دوور ودرێژ و بێمانا بوو...

لێ لە ناکاوا هەمووان وەکو ئەوەی تێک چووبن، بەهەڵەداوان بەدەم پاڵە پەستۆوە، لە مووبەقەکەوە بەرەو باخەکە وەدەرکەوتن. لەوێ لەنێو بەفرەکەدا، لەو چاڵەدا، کە ئاگری سەر شۆرکەکە دروستی کردبوو، هاپۆ بیوتر کەوتبوو، پشتی بە کۆتەرەیەکی سووتاوەوە دابوو، سەری بەسەر سینگ وبەرۆکیەوە شۆڕ بووبووەوە. شەبەقێکی گەورەیی سوور لە ژێر گوێی ڕاستیا دەمی کردبووەوە کە دەوری ئەم شەبەقە شین بووبووەوەو لە شوێن ددان دەچوو. من لە ترسا چاوم نوقاندن، لە نێوان برژانگەکانمەوە، کێردی سەڕاجیەکەی هاپۆ بیوترم بینی کە بە سەر ئەژنۆکانیەوە کەوتبوو، قامکە خوار وخێچ و ڕەشەکانی دەستی ڕاستی، لە نزیکی کێردەکەوە خاو بووبووەوە. دەستی چەپی، بە بەفرە تواوەکەی ژێر جەستە وردیلەکەیدا ڕۆچووبوو و بەشێک لە بەدەنی لە بەفرە سپیە نەرمەکەدا نقووم بووبوو و، لە هەموو کاتێ مندالانەتر دەینواند، لە سەمتی ڕاستیەوە، وێنەیەکی سووری سەیر و نامۆ، کە زیاتر لە وێنەی تەیر دەچوو ولە سەر بەفرەکە نەخش بووبوو. بەڵام بەفرەکە لە ئالی چەپیەوە، بە دەقی خۆیەوە مابووەوە، نەرم و سپی و

بریقەدار چاوی دەخستە ڕێشکەوپێشکە، سەری بەسەر بەرۆکیا شۆڕ بووبووەوە وچەناگەی لە سینگی چەقی بوو، ڕدێنە چڕ و لوولەکەی شێوابوو، خاچێکی مسینی گەورە، بەسەر سینگە ڕووتەکەیەوەو لەنێو خوێنی وشکەوەبوودا، دیار بوو.

هەراوهەنگامە ودەنگەکانی دەوروبەرم تووشی سەرگێژکەیان کردم. بتروفنا بەردەوام هاواریدەکرد و پۆلیسەکەش هاواری لە والی دەکرد و بۆ شوێنێکی دەنارد، بابام بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواری دەکرد:

- ئاگادار بن، شوێن پێیەکان، پایەماڵ نەکەن!

لێ لە ناکاوا، ڕووی گرژ بوو، ڕوانیە بەر پێی خۆی، بە دەنگێکی بەرز و ئامێرانە بە پۆلیسەکەی گوت:

- کاکی پۆلیس، ئەم هات و هاوارەت لە چییە، فایدەی نییە، ئیدی ئەمە ئەمری خوایە و لە دەسەڵاتی کەسدا نییە... ئیدی ئەم هەرا و زەنایەی تۆ بێفایدەیە!... هەتا ئێوارە هاوار بکەیت فایدەی نییە!..

هەموو بێدەنگ بوون، ئاهیان هەڵدەکێشا و چاویان بڕی بووە جەنازەکە و نیشانەی خاچیان دەکێشا.

خەڵکانێکی دی، لە قوژبنی ماڵی بتروفناوە، بەدیوارەکەدا سەر دەکەوتن و زرم خۆیان هەڵدەدایە ناو باخەکەوەو لە بن لێوانەوە پرتە وبۆڵەیەکی نامەفهوومیان دەکردو بە غار وبەبێ ئەوەی بێدەنگیەکە بشڵەقێنن، بەناو حەوشەکەدا دەهاتن بۆلای ئێمە. ئیدی کە بابام ئەو حەشیمەتەی بینی، تەمەشایەکی تووڕەی کرد و نائومێدانە هاواریکرد:

- ئەرێ هاوسێیینە، هەموو تووتڕکەکانتان پێ شێل کرد، تۆزێ ئینسافتان بێ.

نەنکم، دەستی گرتم و بۆ ژوورەوەی بردم... لێم پرسی:- چی کردووە؟

بەدەم پەڵمە گریانەوە بەرسڤی دایەوە:- ئەدی بەچاوی خۆت نەتبینی؟

بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە، تا درەنگانی شەو، مووبەقەکە و ژوورەکەی تەنیشتی، لە خەڵکانی نەناسدا جمەیان دەهات و هەریەکە ولە ئاشێکی دەکرد. کابرای پۆلیس فەرمانڕەوا بوو،

کابرایەکی دی کەلە شەماس دەچوو، هەندێک وردە سەرنجانی لە دەفتەرێکی چکۆلەدا تۆمار دەکردو وەکۆ سۆنە هەر قرەقرِی بوو:- چی؟ چی؟

نەنکم هەموویانی بردە مووبەقەکەوەو دەعوەتی چای کردن... کابرایەکی خرِیلەی، دەم وچاو ئاوڵاوی، سمێڵ بابرِ لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو وبەدەنگێکی زیقاوڵەوە دەیگوت:

- کەس ناوی راستەقینەی نازانێت. ناوی شۆرەت و ناوی خۆی دیار نییە، تەنیا ئەوە دیارە کە خەڵکی " ئالاتما " یە. بەڵام ئەو کورە کەرِولاڵە، نە کەرِە و نە لاڵە، لە ئێوە ولە من ساغترە، قسەی کردووەو دانی بە هەموو شتێکدا ناوە. کەسی سێیەمیش ئیعترافی کردووە – چونکە سێ کەس بوون – ئەمانە دەمێکە کار وپیشەیان تاڵانکردنی کلێساکان بووە..

بتروفنا، دەم وچاوی سوور بووبووەوەو، بەدەم ئارەقە کردنەوە، ئاخ و ئۆفی دنیای نابووەوەو لێکدالێکدا دەیگوت:- ئەی خودایا!

من له سه‌ر سه‌كۆیه‌كه ڕاكشام، له‌وێنده‌ره‌وه سه‌یری خواره‌وه‌م ده‌كرد. له‌و سه‌ره‌وه هه‌رهه‌موویان، كورته‌باڵا و كرێت و ڕه‌زا قورس ده‌هاتنه به‌رچاوم...

## فه‌سڵی ( ١٠ )

ڕۆژێكی شه‌ممه بوو، به‌یانی زوو خۆم به باخه‌كه‌ی ماڵی بتروفنای دراوسێماندا كرد، تا هه‌ندێك ته‌یر وبولبه كێوی ڕاوبكه‌م. ماوه‌یه‌كی زۆر به‌ده‌م چاوه‌ڕوانیه‌وه دانیشتم، به‌ڵام ئه‌و ته‌یره سینه سووره له خۆباییه نه‌هات به لای داوه‌كه‌مه‌وه، ده‌هاتن، لێم نزیك ده‌بوونه‌وه، جوانی خۆیان ده‌نواند، ده‌تگوت گه‌ره‌كیانه پێم ڕابوێرن، به‌لار و له‌نجه به‌سه‌ر به‌فره زیوینه به‌سته‌ڵه‌كه‌كه‌دا، ده‌ڕۆیشتن، یان هه‌ڵده‌فڕین و له‌سه‌ر لقی دره‌خته‌كان، كه به‌فر داییپۆشی بوون، ده‌نیشتنه‌وه‌و وه‌كو گوڵێن گیاندار وزیندوو، له‌به‌ر ئه‌و تیشكه شینباوه‌ی له به‌فره‌كه‌ی ده‌دا، ده‌دره‌وشانه‌وه... ئه‌م دیمه‌نانه ئه‌وه‌نده جوان و دڵگیر بوون، هیچ خه‌فه‌تێكم بۆ ئه‌وه نه‌خوارد كه تاقه یه‌ك ته‌یریشم ڕاونه‌كرد، به‌خۆیشم زۆر مه‌راقی ڕاوم نه‌بوو، ئه‌وه‌نده‌ی چۆنیه‌تی ڕاوه‌كه‌م

مەبەست و لەگیان خۆش بوو، ئەنجامی ڕاوەکەم لەلا مەبەست نەبوو، زیاتر حەزم لە تەمەشاکردنی شێوازی ژیان و ڕەفتاری فڕاندن دەکرد، تا لە راوکردن وگرتنیان.

چەند خۆشە، بە تاقی تەنیا، لە قەراخ دەشتێکی پڕ بەفرا دانیشت ولە ڕۆژێکی بێدەنگی زستانێکی سەهۆڵبەندانی بلوریندا، گوێ لە زەمزەمەی مەلان بگرێت و لە دووری دوورەوە، دەنگی زەنگۆڵەی خزاکێکی سێ ئەسپە، کەبە ڕەوتە ڕێگا ببڕن، بێتەگوێ و بەرەبەرە بەرزببێتەوە..

ئەوەندە لەنێو بەفرەکەدا چاوەڕوانم کرد، خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبوومەوە، گوێچکەکانم ڕچی بوون، داوەکەم کۆ کردەوەو قەفەزەکانم هەڵگرت و بە دیوارەکەدا هەڵگەڕام. خۆم هەڵدایە ناو باخەکەی ماڵی بابامەوەو بەهەشتاو بەرەوماڵ بوومەوە. دەروازەی حەوشەکە کرابووەوە. موژیکێکی کەتەی زەلام، بەخۆ وخزاکێکی سەربە چادری، سێ ئەسپەوە خەریک بوو لە دەروازەکەوە وەدەردەکەوت، چڕە هەڵمێکی سەیر لە ئەسپەکان بەرزدەبووەوە. کابرای موژیک(جووتیاری کۆیلە) بە کەیف و بەدەماخ بوو، بە

خۆشحاڵییەوە فیکەی لێدەدا. لە ناکاواو لە خۆڕا دڵم داخورپا، لێم پرسی:- کێت بۆ ئێرە هێناوە؟

ئاوڕێکی دایەوە، تەمەشایەکی کرد، ئەوجا خۆی هەڵدایە سەر خزاکەکە وگوتی:

- جەنابی قەشەم هێناوە.

ئیدی زۆر گوێم نەدایە. لەدڵی خۆدا پێموابوو یارۆی کەشیش بۆلای هەندێک لە کرێچیەکان هاتووە، بۆلای ئێمە نەهاتووە. کابرای عەرەبانچی، فیکەیەکی کێشا، جڵەوی ئەسپەکانی تەکان دا، بە ڕووخۆشییەوە دەی لێکردن:- دەی! بڕۆن.

ئەسپەکان، لە حەوشە دەرچوون، لە دواوە تەمەشایەکم کردن، دەروازەکەم داخست. هێشتا بە تەواوەتی نەگەیی بوومە نێو مووبەقەکە، گوێم بە دەنگی بتەوی دایکم، کەلە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەهات زرینگایەوە:

- باشە، دەتەوێ چ بکەی؟ بەنیازی چیت؟ ڕەنگە بتەوێ پەلامارم بدەیت، وانییە؟

یەکسەر قەفەزەکانم لە سووچێکا دانا، بە بێئەوەی پاڵتۆکەم دابکەنم بلەز خۆم گەیاندە ڕاڕەوەکە، لەوێندەر تووشی

بابام بووم، تووند شانی گرتم و بەچاوە زەق و ترسناکەکانی تەمەشایەکی کردم، شتێکی لەدەما بوو، بە زەحمەت قووتی داو بەدەنگێکی گڕ گوتی:- دایکت هاتووەتەوە... بڕۆ بۆلای! سەبرکە!..

ئەوەندە بە تووندی ڕای تەکاندم، بە خۆرتی خۆم پێگیرایەوە، ئەوجا بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڵەکی دام وگوتی:- بڕۆ، وەژوورکەوە!

خۆم بە دەرگاکەدا کێشا. وڕ وکاس ماوەیەک وەستام، قامکەکانم لە هەڵچوون و سەرمادا گۆیان نەدەکرد، دەسکی دەرگاکەم بە ئاسانی بۆ نەدەگیرا، ئەنجام وەختایەک دەرگاکەم کردەوە، بە سەرسامی لەبەر دەرگاکەدا وەستام، زمانم بەسترابوو، دایکم گوتی:- ئەمە خۆیەتی! نامە خوا چەند گەورە بووە! چییە نامناسیتەوە؟ ئەم جلانە چییە لەبەریا!... تۆ تەمەشای گوێچکەکانی بکە، چۆن لە سەرما چاییون! کوا دایکە تۆزێ پیوی قازم بۆ بێنە!

لەناوەندی ژوورەکەدا وەستا، بەسەرما داهاتەوە، جلەکانی دادەکەندم، وەکو فرِفرۆکە بەدەوری خۆما دەیسوڕاندمەوە. مانتۆیەکیسووری نەرمی گەرمی، دەڵبی وەکو پاڵتۆی

گوندییانی لەبەربوو، لە سەرێ تا خوارێ ڕیزێ دوگمەی گەورەی ڕەشی پێوەبوو... من هەرگیز ئەو جۆرە جلەکم نەبینی بوو.

دەم و چاویم بەلاوە لە جاران بچووکتر وسپی تر بوو. بەڵام چاوەکانی درشت تر و قووڵتر لە جاران دیاربوون. قژەکەی لە جاران زەردتر دیار بوو... جلەکانی لە بەرم دادەکەند ویەک یەک فڕێی دەدانە بەر دەرگاکە، لێوە سوورەکانی بە بەردەوامی هەڵدەقورتاندن و بەردەوام دەیپرتاند:

- ئێ، بۆ بێدەنگی، بۆ شتێک ناڵێیت؟ خۆشحاڵ نیت؟ یەع ئەم کراسە بۆ ئەوەندە پیسە!

ئەوجا گوێچکەکانمی بە پیوی قاز چەورکرد... زۆر دەیەشان، بەڵام ئەو بۆنە خۆشەی لەوەوە دەهات، هەموو ئازارێکی لە بیر بردمەوە. خۆم پێوە چەسپاند و چاوم لە دوڕ چاوانی بڕین، ئەوندە هەڵچووبووم، زمانم بەسترابوو، گوێم لە نەنکم بوو، کەلە وەڵامی پرسیار وسەرنجەکانی ئەودا، بە دەنگێکی خەمین ونەوی دەیگوت:

- لاسارە، خۆسەرە، بەگوێی کەس ناکات، تەنانەت لە باباشی ناترسێت! ئاخ ڤاریا، ڤاریا...

- دایکەگیان، مەگری، خەمت نەبێ، منداڵە، بەخۆی چاک دەبێت.

هەموو ئەو شتانەی دەوروبەرم، لە هەنبەر دایکما، بچووک وناچیز وپیر وکلۆڵ دەهاتنە بەرچاو. تەنانەت وام هەستدەکرد منیش پیرم، هاوتەمەنی بابامم. دایکم خستمیە بەینی هەر دوو ئەژنۆکانیەوەو توونوند گوشیمی، دەستە قورس و گەرمەکانی بە سەرمدا هێنا وگوتی:

- سەرت چاک کردنی هاتووە. وەختی ئەوەت هاتووە بچیتە مەکتەب. دەتەوێت بخوێنیت؟

- زۆرم خوێندووە.

- هێشتا ماوتە، زۆر شتی دی ماوە کە بیخوێنیت. چەند گەورە بوویت!

بەدەم یاریکردنەوە لەگەڵ مندا، پێدەکەنی، پێکەنینێکی گەرم و نەرم، کە ئۆخژنی لە دڵ و دەروونم دەگێڕا.

بابام، شپرزە وڕەنگ پەڕیو، گرژ ومۆن، بە چاوانی سوورەوە وەژوورکەوت... دایکم بە ئەسپایی منی لە خۆی دوور خستەوەو بەدەنگی بەرز پرسی:

- باوکەگیان! من چ بکەم، تەگبیرم چییە، بڕۆم؟

بابام کەمێک لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستا، ماوەیەک بە نینۆک، بە بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات، کەوتە کڕاندنی سەهۆڵ وشەختەی سەر شووشەی پەنجەرەکە. هاماجی ژوورەکە پەرێشان وترسناک بوو. خەم ونیگەرانی لە دارو دیوارەکان دەباری، وەکو هەمیشە، لەم جۆرە ڕەوش وحاڵانەدا ڕووی دەدا، ئازای ئەندامم بووبوو بە چاو وبە گوێ. سینگم بە شێوەیەکی سەیر لێی دەدا، پڕ بە دڵ حەزمدەکرد هاوار بکەم.

بابام بە دەنگێکی خەفە گوتی:- ئەلکسی، لێرە بڕۆ دەرێ!

دایکم دووبارە بۆلای خۆی ڕایکێشامەوەو پرسی: - بۆ بڕوات؟

دایکم هەستایە سەر پێیان، وەکو پەڵە هەورێکی ئەرخوانی سبەینان، بەژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، ئەوجا لە پشت بابامەوە وەستا وگوتی:- باوکە، گوێ بگرە.

بابام، ئاوڕی لێدایەوەو قیڕاندی:- دەمت تێک بنە!

دایکم بە ئارامی گوتی:- قەبووڵ ناکەم، بە ڕووما هەڵشاخیت!

نەنکم، کەلەسەر قەنەفەکە پاڵ کەوتبوو، هەستا وبە قامکان هەڕەشەی لە دایکم کرد:- ڤارڤارا!

بابام، بەبێتاقەتی لە سەر کورسییەک ڕۆنیشت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- ئەمە چییە؟ ها؟ من کێم؟ ئەمە ناو دەنەی چی؟ ئەمە چ قسەیەکە؟!

لەناکاوا، وەکو حەیوانێکی زامدار هاواریکرد:

- ڤارڤارا، تۆ حەیای منت بردووە!

نەنکم بە منی گوت:- لێرە بڕۆ دەرەوە.

بە خەمباری بۆ مووبەقەکە چووم، چوومە سەر ئاگردانەکە، ماوەیەکی زۆر گوێم لەو گەنگەشە و قەرقەشانە گرت کەلە ژوورەکەی تەنیشتمەوە دەکران. بە تووڕەیی قسانیان دەکرد و قسەیان بە یەکدی دەبڕی، پاشان هێور و بێدەنگ دەبوون. لەتۆوایە خەویان لێکەوتووە. باس، باسی منداڵێک بوو کە دایکم بووبووی ولای کەسێک بەجێی هێشتبوو. بەڵام هەرچی سەرم دێنا و سەرم دەبرد، تێنەدەگەیشتم کە سەدەمی ( هۆ ) ئەم تووره بوونەی بابام چییە، لەبەر ئەوەیە کە دایکم

بەبێ ڕەزامەندی ئەو منداڵی بووە، یان لەبەر ئەوەیە منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرە نەهێناوەتەوە؟

پاشان بابام، شەکەت وماندوو، بە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاو وقژەی پەرێشانەوە خۆی بە مووبەقەکەدا کرد. ئەوسا نەنکم کە بەداوێنی کراسەکەی روندکەکانی سەر گۆناکانی دەسڕی، لە دوای ئەوەوە وەژوورکەوت. بابام لە سەر تەختێک دانیشت و هەردوو باسکی نانە سەر قەراخی تەختەکە، پشتی کۆمابووەوەو لێوە زەردەکانی دەکرۆشت. نەنکم لەهەنبەر ئەوا بە چۆکدا هات. بەدەنگێکی نەوی، بەڵام گەرم دەیگوت:

- پیاوەکە گیان! مەعز بۆ مەسیح بیبەخشە! هەموو ئەسپێک گلانی خۆی هەیە! خەڵکانی زۆر لەو گەورەتر، گلاون، خزاون. باشە ئەو شتانە لە نێو دەرەبەگ و ئاغایاندا ڕوو نادات، تەنانەت بازرگانانیش لەو حاڵانە بەدەرنین؟ ئاخر ئەم داماوە ژنە، بیبەخشە پیاوەکە! کەسمان فریشتە نین، قابیلە خۆمان لە خەتا وگوناحان بەدەرین...؟

بابام پشتی بە دیوارەکەوە دا، چاوانی لە دوڕ چاوانی بڕی، بزەیەکی نامۆ کەوتە سەرلێوی، بە کەسەرەوە گوتی:

- نۆبەتی ئەو قەوانەیە، بۆنا؟ تۆ ئامادەیت هەموو کەسێک ببەخشیت، چاوپۆشی لە هەموو شتێک بکەیت. تفۆ! عەمرت نەمێنێ!

بەلای نەنکما دانەوییەوە، توونند شانی گرت، تەکانی دا، لەبن لێوانەوەو بلەز قسەی دەکرد:

- ئەدیچ لە خودا دەکەی؟ خۆ ئەو نە لە هەرکەسێک خۆش دەبێت و نە چاوپۆشی لە هەر شتێک دەکات، وانییە؟ ئەوەتا ئێمە بەم تەمەنەوە، کە گوێمان لە قەراخ قەبر دەلەرزێ، بزانە چۆن سزامان دەدات. بەم ئاخری تەمەنەوە خۆشی و ئیسراحەتمان لێ هەڵگیراوە! ئەمە ڕۆژەکەیە، من مردوو تۆ زندوو، ئەگەر نەکەوتینە سواڵ و بە پارسەکی (سواڵکەری) نەمردین من هیچم نەزانیوە!

نەنکم دەستی بابامی گرت، لە لایەوە ڕۆنیشت (دانیشت) و نەرمە پێکەنینێکی بۆ کرد:

- ئەمە خەمی بۆچییە؟ سواڵ دەکەین، تۆ بۆخۆت لەماڵەوە دانیشە ومن دەچمە گەدایی... کەس دەست بەڕووی منەوە نانێت. خەمت نەبێت پارووە نانێک پەیدا دەکەین، مەترسە لە برسا نامرین. خۆت بەو خەم و خەیاڵانەوە عەزاب مەدە!

بابام لە ناکاوا تەوسخەنێکی بۆ کرد، وەکو نێرییەک ( تەگە، سابرێن ) ملێکی بادا و دەستی لە ملی نەنکم وەرێنا و خۆی پێوە چەسپاند، وردیلە و خەمبار ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

- ئاخ، گەوجە، گەوجەگیان، لەم سەر زەوییەدا جگە لەتۆ کەسم نییە. تۆ خەفەت لەهیچ ناخۆیت، گوێ بە هیچ نادەیت، دنیات داوەتەبەر کلکان، گەوجەگیان تۆ لە هیچ شتێک تێناگەیت! تۆ تۆزێ بیربکەوە بزانە چیمان لە پێناوی منداڵەکانماندا نەکرد! باشە من لە پێاوی ئەواندا، هەموو خەتایەکم نەکردووە؟ ئاخر نابێت، لەم ئاخر وئۆخری تەمەنەدا، ئەوەیان لەبەرچاو بێ و کەمێک ئاوڕم لێبدەنەوە، سووکە پاداشتێکم بدەنەوە!

کە گەییە ئێرە، تاقەتم چوو، ڕوندک بە چاوانما هاتە خوارێ، لە سەر موغەیرییەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە. بە غاردان و بەدەم گریانەوە بۆلای وان چووم، لە ئالییەکەوە (لە لایەکەوە ) هەم لە خۆشی ئەوەی دایکم هاتبووەوەو هەم لەخۆشی ئەوەی بابام و نەنکم بەوجۆرە دەدوان وئاشت بووبوونەوە دەگریام، لە ئالییەکی دیکەوە بۆیە دەگریام، بەزەییم بەواندا دەهاتەوەو خۆم بە شەریکی خەم و کول و

کۆڤانەکانی وان دەزانی. هەردووکیان لە ئامیزیان گرتم، نەوازشیان کردم، ڕایان مووسیم و ڕوندکیان بەسەرما ڕشت، بابام، دەمی لە پەناگوێم نا وگوتی:

- ئەوە تۆش لێرەی، هەی خوێڕی! دایکت هاتووەتەوە ئیدی منەتت بەمن نییە، بابات، ئەم پیرە ئیبلیسە فەرامۆش دەکەیت، وانییە؟ تەنانەت نەنکە پیرەکەشت، کە ئەو هەموو نازەی دەکێشایت و خووی شەڕ دەکردیت، ناناسیت، ها؟ هێی هێی دنیا!

بەدەست منی لەخۆی دوور خستەوە، ئەوجا هەستایە سەرپێیان کەمێک وەخۆ هاتەوە، بە تووڕەیی هاواریکرد:

- هەموو بەجێمان دەهێڵن! دەرەڤن، هەریەکە و بەلایەکدا دەڕۆن. هەرکەسە و لەخەمی خۆیدایە، کەس خەمی کەسی نییە... بڕۆ بانگی بکە، ڤارڤارا بانگ بکە. دەی خێرا!

نەنکم بە هەشتاو لە مووبەقەکە وەدەرکەوت، بابام سەری بەرەو ئەو سووچە خوار کردەوە کە ئیکۆنەکانی لێبوو وگوتی:

- ئەی خودای بەخشندە، خۆبەخۆت دەبینی چ دەکەم؟ دەبینی؟

مستێکی توندی بە سینگی خۆیدا کێشا- سینگی تەپەی لێ هەستا، ئەم کارەیم بەدڵ نەبوو. حەزم لەو شێوازە نەبوو کە خۆی پێ دەدواند وەکو ئەوە بوو لە هەنبەر خودادا بەخۆی بفشێت..

دایکم هات، بریقە و بریسکەی مانتۆ سوورەکەی مووبەقەکەی ڕوناک کردەوە. لە سەر سەکۆکە ولەبەردەم مێزەکەدا و لەنێوان بابام و نەنکمدا ڕۆنیشت، ئاسینە ( قۆڵە کراس، سۆرانی ) پانەکانی مانتۆکەی کەوتبوونە سەرشانی ئەوان. دایکم بە جدی و بە کاوەخۆ شتێکی بۆ وان دەگێڕایەوەو ئەوانیش بە کڕی و کپی گوێیان لێدەگرت. بابام و نەنکم لە هەنبەر ئەودا بچووک دەهاتنە بەرچاوم، دەتگوت ئەوان مندالّی ئەمن.

من کە لەسەر موغەیرییەکە ڕاکشابووم، شەکەت وماندوو، خێرا خەو بردمییەوە.

ئێوارێ، پیرەژن و پیرەمێرد، جلی جەژنیان لەبەرکرد و بە دوو قۆڵی بۆ نوێژی ئێوارە، بۆ کلّێسا چوون. نەنکم ڕووخۆش

ودڵخۆش چاوێکی داگرت وبابامی نیشاندایین. بابام جلکی فەرمی سەرۆکی خمخانەچیانی لەبەر کردبوو، کە بریتی بوو لە پانتۆڵێکی دەڵبی درێژ و پۆسینێکی کەوڵە دەڵەک. نەنکم ئامارژەیەکی بۆ لای بابام کرد، دەمی لە پەناگوێی دایکم نا و بە ئەسپایی گوتی:

- تەمەشای بابت بکە، دەڵێی گیسکە نێرە! چەند پاک وخاوێنە.

دایکم، شاد وبەکەیف پێکەنی..

کە هەردووکمان بە دوو قۆڵی لە ژوورەکەی ئەوداماینەوە، لەسەر تەختەکە دانیشت، لاقێکی خستە ژێر خۆی، دەستی دا بە تەختەکەدا و بانگی کردم و لە تەنیشت خۆیەوە دانیام وگوتی:

- وەرە، وەرە لای منەوە دانیشە، پێم بڵێ ژیانت چۆن بوو؟ خراپ بوو، ها؟

چۆن بوو؟ گوتم:- نازانم!

- بابات لێی دەدایت؟

- ئێستا باشە، وەکو جاران زۆرم لێنادات.

- بەڕاست؟ هەرچیت لە دڵدایە پێمی بڵێ، دەی..

حەزم نەدەکرد باسی بابام بکەم. بۆیە خۆم لە گێلی دا وگوتم لەم ژوورەدا کە ئێستا ئێمەی تیا دانیشتووین، پیاوێکی زۆر میرەبان دەژیا، کەسی ماڵەکە خۆشیان نەدەویست، ئەنجام بابام دەری کرد. هەستم کرد دایکم ئەم چیرۆک و بەسەرهاتەی بەدڵ نەبوو. گوتی:- باسی شتی دیکەم بۆ بکە.

باسی سێ براکەم بۆ کرد، باسی کۆڵۆنێلەکەی بابیانم کرد کە چۆن لە حەوشەی خۆیان دەریکردم. دایکم تووند باوەشی پێداکردم وگوتی:

- چەند پیاوێکی بێ ئینساف بووە!

ئەوسا بێدەنگ بوو، چاوەکانی داگرت و ڕوانیە ئەرزەکە و کەوتە سەرلەقاندن... لێم پرسی:- بابام بۆچی لێت پەستە؟

- من بەلای ئەوەوە تاوانبارم.

- یانی دەبوایە منداڵەکەی بۆ بێنی..

دایکم ڕاچڵەکی، برۆکانی وێکهێنانەوە، لێوی خۆی گەست، ئەوجا قاقایەکی لێدا. باوەشی پێداکردم وگوتی:

- کە زۆر زانی! جارێکی دی باسی ئەمە نەکەی ها! بەردێکی بخەسەر و لەبیری خۆتی بەرەوە! هەر بیریشی لێمەکەوە!

ماوەیەک، لەبەر خۆیەوە، کەوتە ورتە ورت، هیچی لێ حاڵی نەبووم. پاشان هەستا، بەناو ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، قامکی بە چانەگەی خۆیدا کێشا، برۆ چڕ و پەیوەستەکانی دەجولاند.

شەمالکێکی پیو، لەسەر مێزەکە دەسووتا وبەرەبەرە دەتوایەوە. گڕەکەی لە ئاوێنەکەدا عەکس بووبووەوە. سێبەری پیس بەسەر ئەرزەکەدا دادەخزی، چرا ئەزەلییەکە لەبەردەم ئیکۆنەی وەلییەکاندا دەسووتا، تریفەی زیوینی هەیڤ، لە پەنجەرە یەخزەدەکەوە ( شەختە گرتوو ) دەیدا لە ژوورەوە. دایکم بە جۆرێ چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا، وتەمەشای دەر ودیوارەکان و بن میچەکەی دەکرد، لەتۆوایە شتێکی ون کردووە و بۆی دەگەڕێت. ئەوجا پرسی:- کەی دەخەویت؟

- تۆزێکی دی.

هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:- ئا، بەڕاست ئەم دوا نیوەڕۆیە کەمێک خەوتیت.

لێم پرسی:- دەتەوێ لێرە بڕۆیت؟

بەسەرسامی گوتی:- بۆ کوێ؟

ئەوجا سەری بەرزکردمەوە و ماوەیەکی زۆر چاوی لە دورِ چاوانم بڕی و ئەوەندە تەمەشای کردم، بەدەست خۆم نەبوو، فرمێسک لە چاوانم قەتیس مان. گوتی:- چیتە؟

- ملم دەیەشێت.

دڵم زۆر تەنگ بوو. دەمزانی دایکم ماوەیەکی زۆر لێرە نامێنێتەوە، لێرە هەڵناکات، درەنگ یان زوو دەڕوات. بە پێ پەڵاسەکەی وەلانا وگوتی:

- دەچیتەوە سەر باوکت. نەنە هیچ باسی باوکتی بۆ کردوویت؟

- بەڵێ.

- ماکسیمی زۆر خۆشدەویست..

- دەزانم.

دایکم تەمەشایەکی شەمالکەکەی (مۆم) کرد، برۆکانی وێکهێنانەوەو پاشان فوویەکی لە شەمالکەکە کرد وکوژاندییەوە... گوتی: -وا باشترە!

ئەرێ، واباشتر بوو، وەختێک مۆمەکە کوژایەوە، ژوورەکە ئارامتر و چاکتر دیار بوو. سێبەرە پیسەکان دیار نەمان، تریفەی شینباوی هەیڤە شەوەکە، جێگەی سێبەرە پیسەکانی گرتەوە. کە تریفەی مانگ لە شووشەی پەنجەرەکەی دەدا، وەکو زێڕ دەدرەوشایەوە. گوتم:- باشە پێش ئەوەی بۆ ئێرە بێی لە کوێندەر دەژیایت؟

وەکو شاهێنێکی حەپسکراو، بە بێدەنگی بە ژوورەکەدا دەهات ودەچوو، وەکو ئەوەی شتێکی زۆر کۆن وەبیر خۆی بێنێتەوە، ناوی چەندین دیار ودەڤەری برد.

- باشەئەم مانتۆیەت لەکوێ بوو؟

- بەخۆم دروومە، من هەموو شتێکی خۆم بەخۆم دروستدەکەم.

زۆرم پێخۆش بوو، کە دایکم وەکو خەڵکانی دی نییە، بەڵام لە کەم دوویەکەی بێزار بووم، خۆ ئەگەر پرسیارم لێنەکردبا، هەر قسەشی نەدەکرد.

دووبارە لە سەر تەختەکە و لەنک منەوە دانیشت، دوو بەدوو باوەشمان بەیەکدا کرد، کڕوکپ تا پیرەمێر وپیرەژن لە نوێژ ونزا هاتنەوە، بۆنی مۆم و بخورد و گوڵاوی پیرۆزیان لێدەهات، هێوری و ئارامی بە ڕوخساریانەوە دیاربوو.

 بە شکۆ وجەلالێکی بێ وێنەوە شێڤمان خوارد. لەسەر خوانەکە زۆر بە کەمی و بەوپەڕی پارێزەوە دەئاخفین، وەکو ئەوەی خەمی ئەوەمان بێ، نەبا کەسێکی ئازیز لە خەو بێدار بکەینەوە...

دوای چەند ڕۆژێکی کەم، دایکم ئەرکی فێرکردنمی گرتە ئەستۆی خۆی، فێرکردنی ڕۆشنبیری دنیایی. چەند کتێبێکی بۆ کڕیم، یەکێک لەوانە کتێبی " سەرەتاکانی خوێندنەوەی ڕووسی " بوو. لە زەرفی چەند ڕۆژێکدا، هەموو کۆسپەکانی فێربوونی ئەلفبای " دنیاییم " واتە (نائاینی) م بڕی. بەڵام دایکم داوای لێدەکردم کە شیعر ئەزبەر بکەم، ئیدی لەمەوە

عەزابی هەردووکمان دەستی پێکرد. یەکێک لە شیعرەکان ئەم کۆپلەیە بوو:

طريق تهب عليها الرياح

تجوز الحقول و دور البشر!

ولم يكسر الفاس فيها الحجار

ولكن حوافر خيل تمر

هەرچەند ئەو شیعرەم دەخوێندەوە، لەجیاتی ( الرياح ) دەمگوت ( النباح ) لە جیاتی (الفاس ) دەمگوت ( الكاس )، لەجیاتی ( حوافر ) دەمگوت ( فرافر ) ... دایکم توورە دەبوو، دەیگوت:

- کەمێ بیر بکەوە، ئاخر ( النباح ) چۆن هەڵدەکات گەوجە؟ ئیدی وشەکە هاوار دەکات دەبێ لەو شوێنەدا، ( الرياح ) بەکار ببرێ، چونکە ( الرياح ) هەڵدەکات نەک ( النباح ) !

ئەمەم دەزانی، کەچی کە دەمخوێندەوە هەربە ( النباح ) دەمخوێندەوە، دایکم زۆر تووڕە دەبوو، پێی دەگوتم کەودەن، ئەو وشانەم لەدڵ گران بوون، هەوڵمدەدا، ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەمەوە... کەلەبەر خۆمەوە دەمگوتەوە، هیچ

عەیبم نەبوو، بە دروستی دەمخوێندەوە، بەڵام کەبە دەنگی بەرز دەمخوێندەوە دیسان تێکەڵم دەکردەوە، ئیدی وام لێهات ڕقم لەو بەیتە شیعرانە دەبووەوە، بە ئانقەست دەم شێواند، ئیدی هەر لە خۆمەوە وشەی هاوڕیتمم دەدانە دەم یەکەوەو کە دەمبینی مانای خۆیان لەدەست داوە، زۆر کەیفم دەهاتێ.

بەڵام ئەو لاساریەم بە ئاسانی بۆ نەچووە سەر، ڕۆژێک دایکم لە کۆتایی وانەیەکی سەرکەوتوودا، لێی پرسیم ئەو شیعرانەم لەبەر کردوون یان نا. منیش هەر لەخۆمەوە کەوتمە مینگەمینگ:

علی الطریق الطویله، العویله، السفیله، الهزیله، لاکاس، ولافاس، ولاناس، ولاراس!...

کاتێ وەخۆ هاتمەوە، دایکم هەردوو دەستی نایە سەر مێزەکە و هەستا... زۆر بە هێوری پرسی:- ئەمە یانی چی؟ ئەمەت لە کوێوە هێناوە؟

ترسێکی کوشندە باڵی بەسەردا کێشام وگوتم:- نازانم.

- با، دەیزانی، وەڵامم بدەوە!

- هەر لەخۆمەوە، هات بە دەمما.

- بۆچی؟

- هەروا بۆ سوعبەت.

- بڕۆ بۆ ئەو سووچەی ژوورەکە!

- کام سووچە؟

بە ئەسپایی و بەدەنگێکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی:- بڕۆ بۆ سووچەکە!

- کام سووچە؟

وەڵامی نەدامەوە، بەڵام خێسەیەکی لێکردم خەریک بوو زەندەقم بچێت، نەمدەزانی چی بکەم، و چی لەمن دەوێت..

مێزێکی خڕ لە سووچی ئیکۆنەکاندا دانرابوو. گوڵدانێک لەسەر مێزەکە بوو، گەڵای وشک و بۆنخۆشو گوڵی تازە پشکوتوو سەریان لێوە دەرهێنابوو. لە سووچێکی دیکەوە دەکەیەک (سەکۆ) هەبوو کە قالیچەیەکی لەسەر ڕاخرابوو. لە سووچی سێیەم تەختە خەوێک هەبوو، سووچی چوارەم هەر نەبوو، چونکە دەرگاکە بوو...

نائومیدی دایگرتم، لە مەبەستی ئەو نەدەگەیشتم، گوتم: - لە مەبەستت حاڵی نابم.

لە سەر کورسییەک دانیشت، بەبێدەنگی دەستی بە هەنیە و ڕوومەتەکانیا دێنا. ئەوسا پرسی:- بابات قەت نەیخستوویتە سووچەوە؟

- کەی؟

دووجار مستی بە مێزەکەدا کێشا و بەبێزارییەوە هاواریکرد:- ڕۆژێک لە ڕۆژان؟

- نەخێر شتی وام لەبیر نییە!

- باشە نازانی کە وەختێ بیانەوێ منداڵێک تەمبێ بکەن واداری دەکەن لە سووچی ماڵاندا بەپێوە بوەستێ؟

- نەخێر! ئەمە چۆن سزایەکە؟

دایکم ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:- کوا، وەرە ئێرە بزانم.

چووم بۆلای، لێم پرسی:- بۆ هاوارم بەسەردا دەکەیت؟

- بۆچی بە ئانقەست ئەو شیعرانە بەهەڵە دەخوێنیتەوە؟

بەهەرحاڵێ بوو بۆم ڕوونکردنەوە. وەختێک لە دڵ وزەینی خۆما شیعرەکە دەخوێنمەوە، ڕێک وەکو ئەوەی لە کتێبەکەدا چاپ بووە بە دروستی دەیخوێنمەوە، لێ وەختێ بە دەنگی بەرز دەیخوێنمەوە، بەبێ ئەوەی بەدەستی خۆم بێ، وشەی دیکەم دێنە سەر زمان.

پرسی:- ڕاست دەکەی؟ بوختان بۆخۆت ناکەیت؟

سوێندم بۆ خوارد کە ڕاستدەکەم... لێ لەهەمان ساتدا لەدڵی خۆدا گوتم: " تۆ بڵێی ڕاست بکەم؟ بۆختان بۆ خۆم نەکەم؟ " پاشان، لەناکاوا، بەکاوەخۆ کەوتمە خوێندنەوەی بەیتە شیعرەکان، شێعرەکانم بە دروستی و بەبێ هەڵە خوێندەوە. خۆم سەرم لەخۆم سوڕما، لە خۆم تەریق بوومەوە، هەستم کرد دەم و چاوم سوور بووەوە، گوێچکەکانم گڕیان لێدەبووەوە، دەنگێکی ناخۆش لە مێشکما دەنگی دەدایەوە. بەوحاڵەوە لەبەردەم دایکما وەستام، لە تەریقیدا ڕوندک بە چاوەکانما هاتەخوارەوە، لە میانی فرمێسکەکانەوە بینیم ڕوخساری لە داخا ڕەشداگەڕا، هەنیەی گرژ بوو، برۆکانی هاتنەوە یەک و لێوەکانی هەڵقورتان، بە دەنگێک کەلە دەنگی خۆی نەدەچوو، پرسی:

- ئەمە چییە؟ وادیارە بە ئانقەست واتکردووە!

- نازانم، نیازی شتی وام نەبووە.

سەری دانەواند و گوتی:- زۆر لاساری! بڕۆ دەرێ!

داوای لێکردم، هەموو ڕۆژێک کۆپلە شیعرێکی تازە لەبەر بکەم، لێ مێشکم ئەو شیعرە بە وەزن و قافیانەی وەرنەدەگرت، زیاتر ئارەزووی ئەوەم لا دروست دەبوو ئەو شیعرانە بشێوێنم و وشەکان، بە وشەێن دی بگۆڕم. ئیدی ئەمەم زۆر باش بۆ دەهات. پۆلپۆل وشەێن نامۆ و عەنتیکەم بۆ دەهات و زۆر بە ئاسانی شوێنی وشە ئەسڵیەکانیان دەگرتەوە. زۆرجار بەیتێکی تەواوم لەو بەیتانەی بە هەزار زەحمەت ئەزبەرم کردبوو، لە یادگەم دەسڕایەوە، باشترین نموونەش ئەم چوارینەیەیە، کە گوایە هۆنراوەی شازادە ڤیازیمسکی یە، کە سەر یەشەی زۆری بۆ دروست کردم:

لە بەیانیەوە تا بۆ لێڵی ئێوارێ

خەڵکانێکی زۆر دەکەونەڕێ

لەڕای مەسیحا سەدەقە داوا دەکەن!...

هەمیشە نیوەی بەیتی سێیەمم لەبیر دەچووەوە:

برسیانە، نانیان دەوێ.

دایکم ئەمەی لەبەر گران بوو، ئیدی لەگەڵ بابامدا، دەربارەی ئەم حاڵەتە قسەی دەکرد، ئەویش بە توورەیی دەیگوت:

- بەخۆی لاسار ونەژنەوە، بە ئانقەست وادەکات. هەموو نوێژەکانی لەمن باشتر ئەزبەرە. دەنا زەین و یادگەی وەکو بەردە هەرکە شتێکی لەسەر نەخش بوو، سڕینەوەی بۆ نییە، دەبێ لێی بدەیت! کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە!

نەنکیشم دەهات و قوڕەکەی هێندەی دی خەست دەکردەوەودەیگوت:

- چیرۆک و ئەفسانانی لە بیر دەمێنن، گۆرانی لەبیر دەمێنن. خۆ گۆرانیش شیعرن وانییە؟

ئەوقسانە هەموو دروست بوون... خۆیشم دەمزانی کە کەمتەرخەمم. لێ هەرکە دەمویست شیعرێکی تازە ئەزبەر بکەم، ئیدی وشەێن دی وەکو ڕیزە سیسرک دەخزینە ناو زەین و یادگەمەوەو شیعری دیکەیان لێدروست دەبوو:

بەیانیان خەڵکانیکی زۆر

بەردەرگامان لێدەگرن

دەپاڕێنەوە، چاوەڕوان دەکەن

دەکوڕوزێنەوە، دەناڵێنن

وەکو لوورەی با!

شەوان کە لەسەر جیگاکە ولەپاڵ نەنکما پاڵدەکەوتم، هەموو ئەو شتانەم کە ئەو ڕۆژە خوێندبوونمەوە یان لە خۆمەوە دروستم کردبوون بۆ دەگێڕایەوە، هەندێجار پێدەکەنی و هەندێجار سەرکۆنەی دەکردم و دەیگوت:

- بزانە! تۆ دەتوانی هەموو شتەکان ئەزبەر بکەیت! بەڵام ئاگادار بە گاڵتە بە هەژاران مەکە، ئەوانیش بەشەرن، خوایان هەیە... مەسیح بە خۆیشی هەژار و نەبوو بوو، هەموو پیاوچاکان و وەلیانیش هەژار ونەدار بوون..

من لەبن لێوانەوە دەمگوت:

من گەدا و هەژارانم خۆش ناون

بابامم خۆشناوێ

چبکەم، بەدەست خۆم نییە

خودایا، بمبوره!...

چیبکەم، لەدەست بابام

بفڕم، بچم بۆ ئاسمان

یان خۆم باوێمە بیرێکەوە و

بچمە بن عەردان

نەنکم بە توووندی دەی بۆڵاند:

- دەک زمانت بە بڕین بچێت، دەزانی ئەگەر بابات گوێی لەو قسانە بێت چ دەکات؟

- جا با گوێی لێبێ، چییە!

نەنکم بە میهرەبانی لێم دەپاڕایەوە:

- تۆ لە خۆڕایی لاساری دەکەیت، بە بەلاش دایکت توورە دەکەی، خەفەتی دەدەیتێ! داماوە خۆی ڕەوشی خراپە و تۆش هێندەی دی خەفەتی دەدەیتێ.

- بۆچی ڕەوشی خراپە؟

- دەمت لێک بنە! تۆ لەو شتانە تێناگەیت..

- من دەزانم کە بابام...

- پێمگوتیت دەمت لێک بنە!

ژیانم ناخۆشبوو، هەستم بە جۆرە نامرادییەک دەکرد، بەڵام هەر لە خۆمەوە، بێئەوەی بزانم بۆ، حەزمدەکرد ئەو هەستە بشارمەوەو دەمدایە تان بێعاری و لاساری! وانەکانی دایکم بەرەبەرە زۆرترو قورستر دەبوون. بە ئاسانی لە بیرکاری تێدەگەیشتم، بەڵام سەرم لە ڕێنووس وڕێزمان دەرنەدەکرد. بەڵام ئەوەی زۆر ماندوو و بێتاقەتی دەکردم، ئەوە بوو کە هەستم دەکرد ژیانی دایکم لە ماڵی بابیا زۆر سەخت و دژوارە. ڕۆژبەڕۆژ خەمینتر دەبوو، کە تەمەشای دەکرد، بیری لای خۆی نەبوو، لە شوێنێکی دوور، نادیار بوو، یان بە بێدەنگی بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ لەبەر پەنجەرەکەدا دادەنیشت ودەیڕوانییە ناو باخەکە. ڕۆژانی هەوەڵی دوای هاتنەوەی گورج وگوڵ ، چاپوک و چالاک و تەڕدەماخ و شەنگوڵ بوو، بەڵام ئێستا کە تەمەشام دەکرد، دەمبینی ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەچرمسی و دەژاکا، دوو بازنەی ئامال ڕەش، لە دەوری چاوەکانیا خەرمانەیان دابوو، هەموو ڕۆژەکەی بە ڕۆبێکی درێژی چرچ ولۆچی دوگمە دانەخراوەوە دەبردەسەر،

قژی شانە نەدەکرد، کەم وزۆر دەستی بەخۆدا نەدەهێنا و زۆرم لەبەر گران بوو بەو حاڵەوە بیبینم، چونکە حەزمدەکرد و باوەڕم وابوو، دەبێ دایکم هەمیشە جوان و بەدەماخ، شەنگ و شەنگوڵ، شیک پۆش و تەڕپۆش وخاوێن و باوێن بێ و لە هەموو کەسێک جوانتر بێت!

لەکاتی دەرس گوتنەوەدا، تەمەشای منی نەدەکرد، زیاتر چاوی دەبڕییە دیوارەکە، یان لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرێی دەکرد. بەبێتاقەتی دەرسەکەی لە من دەپرسییەوە. ئەوسا لە بیری دەچووەوە گوێ لە وەڵامەکانی من بگرێت. بە بچووکترین شت توورە دەبوو، بە بەردەوامی هاواری بەسەرما دەکرد، ئەمە زۆری دەڕەنجاندم، دڵم لە خۆ دادەما. چونکە پێمابوو دایک دەبێت دادپەروەر بێ، لەهەر کەسێک دادپەرووەرتر بێت، ڕێک وەکو دایکەکانی ناو حیکایەتەکانی داپیرەم... هەندێجار لێم دەپرسی:

- لای ئێمەت پێخۆش نییە؟

بەتووندی بەرسڤی دەدامەوە:- خەریکی کاری خۆت بە، لاپرەسەنی فزوڵ!

هەستم دەکرد بابام خەریکی ئامادەکردنی کارێکە کە هەم نەنکم و هەم دایکم پێیان خۆش نییە. زۆر دەچووە ژوورەکەی دایکم، دەرگاکەی لە سەر خۆی و دایکم دادەخست، قیژەقیژی وەکو دەنگی ناسازی بلوێرە دارینەکەی نیکانوری شوان دەهاتە گوێم... جارێکیان، لە یەکێک لەو گفتوگۆیانەدا، دایکم بە دەنگێکی بەرز، کەلە هەموو ماڵەکەدا دەنگیدایەوە، هاواریکرد:- مەحاڵە، شتی وا نەبووە و نابێت!

هەنگێ بە توندی دەرگای داخست، بابام کەوتە خوتەخوت و بۆڵەبۆڵ... هەراو هەنگامەی دنیای نایەوە..

شەو بوو، نەنکم لە مووبەقەکە دانیشتبوو، خەریک بوو کراسێکی بۆ باپیرەم دەدوری، لەبەر خۆیەوە ورتەورتێکی گۆنگی دەکرد، هەرکە شەقە لە دەرگاکە هەستا، گوێی قوتکردنەوەو گوتی:- ئەیەڕۆ، هەموو کرێچیەکان گوێیان لەو شەقەیە بوو!

بابام، لەناکاوا، بەتاو خۆی بە مووبەقەکەدا کرد، یەکڕاست بەرەو لای نەنکم چوو، تا توانی شەپلاخێکی بەسەروبەچکی نەنکمدا کێشا، دەستی ئازاری گەیشتێ، بە دەستەکەی دیکەی توند دەستە یەشاوەکەی گرت و هاواریکرد:

- هەی دەڵە دێو، کەی فێر دەبی زمانی خۆت بگریت.؟

نەنکم بەدەم چاککردنەوەی سەروبەستەکەیەوە، بەوپەڕی ئارامی گوتی:

- کە کەری! تۆ من فێری ئەوە دەکەی زمانی خۆ بگرم؟ نەیخۆی تاڵە، دڵنیابە، هەرچییەک دەربارەی پرۆژەو نەخشە و نیازەکانت لەمەڕ ئەو بزانم، ڕێک و ڕەوان پێی دەڵێم، وەکو هێلکەی پاککراو لە قولی مستی دەنەم..

پەلاماری نەنکمی دا، بە مست بەربووە سەر وگوێلاکی. نەنکم هیچ داکۆکییەکی لەخۆی نەدەکرد، لێکدا لێکدا دەیگوت:

- لێدە، کەر پیاو، دەی دەی لێدە، زیاتر زیاتر!...تازە خۆت هیچ، خوا ئەقڵ بە ئەولادت بدات!..

من لە سەر موغەیرییەکە دانیشتبووم، هەموو سەرین و پەتۆ و چەرچەف و تەنانەت ئەو پێڵاوانەشم، کە بۆ وشکبوونەوە دانرابوون، تێگرتن... لێ بابام لە تووڕەییدا ئاگای لەمە نەبوو. نەنکم کەوتە سەر ئەرزەکە، بابام هەر بە لەقە دەیکێشا بە سەرو گوێلاکیا، تا ئەنجام پێی هەڵنووتا،

ئەویش کەوت وسەتڵێ ئاوی لەگەڵ خۆیدا قلْپ کردەوە، دوای تۆزێک بە هانکە هانک هەستایەوە، تفێکی کرد، بەرلەوەی لە مووبەقەکە وەدەر بکەوێ و بە هەشتاو بۆ قاتی سەرەوە، بۆ ژوورەکەی خۆی بڕوات، نیگایەکی هۆقیانەی دەوروبەری خۆی کرد. نەنکیشم بە ناڵەناڵو ئاخ وئۆف هەستایەوە، لەسەر کورسییەک دانیشت، قژە پەخش و پەرێشانەکەی کۆکردەوە و تەوقەی لێدا... من لە سەر موغەیرییەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە. هەرکە چاوی پێم کەوت، بە تووڕەیی هاواری بە سەردا کردم:

- ئەم بالیف و پەتۆ و شتانە کۆبکەوەو بیانخەرەوە جێگای خۆیان، تۆ تەمەشا، چ خەیاڵێکی بە مێشکا هاتووە! بە بالیفان ناوبژیمان دەکات، لێکمان دەکاتەوە! هەزار جارم پێگوتیت خۆت لەم جۆرە کارانە هەڵمەقورتێنە، ئاخر تۆ لە کوێ و ئەو کارانە لەکوێ؟ ئەو پیرە دێوەش ئەقڵی لەدەست داوە! فەساڵی خواتەوە!

لە ناکاوا ناڵەیەکی لێ بەرز بووەوە، ڕووی گرژ کرد، سەری دانەواند و منی بانگکرد:

- وەرە تەمەشای ئێرە بکە، زۆر دەیەشێت، بزانە چییەتی

قژە چڕوپڕەکەیم هەڵدایەوە، سەیرم کرد، تەوقەیەک چەقی بووە پێستی سەری، دەرم هێنا، تەوقەیەکی دیکەشم بینی... هەستم کرد قامکەکانم گۆ ناکەن، سڕن، گوتم:

- با دایکم بانگ بکەم، من دەترسم!

دەستێکی هەڵتەکاند وگوتی:

- ئەوە تۆ چ دەڵێییت؟ دایکم بانگ بکەم؟ من مەمنوونی خودام کە دایکت نە گوێی لەم قەرقەشەیەمان بوو، نە دیتی، تۆش دەتەوێ بانگی بکەیت! بڕۆ هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم!

ئەوجا بە قامکە بزێوەکانی، کەبەهۆی دروومان و گوڵدۆزییەوە کارامە بووبوون، کەوتە گەڕان بەناو قژیا تا بزانێ سنجاق و تەوقەی دی بە سەریا چووە یان نا، منیش کەمێک زاتم وەبەر خۆ نا ولەگەڵیا کەوتمە گەڕان بە ناو قژیا و دوو تەوقەی دیکەمان لە سەری دەرهێنا.

- ئازارت هەیە؟

- کەمێک! سبەی گەرماو دادەخەم، خۆم دەشۆم و ئازارەکەی دەڕوات.

ئەوجا بە میهرەبانییەوە تەمەشایەکی کردم و بە جۆرە مەراییەکەوە گوتی:

- بەڵامئەمە بۆ دایکت نەگێڕیتەوە بەساقەگیان. ئەمانە لە یەکدی پڕن، چاویان بە یەکدا هەڵنایەت، لەیەکدی بە بیانوون، باشە بەساقەگیان؟ پێی نەڵێیت باشە؟

- باشە!

- لەبیرت نەچێت! دەی وەرە با پێکەوە ئەم شتانە ڕێک بخەینەوە. خۆ ڕوخسارم جێی لێدانی پێوە دیار نییە؟ پێوەی نییە ها؟ باشتر، جگە لە من و تۆ کەس بەم شەڕ و هەرایە نازانێت.

نەنکم کەوتە سڕین و پاککردنەوەی ناو ژوورەکە، من لە کانگای دڵمەوە گوتم:

- تۆ، وەکو ئەولیای، عەزابت دەدەن، لێت دەدەن و هەر گوێشت لێ نییە.

- ئەم وڕینە چییە دەیکەیت؟ ئەولیای چی!... کەست نەدۆزییەوە لە گەڵ ئەولیاندا بەراوردی بکەی من نەبێت؟

ماوەیەک بە چوار چنگۆڵە ڕێی کرد، نالاندی، من لە بەر دەرگاکە دانیشتبووم و بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن تۆڵەی ئەو ئێوارەیە لە بابام بکەمەوە...

ئەمە یەکەمجار بوو بابام بەبەرچاوی منەوە، بەو دڕندەییە لە نەنکم بدات... لە تاریکییەکەدا، دیمەنی ڕوخسارە سوورە گرتگ و قژە سوورە گڤەکەیم هێنایە بەرچاوی خۆم. خەریک بوو لە داخا دڵم شەقی دەبرد، هەرچیم دەکرد و دەکۆشا نەمدەزانی بە چ جۆرێ تۆڵەی نەنکمی لێبکەمەوە.

دوای دوو ڕۆژ- لەبیرم نییە بە  چ کارێک – چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەی ئەو، سەیرم کرد بە چوار مشقی لە سەر ئەرزەکە ولە هەنبەر سەندووقێکی کراوە دانیشتووە وخەریکی هەندێ کاغەز وماغەزانە ، تەقویمە کەنەسیەکەی، کە زۆری خۆشدەویست لەسەر کورسییەکی تەنیشت خۆی دانابوو. ئەم تەقویمە بریتی بوو لە دوازدە لاپەڕە و هەر لاپەڕەیەک ڕۆژەکانی مانگی تیا دیاریکرابوو، جگە لە ڕۆژەکانی مانگ، هەر لاپەڕەیەکیش کرابوو بە چەندین خانەی چوارگۆشەی بچووکەوە، لە هەر

خانەیەکدا، وێنەی یەکیک لەو قەشانە دانرابوو کە ڕۆژی لە دایکبوونەکەی کەوتبووە ئەو مانگەوە. بابام ئەو تەقویمەی زۆر خۆشدەویست، وەکو چاوی دەپاراست. بەدەگمەن ڕێگەی بە من دەدا تەمەشای بکەم، مەگەر کاتێ ئەوەی لەگەڵ بکردمایە کە لە ڕەفتار و هەڵس وکەوتم ڕازی بوایە. منیش بە تاسە و سۆزێکی سەیرەوە تەمەشای ئەو وێنە بچووکە کەوەییانەم دەکرد و سۆز و گودازێکی (انفعال) سەیر لە دڵم دەگەڕا.

ژینامە وبیوگرافی خاوەنانی هەندێک لەو وێنانەم دەزانی. لەوانە: گریک و ئولیتا و ڤارڤارای شەهیدی گەورەو پانتیلیموناو.. هتد. من لە هەموویان زیاتر دڵبەندی چیرۆکی پڕ خەم و پەژارەی قەشە ئەلکسی پیاوی خوا بووم. زۆر حەزم لەو شیعرە جوانانە بوو کە دەربارەی ئەو هۆنرابوونەوەو زۆرجار نەنکم بە دەنگێکی خۆشیئەوتۆ بۆمی دەخوێندەوە کە ناخی دەهەژاندم.

هەندێجار کە تەمەشای ئەو هەموو شەهیدانەم دەکرد، دڵخۆشی خۆم بەوە دەدایەوە کەلە هەموو سەردەمانێکا،

خەڵکانێک هەبوون کەلە پێناوی باوەڕی خۆدا تەحەمولی هەموو چەوسانەوەیەکیان کردووەو شەهید بوون...

بەڵام من ڕێک لەو کاتەدا بڕیارم دا کە ئەو تەقویمە بدزم. چاوەڕێم کرد تا بابام چووە بەر پەنجەرەکە، کەوتە خوێندنەوەی کاغەزێکی شینباو کە ڕەسمی چەند هەڵۆیەکی پێوەبوو، خێرا چەند لاپەڕەیەکم لە تەقویمەکە کردەوەو بەهەشتاو بۆ مووبەقەکە چوومە خوارەوە. مقەستێکم لەسەر مێزەکەی نەنکم هەڵگرت، چوومە سەر موغەیرییەکە ودەستم بە بڕینی سەری قەشەکان کرد. کەلە بڕینی سەری ڕیزی یەکەم بوومەوە، لە دڵی خۆما حەیفم لێهات کە تەقویمەکە بەو شێوەیە خەسار بکەم، بەهەرحاڵ، کەوتمە بڕینی هێڵی خوارەوەی ئەو چوار گۆشە وخانانەی کە ڕیزی یەکەمیان جیادەکردەوە، هێشتا لە بڕینی ڕیزی دووەم نەبووبوومەوە کە سەر وسەکوتی بابام لە بەر دەرگاکە پەیدا بوو، وپرسی:

- کێ ڕێگەی بە تۆدا تەقویمەکە ببەیت؟

لە ناکاوا، چاوی بەو چوارگۆشە بچووکانە کەوت کەلەسەر ئەرزەکە بڵاو بووبوونەوە، هەڵی گرتن، ماوەیەکی زۆر لێیان ورد بووەوە، ئەوجا فڕێی دان و چەند دانەیەکی دیکەی

هەڵگرت، کە زانی چی ڕوویداوە، چەناگەی داکەوت، ڕدێنەکەی کەوتە لەرزین، هەناسەی تەنگ بوو، کاغەزەکانی هەڵدایە ئاسمان.

- ئەوە چیت کردووە وهەی نەگریسی بەدفەر؟

ئەوجا لە لاقم نەوی، ڕاکێش ڕاکێش، دەیویست لەسەر موغەیرییەکەم بێنێتەخوارێ. بەلام من خۆم لە دەستی دەربازکرد، خۆم لە سەر موغەیرییەکەوە هەڵدا، نەنکم خێرا گرتمیەوەو لە هەمێزی گرتم، بابام بە مست بەربووە هەردووکمان و هاواریکرد:

- دەیکوژم!

دایکم لە ناکاوا پەیدا بوو، خۆم لە گۆشەیەکی نزیکی موغەیرییەکە بینییەوە، دایکم کەوتە بەینی من و بابامەوە. هەوڵیدا، سەروچاوی خۆی و من لە مستەکانی بابام بپارێزێ، هاواریکرد:- ئەم فەرتەنەیە چییە ناوتەوە؟ هێدی بەوە هێدی!

بابام، بەسەر یەکێک لەو تەختانەدا کەلەبەر پەنجەرەکە دانرابوو، داڕوخا و بەدەم گریانەوە دەیگوت:- کوشتتانم، هەمووتان دژی منن، هەمووتان!

گوێم بە دەنگە کزو نزمەکەی دایکم زرینگایەوە کە دەیگوت:

- باشە شەرم لەخۆت ناکەیت؟ ئەم مەخسەرەبازی و نمایشە چییە!

بابام هاواریدەکرد، لاقی بە تەختەکەدا دەکێشان، چاوانی نوقاندبوون، ڕدێنەکەی بە شێوەیەکی کۆمیدی بۆ سەرەوە بەرز بووەوە، وام هاتە بەرچاو کەبەڕاستی لەهەنبەر دایکما شەرمەزارە لەو مەخسەرەبازیەی ناویەتیەوەو هەر بۆیەش چاوانی دەنوقێنێت...

دایکم بەدەم کۆکردنەوەی کاغەزە پەرش و بڵاوەکانەوە گوتی:

- من ئەم پارچانەتان بە کەتیرە بۆ دەنەم بە پارچەیەک قوماشەوە... کە لەجاران باشتر وقایمتر بێ. بەخۆت دەبینی تەقویمەکە تەواو کۆن بووە، ڕزیوە، بەکەڵکی هیچ نەماوە.

وەکو چۆن وەختایەک من دەرسەکانم ڕەوان نەدەکرد و لێم تووڕە دەبوو، بەهەمان تۆن و زمان قسەی لەگەڵ بابامدا دەکرد. بابام لە ناکاوا هەستا، کراس و ئێلەکەکەی بە کاوەخۆ ڕێکخستنەوە، ئەوجا کۆکەیەکی کردو، گوتی:

- دەبێ هەر ئەمڕۆ، ئەم تەقویمەم بۆ چاک بکەیتەوە، ئێستا دەچم لاپەڕەکانی دیکەشت بۆ دێنم..

بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، بەڵام لە زارکی دەرکێ ڕا وەستا ، ئاوڕی دایەوە، قامکە خوارەکەی لە من ڕاوەشاند وگوتی:- بەڵام ئەم نەگریسە، دەبێ تەمبێ بکرێ!

دایکم گوتی:- ڕاستە، هەقی خۆیەتی.

ئەوجا بەسەرما داهاتەوەوگوتی:- بۆچی ئەو کارەت کرد؟

- بە ئانقەست وامکرد، پێی بڵێ ئەگەر جارێکی دی لە نەنکم بدات، ڕدێنیشی بە قەیچی ( مقەست ) هەڵدەپاچم.

نەنکم، بەدەم داکەندنی کراسە دڕاوەکەیەوە، سەرێکی لەقاند و بە تۆنێکی گازاندە ئامێزەوە، بە بێزارییەوە تفێکی ڕۆکرد وگوتی:

- ئەدی قەرار نەبوو قسە نەکەی، کاشکێدەمی خۆت دەگرت! بریا زمانت لاڵ دەبوو، بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەم چەنە بازییە دەبوویت.

دایکم تەمەشایەکی ئەوی کرد، ئەوجا ئاوڕی لەمن دایەوە و پرسی: -کەی لێیدا؟

نەنکم بە تووڕەیی گوتی:

- ڤارڤارا، خۆزیا تۆش کەمی شەرمت لەخۆت دەکرد و ئەم جۆرە پرسیارانەت لەم تولْفە نەدەکرد؟ ئاخر تۆ هەقت چییە بەسەرمانەوە!

دایکم، بە گەرمی باوەشی پێدا کرد وبە دەنگی بەرز گوتی:

- ئاخ، دایکەگیان، خۆزگە ئەوەندە مێریڤان (دلۆڤان) و ئازیز نەدەبوویت!

- دەی باشە باش! بەرمدە!

تەمەشایەکی یەکدییان کرد وپاشان هەر یەکەیان بە لایەکدا ڕۆیشتن. دەنگی پێی بابام لە ڕاڕەوەکەوە دەهات.

دایکم، لە یەکەم ڕۆژی هاتنەوەیەوە، لە گەڵ ژنە ڕووخۆشەکەی یارۆی کۆلۆنێلدا دۆستایەتی پەیدا کردو

زۆربەی شەوان سەری دەداو لەوێ هەندێک لە خەڵکانی ماڵباتی بیتلینگی دەبینی کە بریتی بوون لە کۆمەڵێک ئافرەتی جوان و دەستەیەک ئەفسەری قۆز.

بابام، ئەم هاتوچۆیەی دایکمی پێخۆش نەبوو. زۆرجار لەسەر نانخواردنی شێوان، مراکەکەی بە هەڕەشەوە رادەوەشاند و بە نارەزاییەوە دەیگوت:

- ئەم نەگریسانە دیسان خەریکی بەزم وشەوبێرین، نەفرەتی خوایان لێبێت! ئەمە شەوی دووەمە کە خەو ناچێتە چاوانم.

زۆری پێنەچوو، داوای لە کرێچیەکان کرد کە خانووەکەی بۆ چۆڵ بکەن، هەرکە ئەوان رۆیشتن، دوو عەرەبانەی پڕ لە کەل وپەلی کۆنە هێناو، بەسەر ژوورەکانی ئەو بەشەی خانووە چۆڵەکەیدا دابەش کرد و دەرگای ژوورەکانی داخست وگوتی:

- ئیدی پێویستمان بەو کرێچیانە نییە، لە ئێستا بە دواوە خۆم لە جەژن و بۆنەکاندا پێشوازی میوانان دەکەم..

ئیدی هەرکە ڕۆژانی یەک شەممان دەهات، میوان بە سەرماندا دادەبارین، یەکێک لەو میوانانە، ماتریونا ئیڤانوڤنای خوشکی بابام بوو، ئەمە ژنێکی جلشۆری ئاوەدانی سوێرە قسەی دفناک (کەپوو زل) بوو، جلێکی ئاورێشمی خەتخەتی لەبەر و سەرپۆشێکی ئامال زەردی لەسەر دەکرد. لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیدا، ڤاسیلی و ڤیکتۆردا دەهات، ڤاسیلی نیگارکێش بوو، کوڕێکی خۆش مەشرەبی، دڵپاکی قژ درێژ بوو، جلێکی سەراپا کەوەیی لەبەر دەکرد، کوڕەی دیکەی واتا ڤیکتۆرسەری لە سەری ئەسپ دەچوو، دەم وچاوی باریک، یەکپارچە نمووس بوو (پەڵەی سەر ڕوخسار) جل وبەرگی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر دەکرد، هەرکە گەییە ڕاڕەوەکە کەوتە داکەندنی پێڵاوەکانی، بە دەم پێڵاوداکەندنەوە، بە ئاوازەوە ئەم وشانەی لەبەر خۆوە دەگوتەوە:

- ئەندرێ بابا... ئەندرێ بابا..

ئەمە، هەم حەپەساندمی، هەم ترساندمی.

خاڵە یاکوفیش، بەخۆی و گیتارەکەیەوە دەهات، کابرایەکی سەعاتچی سەرسافی یەک چاویشی لەگەڵ خۆی دێنا کە

پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی لەبەر بوو و دیمەن و سیمای ڕەبەنانی پێدەبەخشی. ئەم کابرا سەعاتچییە، هەمیشە لە سووچێکا دادەنیشت، سەری بەسەر شانی خۆیدا خوار دەکردەوە، ناوبەناو بزەیەکی بۆ دەکرد، پەنجەیەکی دەخستە ژێر جەناگە چاڵ و تاشراوەکەی، قژی ڕەشبوو، نیگای تاکە چاوەکەی زۆر تیژ بوو، کەسێکی کەمدوو بوو، بەردەوام ئەم چەند وشەیەی دووبارە دەکردەوە:

- تکایە زەحمەت مەکێشە، فەرق ناکات..

کە یەکەمجار دیتم، لە ناکاوا بیرم کەوتەوە کە کاتی خۆی- ئەو کاتەی ماڵمان لە شەقامی نوقایادا بوو – دەنگی تەپڵ، تەپڵی شەڕ و ناخۆشی لە ڕێگا گشتیەکەوە بەرز بووەوە، عەرەبانەیەکی ڕەشی بەرزم بینی کە سەربازان و خەڵکی دەوریان دابوو و لە زندانەوە بەرەو مەیدانە گشتیەکە دادەگەڕا. کابرایەک لەناو گالیسکەکە و لە سەر نشینگەیەکی بچووک دانیشتبوو. تەپلەیەکی خڕی ماهوتی لەسەر وکۆت وزنجیری لە لاق ودەستا بوو، هەر بە ئاستەم بجولاباوە، زڕەی زنجیرەکەی بەرز دەبووەوە. تابلۆیەکی ڕەش بە ملیەوە هاتبووە خوارەوەو بەسەر سینگییەوە

گیرسابووەوە، شتێکی بە حەرفی سپی درشت لەسەر نووسرابوو ئەم پیاوە سەری بەسەرتابلۆکەداداگرتبوو، لەتۆوایە دەیەوێ ئەو نووسینە بخوێنێتەوە. کاتێ دایکم بە کابرای سەعاتچی گوت: - ئەمە کوڕەکەمە!

من ترسام، پاشەوپاش کشامەوە، هەردوو دەستم خستە پشتمەوە... کابرا، دەمی کردەوە، تا گوێی ڕاستی هەر دەم بوو، زۆر ترسناک بوو.

توووند کەمەربەندەکەی منی گرت، بۆلای خۆی ڕاکێشام، بە پەلەو وەستایانە لەبەردەم خۆیدا وەری سوڕاندمەوە. ئەوجا بەرەڵڵای کردم وگوتی:

- زەحمەت مەکێشە، کوڕێکی تۆکمە و تەندروستە...

من لە سووچێکدا، لەسەر قەنەفەیەکی چەرمی گەورە دانیشتم. قەنەفەکە ئەوەندە گەورە بوو، دەکرا لەسەری بخەوی- بابام هەمیشە شانازی بەو قەنەفەیەوە دەکرد کە کاتی خۆی هی شازادە جروزنیسکی بووە- ئیدی لەو سووچەوە تەمەشای گەورەکانم دەکرد، کەچۆن بەبێهودە کاتی خۆیان بەسەر دەبرد و ڕوخسار و سیمای کابرای سەعاتچی، چۆن و بە چ شێوەیەکی سەیر دەگۆڕا... دەم

وچاوی دەتگوت پیوە و وردەوردە دەتوێتەوە. هەرجارێ بزەی دەهاتێ، لێوە ئەستوورەکانی بەلای گۆنای ڕاستیا خوار دەبوونەوە. کەپووە بچووکەکەی دەتگوت پارچە گۆشتێکی بچووکە و لە ناو تاوەیەکی پیسدا، سوور دەکرێتەوە. گوێچکەپان و کراوەکانیشی بە شێوەیەکی سەیر دەجوڵانەوە، جارێک لەگەڵ برۆی چاوە ساغەکەیدا بەرز دەبوونەوەو جارێک بەرەو گۆنا ڕەقەکانی خوار دەبوونەوە. وام دەهاتە خەیاڵ، ئەگەر خۆی بیەوێ، دەتوانێ بە گوێچکەکانی کەپووی خۆی داپۆشێت. هەندێجار پاش ئەوەی ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا، زمانێکی چکۆلەی ڕەشی لوولی لە دەمی دەردەهێنا و چەند جارێک بە لێوە ئەستوورە لینجەکانیا دێنا... ئەم دیمەنەم زیاترپی سەیر بوو تا کۆمیدی بێ، هەرگیز نەم دەتوانی چاوی لێبگوازمەوە.

میوانەکان چای و رومیان ( جۆرە خواردنەوەیەکە ) دەخواردەوە، رومی چی، بۆنی پیازی پیشاوی لێدەهات. ئیدی بە ئارەزووی خۆ لەو شەرابانەیان دەخواردەوە کە نەنکم دروستی دەکردن، هەندێک لەو شەرابانە زەردباو، هەندێک سوورباو و، هەندێکی دیکەیان ڕەش وەکو قەتران بوون. بەدەم خواردنەوەوە، هەرچی شەکرلەمە و کێکی سەر

بەهەنگوێن وکولیچەی سەر بە قەیماغی دەستکردی نەنکم هەبوو، دەیانخوارد، هێندەیان دەخوارد و دەخواردەوە، ئارەقەیان دەردەدا و بەدەست خۆیان باوەشێن دەکرد ودەستخۆشیان لە نەنکم  دەکرد، سوپاسی جوامێری و دڵاوایی ئەوەیان دەکرد، کە مڕ دەبوون، خاو دەبوونەوە، دەم وچاویان سوور هەڵدەگەڕا و لە سەر کورسییەکانیان پان دەبوونەوەو داوایان لە خاڵە یاکوف دەکرد، پارچە موزیکێکیان بۆ بژەنێت، ئەویش بەسەر گیتارەکەیدا دادەنەوییەوە، ژێیەکانی دەجوڵاند و بە دەنگە ناخۆشەکەی هەڵیدەکردە گۆرانی:

لێرە کۆڕمان گەرمە

تا دنیا پڕ کەین لە گۆرانی

جوانێ لە قازانەوە

بۆ گەڕەکی مە هاتووە

دەگەڕێ، تا لە نێو

ئێمەدا، یەکێک بۆ

خۆی هەڵبژێرێ.

هەستم کرد گۆرانیەکی زۆر خەمینە، هەڵبەتە بەلای داپیرەشەوە هەروا بوو، بۆیەگوتی:

- یاکوف گیان، ئەم گۆرانیە بگۆڕە، گۆرانیەکی دیکەی شاد بڵێ. موتریونا ئەو گۆرانیانەت لە بیرن کە جاران خەڵکی دەیانگوت؟

ژنەی جلشۆر، داوێنی مانتۆکەی ڕێک خست و بە تۆنێکی سەنگین گوتی:

- خانم گیان، ئێستا دنیا گۆڕاوە، مۆد مۆدی گۆرانی تازەیە.

خاڵم، چاوەکانی بچووک کردنەوە، ڕوانیە نەنکم، دەتگوت لە دووری دوورەوە تەمەشای دەکات، بەدەنگە ناخۆشەکەی، لەسەر گۆرانیە خەمینەکەی بەردەوام بوو.

بابام، دەگەڵ کابرای سەعاتچیدا، خەریکی فسکەفسک بوو، بەسەری پەنجە شتێکی دەژمارد وشرۆڤە دەکرد، یارۆی سەعاتچیش برۆی بەرزدەکردنەوەو سەری دەلەقاند و تەمەشای لای دایکمیەوە دەکرد و دەم وچاوی گرژ وخاو دەبووەوە. دایکم وەکو هەمیشە لە نێوان برایانی سرگیڤدا

ڕۆنیشتبوو بە ئەسپایی و بە جدی لە گەڵ ڤاسیلی دا قسەی دەکرد. ڤاسیلی ئاهی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- ئا، بەڵێ، دەبێ بیر لەوە بکەمەوە!

ڤیکتور، بەدەم بزەوە، پێی بە ئەرزەکەدا دەدا و لەناکاوا بە دەنگە زیقاوڵەکەی دەستی بە گۆرانیەکەی خۆی کرد:- ئەندرێ بابا... ئەندرێ بابا...

هەموو بێدەنگ بوون وحایر وحەپەساو ڕوانیانە ئەو، دایکی بەوپەڕی خۆپەسندییەوە گوتی:- ئەمە لە تیاترە (مەسرەح) وە فێر بووە، لە تیاتردا بەوجۆرە گۆرانی دەڵێن.

تەنیا دوو سێ شەوبێرمان، لەو جۆرە شەوبێری وشەوکۆڕانە بەسەر برد... ئێستاش لەبیرمە کە زۆرم لا ناخۆش بوو- پاشان کابرای سەعاتچی، ڕۆژێکی یەکشەممە، دوای نێوێژی نیوەڕۆ، هات بۆ ماڵمان. من لە ژوورەکەی دایکمدا دانیشتبووم و یارمەتیم دەدا وبە دوو قۆڵی مرواری پەراوێزی کراسێکی کۆنمان لێدەکردەوە. لەناکاوا دەرگا بە توندی کرایەوە، نەنکم، سەری کێشایە ژوورەوە، جۆرە ترسێک بە ڕوخساریەوە دیار بوو، بە ئەسپایی بە دایکمی گوت:- ڤارڤارا، هات!

دایکم خۆی شلوێنەکرد، لەجێی خۆی نەجولا. لێ دووبارە دەرگا کرایەوە، بابام سەری کێشایە ژوورەوە، زۆر بە ویقارەوە گوتی:- ڤارڤارا، خۆت بگۆڕەو وەرە!

دایکم بەبێ ئەوەی هەستێ یان لە جێی خۆی ببزوێ یان سەیری ئەو بکات، هەر لەجێی خۆیەوە گوتی:- بۆ کوێ؟

- پێت دەڵێم وەرە، پێویست بە چەندوچوون ناکات، ڕێوی بە پیرتەوە هاتووە، ئەمە پیاوێکی سەرڕاستە، لەکاری خۆیا وەستایە، باوکێکی باش دەبێت بۆ ئەلکسی...

بابام، زۆر بەجدی قسەی دەکرد. قەت بەو جدییەتە نەمبینی بوو. بەردەوام دەستی بە لاکەلەکەیدا دێنا... ئانیشکەکانی دەلەرزین، لەتۆوایە دەستەکانی حەزدەکەن بێنە پێشەوەو ئەو نایەڵێ...

دایکم بە هێوری گوتی:- پێم گوتن، شتی وا نەبووەو نابێت.

بابام، بەهەشتاو بەرەولای ئەو هات، دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژ کردن، لەتۆ وایە کابرایەکی کوێر و نابینایە، سەراپای لە تووڕەییدا دەلەرزی، بەدەنگێکی گڕ هاواریکرد:

- وەرە، دەنابە قژ ڕاکێشان دەتبەم!

دایکم هەستایە سەرپێ و پرسی:- چی، بەقژ دەمبەیت؟

چاوانی دایکم ئەبڵەق بوون، گڕی تووڕەییان لێدەبووەوە، بە هەشتاو تەنوورەو چاکەتەکەی داکەند، دوای ئەوەی تەنیا ژێر کراسەکەی لەبەردا مایەوە، گوتی:

- دەی فەرموو، ئێستا بە ڕاکێشان بمبە!

بابام، ددانەکانی لێ چیڕ کردەوە، کۆڵەمستی لێگۆشی و نەڕاندی:

- ڤارڤارا، جلەکانت لەبەر بکە!

دایکم بەدەست لایدایەلاوەو دەسکی دەرگاکەی گرت و هاواریکرد:

- دەی، فەرموو با بڕۆین!..

بابام لەبن لێوانەوە گوتی:- ئاخر بە لەعنەتت دەکەم!

- لە لەعنەت و نەفرین ناترسم... لە ئێستا زووتر نییە بە نەعلەتم بکە!

دایکم دەرگاکەی کردەوە، بەڵام بابام داوێنی ژێرکراسەکەی گرت وکەوتە سەرچۆکان ودەستی بە گریان کرد، بەدەم

هەنسک هەڵدانەوە بە دەنگێکی نزمی ئەوتۆ کەبە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:- ڤارڤارا، تیا دەچیت، حەیامان مەبە...

ئەوجا بە دەنگێکی نەوی و ناڵە ئامیزەوە گوتی:- ئا...فرەت، ئافر...ەت!

نەنکم، لەوکاتەدا خۆی گەیاندە بەر دەرگاکە، ڕێگەی چوونە دەرەوەی لە دایکم گرت، بەجۆرێ بەهەر دوو دەستان بۆ ژوورەوەی دەڵەک دەدا، وەکو ئەوەی بیەوێ مریشک لە کولانە بکات، دایکمی کردە ژوورەوە و لەبن لێوانەوە گوتی:

- ڤاریا، کەری شێت! بڕۆ ژوورەوە ، تۆزێ حەیات بەخۆبێ!

نەنکم هەرکە دایکمی کردە ژوورەوە، خێرا دەرگاکەی بە شیش داخست، ئەوسا بەسەر باباما دانەوییەوەو بە دەستێک لە ئەرزەکەی بەرزکردەوە و بەدەستەکەی تری کەوتە هەڕەشە لێکردنی:- تۆ، هەی شەیتانی پیر، هەی کەر و گا!

نەنکم، ئەوی لە سەر قەنەفەیەک دانا، وەکو بووکە پەڕۆینەیەک کەوتە سەر قەنەفەکە و سەری خواربووەوە و دەمی داچەقاند.

نەنکم، هاواری لە دایکم کرد:- ئەهای کچێ لەگەڵ تۆمە، جلەکانت لەبەر بکەوە!

دایکم جلەکانی لە سەر ئەرزەکە هەڵگرتنەوەو گوتی:

- مەحاڵە بچمە بەردەمی، گوێتان لێیە؟

نەنکم لەسەر قەنەفەکە هەڵی ستاندم وگوتی:- هەڕە خێرا دۆڵکەیەک ئاو بێنە!

بە ئەسپایی قسەی دەکرد، بەڵام هێور وئارام بوو، قسەکانی ئامێرانە بوو. لەسەر داواکەی ئەو بەپەلە خۆم گەیاندە ڕارەوەکە، لەوێ گوێم لە دەنگی پێی کەسێک بوو کە لەژوورەکەی بەرانبەردا، بە هەنگاوی قورس دەهات ودەچوو، گوێم لە دەنگی دایکم بوو لە ژوورەکەی خۆیەوە دەیگوت:- سبەینێ دەڕۆم!

چووم بۆ مووبەقەکە، لەبەر پەنجەرەکە ڕۆنیشتم، دەتگوت خەون دەبینم. بابام هەر ئاهوناڵە و ئاخ وئۆفی بوو. نەنکم لەبەر خۆیەوە هەر ورتەورتی بوو. دەرگایەک بە توندی درا بەیەکدا، ئەوجا بێدەنگی و ترس سەرلەنوێ باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا. لە ناکاوا بیرم کەوتەوە کەبۆچی هاتووم.

دۆڵکەیەکم تەژی ئاوکرد ولە مووبەقەکەوەدرکەوتمەوە، لە ڕاڕەوەکەدا تووشی کابرای سەعاتچی بووم . سەری دانەواندبوو و تەپلە فەروەکەی بەدەستەوە گرتبوو وگرمۆڵەی دەکرد ودەکۆکی... نەنکم دوای کەوتبوو، هەر دوو باسکی لەسەر ورگی تێک ئاڵاندبوون، بەبێ ئەوەی کابرا ببینێ پەیتاپەیتا سەری بۆ دادەنەواند و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- بەخۆت زۆرچاک دەزانیت، خۆشەویستی بە خۆرتی نایەتە سەپاندن.

کابرای سەعاتچی، لەبەر دەرگاکە پێی هەڵکەوت، کەوت وتاناو حەوشەکە غل بووەوە. نەنکم نیشانەی خاچی کێشا، کەمێک لەوێندەر وەستا، ئازای بەدەنی دەلەرزی... نەمزانی لەرزینەکەی زادەی پێکەنین بوو یان زادەی گریان؟ چونکە لەو کاتەدا، نەمتوانی ناخی بخوێنمەوە. بەغاردان خۆم گەیاندێ و پرسیم:

- چیتە؟

هێندە بەتووندی دۆڵکە ئاوەکەی لەدەستم ڕاپسکاند، کە هەندێکی لێ ڕژایە سەرپێم و گۆرەوییەکانم تەڕ بوون. گوتی:- ئەم ئاوەت لەکوێ هێنا؟ دەرگاکە داخە!

ئەوسا بۆ ژوورەکەی داکم ڕۆیی، من دووبارە بۆ مووبەقەکە چوومەوە، لەوێندەرەوە گوێم لێبوو چۆن بە دوو قۆڵی ئاه ونالّەیان دەکرد، هانکەهانکێکی ئەوەندە تووندیان پێکەوتبوو، لەتۆوایە، بارێکی قورس، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگوازنەوە.

ڕۆژێکی سایەقەی خۆشبوو، تیشکی خواری هەتاوی زستان، لەهەر دوو پەنجەرە سەهۆڵ گرتووەکەوە، دەیدا لە ناو ژوورەکە. مێز وخوانەکە بۆ ڤراڤین ئامادە بوو، قاپە مسینەکان لەسەر مێزەکە دەبریقانەوە، دوو بوتڵیش لەسەر مێزەکە دانرابوون، یەکێکیان تەژی کەڤاسی ( جۆرە شەرابێکی ڕووسییە ) زێڕین بوو، دووەمیان پڕ بوو لە ڤودکای دەستکردی بابام. ئەوەندەی گیای بۆنخۆش تێکردبوو، سەوزی سەوز بووبوو. شەختە وسەهۆڵی سەر شووشەی یەکێک لە پەنجەرەکان بە ئاستەم تواببووەوەو لێرەولەوێ درزی تێ بووبوو، کەلەو درزانەوە تەمەشات دەکرد، بەفری

سەربانەکان لەبەر تیشکی هەتاوا دەبریسکایەوەو چاوی دەخستە ڕێشکە وپێشکە... کڵاوەی سەر ئەستوونانی پەرژینی حەوشەکە وهێلانەی مەلان لە بەفرا دەبریسکانەوە.

مەلەکانی من، لەنێو قەفەزەکانیاندا، کەلە قەراخ پەنجەرەکە هەڵواسرابوون و تەژی هەتاو بوون، بەشادی یارییان دەکرد. سمیلی ( ناوی تەیرە ) یەماڵییەکە بەخۆشی دەیخوێند، دغناش ( جۆرە تەیرێکە )ەکە فیکەی لێدەدا، حسونەکە ( جۆرە تەیرێکە ) یەکێک لە گۆرانیە جوانەکانی خۆی دەخویند... بەڵام نە ئەم موزیقا خۆشە، نە ئەم ڕۆژە زیوینە پرشنگدارە، دڵیان خۆش نەدەکردم، خەم و پەژارە سەرودڵی گرتبووم، کەم وزۆر نە لەزەتم لەو ڕۆژە جوانە دەبینی و نە لە هیچی دیکە، هەموو شتێکم بەلاوە پەشم بوو... دەمویست تەیرەکان بەربدەمتابە کەماڵی ئارەزوو و بە ئازادی بایەکی باڵی خۆیان بدەن وپشوویەک بدەن، هەرکە دەستم دایە قەفەزەکان، نەنکم بە هەشتاو وبەدەم بۆڵەبۆڵەوە، لە مووبەقەکە وەدەرکەوت، پەیتاپەیتا دەیکێشا بە ڕوومەتی خۆیدا، بەرەو ئاگردانەکە غاری دەدا:

- دەک خوا بتانگرێ، بەختتان بسووتێ، قڕتان تێبکەوێت، ئاخ لەدەست تۆش ئاکولینا، کە پیرەژنێکی کەودەنی!

کەلانەیەکی گەورەی لە تەنوورەکە دەرهێنا. پەنجەیەکی لە سەرە سووتاوەکەی دا، بە تووڕەیی تفێکی ڕۆکردە ئەرزەکە وگوتی:

- بە تەواوی سووتاوە، بووە بە قەرەبرووت! بە ناخێرم ویستم تەنیا گەرمی بکەمەوە! تفو عەمرتان نەمێنێ، داوەشێن یاخوا! تۆ ئەی بووە کوێرە، تاکەی لێرە دادەنیشیت و زەق زەق تەمەشا دەکەیت؟ خۆزگە دەمتوانی یەک یەک هەڵتان بگرم و وەکو گۆزە بە عاردیمدا بدابان و ورد و خاشم بکردنایە...

بە کەسەرەوە کەلانەکەی (جۆرە نانێکی بەڕۆنە ناوەکەی پیاز و سیر و... تێدەکەن) ، ئەم دیو و ئەو دیو دەکرد، لەناکاوا کونی فرمێسکی بەربوو وکەوتە فرمێسک بارانی...

بابام و دایکم خۆیان بە مووبەقەکەدا کرد، نەنکم کەلانەکەی بە جۆرێ هەڵدایە سەر مێزەکە، هەموو قاپەکان کەوتنە لەرینەوە..

- تەمەشا بکەن، هەموو ئەمە  لە سۆنگەی ئێوەوە ڕوویدا، خوا بتانباتەوە!

دایکم کە کەمێک هێور بووبووەوە، باوەشی پێداکرد، کەوتە دڵدانەوەی و تکای لێکرد هەموو ئەو شتانە لەبیر بکات و خەفەت نەخوات. بابام شەکەت وماندوو لە پشت مێزەکەوە دانیشت، حایر وحەپەساو دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، بەرکۆشەکەی لە ملی کرد، چاوی لەبەر تیشکی هەتاوەکە هەڵنەدەهات، لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- عەیبی نییە، کەلانەی باشیشمان زۆر خواردووە، با ئەمجارە وابێ چ قەیدییە. خوداش کەمێک ڕەزیلە، لە هەنبەر ساڵەها ڕەنجدا چەند دەقیقەیەک شادیت پێدەبەخشێت وهێشتاش منەتت بەسەردا دەکات... ڤاریا وەرە... وەرە با ئاشت بینەوە... ئەوەی بوو لەبیری بکە!

لەوە دەچوو، جۆرە شێتییەک سەری لێدابێت... بە درێژایی ماوەی فراڤینەکە، هەرباسی خودا و( ئاهاب )ی کافری دەکرد، باسی ئەو ئەرکە قورس و دژوارانەی دەکرد کە دەستۆی باوکدان. نەنکم تووڕە بوو و قسەکەی پێبڕی:

- نانەکەت بخۆ، ئەوەندە قسە مەکە!

دایکم پێکەنی، چاوە گەشەکانی بریسکانەوە، دەستی بە شانی مندا داو پرسی:

- ها، ترسایت؟

- نا، ئەوسا نەترسام، بەڵام هەنووکە دڵم تەنگە، گێژوویژ بووم، هیچم لێ حاڵی نییە...

وەکو هەر یەک شەممانێکی دیکە ماوەیەکی زۆر بە خواردنەوە مژوول بوون، بێتاقەتی زۆری بۆ هێنام... باوەڕم نەدەکرد ئەمانە هەمان ئەو کەسانەی نیو سەعاتی بەرلە ئێستابن، کە هاواریان بەسەر یەکدا دەکرد وبەڕووی یەکدا هەڵدەشاخین و دەیانویست پەلاماری یەکدی بدەن و دەست بنەنە یەخەی یەکدی. نەمدەزانی ئاخۆ بە جدیانە یان نا. نە شەڕیان شەڕ بوو نە ئاشتیان ئاشتی... بەهەرحال بەرەبەرە هەم بە شەڕ وفەڕتەنەیان و هەم بە گریان و هاواریان ڕاهاتم. ئیدی وام لێهات وەکو جاران گوێم نە بەشەڕ و قەرقەشەیان و نەبە ئاشتیان نەدەدا و خەمم نەدەخوارد، لەلام بوو بە شتێکی ئاسایی.

بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر بۆم بەدیارکەوت کە خەڵکانی هەژار ونەداری ڕووس، وەکو چۆن منداڵان یاری بە

گەمەکانی خۆیان دەکەن وکاتی پێ دەگوزەرێنن، بەو ئاوایە مامەڵە لەگەڵ خەم و پەژارەی خۆدا دەکەن، داخ و کەسەری خۆیان بەیەکدی دەڕێژن و بەدەگمەن شەرم لە بەدبەختی خۆیان دەکەن.

کە نەبوونی و نەداری دەبیت بە تان و پۆی ژیان، ژیان دەبێت بە پرۆسەیەکی ڕۆتینی، خەم و پەژارەش دەبێت بە بۆنەیەکی ئاسایی، کاتی پێ دەبرێتەسەر، تەنانەت ئاگرکەوتنەوەو شەواتیش دەبێتە وەسیلەی کات بەسەربردنی خەڵکەکە، وەکو چۆن جێ زامێک لە ڕوخسارێکی بێ مانادا، دەبێت بە نیشانەیەکی جوانی...

## فەسڵی ( ١١ )

دوای ئەو بویەرە، دایکم متمانەی بەخۆی پەیدا کرد، سەری قوت کردەوە، خۆی کرد بە گەورەی هەموو ماڵەکە، بابام بە پێچەوانەوە، فسی دایەوە، وەکو کەو چوو، بە ڕادەیەک بێدەنگ بوو و ملی دایە خەت وەکو ئەوەی هەرگیز پیاوەکەی جاران نەبێت.

کونجی ماڵی گرت، لەماڵ نەدەچووە دەرێ، لە قاتی سەرەوەو لە ژوورەکەی خۆی دادەنیشت، خەریک بوو کتێبێکی گونگ و نامۆی بە ناونیشانی " یادگارییەکانی باوکم " دەخوێندەوە... ئەم کتێبەی دەنایە ناو سەندووقە گەورەکەی خۆی و قفلێکی گەورەی

لێدەدا. زۆرجار دەمبینی پێش ئەوەی کتێبەکە لە سەندووقەکە دەربێنێت ودەست بە خوێندنەوەی بکات، هەردوو دەستی بە سابوون پاک دەشت. ئەم کتێبە، کتێبێکی بچکۆلەی ئەستووری بەرگ زەرد بوو، لە سەرووی لاپەڕەی یەکەمیا و، بە خەتێکی جوان و بە مەرەکەبێکی شینی کاڵ، ئەم دەستەواژەیە نووسرابوو: " بۆ ڕێزدار ڤاسیلی کارشین پێشکەش و یادگارە لە گەڵ ئەوپەڕی ڕێز وسوپاس دا... " ناوێکی غەریب لە ژێر ئەو دەستەواژەیەدا نووسرابوو، کە کۆتایی ئیمزاکەی لە مەلیچکێک دەچوو لە حاڵی فڕیندا بێ..

بابام پاش ئەوەی بە پارێزێکی زۆرەوە بەرگە ئەستوورەکەی هەڵدەدایەوە، عەینەکە چوارچێوە زیوینەکەی لەچاو دەکرد، ماوەیەکی زۆر لەو دەستەواژەیە و ئیمزاکە ورد دەبووەوەو کەپووی دەجوولاند تا عەینەکەکەی ڕێک بخات. پتر لە

جارێک پرسیاری ناوەڕۆکی ئەم کتێبەم لێکرد کە ئەم کتێبە چییە وباسی چیدەکات؟ هەموو جارێ دەیگوت:

- هێشتا زووە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بزانێت، سەبر بکە تا کەمێک گەورە ببیت، وەسێت دەکەم کە مردم ئەم کتێبە بدەن بەتۆ، وەسێت دەکەم پۆستینەکەشم بدەن بە تۆ.

وردە وردە بەرۆکی داکمی بەردا، وەکو جاران شەڕی پێنەدەفرۆشت، کەمتر سەری دەکردە سەری و قسەی لەگەڵدا دەکرد. بە زمانیکی نەرم وڕاوێژێکی شیرین دەیدواند، گوێی لە داواو قسەکانی دەگرت. هەمیشە بە ڕوویەوە پێدەکەنی و چاوەکانی وەکو چاوەکانی هاپۆ بیوتر پرشنگیان دەدا:- باشە، بە کەیفی خۆت بکە!..

سەندووقەکانی پڕ بوون لە جل وبەرگ و کەل وپەلی سەیر: تەنوورەی گوڵدۆزی ژنانە، چاکەتی خوری ئەستەڕ ئەتڵەس، کراسی درێژی زیو دۆزی، تاج و کڵاوزەڕ، سەرپۆشی ڕەنگاوڕەنگ، ملوانکە و گەردنبەندی بەردی بەنرخ و ڕەنگاوڕەنگ، هەموو ئەو شتانەی باوەش باوەش بۆ ژوورەکەی دایکم دەهێنا و لەسەر مێز و تەپڵەکەکان بڵاوی

دەکردنەوە. بابام کە دەیبینی دایکم، بە دیقەت و سەرسامی تەمەشایان دەکات، دەیگوت:

- لە زەمانی مەدا، جل وبەرگ و ئەم شتانە لە هی ئەمڕۆ گرانتر و جوانتر بوون! جل وبەرگ گرانتر بوو، بەڵام خەڵکی سادەتر وخۆشتر دەژیان، یەکیان خۆشدەویست و دۆستایەتی و مەحەبەتیان دەفامی. پێموایە جارێکی دی ئەو ڕۆژانە ناگەڕێتەوە! ئەم شتانە تاقی بکەوەو کامیانت بە دڵە بۆخۆتی هەڵگرە..

ڕۆژێک داکم بەقسەی کرد، چوو بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوەو دوای ماوەیەک بەماکسییەکی درێژەوە هاتەدەرێ، ماکسییەکی درێژی ئامال شینی سوورمە دۆزی بوو، تاجێکی مرواری چنی لەسەرنابوو، ئیکلامێکی دوور ودرێژی لەبەردەم بابیدا کرد و پرسی:- خاوەنشکۆ، ئەمەت بەدڵە؟

ڕووی بابام گەشایەوە، بە دەست بادان وئەنگوست جوڵانەوە، بەدەوری دایکما سووڕایەوە، ئەوجا وەکو یەکێک بەدەم خەوەوە قسان بکات گوتی:

- ئاخ، ڤارڤارا! ئەگەر یەک تۆز بووە بوای، زۆر پیاوی ماقوول و خانەدان دەوروخولیان دەدایت! ئاویان بە کەوشەکانتدا دەکرد!

ئێستا دایکم، دوو ژووری بەشی پێشەوەی خانووەکەی ئاوەدان کردبووەوە. میوانێکی زۆری دەهات، برایانی ماکسیموف لە هەموو کەس زیاتر هاتوچۆیان دەکردین. یەکێکیان ناوی بیوتر بوو، ئەم بیوترە ئەفسەرێکی بەداروبار، ڕیش زەردی ڕیش درێژ وچاوشین بوو. ئەمە هەمان ئەفسەر بوو، کە بابام لە حوزوور و هەنتەری ئەودا، لەسەر ئەوەی تفم کردبوو بەسەری ئەو ئەرستۆکراتە پیرە سەرسافەدا، تەریقی کردمەوەو لێیدام. براکەی تریناوی یەڤگینی بوو، کە گەنجێکی باڵابەرزی سپیکەڵەی، لاق درێژی، ڕدێن ڕەشی نووک تیژ بوو، چاوە درشتەکانی لە بادەمی کێوی دەچوون، هەمیشە جلێکی عەسکەری ئاماڵ کەسکی دوگمە زەردی لەبەر دەکرد و نەجمەی زێڕینی لە سەر شانە بچووکەکانی دادەنا. زۆرجار قژە درێژ و لوولەکەی، کە دەڕژایە سەر هەنیە بەرز وسافەکەی بۆ سەرەوە هەڵدەدایەوەو بزەیەکی میهرئامێزی بۆ دەکرد،

ئەوسا بەدەنگێکی گڕ دەکەوتە گێڕانەوەی قسەیەک یان بابەتێک و قسەکەشی بەمجۆرە دەست پێدەکرد:

- تۆ دەزانی، من پێموایە...

دایکم چاوی دادەخست وگوێی بۆ دەگرت و زۆرجار بەدەم پێکەنینەوە قسەکەی پێدەبڕی و دەیگوت:

- یەڤگینی ڤاسیلیڤیچ، ببورە کە ئەم قسەیە دەکەم، تۆ هێشتا منالْی...

یارۆی ئەفسەر دەستی بە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشا و دووپاتی دەکردەوە:

- بەلْیَ! مندالْە! وایە!

ڕۆژی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح بەخۆشی وشادی تێپەڕی، زۆربەی شەوان، میوانان، خۆیان دەگۆڕی و دەمامکیاندەکرد و بە جوانترین جلکەوە لەمالْی ئێمەدا خڕ دەبوونەوە، جلەکانی دایکم هەمیشە لە هی هەموویان جوانتر بوو، ئیدی بەکۆمەڵ وەدەر دەکەوتن وسەردانی هەندێک مالْیان دەکرد..

هەرجارێ ئەو ئاپۆڕا شاد وشەنگوڵە لەماڵی مه وەدەردەکەوتن لە تۆ وایە ماڵەکە نغرۆ بووە، ئیدی بێزاری و نیگەرانی باڵی بەسەردا دەکێشا، هەنگێ نەنکم وەکو قازێکی پیر بە ماڵەکەدا دەسووڕایەوەو هەموو شتەکانی ڕێکدەخستەوە، بابام پشتی دەکردە موغەیرییەکە و خۆی گەرم دەکردەوەو لەبەر خۆیەوە ورتەورتی دەکرد:

- باشە، قەیدی چییە، با بزانین ئەم ڕێگایەی کە ئێستا گرتوویەتی دەیگەیەنێتە کوێ. بابزانین ئەم دووکەڵە چ ئاگرێکی لە دوایە..

پاش جەژنی لە دایکبوونی مەسیح، دایکم لەگەڵ ساشای کوڕی خاڵە میخائیلدا بۆ قوتابخانەی بردین... خاڵم ژنی هێنابووەوە، باوەژن، هەر لە یەکەم هەفتەوە کەوتە بوغزاندن و ڕەنجاندنی ساشا و لێی دەدا، بابام، بە گوشاری نەنکم، ساشای هێنایە لای خۆیان. تەنیا یەک مانگ بوو دەچووینە قوتابخانە. بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە، لە هەموو ئەو وانانەی کە پێیان گوتبووینەوە، تەنیا ئەوەم لە یاد مابوو کە پرسییان:

- ناوت چییە؟

نابێ بڵێم:- پشکوف.

بەڵکو دەبێ بڵێم:- ناوم پشکوفە.

هەروەها نابێ بە مامۆستا بڵێم:

- بەوجۆرە بەڕووما هەڵمەشاخە، مامۆستا من لێت ناترسم...

هەرزوو قوتابخانەم لەبەرچاو کەوت. بەڵام کوڕە خاڵەکەم زۆری لەلا خۆشبوو، بە ئاسانی ژمارەیەک دۆست و هاوڕێی گرت. بەڵام ڕۆژێکلە پۆلا و لەکاتی وانەدا خەوی لێکەوت، لە ناکاوا، بەدەم خەوەوە هاواری کرد:- نەخێر! نا... مە... وێ!

وەختێک بێدار بووەوە ، مۆڵەتی خواست کەلە پۆلەکە بچێتە دەرەوە، لێ قوتابیەکان هەموو گاڵتەیان پێکرد... ڕۆژی دوایی کەبە دوو قۆڵی بۆ قوتابخانە دەچووین، دوای ئەوەی لە چاڵەکەی مەیدانی سینایا ڕەت بووین، لە ناوەندی ڕێگاکەدا وەستا و گوتی:

- تۆ بڕۆ، من نایەم، ئەمڕۆ نایەم بۆ قوتابخانە، حەزدەکەم بچمە گەڕان و پیاسە.

بە چیچکانەوە ڕۆنیشت، بە جوانی کتێبەکانی لە ژێر بەفرەکەدا تاقەت کرد وڕۆیی. مانگی کانوونی دووەم بوو.

خۆر دنیای زێڕوەشان کردبوو... خۆزیام بە خالۆزاکەم دەخواست. بەڵام ملی ڕێگام گرت و بەنەبەدڵی و لەبەر خاتری دایکم کە زویر نەبێت و خەفەت نەخوات، بۆ قوتابخانە ڕۆیشتم... هەڵبەتە کتێبەکانی ساشا، کەلە بەفرەکەدا شاردبوونیەوە، دزران، ئیدی ڕۆژی دوایی ئەمەی کرد بە بیانوو ودیسان بۆ قوتابخانە نەهات، ڕۆژی سێیەم بابام بەم ڕەفتارە نامۆیەی ساشای زانی.

هەردووکمان خراینە بەر لێپێچینەوە. بابام و نەنکم و دایکم، لە مووبەقەکەدا، لەپشت مێزەکەوە دانیشتن، لە گەڵماندا کەوتنە پرس وجۆ. ئێستاش لەبیرمە، کە ساشا، چ وەڵامێکی کۆمیدی پرسیارەکانی بابامی دەدایەوە:- بۆچی بۆ قوتابخانە نەچوویت؟

ساشا، چاوە ئارامەکانی لە دوڕ چاوانی بابام بڕی و بەکاوەخۆ وەڵامی دایەوە:

- شوێنی قوتابخانەکەم لە بیر چووەوە.

- لەبیرت چووەوە؟

- بەڵێ، زۆریش بۆی گەڕام...

- دەبوا دووی ئەلکسی بکەوتبای، ئەو ڕێگا بەڵەدە.

- ئەلکسیم لێ گوم بوو.

- ئەلکسیت لێ گوم بوو؟

- بەڵێ، ئەرێ بەخوا..

- ئاخر شتی وا چۆن دەبێت؟

ساشا، دەبیرەوە چوو، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- گێژەڵوکە و بەفر و بۆرانێک بوو، هیچم نەدەبینی.

هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا، چونکە ئەو ڕۆژە خۆرەتاو و دنیا سایەقە و ساماڵ بوو. تەنانەت ساشا خۆیشی دزە بزەیەکی بۆ کرد، لێ بابام ددانی لێ جیرکردەوە و بە تەوسەوە گوتی:- نەتدەتوانی دەستی، یان پشتێنەکەی بگریت؟

- وامکرد، بەڵام بایەکە هەڵیدام و لەوی دوور خستمەوە.

بەوپەڕی بێ موبالاتیەوە، وەکو یەکێک بە تەواوی دەستی لەخۆ بەردابێت دەئاخفی. من ئەو درۆبێ سەروبەرانەی

ساشام زۆر پێناخۆش بوو، سەرم لەو عینادیە بێ مانایەی ساشا سورمابوو.

ئیدی لێدانی خۆمان خوارد. ئەوسا پیرەمێردێکیان بۆ بەکرێ گرتین، ئەم پیاوە کاتی خۆی کرێکاری دایەرەی ئاگرکوژێنەوە بوو، هەنووکە خانەنشین کرابوو، دەستێکی شکابوو، ئەمەیان بۆ بەکرێ گرتین کە هەموو ڕۆژێک بمان گەیەنێتە قوتابخانە. ئەرکی ئەوەبوو، کە ئاگاداری ساشا بێت، کە ڕێگای عیلم و مەعریفەتی لێ گوم نەبێت، یان لێی لانەدات. بەڵام ئەمەش فایدەی نەبوو! ڕۆژی دوایی هەرکە گەیینە ئاست چاڵ و خەرەندەکە، خاڵۆزاکەم تاکێ لە پێڵاوەکانی داکەند و بە سەمتی چەپا تووڕی دا، نەخێر تاکی دووەمیشی داکەند و بەدەستی ڕاستا تووڕی دا، بە گۆرەوییەوە بەناو مەیدانەکە کەوت و هەڵات. کابرای پیرەمێرد، کەوتە گەڕان بەداوی پێڵاوەکاندا... کە پێڵاوەکانی دۆزییەوە و لەناو بەفرەکە هەڵیگرتنەوە و، ئەوسا بە ترس و لەرزەوە منی بۆ ماڵ بردەوە.

بابام و دایکم و نەنکم، بە درێژایی ئەو ڕۆژە، شارۆچکەکەیان سەنگ وسوژن دا تا دەمەو ئێوارە لە نزیکی

دێرەکەدا و لە یانە ومەیخانەی شیرکوفدا ساشایان دۆزییەوە کەلەوێ سەمای بۆ خەڵکی دەکرد... بۆ ماڵیان هێنایەوە، بەڵام لێیان نەدا، هەرچی سەریان دێنا و سەریان دەبرد، سەریان لەم بێدەنگی و قوڕ و قەپەی ئەم کوڕێژگەیە دەرنەدەکرد، حەپەسابوون.

ساشا، لەلای منەوە، لەسەر سەکۆیەکە پاڵکەوت، لاقی بەرز دەکردەوەو پێی لە بن میچی سەرووی موغەیرییەکە دەسوو وبە ئەسپایی دەیگوت:

- باوەژنم خۆشی ناوێم، بابم خۆشی ناوێم، بابام خۆشی ناوێم، ئیدی بۆ لێرە بمێنم؟ شوێنی دز و ڕێگرەکان لە نەنکم دەپرسم و هەڵدێم و بۆناو ئەوان دەڕۆم. ئەوکاتە خۆم دەزانم چی بەسەر هەموویان دێنم... وەرە با پێکەوە هەڵێین، دەڵیی چی؟

من نەمدەتوانی بەگەڵ ئەو بکەوم و هەڵێم. من ئەودەمە لەبیری حەز وخولیایەکی دیکەدا بووم. حەزم دەکرد ببم بە ئەفسەر، ڕیشێکی گەورەو زەرد دابنەم، بۆیە دەبوایە بخوێنم تا بەو ئاواتە بگەم. کە ئەو نەخشە و پرۆژەیەم بە

خاڵۆزاکەم گوت، کەمێک لە فکران ڕاچوو، ئەوجا بیرۆکەکەمی پەسند کرد وگوتی:

- بیرۆکەیەکی باشە! هەتا تۆ دەبیت بە ئەفسەر، من دەبم بە سەرۆکی دز و ڕێگرەکان، دەبێ تۆ تاقیبم بکەیت و بمگریت، ئیدی دەبێ یان من تۆ بکوژم یان تۆ من بکوژیت، یا دەبێ یەکێکمان ئەویترمان بە دیلی بگرێت. هەڵبەتە من تۆ ناکوژم..

- منیش تۆ ناکوژم.

ئیدی لە سەر ئەو قەول وقەرارە ڕێککەوتین.

نەنکم وەژوور کەوت، چوو چوارمشقی لەسەر موغەیرییەکە دانیشت، تەمەشایەکی کردین و گوتی:

- ئێ، مشکە چکۆلەکان چ دەکەن! ئاخ ڕۆڵە بێ کەسەکانم، ئاخ جووجەڵە ناسکەکانم!

ماوەیەکی زۆر لاواندینیەوەو هاوسۆزی دەگەڵدا کردین وپاشان بە گلەیی و گازنەوە کەوتە جنێودان بە نادیجدا قەڵەوی باوەژنی ساشا، نادیجدا کیژی خاوەن مەیخانەکە بوو. ئیدی لێرەوە، بە هەرچی زرباب وزرڕداکدا هەبوو

هاتەخوارێ و کەسی لێ نەبواردن. بەو بۆنەیەوە حیکایەت وچیرۆکی ڕەبەنی حەکیم ئیڤانی بۆ گێڕاینەوە کەچۆن هێشتا منداڵ بووبوو زڕ داکەکەی خۆی هێنابووە پای عەرشی خواوەند:

- بابی لە دەریاچەی سپیدا ڕاوەماسی دەکرد. ئەم پیاوە زۆر گوێڕایەڵی ژنە دڵڕەش و ڕێوی سیفەت وئۆینبازەکەی دەبێت، ژنەی تاین عارەقی دەرخوارد دەدات، سەرخۆشی دەکات، دەرمانی خەوی دەداتێ، پیاوە خەوی لێدەکەوێت، ژنەکەی لە بەلەمێکی دار بەڕووی، باریکی تەسکی تابووت ئاسای دەنێت. ژنە دوو سەوڵی داری عەڕعەڕ هەڵدەگرێت، سواری پیرە بەلەم دەبێت، بەناو دەریاچەکە دەکەوێت و خۆی دەداتە دەم وردە شەپۆلانی ئارام و بەسامەوە، شەپۆلەکان چاوەڕوان دەکەن تا ببینن ئەم ژنە بەد خووە چی دەکات، گەییە ناوەڕاستی دەریاچەکە، ژنەی تاین لەوێ بەلەمەکەی بەتووندی خوار کردەوە، بەبێ ئەوەی کەس بیدینێ، وەری گێڕا و مێردەکەی وەکو بەردێکی قورس کەوتە قووڵایی دەریاچەکەوەو نقوم بوو. ژنەی ئوینباز بە مەلە دەریاچەکەی بڕی و خۆی گەیاندە کەنارە چڕە دارستانەکە،

لەوێ خۆی بە عاردیدا دا، کەوتە گریان و ڕۆڕۆ، وای لە خەڵکەکە گەیاند کە بۆ مێردەکەی دەگری.

خەڵکە سادە ودڵپاکەکە باوەڕیان پێکرد، بەزەییان پێدا هاتەوە، گوێ بە گوێی ئەو گریان، هاوبەشی خەمیان کرد و گوتیان:

- سەد حەیف و مخابن! تۆ هێشتا منداڵی، وەختی ئەوەت نییە بێوەژن بکەوی، خودا سەبووریت بدات، ئێ چار چییە ژیانی هەمووومان بەدەست خوایە، مردن و ژیانمان بەدەست خودایە!

تەنیا، ئینوشکای کوڕی مێردەکەی، باوەڕی بە ڕوندک وگریانی باوەژنەکەی نەدەکرد، دەستی خستە سەردڵی و لەبن لێوانەوە پێی گوت:

- ئەی باوەژن، ئەی کانگای ئاین و ئۆین، ئەی مەڵبەندی پیلانگێڕی! ئەی باڵندەکەی شەوی بارگاوی بە هەزار فریب وخاپاندن. من باوەڕ بەو لێزمەی فرمێسکەکانت ناکەم، چونکە دڵت، بە شادمانیەوە لێدەدات، ئەگەر ڕاست دەکەیت و وانییە، وەرە با بچینە بەر بارەگای دادگای خوایی، پەنا بۆ هێزە پیرۆزە ئاسمانیەکان بەرین، با ئەوان حوکم بدەن.

کێردێکی تیژی تیژ لەگەڵ خۆدا دەبەین، تا هێزمان تیایە هەڵیدەدەین بۆ ئاسمان، ئەگەر تۆ ڕاست دەکەی کێردەکە بەسەر مندا دەکەوێ و دەمکوژێت، ئەگەر من ڕاست دەکەم، ئەوا بە سەر تۆدا دەکەوێت و دەتکوژێت!

باوەژن، ئاوڕێکی لە زڕ کوڕەکەی دایەوە، نیگایەکی ئاگرینی کرد، بوغز و کینە لە چاوانی دەبارین. ئەوجا هەستایە سەرپێیان، بە ڕقەوە تەمەشایەکی کرد، بە تۆنێکی تووندی تۆڵە ئەستێنیەوە گوتی: ئەی جانەوەری شێت و شوور!ئەی گورگزادە، ئەم قسە قۆڕانە چییە لە خۆتەوە دەیکەیت؟ ئەوە تۆ بە ڕاستتە یان وڕینە دەکەیت؟ئەم درۆ و دەلەسانە چییە لە خۆتەوە هەڵیدەبەستیت؟!

ئەو حەشامەتەی لەوێندەر وەستابوون، گوێیان لە هەموو ئەو قسانە بوو، هەموو لە فکران ڕاچوون، هەستیان کرد ئەم ماستە موویەکی تیایە، هەموو خەم دایگرتن، بە دەنگی نەوی و لەنێو خۆیاندا، گەنگەشەی ئەم ڕووداوە سەیرەیان دەکرد. کابرایەکی ماسیگر، لەنێو حەشامەتەکەوە هاتەدەرێ، سەری بە هەر چوار لادا دانەواند و سڵاوی لە

هەمووان کرد، ئەوجا بەم قسە ماقووڵانە و زۆر بەڕێزەوە گوتی:

- بەڕێزینە ئەی جەماوەری خەڵکی بەشەرەف، کێردێکی تیژی تیژ بێنن بیدەنە دەستی من، تەمەشای من بکەن، چۆن لێرەوە، بەهەر دوو دەست دەیگرم و بۆ ئاسمانی هەڵدەدەم، ئەوجا تەمەشا بکەن، چۆن بە گوڕ دێتە خوارەوە و خەتابار دەکوژێت و حەیاتی لەبەر دەبڕیت!

کێردەکەیان بۆ کابرای پیرەمێرد هێنا، کێردەکەی بەرزکردەوە. پیرە کێرد، وەکو مەلێکی تیژباڵ، چوو بە ئاسمانا و لە چاوان ون بوو..

خەڵکەکە زۆریان چاوەڕوان کرد کە کێردەکە بگەڕێتەوە، چاویان بڕییە گرد و بەرزاییە بلورینەکان، بە بێدەنگی لەوێندەر وەستان... شەویان بەسەردا هات، شەوەکەشی، شەوێکی کڕ و کپ و بێدەنگ بوو... کێردەکە هەر نەهاتە خوارەوە. تا لە پڕا سپێدە ئەنگاوت، سەری دەریاچەکە سوور هەڵگەڕا، هەروەها باوەژن سوور بووەوە، چاوی بڕییە ئاسمان... بەڵام لە ناکاوا کێردەکە، وەکو پەڕەسێلکەیەکی تیژباڵ، لە بەرزایی ئاسمانەوە داگەڕا، هات هات، ڕێک بە

قووڵایی دڵی باوەژندا چەقی... ئیدی خەڵکە باوەڕدارەکە، کەوتنە سەرچۆکان و لە قاپی خودا پاڕانەوە و کەوتنە سوپاس و ستایشی خودا کە: " خودایا، زۆر سوپاس بۆ دادپەروەری و عەدالەتی تۆ! " ماسیگرە پیرەکە لە ئیڤان نزیک بووەوە، لەگەڵ خۆیدا بۆ دێرێکی دووری کەناری ڕووباری کیرجنتسمی، نزیک شاری کیتیجی برد.( من لە گوندی کولیوبانۆفکای سەر بە پارێزگای تامبۆف، دەڤەری بوریزوجلبسک، ئەم حیکایەتەم بەجۆرێکی دی بیستووە کە گوایە کێردەکە جووە بە دڵی زڕکوڕی ژنەی ناڤبریدا، چونکە ویستوویەتی بوختان بە باوە ژنەکەیدا بکات. م. گۆرکی)

سبەینێ کەلە خەو هەستام، ئازای بەدەنم سوور بووەوە یەکپارچە زیپکەی سوور بوو... ئاوڵەم دەردابوو. بۆ ژوورێکی قاتی سەرەوەیان بردم. ماوەیەکی زۆر لەسەر تەختێک کەوتم، هەردوو دەست و لاقیان، بەم سەر و بەوسەری تەختەکەوە بەست، ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەبوو، جۆرەها زندەخەوی ناخۆش و ترسناکم دەبینی، خەریک بوو زراوم دەتۆقی، لەدوای یەکێک لەو کابوسانە لەزگ بوو بمرم. تەنیا نەنکم سەری دەدام، وەکو ئەوەی منداڵێکی بچووک بم، بە مراکان خواردنی بەدەمەوە دەکردم وحیکایەتی دوور

ودرێژ ولەبڕانەوە نەهاتگی بۆ دەگێڕامەوە... شەوێک کە کەمێک چاک بوومەوەو خەریک بوو دەبووژامەوە پەڕۆ و تەنافەکانیان لە دەست و لاقانم کردەوە، بەڵام ئەو کیسانەیان کە لە دەستمیان کردبوو، لەدەستم دانەکەند تا نەتوانم بە قامکان دەم وچاوم بخورێنم، نازانم، نەنکم بۆچی لە سەردانم دواکەوتبوو، ئەمەم زۆر لەبەرگران بوو، لەناکاوا وام هاتەبەرچاو، کەلە پشت دەرگاکەوە، لەناو تەپ و تۆزەکەدا بە دەما کەوتووە، هەردوو باسکی بەم لاوبەولایدا بڵاو بوونەتەوە، گەردنی وەکو گەردنی هاپۆ بیوتر، گۆشاوگۆش بڕابوو. پشیلەیەکی گەورە، بەماتەمات و بەناو تاریکیەکەدا بەرەولای ئەو دەکشا، چاوە درشتە سەوزە نەوسنەکانی لێ مۆڕ دەکردەوە.

خێرا خۆم لە تەختەکە هەڵدایە خوارەوە، بەشان و بەلاق شووشەی پەنجەرەکەم شکاند، خۆم هەڵداشتە، سەر بەفرە با پەستاوتەکەی ژێر پەنجەرەکە. دایکم ئەو شەوە پێشوازی بڕێک میوانانی دەکرد، هەرا و هەنگامەیەکی وەها بوو، کەس گوێی لە زرمە و شکانی پەنجەرەکە نەبوو. ماوەیەکی زۆر، بەبێ ئەوەی کەس پێم بحەسێت، بەسەر بەفرەکەوە مامەوە. ئازای بەدەنم ئاسیوی نەبینی بوو، بەڵام شانم

کوترابوو، شووشەی پەنجەرەکە لە چەند شوێنێکەوە لاقی بریندار کردبووم. سێ دانە مانگ یەک تەختە، بەبێئەوەی بتوانم جووڵە بکەم، لە جێگادا کەوتم، گوێم لە هەرا و هەنگامەی تەڤگەری ژیانی ماڵەکە دەبوو، دەرگاکان بە بەردەوامی دەدران بەیەکا و خەڵکی لەهات وچۆی بەردەوامدابوون.

گێژەلوولەی بەفر و بۆران بە تووندی خۆی بەسەربان و ناو حەوشەدا دەدا، با لە پشت درگای ژوورەکەی سەرەوە، دەیلوراند و خۆی دەکرد بە لوولەی دووکەڵکێشی سۆپاکەدا ولەتۆ وایە ئاوازی مەرگ دەخوێنێ. بە ڕۆژەوە گوێم بۆ قڕەقڕی قەلەڕەشان ڕادەداشت، لێ بە شەوانی، کڕ وکپ، گوێم لە لوورەی ترسناکی گورگان دەبوو، کەلە کێڵگە دوورە دەستەکانەوە دەهات و لە گوێی مندا دەگیرسایەوە. ئەم موزیقا کێوییە ئۆخژنی لە دڵ و دەروونم دەگێڕا. ئەوسا بەهار بە شەرمێکەوە پەیدا بوو، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خۆی دەنواند وبەچاوە گەش وپرشنگدار وشادەکانی، لە پەنجەرەکەوە لێی دەڕوانیم. پشیلان لە سەربان و لە هەورەبانەکەدا کەوتنە میاواندن و گەمان، دەنگێن بەهارەی خۆش، دیوارەکانیان دەبڕی ولەگوێچکەی مندا دەگیرسانەوە-

هەر لە دەنگی قرچەقرچی شکانی چلورەی گوێسەبانەکانەوە بیگرە تا دەگەییە غل بوونەوەی ئەو کڵۆ بەفرانەی سەربان کە لە ژێرەوە توابوونەوەو خۆیان نەدەگرت و دادەخزین. دەنگی زەنگی کڵێساکانیش لە دەنگی زستانیان زوڵاڵتر بووبوون.

نەنکم غافڵی نەدەکردم، کە قسەی دەکرد، بۆنی ڤۆدکای لێدەهات، نەخێر، وای لێهات سوراحیەکی سپی گەورەی تەژی ڤودکای لەگەڵ خۆیدا دێنا و لەبن چەرپایەکەی منی دەشاردەوەو چاوێکی لێ دادەگرتم و دەیگوت:

- کەڤۆکە چکۆلەکەم، نەکەی باسی ئەمە لەلای بابا دێوەکەت بکەی!

- بۆچی مەی دەخۆیتەوە؟

- وس، کە گەورە بوویت، هەنگێ بەخۆت دەزانی بۆ..

هەنگێ هەر بەدەمی سوراحیەکە قومێکی دەخواردەوە، بە ئاسینی کراسەکەی دەم و لێوی دەسڕی، ئاوڕی لای منی دەدایەوەو بزەیەکی شادی بۆ دەکرد و دەیگوت:

- ئێ، ئاغای ماڵم، دوێشەو باسی چیم بۆ دەکردیت؟

- باسی باوکمت دەکرد.

- گەیی بووینە کوێ؟

من بیرم خستەوە، ئیدی زاری کرایەوە، وشە جوان وشیرینەکانی وەکو ئاوی کانیهەڵدەقوڵان و لەبن نەدەهاتن.

ئەو بەخۆی، بەبێ ئەوەی من داوای لێبکەم یان پرسیاری لێبکەم، کەوتە باسکردنی بابم، ڕۆژێک هاتەلام، هۆشیار بوو، نەیخواردبووەوە، لێ ماندوو و خەمبار دیاربوو، گوتی:

- دوێشەو خەونم بە باوکتەوە بینی. لە خەونەکەما، بەناو کێڵگەیەک کەوتبوو، گۆچانێکی دار گوێزی بەدەستەوە بوو بەدەم فیکە لێدانەوە هێدی هێدی دەڕۆیی و سەگێکی بازگ ( بەڵەک ) بە هانکەهانک دووی کەوتبوو و زمانە سوورەکەی بستێک دەرهێنابوو و خەریک بوو دەگەییە عاردی... نازانم ماکسیم ساڤاتییڤیچ، بۆ چی لەم دواییانەدا زووزوو دێتە خەونم. وادیارە ڕۆحی سەرگەردانە لە عەزابدایە...

ئیدی چەندین شەوی بەرودوا، هەرباسی باوکمی بۆ کردم، چیرۆکی وەهای دەربارەی وی بۆ دەگێڕامەوە، هیچی، لە حیکایەت و چیرۆکەکانی دی کەمتر نەبوو، بگرە خۆشتر بوو.

باوکم، کوڕی سەربازێک بوو، کە بەرەبەرە ودوای خزمەتێکی زۆر گەیی بووە پلەی ئەفسەری، بەڵام پاشان، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ بن دەستەکانیا خراپ دەبێت، ڕەهەنەی تاراوگەی سیبریا کرابوو.

ئیدی باوکم لەوێندەر، لە دەڤەرێکی تاراوگەی ناڤبری هاتبووە دنیا. ژیانی سەخت بوو. هەر لە منداڵییەوە بزێو دەبێت، دەیەوێت لە ماڵ هەڵێت و بڕوات، ڕۆژێک لەماڵ وەدەردەکەوێت ودەڕوات، باوکی تاژیەک دووی خۆی دەخات و وەکو ئەوەی بچێتە ڕاوە کەروێشک، بەخۆ و پیرە تاژییەوە، بەناو بێشە و لێرەواران دەکەوێ و دەکەوێتە تاقیبی. جارێکی دی دوای ئەوەی دەیدۆزێتەوە، بەجۆرێ دەکەوێتە وێزەی کە دەر و دراوسێکان، فریای دەکەون، لە ژێر دەستیا دەریدێنن ودەیبەن لەماڵی خۆیان دەیشارنەوە..

من لە داپیرەم پرسی:- باشە، هەمیشە هەر لە منداڵ دەدەن؟

بە ئەسپایی گوتی:- هەمیشە!

دایکی باوکم، بە گەنجی دەمرێت، بابم هێشتا زۆر منداڵ دەبێت کە دایکی دەمرێت، لە نۆ ساڵیدا، باوکیشی دەمرێت. کابرایەکی دارتاش کە بابی تەعمیدی (عەڕاب) باوکم

دەبێت، دەیگرێتەخۆی، دەیباتە کارگەکەی خۆی لە شاری پرم، ئیدی فێری پیشەی دارتاشی دەکات. بەڵام باوکم لەوێ بەند نابێت، هەرزوو هەڵدێت و دەڕوات. یەکەمجار دەبێت بە دەلیل و عاساکێشی نابینایان و بە بازاڕانیاندا دەگێڕێت، تا لە ئەنجامدا، دێتە شاری نیژنی نوڤگورود، تەمەنی شازدە ساڵان دەبێت. لەلای دارتاشێکی قۆنتەراتچی گالیسکان بە نێوی کولشین دەست بەکار دەبێت. لە تەمەنی بیست ساڵیدا، مۆبێل سازی و پەردە دۆزی و بەرگی موبێلان، بەتەواوەتی فێر دەبێت و لەو وارەدا ناوبانگ دەردەکات، ئەو دووکانەی ئەو کاری تێدا دەکات، لە سەروویماڵی باوکی دایکمەوە دەبێت لە گەڕەکی کوڤالیکا.

نەنکم، پێکەنی وبەمجۆرە لەسەری ڕۆیی:

- شورەکە نزم بوو. ئێمەش گورج وگوڵ بووین... ڕۆژێک من و ڤاریا، لە باخەکەدا تووتڕکمان دەچنیەوە. لە ناکاوا سەیری سەرشورەکەم کرد، باوکت کوت وپڕ لە دیوارەکەوە خۆی هەڵدایە ناو باخەکەوە، زۆر ترسام، لەزگ بوو لەخۆ بچم. بەبەینی دار سێوەکاندا بەرەولای ئێمە دەهات، لە تۆغیانی گەنجیدا بوو، کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی مەخمەڵی

لەبەربوو، پێی پەتی و سەرکۆت بوو، قژە درێژەکەی بۆ دواوە هەڵدابووەوە و بە سیرمەیەک بەستبووی. دەزانی بۆچی هاتبوو؟ هاتبوو بۆ داخوازی دایکت! من پێشتر چەند جارێکم بینی بوو، بەبەر پەنجەرەکەماندا ڕەت دەبوو، هەرجارێ کە دەمبینی لەدڵی خۆدا دەمگوت: " چەند گەنجێکی جوانە! " کە بەرەولای من هات، پێمگوت: " کوڕی قۆز، ئەمە کەی ڕەوایە بەبێ پرس خۆت بەماڵی خەڵکیدا بکەیت؟ " کەوتە سەر چۆکان وگوتی: " ئاکولینا ئیڤانوفنا، ئەوە من و ڕوحم هانام بۆ تۆ هێناوە، ئەوەش ڤاریا، مەعز بۆ ڕەزای مەسیح، دەستم بە دامێنت کارێ بکە بۆ یەک ببین! " حەپەسام، زمانم بەسترا، هۆپێکم لە خۆ ما، سەرم هەڵێنا، بینیم دایکە بەدفەڕەکەت، خۆی لە پەنا دار سێوێکدا مەلاس داوە و گۆناکانی وەکو شاتوو سوور هەڵگەڕاون و بەڕواڵەت وای دەنواند کە خەریکی تووترک چنینە و ژێراوژێر ئاماژە بۆ بابت دەکات. گوتم: " نەگبەتینە، ئەم بەزمە چییە ناوتانەتەوە؟ ڤارڤارا چییە ئەقڵت لەدەست داوە؟ ئەدی تۆ کوڕی باش، بیرت لەم ڕەفتارەی خۆت کردووەتەوە؟ هەست ناکەی پێ لە بەڕەی خۆت زیاتر ڕادەکێشیت؟ " ئاخر بابات لەو سەروبەندەدا زۆر دەوڵەمەند بوو- هێشتا هیچ موڵک و

ماڵکی بەسەر منداڵەکانیا دابەش نەکردبوو – چوار خانووی هەبوو، سەروەت و سامانێکی بێ ئەندازەی هەبوو، دەست و پێوەندێکی بەدەورەوە بوو، سەنگ وئیحتوباری خۆی هەبوو، بەبۆنەی نۆیەمین ساڵیادی سەرۆکایەتی کردنی کارگەکەوە، تازە کڵاوی قەیتان زێڕین و جلکی فەرمیان دابوویە! ئیدی لەو سەروبەندەدا زۆر لەخۆی بایی بوو، ئاسمانی بە چاتۆڵ دەزانی، شای بە سەپان نەدەگرت. ئیدی من قسەی دڵی خۆم پێگوتن، بەدەم ئەو قسانەوە سەراپام لە ترسا دەلەرزی، وێڕای ئەوەش زۆر دڵم پێیان دەسووتا، ڕوخساریان لە نائومێدیدا ڕەش هەڵگەڕابوو. هەنگێ بابت هەستا، گوتی: " من وەکو ڕۆژی ڕوناک لەلام عەیانە کە ڤاسیلی فاسیلییفیچ، بەخۆشی خۆی ڤاریام ناداتێ، بۆیە چارم ناچارە دەبێ ڕەدووی بخەم، هەڵی بگرم، بیرەڤێنم. بۆیە ئێمە زۆر پێویستمان بە کۆمەکی تۆیە. کۆمەکی من! تەسەورکە! من دەستم هەڵبڕی کە لێی بدەم، بەڵام ئەو بە ئاستەمیش لە جێی خۆی نەجوڵا وگوتی: " حەز دەکەی بەرد بارانم بکە! بەڵام دەبێ یارمەتیم بدەیت! من لە قەراری خۆم ژێوان نابمەوە! " ئەوساڤارڤارا هات دەستی خستە سەرشانی باوکت و گوتی: ' ماوەیەکی زۆرە، لە مانگی ئایارەوە، بووین

بە ژن و مێرد... تەنیا پێویستمان بە نیشانە و مارەبڕینە. "
سەرم سوڕما، خودایا پەنام بە تۆ!

نەنکم، دەستی بە پێکەنین کرد، ئازای بەدەم پێکەنینەوە دەهەژی، ئەوسا کەمێک سعووتی بە کەپوویا کرد و ڕوندکی چاوەکانی سڕی و ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

- تۆ هێشتا منداڵی، لەوە بچووکتری فەرقی دۆستایەتی ئاسایی پیاو وژن لەگەڵ ژن و مێردایەتیدا بکەی. بەڵام تەنیا ئەوە بزانە هیچ شتێک لەوە عەیب تر نییە کچێک بەبێ مارەبڕین و شووکردنی فەرمی منداڵی ببێت! ئەم قسەیەی من بکە بە گۆارە و لە گوێی بکە، کە گەورە بووی هیچ کچێک نەخاپێنی، تووشی ئەو کێشەیەی نەکەی، چونکە ئەوە خەتا وگوناحێکی گەورەیە، لێپێچینەوەی لەدوایە، چونکە تۆ کچێک بەدبەخت دەکەیت، منداڵێک بەبێ بابی شەرعی دەخەیەوە دبێت هەمیشە ئاگات لەو حاڵە بێت! دەبێ تۆ بەزەییت بەو ئافرەتەدا بێتەوە، بەدڵ و بەگیان خۆشت بوێ، نەک تەنیا بۆ ڕابواردن و هەوەسڕانی، ئەمە پەندێکی گرینگە، بیکە گوارە و لەگوێیبکە!

نەنکم لە فکران ڕاچوو، لە سەر کورسییەکە تەکانێکی دا، وەخۆ هاتەوەو هەنگێ گوتی:

- چارمان چی بوو؟ مستێکم بەسەریبابت(ماکسیم) دا دا، ڤارڤارام بە قژ ڕاکێشا، لێ بابت ( ماکسیم ) پێی گوتم: " شەڕ و قەرقەشە فایدەی نیە مەسەلەکە بەشەڕ چارەسەر ناکرێ! " ڕاستیشی دەکرد. دایکت گوتی: " تۆ جارێ چارەیەکمان بۆ بدۆزەوە، پاشان لێمان بدە" . بە ماکسیمم گوت: " باشە تۆ هیچ پارەیەک شک دەبەیت؟ " گوتی: " تۆزێکم هەبوو، بەڵام دامەئەڵقەیەک بۆ ڤاریا " . گوتم: " یانی لە سێ ڕۆبڵان زیاترت نەبوو؟ " وتی: با، نزیکەی سەد ڕۆبڵم هەیە" . ئەو زەمانە پارە وپول کەم بوو، بەڵام شت هەرزان بوو. تەمەشایەکی داک وبابتم کرد، لەبەردەمما وەستابوون، بەکەلەش زەلام بوون، بەڵام بە ئەقڵ منداڵ بوون، ئەقڵیان بە هیچدا نەدەشکا! زۆر ساویلکە بوون. دایکت گوتی: " ئەڵقەکەم لە ژێر پارکێتی ژوورەکەدا شاردووەتەوە تا ئێوە نەیبینن. دەتوانین بیفرۆشین. " سەیرم کرد ئەمانە زۆر منداڵن. هیچ گەورە نەبوون! " بەهەرحاڵ بڕیارمان دا، لە زەرفی یەک هەفتەدا، هەموو شتێک ببڕێنینەوە و خۆم لەگەڵ قەشەدا ڕێک بکەوم و مەسەلەکە

بەفەرمی یەکلایی بکەینەوە. بەڵام ڕوحم لە مستمدا بوو، لە بابات دەترسام، حاڵی ڤاریاش لە حاڵی من باشتر نەبوو... بەهەرحاڵ هەموو شتێکمان تەرتیب کرد!

بەڵام باوکت دژمنێکی سەرسەختی هەبوو- کابرایەکی نارەسەنی، نەگریسی، بوغزنی کینەکێش بوو، یەکیک بوو لە بەرپرسانی کرێکاران، ئەمە دەمێ بوو تاقیبی داک و بابتی دەکرد و مەزەندەی بۆ هەموو شتێک چووبوو، بەهەرحاڵ جوانترین جلکی خۆم لەبەر کچە تاقانەکەم کرد، جوان ڕازاندمەوە، لە دەروازەی حەوشەوەم بردەدەرێ، لە دەرەوە، لە پێچێکا، گالیسکەیەک چاوەڕوان بوو، ڤاریام سوار کرد، ماکسیم فیکەیەکی کێشا... کەوتنەڕێ، من بەدەم ڕوندک ڕشتنەوە، بەرەومالْ بوومەوە. لە ناکاوا ئەو پیاوە خوێڕی و ئاڵچاخە لە بەر دەممدا قوت بووەوەو گوتی: " من پیاوێکی دلْپاکم، نامەوێ شادیان لێبکەم بە شین، بەڵام تۆش ئاکولینا ئیڤانوڤنا، تەنیا پەنجا ڕۆبلْم بدەیە! من تاقە پولێکم نەبوو، نە حەزم لە پارە بوو و نە پارەم پاشەکەوت دەکرد. بەبێ موبالاتی وزۆر ساکارانە گوتم: "من نە پارەم هەیە و نە پارەشت دەدەمێ! " گوتی: " باشە بەڵێنم بدەیە کە دوایی دەمدەیتێ " . گوتم:" بەڵێنت بدەمێ؟ بەڵێنی چی، گریمان

بەڵێنم دایتێ، پارە لەکوێ بێنم؟ " گوتی: " زەحمەتە لە مێردە دەوڵەمەندەکەتی بدزی؟ خۆ پارەی بە سەردا دەڕژێ! " جا منی سا ئەقڵ، لە جیاتی ئەوەی مجامەلەی بکەم و بەدەمەوەی بگرم و بەڵێنی درۆی بدەمێ، تا دەم دەگرێت تفێکم کردە چارەی نەگریسی و بەرەو ماڵ ملی ڕێگام گرت، ئەو زۆڵی دایک خۆگێیە، لە پێش مندا خۆی گەیاندبووە حەوشەی ئێمە و هەرا و هەنگامەیەکی نابووەوە ئەوسەری دیار نەبێت!

نەنکم، چاوەکانی نانە سەریەک، بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر لێوی:

- تاکو ئێستاش کە لێکەوتەکانی ئەو فیتنە و دوو زمانیەم وەبیر دێتەوە مووچوڕکەم بە قالبیدا دێت. بابات وەکو دڕندەیەکی دڕ دەینەڕاند. ئەو حاڵەتە بۆ ئەو نەنگی و ئابڕووچوونێکی گەورە بوو. زۆرجار کە تەمەشای ڤارڤارای دەکرد، بە شانازییەوە دەیگوت دەیدات بە پیاوێکی نەجیمزادەی خانەدان، ئێستاش دایکت کەسێکی لات و لەوێری هەڵبژاردبوو! بەڵام هەر پاکیزەی پاکزاد دەزانێ، کێ بۆکێ باشە... بابات، وەکو یەکێک ئاگری کەوتبێتە بەدەنێ،

شپرزە و لەزگین، بەنێو حەوشە و حەسارەکەدا ئەم سەروئەوسەری دەکرد. هاواری یاکوف و میخائیل و کەلیمی عەرەبانچی و بەرپرسی کرێکارەکانی، کە دەم و چاوی یەکپارچە نمووس بوو، کرد. دیتم کوتەکێک و قایشێکی چەرمی قورسی هەڵگرت، میخائیل تاپڕەکەی هەڵگرت... ئەسپەکانمان، ئەسپی چاک و ڕەهوان بوون، عەرەبانەکەمان سووکەڵە و خێرا بوو، لە دڵی خۆمدا گوتم: " بێگومان، دەیانگرنەوە! "

لەم کاتەدا فریشتەی نیگابانی ڤارڤارا، فریام کەوت و بیرۆکەیەکی بە مێشکما هێنا- کێردێکم پەیدا کرد و قایشی ئەم لاوئەولای مژانی عەرەبانەکەم، کەمێک دابڕی، بە ئومێدی ئەوەی کەلە ڕێگادا بپچڕێت، هەرواش دەرچوو... قایشەکە لە نیوەی ڕێگا پچڕابوو، مژانی عەرەبانەکە هەڵگەڕابووەوەو چیوای نەمابوو بابات و میخائیل و کەلیم بکوژرێن. بەناچاری وەستابوون، ماوەیەکیان پێ چووبوو تا عەرەبانەکەیان چاک کردبووەوە، کە کەوتبوونەڕێ و بە چوار ناڵە خۆیان گەیاندبووە کلێساکە، کار لە کار ترازابوو، ڤاریا وماکسیم لە سەر سەکۆی کلێساکە ڕاوەستابوون و

ڕێورەسمی نیشانە و مارە بڕین تەواو بووبوو... زۆرم سوپاس و شوکرانەی خودا کرد!..

بابات و هاوڕێکانی، پەلاماری ماکسیمیان دابوو کە لێی بدەن، بەڵام چونکە کوڕێکی بەهێز وئازا بوو، پێیان بەرهەق نەکرابوو، ماکسیم پاڵەوانێک بوو لەو گۆڕەی، کەم کەس پێی دەوێرا.

میخائیلی لە سەر سەکۆکەوە هەڵدابووە خوارێ و باسکی درزی بردبوو، خێرا پەلاماری کەلیمی دابوو و ئەویشی بریندار کردبوو، ئیدی بابات و یاکوف و بەرپرسی کرێکارەکان کە ئەوەیان لێ بینی بوو، ترسابوون، نەوێرابوون لێی نزیک ببنەوە... باوکت (ماکسیم) هەرچەندەزۆر تووڕە بووبوو، بەڵام جڵەوی ئەقڵی لەدەست بەر نەبووبوو، بە باباتی گوتبوو: " ئەو کوتەکە فڕێ بدە، من بابایەکی ئاشتیخوازم، نە ئەهلی شەڕ، ئەوەی بردوومە، قسمەتی خودایە و هێز نییە بتوانێ لێمی بسەنێتەوە. من لەوە زیاترم لە تۆ ناوێت! "

پیاوەکانی مە ڕێ وڕێ دەگەڕێنەوە. بابات سواری عەرەبانەکە دەبێت، هاوار دەکات: " ڤارڤارا بە دوعا، لە

ئێستا بە دواوە ئیدی تۆ کیژی من نیت، نامەوێ چارەت بدینم، چ لە ژیانا بیت و چ لە برسا بمریت بۆ من وەکو یەکە! " بۆ ماڵ گەڕایەوە، کەوتە گیانی من، لێدان بۆ ئێستا نەبێ بۆ کەی باشە، هەزار و یەک جنێوی سەر بە کۆڵکە بە پولێکی قەڵب. بەڵام من ئەو زارەی لێکم نا، ئیدی نەمکردەوە.

دەمزانی، ئەو ڕەوشە زوو تێدەپەڕێ، ئەوەی ببێت، دەبێت. پێی گوتم: " تەمەشاکە ئاکولینا، کچەکەت ڕۆیی، ئیدی لەم دنیایەدا شتێکت نییە بەناوی کچ! ئەمەت لەبیر نەچێت. یانی ئیدی تۆ کچت نییە، نە لێرە و نە لە شوێنی دی، حاڵی هەیت؟ " من لە دڵی خۆدا دەمگوت: " ڕدێن سوور، درۆ بکە، تووڕە ببە! تا دەتوانی تووڕە ببە! تووڕە بوون، تا زیاتر هەڵبچی زووتر، دادەمرێتەوە، تووڕەیی وەکو بەفرە، هەرکە هەتاو لێی دا دەتوێتەوە! "

من بە تاسە وتامەزرۆییەوە، گوێم لە چیرۆکەکەی نەنکم دەگرت، هەندێک لایەنی چیرۆکەکەم زۆر بەلاوە سەیر بوو. بابام مارەبڕین وشووکردنەکەی دایکمی بە جۆرێکی دی بۆ گێڕابوومەوە. گوایە ئەو بە شووکردنەکەی دایکم ڕازی

نەبووە و لەوە بە دواوە حاشای لێکردووەو ڕێگەی نەداوە جارێکی دی بێتە ماڵەکەی. بەڵام شووکردنەکە - وەکو دەڵێت– بە دزییەوە نەبووەو ئەو بە خۆیشی ئامادەی ڕێوڕەسمی مارە بڕینەکەی بووە. من حەزم نەدەکرد لە نەنکم بپرسم کە کێهەیان ڕاست دەکەن، چونکە چیرۆک گێڕانەوەکەی نەنکم پێ جوانتر ولەلا خۆشتر بوو.

بەدەم گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە، لە سەر کورسیەکە خۆی بۆ پاش وپێشەوە ڕادەژەند، کە دەگەییە سەر گێڕانەوەی دیمەنێکی خەمناک یان ترسناک، زیاتر خۆی ڕادەژەند، دەستێکی بەرزدەکردەوەو لە تۆ وایە، گەرەکیەتی دەستی بداتەبەر شەپلاخێکی نادیار. زۆرجار چاوەکانی دەنوقاندن و برۆ ئەستوورەکانی وێک دێنانەوە و بزەیەکی ناسک و نەوازش ئامێز لە نێوان چرچ و لۆچی گۆناکانیەوە، پەیدا دەبوو. هەندێجار ئەو دڵفراوانی ولێبووردەییە کوێرانەیەی ئەو، کە لە هەموو کەس ولە هەموو شتێک دەبورا، زۆر کاری تێدەکردم. زۆرم پێخۆش بوو، هەندێجاریش پڕ بەدڵ حەزم دەکرد نەنکم هاوار بکات، قسەیەکی تووند بکات، تووڕە ببێت. کەچی ئەو بە کاوەخۆ بەردەوام بوو:

- نزیکەی دوو هەفتەیەک یان زیاتر، بەهیچ جۆرێ شوێن و مەکانی ڤاریا و ماکسیمم پێنەدەزانی. پاشان کوڕیژگەیەکی بچووکیان بۆلا ناردم و پێی گوتم کەلە کوێن. چاوەڕوانی ڕۆژی شەمەم کرد، ئێوارێ بە بیانووی چوونە کڵێسا ونوێژ ونزاوە لە ماڵ وەدەرکەوتم بەڵام بۆ کڵێسا نەچووم، یەکراست بۆلای ئەوان چووم! لە شوێنێکی زۆر دوورا، بەشێکی زۆر بچووکیان، لە خانوویەکی گەڕەکی سیوتینسکیدا بەکرێ گرتبوو، کۆمەڵێک کرێکار وپیشەوەریش لەو خانووەدا دەژیان. خانووەکە زۆر پیس بوو، داڕژاو وداپژاو، هەرا و هەنگامە و ژاوەژاوی لێنەدەبڕا، بەڵام بۆ ئەوان ناخۆش نەبوو، وەکو دوو پشیلەی شاد بەدەم گەمە و خۆشییەوە یەکتریان دەلاواند، ئیدی بە گوێرەی توانای خۆم هەندێک شتم بۆ بردبوون. تۆزێک شەکر و چای، گەنم، مرەبا، ئارد، کارگی وشکەوەکراو وتۆزێک پارەش- ئێستا بڕەکەیم لە بیر نەماوە – کەلە کیسەکەی باباتم دزی بوو. دزی ئەگەر بۆ خۆت نەیکەی و لە پێناو کەسێکی دیکەدا بیکەیت گوناح نییە! بەڵام بابت پارەکەی لێوەرنەگرتم، تەنانەت زۆری لەبەر گران بوو و گوتی: " چما ئێمە سواڵکەرین؟ " ڤاریاش، بە هەمان تۆنی ئەوەوە گوتی: " دایکە، بۆچی ئەو هەموو

شتەت هێناوە؟ " هەموو شتەکانم دانێ، بەدەم سەرزەنشتەوە گوتم: " کوڕم، گەوج مەبە، من دەکەمە چی تۆ؟ خودا کردوومی بە دایکت! بە دایکتم گوت: شێتەگیان من دایکی ڕاستەقینەی تۆم! تۆ لە خوێن وگۆشتی منیت! ئاخر لەکوێ نووسراوە کە پیاو دەتوانێ دایکی بڕەنجێنێ؟ ئەگەر لێرە، لەسەر زەوی بێ حورمەتی یەک بەرانبەر دایکی بکات، لەوێندەر، لە ئاسمانێ ڕا دایکی خودا دێنێتە گریان... " هەنگێ ماکسیم باوەشی پێدا کردم و بەناو ژوورەکەدا گێڕامی، ئەمما گێڕان، گێڕان بۆ ئێستا نەبێت بۆ کەی باشە؟! ئیدی لە خۆشیا پێی لە عاردی گیر نەدەبوو. بەقەد یەک ورچ بەهێز بوو! ڤاراش، وەکو تاوسی مێچکە، خۆی پڕ با کردبوو وبە کەش و فشەوە بە ناو ژوورەکەدا، دەهات ودەچوو، بە دەوری مێردەکەیا دەخولایەوە، تاریفی پیاوەتی ئەوی دەکرد... ئیدی وەکو ئەوەی پیرەژنێکی دنیا دیدەبێت، هێندە بە ئاو وتاو و شانازیەوە کەوتە باسیماڵەکەیان وماڵداری، لە تۆ وایە کابانی ڕاستەقینەیە، کە تەمەشام دەکرد، بە تۆبزی خۆم دەگرت، دەنا لە قاقای پێکەنینم دەدا! کە چی ئەو کێک و کولیچەیەی بەچاوە داینا، ئەگەر گورگ

بیخواردایا، کەڵبەی دەشکا.. پەنیرە خۆماڵییەکەی؟ هەر مەپرسە لەبەر ڕەقتر بوو!

ئیدی ماوەیەکی زۆر بەوجۆرە بووری... تۆ زۆرت نەمابوو لە دایک بیت و بێیتە دنیاوە، لێ باباتت، وەکو دێو غەنزری بوو، ڕووی نەدەدایە کەس، کە پیاوێکی کینەکێش و سەرسەختە! بەڵام من ناوبەناو سەرم دەدان، بابات بەمەی دەزانی، بەڵام خۆی لە گێلی دەدا و وایدەنواند کە ئاگادار نییە... لە ماڵی مەدا، کەس بۆی نەبوو ناوی دایکت (ڤارڤارا) بێنێت، کەسیش ناوی نەدەبرد، تەنانەت منیش نێوم نەدەبرد. بەڵام دەمزانی کە دڵی بابات تا سەر بەو ڕەقییە نامێنێ و درەنگ یان زوو چاک دەبێت... ئەنجام پێشبینییەکەم هاتەدی... شەو بوو، باو بۆرانێکی تووش وبەترەف بوو، بایەکە بە توندی و بە لوورەلوور خۆی بە پەنجەرەکاندا دەکێشا، لە تۆوایە گەلە گورگێکی برسییە و دەلورێنن، دووکەڵکێش و لوولەی سۆپاکان بەجۆرێ دەیانزیڕاند لە تۆوایە هەموو شەیتانانی دۆزەخ زنجیریان پچڕیوە وبەرەڵڵا بوون. من و بابات ڕاکشابووین، بەڵام خەومان لێنەدەکەوت... لەناکاوا هەستام، گوتم: " بەڕاستی حاڵی هەژاران لەم جۆرە شەوانەدا بێحاڵە! خوا بێ مزەڕەتیان بکات! بەڵام حاڵی

کەسێ کە ویژدانی ئاسوودە نەبێ، لەوان بێحاڵتر و خراترە! " لە ناکاوا بابات هاتە قسان وگوتی: " ئاخۆ حاڵی ئەو جووتە چۆن بێ؟ " گوتم: " خراپ نییە، دەژین! " پرسی: " پێت وایە باسی کێ دەکەم؟ " گوتم: " مەبەستت ڤارڤارای کچمان و ماکسیمی زاوامانە! " گوتی: " چۆنت زانی کە مەبەستم ئەوانە؟ " گوتم: " پیاوەکە بەسە، واز لەم ئەتوارە منداڵانەیە بێنە، ئاخر ئەمە چ ئەقڵیەتێکە! " ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی: " ئاخ لە دەستی ئێوە، شەیتان بە شەیتانی خۆی بارتان نابات! " ئەوجا پرسی: " ئەدی ئەو کەرەزلە لە چدایە ( مەبەستی باوکت بوو ) ڕیشم بوو بە ڕیشی کەرێکی زۆر کەرەوە وانییە؟ " گوتم: " کەر! کەسێک کەرە کە کار نەکات، کە ببێت بەبار بەسەر خەڵکەوە! تۆ دەرزییەک بەخۆتا بکە و ئەوسا سوژنێک بە خەڵکیدا بکە، سەیرێکی کوڕەکانی خۆت، یاکوف و میخائیل بکە، ئەوسا دەزانی کەری ڕاستەقینە کێیە. کێ لەم ماڵەدا کار دەکات، کێ پارە پەیدا دەکات؟ هەر تۆ نیت! یانی بەڕاستی پێت وایە ئەوان یارمەتیت دەدەن؟ " کە گەییمە ئێرە، ئیدی سەگ بگرە و بابات بەربدە، دەمی بۆوە، پەنا بە خوا، وەک سەگ دەڕشایەوە، هەرچیەکی بەدەما هات لە کەر و حەیوان،

دەلەقۆڕ، قەوێدە، سەر ئاسنین، دەڵاڵ وخوا دەزانێ چیتر، نەیگێڕایەوەو پێمی گوت. بەڵام من خۆم لێ بە خاوەن نەکرد و ورتەم لێوە نەهات. ئەنجام گوتی: " چۆن فریوی گەنجێکت خوارد کە نە ئەسڵی دیارە نەفەسڵی خویایە، نەکەس دەیناسێت و نەکەس دەزانێ لە کوێوە هاتووە؟ "

من بێدەنگ بووم، خۆم کرد بە ماری مردوو، هەر ڕستی و هەر ڕستی تا شەکەت بوو، هەنگێ گوتم" : خۆزیا بە خۆت دەچوویت و دەتبینین کەچۆن دەژین؟ عەیبیان نییە، ژیانیان خۆشە! " گوتی: " شایەنی ئەوە نین من بچم بۆ لایان و ئەو شەرەفەیان پێ ببەخشم، با ئەوان بێن بۆ ئێرە! " کە گوێم لەو قسەیە بوو، لە خۆشیان دەستم بە گریان کرد. ئەوجا کەوتە نەوازشتی پرچەکانم- حەزی لەوە بوو یاری بە پرچم بکات- لەبن لێوانەوە گوتی: " دەی بەسە مەگری گەوجە گیان! یانی پێت وایە من دڵم نییە؟ " بابات، جاران پیاوێکی ڕوح پاک بوو، لێ وەختێ گومانی ئەوەی لا چێبوو کە لە هەموو کەسێک بەئاوەزتر وزیرەکترە، ڕۆحیشی لەوتا (پیس بوو) خووی شەڕ بوو، کەر بوو...

بە هەرحاڵ، دایک وباوکت، لە جەژنی پاکدا، لە یەک شەممەی مەزنی لێبوردن و گەردن ئازاییا، هاتنە سەردانمان... هەردووکیان گەورە، خۆش ڕەنگ و ڕوو، پاک و خاوێن، کەیف ساز وبە دەماخ، وەژوور کەوتن! ماکسیم لەلای باباتەوە وەستا، سەری بابات لە شانی ئەودا بوو. ماکسیم گوتی: " ڤاسیلی ڤاسیلییڤیچ، وا خەیاڵ نەکەی هاتبم بۆ داوای جیازی کچەکەت. نەخێر، بۆ شتی وا نەهاتووم! تەنیا وەکو ڕێز و حورمەت بۆ تۆ، کە خەزوورمی، کە بابی هاوسەرەکەمی هاتووم. " بابات بەو قسەیە کەیفی سازبوو، پێکەنی و گوتی: " چەنەچەن! گرەوی خۆت بردەوە، ئەوەی چوو چوو، وەرنە لای ئێمە، لەم حەوشەیەدا بژین. " ماکسیم نێوچاوانی تێکنا، گوتی: " ئەوە وەستاوەتە سەر ڤاریا، بۆمن هیچ فەرقێک ناکات، بە دڵی وی دەکەم. "

هەنگێ دەستیان بە گەنگەشان کرد. قسەکانیان تێکی نەدەکردەوە! من پەیتا پەیتا چاوم لە بابات دادەگرت کە بەسە، لە ژێر مێزەکەوە پام لە پای دەدا، فایدەی نەبوو، قسە هەر قسەی خۆی بوو! باوکت دوو چاوی گەش و پرشنگدار و ئەفسووناوی هەبوو، دوو برۆی ڕەشی گەورەی هەبوو، هەندێجار کە برۆکانی وێک دێنانەوە، چاوەکانی

دەشاردنەوە، ڕوخساری وەک بەرد دەچوو، عیاندی وسەرسەختی لێدەباری، لەم حاڵەدا، جگە لەمن گوێی لە کەسی دینەدەگرت. من زۆرم خۆشدەویست، لە کوڕەکانی خۆم پترم خۆشدەویست، ئەویش بەمەی دەزانی و هەمان سۆزیبەرانبەر بە من هەبوو! جاری وا هەبوو لە هەمێزی دەگرتم، باوەشی دەکردم و بەناو ژوورەکەیدا دەگێڕام دەیگوت: " تۆ دایکمی، دایکی ڕاستەقینەمی- ڕێک وەکو ئەم خاکە! تۆم لە ڤارڤاراش خۆشتر دەوێ! " دایکت لەو سەروبەندەدا، کچۆڵەیەکی زیتەڵ و شۆخ و شەنگوڵ و ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، هەرکە گوێی لەو قسەیە دەبوو، خۆی بە سەریا دەدا وهاواریدەکرد: " چۆن قسەی وا دەکەی هەی گوێ قوت؟ " ئیدی بە سێ قۆڵی لەناو ژوورەکەدا دەکەوتینە سوعبەت و هەڵپەڕکێ و کاتێکی خۆشمان بەسەردەبرد!

باوکت، هەڵپەڕکێیەکی چاکی دەزانی، کەسی پێیا نەدەگەیی. کۆمەڵێک گۆرانی و سترانی خۆشی دەزانی، لە پارسەکە ( گەدا، سواڵکەر، دەرۆزەکەر ) کوێرو نابیناکانەوە فێریان بووبوو، کەس وەکو نابینایان گۆرانی ناڵێت؟

- بەڵێ، داک و بابت، ماڵیان گواستەوە، ئەو بەشەی خانووەکە کە دەیڕوانییە سەر باخەکە، تۆ لەوێندەر هاتیە دنیایێ. ڕێک نیوەڕۆ بوو، باوکت بۆ خواردنی فراڤین هاتبووەوە، تۆ لەوێ پێشوازیت کرد! بابت خەریک بوو لە خۆشیا شێت دەبوو، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری! بەڵام دایکت شەکەت و ماندوو بوو، وەکو ئەوەی منداڵ بوون کێو کەندن بێ! باوکت منی دا بەشانیا و بەناو حەوشەکەدا بردمی، تا مژدە بە بابات بدەم کە بوو بە خاوەن نەوەیەکی دی... بابات دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی: " ماکسیم تۆ عەجەب دێوێکی! "

خاڵەکانت، مەکسیمیان زۆر نەدەحوباند- چونکە عارەقی نەدەخواردەوە و بۆ قسە دانەدەما و، زۆر زیرەک بوو، سەری لە هەموو فڕ وفێڵ و گەمە و حیلەبازییەک دەردەچوو، ئەو حیلەبازیەی کە پاشان گران لەسەری کەوت! شەوێک لە گەرمەی ڕۆژووی گەورەدا، لە ناکاوا گژەبایەکی ساردی توندی بەترەف هەڵیکرد، ئیدی گڤ و هۆڕ ولوورەی گژەبا خەریک بوو ماڵەکەی لە زەواق دەنا، هەموو ترسان، حەپەسان... باباشت ترسا، ئەمری کرد هەموو چراکانی دیار ئیکۆنەکان داگیرسێنین، بە نێو ژوورەکاندا غاری دەدا

وهاواری دەکرد: " دەبێ هەموومان نوێژ ونزا بکەین! " لەناکاوا بایەکەی خست، گڤ و هۆڕ و هەرا و هەنگامە و، سەروسەدایەکە دامرکایەوە، هەمووومان حەپەساین، لەجاران زیاتر ترساین. یاکوفی خاڵت، مەزەندەیەکی دورستی لێدا و گوتی: " ئەمە ئیشی ماکسیمە، چەند وچوونی ناوێ! " شتەکە ڕێک وادەرچوو، پاشان باوکت ( ماکسیم ) بە خۆی گێڕایەوە کە چۆن کۆمەڵێک بوتڵی جۆوراوجۆر و قەوارە جیاوازی لەبەردەم هەواکێشی ژوورەکەی قاتی سەرەوە ڕیز کردووەو کە بایەکەیان پێدا چووە، گڤ وهۆڕ ولوورەیان لێ هەستاوەو بووە بەو هەراو هەنگامەیە. بابات ئاگاداری کردەوەو گوتی: " ماکسیم ئاگات لەخۆبێت، ئەم کارانە، دووبارە هەواڵەی سیبریات نەکەنەوە، ها! "

سالێکیش، دنیا زۆر سارد وسۆڵ بوو، زستانێکی سەخت وبەترەف بوو، دار و بەرد بەستی، تەنانەت گورگانیش هیچ چارێکیان نەما، لە دەشت و دەرەکاندا حەوانەوەیان نەما، ڕوویان کردە شار، هەندێجار سەگانیان هەڵدەدڕی ودەخنکان، پەلاماری ئەسپیان دەدا، ئەسپان لە ترسا دەڕەوینەوەو تەنانەت جارێک پاسەوانێکی مەستیان بەگیر هێنا وخواردیان. ئیدی ئەو گورگانە کێشە وگرفتاری زۆریان

بۆ خەڵکی دروستکرد، حەوانەوەیان لە مەردم هەڵگرت!
باوکت لەو ساڵەدا، زۆربەی کات تاپرەکەی هەڵدەگرت، ئەسکی لە پێیان دەبەست و بەشەوی تاریک لە شار وەدەردەکەوت، کە دەهاتەوە، زۆربەی کات بە گورگێکی کوژراوەوە وهەندێجار بە دوو گورگی کوژراوەوە دەگەڕایەوە. کەوڵی دەکردن وپێستی سەری دەگروون و چاوی شووشەی بۆ دادەنان. کای لە کەوڵەکانیان دەئاخنی و ڕێک دەتگوت گورگی ڕاستەقینەن... شەوێکیان، خاڵە میخائیل بۆ پێشاو چووە دەرێ، سەیرمان کرد، لەناکاوا بە هەڵەداوان گەڕایەوە، چاوەکانی ئەبڵەق بووبوون، مووی سەری وا گرژ بووبوو، وەکو دەرزی ڕەپ ڕاوەستابوو. دەمی داچەقی بوو و زمانی بە جۆرێ شۆڕ بووبووەوە، قسەی پێنەدەکرا. پانتۆڵەکەی کە دوگمەکانی کرابوونەوە، بۆ هەڵنەکێشرابووەوە، کەوتبوو بەسەر پێیەکانیا. بەدەما کەوت وگوتی: " گورگ، گورگ! " ئامادەبووان، هەریەکە دەستی دایە شتێک، چرایان هەڵگرت وبەپەلە وەدەرکەوتن و هێرشیان بۆ ڕاڕەوەکە برد. سەیریان کرد گورگێکی ڕاستی لە ژێر پلیکانەکانەوە سەری دەرهێناوە، بەر گوللەیان دا، بە کوتەک تێی بەربوون، بەڵام لە جێی خۆی نەجوڵا، هەر باکی

نەبوو... کە لێی دەچنە پێشەوە، دەبینن، کەوڵە گورگێکی ئاخنراوە و دەست و لاقەکانی بە بزمار لە پلیکانەکان داکوتراون. بابات زۆر تووڕە بوو، دواتر یاکوفش هەمان ئەتواری باوکت ( ماکسیم ) فێربوو، بەشداری ئەو گەمە و سوعبەتانەی ئەوی دەکرد. بۆ نموونە ماکسیم بە مقەوا وێنەی سەرێکی دروست دەکرد، دووچاو و کەپوویەک و دەمێکی لەسەر دروست دەکرد، بە کەتیرە، هەندێک هەوداو ڕیشاڵی کەتانی، لەجیاتی قژ پێوە دەنا. ئیدی لە گەڵ یاکوف دا بەناو کۆڵانەکان دەکەوتن و ئەو ماسکانەیان دەکرد بە پەنجەرەی ماڵانەوە هەڵبەتە ماڵە هاوسێکان دەترسان و هاواریان لێبەرز دەبووەوە..

هەندێجاریش، سەروچەرچەفی سپییان لە خۆوە دەپێچا و، بەو جلکە سەیرانەوە، شەوێ بەناو شار دەکەوتن، جارێکیان کەشیشەکە بەو جلانەوە دیبوونی، زۆر ترسابوو، پەنای بردبووە بەر پاسەوانی قەرەوڵخانەکە، پاسەوانەکەش ترسا بوو، کەوتبووە شاور لێدان وداوای کۆمەکی کردبوو. ئیدی زۆریان لەم بەناو سوعبەتانە دەکرد، نەبەخۆیان دەستبەردار دەبوون، نە بەگوێی کەسیان دەکرد. من پێمگوتن واز لەم کارانە بێنن، ڤاریاش پێی گوتن، بەڵام بە گوێیان

نەکردین! ماکسیم پێدەکەنی و دەیگوت: " لەوە خۆشتر نییە، خەڵکانێک بدینی، چنگ لە سەرشان، لەترسی شتێکی هیچ، ڕابکەن! "

جاوەرە، قەناعەت بە پیاوی وەها بکە...

نزیک بوو گیانی خۆی لە سەر ئەم لاسارییانە دابنێت. لالە میخائیل ڕێک چۆتەوە سەر باوکی، کوت ومت ئەوە، تۆرینۆک، نەفس نزم، بوغزن و کینەکێشە... کەوتە بیری ئەوەی باوکت لە ناو بەرێت.. ڕۆژێک، سەرەتای زستان بوو، بە چوار قۆڵی لە میوانی دەگەڕانەوە: ماکسیم بوو، هەردوو خاڵەکەت وقەشەیەک دەبن، قەشەکە لە وەزیفەکەی دەرکرابوو، چونکە هێندەی لە عەرەبانچییەک دابوو تا کوشتبووی- ئەمانە لە شەقامی یامسکایا دادەبەزن، قەناعەتیان بە باوکت کردبوو، کەلەگەڵیاندا بۆ دەریاچەی دوکوف بڕاوت ولەوێدەر خلیسکانێی سەر بەفر بکەن. بەڵام کە گەیی بوونە دەریاچەکە، هەڵیان دابووە، کەلێنێکەوە کە لە سەهۆڵ وجەمەدەکە بووبوو- وابزانم پێشتریش ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕاویتەوە..

گوتم:- باشە خاڵەکانم بۆ ئەوەندە شەڕانین؟

نەنکم تۆزێک بڕنووتی لە لووتی کرد و بە ئارامی بەرسڤی دایەوە:

- شەڕانی نین، کەودەنن! میخائیل موزیڕ وکەرە، بەڵام یاکوف، گێلەپیاوە، کەرێکە بە چوارپێ دەڕوات... بەهەرحاڵ هەڵیان دابووە چاڵەکەوە، وەختێک هاتبووەوە سەر ئاوەکە ودەستی بەقەراخ بەستەڵەکەکەوە گرتبوو، تا سەربکەوێتە سەرەوە و لە ئاوەکە وەدەر بکەوێت، ئەوان پاژنەی پێڵاوەکانیان بە قامکەکانیا نابوو، خوا بەوە ڕەحمی کردبوو ئەوان مەست بوون بوون و ئەو مەست نەبوو، ئیدی هەرچۆنێ دەبێ، لە ناوەندی چاڵەکەدا خۆی مات دەدات و تەنیا ناوبەناوێ بۆ هەناسەدان سەر لە ئاوەکە دێنێتە دەرێ، ئەوان بەدیار چاڵەکەوە دەوەستن و بەر وردە سەهۆڵانی دەدەن، بەڵام نایپێکن و ئەنجام بێتاقەت دەبن و بەو دەقەوە بە جێی دەهێڵن و وادەزانن بەبێ کۆمەکی وان دەخنکێ. بەڵام هەرچۆنێک دەبێ، خوا ڕەحمی لێدەکات ولەئاوەکە دەردێ و بە هەڵەداوان خۆی دەگەیەنێتە پۆلیسخانەکە، خۆ پۆلیسخانەکەت لەبیرە کەلەم نزیکانە بوو! سەرۆکی پۆلیسخانەکە، ئەو وهەموو ئێمەی دەناسی، پرسیاری لێدەکات بۆ وای بەسەر هاتووە...

نەنکم لێرەدا نیشانەیەکی خاچی کێشا، لە ناخی دڵەوە گوتی:

- خودا ڕۆحی شاد بکات... خودایا ماکسیم سافاتیفیچ، لەگەڵ پیاوچاکان و وەلیانی خۆتا حەشر ونەشر بکە، بەڕاستی شایستەی میهر ورەحمەتی تۆیە! باسی هیچی بۆ پۆلیسەکە نەکردبوو، خەبەری لە خاڵەکانت نەدابوو. دەڵێت: " خەتای خۆم بوو، بەسەرخۆشی چووم بۆ دەریاچەکە و پام خزی و کەوتمە چاڵێکەوە. " بەڵام سەرۆکی پۆلیسخانەکە گوتبووی درۆ دەکات، چونکە ئەو ئەهلی خواردنەوە نەبوو!... لەوێ، لە پۆلیسخانەکە، ئازای بەدەنیان بەئەلکول ڕشاندبوو، جلی وشکیان لەبەر کردبوو و پۆستینێکی گەرمیان لەبەر کردبوو، بۆماڵیان هێنابووەوە. سەرۆکی پۆلیسخانەکە لەگەڵ دوو پۆلیسدا هێنابوویانەوە. یاکوف ومیخائیل هێشتا نەگەڕابوونەوە، لە مەیخانەکاندا دەسووڕانەوە، تا زیاتر ببنە مایەی ڕیسوایی کەس وکاریان... من و دایکت، بە زەحمەت ماکسیممان ناسییەوە... دەم وچاوی شین بووبووەوە، قامکەکانی پڵیشابوونەوە، خوێنیان لێدەچۆڕا، لاجانگەکانی سپی دەچوونەوە، لە بەفرێک دەچوون کە هیشتا نەتوابێتەوە... قژەکەی سپی بووبوو... ڤارڤارا

هاواریدەکرد: " ماکسیم ئەمە چییە، چییان بەسەر هێناویت؟ " سەرۆکی پۆلیس، گوێ قولاغ، خواخوای بوو، قسەیەک لەدەمی مە دەرچێت و سەرەداوێکی ئەم پێشهاتەی دەستبکەوێت، لە ناخی دڵەوە هەستم کرد کەتنێک لە ئارادایە. سەرۆکی پۆلیسخانەکەم بە ڤارڤارا سپارد تا بیخافڵێنێ و سەرقاڵی بکات، خۆیشم کەوتمە هەوڵی ئەوەی ماکسیم بدوێنم و حەقیقەتی بویەرەکەی لێدەربێنم. لەبن لێوانەوە گوتی: " خێرا برۆ میخائیل و یاکوف بدۆزەوە پێیان بڵێ کە بڵێن ئێمە پێکەوە چووین بۆ شەقامی یامسکایا، لەوێندەر لێکدی جیابووینەوە، ئەوان لە ڕێگای برکورفکاوە لایان داوەو من ڕێگای " بریادیلینی " م گرتووەتەبەر! ئاگاداریان بکەوە هیچ هەڵەیەک نەکەن، ئەگینا تووش دەبین و پۆلیس لێمان نابنەوە؟ تاقەتی پۆلیسمان نییە! " چووم بۆلای بابات، پێمگوت: " برۆ بەلای سەرۆکی پۆلیسخانەکەوە وسەرگەرمی بکە، من دەڕۆم لەبەر دەرگای حەوشە چاوەڕوانی کوڕەکانمان دەکەم" . ئیدی ئەو پێشهاتە خراپەم لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە... بەدەم جل لەبەر کردنەوەدەلەرزی و لەبن لێوانەوە دەیگوت: " دەزانم، چاوەڕوانی شتی وام دەکرد. " بەڵام درۆی دەکرد، نەیدەزانی

و نە ئاگای لەهیچ بوو! بەڵێ بە زللە وشەپلاخ پێشوازی کوڕە ئازیزەکانم کرد، میخائیل، لەترسا وەخۆ هاتەوە و مەستی بەریدا. لێ یاکوف، یەجگار سەرخۆش، فڕی بە دنیاوە نەبوو، لەبن لێوانەوە گوتی: " من ئاگام لەهیچ نییە، هەر هەموو ئەم کارانە، کاری میخائیلە، ئەو لەمن گەورەترە! ئەو برا گەورەیە! " بەهەر نرخێ بوو، یارۆی سەرۆکی پۆلیسخانەمان هێور کردەوە، ئەلهەقی پیاوێکی باش بوو، کە وەختێک ڕۆیی گوتی: " ئاگاداربن، ئەگەر لە ئێستا بەدواوە هەرشتێک ڕووبدات، ئۆباڵتان لە ئەستۆی خۆتانە ها! " ئەوجا بابات بۆ لای ماکسیم ڕۆیی، گوتی: " سوپاس بۆ تۆ کوڕی خۆم، هەرکەسێکی دیکە لەجیاتی تۆبا، هەڵوێستێکی دیکەی دەنواند. من ئەمە چاک دەزانم. کچم سوپاس بۆ تۆش کە ئەم پیاوە باشەت هێناوەتە ماڵی بابت! " ئاخر بابات کابرایەکی دەمدەمی بوو، هەرکاتێ کەیفی ساز بوایە، دەیتوانی قسەی خۆش بکات بەڵام کە کەرێتی بیگرتایە بە کێردیش زاری هەڵنەدەپچڕا، زیاتریش بەو دواییانە وای لێهاتبوو. وەختێ دەورمان چۆڵ بوو و هەرسێکمان ماینەوە، ماکسیم دەستی بەگریان کرد، بەدەم گازنی وڕینە ئامێزەوە گوتی: " بۆچی وام پێدەکەن؟ ئاخر من

چ خراپەیەکم لەگەڵ کردوون دایکەگیان؟ " قەت بە دایە یان دایەگیان بانگی نەدەکردم، هەمیشە وەکو منداڵ بە دایکە بانگی دەکردم. بەڕاستیش، خوو وخەسڵەتێکی منداڵانە لە تەبع و تەبیعەتیا هەبوو...

دووبارە پرسییەوە: " ئاخر بۆچی دایکە؟ " تەنیا ئەوەندەم پێکرا، کەلەلایەوە دانیشم و گوێ بە گوێی ئەو بگریم... ئەوانیش جەرگم بوون، کوڕم بوون، دڵم پێیان دەسووتا! دایکت یەخەی خۆی دادڕی بوو، قژی پەخش وپەرێشان، دەتگوت تازە لە شەڕێکی تووند بووەتەوە، یەک بەخۆی هاواریدەکرد: " ماکسیم، ڕابە با تا زووە لێرە بڕۆین! ئەمانە برا نین، دژمنن، خەڵک برای وای هەبن دژمنی بۆچییە! من متمانەم پێیان نییە، لێیان دەترسم، تا زووە بابڕۆین! " پێمگوت: " تۆ ئاگرەکە خۆش مەکە، بەنزین بەم ئاگرەدا مەکە! " لەم کاتەدا بابات ئەو کەرانەی نارد کە داوای بوردن لە بابت بکەن، دایکت پەلاماری میخائیلی دا و ، تا هێز لە دەستیا بوو، زللەیەکی ئاوداری لە بناگوێی سرەواند و گوتی: " ئەمە هەقی عوزرخواییەکەت! " باوکت پەیتاپەیتا دەیگوت: " ئاخر بۆ ئەوەتان لەگەڵ کردم برایان، برایەتی وایە؟ دوور نەبوو بۆ هەتاهەتایە پەکم بکەوتایە، ئەگەر

دەست وپلم سەقەت بوایە، ئیدی چیم بکردایە، بەکەڵکی چکارێک دەهاتم؟ ئەنجام بەهەر نرخێ بوو ئاشت بوونەوە، باوکت دوای ئەوە، نزیکەی حەوت هەفتە لە جێگادا کەوت، بەردەوام لە ناو جێگاکەیەوەو لەبن لێوانەوە دەیگوت: " بابڕۆین بۆ شارێکی دی، دایکە تۆش لەگەڵمانا وەرە! خەریکە لێرە دڵم شەق دەبات! " ئیدی زۆری پێنەچوو ئاواتەکەی هاتەدی، خێرا بۆ ئەستراخانیان نارد، خەڵکی لەوێندەر چاوەڕوانی هاتنی تزاریان دەکرد، داوایان لە بابت کردبوو بەوبۆنەیەوە تاقی سەرکەوتنیان بۆ دروست بکات. ئیدی کە بەهار هات، بەیەکەم کەشتی بوخاری بەرەو ئەستراخان ڕۆیشتن. کە فیراق و ڕۆیشتنەکەیانم لەبەر گران بوو، گیان کێشان بوو بۆ من. باوکیشت زۆری لەبەر گران بوو، بەردەوام هەوڵیدەدا قەناعەتم پێبکات کەلەگەڵیاندا بچم. بەڵام ڤارڤارا زۆری پێخۆش بوو، ئەوەندە بێ چاو وڕوو بوو، تەنانەت خۆشحاڵیەکەی خۆی نەدەشاردەوە... ئیدی ڕۆیشتن و تەواو..

نەنکم، قومێک ڤودکای خواردەوە، تۆزێ سعووتی (بڕنووتی) لە کەپووی کرد، لەپەنجەرەکەوە ڕوانیە ئاسمانی کەوەیی و دەفکرەوە چوو وگوتی:

- بەڵێ! من و باوکت هەرچەندە بەخوێن خزم نەبووین، بەڵام بە ڕۆح خزم بووین، یەکمان خۆشدەویست..

هەندێجار بابام، لە ناخافڵا، لەوکاتەدا کە نەنکم حیکایەتی دەگێڕایەوە، خۆی بە ژووا دەکرد، دەم و قەپۆزە باریکەکەی، کەلەهی سمۆرە دەچوو، بەرز دەکردەوە، بۆنی هەواکەی دەکرد وبە گومانەوە دەیڕوانیە نەنکم و تۆزێ گوێی بۆ شل دەکرد و لەبن لێوانەوە دەیگوت: - درۆ بکە، بازۆ دەشتە!

هەندێجار، لە ناخافڵدا لەمنی دەپرسی:- ئەلکسی داپیرەت لێرە دەیخواردەوە؟

- نەخێر!

- درۆ دەکەیت، بەچاوتا دیارە!

بە دڕدۆنگی و گومانەوە لە ژوورەکە وەدەردەکەوت... نەنکم بە تانووتەوە، لە دواوە چاوێکی لێ دادەگرت و دەیگوت:

- بە دوعا، بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە، بەس بمان ترسێنە!

ڕۆژێک بابام، لەناوەندی ژوورەکەدا ڕاوەستا، چاوی بڕییە ئەرزەکە و بە ئەسپایی گوتی:- ئافرەت!..

- چییە؟

- ئاگات لێیە کاروبارمان چۆنە؟

- ئا، ئاگام لێیە.

- ئەی بەلاتەوە چۆنە؟

- ئیدی هەموو شتێک بەخت وناوچەوانە، چارەنووسە. لەبیرتە هەمیشە لە بیری خەڵکی نەجیمزادە و خانەدانان‌دا بووی؟

- ئەرێ.

- ئێ باشە، وادیارە ئەمە ئەوەیە کە بە تەمای بوویت.

- بەڵام ڕووت و ڕەجاڵە، نەبووە نەبوو.

- ئیدی هەرکەسە خۆی و بەخت و ناوچەوانی.

بابام ڕۆیی، هەستم بە کارەسات و بەڵایەکی گەورە کرد، لە داپیرەم پرسی:

- باسی چیتان دەکرد؟

بەدەم شێلانی لاقەکانمەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

- دەتەوێ لە ئێستاوە هەموو شتێک بزانی. ئەگەر بەم منداڵییە هەموو شتێک بزانیت، هیچ شتێک بۆ گەورەییت نامێنێتەوە...

پێکەنی... سەرێکی لەقاند ولەسەری ڕۆیی:

- ئاخ، بابات، بابات! ئاخر تۆ لەلای خودا ناکەیتە گەردیلە غوبارێک! ئەلکسی گیان، لای کەس قسە نەکەی ها! بابات ڕەوشی زۆر خراپە! نابووت بووە. پارەیەکی یەجگار زۆری، بەقەرز داوە بە کابرایەکی دەوڵەمەند ونەجیمزادە، پارەکە هەزاران ڕۆبڵە، کابرای نەجیمزادە نابووت بووە..

نەنکم، بێدەنگ بوو، تاوێکی درێژ لە فکرەوە چوو، خەمێکی تاڵ، جێگای ئەو بزە پرشنگدارەی گرتەوە کە نیشتبووە سەر ڕوخساری... لێم پرسی:

- بیر لەچی دەکەیەوە؟

ڕاچڵەکی و بەرسڤی دایەوە:

- بیر لەوە دەکەمەوە چ حەکایەتێکت بۆ بگێڕمەوە. دەی باشە، چۆنە چیرۆکی "یەفزەتجنی " ت بۆ بگێڕمەوە، بەدڵتە؟

هەبوو نەبوو، ڕۆژێ بوو ڕۆژگارێ بوو، کابرایەکی قەشە بەنێوی یەفزەتجنی هەبوو، ئەم پیاوە زۆر لەخۆی ڕازی بوو، خۆی لە منارەی دەریا بە ڕوناکتر دەزانی، خۆی لە سەرگەورەی کەشیشان و تەنانەت لە خودی تزاریش بە ئاقڵتر و زیرەکتر دەزانی... وەکو تاووس بە کەش وفشەوە ڕێی دەکرد، عەینی بوەکوێرەی پیر چاوەکانی زاق دەکردنەوە... لە بەیانیەوە تا درەنگانی شەو، ئامۆچیاری دەرودراوسێکانی دەکرد، لە هیچ شتێکی ئەم دنیا ڕازی نەبوو، یەجگار دژ پەسند بوو! کە سەیری بورجێکی کردبا... دەیگوت حەیفێ زۆر نزمە! کە سواری گالیسکەیەک بایە، دەیگوت زۆر هێواش وخاوە. ئەگەر سێوێکی خواردبا دەیگوت، نەگەییوە، بێ تامە! کەلەبەر هەتاو دانیشتبا دەیگوت زۆر گەرمە! هەرچیەکیان نیشانی قەشە یەفزەتجنی بدابایە دەیگوت..

لەم کاتەدا، نەنکم کەوتە چاوگێڕان، بەر خەبەبەی پڕ لەبا کرد، شەقڵێکی گەوجانەی کۆمیدی نیشتەسەر ڕوخسارە جوان و میهرەبانەکەی و ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

- .. هەرچییەکیان نیشانی قەشە یەفزەتجنی دەدا دەیگوت:

" من ئەگەر بمویستبا دەمتوانی سەدی وەک ئەمە ولەمەش باشتر دروستبکەم... بەڵام من وەکو دەزانن، نە دەرفەتم هەیە، نە دەتوانم کاتی خۆم بەو شتانەوە بکوژم و بەفیڕۆ بدەم" .

سووکە هەڵوەستەیەکی کرد، بزەیەکی بۆکرد، ئەوسا بە دەنگێکی نەوی لەسەری ڕۆیی:

- شەوێک هەندێک ئەهریمەنان هاتنە نک وی، پێیان گوت:

" کەشیش، تۆ ئێرەت پێخۆش نییە! هەموو شتێکت بەلاوە دزێو و گەندەڵە! بۆنایەی لەگەڵ مەدا بۆ دۆزەخ بڕۆین، ئاگرێکی بە کڵپە و بڵێسەی زۆر جوانی لێیە! " یارۆی کەشیش هێشتا بە تەواوەتی کڵاوەکەی نەکردبووە سەری، کە دووان لە ئەهریمەنەکان سوار سەری بوون، ئەوانی دی بە چنگ تێی بەربوون، نوقورچیان لێدەگرت، ختووکەیان دەدا و هەڵیاندایە ناو بڵێسەی دۆزەخەوەو گوتیان: " ها قەشە یەفزەتجنی، حاڵت چۆنە ؟ئێرەت پێخۆشە؟... " کابرای قەشە چاوێکی گێڕا، خەریک بوو دەسووتا، لێوێکی هەڵقورتاند و گوتی: " ئەم ئاگری دۆزەخەی ئێوە زۆر بە دووکەڵە! "

نەنکم کەلە حیکایەتەکەی بووەوە، پێکەنی و بە ڕاوێژێکی گڕ وبێحاڵ گوتی:

- یەفزەتجنی، هەر ڕادەست نەبوو، دەستبەرداری عینادیەکەی خۆی نەبوو، لەسەر قسەی خۆی ڕژد بوو، پیاوێکی عیناد بوو، کوت ومت وەکو بابات بوو! دەی ئیدی درەنگە بنوو، وەختی نووستنە...

دایکم زۆر بەکەمی دەهاتەسەرێ بۆلام. کە هاتباش، زۆر بەند نەدەبوو، بەپەلەپەل چەند قسەیەکی خێرای دەکرد ودەڕۆیی. ڕۆژبەڕۆژ جوانتر دەبوو و، بەخۆی ڕادەگەیی و جلکی جوانی لەبەر دەکرد. بەڵام من هەستم دەکرد، ئەویش وەکو نەنکم شتێکم لێدەشارێتەوە. ئەمە جۆرە ترسێکی گۆنگ ونیگەرانیەکی دەروونی لەلا دروست کردبووم، کە ڕۆژبەڕۆژ زیاد و زیاتر دەبوو. ڕاستە چیرۆکەکانی نەنکم سەرگەرمیان دەکردم، بەڵام نە ئەو چیرۆکە خۆشانە و نە ئەوانەشی کە دەربارەی بابم بۆی دەگێڕامەوە، ئەو نیگەرانیە گۆنگەیان لێ نەدەڕەواندمەوە... لە داپیرەم پرسی:

- بۆچی گوتت کە ڕۆحی باوکم ناڕەحەتە، چ شتێک وا ناڕەحەتی دەکات؟

چاوانی داخست وگوتی:

- لەکوێ بزانم؟ ئەو شتانە کاری خودایە. ئێمەی بەندە سەری لێدەرناکەین!

شەوان خەوم لێنەدەکەوت، خەوم دەزڕا، لە پەنجەرەکەوە دەمڕوانیە ئاسمانی شینباوی ئامال ڕەش و، چاودێری تەڤگەری خاوی کاروانی ئەستێرەکان، لەدڵی خۆدا و بەخەیاڵ چیرۆکی خەمناکم دادەهێنا و بابم دەکرد بە قارەمانی چیرۆکەکانم، بابم لەم خەیاڵە چیرۆکانەدا هەمیشە بەتەنیا وعاسایەکی بەدەستەوە بوو... سەگێکی تیسکنی ( کوڵکن ) لە دوو بوو..

## فەسڵی ( ١٢ )

ڕۆژێک دەمەوئێوارەیەک سەرخەوێکم شکاند، کە بێداربوومەوە هەستم کرد لاقەکانیشم هێزیان تێگەڕاو بێداربوونەوە... لاقەکانم لەسەر چەرپایەکەوە شۆڕ کردنەوە، کەچی دووبارە سڕبوونەوە. بەڵام ئیدی متمانەی تەواوم پەیدا کرد کە لاقەکانم فەلەج نەبوون و درەنگ یان زوو

دەکەومەوە سەرپێیان و دەتوانم ڕێبکەم، ئەوەندە دڵم خۆش بوو و فەریحیم کەوتە دڵ، لە کەیفان بەدەنگی بەرز هاوارم کرد و پێم نانەسەر ئەرزەکە و بەگوڕ تەکانمدا، خۆم پێنەگیرا و کەوتمە سەر ئەرزەکە، ئیدی بە هەر خۆ بکێشکردنێک بوو خۆم گەیاندە زارکی دەرگای ولەوێشەوە، بە قوونەخشکە، بە قاڵدرمەکاندا داگەڕام و لەدڵی خۆدا دەمگوت، کە بگەمە خوارەوە، مەگەرخوا بزانێ، ئەوانەی خوارەوە چۆن غافڵگیر دەبن وسەریان دەسوڕمێ...

لەبیرم نەماوە کە چۆن گەییمە ژوورەکەی دایکم و خۆم لە هەمێزی داپیرەدا بینییەوە، بەڵام لەوێندەر کۆمەڵێک خەڵکی بێگانەم لە دەوری خۆما بینی کە شتاقیانم (هیچیان) نەدەناسی. پیرەژنێکی ڕەقەڵەی لاوازی، سەوزەڵەیان تیابوو... ئەم ژنە بەدەنگێکی بەرزتر لە هەموو ئەوانی دی، گوتی:

- جۆشانەی ( دەرمانی لە ئاوا کوڵاو ) تووتڕکی بۆ لە ئاوی گەرم بکەن و سەراپای لە لێفەیەکەوە، جوان وەپێچن..

ئەم ژنە هەموو شتێکی هەر سەوز بوو- جلەکانی، کڵاوەکەی، دەم وچاوی، خاڵە گۆشتینەکەی ژێر چاوی چەپی، ئەو داوە

مووە کەمانەی لەوخالە ڕوابوون، لەگیا دەچوون. لێوی خوارەوەی شۆڕکردەوە، لێوی سەرەوەی بەرزکردەوە، ددانە سەوزەکانیم لێ بەدیار کەوت. دەستکێشێکی ڕەشی لە دەستدابوو، بەو دەستە چاوی خۆی داپۆشی. من حایر وحەپەساو، شپرزە ونیگەران پرسیم:- ئەمە کێیە؟

نەنکم بە دەنگ و ڕاوێژێکی ناساز گوتی:- ئەمەش دەبێ بە نەنکێکی دیکەی تۆ!

دایکم پێکەنی و یەڤگینی ماکسیموفی بەرەولای من دەڵەک دا وگوتی:

- ئەمەش دەبێ بە باوکت!

ئەوجا بە هەشتاو چەند قسەیەکی گونگ وئاڵۆزی دیکەی کرد. ماکسیموف چاوەکانی بچووک کردنەوە و بەلای مندا داهاتەوەو گوتی:

- پاکەتێک قەڵەم بۆیەت بە دیاری دەدەمێ.

ژوورەکە زۆر روناک بوو، لەسەر مێزێکی قولینچکێکی (سووچ، گۆشە) ژوورەکەدا، چەند مۆمدانێکی زیو دانرابوون، لەهەر یەکێکیاندا پێنج مۆم دەسووتان، لە ناوەندی ئەم

مۆمدانانەدا ئیکۆنە دڵخوازەکەی بابام (ڕوندکێن پاکیزە!) دانرابوو. ئەو مروارییانەی بە کراسەکەی پاکیزەوە نرابوون، دەدرەوشاەوەو تێکەڵ بە ڕوناکی و تیشکی مۆمە داگیرساوەکان دەبوو، تاجە زێڕینەکەی سەری پاکیزەش دەبریقایەوە. خەڵکانێک دەم وچاوە خڕە کێک ئاساکانیان لەدەرێ ڕا بە پەنجەرە تاریکەکانەوە نابوو، کەپوویان زۆر سەیر و نامۆ دەهاتە بەرچاو، وام هەستکرد هەموو شتەکانی دەوروبەر، بەدەوری سەرما دەسووڕێتەوە. پیرەژنە سەوزەکە، بە قامکە ساردەکانی پشت گوێچکەکانمی سەح دەکردەوە و لەبن لێوانەوە دەیگوت:- بەهەرحاڵ، بێگومان...

نەنکم گوتی:- خەوی پێیاکەوت...

هەنگێ لەباوەشی کردم، بەرەو دەرگای بردم. بەڵام لە ڕاستیا خەوم لێنەکەوتبوو، هەرچاوم نوقاندبوون... کە بە پلیکانەکاندا بۆ سەرەوەی دەبردم، پرسیم:

- باشە بۆچی ئەم مەسەلەیەت بەمن نەگوتبوو؟

- باشە، باش! جارێ قسە مەکە، تێگەیشتی؟

- هەر هەمووتان خاپینۆکن، من فریو دەدەن!

هەرکە لە سەر جێگاکە پاڵی خستم، سەری لە بالیفەکە چەقاند، ئازای کەوتە لەرزین و دەستی بەگریان کرد، سەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەگیرا، کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت، بە ڕاوێژێکی خەمناک و لەبن لێوانەوە گوتی:

- دەی تۆش بگری! کەمێک بگری! گریان باشە..

بەڵام گریانم نەدەهات. قاتی سەرەوە سارد و تاریک بوو. لە سەرما هەڵدەلەرزیم، چەرپایەکە لە ژێرما دەلەرییەوەو کەوتبووە جیرەجیر، پیرەژنە سەوزەکە، لەبەرچاوم لانەدەچوو، خۆم کردە خەوتوو، نەنکم بەتەنیا جێی هێشتم و ڕۆیی.

چەند ڕۆژێک، بەبێدەنگی و یەکهاوی و یەکنەوا بووری. دایکم دوای خوازبینی و شەکراو خواردنەوە، بۆ شوێنێکی نادیار ڕۆیی، خامۆشیەکی قورس و تاقەتبەر باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا. بەیانییەک بابام، بە خۆ ودەڕنەفیزێکەوە هاتەسەرێ و کەوتە هەڵکەندنی هێلمی چوارچێوەی پەنجەرە دەبڵ شووشەکە، ئەوجا نەنکم بە مەنجەڵێک ئاو و هەندێک پەڕۆوە هاتە سەرێ... بابام بە ئەسپایی لێی پرسی:- ئێ پیرەژن!

- چییه؟

- چۆنی تێدەگەی، خۆشحاڵیت؟

نەنکم هەمان بەرسڤی دایەوە، کەلەسەر پلیکانەکان بەمنی دابۆوە و گوتی:

- باشە، باش! جارێ قسە مەکە، تێگەیشتی؟

ئەم قسەسادانە، مانایەکی تایبەتیان هەبوو- بویەرێکی گەورەو خەمناکیان لە پشتەوە بوو کە هەمووان دەیانزانی، بەڵام ناویان نەدەبرد... بابام، بە وریاییەکی زۆرەوە، شووشەکەی ناوەوەی پەنجەرەکەی دەرهێنا و لە ژوورەکە وەدەرکەوت و لەگەڵ خۆیدا بردی. بەڵام نەنکم پەنجەرەکەی خستەسەر گازی پشت. ڕیشۆڵەیەک و چەند مەلیچکێک لە باخەکەدا دەیانخوێند، بۆن و بەرامەیەکی خۆش لە ئەرزەکەوە، کە تازە بەفرەکەی سەری تواببووەوە، هەڵدەستاو خۆی بە ژوورا دەکرد و پیاوی مەست دەکرد. خشتە شینباوەکانی دەوری موغەیرییەکە، دەتگوت لە شەرمەزاریا، سپی هەڵگەڕابوون. کە سەیری ئەو خشتانەم دەکرد، هەستم بە سەرما دەکرد. لەسەر چەرپایەکە هاتمە خوارەوە. نەنکم گوتی:- بەپێی پەتی ڕێ مەکە!

- دەچمە ناو باخەکە.

- ناو باخەکە تەڕە، سەبر بکە تا کزر دەبێتەوە!

حەزم نەدەکرد بەگوێی بکەم.. لە دیداری گەورەکان بێزار بووم. گیای تازە، لە ئەرزەکەوە چەکەرەی کردبوو وبە ئاستەم سەری دەرێنابوو، گوڵ بە لقی درەختەکانەوە شکۆفەی کردبوو، خەنەتیلکەیەکی (کرێژە بەرد) سەوزی جوان، لەسەربانی خانووە چکۆلەکەیماڵی پتروفناوە سەوز دەچووەوە. جۆرەها مەلیچک و چۆلەکە و پاساری و تەیروتو دەبینران. بۆنی خۆش و دەنگی تەیر وتو و بولبولێن کێوی، پیاوی مەست دەکرد... ڕۆحی دەبوژاندەوە... گیایەکی کەوەیی کەبەفر پەستابوویەوەو چووبوو بەیەکا، دەوری ئەو چاڵەی دابوو کە هاپۆ بیوتر خۆی تیا کوشتبوو. بەڕاستی دیمەنێکی دزێو بوو، نە ئەو گیایە و نە ئەو کۆمەڵە دارە نیوە سووتاوەی کەلەبەر هەتاوەکەدا، بەماتی دەبریسکایەوە و ڕەش دەچووەوە، دەگەڵ نەوبەهاردا تێکی نەدەکردەوە. یانی ئەم چاڵە، لەو شوێنەدا، نەک هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو زیادیش بوو. لە ناکاوا، هات بە سەرما، ئەو پوش و گیایانە لە ڕیشەوە هەڵکێشم، لەتە خشت و کەرپوچەکان کۆ

بکەمەوەو ئەو شوێنەیان لێ پاک بکەمەوە و لە چاڵەکەدا کەپر وپەنایەک بۆ خۆم دروست بکەم ، هاوین لەوێندەر، بەتەنیا و دوور لەوانی دی، بەسەر بەرم... خێرا دەستم بە ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیەم کرد، ئەم کارە، بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەو پێشهات و بویەرە تازانەی لە بیربردمەوە کەلەماڵی ئێمەدا دەگوزەران. هەرچەندە ئازارە دەروونیەکانی نەدەسڕیمەوە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ کەمتر دەبوونەوە.

نەنکم و دایکم هەمیشە لێیان دەپرسیم:- بۆچی وا گرژ و پەستیت؟

ئەو پرسیارەم لەدڵ گران بوو، هەرچی سەرم دێنا و سەرم دەبرد، نەمدەزانی، بۆچی ئەو پرسیارەم لێدەکەن، خۆ من لەوان زویر نەبووم... ڕقم لێیان نەبوو، هەموو شتێکی ماڵەکەم لەبەرچاو کەوتبوو، هەستم بە غوربەت دەکرد. زۆرجار ژنە سەوز پۆشەکە، لە وەخت و لەناوەختا، لە کاتی فراڤین و عەسرە چا وشێڤ دا پەیدا دەبوو، وەکو ئەستوونێکی ڕزیوی، ناو پەرژینێکی کۆن قوت دەبووەوە. چاوەکانی دەتگوت بە هەودای نەبینراو، بە ڕوخسارییەوە

دوراون و چاوەکانی زەق زەق لەچاڵی چاویا دەگەڕان، کونجکاوانە تەمەشای هەموو شتێکیان دەکرد، کە باسی خوای دەکرد، چاوەکانی دەبڕینە بن مەچەکە. کە باسی کارو باری دنیای دەکرد چاوانی دەبڕییە ئەرزەکە. برۆکانی، دەتگوت سۆسن (کەپەک) و بە کەتیرە بە سەرووی چاوەکانیەوە نراون، ددانە زەق و پانەکانی بە کپی هەموو شتێکیان دەهاڕی. قامکەکانی خواروخێچ بوون. کە خواردنی دەجوو، دوو گوێ بچووک، لەناو گەروویدا دەجولاًن، گوێچکەکانیشی دەجوولاًن، لەتۆوایە کرمن و بە ڕوخسارییەوە دادەخزێن، پیاو دڵی لێی تێک هەڵدەهات. ئەم ژنە خۆی و کورەکەی ئەوەندە پاک و خاوێن بوون، پیاو نەدەوێرا لێیان نزیک ببێتەوە. لە ڕۆژانی هەوەڵی تەعاروف کردنەکەماندا، چەندجارێک ویستی وادارم بکات کە دەستە مردە لۆخەکەی کە بۆنی سابوون و بخوردی لێدەهات، ماچ بکەم، بەلاًم من نەدەچوومە لای و هەڵدەهاتم.

زۆر جار بە کوڕەکەی دەگوت:

-یەڤگینی گیان، دەزانی ئەم مندالە پێویستی بە تەربیەت و پەروەردە کردنێکی زۆر هەیە؟

کوڕەکەی، هەر لەبەر خاتری ئەو سەری لەبەر خۆدەنا، نێو چاوانی تێکدەنا و هیچی نەدەگوت... ئەوەی ڕاستی بێ، هەمووان لە هەنتەری (حوزوور) ئەو ژنە سەوز پۆشەدا، نێوچاوانیان تێکدەنا...

من زۆرمڕق لەم پیرەژنە و لە کوڕەکەی بوو، ئەم ڕقەم زۆر لەسەر کەوت، لێدانی باشم لەسەر خوارد... ڕۆژێک، لەسەر نان خواردنی نیوەڕۆ، کەوتە تەمەشا کردنم و گوتی:

- ئەلکسی گیان، بۆچی بەو خێراییە نان دەخۆیت؟ بۆ پارووی ئەوەندە گەورە دەکەی؟ ئاخر لەگینە ( لەوەیە ) لە گەرووت بگیرێت، دوایی دەخنکێی گیانە!

من پاروەکەم لە دەمم دەرهێنا، کردم بە چنگاڵەکەوە و بۆم درێژ کرد و گوتم:

- ئەگەر حەیفت لێدێت، هانێب ۆخۆتی بەرە..

دایکم لە پشت مێزەکەوە هەڵی ساندم و بە تۆبزی بۆ ژوورەکەی سەرەوەی ناردم، زۆر بە خۆما شکامەوە. پاشان نەنکم بۆلام هات، دەستی بە پێکەنین کرد، دەستێکی بە

زاریەوە گرت و گوتی: -کە منداڵێکی لاساری! مەسیح ئاگای لێت بێ..

هەڵوێستەکەی داپیرەم بەدڵ نەبوو، تۆرام، خۆم لە دەستی ڕاپسکاند و چووم بۆ سەربان، لەوێ، ماوەیەکی زۆر لەپشت دووکەڵکێشی سۆپاکەوە خۆم خافڵاند... ئەلهەقیزۆرم حەز بە لاساری دەکرد، حەزم دەکرد بە گژ هەموویاندا بچم و بەڕوویاندا هەڵشاخم و قسەی ناشیرینیان پێ بڵێم، زۆر بەزەحمەت جڵەوی خۆم پێدەگیرا، بەڵام ناچارش کرابووم، دەمی خۆم بگرم... ئەی خودا دەمم نەبێ هاکەم و پێم نەبێ ڕاکەم، ئەدی قوڕی کوێ بەسەر خۆما بکەم!

ڕۆژێک، کەتیرەم کرد بە هەر دوو کورسییەکەی باوەپیارەکەی ئایندەم و داپیرە تازەکەمەوە. هەردووکیان، بە شیوەیەکی کۆمیدی، بە کورسییەکانیانەوە لکان. بابام حەسیر مەیدانێکی چاکی کردم، چوومە سەرەوە، دایکم هات بە دواما، تووند ڕایکێشام و هەردوو ڕانی لە تەنگەم تووند کرد، گوتی:

- ئەم لاسارییە چییە دەستت داوەتێ؟ باشە نازانی من زۆر خەفەت بەمە دەخۆم!

ڕوندکی گەش بە چاوەکانیا هاتەخوارێ، سەری نام بە گۆنا نەرمەکەی خۆیەوە. ئەم کارەیم لەبەر گران بوو، ئەگەر بەر زللەی دابام، زۆرم لەلا ئەهوەنتر و باشتر بوو.

ئیدی سوێندم بۆ دایکم خوارد، لە ئێستا بە دواوە، بەو مەرجەی ئەو نەگری، هەرگیز کارێک نەکەم کە ماڵباتی ماکسیموفەکان ( باوەپیاڕەکەم و نەنکە تازەکەم ) پێیان ناخۆش بێت... دایکم بە میهرەبانییەوە گوتی:

- زۆرچاکە، ئینسان نابێ ڕکونی و کینەکێش بێ! ئێمە بەم نزیکانە زەماوەند دەکەین، دوایی بۆ ماوەیەکی کورت سەفەری مۆسکۆ دەکەین، کە گەڕاینەوە، تۆ دەبەینە لای خۆمان و لەگەڵ ئێمەدا دەژیت... یەڤگینی ڤاسیلیڤیچ (باوەپیاڕەکەت) پیاوێکی میهرەبان و زۆرباشە، من دڵنیام بەینت لەگەڵیا باش دەبێت. دەتنێرێتە قوتابخانە و بەر خوێندن، پاشان وەکو ئێستای ئەو دەچیتە زانکۆ، دەبیت بە دکتۆر، یان بەهەر شتێکی دی کە خۆت حەزی لێ بێت... خەڵکی خوێنەوار و ڕۆشنبیر، دەتوانێبە کەیفی دڵی خۆی بکات. ببێت بەوەی خۆی دەیەوێت. دەی هەستە بڕۆ بۆخۆت یاری بکە، ئافەرین...

هەستم دەکرد، ئەم " دوایی " و " پاشان " ەی کە دایکم پەیتاپەیتا، لە پەستا و بێ پسانەوە، دووبارەیان دەکاتەوە، پەیژەیەکی سەرەولێژە، بەرەوخوار دادەگەڕێ، لەوم دوور دەخاتەوە، بەرەو تاریکی و تەنیایی و گۆشەگیریم دەبات. ئەم پەیژەیە مایەی دڵخۆشی من نەبوو. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد پێی بڵێم:

- وەرە مەردی خوابە، شوومەکە، من خۆم بەخێوت دەکەم!...

بەڵام ئەوەم نەکرد. دایکم هەمیشە بیری جوان و میهرئامێزی لە نیهادما دەهاڕوژاند، بەڵام من زاتم نەدەکرد، وەکو پێویست گوزارشت لەو ئەندێشانە بکەم.

کارەکەم، لە باخەکەدا، باش دەڕۆیی... پووش و گیاکەڵەکانم لە ڕەگەوە هەڵکێشان، چوار دەوری چاڵەکەم بە خشت و لەتە کەرپووچان (خشتی سوور) هەڵچنی تا گڵەکە نەڕژێتەوە ناوی و پڕی نەکاتەوە. لەناو چاڵەکەدا، بە لەتە خشت سەکۆیەکی پانم دروست کرد، هێندە پان بوو دەشیا لەسەری پاڵبکەویت. کۆمەڵێک پارچە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ و لەتە سواڵەتانم کۆ کردەوە، بە قوڕ لەبەینی

خشتەکاندا، قایمم کردن، کە تیشکی خۆر لێی دەدان وەکو ئیکۆنانی نێو کڵێسا دەدرەوشانەوە...

ڕۆژێک بابام هاتە دیار کارەکەم، تەمەشایەکی کرد وگوتی:

- بیرێکی باشت کردووەتەوە! بەڵام ئەم گیایانە دووبارە دەڕوێنەوە، چونکە لە ڕەگەوە هەڵت نەکێشاون. کوا بڕۆ ئەو پاچ و بێڵەم بۆ بێنە، تا ئەم گیایەت بۆ ڕیشەکێش بکەم.

بێڵەکەم بۆ هێنا، بابام تفێکی کردە ناو لەپی و پیرە بێڵی بە قوڵایی ئەرزەکەدا ڕۆکرد، لەبن لێوانەوە گوتی:- ئەو ڕەگانە هەڵگرە و بڕۆ لەو دوورە فڕێیان بدە، من گوڵە بەڕۆژە و هێرۆت بۆ دەڕوێنم. ئەوجا بزانە چەند جوان دەردەچێت..

لەناکاوا، بەسەر بێڵەکەدا داهاتەوە، جوڵەی لێ بڕا، ماوەیەک ورتەی لێوە نەهات... تەمەشام کرد، دیتم ڕوندک، بە چاوە چکۆلە زیتەڵەکانیا، کەلە چاوی سەگ دەچوون، دەهاتە خوارەوە.

گوتم: - چیتە باپیرە؟

ڕاچڵەکی، بە دەست دەم وچاوی سڕی، بە دوو چاوی خەمین سەیری کردم و گوتی:

- ها، ئارەقەم کردووەتەوە... تەمەشا ئەم هەموو کرمە، چەند زۆرن!

دووبارە، کەوتەوە کێڵان و بێڵ تەپکردنی ئەرزەکە، لەناکاوا گوتی:

- بە خۆڕایی ئەم زەحمەتەت کێشاوە! ئەرێ برالە بە خۆڕایی خۆڕایی! چونکە بەم زووانە ئەم خانووە دەفرۆشم، ناگاتە پاییز دەیفرۆشم، من پێویستم بە پارەیە، پارەم بۆ جیازییەکەی دایکت دەوێ. با بەلای کەمەوە بۆخۆی وەکو بەشەر بژی... خوا حافیزی بێت!..

بێڵەکەی فڕێ دا، دەستی هەڵتەکاند و، ئەوسا چوو بۆ قولینچکی باخەکە، چووە پشت حەمامەکەوە، کە گەرم بوو. ئەوجا من کەوتمە کێڵانی ئەرزەکە، دوای تۆزێک بە نووکی تیژی بێڵەکە، کەڵە موستی لاقم بریندارکرد... ئەم پێشهاتە کردیە کارێک نەتوانم، بچمە کڵێسا و بەشداری ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەی دایکم بکەم، تەنیا توانیم تابەر دەرگای حەوشەکە لەگەڵیدا بڕۆم، لەوێندەرەوە کەوتمە

تەمەشاکردنیان، دیتم دایکم قۆڵی کردووە بە قۆڵی ماکسیموف دا، سەری داخستووە و بە پارێزەوە بەسەر ئەو گیایە تازانەدا، کە تازە چەکەرەیان کردبوو و لە درزی سەلبەندی شۆستەکەوە سەریان دەرێنا بوو ڕێی دەکرد، هێندە بە وریاییەوە هەنگاوی دەنا لە تۆوایە بەسەر بزماردا ڕێدەکات... ڕێوڕەسمی زەماوەندەکە زۆر بێ سەروسەدا بوو... دوای گەڕانەوە لە کلێسا، لە مەیدانێکی خاڵیدا، بەبێ دەنگی و بێ گێڕانی هیچ ئاهەنگێک سەروچایان خواردەوە.

دایکم بەپەلە جلەکانی گۆڕی... چوو بۆ ژووری نووستنەکەی خۆی، دەستی بە کۆکردنەوەی کەلوپەل وپریاسکە و بوخچە و باوڵەکانی خۆی کرد، دەزگیرانەکەی هات لە لای منەوە دانیشت وگوتی:

- من بەڵێنم دابوویتێ کە پاکەتێ قەڵەم بۆیەت بەدیاری بدەمێ. بەڵام لێرە قەڵەم بۆیەی باش نییە. ناشتوانم ئەوانەی خۆمت بدەمێ، لە مۆسکۆ هی باش هەیە، لەوێندەر بۆتی دەکرم ولەوێوە بۆتی دەنێرم..

- بۆچیمە، چی لێبکەم؟

- حەزت لە ڕەسم کردن نییە؟

- شارەزانیم!

- کەواتە شتێکی دیکەت بۆ دەنێرم.

دایکم هاتەپێشەوەو گوتی:

- ئێمە زوو دەگەڕێنەوە... هەرکە باوکت لە تاقیکردنەوە بووەوە، خوێندنەکەی تەواو دەبێت و دەگەڕێینەوە.

زۆرم بەلاوە خۆشبوو کە وەکو بنیادەمی گەورە قسانیان دەگەڵ مندا دەکرد، بەڵام زۆرم بەلاوە سەیر بوو زەلامێکی گەورەی بە ڕیش و سمێڵ هێشتا خوێندکار بێ و لەسەر کورسی خوێندن دانیشتبێ، پرسیم:- چی دەخوێنیت؟

- ڕووپێوی زەوی...

تاقەتی ئەوەم نەبوو بپرسم ڕووپێوی چییە!... بێدەنگییەکی خەمناک باڵی بەسەرماڵەکەدا کێشابوو، خواخوام بوو شەو بێت... بابام ڕاوەستابوو، پشتی بە دیواری موغەیرییەکەوە دابوو، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دەرەوە، چاوەکانی هێنابوونەوە یەک، پیرەژنە سەوزەکە، یارمەتی دایکمی دەدا، تا کەل وپەلەکانی کۆبکاتەوە، بەردەوام ئاهی هەڵدەکێشا و دەی پرتاند. بەڵام نەنکم کەلە نیوەڕۆوە

مەست وخومار بوو، بردبوويانە سەرێ ودەرگاکەيان لەسەری داخستبوو تا نەبا پورتێ بشکێنێ و ئابڕووی ماڵباتەکەمان بەرێت..

دايکم سبەی بەيانی زوو ڕۆيی... بە ئاسانی لە ئەرزی بەرز کردمەوە، باوەشی کردم، نيگای لە نيگام بڕی پێشتر نيگای واملێنەبينی بوو... ماچی کردم و گوتی:

- دەی باشە، بە دوعا!

بابام نێوچاوانی تێک نان و چاوی بڕييە ئاسمانی هێشتا ئامال سوور وگوتی:

- پێی بڵێ بە گوێم بکات.

دايکم، نيشانەی خاچی بەسەرما کێشا و گوتی:

- بەگوێی بابات بکە..

من چاوەڕوان بووم شتی ديکەش بڵێت، زۆر لە بابام پەست بووم کە قسەکەی بە دايکم بڕی و نەيهێشت هيچی دی بڵێت و لەسەر قسەکانی بەردەوام بێت. بە دوو قۆڵی لەگەڵ ماکسيموفدا سەرکەوتنە سەر گاليسکەکە، بەڵام داوێنی

کراسەکەی دایکم لە شتێک گیربوو، ماوەیەک خجڵی (خەریک) ئەوە بوو، کە داوێنی کراسەکەی ڕەها بکات...

بابام ڕوویکردە من وگوتی:- یارمەتی دایکت بدە، مەگەر نایبینی؟

بەڵام خەم و پەژارە قەڵەمی دەست و پای شکاندبووم و نەمدەتوانی لە جێی خۆم ببزووم... ماکسیموف، کە پانتۆڵێکی تەسکی شینباوی لەبەردا بوو، بە ئەسپایی لاقە درێژەکانی ڕاکێشا و جێی خۆی لە ناو گالیسکەکەدا خۆشکرد، بابام چەند بوخچە و پریاسکەیەکی دایە دەستی، ئەویش پریاسکەکانی لەباوەشی خۆی هەڵدەچنین و چەناگەی دەخستە سەریان تا نەکەون، ئەوجا بە نیگەرانییەوە، نێوچاوانی تێکنا و بەدەنگێکی درێژ گوتی:- بەس... س... سە...

پیرەژنە سەوزەکە و کوڕە نۆبەرەکەی کە ئەفسەربوو، سواری گالیسکەیەکی دیکە بوو. پیرەژن قیت وەکوپەیکەر دانیشتبوو، کوڕە ئەفسەرەکەی بە دەسکی شمشێرەکەی ڕدێنی دەخوراند و هەرتاوناتاوێ باوێشکێکی دەدا. بابام پرسی:

- کەواتە تۆ بۆشەڕ دەڕۆیت؟

- بێگومان.

- کارێکی چاکە، ئەو تورکانە دەبێ سەرکوت بکرێن..

گالیسکەکان، بەڕێکەوتن... دایکم چەند جارێک ئاوڕی دایەوەو دەستەسڕەکەی بۆ هەڵتەکاندین، نەنکم دەستێکی بە دیواری حەوشەکەوە نابوو و بەدەم گریانەوە دەستەکەی تری بۆ تەکان دەدا. بابام، ڕوندک لەچاوانیا قەتیس ما، لە بن لێوانەوەو بە منجەمنج دەیگوت:- نا، ئاقیبەتی ئەم کارە خێر نابێ!..

لە سەر سەکۆیەک دانیشتم، تەمەشای گالیسکەکانم دەکرد، کە هەڵبەز هەڵبەز، بەسەر قۆڵت وچاڵی شەقامەکەدا ڕەتدەبوون- ئەوسا لە پێچپێکی جادەکەدا ون بوون، هەستم کرد، شتێک لە ناخما بە تووندی هەژا وداڕوخا..

دنیا گورگ ومێش بوو، هێشتا بەیانیەکی زۆر زوو بوو، جادە و بانەکان چۆڵ بوون، عرووسی پەنجەرەکان هەڵنەدرابوونەوە.

هەستم بە بۆشاییەکی تەواوکرد، پێشتر قەت هەستم بە بۆشایی وەها سامناک نەکردبوو... لە دوورەوە، لە شوێنێکی دووری دوورەوە، دەنگی بلوێری شوانێک دەهات. بابام دەستی نایە سەرشانم و گوتی:

- وەرە با بڕۆین تێشتەکەمان بخۆین، وادیارە چارەنووسی تۆ ئەوەیە کە هەتاهەتایە لەگەڵ مندا بژی، بەردەوام بەیەکا هەڵشاخین..

من و بابام، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ، بێئەوەی چ قسەیەک بکەین لە باخەکەدا کارمان دەکرد. ئەو زەویەکەی دەکێڵا، پنچە تووتڕکەکانی بەرزدەکردنەوەو دەیبەستن. دار سێوەکانی پەرچ دەکرد، ئەو کرمانەی دەکوشت کە لێرەولەوێبەرچاوی دەکەوتن. منیش بەردەوام خەریکی چاککردن وڕێکخستنی پەناگاکەی خۆم بووم.... بابام، بە تەور سەرە سووتاوەکەی، دارە نیوە سووتەکانی بڕی، چەند دارێکی تازەی لە ئەرزەکە چەقاند، من قەفەزەکانی خۆم بە تەیرەکانی ناویانەوە، بەو دارانەوە هەڵواسی... ئیدی بە پووش و هەژگ و بژاڵان، شتێکی وەکو حەسیرم دروست کرد و کەپر وساباتێکم دروستکرد، تا ماڵەکەم لە هەتاو و شەونم

بپارێزێ. ئیدی پەناگە و ماڵەکەم تەواو جوان و خۆش بوو... بابام دەیگوت:

- ئافەرین، زۆرچاکە خەریکە فێری ئەوە دەبی بەخۆت خەمی کاروباری ژیانی خۆت دەخۆیت و پشت بە خۆت دەبەستیت.

سەرنج و تێبینییەکانی ویم دەربارەی ژیان زۆر بەدڵ بوو... هەندێجار لەسەر ئەو سەکۆیەی کەبە هەژگ و بژاڵان داپۆشی بوو، دادەنیشت وبەکاوەخۆ ئامۆژگاری دەکردم، هەستم دەکرد، وشەکانی بە زەحمەت دەدرکاند:

- تۆ ئیستا لە دایکت دابڕاویت! دایکت منداڵی دیکەی دەبن، ئەوانی لە دڵدا شیرینتر دەبن. نەنکیشت وەکو دەزانی سەری کردۆتە خواردنەوەو مەینۆشی!

ماوەیەکی زۆر دەفکرەوە دەچوو، لەتۆوایە گوێ لە شتێک دەگرێت و دووبارە و بەبێ مەیلی دەستی بە قسە سەنگینەکانی دەکردەوە:

- ئەمە جاری دووەمیەتی کەبەوجۆرە دەخواتەوە، جاری یەکەمی ئەوساڵە بوو، کە دەبوایە میخائیل، بۆ خزمەتی

ئیجباری عەسکەری بڕوات. ئیدی ئەم ژنە سەرشێت و گەوجە قەناعەتی پێکردم بەدەل بۆ میخائیل بدەم و لە خزمەتی عەسکەری مەعاف ببێت... ڕەنگە ئەگەر عەسکەری بکردایە شتێکی دیکەی لێ دەرچووبایە... ئاخ لە دەست ئێوە، هەی داد هەی بێداد لە دەست ئێوە!... من زۆرم بەبەرەوە نەماوە، هاکا مردم، هەنگێ تۆ بە تاقی تەنیا دەمێنیتەوە، تێدەگەی؟ دەبێ خۆت خەمی خۆت بخۆیت، تێدەگەیت؟ ئیدی هەوڵبدە فێری کار ببە، خۆت خۆت بژینە، سەر بۆ کەس دامەنوێنە! بە بێ قرە و برە بژی، بەڵام سەرسەختیش بە، بەبێ ترس و دوودڵی بژی... گوێ لە هەموو کەس بگرە، بەڵام ئەو کارە بکە کە بە قازانج و دڵی خۆتە..

هەموو هاوینەکەم- جگە لە ڕۆژانی باران – لە باخەکەدا بەسەر برد. تەنانەت شەوە گەرمەکانیش لەوێندەر دەخەوتم.نەنکم لبادێکی دابوومێ، لەسەر ئەو لبادە دەخەوتم. زۆرجار نەنکیشم لە باخەکەدا شەوی ڕۆژ دەکردەوە. گورزەیەک پووش و هەژگی دێنا، لە لای جێگاکەی منەوە، ڕایدەخست ولە سەری پاڵدەکەوت وحیکایەتی بۆ

دەگێڕامەوە و هەرتاو ناتاوێک، قسەکەی خۆی دەبڕی و هاواریدەکرد:

- ئەها تەمەشا! ئەستێرەیەک ڕاخووشی! ئەوە ڕوحی بەشەرێکە و بیری ئەرزی دایکی کردووە. بێگومان بەشەرێکی باش وساڵحان لە شوێنێک لە دایک بووە..

یان ئاماژەی بۆ ئاسمان دەکرد ودەیگوت:

- تەمەشا، ئەستێرەیەکی تازە هەڵهات!... تەمەشا! ئازای چاوە! ئاخ، ئاسمان، ئاسمان، پۆشاکی دوڕنیشانی خودایە!

بابام دەی پرتاند ودەیگوت:

- گەوجینە سەرماتان دەبێ، تووشی ڕۆماتیزم و باداری دەبن، یان دزان دێنە سەرتان و دەتان خنکێنن..

خۆر لەکەل ئاوا دەبوو، دووکەڵی ئاگرین بەری ئاسمانی دەگرت، لەتۆ وایە خۆڵە کەوەیەکی سووربا و، بەسەر کەوای کەسکی مەخمەلینی باخەکاندا دەکرێت. ئەوسا هەموو شتێکی دەوروبەری مە، بە ئاشکرا تاریک و تاریکتر دەبوو، تاریکیەکی گەرم هەموو دنیا دادەپۆشێ. گەڵای درەختان، کەبە تیشکی خۆر بارگاوی بووبوون، بە لقەکانەوە شۆڕ

دەبوونەوە، گیا و ڕووەکان سەریان بۆ زەوی دادەهێنایەوە، هەموو شتێک بە شکۆتر دەبوو، بۆنێکی خۆش وناسک وەکو مۆزیقا لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوە. لە دوورەوە، لە کێڵگە ودەرو دەشتەکانەوە، دەنگی موسیقا دەهات، لە سەربازگەکانەوە، ئاهەنگی ئاوابوونی خۆریان دەژەنی.

شەو دادەهات، هەستێکی خۆش، ناسک و بەلەزەت، وەکو نەوازش و خۆشەویستی و میهرەبانی دایک دڵ و دەروونی بەشەری ئاوا وئاوەدان دەکردەوە. بێدەنگی شەو، لە تۆوایە دایکە و سەری پەنجە نەرم و میهرەبانەکانی بەسەر دڵتا دێنێت و هەرچی وردە خەم و پەژارەی ڕۆژ هەیە، ڕایدەماڵێت ولەبیرتی دەباتەوە. ئیدی ئەم دیمەنانە خۆبەخۆ وادارییان دەکردیت، لەسەر گازی پشت ڕاکشێیت و تەمەشای قوڵایی ئاسمان بکەیت وبڕوانیتە راخووشین وهەڵاتنی ئەو ئەستێرانەی بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە. تا زیاتر دەمڕوانییە ئاسمان، ئەستێرەکان زیاتر وزۆرتر دەهاتنە بەرچاو، دەتگوت هەڵدەستم و ستێرانی تازە کەشف دەکەم. پیاو نەیدەزانی ئاخۆ ئەرز بچووک بووەتەوەو هەرجێی ئەمی تیادەبێتەوە، یان خۆی گەورە بووە وبووە بە بەشێک لە دەوروبەرەکەی خۆی. دنیا

کپ و بێدەنگ تر دەبوو، تاریکیەکە چڕتر دەبوو، لە تۆ وایە هەودای باریک و نادیار، لەهەموو شوێنێک ڕایەڵ کراوە، هەر یەکە بە ئاوازێک دەلەرێتەوە، ئەگەر جووکە لە مەل ومەلیچکێکی نوستووەوە بهاتبایە، یان ژیژکێک لە جێی خۆی بجولایە، یان بەشەرێ چپەیەکی بکردایە، هەر هەموو ئەم دەنگانە، بە شێوەیەکی بەرزتر، لە دەنگی ڕۆژ ، لە بیدەنگیە ناسک و خامۆشییە هەستیارەکەی شەودا، دەنگیان دەدایەوە.

دەنگی ئوکوردیونێکی دوور، دەنگی پێکەنینی بەرزی ژنێک، خشەخشی شمشێرێک بەسەر سەلبەندی شۆستەیەکدا، قورسکەی سەگێکی ترساو، هەر هەموو ئەمانە بێهودە ببوون، هەر هەموو ئەمانە دواگەلای پەژمووردەی ڕۆژ بوون و دەوەرین و دەمردن.

هەندێ شەو، لە ناکاوا، لە مەیدانێکی چۆلا، یان لە سەر جادەیەکدا شەڕ و هەراو هەنگامەی چەند سەرخۆشێک لێرەولەوێ بەرز دەبووەوە. یان کەسێک بە هەڵەداوان دەپەڕییەوە، ئەم دەنگانە، ئاسایی بوون، کەمترین سەرنجیان ڕانەدەکێشا.

نەنکم، ڕادەکشا، تا درەنگانی شەو نەدەخەوت، دەستەکانی دەنانە ژێر سەری، ئەوسا بە کاوەخۆ سەری حیکایەتێکی دادەمەزراند، پێدەچوو، گوێی لەوە نەبێ کە ئاخۆ من گویی لێدەگرم یان نا... هەمیشە حیکایەتێکی هەڵدەبژارد، کە دەگەڵ ئەفسوونی شەودا تێکبکاتەوە و هەیبەت و جوانیەکی پتری پێ ببەخشێت..

من، بەدەم قسە بەڕیتم و خۆش ئاهەنگەکانی ئەوەوە خەوم لێدەکەوت، بەیانی لەگەڵ گزنگی ڕۆژا و بەدەم جریوەجریوی مەلیچک وکێشکانەوە لەخەو ڕادەبووم. شنەی بەیانی بە ئەسپایی خۆی لە گزنگی خۆر وەردەدا وگەرم دەبوو، گەڵای دار سێوان، ئاونگیان لە خۆ دەتەکاند، گیا وڕووەکان، رەنگ و روویان وەبەر دەهاتەوەو دەگەشانەوەو وەکو ئاوێنە لەبەر تیشکیی خۆرەکەدا دەبریسکانەوە. هەتاو بەرز دەبووەوە. ئاسمان ڕەنگی بەردەدا، شینی شین دەچووەوە، کەرەوانەیەک (کەڕەواڵە) لە بەرزاییەکی نادیارەوە دەیخوێند و، ئیدی هەر هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی ڕۆژی تازە، وەکو ئاونگ و شەونم دەڕژانە ڕۆحمەوە، شادییەکی ئارام لە دڵ و دەروونم دەگەڕا و، حەزم دەکرد زووتر ڕابم و

کارێک بکەم و بەوپەڕی تەبایی و دۆستی لەگەڵ، هەموو خەڵکەکەی دەوروبەرمدا بژیم...

ئەمە، ئارامترین ومەندترین قۆناغی ژیانم بوو، لەو هاوینەدا هەستی متمانە بەخۆ بوونم لەلا چێببوو. خۆم لە خەڵکی بەدوور دەگرت، کە گوێم لە دەنگی منداڵەکانی ماڵباتی ئوفزیانیکوف دەبوو، حەزم نەدەکرد بۆلایان بچم، کە خاڵۆزاکانم دەهاتن بۆ ماڵمان، وەکو جاران خۆشحاڵ نەدەبووم، دەترسام نەبادا، پەناگە وکەپرەکەم، یەکەمین دەستکردی خۆم خراپ بکەن.

قسەکانی باباشم، وەکو جاران مژوولیان نەدەکردم، بە تایبەتی کە زۆر بە تانی قساندا دەچوو، و لە ژیان وگوزەران بە گازن ( گلەیی، گازندە، سکاڵا ) بوو... لە جاران پتر شەڕی بە داپیرەم دەفرۆشت و لەماڵ دەری دەکرد، ئیدی نەنکم بۆ ماڵی خاڵە یاکوف یان لالە ( خاڵە ) میخائیل دەچوو و، هەندێجار چەندین ڕۆژی پێدەچوو و نەدەهاتەوە. بابام ناچاردەبوو بەخۆی خوارن چێبکات. دەستی خۆی دەسووتاند، دەکەوتە بۆڵەبۆڵ، هەزار و یەک جنێوی سەر بە

کۆلکەی دەدا، قاپەکانی دەشکاند، ڕۆژبەڕۆژ عەڕنۆک (دڵناسک) تر دەبوو.

هەندێجار بۆ کوختەکەی من دەهات، لەوێ لەسەر سەوزە گیایەکە ڕۆدەنیشت، ماوەیەکی زۆر، بە بێئەوەی ورتەی لێوەبێ، لێم ورد دەبووەوە... ئەوسا لە پڕ دەی پرسی:- بۆ هیچ ناڵێییت؟

- نازانم، چ بڵێم!

ئەوسا، ئەو وەکو مامۆستا دەکەوتە ئامۆژگاری کردنم:

- ئێمە ئاغا و ئەرستۆکرات نین... کەس نییە شتێکمان فێربکات، دەبێ خۆمان، هەموو شتێک فێربین. کتێب بۆ خەڵکانی دی نووسراو، قوتابخانە بۆ ئەرستۆکراتان دروستکراوە، ئەو شتانە بۆ ئێمەمانان نییە... دەبێ فریای خۆت بکەوی، پێویستیەکانی خۆی دابین بکەیت..

ئەوسا دەبیرەوە دەچوو، خامۆش و بێدەنگ جووڵەی لەخۆ دەبڕی، پیاو کە سەیری دەکرد، ترسی لێدەنیشت..

ئەو پاییزە خانووەکەی فرۆشت... چەند ڕۆژێک پێش فرۆتنی خانووەکە، بەیانیەک، لەسەر نانی بەیانی، لە ناکاوا و بە ڕاوێژێکی زۆر جدی بە داپیرەمی گوت:

- ژنەکە، ماوەیەکی زۆرە من بە خێوم کردوویت و هەموو خەرجییەکم کێشاویت، ئیدی بەسە، تەواو، کاتی ئەوە هاتووە خۆت نانی خۆت پەیدا بکەیت..

نەنکم بەو قسانە قەڵس نەبوو، خۆی شلوێ نەکرد، دەتگوت لەمێژە چاوەڕوانی ئەو قسەیە بوو.. بەکاوەخۆ قوتووی بڕنووتیەکەی هەڵگرت، تۆزێ سعووتی ( بڕنووتی ) کردە لووتە پانەکەیەوەو گوتی:

- دەی باشە، با بەدڵی تۆبێ! خۆ لەبرسا نامرین... خۆمان بەخێو دەکەین و ئەولاتریش.

بابام، دوو وەتاغی بچووک و تاریکی لە ژێرزەمینی خانوویەکی کۆنا، کە کەوتبووە کوێرە کۆڵانێکی بناری گردێکەوە، بەکرێ گرت..

کە ویستمان باربکەین و خرت وپرتەکانمان کۆ بکەینەوەو بگوازینەوە نەنکم کۆنە پێڵاوێکی قەیتان درێژی هەڵگرت،

خستیە ژێر سۆپاکەوەو بە چیچکانەوە دانیشت و جنۆکەی پاسەوانی ماڵەکەی بانگ کرد وگوتی:

- ئەی جنۆکەی خانەی خودا، وەرە! سواری ئەم تاکە پێڵاوە ببە و لەگەڵمانا وەرە بۆ ماڵە تازەکەمان، خێر و بەختەوەریمان لەگەڵ خۆتا بۆ بێنە..

بابام، کەلە حەوشەکەدا بوو، سەری نا بە پەنجەرەکەوەو هاواریکرد:

- نەخەڵەتابی لە گەڵ خۆتیا بەریت پیرە کەمتیاری کافر! دەنا ملت دەپەڕێنم، بە تەما نیت بمکەیت بە گەپجاڕی خەڵکی؟

نەنکم وەڵامی دایەوە:

- پیاوەکە ئاگات لە دەمت بێت، بزانە چی دەڵێیت... ئەوەی تۆ دەیلێیت مانای وایە داوای بەد بەختیمان بۆ دەکەیت..

بەڵام بابام زیاتر تووڕە بوو و نەیهێشت جنۆکەکە بۆ ماڵە تازەکە ببات.

بابام، لە زەرفی سێ ڕۆژاندا هەموو کەل وپەل و ناو ماڵەکەی بە هەندێک کۆنەکڕ و کۆنەفرۆشی تاتاری فرۆشت،

ئیدی بەدەم مامەڵەی زۆرەوە، تووڕە دەبوو، جنێوی دەدا. نەنکم لە پەنجەرەکەوە تەمەشای دەکردن، دەمێ دەگریا، دەمێ پێدەکەنی و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- دەی بیبەن، هەموو شتێک بەرن، تالانی بکەن، بیشکێنن، هیچ شتێک مەیەڵنەوە، گسکی لێبدەن.

منیش کە بیرم لە کوختە وکەپرەکەی خۆم دەکردەوە، گریان ئەوکی دەگرتم و ڕوندک لە چاوانم قەتیس دەمان.

بە دوو گالیسکە بارمان کرد، من لە سەر کەلوپەلەکانەوە سوار بووبووم، گالیسکەکە بە جۆرێ تەکانی دەداو بەم لاوئەولادا دەهەژا، لەتۆوایە، دەیەوێ بە ئانقەست فڕێم بداتە خوارەوە.

بە درێژایی دووساڵی تەواو، تا ئەو ڕۆژەی کە دایکم مرد، هەر نیگەران و ناڕەحەت بووم، هەستم دەکرد شتێک تەکانم دەداو دەیەوێ تووڕم بدات، دوورم بخاتەوە... دایکم بە ماوەیەکی کەم، پاش ئەوەی بۆ ژێر زەمینەکە گواستمانەوە، هاتە سەردانمان. ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، لاواز بووبوو، چاوەکانی کرابوونەوەو ناڕەحەتیەکی سەیریان پێوەدیار بوو. بە وردی چاوی دەگێرا، لە تۆ وایە بۆ یەکەمجار لە

ژیانیا باب و داکی ومن دەبینێت... بەبێدەنگی تەمەشای دەکردین، مێردەکەی (باوەپیارەکەم) بەناو ژوورەکەدا ڕاوێچکەی دەکردو بە ئەسپایی فیکەی لێدەدا، هەر سا ناساتێ کۆکەیەکی دەکرد و گەرووی پاکدەکردەوە، دەستەکانی خستبوونە پشتی وگەمەی بە قامکەکانی دەکرد.
دایکم، گۆناکانی لەنێو هەر دوو دستە گەرمەکانی نام و گوتی:

- نامەخوا، چەند گەورە بوویت!

جلەکانی ناشیرین بوون، بە بەری دەڵب وفش بوون، سوورێکی ڕەنگدێز بوون. سکی بەرز بووبووەوە.

باوەپیارەکەم، دەستی بۆلای من هێنا وگوتی:

- سلاو، حاڵت چۆنە؟ باشیت؟

ئەوجا، بە لووت هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەبن لێوانەوە گوتی:

- لێرە زۆر نمسارە (نمدار، شێدار) !

هەردووکیان، دایکم و مێردەکەی، زۆر شەکەت و شەپرێو دیاربوون، جلەکانیان چرچ ولۆچ و چڵکن وپڵکن بوو، دەتگوت

ماوەیەکی زۆر غاریان داوە، پێویستیان بە بێندان وئیسراحەت بوو. بە دڵتەنگی و بێ مەیلی چامان خواردەوە. بابام بە دیقەت تەمەشای ئەو بارانەی دەکرد، کە لە دەرێ ڕا بە گوڕخۆی بە پەنجەرەکەدا دەدا و شووشەکەی دەشۆدەوە، ئەنجام پرسی:- وتتان، هەرچییەکتان هەبوو، سووتا؟

زڕبابەکەم، بە ڕاوێژێکی بنجبڕ گوتی:

- هەرچیمان هەبوو ڕۆیی، خۆشمان بە گوێ پچڕ گوێ پچڕ ڕزگار بووین...

- ئم! ئەرێ، ئاگر گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ...

دایکم، سەری نایەسەر شانی نەنکم، دەمی لە پەنا گوێی ناو بە چپە شتێکی پێگوت، نەنکم چاوەکانی، وەکو ئەوەی تیشکێکی توونديان پێکەوتبێت، نووقاند. خەم و بێدەنگی باڵی بە سەردا کێشاین..

بابام، لەناکاوا بە ڕاوێژێکی ڕیاکارانە و ئارامەوەو بەدەنگێکی بەرز گوتی:

- بەڵام جەنابی یەڤگینی فاسیلیڤچ، من هەندێک دەنگۆیانم بیستووە کە گوایە، هیچ شەواتێک ( ئاگر کەوتنەوە ) ڕووی نەداوە، تۆ قومارت کردووە و دارونەداری خۆت دۆڕاندووە..

بێدەنگیەکی کوشندە باڵی بەسەر هەمووانا کێشا، جگە لە دەنگی گیزەگیزی سەماوەرەکە و، ئەو بارانەی لە پەنجەرەکەی دەدا، هیچ دەنگێکی دی نەدەهات. ئەنجام دایکم گوتی:- باوکە گیان...

بابام قیڕاندی:

- باوکەی چی؟ چرا هەڵبڕە چی تیا ماوە؟ مەگەر پێم نەگوتی ئەوپەڕی شێتیە کەسێکی سی ساڵ، شوو بە کەسێکی بیست ساڵ بکات؟ دەبیخۆ دەی – ئەمە نموونەیەکی جوانە، وانییە؟ کردووتی بە خانمێکی خانەدان، بە شەخسیەت ها؟ دەی، ئەمە حاڵە، ئەمەت پێ باشە، بەدڵتە؟ دەبیخۆ دەی نۆشی گیانت بێت کچەکەم..

ئیدی بە چوار قۆڵی کەوتنە هەرا وزەنا، دەنگی زڕبابەکەم لە دەنگ وهاواری هەمووان بەرزتر بوو، یەک بەخۆی دەیشیڕاند. من چوومە دەرێ، بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشتم، چووم حایر وحەپەساو لەسەر لیژنە دارێک ڕۆنیشتم... سەیرە ئەم

ژنە دایکەکەی جارانی من نییە- دەڵێی گۆڕیویانە، زۆر جیاوازە لە دایکی من. کەلە ژوورەوە بووم، بە باشی هەستم بەم گۆڕان و جیاوازییە نەدەکرد، لێ ئێستا کە لە تاریکیەکەدا دانیشتبووم، زۆر بەباشی ئەوەم وەیاد دەهاتەوە کە دایکم جاران چۆن بوو.

پاشان بە خۆیشم نەمزانی چۆن لە سوروموف گیرسامەوە، لە خانوویەکدا جێگیر بووم کەلە هەموو ڕوویەکەوە بۆ من تازە بوو، دیوارە تەختەکانی کاغەزپۆش نەکرابوون، درزی نێوان تەختەکان بە لفکەشامی ئاخنرابوون، سیسرکێکی زۆر لەپشت تەختەکانەوە دەژیان. دایکم و مێردەکەی لە دوو ژوورا دەژیان کە دەیانڕوانییە سەر جادەکە، من ونەنکم لە مووبەقێکا دەژیاین کە تاقە یەک پەنجەرەی هەبوو و ڕوو لە قاتی سەرەوە دەکرایەوە. لەولای ماڵەکانەوە دووکەڵکێشانی کارخانەیەک ڕوویان کردبووە ئاسمان. چڕە دووکەڵێکی پێچاوپێچ لە لوولەکانیانەوە بەرزدەبووەوەو بای زستان بەسەر هەموو گەڕەک وبانەکەدا بڵاوی دەکردەوە. ژوورە سارد وبێ سۆپاکانمان یەکپارچە بۆنە دووکەڵی ئەو کارخانەیە بوو.شووتی کارخانەکە بەیانیانی زوو، وەکو گورگی دڕندە دەیلوراند: و... و... و... ئو... !

ئەگەر بچووبایتە سەر کورسییەک یان تەپلەکێک، دەتتوانی لەو دیوی سەربانی ماڵەکانەوە، دەروازە ڕووناکەکانی کارخانەکە بدینی، کە وەکو زاری بێ ددان و ڕەشی گەدایەک کرابوونەوەو لێکدا لێکدا حەشامەتێکی بەشەرانی چکۆلەی هەڵدەلووشی. لەکاتی نیوەڕۆدا، دەنگی شووتەکە دووبارە بەرزدەبۆوە. دەروازە ڕەشەکان دەخرانە سەرگازی پشت، کەلبەرێکی قووڵ ڤەدەبوو، کارخانەکە هەمان ئەو حەشاماتەی هەڵدێنایەوە کە بەیانی قووتی دابوون وتەواو هەرسی کردبوون، ئیدی وەکو جۆگایەک بەردرابێتەوە، دەڕژانە سەرجادەکە.

ڕەشە بایەکی تووندی دەهات وبەرەو ماڵە پەراگەندەکانی خۆیانی، ڕادەماڵین... ئاسمانی ئەم گەڕەک وگوندە بە زەحمەت دەبینرا، دەتگوت، لە سەرووی سەربانی بەفر گرتووی ماڵەکانەوە، سەربانێکی دیکەی لە دووکەڵیان هەڵواسیوە، ئەم دووکەڵە خەمناکە، بەری ئاسمانی گرتبوو، خەیاڵی سست و بینایی سنووردار دەکرد.

ئێواران، پڕتەوێکی سووربای تۆخ، بەسەر کارخانەکەوە پەیدا دەبوو، ترۆپکی دووکەڵکێشەکانی ڕووناک دەکردەوەو

لە بینەر وایە ئەم دووکەڵکێشانە لە خوارەوە بۆ سەرێ بەر نەبوونەتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەسەرێ ڕا بۆ خوارەوە شۆڕ بوونەتەوەو فوو لە ئاگرەکە دەکەن تا نەکوژێتەوە... تەمەشاکردنی ئەو دیمەنانە زۆر ناخۆش بوو، دڵی دەگوشیم. ڕۆژبەڕۆژ پتر وەڕەز دەبووم و ڕقم هەڵدەستا...

نەنکم هەموو کاروبارەکانی ماڵی وەستۆ گرتبوو، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ هەر خەریک بوو، خواردنی ئامادە دەکرد، ناو ژوورەکەی گسک دەدا و دەسڕی، داری دەشکاند، ئاوی دێنا، ئاو بوەستایە ئەو نەدەوەستا، کە شەو دەهات لاڵ و پاڵ لێی دەکەوت و شەکەت و ماندوو بەدەم ئاه و ناڵەوە خەوی لێدەکەوت. هەندێجاریش، دوای ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ، چاکەتە کورتەکەی لەبەر دەکرد، تەنوورەکەی هەڵدەکرد و بۆناو شارۆچکەکە دەڕۆیی، دەیگوت:

- دەڕۆم، سەرێکی ئەو پیرەمێردە دەدەم، بزانم حاڵی چۆنە...

- منیش لەگەڵ خۆتا ببە.

- ڕەق دەبیتەوە، نابینی چ تۆفێکە، تەمەشا ئەم بایە تووشە!

حەوت فەرسەقە ڕێگای، بەناو بەفرا دەبڕی.

دایکم، ڕەنگ زەرد و لێوبەبار لە ماڵەوە دادەنیشت، حامیلە بوو، شاڵێکی بە ڕیشووی کۆنی دڕاوی کەوەیی لە خۆیەوە دەپێچا تا سەرمای نەبێت. زۆرم ڕق لەم شاڵە بوو، بەژن وباڵا جوان و بتەوەکەی دایکمی دەشێواند، بۆیە هەرکە هەلم بۆ هەڵدەکەوت، ڕیشووەکانیم دەردەکێشا. لە ماڵەکە، لە کارخانەکە، لە شارۆچکەکە، لە گەڕەکەکە بێزار بووم. دایکم بە جووتێ پێڵاوی گەورە وکۆنی لبادەوە دەسووڕایەوە، کە دەکۆکی ورگە زلەکەی بەشیوەیەکی زۆر ناجوور دەلەرییەوە، چاوە شینەکانی بە تووڕەیی پرشنگیان دەدا، یان بە خەمینییەوە دەیانڕوانییە دیوارە ڕووت وقووتەکە، بەجۆرێ دەفکرەوە دەچوو، لەتۆوایە بەتەما نییە جارێکی دی چاو لە دیوارەکە بگوازێتەوە... هەندێجار یەکدانە سەعاتی تەواو لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە شەقامەکە. ئەم شەقامە لە زار وشەویلاگەی کەسێک دەچوو، کە پیری و تەمەن هەندێک ددانی ڕەش کردبێتەوەو کەلۆسی کردبن، چەند دانێکی تازەیان بۆ دانابێ و بەدەم و زاری گەورەبن.

لە دایکم پرسی:- بۆچی لێرە دەژین؟

بەرسقی دایەوە:- ئاخ، ئەوەندە پرسیار مەکە!

وای لێهاتبوو زۆر بەکەمی قسەی لەگەڵدا دەکردم. ئەگەر قسەشی بکردایە زیاتر ئەمری دەکرد.

- بڕۆ، ئەو شتەم بۆ بێنە، ئەوە ببە. خێراکە...

بەدەگمەن ڕێی دەدام بچمە کۆڵان و یاری بکەم، چونکە هەرجارێ کە بۆ ماڵ دەگەڕامەوە، بە لێدراوی دەگەڕامەوە، منداڵان لێیان دەدام، تێروپڕیان دارکاری دەکردم، ئیدی شەڕ بووبوو بە تاقە سەرگەرمی من. بەوپەڕی خۆشییەوە، بە پیری شەڕەوە دەچووم. دایکم بە لێدان تەمبێی دەکردم، بەڵام ئەم لێدانە فایدەی نەبوو، زیاتر چەشەی دەکردم و بۆ ڕۆژی دوایی شەڕێکی توندترم دەکرد، دایکم، زیاتری لێدەدام... جارێک ئاگادارم کردەوە ئەگەر دەست لە لێدان و سزادانم هەڵنەگرێت، دەستی دەگازم و سەری خۆ هەڵدەگرم و ڕوو دەکەمە ئەو دەشت و دەرەو نایەمەوە تالە بەفرا ڕەق دەبمەوە. دایکم بەسەرسامی لە خۆی دووری خستمەوەو بە ژوورەکەدا کەوتە ڕاوێچکە... هیلاک و ماندوو بەدەم هەناسەبڕکێوە گوتی:

- کە منداڵێکی چاوقایم و لاساری!

پەلکەزێڕینەیئەو سۆزەی کە پێی دەڵێن خۆشەویستی وردەوردە، لەدڵما کاڵ بووەوە، دامرکایەوە، لەجیاتی گڕ و بڵێسەی خۆشەویستی و میهرەبانی، بوغز و ڕق و کینەی لێ بەرزدەبووەوە، بوغز و ڕق لە هەموو کەسێک، لە گشت شتێک، هەستم دەکرد لەم دنیا ڕۆتینی و بێمانا و بێ ڕەنگ و بۆیەدا، زۆر تەنیا و بێکەس و گۆشەگیرم.

زڕبابەکەم، لەگەڵما خراپ بوو، زۆر سەختگیر بوو، دایکمی کەم دەدواند، هەر خەریکی فیکەلێدان بوو، زۆر دەکۆکی، دوای فراقین لەبەر ئاوێنەکەدا دەوەستا، ماوەیەکی زۆر بە خەلیلە (گیای ددان ئاژن) ددانە ناهەموار و خواروخێچەکانی دەئاژنی. شەڕی بە دایکم دەفرۆشت، قسەی سارد وسڕی پێدەگوت و من ئەو قسانەم زۆر لەدڵ گران بوون. هەرکاتێ دەمبۆڵەیەکیان ببوایە، کابرا دەرگای مووبەقەکەی توند دادەخست تا من گوێم لە دەنگیان نەبێت، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر گوێم لە دەنگە قەبە و ناسازەکەی دەبوو.

جارێک، پێی بە عاردیدا کوتا و هاواریکرد:

- من لەبەر ئەو سکە نەحلەتیەی تۆ ناتوانم کەس لەگەڵ خۆما بێنمەماڵەوە، هەی پیرە مانگا!

که گوێم لەو قسانە بوو، سەرم سوڕما، لە حەژمەتاندا، خۆم هەڵدایەسەر موغەیرییەکە، سەرم لە بن مێچەکەی دا، زمانم گەست، زارم پڕبوو لە خوێن...

ڕۆژانی شەممە، کرێکارێکی زۆر بۆلای باوەپیارەم دەهاتن، تا ئەو کارتی ئازووقانەی پێ بفرۆشن کە وەریان گرتبوو تا لە کۆگای کارخانەکە خۆراک و ئازووقەی پێ وەربگرن، ئەو کارتانەیان لەجیاتی کرێی ڕۆژانەیان وەردەگرت، مێردەکەی دایکم بە نیوەقیمەت لێی دەکڕین، لە مووبەقەکەدا پێشوازی لە کرێکارەکاندەکرد، لە پشت مێزەکەوە دادەنیشت، خۆی قورس وسەنگین دەگرت، کارتەکەی وەردەگرت، نێو چاوانی تێکدەنا و دەیگوت:- یەک ڕۆبڵ ونیو.

ئەم ژیانەڕەش و پڕ کوێرەوورییە زۆری نەخایاند، بەرلەوەی دایکم منداڵی ببێت، منیان نارد بۆلای بابام. ماڵەکەی گواستبووەوە، لە خانوویەکی تازەی دوو نهۆمیدا، لە شەقامی بیسشانایا، لە تاخی (گەڕەک) کۆنافینو، لە سەرووی گۆڕستانەکەی کلێسای نابولنایا، ژوورێکی بچکۆلەی بەکرێ گرتبوو، ژوورەکە سۆپایەکی گەورەی ڕووسی تیابوو، دوو پەنجەرەی گەورە وپانی هەبوون دەیانڕوانییە ناو حەوشەکە.

بابام که منی بینی دەستی بە پێکەنین کرد، هاواریکرد:

- ئێ! لە قالوبەلاوە گوتوویانە کەس لە دایک میهرەبانتر نییە... کەچی وادیارە لە دایکیش میهرەبانتر پەیدا بووە، ئەویش ئەم پیرە شەیتانەیە کە پێی دەلێن باپیرە! تفۆ لە غیرەتتان، تۆخوا ئێوەش بەشەرن!

هێشتا بەتەواوەتی بە ماڵە تازەکە ڕانەهاتبووم، کە داپیرەم و دایکم بە منداڵە ساڤالۆکەیەکەوە پەیدابوون. بەڵام باوەپیارەکەم لەبەر ئەوەی بە فێڵ و تەڵەکەبازی دەستی کرێکارانی بڕی بوو، لە کارەکەی دەرکرابوو، بەڵام هانای بۆ کۆمەڵێک دۆست و برادەر بردبوو ولەکارێکی تازە دایان مەزراندبوو و لەوێستگەی شەمەندەفەردا بووبوو بە بلیت فرۆش.

ماوەیەکی زۆر ڕابرد، هیچ پێشهاتێکی تازە ڕووی نەدا، دیسان بۆلای دایکیان ناردمەوە، تالە ژێرزەمینە بەردینەکەدا ژیان بەسەربەرم. دایکم یەکسەر بۆ قوتابخانەی ناردم، لەیەکەم ڕۆژەوە قوتابخانەکەم لەبەرچاوکەوت. بۆ مەکتەب پێڵاوەکانی دایکم لەپێ دەکرد، پاڵتۆیەکی کورتم لەبەر دەکرد کەلە کۆنە چاکەتێکی نەنکم

بۆیان دروست کردبووم. کراسێکی زەرد و پانتۆڵێکی درێژم لەبەر بوو. هەڵبەتە منداڵەکان گاڵتەیان بە جل وبەرگەکەم دەهات، بۆیە ناویان نام ( بیلی دینار) زۆری نەبرد، لەگەڵ منداڵەکاندا دۆستایەتیم پەیدا کرد، بەڵام قەشەکە و مامۆستایەکە حەزیان لێنەدەکردم..

مامۆستایەکە، کابرایەکی ڕەنگزەردی، سەرسافی مردەلۆخ بوو، زوو زوو خوێنی لووتی بەردەبوو، بۆیە کە دەهاتە پۆلەوە هەردوو کونە کەپووی بە لۆکە ئاخنی بوو. لەپشت مێزەکەوە دادەنیشت وبە ڕاوێژێکی منگن دەرسەکەی لێدەپرسینەوە، ئەوجا لە ناوەڕاستی دەرسەکەدا دەوەستا، پەمووەکەی لە لووتی دەردێنا، تەمەشایەکی دەکرد و سەرێکی بۆ دەلەقاند. کابرایەکی دەم وچاو پانی ڕەنگ مسین بوو، لە تۆوایە ژەنگی هەڵێناوە، بەینی چرچ ولۆچەکانی ڕوخساری سەوز دەچوونەوە، چاوە چکۆلەکانی ناشیرینترین شت بوون بە ڕوخساریەوە، دەتگوت بە بێگار و زۆر نابەجێ بەدەم وچاویەوە نراون، کەبەو چاوانەوە تەمەشای دەکردم دڵم تێکهەڵدەهات، دەمویست دەست بەرم و بە ناولەپ کاریگەری و باندۆری ئەو نیگایە لەسەر دەم و چاوم بسڕمەوە...

چەند ڕۆژی هەوەڵ، لەسەر ڕێحلەی پێشەوە، کەزۆر لە مێزەکەی مامۆستاوە نزیک بوو، دانیشتم، ڕێک لەبەرلووتی ئەودا بووم. وام هەستدەکرد جگەلەمن کەسی دی نابینێت، هەمیشە داوای لێدەکردم:

- پسکوف ( لەجیاتی پشکوف )! کراسەکەت بگۆڕە! پسکوف ئەوەندە لاق مەجولێنە! پسکو..و...وف پێڵاوەکانت بە قوڕن، ژوورەکە پیس دەکەن!

منیش خۆم شلوێ نەدەکرد و دەمدایە تان لاساری و هەرجارەی بە جۆری تۆڵەی خۆم دەکردەوە. ڕۆژێک کاڵەکێکی (گندۆرە) نیوە بەستووم پەیدا کرد، ناوەکەیم هەڵکۆڵی ودەرم هێنا، ئەوسا بە پەتێک لە ڕاڕەوە تاریکەکەدا، بە گرگرەی دەرگاکەمەوە هەڵواسی، وەختێ دەرگا کرایەوە، گندۆرەکە چوو بە ئاسمانا، کە مامۆستا دەرگاکەی داخستەوە، گندۆرەکە وەکو کڵاو بەسەر سەرە سافەکەیەوە گیرسایەوە. پاسەوانی قوتابخانەکە، بە نووسراوێکی مامۆستاوە بۆ ماڵی بردمەوەو لەسەر ئەمە لێدانێکی باشم خوارد.

جارێکی دی، بڕنووتیم ڕشانده چاوی مێزەکەیەوە، ئیدی پژمین گرتی، ئەوەنده پژمی کە ناچاربوو پۆلەکە بەجێی بێڵێت و ڕۆیی و زاواکەی کە ئەفسەر بوو، لەجیاتی خۆی نارد. کابرای ئەفسەر ناچاری کردین لەجیاتی دەرسەکە، سروودێن " خودایا تزار بپارێزە، ئازادی، ئازادی پیرۆز" چەندین جار بڵێیینەوە. هەریەکێکمان لە ئاواز و تۆنی سروودەکان دەربچوایە وهەڵەی بکردایە، ڕاستەیەکی بەسەریا دەکێشا و، دەنگێکی کۆمیدی لە ڕاستە کانزاییەکەوە بەرز دەبووەوە، بەڵام هیچ ئازارێکی نەبوو.

بەڵام مامۆستای ئاینمان قەشەیەکی شیک پۆش بوو، لە تافی لاویدا بوو، قژێکی بژ و لوولی درێژی هەبوو، ئەویش لێم بێزار بوو چونکە " کتێبی پیرۆزی تەورات و ئینجیلم " نەبوو و لە قسەکردنا لاسایی ئەوم دەکردەوە..

هەرکە دەهاتە پۆلەوە، بەرلە هەر کارێک لەمنی دەپرسی:

- ها پشکوف، کتێبەکەت کڕی یان نا؟ بەڵێ، کتێبەکە؟

من وەڵامم دایەوە:- نەخێر، نەم کریوە. بەڵێ.

- مەبەستت لەم " بەڵێ " یە چییە؟

- نەخێر.

- هەستە بۆماڵەوە! بەڵێ بۆ ماڵەوە! حەزناکەم دەرس بەتۆ بڵێمەوە. بەڵێ حەزناکەم.

هەڵبەتە دەرکردنەکەم زۆر لا ناخۆش نەبوو، لە قوتابخانە وەدەردەکەوتم، بەناو کوچە وکۆڵانە پیسەکان دەکەوتم، تەمەشای ژیانی پڕ هەراو هەنگامەی خەڵکیم دەکرد، خۆم دەخافلاند تا دەوامی قوتابخانە تەواو دەبوو.

یارۆی کەشیش، سەروسیمایەکی زۆر جوانی هەبوو، ڕێک لە مەسیح دەچوو. دوو چاوی جوانی ژنانەی هەبوو. دەستەکانی بچووک لەدەستی منداڵ دەچوون، دەستی دەدایە هەر شتێک، ئیدی کتێب بوایە، ڕاستە بوایە، قەڵەم بوایە، ئەوندە بە پارێزەوە دەستی دەدایە وەکو ئەوەی ئەو شتە بوونەوەرێکی زندوو بێت و نەبادا ئازاری بگاتێ. ئەوەندەی مدارای ئەو شتانەی دەکرد، ئەوەندە مدارای منداڵەکانی نەدەکرد، منداڵەکان وێڕای ئەوەش خۆشیان دەویست... هەرچەندە لە وانەکانما باش بووم، نمرەکانم خراپ نەبوون، بەڵام هەرزوو ئاگادار کرامەوە، کەلەبەر ڕەفتار و هەڵسووکەوتی ناشایستەم لە قوتابخانە دەرم دەکەن. ئەمەم زۆر لەبەر

گران بوو، چونکە ئاقیبەتی خێر نەدەبوو، زۆرم لەسەر دەکەوت، بە تایبەتی کە دایکم ڕۆژبەڕۆژ، پتر تووڕە دەبوو، لەجاران زیاتری لێدەدام.

بەڵام لە ناکاوا کەسێک پەیدا بوو ولەو تەنگەژەیەی قوتارکردم. ڕۆژێک، کریستانسی قەشەباشی، سەری قوتابخانەکەی داین ، ( کریستانسی قەشەباشی، خاوەنی دانراوە سێ بەرگییەکەی " ئاینەکانی دنیای کۆن " و هەر دوو گوتاری " دۆنایدۆنی روحانی میسری " و " ژن و شوو کردن " . ئەم وتارەی دواییان، کەلە گەنجیا خوێندبوومەوە زۆر کاری تێکردم. وابزانم ناونیشانەکەیم بە دروستی نەقڵ نەکردووە. ئەم گوتارە لە یەکێک لە گۆڤارە ئاینییەکانی دەیەی حەوتەمی سەدەی ڕابردوو (١٨٧٠) بڵاو کراوەتەوە. م . گورکی.) ئەوەندەی لەبیرم مابێ، کابرایەکی قەموور بوو، لەجادووگەر دەچوو... وەختایەک ئەم پیاوە وردیلەیە بەخۆی و جبە ڕەشە دەڵبەکەیەوە، بەکڵاوە خڕە کۆمیدییەکەی سەریەوە، وەژوورکەوت پۆلەکە گەرم و گوڕی و جۆش و خرۆشێکی نائاسایی تێکەوت. هەرکە لەپشت مێزەکەوە دانیشت، هەردوو دەستی لە ئاسینە ( قۆڵی کراس، کەوا... ) دەڵبەکانییەوە دەرهێنا وگوتی:

- دەی منداڵینە، با هەندێ قسان بکەین!

دوای چەند کەسێکی دی، منی بانگکردە لای خۆی و بە ڕاوێژ وتۆنێکی جدی پرسی:

- تەمەنت چەندە؟ بەڕاست؟ ماشەڵڵا! بەڵام زۆر لە تەمەنی خۆت درێژتر دیاری! دیارە زۆر لەبەر باران وەستاویت!

یەکێک لە دەستە بچووکە نینۆک درێژەکانی نایەسەر مێزەکە و بەدەستەکەی دیکەی ڕدێنی خۆی گرت و چاوە میهرەبانەکانی لەسەر وسیمای من بڕی وگوتی:

- دەی، بڵێ بزانم لە کتێبی پیرۆزا چ چیرۆکێکتبەدڵە؟

کە گوتم کتێبم نییە وکتێبی پیرۆزم نەخوێندووەتەوە تا بزانم کام چیرۆکە خۆشە، کڵاوەکەی لە سەری ڕێکخستەوەو گوتی:

- باشە شتی وا چۆن دەبێت؟ دەبێ ئەو شتانە بخوێنیتەوە! بەڵام خۆ دوور نییە لە دەرێی قوتابخانە هەندێ لەو چیرۆکانەتبیستبێت یان یەکێک بۆی گێڕابیتەوە. باشە مەزمووران دەزانی؟ زۆرچاکە! ئەدی نوێژ؟ دەیزانی! زۆرچاکە ئافەرین. ئەدی ژینامە و بەسەرهاتی پیاوچاکان و

وەلییان؟ گوتت بە شیعر دەیزانی؟ کەواتە تۆ کوڕێکی خوێنەواری، زۆر شت دەزانی!

قەشەکەی خۆمان، بە هانکەهانک خۆی وەژووریدا کرد، لە شپرزەییدا، دەم وچاوی سوور داگیرسابوو. دوای ئەوەی قەشەباشی دەستخۆشی و ئافەرینی کرد، قەشەکەی خۆمان کەوتە باسکردنی من بۆی... قەشەباشی بە ئاماژەی دەست قسەکەی پێبڕی و گوتی:- بە یارمەتیت، دەقیقەیەک بوەستە...

ئەوسا ئاوڕی لای منی دایەوە و گوتی:- ئێ، دەربارەی ئەلکسی، پیاوی خودا...

وەختێ بەیتێکی شیعرەکەم لەبیر چووەوە لە خوێندنەوەی شیعرەکە وەستام گوتی:

- براڵە، ئەمە شیعرێکی جوانە، ها؟ ئەدی چی دیکە دەزانیت؟ گوتت شتێک دەربارەی داوودپاشا دەزانیت؟ زۆرچاکە دەی بیلێ با گوێمان لێبێ...

دیقەتم دا بە ڕاستی گوێ دەگرێت وحەزی لە شیعرە. ماوەیەکی زۆر گوێی لێگرتم و پاشان پرسی:

- ئەم شیعرە لە مەزموورەوە فێری بووی؟ کێ فێری کردوویت؟ بابات! چۆن پیاوێکە، میهرەبانە؟ توورە و تڕویە؟ بەڕاست؟ هەڵبەتە تۆ لاساری دەکەیت، ها؟

دەم وچاوم سوور داگیرسا، بەڵام دانم بە هەڵە و لاساری خۆمدا نا. قەشەکە و مامۆستاکە، زۆریان قسە لەبارەی لاساری منەوە کرد، قەشە باشیەکە، چاوی داخستبوو و گوێی لێیان دەگرت، ئەنجام گوتی:

- گوێت لێیە چۆن باست دەکەن؟ کوا وەرە ئێرە بزانم!

ئەوجا دەستی، کە بۆنی بخوردی لێدەهات، نایەسەر سەرم و پرسی:

- باشە بۆچی لاساری دەکەیت؟

- قوتابخانە ناخۆشە، بێزارت دەکات.

- بێزارت دەکات؟ ئەم قسەیە کەمێک هەڵەیە براڵە، وانییە کوڕی خۆم، ئەگەر قوتابخانە ناخۆشبا، تۆ قوتابیەکی تەمەڵ دەبوویت، بەڵام نمرەکانت زۆر باشن، مامۆستاکانت گەواهی دەدەن کە قوتابیەکی زیرەکیت، دیارە شتێکی دیکە سەر ودڵت دەگرێ و بێزارت دەکات.

هەنگێ، دەفتەرێکی چکۆلەی لە گیرفانی جبەکەی دەرهێنا وشتێکی تیانووسی:

- پشکوف، ئەلکسی، باشە! کوڕی خۆم واچاکە بە خۆتا بچیتەوەو تۆزێ لەم لاساریەت کەم بکەیتەوە! لاسارییەکی کەم قەیدێ ناکات، بەڵام لاساری زۆر خەڵکی بێزار دەکات! وانییە منداڵینە؟

لەناکاوا، کۆمەڵێک دەنگ بەکەڕەتێ بەرز بوونەوە:- بەڵێ، وایە!

- ئەدی ئێوە؟ خۆ ئێوە لاساری زۆر ناکەن، لاساری کەم دەکەن، ها؟

منداڵەکان پێکەنین:- نەخێر، ئێمەش لاساری دەکەین، زۆر زۆریشی دەکەین!

قەشەباشی، پشتی بە پشتی کورسییەکەوە دا و منی بەخۆیەوە گوشی و بەڕاوێژێکی هێندە سەیر ئەم قسانەی خوارەوەی کرد، نەک هەر قوتابیەکان، بەڵکو قەشەکە و مامۆستاکەش لە قاقای پێکەنینیان دا:

- کە شتێکی سەیرە، کوڕینە منیش کەلە تەمەنی ئەنگۆدا بووم زۆرزۆر بزێو بووم، لاساری دنیام دەکرد، منداڵینە بەڕای ئەنگۆ بۆچی دەبێ وابین، هۆی ئەم لاسارییە چییە؟

منداڵەکان پێدەکەنین، ئەویش لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام دەبوو وگوێی لە وەڵامە هەڤدژ و لێکدژەکانیان دەگرت و زۆر بەهاتنی شاد و خۆشحاڵ بووین. بەڵام ئەنجام هەستا وگوتی:

- لاسارینە، هەرچەندە دانیشتن لەگەڵ ئەنگۆدا خۆشە، بەڵام درەنگمە ودەبێ بڕۆم.

دەستی هەڵبڕی، ئاسینە پانەکەی هەڵکرد، نیشانەی خاچی بەسەر هەموو پۆلەکەدا کێشا و دوعای خێری بۆ هەموان کرد وگوتی:

- بە ناوی باب وکوڕ وڕۆحی پیرۆزەوە، دوعای خێر بۆ هەمووتان دەکەم، تەمەن درێژ بن، خودا هیدایەتتان بدات، خێر بێتە ڕێگاتان! دەی بە دوعا لە هەموو لایەک.

منداڵەکان بەیەکدەنگ هاواریان کرد:- بە دوعا، زوو سەرمان لێبدەوە.

کڵاوەکەی داگرت، بۆی تەکان دان:

- خەمتان نەبێ دێمەوە، سەرتان دەدەمەوەو هەندێ کتێبانتان بۆ دێنم!

ئەوسا، ئاوڕێکی لە مامۆستاکەمان دایەوە وگوتی:

- مەرەخەسیان بکە بابۆ ماڵ بڕۆنەوە!

دەستی گرتم و بۆ ڕاڕەوەکەی بردم. لەوێ بەسەرما داهاتەوە و لەبن لێوانەوە گوتی:- بەڵێنم بدەیە کە تۆزێ هێور ببیەوە، بەڵێنم دەدەیە؟! هەڵبەتە من دەزانم بۆچی ئەو هەموو لاسارییە دەکەیت! ئێ براله خوداحافیز!

تەواو هەڵچووبووم، هەستێکی نامۆ لە ناخمەوە هەڵدەقولا، تەنانەت کاتێ مامۆستا قوتابییەکانی مەرەخەس کرد ومنی لە دوای دەرسەکە بە تەنیا گلدایەوەو کەوتە ئامۆژگاری کردنم کەدەبێ لەمەودوا ببم بە ماستی مەیو و مەڕی پێغەمبەر. بەوپەڕی خاکەڕاییەوە گوێم لە ئامۆژگارییەکانی گرت.

کەشیشەی خۆمانیش، بەدەم لەبەر کردنی پاڵتۆکەیەوە پێی گوتم:

- لەئێستا بەدواوە دەبێ بێیتە دەرسی منەوە. ئا، دەبێ بێیت... بەڵام دەبێ بە ئاقڵی دانیشیت! باشە، بە ئاقڵی!

کاروباری قوتابخانەم چاک بوو، بەڵام لەماڵەوە، پێشهاتێکی دزێو وخراپم هاتەڕێ... بەبێ ئەوەی هیچ نیازێکی خراپم هەبێت، ڕۆبڵێکم لە دایکم دزی..

ئێوارەیەک دایکم بە کارێک لە ماڵ وەدەرکەوت، منی بە تەنیا، لە ماڵەوەو بەدیار منداڵەکەیەوە بەجێهێشت. بێتاقەت بووم، دەستم دایە کتێبێک، یەکێک بوو لە کتێبەکانی باوەپیارەکەم، بەناونیشانی " یادگارییەکانی پزیشکێک "نووسینی دومای باوک، کتێبەکەم کردەوە، لە دوو توێی کتێبەکەدا دوو ئەسکەناسم بەدی کرد، یەکێکیان یەک ڕۆبڵی بوو و دەووەمین دە ڕۆبڵی. هیچ لە کتێبەکە حاڵی نەبووم، بەڵام کە کتێبەکەم داخستەوە، یەکسەر بیرۆکەیەکی کوت وپڕم بە مێشکا هات کە دەتوانم بەو تاقە ڕۆبڵە نەک هەر " کتێبی پیرۆز " بەڵکو " روبنسون کرۆزۆ "ش بکڕم، کەچەند ڕۆژێک لەوەێش، ناویم بەرگوێ کەوتبوو. ڕۆژێکی سەرما وسۆڵە بوو، لەیەکێک لە پشووەکانا حیکایەتێکم بۆ منداڵەکان دەگێڕایەوە، لە ناکاوا یەکێک لە

منداڵەکان بە تانووتەوە حیکایەتەکەی پێ بڕیم وگوتی: " جا ئەمە چییە، هەمووی خەیاڵ و درۆیە، بەکەڵکی هیچ نایەت، بڕۆ ڕۆبنسون کرۆزۆ بخوێنەوە، کە چیرۆکێکی ڕاستەقینە و واقیعییە! ئەوە چیرۆکە! "

چەند کوڕێکی دیکەش "ڕۆبنسون کرۆزۆ" یان خوێندبووەوە و زۆریان تاریف کرد، زۆرم پێناخۆش بوو، کە حیکایەتەکەی نەنکم بەدڵی ئەوان نەبوو و گاڵتەیان پێهات. بۆیە لەوساتەوە لێبڕام، " ڕۆبنسون کرۆزۆ " بخوێنمەوەو، تا هەرکە لە خوێندنەوەی بوومەوە، تۆڵەی خۆمیان لێبکەمەوە و بە تانووتەوە بڵێم کە چیرۆکێکی هیچ و بێکەڵکە.

سبەی بۆ قوتابخانە چووم. کتێبی پیرۆزو دووبەرگی چکۆلەی چیرۆکە فۆلکلورییەکانی هانس ئەندرسن و یەک دوو نانی سپی و باسترمەیەکم لەگەڵ خۆدا برد، لە کتێبفرۆشیە چکۆلە تاریکەکەی سووچەکەی نزیکی کڵێسای فلادیمیریسکایادا، نوسخەیەکی رۆبنسون کرۆزۆم پەیدا کرد، کتێبێکی چکۆلەی تەنکی بەرگ زەرد بوو، وێنەی پیاوێکی ڕیشنی شەپقە بەسەر، کە کەوڵە حەیوانێکی دابوو بە شانیا، لەژێر سەرناڤی چیرۆکەکەوە کێشرابوو. هیچ بە دڵم

نەبوو، بەپێچەوانەوە نەقڵ و نەزیلەکانی ئەندرسنم، هەرچەندە دیزاین و بەرگەکانیان جوان نەبوون، پێ پەسندتر بوون.

لەکاتی پشووی گەورەدا، باسترمە و نانەکانم بەسەر منداڵەکاندا دابەشکرد و پێکڤە دەستمان بە خوێندنەوەی حیکایەتی " بولبول " کرد، ئەم حیکایەتە زۆر خۆشبوو، هەر لە یەکەم ڕستەوە، دڵبەندی کردین:

" لە چیندا هەموو خەڵکی چینین، تەنانەت تزاریش چینییە.. "

ئێستاش لەبیرمە کەچۆن ئەم ڕستەیە بە حوکمی سادەیی خۆیی و مۆسیقا دڵنەوازەکەی و هەندێ لایەنی هونەری دیکەی ئەفسوونی کردم.

لەبەر کەم وەختی نەمتوانی خوێندنەوەی حیکایەتی " بولبول " لە قوتابخانە تەواو بکەم. کە بۆ ماڵ گەڕامەوە، سەیرم کرد دایکم لەبەر ئاگردانەکەدا وەستاوە، تاوەیەکی بە دەستەوەیە وخەریکە هێلکە وڕۆن دەکات، بە ڕاوێژێکی سەیر ودەنگێکی گیراو گوتی:- تۆ ئەو ڕۆبڵەت بردووە؟

- بەڵێ، ئەم کتێبانەم..

تاهێز لە بازوویدا بوو، تاوەکەی پێدا کێشام. ئەوسا چیرۆکەکانی لێسەندم و بۆ هەتا هەتایە لێی شاردمەوەو جارێکی دی چاوم پێیان نەکەوتەوە... دیارە ئەم سزایە، زۆر لە لێدانەکە ناخۆشتر و بە ئازارتر بوو.

چەند ڕۆژێک بۆ قوتابخانە نەچوومەوە... دیاربوو باوەپیاڕەکەم لە کارخانەدا باسی ئەو کارەی منی بۆ خەڵکانێکی ئەوەێندەر کردبوو، ئەوانیش لە ماڵی خۆیانا بۆ منداڵەکانی خۆیان گێڕابووەوە، ئیدی یەکێک لەو منداڵانە حاڵ وحیکایەتەکەی لە قوتابخانە گێڕابووەوە، بۆیە کە چوومەوە بۆ قوتابخانە، منداڵەکان بە نازناوێکی تازە، بەنازناوی " دز " پێشوازیان لێکردم. نازناوێکی کورت و خویا بوو، بەڵام نادروست بوو. چونکە من حاشام لە بردنی ڕۆبڵەکە نەکردبوو. بەڵام کە ویستم حاڵ و حیکایەتەکەیان بۆ ڕوون بکەمەوە، کەس باوەڕی پێنەکردم. ئیدی بۆ ماڵ چوومەوە، بە دایکم گوت کە ئیدی بۆ قوتابخانە ناچم..

دایکم دیسان دووگیان بوو، لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو و خواردنی بە ساشای برام دەدا، ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕابوو،

ئاوڕێکی لێدامەوەو چاوە ماندووەکانی، کەلە چاوی شێتان دەچوون تێبڕیم و زاری وەکو دەمی ماسی کردەوەو بە ئەسپایی گوتی:

- تۆ درۆ دەکەی، مەحاڵە کەس بەوەی زانیبێ کە تۆ ئەو ڕۆبڵەت دزیوە.

- باشە، بڕۆ پرسیار بکە.

- دیارە خۆت باستکردووە؟ ڕاستم پێ بڵێ خۆت باست نەکردووە؟بەڵام درۆم لەگەڵ نەکەیت. سبەی دەچم بۆ قوتابخانە تا بزانم کێ ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوەو گەیاندوویەتیە قوتابخانە.

ناوی قوتابیەکەم پێگوت، دەم وچاوی دایکم سوور داگیرسا، نێوچاوانی گرژ بوو، ڕوندک بە ڕوخساریدا هاتەخوارێ..

چووم بۆ مووبەقەکە، چوومە پشت موغەیرییەکە، لەسەر ئەو تەختەی کەلەداری هەندێک سەندووقە شکاوان بۆی دروستکردبووم پاڵکەوتم. گوێم لە دەنگی دایکم بوو کە بە داخ وکەسەرەوە، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە، دەگریا و گلەیی لەبەختی خۆی دەکرد:

- ئاه، خودایا! خودایا! خودایە بە قوربانی بەشت بم، خودایە ڕازیم بە ڕەزات!..

ئەو پەڕۆشڕ وجلەکۆنە چەورانەی بۆ منی ڕاخستبوون، لەبەر گەرمای موغەیرییەکە، گەرم ڕاهاتن، بۆنێکی هێندە ناخۆشیان لێ بەرز بووەوە، کەلە تەحەمولا نەما، هەر هەستام وبۆناو حەوشەکە چووم. لێ دایکم بانگی کردم:

- بۆ کوێ دەڕۆیت؟ وەرە بۆلای من!

پێکەوە لە ناو ژوورەکە ولەسەر ئەرزی دانیشتین. ساشا، لەباوەشی دایکمدا دانیشتبوو، دەستی بە دوگمەکانی کراسەکەی دایکما دێنا و بە زمانی منداڵانەی خۆی لە جیاتی بڵێ " دوگمە " دەیگوت " دمگە " . خۆم بە دایکمەوە چەسپاند، دایکم باسکی لە ملم وەرێنا وگوتی:- ئێمە هەژار ونەبووین. هەر کۆپیکێک... هەر کۆپیکێک بۆمە...

بە باسکە گەرمەکانی بەخۆوەی گوشیم، نەیتوانی گوزارشت لەو مەبەستە بکات کە دەیویست بیڵێت..

لەناکاوا بۆڵاندی، وشەیەکی دووبارە کردەوە کەزۆر جاری دی لێم بیستبوو:

- هەی کۆڤی ( کێوی ) ! ئەمە تۆ چ کۆڤیەکی!

ساشا، ویستی لاسایی ئەو بکاتەوە، گوتی:- ڤی!

منداڵێکی سەیر بوو. سەرزل، گێلۆکە، چاوە شینەکانی زۆر جوان و ئەفسووناوی بوون، دەیانڕوانییە هەموو شتەکانی دەوروبەری، هەمیشە بزەیەکی ناسک بەسەر لێوییەوە بوو، لەتۆ وایە پێشبینی شتێک دەکات. زۆر زوو زمانی گرت. هەرگیز نەدەگریا، دایمە کەیف ساز وبەدەماخ و سەرحاڵ بوو. زۆر لاواز بوو، بەزەحمەت بەسەر ئەرزەکەدا گاگۆڵکەی دەکرد. کە منی دەبینی، بۆم دەگرژییەوەو دەگەشایەوە، دەستە بچووکەکانی بۆ درێژ دەکردم، دەهاتە باوەشم، بە قامکە نەرم و ناسکەکانی یاری بە گوێچکەکانم دەکرد، نازانم بۆچی دەستەکانی بۆنی وەنەوشەیان لێدەهات. ئەم منداڵە لە ناکاوا، بە بێئەوەی نەخۆش بکەوێ، گزوگومەت مرد. ئەو ڕۆژە وەکو هەموو ڕۆژانی دی بەدەماخ و سەرحاڵ بوو، عەلەمی لێنەبوو... بەڵام ئێوارە، لەکاتی نوێژی شێواندا، کە زەنگی کڵێساکە کەوتە لێدان و وەختی نوێژی ڕاگەیاند، ئەو لەخۆوە مرد. دوای لە دایکبوونی منداڵی دووەم کە نیکولای ناوبوو، بەماوەیەکی زۆر کەم مرد.

دایکم، بەڵێنەکەی خۆی، کە قەرار بوو سەری قوتابخانەکەی من بدات... بردەسەر. دووبارە چوومەوە قوتابخانە ودەوامی خۆم دەکرد. بەڵام دووبارە ناچار بووم بچمەوە لای بابام و لەگەڵ ئەودا بژیم.

ئێوارەیەک، کەلە حەوشەوە خۆم بە مووبەقەکەدا کرد، گوێم لە دایکم بوو کە بە ڕاوێژێکی مەزڵوومانە هاواریدەکرد:- یەڤگینی، یەڤگینی، مەڕۆ، تکات لێدەکەم!

مێردەکەی بەرسڤی دایەوە:- قسەی بەلاش و بێمانا!

- ئاخر من دەزانم بۆلای ئەو ژنە!..

- ئێ چییە، بابچم چی تیایە؟

هەردووکیان بۆ چەند خولەکێک بێدەنگ بوون، ئەوجا دایکم لەنێوان دوو نۆرە کۆکەدا گوتی:- کەپیاوێکی جلف و هیچ و پووچی!

گوێم لێبوو کە باوەپیارەکەم لە دایکمی دا. بەهەشتاو خۆم بە ژوورەکەدا کرد، سەیرم کرد دایکم کەوتووەتە سەرچۆکان، پشتی و هەر دوو بازووی ناوە بە یەکێک لە کورسیەکانەوە، سەری بە پشتا خوار بووەتەوەو سینگی دەرپەڕیوەو دەناڵێنێ

و چاوەکانی بە شێوەیەکی ترسناک ونائاسایی دەدرەوشێنەوە. باوەپیارەکەم (ماکسیموف) جلکی پاک و نوێی لەبەر کردبوو، خۆی لە تەل دابوو، بە لاقە درێژەکەی شەقی لە سینگ و بەرۆکی دایکم هەڵدەدا. کێردێکی تیژی دەسک زیونیشان لەسەر مێزەکە بوو- ئەمە تاقە یادگاری بابم بوو لەلای دایکم مابوو – پڕم دایە و، تا هێز لە بازوومدا بوو، بۆ کەلەکەیم داوەشاند. خۆشبەختانە، دایکم زوو فریاکەوتو ماکسیموفی دوور خستەوە. چەقۆکە تەنیا چاکەتەکەی گرت و تلیشێکی گەورەی تێکرد و بە ئاستەم پێستەکەی ڕوشاند. زڕبابەکەم ناڵەیەکی بەرزی کرد، دەستی بە خالیگەیەوە گرت و بەغاردان لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

دایکم پڕی دامێ و قیژەیەکی توندی کرد و بە ئەرزەکەیدا دام، زڕ بابەکەم، کەلە حەوشەوە گەڕابووەوە، فریام کەوت، بەگوێ پچڕپچڕ لە ژێر دەستیا دەری هێنام.

درەنگانێکی ئەو شەوە، زڕبابەکەم وێڕای ئەو هەموو پێشهاتەش چووبووە دەرێ، دایکم هاتە پشت

موغەیرییەکەوەو، بە سۆزێکی دایکانەوە باوەشی پێداکردم، بەدەم گریانەوە ماچی کردم وگوتی:

- بمبورە گیانەکەم، غەدرم لێکردیت! ئاخر چۆن دەبێ کاری وا بکەیت؟ بە هیچیش نا، بەچەقۆ!

لە کانگای دڵەوەو بەتەواوی هۆشیارییەوە سوێندم خوارد کە مێردەکەی دایکم دەکوژم و پاشان خۆشم دەکوژم. بەخەیاڵ ئەو کارەم دەکرد، ئەگەر بۆشم نەلوابا، هەر هەوڵی خۆم دەدا. تاکو ئەمڕۆکەش ئەو لاقە درێژ ودزێوەم لەبەرچاوە، کەبە حەواوە بەرز کرابووەوەو دادەهاتەوە تابە نووکە شەق، سینگ و بەرۆکی ژنێکی بێ دەسەڵات دابگرێتەوە.

وەختایەک ئەو ڕیسواییە قیزەونانەی ژیانی هۆڤیانەی ڕووسی وەیاد خۆم دێنمەوە، هەندێجار لە دڵی خۆدا دەپرسم: ئایا ئەو شتانە ئەوە دێنن پیاو باسیان بکات... دوای ڕامان و بیرکردنەوەیەکی زۆر، بەرسڤی خۆم دەدەمەوەو بە دڵنیاییەوە دەڵێم: ئەرێ ئەوە دێنن و ئەولاتریش، چونکە ئەمە حەقیقەتێکی قیزەون و دزێوە، کە تاکو ئەمڕۆش، ڕیشەکێش نەکراوە وهەرماوە. ئەمە

حەقیقەتێکە دەبێ بچیە بنج وبناوانی، ڕەگ وڕیشەی بدۆزیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕەگەوە، لە ژیانی خەمین و نەنگینی خۆمانا هەڵیکێشین و بنبڕی بکەین... لەناخ و یادگەی ئینسانی بسڕینەوە...

هەڵبەتە، هۆیەکی دیکەی قەناعەت بەخشتر هەیە، کە وادارم دەکات باسی ئەو دیاردە قیزەون و دزێوانە بکەم. هەرچەند ئەم شتانە زۆر قیزەونن، نەنگینن، زۆر کەسیان زووخاوە سک کردووە، گەیاندویاننە شەرای مەرگ، روحیان لەوتاندوون، بەڵام، میللەتی ڕووس، هێشتا خەڵکانێکی چاکبیر ودڵسۆز و روح ئەنگێزی وەهایان تێدایە، بەگژ ئەو شتانەدا بچن و بنبڕی بکەن و دڵنیام دەیکەن. ( گورکی لەساڵی ١٩١٣ دا لە ئیتاڵیا ئەم کتێبەی نووسیوە.)

ژیانی مە سەیرە، عەنتیکەیە، نەک لەبەر ئەوەی لە زەمینەیەکی بەپیتی حەیوانیەتدا ڕسکاوە، لە حەیوانیەتدا نقوومە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەهەموو ئەو حاڵەشەوە، پڕە لە هێزی داهێنان و ڕۆحی پاک و کەڵکەڵەی مرۆڤدۆستی، کە ژێراوژێر چەکەرە دەکات و بەرەبەرە سەر دەردێنێ و شکۆفە دەکات، کەئەمە خۆی لە خۆیدا جێگەی ئومێدە و مژدەی

ئەوەمان دەداتێ کە گەل ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕادەپەڕێ و ژیانێکی تەژی جوانی و، ڕۆشن بە مرۆڤدۆستی فەراهەم دەکات.

## فەسڵی ( ١٣ )

دیسان لەماڵی بابە گەورەمم.

خێرهانینی کردم، بە قامکان کەوتە لێدانی مێزەکە، بەتووڕەیی گوتی:

- ها لەگام، بۆچی هاتوویت! دەی باشە، من لەمڕۆ بەدواوە بەخێوت ناکەم، نان و ئاوت نادەمێ. با نەنکت خەمت بخوات.

نەنکم گوتی:- هەڵبەتە خەرجی دەکێشم! بەخێو کردنی بستەمنداڵێک زەحمەتە؟

بابام هاواریکرد:- دەی بیبەلای خۆت.

هەر زوو هێور بووەوەو بە ئارامی پێی گوتم:

- من وداپیرەت ماڵمان جیا کردووەتەوە، هەموو شتەکانمان دابەش کردووە، هەرکەسە و شتی خۆی..

نەنکم لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو، خێراخێرا گوڵدۆزی دەکرد، بەکرەی دەزووەکانی، زۆر بە جوانی بەسەر باڵنجەکەی بەردەستیا، کە یەکپارچە دەرزی دەنبوس بوو دەخولانەوە، ئەو دەرزی دەنبوسانەی لە باڵنجەکەی دابوون، وەکو ژیژکی زێڕین لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەورینجانەوە. نەنکیشم کە دەتگوت لە برۆنزیان دارشتووە، وەکو خۆی مابۆوە، هیچ نەگۆڕابوو. لێ بابام لەچاو جارانا، زۆر لاواز بووبوو، پێستی بەسەر ئێسکییەوە وشک بووبوو، قژە سوورەکەی سپی بووبوو، هەڵس وکەوتی تەواو گۆڕابوو، ئەو ویقار و ئارامیەی جارانی نەمابوو، زۆر شپرزە و شەپڕێو، چاوە سەوزەکانی، نیگەرانیان لێدەباری، بە گومانەوە سەیری هەموو شتێکی دەکرد. نەنکم بە پێکەنینەوە، باسی دابەشکردنی سەروەت و سامانەکەی بەسەرخۆی و بابامدا، بۆ گێڕامەوە. بابام، هەرچی قاپ قاچاغ و هیربار وئامان وکاسە وکەوچک و گۆزە ودێزە هەبوو دابووی بەنەنکم و گوتبووی:

- هەموو ئەمانە بۆ تۆ، ئیدی داوای هیچم لێنەکەی ها!

ئیدی هەرچی کەل وپەل وجلەکۆنی نەنکم، بە پاڵتۆ کەوڵە ڕێویەکەشیەوە، لەماڵەکەدا هەبوو، هەرهەمووی کۆ کردبووەوەو هەمووی بە حەوت سەد ڕۆبڵ فرۆشتبوو، پارەکەی بە سوو دابوو بە عەڕابەکەی خۆی، ئەم پیاوە جوولەکە بوو و، بووبوو بە مەسیحی، میوەفرۆش بوو. بەهەرحاڵ بابام تووشی نەخۆشی چاوچنۆکی و ئاڵچاخی بوو، بەجارێ شەرم و حەیای نایە لاوە، بۆلای ئەو کۆنە ناسیاو و ئاشنایانەی، کە زەمانێ لە دایەرەی پیشەوەران دا، بەرخورد ومامەڵەیان پێکەوە هەبوو، دەچوو. سەری بە ماڵی بازرگانە دەوڵەمەندەکاندا دەکرد و گلەیی دەکرد کە کوڕەکانی خستویانەتە سەر ساجی عەلی و گسکیان لە دارو نەداری داوەو ئەشتەبای خوای نەماوەو داوای کۆمەک وپارەی لێدەکردن، ئەوانیش ڕێزی پایە و پێگەی جارانیان دەگرت و پارەیەکی باشیان دەدایێ. هەنگێ بۆ ماڵ دەهاتەوەو هەندێک لەو ئەسکەناسانەی لە دوورەوە نیشانی نەنکم دەداو بەخۆوە دەفشی و وەکو منداڵ تانوتی لە داپیرەم دەدا ودەیگوت:

- ئەمە دەبینی، گێلە ژن؟ خۆشت بکوژی، کەس ئامادە نییە نەک ئەوەندە، بەڵکو دە یەکی ئەمەشت بداتێ.

بابام، ئەو پارەیەی کە کۆی کردبۆوە، بە سوو دا بە خوشک و برایەک کە تازە ناسیاوی لەگەڵیان پەیدا کردبوو، ئەم کابرایە کە بازرگانی فەروو بوو، یەکێکی درێژ داهۆڵی، سەر ڕووتاوە بوو، بە " قامچی " ناوی ڕۆیی بوو، خوشکەکەی دووکاندار بوو، ژنێکی قەڵەوی، دەم وچاو سووری، چاوڕەشی، شل وشیرین، عەینی دۆشاو وابوو.

هەموو شتێک لە ماڵی مەدا، بەسەر دوودا دابەش دەکرا، ڕۆژێک نەنکم لە کیسەی خۆی خواردنی ئامادە دەکرد، ڕۆژێ بابام لە کیسەی خۆی نان و ئازووقەی دەکڕی. هەر ڕۆژێ نۆرەی بابام بوایە، خواردنەکەمان خراپ بوو. نەنکم گۆشتی باشی دەکڕی، بەڵام بابام سیپەلاک وجەرگ وناوی بەرخی دەکڕی. شەکر وچایان بەجیابوو، هەرکەسە وبەجیا چای بۆخۆی لێدەنا، بەڵام هەردووکیان لە هەمان قۆریدا لێیان دەنا. بابام بە دڵتەنگی دەیگوت:- ڕاوەستە با بزانم... چەندت چا تێکرد؟

تۆ چایەکەی دەخستە ناو دەستیەوەو بە وردی دەیژمارد ودەیگوت:

- ئەو چایەی تۆ دەیکڕیت، لەوەی من وردترە- دەبێ من تۆ چای کەمتر لە چاپەستەکە بکەم، چونکە چایەکەی من درشت ترە و باشتر ڕەنگدەداتەوە. یانی دەبێ تۆ چای زیاتر بکەیە قۆرییەکەوە.

زۆر بەوردی چاودێری نەنکمی دەکرد تا نەبادا نەنکم چایەکی کەم ڕەنگتر لە چایەکەی خۆی بۆ ئەو دابکات، یان پیاڵەیەکی زیاتر لەو بۆخۆی تێبکات.

نەنکم پێش ئەوەی دوا پیاڵە تێبکات، دەیپرسی:

- چ دەڵێیت، دوا پیاڵە بخۆینەوە؟

بابام تەمەشایەکی ناو قۆرییەکەی دەکرد ودەیگوت:

- دەی باشە، ئەمە دوا پیاڵەیە!

تەنانەت زەیتی چراکەی دیار ئیکۆنەکانیشیان – دوای پەنجا ساڵ هەڤژینی – بەجیا دەکڕی!

ئەم کارانەی بابامم بەلاوە هەم کۆمیدی بوو هەم قیزەون، لێ نەنکم تەنیا پێدەکەنی، دڵی منی دەدایەوەودەیگوت:

- تۆ گوێی مەدەیە! قەی چ دەکات؟ پیر بووە، زۆر پیر بووە، نزیکەی هەشتا ساڵ بووەتەوە. هەشتا ساڵ یەجگار زۆرە! چ دەکا با بیکات، زەرەری بۆکەس نییە. خەمت نەبێ، هەرچۆنێ بێ پارووە نانێک بۆ خۆم و خۆت پەیدا دەکەم!

منیش وردە وردە کەوتمە پارە پەیدا کردن. ڕۆژانی پشووی یەک شەممان، سپێدە زوو، کیسەیەکم بە شانا دەدا و شەقام و مەیدانەکانم دەدایە ژێر پێیان وئێسقان و پەڕۆ شڕو بزمار وکاغەز وماغەزم کۆ دەکردەوە، کۆنەکڕان، ئەو شتانەیان لێدەکڕین، هەر پودێک (پود: دەکاتە شازدە کیلۆ ونیو) پەڕۆ کۆنە وکاغەزە شڕو ئاسنە شکاویان بە بیست کوپیکان لێدەکڕین، بەڵام سەبارەت بە ئێسکان، هەر پودێکیان بە هەشت تا دە کوپیکان لێدەکڕین. پاشان بە درێژایی ڕۆژانی هەفتە، کەلە قوتابخانە بەردەبووم، لە ڕێگاوبان وکۆڵانان ئەو کۆنە پەڕۆ وئێسک و خوردەواتانەم کۆ دەکردەوەو هەموو ڕۆژێکی شەممە سی تا پەنجا کۆپیکم پەیدا دەکرد، خۆ ئەگەر هەفتەیەک شانسم هەبوایە و بەختم یار بوایە زیاتریشم دەست دەکەوت.

نەنکم پارەکەی لێوەردەگرتم، دەیخستە گیرفانی تەنوورەکەیەوەو چاوەکانی دتروکاندن و دەکەوتە ستایش وئافەرینم:

- سوپاس کەڤۆکە چکۆلەکەم! ئافەرین! نەمن و نەتۆ، هەرگیز برسی نابین، دەستی ماندوو لە سەر سکی تێرە، وانییە؟

ڕۆژێک چووم بە سەریا، دیتم چەند کوپیکێکی لەناو دەستی ناوە، تەمەشایان دەکات وبەکرِی بە دیاریانەوە دەگری، دلۆپە ڕوندکێکی پرشنگدار، بەسەری کەپوویەوە کە عەینی ئیسفەنج یەکپارچە کونیلە بوو، هەڵواسرابوو..

بەڵام دیقەتم دا، قازانج و دەستکەوتی کۆنەفرۆشی، لەچاو دزینی دار وتەختەدا زۆر کەمە. عەمارێکی داروتەختە لە ڕەخی ڕوباری ئوکایان لە دورگەی ( لمان ) هەبوو، دەتوانرا بە ئاسانی دارو تەختەی لێ بدزرێ. ساڵانە لەوێندەر، بازارِی ئاسنفرۆشی دەکرایەوە، فرۆشیاران، بە پەلە سەروکەپریان بە دار وتەختە وحەسیران قوت دەکردەوە و ئاسن و ئاسنەواڵەیان تیا دەفرۆشت، کە بازاڕەکە تەواو دەبوو، کەپرەکان تێک دەدران وداروتەختەکان، هەر لەوێندەر، لە دورگەکەدا، کۆ دەکرانەوەو دەخرانە سەریەک

وعەمار دەکران. ئیدی ئەم داروتەختانە تا هەستانی بەهارەی ئاوی ڕووبارەکە لە دوڕگەی ناڤبری دەمانەوە. ئیدی خاوەن ماڵان، لە هەنبەر هەر تەختەیەکی باشدا، دە کوپیکیان دەداینێ، دەمانتوانی لە ڕۆژێکا دوو – سێ تەختە بدزین. بەڵام دزییەکە هەلومەرجی خۆی هەبوو، هەموو کاتێک نەدەکرا، دەبوایە لە ڕۆژانی هەور وباران و لافاو و سەرمادا بکرایە و پاسەوانەکان، بە دەرەوە نەبوونایە.

ئیدی من لەگەڵ دەستە کوڕێکی خۆشی هاوتەمەنی خۆمدا کارم دەکرد، یەکێک لەوانە سانکافیاخیر بوو کە پێیان دەگوت کەڤۆک، تەمەنی دە ساڵان بوو، کوڕی ژنێکی گەدای خەڵکی مردوڤیا بوو، کوڕێکی سەلار و هێمن و لەسەرخۆ، خۆشخوو، تەبیعەت جوان بوو، یەکێکی دیکەی گروپەکەمان کوستروما ناوێک بوو، ئەم کوڕە سێوی(هەتیو) بوو، نە داکی هەبوو نە باب، کوڕێکی لاواز، هەڵەشە وشپرزە، چاوڕەشی چاو درشت، قژلول بوو... لە تەمەنی سیازە ساڵیدا، لەسەر دزینی دوو کۆتران، خرایە زندانی چاکسازی لاوانەوەو لەوێ خۆی خنکاند. کوڕێکی دیکەی تاتاریمان لەگەڵدا بوو، ناوی خابی بوو، تەمەنی دوازدە ساڵان بوو، هەرچەندە بزێو و لاسار بوو، بەڵام سادە و میهرەبانیش بوو، کوڕێکی دیکەمان

ناوی " یاز " ە لووت پیس بوو، ئەم کوڕە تەمەنی هەشت ساڵان بوو، وەکو ماسی بێدەنگ بوو، دەردە باریکەی (سیل) بوو. بابی گۆڕ هەڵکەن وزێوانی گۆڕستان بوو. کوڕێکی دیکەمان لەگەڵ بوو کەلە هەموومان گەورەتر بوو، " گریشکا چورکا "ی ناو بوو، کوڕی بێوەژنێکی خەیات بوو. کوڕێکی ئاقڵ وبە ئینساف بوو. زۆری حەز لە شەڕ و مستانێ بوو. ئێمە هەموومان خەڵکی یەک کۆڵان بووین.

لەگەڕەکی مەدا دزی بە تاوان نەدەژمێردرا، چونکە کارێکی ئاسایی بوو و زۆربەی خەڵکە زۆر هەژار ونیمچە بریسیەکانی گەڕەک لەو ڕێگایەوە قووتی خۆیان پەیدا دەکرد. بازاڕە ساڵانەکەی کە باسمانکرد، تەنیا چل وپێنج ڕۆژ دەوامی دەکردو دەرامەتی ئەم ماوە کەمە بژێوی یەک ساڵی زامن نەدەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادە بەڕێزەکان، سووکە دەرامەتێکی لاوەکییان لە ڕووبارەکە پەیدا دەکرد، یانی ئەو دار و تەختانەیان دەگرتەوە و دەفرۆشت کە لافاو و لەهی ڕوبارەکە لەگەڵ خۆیدا ڕایدەماڵی، یان شتیان بە بەلەم و لۆتکان دەگواستەوە... بەڵام زیاتر پشتیان بە دزی دەبەست.. ئیدی بە شێوەیەکی گشتی، دەکەوتنە قەراخی ڕوبارێن ڤولگا و ئوکا و

هەرشتێکی بۆ خێویان چنگ بکەوتبایە، دەیانقۆزتەوە. ڕۆژانی پشوو و جەژنی یەک شەممان، گەورەکان دادەنیشتن و بە شانازییەوە باسی دزی و ڕاو وڕووت و چەپا و دەستکەوتی خۆیان لەو ڕێگایەوە دەکرد، منداڵانیش گوێیان لێدەگرتن و لێیانەوە فێر دەبوون و چاویان لەوان دەکرد.

لە کاتی بەهارا، لە گەرمەی سەرقاڵی و ئامادەکاریا بۆ کردنەوەی ساڵانەی بازاڕەکە، کۆمەڵێک پیشەوەرو کرێکاری نەگبەت، دوای کاری ڕۆژانە، بە مەستی و سەرخۆشی بە ناو کوچە وکۆڵانەکە دەکەوتن، ئیدی منداڵانی گەڕەک، دەکەوتنە تاقیبیان، زەفەریان لێدەبینین وبەبەرچاوی خەڵکە گەورەکانەوە، کە ئەو کارەیان بەلاوە ئاسایی بوو، گیرفانیان دەبڕین.

ئیدی منداڵەکان، چەکوش وتفاقی دارتاشی، دارتاشان، ناڵی کەری خودان عەرەبانان، دەڕنەفیز وپلایسی عەرەبانچیەکان و هەرشتێکی دیکەیان بەدەست کەوتبا دەیاندزی، بەڵام گرووپەکەی مە ئەو جۆرە کارانەیان نەدەکرد..

ڕۆژێ چورکا گوتی:- من چیدی دزی ناکەم، دایکم قاییل نابێت.

" خابی " ش گوتی:- منیش دەترسم.

کوستروما، زۆر ڕقی لە دەڵە دزی بوو، وشەی " دز" ی بە قێز وبێزەوە بەکار دەبرد. خۆ ئەگەر هەندێک منداڵی دیبا کە خەریکن دزی لە بابایەکی مەست وخومار دەکەن، خێرا بۆیان دەچوو و ئەگەر یەکێکیانی دەست کەوتبا مارئەنجنێکی باشی دەکرد. ئەم کوڕیژگە خەمین و چاو گەورەیە خۆی بە کەسێکی گەورە دەزانی و هەموو ڕەفتارێکی گەورانە بوو، وەکو حەماڵان بە لارەلار ڕێی دەکرد و هەوڵی دەدا، دەنگی خۆی گڕ بکات. بە شێوەیەکی گشتی جۆرە نیگەرانی و خەمینییەکی نائاسایی و پیرانەی پێوە دیاربوو. بەڵام ڤیاخیر " کەڤۆک " ، خاترجەم بوو کە دزی گوناح و خەتایە..

بەڵام هەڵگرتنەوەی ئاڵودار ( دەستەک ) و تەختەلە دوڕگەی " لمان " جیاواز بوو، بە خەتا وگوناح نەدەژمێردرا. شتاقمان لەم کارە نەدەپرینگاینەوە، بە پێچەوانەوە، جۆرەها ڕێگەمان دەدۆزییەوە تا بە ئاسانترین شێوە ئەوکارە بکەین.

ڤیاخیر و یاز، کە شەو دادەهات ودنیا تاریک دەبوو، یان ئەگەر ڕۆژێک سارد و تەمتومان بوایە، بەناو بەفر و حەڕیان دەکەوتن و بەرەو دوڕگەکە دەیانکوتا، بە ئاشکرا دەڕۆییشتن، هەوڵیاندەدا سەرنجی پاسەوانەکان بۆ خۆیان ڕابکێشن، یانی پاسەوانەکان لە خۆیان ئاگادار بکەنەوەو بەخۆیانیانەوە مژوول بکەن، ئێمەش، هەر چوارمان، بە تاک تاک، هەر یەکەمان لە ڕێگەیەکەوە، بەبێ ئەوەی ببینرێین دەڕۆیشتین. پاسەوانەکان دوور و نزیک دەکەوتنە چاودێری یاز وڤیاخیر و بەوانەوە مژوول دەبوون و، ئێمەش لە شوێنی دیاریکراو کۆدەبووینەوەو، دار و تەختەی خۆمان هەڵدەبژراد و وەختێ هەر دوو هاوڕێ باریکەلەو قۆچاغەکانمان، پاسەوانەکانیان دەخاپاند وهەڵدەهاتن، وپاسەوانەکان دوایان دەکەوتن، ئێمە بە کاوەخۆ ڕێگەی گەڕانەوەمان دەگرتە بەر، هەریەکەمان گوریسێکمان پێبوو، سەروبزماری چەماوەمان لە شێوە قولاپدا بە سەرێکی گوریسەکانمانەوە بەستبوو، لە تەختە ودارەکانمان گیر دەکرد و بەسەر بەفر و سەهۆڵەکاندا ڕامان دەکێشا. پاسەوانەکان بەدەگمەن دەیان بینین، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت بیاندیبایین، ئەوەندە دوور دەکەوتینەوە، کە نەیاندەتوانی پێماندا بگەنەوە. وەختایەک

لە فرۆشتنی دەسکەوتەکانمان دەبووینەوە، پارەکانمان تێکەڵ دەکرد و برابەش بەسەر هەر شەشماندا دابەشمان دەکرد، هەرکەس پێنج ڕۆبڵ و هەندێجاریش حەوت ڕۆبڵمان بەردەکەوت.

ئەم پارەیە بە ئیسراحەت تێرەخۆری یەک ڕۆژی تەواوی دەکردین. بەڵام ڤیاخیر، ئەگەر ئەوەندەی پارە نەبردباوە کە دایکی بتوانێ بەشی خۆی ڤودگای پێ بکڕێت و بخواتەوە، کوتەکێکی باشی دەخوارد. کوستروما، پارەی کۆ دەکردەوە، تا لە ئایندەدا وەسایلی کۆتربازی بۆخۆی فەراهەم بکات. دایکی چورکا نەساغ بوو، بۆیە هەموو خەمێکی ئەوە بوو زۆرترین پارە لە پێناوی دایکیا پەیدا بکات. " خابی " ش پارەی کۆ دەکردەوە تا بەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەی کەلێوەی هاتبوو، کاتی خۆی مامی لە گەڵ خۆیدا بۆ نیژنی نوڤگوردی هێنابوو و خۆی هەرکە گەیی بوونە نیژنی، دوای ماوەیەکی کەم خنکابوو. خابی ناوی ئەو شارەی بیر چووبووەوە، تەنیا ئەوەندەی لەبیر مابوو، کە دەکەوێتە ڕەخی ڕوباری کامای نزیکی ڕوباری ڤولگاوە.

ئیدی نازانم بۆچی ئەم شارە خەیاڵیەمان لەلا بووبوو بە مەزەی پێکەنین و ڕابواردن، ئیدی گاڵتەمان بە یارۆی تاتاری چاو چەپ وخێل دەکرد وبە تانووتەوە ئەم گۆرانیەمان بەخۆی و شارەکەیدا دەگوت:

شارێ لە کەناری کاما

نازانم لە کوێیە، کەوتۆتە کاملا

لێرەیە، یان لەوێ

لە ئاسمانێیە یان لە ئەرزێ.

خابی، لە سەرەتاوە زۆر قەڵس دەبوو، لێمان زیز دەبوو، دەتۆرا. بەڵام ڕۆژێک، کەڤۆک، بە ڕاوێژێکی وەک گمەی کۆتران، کە لەقەبەکەی خۆی پێ حەڵاڵ بکات، پێی گوت:

- ئەرێ ئەوە چیتە، بۆچی مۆنت کردووە؟ چما ئینسان لەسەر شتی وا لە دۆست و برادەرانی خۆی زویر دەبێ؟

تاتاری چکۆلە تەریق بووەوە، بە سینگ فراوانی گلەییەکەی قەبووڵ کرد، لەوەدوا و، گوێ بە گوێی مە، ئەو گۆرانییەیدەربارەی شارەکەی ڕەخی کاما دەگوتەوە.

هەڵبەتە، وێڕای ئەوەش، هەر کۆکردنەوەی کۆنە پەڕۆ وئاسنەواڵەمان پێخۆشتر بوو لە دزینی داروتەختە. ئەوکارە زیاتر لە وەرزی بەهارا، وەختایەک بەفر دەتوایەوە و باران شەقامە سەلبەندەکان و بازاڕە چۆڵ و هۆڵەکەی دەشتەوە، زیاتر برەوی پەیدا دەکرد... لە شوێنی بازاڕەکەدا بزمار وپارچە ئاسن وئاسنەواڵەیەکی زۆرمان، بەتایبەت لە زێراب و ناو جۆگا و گۆلاوەکاندا دەدۆزییەوە.

زۆرجاریش بە ڕێکەوت دراوی مس وزیومان دەدۆزییەوە. بەڵام بۆ ئەوەی پاسەوانەکان ڕاومان نەنەن و کیسەکانمان لێنەسەنن، ناچار بووین، دەمیان چەور بکەین وهەرجارە ویەک دوو کوپیکیان بدەینێ، یان مەراییان بکەین وگونیان هەڵسەنگێنین. بەهەرحاڵ پارە پەیدا کردن کارێکی ئاسان نەبوو، نان لە قوڕگی شێرا بوو. بەڵام نان وخەمی نان کردبوومانی بە باشترین دۆست وهاوڕێ. ڕاستە هەندێجار دەمبەبۆڵەمان دەبوو، بەڵام بیرم نایە بۆ تاقە جارێکیش، لێمان بووبێ بەشەڕە مست و لێکدان.

ڤیاخیر، هەمیشە دەوری ناوبژیوانی لەنێوماندا دەبینی. هەمیشە لە کاتی پێویستدا فریا دەکەوت، بەقسەی خۆش،

سادە هەم هێوری دەکردینەوەو هەم خەجاڵەتی دەکردین. بەخۆیشی نەیدەزانی ئەو قسە بەجێیانەی چۆن بۆ دەهات. قەت لە کردەوە دزێو وکرێتەکانی یاز نەدەڕەنجا ونەدەتۆرا، هەموو کارێکی دزێوی بەبێهودە و ناپێویست دەزانی، بە شایستەی ئەوەی نەدەزانی وەڵامی بداتەوە، بەوپەڕی خوێنساردی دەیگوت:

- بۆ ئەو کارەت کرد، ئاخر فایدەی چییە؟

ئێمەش کە بیرمان دەکردەوە، دەگەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەوکارە هیچ فایدەیەکی نەبووە.

بە دایکی خۆی دەگوت " موردوفیتی " دیارە کەسمان پێکەنینمان بەو زاراوەیە نەدەهات. کەباسی دایکی دەکرد، بەدەم پێکەنینەوە چاوە چکۆلە خڕ وزەردەکانی دەبریسکانەوەو دەیگوت:

- دوێشەو (موردوفیتی) بەمەستی بۆماڵ هاتەوە، لە مریشکێک دەچوو لە ئاو هەڵکێشرابێ، لە ئاستانەی دەرگاکەدا کەوت وهەر بەو حاڵەوەو بە پاڵکەوتنەوە، بە زاری گرتی هەڵیکردە گۆرانی، عەینی پیرە مریشک هەر دەیگاراند و دەیگاراند!

چورکا بە جدی لێی پرسی: - چ گۆرانیەکی دەگوت؟

ڤیاخیر (کەڤۆک) ، بە ناولەپ، بەڕێتم و ئاهەنگێکی موزیکیەوە، دەیکێشا بە هەر دوو ئەژنۆی خۆیدا و گۆرانیەکەی دایکی بە دەنگێکی بەرز وناسک دەگوتەوە:

لێدە، لێدە، لێدە

ئەی شوانی لاو لێدە

بەدار لە پەنجەرەی دا

خۆمان کرد بە کۆڵانا!

بورکای شوان

ئاوازی ئاوابوونی خۆری

لێدا بە بلوێری

هەموو بێدەنگ بوون

خەڵکی گوندی.

ڤیاخیر، زۆری لەم ئاواز وگۆرانیە شادانە دەزانی و زۆر چاکی دەگوت. ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

- بەڵێ، بەودەقەوە، لە ئاستانەی دەرگاکە خەوی لێکەوت، بایەکی ساردخۆی بە ژوورەکەدا دەکرد، من خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبوومەوە، چونکە نەمدەتوانی ڕای بکێشمە ناو ژوورەکە. ئەم بەیانییە پێمگوت: " بۆچی ئەوەندە دەخۆیتەوە، چ پێویستت بەم هەمموو خواردنەوەو بەدمەستیەیە؟ " بەرسڤی دامەوە: " قەیدێ ناکات، گوێ مەدەیە، سەبرت بێ، هەمووی پێنج و دوو ڕۆژێکە، من سەرم لە گوێی قەبری دەلەرزێ، بەو زووانە دەمرم! "

چورکا، گوتی:- ڕاست دەکات زۆری بەبەرەوە نەماوە، نابینی چۆن ئاوساوە؟

من پرسیم:- پێت ناخۆشە بمرێت؟

ڤیاخیر ( کەڤۆک) بە سەرسامی گوتی:- ئەدی مەعنای چی! دایکێکی زۆر باشە..

هەرچەندە هەمموومان زۆر چاک دەمانزانی (موردوفیتی ) بە نەهەق لە ڤیاخیر دەدات، بەڵام دڵنیاش بووین کە دایکێکی باشە. تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە دەستکەوتمان کەم بوایە چورکا پێشنیازی دەکرد:

- وەرن با سەرو کوپیک بۆ ڤیاخیر کۆبکەینەوەو ڤودکا بۆ دایکی بکڕێت، تا لێی نەدات.

لە نێو گروپەکەماندا، تەنیا من وچورکا سیواتمان هەبوو. ڤیاخیر خۆزیای پێدەخواستین، گوێچکە قووتەکانی خۆی، کەلە گوێی مشک دەچوون، ڕادەکێشا و دەیگوت:

- کە " موردوفیتی " مرد. دەڕۆم بۆ قوتابخانە، دەکەومە خاک وپای مامۆستا، خۆ لەسەر لاقانی داوێم کە قەبووڵم بکات. کە خوێندنم تەواو کرد دەبم بە باخەوانی مەتران، لەگینە ببمە باخەوانی تزاریش!..

هەر ئەو بەهارە (موردوفی) بە خۆ و قاپێك ڤودکاوە، لەگەڵ پیرە مێردێکا، کە پیتاکی بۆ بونیاتنانی کڵێسای تازە کۆدەکردەوە، لەژێر لیژنە دارێکا دانیشتبوون، لە ناکاوا دارەکان بەسەریاندا دەڕمێن، هەرسێکیان پان و پلیش دەبنەوە، پیرەژن بۆ خەستەخانە دەبرێت. چورکا جدی بە ڤیاخیر دەڵێت:

- وەرە لای ئێمە. دایکم فێری خوێندنەوەت دەکات..

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، ڤیاخیر ڕۆژێک لەبەردەم دووکانێکا ڕاوەستا، بە شانازییەوە، سەری هەڵێنا و کەوتە خوێندنەوەی تابلۆی سەر دووکانەکە:- بەلاقی...

چورکا، بۆی ڕاستکردەوە:- بەقاڵی، هەی داهۆڵ!

- دەیزانم، بەڵام تیپەکانم لێ تێکەڵ دەبن.

- پیت!

- ئەرێ، پیتەکان، هەڵبەز ودابەز دەکەن، وادیارە خۆشحاڵن بەوەی کەسێک خەریکە دەیانخوێنێتەوە!

لەڕادەبەدەر ئاشقی دار ودرەخت وگوڵ و ڕووەک وگیابوو، ئێمە سەرمان لێی دەسوڕما، پێی پێدەکەنین...

گەڕەکی مە لمەلان بوو، بە دەگمەن گوڵ و ڕووەکانی لێدەڕوا، زۆر بەکەمی، لەم حەوشە یان لەوحەوشەدا، دار بییەکی سیسەلە یان بنچکە " یاس " ێک ( یاس: دەوەنێکە گوڵێکی سپی هێشویی دەگرێ کە بۆنی زۆر خۆشە ) دەبینرا. هەندێجاریش لەبن دیواری ئەم حەوشە یان ئەو حەوشەدا قۆپەنە گیایەکی وشک دەبینرا، کە یەکێکمان لەسەر ئەو

گیایە دادەنیشتین کەڤۆک (ڤیاخیر) سەرکۆنەی دەکردین و تووڕە دەبوو:

- بۆئەو گیایە بن پێ دەکەن؟ بۆ لەسەر لمەکە دانانیشن، خۆ بۆ ئێوە فەرقی نییە!

ئەگەر لەبەرچاوی ئەودا چڵێکمان لە داربییەکی ڕەخی ڕوباری ئەوکا بکردباوە یان گوڵێکمان لە بنچکە یاسێک بکردباوە، شانەکانی هەڵدەتەکاندو بەسەرسامی دەستەکانی بڵاو دەکردنەوەو دەیگوت:

- بۆچی هەرچیەکتان بەردەست دەکەوێ وێرانی دەکەن، هەی ناڕەسەنینە؟

بەوقسانە شەرمەزار وخەجاڵەتی دەکردین..

ڕۆژانی شەممان، گەمەیەکی یەجگار خۆشمان دەکرد، بە درێژایی ڕۆژانی هەفتە، پاتاوە وکاڵەی کۆن، ئەوانەی لە ڕیشاڵی ڕووەکان ودار ودرەختان دروست کرابوون، لە پەنا وپاساران کۆدەکردەوەو لە شوێنێکی ئەمینا تاقەتمان دەکردن، ئێوارەی ڕۆژی شەممە، خۆمان لە گۆشەی شەقامێکا مات دەدا، چاوەڕوانمان دەکرد تا کۆڵبەر و حەمالانی تاتاری

دەستەدەستە لە جادەی سیبرییەوە بۆماڵی خۆیان دەگەڕانەوە، هەنگێ لێیان دەهاتینە دەست وپێڵاوبارانمان دەکردن. هەوەڵجار تووڕە دەبوون، جنێویان پێدەداین و چنگ لەسەرشان ڕاویان دەنایین، لێ زۆری پێنەچوو کە خۆشیان کەڵکەڵەی ئەم گەمەیەیان کەوتە سەر وئەوانیش، کەوتنە سەر فێڵەکە و کۆنە پاتاوەی زۆریان کۆدەکردەوەو بە چەکی تەواوەوە دەهاتنە مەیدان و، هەر بەوەندەوە نەدەوەستان وجاری وا هەبوو شوێنی عەمارکرنی کۆنە پێڵاوەکانی مەیان دەدۆزییەوە و لێیان دەدزین، بەلام ئێمە گلەییمان لێکردن و گوتمان:

- ئەمە ڕەوای هەق نییە، وازی وا نابێت!

هەنگێ نیوەی کۆنە پاتاوەکانیان دەداینەوەو ئەوسا شەڕ دەستی پێدەکرد. ئەوان بەزۆری لە مەیدانێکی کراوەدا سەنگەریان دەگرت، ئێمەش بە هەرا وهەنگامە بە دەوریاندا دەخولاینەوەو کۆنە پێڵاوانمان تێیان دەسرەواند. ئەوانیش هەرکاتێ یەکێکی مەیان پێکابا و بەدەما کەوتبا و لووتی لە لمەکە چەقیبا، قاقا پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکردین. بەڕاستی یارییەکی خۆش و خەمڕەوێن بوو.

یارییەکە هەندێجار، تا هەوا تاریک دەبوو، هەر بەردەوام دەبوو. هەندێک لە خەڵکی گەڕەک، جاری واهەبوو، خۆیان دەدایە پەنایەک و لەوێندەرەوە تەمەشایان دەکردین و بۆڵەبۆڵیان دەکرد کەئیسراحەتمان لە خەڵکی هەڵگرتووە. بەڵام پێڵاوە فرکێ هەر نەدەبڕایەوەو، هەر پێڵاو بوو، چۆلەکە ئاسا بە حەواوە دەفڕی. جاری وا هەبوو، یەکێکمان جەزرەبەیەکی توندی وێدەکەوت، بەڵام لەزەتی گەمەکە، هەر ئازارو ئاسیوێکی لەبیر دەبردەوە.

تاتارەکانیش بەهەمان جۆش وخرۆشی مەوە، بەشداری یاریەکەیان دەکرد، زۆرجار وا ڕێدەکەوت، دوای شەڕەکە، دەچووین بۆ ماڵی وان و لەوێندەر گۆشتی ئەسپ و شلەیەکی سەوزەی کوڵاویان دەداینێ. پاشان چایەکی خەستیان لەگەڵ کولیچە و شەکرلەمە و چۆرەکا دەداینێ. زۆر دڵبەندی ئەم زەلامە زەبەلاحانە بووین. یەک لە یەک تۆکمەتر وبەهێزتر دیاربوون. سیفەتێکی سادەی مندالانەی جوانیان تیابوو، ئەویش ئەوە بوو کەزۆر لەگەڵ یەکدا تەبا بوون، لەیەکدی تووڕەو زویر نەدەبوون، بەڕێز و حورمەتەوە مامەڵە و بەرخوردیان لەگەل یەکدیدا دەکرد.

تاتارەکان، هەموویان زۆر پێدەکەنین... ئەوەندە پێدەکەنین ئاو دەزابییە چاویان و ڕوندک بە گۆنایاندا دەهاتە خوارێ. یەکێکی لووت شکاویان تیابوو- خەڵکی کاسیموف بوو- بە ئەندازەی یەک پاڵەوانی ئەفسانەیی بە قوەت بوو. ( ڕۆژێک زەنگێکی، چوارسەد وپەنجا کیلۆیی کلێسای لە کەشتیەک داگرتبوو تا کەناری ڕوبارەکەی هێنابوو. کە پێدەکەنی، هاواری دەکرد:

" ئو. ئوو... ئوو! ئوو...! قسە وەکو زێڕە یا نابێ بیکەی یان ئەگەر کردت دەبێ بیبەیتە سەر!

جارێکیان ڤیاخیری خستە سەر دەستی و بەرزی کردەوەو گوتی:

- بڕۆ، لەوێندەر، لە ئاسمان بژی، جێی تۆ ئەوێندەرە!

ئەو ڕۆژانەی باران بوایە، دەچووین بۆ سەر قەبران، لە ماڵە بچووکەکەی بابی یازدا کۆدەبووینەوە. بابی یاز، پیاوێکی درێژ داهۆڵی خواروخێچ بوو، ڕۆژگار تەواو چروسانبوویەوە، چەند داوە موویەکی پیس و چڵکن بە سەرە چکۆلەو ڕوخسارە ڕەشەکەیەوە دیاربوون. سەری لە شەلەمێکی وشک دەچوو، بە ئاستەم بەسەر ملە باریک و ڕەق و تەقەکەیەوە

گیرسابووەوە. چاوە زەردەکانی بە شیوەیەکی سەیر دەتروکاند و خێراخێرا دەیگوت:- خودا لە بێخەوی و خەو زڕان بمانپارێزێ، ئوف!

هەرجارێ کە بۆلای ئەو دەچووین، تۆزێ چا وکەمێک نان و چارەکێک قۆدکامان بۆ بابی یاز دەکڕی. چورکا بە ڕاوێژێکی ئەمرئامێزەوە دەیگوت:

- مێردەک، خێرا ئەو سەماوەرە پێکە!

هەنگێ کابرا، بە پێکەنینەوە، پیرە سەماوەری پێدەکرد. ئێمەش بەدەم چاوەڕوانی وەجۆش هاتنی ئاوەکەوە، دەکەوتینە باسی کاروباری تایبەتی خۆمان وکابراش دڵسۆزانە ئامۆژگاری دەکردین:

- ئاگاداربن، چاوبکەنەوە، دوو سبەی لە ماڵی بنەماڵەی تروسوف دا، ڕێورەسمی چلە دێتەگێڕان، خواردنێکی زۆر دەکرێ، ئەگەر بۆ ئەوێ بچن، ئێسقانێکی زۆرتان دەستدەکەوێت.

چورکا، کە ئاگای لە هەموو شتێک هەبوو، دەڵێت:

- ژنە ئاشپەزەکەی ماڵباتی تروسوف ، هەموو ئێسقانەکان بۆخۆی هەڵدەگرێت و بەشی مە مانان نادات!

ڤیاخیر، کەلە فکران ڕۆچووبوو، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە گۆڕستانەکە، لە ناکاوا گوتی:

- هەوا خەریکە خۆشدەبێت، هەنگێ دەتوانین بۆ لێرەواران بڕۆین.

یاز، بەدەگمەن قسەی دەکرد، بە چاوانی خەمینەوە تەمەشای هەموومانی دەکرد، بە بێدەنگی ئەو بووکەڵانەی نیشان دەداین کەلە زبلدانێکا دۆزی بوونیەوە کە بریتی بوون لە: سەربازێکی دارین، ئەسپێکی چوار پەل بڕیاگ، هەندێک قوپچە ودوگمە و بڕێک پارچە مسی شکا و ئاسنەواڵە..

بابی مێزەکە دەڕازێنێتەوە، چەند کووپێکی جۆراوجۆر لەسەر مێزەکە ڕیز دەکات، ئەوجا سەماوەرەکە دێنێت. کوستروما چای تێدەکات. پیرەمێرد، بەشە ڤودکاکەی خۆی دەخواتەوە، دەچێتە سەر موغەیرییەکە، لەوێندەرەوە، بە چاوە کوندئاساکانیەوە تەمەشامان دەکات، لەبن لێوانەوە دەپرتێنێ و دەڵێت:

- تفۆ بە نەحلەت بن لەگەڵ شەیتاندا! توخوا ئێوە بەشەرن، ئێوە بەڵای خوان، دەستەیەک دز و جەردەن! تفۆ لە خۆتان و غیرەتتان، خودایە، لەبێ خەویم بەدوورکە!

ڤیاخیر پێی گوت:- بەڵام ئێمە بەهیچ جۆرێ نە دزین و نە جەردە!

- باشە، باش، دزی بچووکن!

کەهەرجارێ حەوسەڵەمان لەدەست بابییاز دەچوو، چورکا بە ڕاوێژێکی تووند هاوارێدەکرد و دەیگوت:- کابرا وازمان لێبێنە!

کە ئەم پیاوە باسی ئەوەی دەکرد چماڵێک نەخۆشیان هەیە، کێ لە پێش کێدا دەمرێت، من وڤیاخیر وچورکا، تاقەتمان دەچوو، هەستمان دەکرد، لەزەت لە گێڕانەوەی ئەو شتانە دەبینی و زەڕەیەک بەزەیی لەدڵدا نییە. کە دەیبینی بە قسەکانی قەڵس دەبین، بە ئانقەست و بۆ ئەوەی بێزارمان بکات، دووبارەی دەکردنەوەو بە تانووتەوە دەیگوت:

- ها، ترسنۆکینە چییە! دەترسن؟ کە وای لێهات دەڵێم: کابرایەکی قەڵەوی زەلام هەیە، بەو نزیکانە دەمرێت، مەگەر هەر خوا بزانێ کەی دەپوکێتەوە.

هەوڵدەدەین، بێدەنگی بکەین، بەڵام دەستبەردار نابێت و لەسەری دەڕوات:

- بەو نزیکانە نۆرەی ئەنگۆش دێت، کەسێک بە ئومێدی پەڕۆ وپاتاڵ وکۆنەوات و ئاسنەواڵەی سەر زبڵدانان بژی، تەمەنی درێژ نابێت!

ڤیاخیر دەڵێت:- چ قەیدیە، دەمرین و دەبین بە فریشتە.

بابی یاز، بەسەرسامی دەڵێت:- ئێوە؟ فریشتە؟ نەیخۆن تاڵە!

ئەوسا پێدەکەنی و بۆ ئەوەی بێزارمان بکات، دەهاتەوە سەرباسی مردووان.

بەڵام هەندێجار، هەر ئەم پیاوە بە ڕاوێژێکی نەوی وخۆش هەندێ شتی سەیری دەگێڕایەوە:

- کوڕینه گوێ بگرن، پیرێ خانمێکمان ناشت که چیرۆکێکی سەیری هەیه. من چوومەته بنج وبناوانی ئەوچیرۆکه و چۆنه بۆتانی باسبکەم؟

زۆر باسی ژنانی دەکرد وهەمیشه شتی ناشیرین ودزێوی لەبارەیانەوه دەگوت. بەڵام چیرۆکەکانی زیاتر ڕاوێژ وتۆنێکی پرسیار ئامیزیان هەبوو، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکانی له ئێمه بکات. به وردی گوێمان بۆ دەگرت، له قسه کردنا شپرزه بوو، زۆرجار، قسەکەی خۆی دەبڕی و جۆرەها پرسیاری لەمه دەکرد، قسەکانی بێ سەروبەر بوون، بەڵام وێرای ئەوەش زەینی بەرانبەریان دەهاڕوژاند.

- لەو ژنەیان پرسیبوو: " کێ ئاگرەکەی کردووەتەوه؟ گوتبووی: " من کردوومەتەوه. " پرسیبوویان: " چۆن کاری وات کردووه هەی شێته؟ خۆتۆ ئەو شەوه له خەستەخانه بووی، لەماڵەوه نەبوویت. "

دووباره گوتبووی: " من ئاگرەکەم کردەوه! " باشه ئەم ژنه بۆچی ئەو قسانەی کردووه؟ خودا لەبێ خەوی بمانپارێزێت!...

مێژووی ژیانی هەموو ئەو کەسانەی دەزانی کەبە دەستی خۆی بەخاکی گۆڕستانە چۆڵ و وێرانەکەی سپاردبوون. کە قسەی دەکرد وەکو ئەوە بوو دەرگای ماڵەکانی دەوروبەرمان بۆ بخاتە سەر گازی پشت و خۆمانیان پێدا بکەین و بەچاوی خۆمان ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەیان بدینین و بزانین چۆن دەژین. ئەوەی مایەی سەرنج بوو ئەوە بوو، کە توانایەکی گێڕانەوەی سەیری هەبوو، وام هەستدەکرد، بتوانێ شەوەکە تا بەیانی بە حیکایەتخوانی بەرێتەسەر. بەڵام هەرکە پەنجەرەی کوختەکە تاریک دەبوو، چورکا هەڵدەستا و دەیگوت:

- من دەڕۆمەوە، درەنگە، دایکم چاوەڕوانم دەکات، دەترسێت، کێ لەگەڵ مندا دێتەوە؟

هەمووومان لەگەڵیا دەڕۆیشتین... یاز تابەر دەروازەکە بەڕێی دەکردین، ئەوجا دەروازەکەی دادەخست، روخسارە ڕەش و ڕەق و تەقەکەی بە شیشە ئاسنەکانیەوە دەنا و بە ئەسپایی دەیگوت:- خودا حافیزتان!

خودا حافیزیمان لێدەکردو پێمان ناخۆش بوو کە ئەومان، لە گۆڕستانەکەدا بەجێ دەهێشت و بەخۆمان دەڕۆیشتین. ڕۆژێک کوستروما، ئاوڕێکی پاشی دایەوەو گوتی:

- کوڕینە دەبینن، ڕۆژێک بەیانی زوو لەخەو ڕادەبین و دەبینین مردووە.

چورکا، زۆرجار دەیگوت:- ژیانی یاز، لە ژیانی هەر هەمووومان خراپترە!

لێ ڤیاخیر، هەمیشە بەرپەرچی دەدایەوەو دەیگوت:

- ئەو قسانە چییە، تۆ دەیکەی، ژیانی ئێمە عەیبی نییە..

منیش هەمان قەناعەتی ئەوم هەبوو کە ژیانمان عەیبی نییە. زۆرم حەز لەم ژیانە سەربەخۆییەی ناو کوچە و کۆڵانان بوو، لە هاوڕێکانم ڕازی بووم، خۆشم دەویستن، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد یارمەتیان بدەم و سوودیان پێبگەیەنم.

دیسان، ڕەوشم لە قوتابخانە خراپ بوو. قوتابییەکان گاڵتەیان پێدەکردم، تەشەریان لێدەدام، بە کۆنەفرۆش وسواڵکەر بانگیان دەکردم. ڕۆژێک دوای شەڕ وقەرقەشەیەکی زۆر لەلای مامۆستا شکاتیان لێکردم کە بۆن

بۆگەنیم لێدێت وکەس ناتوانێت لەلامەوە دانیشێت. ئێستاش لەبیرمە، کە ئەو ئیفتیرا وبوختانە چەند ئازاری دام، چەند بەلامەوە قورس بوو، دوای ئەوە بۆ قوتابخانە بچمەوە. چۆن قوتابخانەم لەبەرچاو کەوت. ئەم شکاتە بۆختانێکی ڕووت بوو، ئیفتیرایەکی نادروست وبێ بنج وبناوان بوو، چونکە هەموو بەیانییەک خۆم دەشۆرد و هەرگیز بەو جلانەوە کە لەکاتی کۆکردنەوەی پەڕۆ وپاتاڵ وشتە کۆنە وئاسنەوات و خوردەوات لەبەرم دەکردن، بۆ قوتابخانە نەدەچووم.

بەڵێ ئەنجام سەرکەوتووانە تاقیکردنەوەی پۆلی دووەمم بڕی، جگە لە شادەتنامەی شەرەف ، تەوراتێک وکتێبێکی بەجزوبەندی حیکایەتەکانی کریکوف و کتێبێکی چکۆلەی تری بێ جزوبەندیان بەناو نیشانی نامەفهوومی : " فاتامورگان " بەدیاری دامێ. وەختایەک ئەو دیاریانەم بۆماڵ بردەوە بابام زۆر خۆشحاڵ بوو وگوتی دەبێ ئەو کتێبانە لە شوێنێکی ئەمین دابنەین، لەبەر ئەوە لە دۆڵابەکەی خۆیدا دایان دەنێت. نەنکم چەند ڕۆژێک بوو نەخۆشبوو، لە جێگەدا کەوتبوو، تاقە پولێکی لە بەخەڵدا نەبوو، کەچی بابام بەردەوام هەر دەی پرتاند و دەیبۆڵاند بەسەریا:

- ئاقیبەتماڵم وێران دەکەی، لەوارو وێخم دەنیشیت، دارونەدارم بە دەستەوە ناهێڵیت! لەسەر حیسابی من دەخۆیت و دەخۆیتەوە، تا سەرم نەخۆی دەستبەردارم نابیت! ئاخ... لە دەست تۆ!..

ئیدی کتێبەکانم هەڵگرت و بۆ دووکاندارێکم بردن، بە پەنجا وپێنج کۆپیکان لێی کڕیم و پارەکەم دا بە نەنکم. پاشان کارتی سوپاسنامەکەم، دوای ئەوەی هەندێ خەتخەتۆکێم لەسەر کرد، دا بە بابام، ئەویش بەبێ ئەوەی خەتخەتۆکەکەی من بدینێ، بەجوانی هەڵیگرت.

کە پشووی قوتابخانە دەستی پێکرد، گەڕامەوە سەر کۆڵانگەڕییەکەی جاران، ئێستا کە هەڕەتی بەهار بوو، زۆر لەجاران خۆشتر بوو... دەسکەوتی ئێستامان لەجاران زۆرتر بوو. ڕۆژانی یەک شەممان بە کۆمەڵ دەچووین بۆ دەشت و لێرەواران و درەنگانێکی شەو، شەکەت وماندوو، شاد وخۆشحاڵ بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە، دۆستایەتیمان لەجاران خۆشتر بووبوو.

لێ ئەم ژیانە خۆشە زۆر دەوامی نەکرد. باوە پیارەکەم لە کارەکەی دەرکرا. ئیدی بەجێی هێشتین و کەس نەیزانی

کێوەچوو، دایکم و نیکولای برا بچووکم بۆ ماڵی بابام گەڕانەوەو جا چونکە نەنکم گواستبوویەوە بۆ ماڵی بازرگانێکی دەوڵەمەند و چەرچەفی بە وێنەی مەسیح بۆ گوڵدۆزی دەکرد، ئیدی ئەرکی پەرستاری برا چکۆلەکەم کەوتە ئەستۆی من.

دایکم، باریک و بنێس بووبوو، کڕوکپ دەتگوت لاڵ بووە، بەزەحمەت خۆی بەسەر ئەرزەکەدا بکێش دەکرد، چاوەکانی دەقووڵەوە چووبوون، بەترسەوە دەیڕوانییە هەموو شتێکی دەوروبەری، براکەم هەردوو لاقی تووشی قورحەی بەراز بووبوون. ئەوەندە لاواز ودەغەزار بووبوو، لووتیت بگرتبا گیانی دەردەچوو، تەنانەت توانای ئەوەشی نەبوو بەدەنگی بەرز بگری، هەرکاتێ برسی بوایە، بەجۆرێ دەنوزایەوە، کە دڵی بەرد بۆی دەبوو بە ئاو. ئەگەر تێر بوایە، بەدەم وەنەوزدان و خەوە نوتکێوە، دەینالاند و عەینی بێچوە پشیلە دەی پرخاند.

بابام، ڕۆژێک، دوای ئەوەی بە دیقەت تەمەشای مندالەکەی کرد و ئازای پشکنی گوتی:

- ئەمە پێویستی بە خواردنی باشە، تا ببوژێتەوە و وەخۆبێتەوە، بەڵام من لەکوێم بوو هەمووتان بەخێو بکەم و خواردنتان بۆ دابین بکەم؟

دایکم، کەلە سووچێکی تەختەخەوەکەی خۆیدا ڕۆنیشتبوو، بە ئاستەم هەناسەی دەهات و دەچوو، لەبن لێوانەوە گوتی:- خواردنی زۆری ناوێ، تۆزێکی بەسە.

- ئەم تۆزێک و ... ئەو تۆزێک... ئیدی تۆزە تۆزە زۆر دەبێت..

بە بێزارییەوە دەستێکی هەڵتەکاند و ڕوویکردە من و گوتی:

- نیکولای پێویستی بە هەتاوە، بیبە دەرێ، لە لمەلانەکەدا دای بنە...

کیسەیەک لمی پاک و وشکم هێناو لەبەر پەنجەرەکەدا، لە شوێنێکی هەتاوگیرا هەڵمڕشت، وەکو چۆن بابام گوتبووی، برایەکەمم تا گەردنی لەلمەکە نا. وادیاربوو منداڵەکە ناو لمەکەی پێخۆش بوو... بە شادییەوە چاوەکانی دەتروکاندن، بە چاوانی حەپەساوەوە لەمنی دەڕوانی، پێدەچوو چاوەکانی سپێنەیان نەبێ، تەنیا دوو بیلبیلەی شین بوون و بازنەیەکی شینی کاڵتر دەوری دابوون.

من لە هەوەڵەوە، خۆشەویستیەکی سەیری براکەمم لا پەیدا بوو... وام هەست دەکرد هەموو بیر وهزرینەکانی من دەخوێنێتەوە. بە سەعاتان، لەلایەوە، لەسەر لمەکەی بەر پەنجەرەکەدا، ڕادەکشام و گوێم لە خوتە وبۆڵەی بابام دەگرت کەلە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە و دەیگوت:

- چوار پینەت بکەی ڕوح دەرنابەی، خۆزگە ئەوەندەت هۆش دەبوو، کەبزانی ئێستا لە چ حاڵێکدایت!

هەمیشە، دوای ئەو قسانە کۆکەیەکی دوورودرێژ دەستی دەنایە بینی دایکم...

نیکولای، دەستە چکۆلەکانی بۆمن بەرز دەکاتەوە، سەرە ئامال سپیەکەی دەجوڵێنێت. قژی زۆر تەنک و شاش وبۆز بوو، سەروسیمای لە پیرە پیاوێکی ئەقڵمەند دەچوو.

کە جووجەڵەیەک یان مریشکێک یان پشیکێکمان لێ نزیک دەبوونەوە، نیکولای ماوەیەک لێیان ڕادەما، ئەوجا ئاوڕی لە من دەدایەوەو بزەیەکی کاڵی بۆ دەکرد. ئەم زەردە خەنەیە نیگەرانی دەکردم... لەدڵی خۆدا دەمگوت تۆ بڵێی براکەم وا بزانێمن لەو بێزار بووبم و حەزدەکەم بچمە دەرێ و ئەو بەتەنێ لەماڵەوە بەجێ بێڵم و بەگەڵ هاوڕێکانم بکەوم؟

حەوشەکە بچووک، تەنگ و پیس بوو، زبڵدانێک بوو لەو گۆڕە، یەکپارچە شڕە وپڕە بوو، سەری هارومارى تیابوو، لەلای دەروازەی حەوشەوە، عەماری ئێزنگ و شەواتەک بوو، ئەوسەری حەوشەکە حەمام وسەرشۆرک بوو... سەربانەکان، پڕبوون لە دار وتەختە و دیرەک و پاشماوەی قەیاغە شکاو. هەرهەموو ئەم خرت و پرتانە، خەڵکی گەڕەک، لەجەرگەی بەهارا، وەختایەک بەفر دەتوایەوەو لافاو ولەهی هەڵدەستا، لەڕەخی ڕووباری ئوکادا دەیانگرتەوەو دەیان هێنایەماڵەوە. حەوشەکە پڕ بوو لە داروتەختە شکاوی تەڕ وئاومژتە، کە تیشکی هەتاوەکە لێی دەدان، هەڵمیان لێهەڵدەستا و بۆڕزیویان سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی.

حەوشەکەی تەنیشتمان، قەساوخانەیەکی بچووک بوو، هەموو بەیانییەک لە گابۆڕی گاو و گۆتاڵ و باڕەباڕی مەڕ و بەرخان خەبەرمان دەبووەوە، بۆنی خوێن کاسی دەکردین. زۆرجار وام وێنا دەکرد ئەم بۆنە، وەکو پەردەیەکی تەنکی سوور، بەدەم هەوا تەم و مژاوییەکەوە دەشەکێتەوە.

کاتێ، کە کوتەکێکیان بەناوەندی هەردوو قۆچی ئەو حەیوانانەدا دەکێشا ولە گابۆڕیان دەخستن و لرخەلرخیان

پێدەکەوت، نیکولای چاوەکانی زەق دەکردنەوەو لێوەکانی بە جۆرێ دێنانەوە یەک لە تۆ وایە دەیەوێ لاسایی دەنگی ئەوان بکاتەوە، بەڵام تەنیا فوویەکی بچووکی لەدەم دەهات: " ف... ف.. فو... "

کاتی نیوەڕۆ بابام سەری لە پەنجەرەکەوە دەکێشا ودەیگوت: " وەرن بۆ نیوەڕۆژە! "

بابام خۆی منداڵەکەی لەباوەشی دەگرت، لەسەر ئەژنۆکانی دایدەنا وخواردنی دەدایە. پەتاتە ونانی بۆ دەجوو، ئەوجا دەیخستە سەر قامکە خواروخێچەکەی و دەیکردە دەمی نیکولاوە، ئیدی هەموو دەم و لێو و چەناگە تیژەکەی لەخواردن دەنا. دوای ئەوەی بڕێک خواردنی دەدایە، کراسی منداڵەکەی هەڵدەدایەوەو بە قامکان، ورگە ئاوساوەکەی سەح دەکردەوە و بەدەنگی بەرز و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- نازانم بەسیەتی یان تۆزێکی دیکەشی بدەمێ!

دایکم کەلە قولینچکە تاریکەکەی لای دەرگاکەوە، لەجێدا کەوتبوو، دەهاتە قسە ودەیگوت:- ئەدی نابینی دەست بۆ نانەکە درێژ دەکات؟

- منداڵ چووزانێ تێر بووە یان نا.

وێڕای ئەوەش پارووییەکی دیکەی بەدەم منداڵەکەوە دەکرد. کە ئەو دیمەنەم دەبینی هەستم بەسەر شۆڕی دەکرد، شتێک گەرووی دەگرم و خەریک بوو دەیخنکاندم، دڵم تێک هەڵدەهات، خەریک بوو دەڕشامەوە. ئەنجام باپیرەم دەیگوت:

- دەی بەسە! هەڵیگرە! هەڵیگرە بیبە بۆلای دایکی.

کە نیکولام هەڵدەگرت، بەباوەشمەوە دەینالاند و دەستی بۆ خوانەکە درێژ دەکرد. دایکم کە تەواو باریک و بنێس بووبوو، لە دارکاژێکی ڕووت دەچوو کە لقەکانی وەری بن، بەزەحمەت هەڵدەستا، بە هانکەهانک و هەناسەبڕکێ، بەرەوپیرم دەهات، باسکە لاواز وڕەق وتەقەکانی بۆ درێژ دەکردم. دایکم بە تەواوەتی دەمی چووبووە کلیلە و بەدەگمەن قسەیەکی دەکرد. هەمیشە هەناسەی سواربوو، مریشکە تایەکی سەیری هەبوو، دەردە باریکەی بوو.

بە درێژایی ڕۆژ، لەسووچی دەرگاکەدا، بەبێدەنگی لەجێگەدا کەوتبوو، بەرەبەرە دەمرد.

من هەستم بەوە دەکرد، دەمزانی کە دایکم خەریکە دەمرێت. بابام لە جاران زیاتر باسی مەرگی دەکرد، وشەی مەرگ لە زاری نەدەبڕا، بەتایبەتی ئێواران، کە بۆن بۆگەنی، حەوش و بانەکەی پڕدەکرد.

تەختەخەوەکەی بابام، لە گۆشەکەی پێشەوەی ژوورەکەدا بوو، تەقریبەن لە ژێر ئیکۆنەکاندا بوو. دەخەوت سەری دەکردە لای پەنجەرەو ئیکۆنەکانەوە. بەرلەوەی بخەوێت، لە بەر خۆیەوەو لە تاریکیەکەدا ورتەورتێکی دەکرد:

- وەختی مردن هاتووە، بەچ ڕوویەکەوە بچینە حوزوری خودا؟ چی بڵێین؟ بەدرێژایی تەمەن هەر خەریکی کار بووم، چیم بەچی کرد، ئەمە ئاکامەکەی بوو؟

من لەنێوان کوورەکە و پەنجەرەکەدا لە عاردی دەخەوتم. شوێنەکە کورت بوو، بە ئاسانی جێم نەدەبووەوە. ناچار دەبووم، لاق ڕاکێشم وپێیەکانم بخەمە ژێر کوورەکەوەو ئیدی سیسرکان بەسەر پێیەکانما تەراتێنیان دەکرد و ختووکەیان دەدام. ئێستاش بیرەوەرییە خۆش وناخۆشەکانی ئەو گۆشەیەم لە بیرماون. بابام کە خواردنی لێدەنا، هەموو جارێ بە کلکی مەقاشەکەی دەستی کە قاپەکانی لە سەر

ئاگرەکە پێ ئەم جێ وئەوجێ دەکرد، شووشەی پەنجەرەکەی دەشکان، بەراستی مایەی سەرسامی وپێکەنین بوو کە پیاوێکی ئاقڵی وەکو ئەو، ئەقڵی بەوەدا نەدەشکا کە دەسکی مقاشەکە ببڕێتەوەو چیتر شووشەکە نەشکێنێت.

جارێکیان مەنجەڵێکی لەسەر ئاگر بوو، بەدەم کوڵانەوە هەڵچوو، ئەو بەپەلە دەستی دایە مقاشەکە، نەک هەر مەنجەڵەکە بەڵکو تاکێکی پەنجەرەکە ودوو تەبەقە شووشەشی شکاند، پیرەمێرد بە ڕادەیەک ئەم پێشهاتەی لەبەر گران بوو، کەدەستە و ئەژنۆ لە سەر ئەرزەکە دانیشت و دەستی بەگریان کرد و هاواریدەکرد:

- ئەی خودایە، ئۆف خواگیان!

بۆ سبەینێ، وەختایەک ئەو لە ماڵ وەدەرکەوت، دەستم دایە کێردی نان بڕینەکە و، نیوەی دەسکە درێژەکەی مقاشەکەم بڕی. کە بابام گەڕایەوەو ئاکامی کارەکەی منی بینی، کەوتە بۆڵەبۆڵ و گوتی:

- دەک بە نەحلەت بی لەگەڵ شەیتاندا، دەبوایە بە هەڕە بیبڕیت! ئەگەر بە هەڕە " مشار " بتبڕیبا، دەمانتوانی لە

پارچەکانی چەند تیرۆکێک دروست بکەین و بۆخۆمان بیفرۆشین. ئۆف لەدەست ئەم بنەماڵە نەحلەتیە!

ئەوسا دەستێکی هەڵتەکاند وبە هەشتاو خۆی بە ڕاڕەو و دالانەکەدا کرد. هەنگێ دایکم گوتی:

- خۆزگە ئەوەندە فزوول و لاپرەسەن نەدەبووی، ئەوەندە نەسرەوت نەدەبوویت.

***

دایکم ڕۆژی یەک شەممەی مانگی ئاب، نزیکی نیوەڕۆ مرد. مێردەکەی تازە لە سەفەر گەڕابووەوەو کارێکی دۆزی بووەوە، نەنکم و نیکولای گواستبوویانەوە بۆ ماڵەکەی ئەو، کە خانوویەکی بچووکی پاک و خاوێنی لە نزیکی وێستگەی قیتارەکە پەیدا کردبوو، قەرار بوو دوای یەک دوو ڕۆژی دیکە دایکیشم بۆ ئەوێندەر بگوازنەوە.

دایکم، بەیانی ڕۆژی مردنەکەی، بەدەنگێکی نەوی بەلام خویاتر لە ڕۆژان، بەمنی گوت:- بڕۆ بۆلای یەڤگینی ڤاسیلیوڤیچ و پێی بڵێ با بەپەلە بێ، دەمەوێت بیبینم!

خۆی لە سەر جێگاکەی بەرزکردەوە، دەستی بە دیوارەکەوە گرت ودانیشت، دووبارە گوتی:- ڕاکە بەپەلە بڕۆ!

وام وێناکرد بزەیەک کەوتەسەر لێوی و چاوەکانی پرشنگی ڕووناکییەکی نوێیان دا. مێردەکەی دایکم بۆ نوێژ چووبوو بۆ کڵێسا. نەنکم بۆلای ژنە جوولەکەیەکی دووکانداری ناردم تا بڕنووتی بۆ بکڕم. ژنەی دووکاندار بڕنووتی حازری نەبوو، ناچار بووم چاوەڕوان بکەم تا بڕنووتی تازە ئامادە بکات.

کاتێ بۆ ماڵەکەی بابام زڤڕیمەوە، سەیرم کرد دایکم لەپشت مێزەکەوە دانیشتووە و جلێکی پاک وخاوێنی گوڵ گوڵی لەبەر کردووەو بەشیوەیەکی جوان قژەکەی داهێنابوو و وەکو جاران قیت و قۆز دانیشتبوو. نازانم بۆ بە تەریقیەوە لێم پرسی:

- باشتریت؟

نیگایەکی ترسناکی کردم وگوتی:- وەرە ئێرە بزانم. لەکوێ بەرەڵڵا بووبووی؟

پێش ئەوەی فریای وەڵامدانەوە بکەوم، چنگی نایە قژەکەم، کێردێکی مشاری لەسەر مێزەکە بوو، دەستی دایە کێردەکە و

بەلایە پانەکەی تێم بەربوو، بگرە کوێت دێشێت! کێردەکە لەدەستی پەڕی.

- هەڵیگرە بیدە دەستم!

کێردەکەم هەڵگرت ولەسەر مێزەکەم دانا. دایکم پاڵێکی پێوەنام، چووم لە قەراخ موغەیرییەکە ڕۆنیشتم، بە ترسەوە تەمەشای دایکم دەکرد. لەسەر کورسییەکە ڕابوو، بە ئەسپایی بۆسەر جێگاکەی خۆی، کەلە سووچی ژوورەکەدا بوو، ڕۆیی، لەسەر جێگاکەی خۆی ڕاکشا، بەدەستەسڕ کەوتە سڕینی ئەو ئارەقەیەی کە نیشتبووە سەر ڕوخساری. دەستی دەلەرزی، دەتگوت لە کۆنترۆڵی خۆی دەرچووە، دووجار لەجیاتی بەر دەم وچاوی بکەوێ، کەوتە سەر بالیفەکە و قامکەکانی بەدەستەسڕەکەوە کەوتنە لەرزین.

- تۆزێ ئاو...

پەرداخێ ئاوم لە سەتلەکە دەرهێنا. قومێکی خواردەوەو بە زەحمەت سەری هەڵبڕی، بەدەستە ساردەکانی لە خۆی دوور خستمەوەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. ئەوجا تەمەشایەکی ئیکۆنەکانی سووچی ژوورەکەی کرد، چاوی لە ئیکۆنەکان گواستەوەو ڕوانیە من، وەک ئەوەی بیەوێ

بزەیەک بە ڕووی مندا بدات، بە ئاستەم لێوەکانی بزواندن، ئەوجا برژانگە درێژەکانی، بەخاوی بەسەر چاوەکانیا داهاتنەوە. ئانیشکەکانی بەهەردوو تەنیشتەکانییەوە چەسپابوون، هەر دوو دەستی بۆ سینگ و گەرووی بەرز بوونەوە. سێبەرێک کەوتە سەر ڕوخساری، ڕەنگە زەردەکەی تاریک بوو، کەپووی هێندەی دی باریک بوو، زاری بە سەرسامی دەکردەوە، بەڵام هەناسەکەی پێ قووت نەدەدرایەوە و هەناسەی لەبەر بڕا.

ماوەیەک، پەرداخ بەدەست، بەدیار جێگاکەی دایکمەوە وەستام، ئەو ماوەیەم بەدەیان ساڵ لێ ڕۆیی، بەدیقەت دەمڕوانییە ڕوخساری دایکم کە بەرەبەرە سارد دەبووەوەو ڕەش هەڵدەگەڕا.

بابام، هاتە ژوورەوە، پێمگوت:- دایکم مرد.

نیگایەکی خێرای جێگاکەی کرد وگوتی:- بۆ درۆ دەکەیت؟

بەرەولای کوورەکە چوو، نانێکی دەرهێنا و سەری مەنجەڵێکی هەڵدایەوە و تەق و هۆڕێکی زۆری نایەوە.

من تەمەشام دەکرد، دەمزانی دایکم مردووە، چاوەڕوانی ئەوە بووم بزانم باوەڕ بەو حەقیقەتە دەکات. باوەپیارەکەم هات چاکەتێکی کەتانی سپی لەبەر و شەپقەیەکی سپی لەسەر بوو. بەکاوەخۆ کورسییەکی هەڵگرت، بردی، بۆلای جێگەکەی دایکم، لەناکاوا کورسییەکەی بە عاردیدا دا، بە دەنگێک کە دەتگوت دەنگی شەیپووری مسینە، هاواریکرد:-
خۆ ئەوە مردووە! تەمەشاکەن!

بابام، بەلارەلار بەرەولای جێگاکەی دایکم هات، سەری مەنجەڵەکە ومقاشەکەی بەدەستەوە بوو، چاوەکانی بەجۆرێ ئەبڵەق بووبوون، لەزگ بوو بێنەدەرێ

کاتێ لەسەر قەبران خەریک بوون، لمی وشکیان بەسەر تابووتەکەی دایکمدا دەکرد، نەنکم هەر لەخۆوە بەناو گۆڕەکان کەوت.. خۆی بە کێلی قەبرێکدا ( خاچ ) کێشا، بەدەما کەوت، ڕوخساری بریندار بوو. باوکی یاز بۆ کوختەکەی خۆیی برد. لەکاتێکا نەنکم خەریک بوو برینەکەی دەشۆرد بابی یاز، بە ئارامی ولەبن لێوانەوە کەوتە دەڵنەواییم:

- کۆتایی خەمتان بێ! ئیدی ئەوە قەدەری هەمووانە، هەریەکە و مردنێ قەرزارین، دەوڵەمەند وهەژار، درەنگ یان زوو دەبێ بیدەینەوە، گۆڕستان دوا مەنزڵمانە، بۆیە گوێ مەدەیێ. وانییە نەنەگیان؟

لە پەنجەرەکەوە ڕوانی و لەناکاوا بە هەشتاو لە کوختەکەوە دەرچوو... ڤیاخیر (کەڤۆک )ی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. پیرەمێر شاد و خۆشحاڵ، مامێزێکی شکاوی بۆ من درێژ کرد و گوتی:

- تەمەشای ئەمە بکە! بزانە چیمان دۆزیوەتەوە، کەڤۆک و من ئەمە بەدیاری پێشکەش بە تۆ دەکەین. ئەم چەرخە چکۆلەیەی دەبینی؟ من دڵنیام لە پێڵاوی کابرایەکی قوزاق کەوتووە. خەریک بوو لە کەڤۆلی بکرم- دوو کوپیکانم دایێ..

ڤیاخیر، بە تووڕەیی و لەبن لێوانەوە گوتی:- بۆ درۆ دەکەیت؟

لێ بابی یاز چاوێکی داگرت و بەپەلە هاتە بەردەمی من و گوتی:

- تۆ دەڵێی چی، ئەم ڤیاخیرە زۆر جدییە؟! دەی باشە دیاری ئەوە، هی من نییە، ئەو پێشکەشتانی دەکات. ئەو...

کە نەنکم لە شۆردنی سەروچاوی بووەوەو، دەستەسڕێکی لە دەم وچاوە شین بووەکەیەوە پێچا، داوای لێکردم بۆماڵ بڕۆمەوە. بەڵام من قاییل نەبووم، چونکە دەمزانی لەوێ، لە کۆڕی پرسەکەدا دەخۆنەوەو لێیان دەبێت بە شەڕ و فەرتەنە. هێشتا لە کلێساکە بووین گوێم لێبوو خاڵە میخائیل بە خاڵە یاکوفی دەگوت:

- ئەمڕۆ، بەم بۆنەیەوە دەخۆینەوە، خۆمان مڕ دەکەین، ها؟

ڤیاخیر، هەوڵیدەدا، دڵنەواییم بکات، بمهێنێتە پێکەنین، مامێزەکەی لە چەناگەی بەست و دەیویست زمانی بگەیەنێتە مامێزەکە. بابی یاز، بە درۆوە لە قاقای پێکەنینی دا و هاواریکرد:- تەمەشا، تەمەشا، بزانە چ دەکات!

بەڵام کەبینی ئەو کارانە، هیچ پەژارەیەکی من نارەوێنێتەوە، ئەوجا دەستبەرداری فشقیات بوو و بە ڕاوێژێکی جدی گوتی:

- دەبەسە ئیدی! خۆت خەفەتخان مەکە! ئیدی هەموو کەسێک هەر دەمرێت! تەنانەت تەیر وتوش دەمردن! گوێ بگرە- ئەگەر دەتەوێ و ڕازیت، چیمەن لەسەر قەبرەکەی دایکت دەڕوێنم، دەتەوێ؟ هەر ئێستا بە کۆمەڵ، تۆ، ڤیاخیر، من و یازیش دەچین بۆ دەشت ودەر، چیمەن و گیایەکی زۆر دێنین و جوان جوان لە دەوری قەبرەکەی دایکت دەیڕوێنین و وای دەڕازێنینەوە کە هیچ گۆڕێکی دیکە نەیگاتێ.

ئەو بیرۆکەیەم بەدڵ بوو، بە کۆمەڵ بۆ دەشت و دەر و کێڵگەکان چووین.

چەند ڕۆژێک دوای ڕێورەسمی، بەخاک سپاردنی دایکم، بابام پێی گوتم:

- ئێ ئەلکسی، خۆتۆ میداڵ نیت هەمیشەبە ملمەوە بیت!! ئیدی تەواو، جێت لێرە نەما، تەگبیری خۆت بکە، بچۆ نێو مەردم و نانی خۆت پەیدا بکە..

بەو ئاوایە لەماڵ وەدەرکەوتم و چوومە نێو مەردم...

١٩١٣

تێبینی:

ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٣/٢١، لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە بە شێوەیەکی بەراوردکاریانە لەم دوو دەقەی خوارەوە وەرمگێڕاوە... جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێک دەستەواژەو ڕستەو پەرەگرافی دەقە کوردییەکە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو لەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکاتەوە، ئەوا لە گەڵ سەرچاوەی دووەمدا دێتەوەو دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە پاچڤە کوردییەکە ئەگەر لەو دوو پاچڤەیە (عەرەبی و فارسییەکە) باشتر نەبێ، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە وبێ چەند وچوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە...

سەرچاوەکان:

١ – دوران کودکی/ ماکسیم گورکی، ترجمه کریم کشاورز. تهران: مؤسسه انتشارات نگا، ١٣٨٨. ص ٣١٩ .

٢ – ماکسیم غورکی/ المؤلفات المختاره فی ٦ مجلدات/ المجلد الاول طفولتی، ترجمه المحامی سهیل ایوب، دار رادوغا، ١٩٨٨ ، طبع فی الاتحاد السوڤییتی.

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور،

رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگیڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم، ٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق‌و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١،١٩٩٨١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- مندالّە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروزژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی- رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووكی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان)
چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ مناڵانی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی
١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك...............کۆمەڵێك نووسەر
١٠٦- کۆکۆرۆ.............ڕومان........ناتسومی سوسکی
١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمنداڵان /حەمەکەریم عارف
١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەکەریم عارف/چ١ ٢٠٠١/ موکریانی
١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف
١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی
١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...
١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...
١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل
١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە
١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەڵێك دەق ورەخنە)
١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ
١١٧- هەزار پیشە..............حەمەکەریم عارف
١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١
١٢٠- دۆنی ئارام/٢
١٢١- دۆنی ئارام/٣
١٢٢- دۆنی ئارام/٤
١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە
١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ
١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی
١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان
١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"
١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"
١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی
١٣٠-پوشکین سەرقافلّەی ئەدەبی ڕووسی
١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی
١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف
١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێك چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی
١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .
١٣٥- جیرۆکی شاریك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.
١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا
١٣٧- کۆڵانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز
١٣٨- چۆن پۆڵامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستڕۆفسکی
١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆڵستۆی
١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک

١٤١- قەیرانی سێبەر
١٤٢- ئەفسانەی تەروادە
١٤٣- لە بەردەم عەرشدا، نەجیب مەحفووز
١٤٤- دڵی شەو، نەجیب مەحفووز
١٤٥- ئاوێنەکان، = =
١٤٦- جەنامی ڕێزار، نەجیب مەحفووز
١٤٧- دەورانی منداڵیم، ماکسیم گۆرکی